تصوير ابو عبد الرحمن الكردي

فاروق ڕەفیق

ستەمکاری

مەملەکەتی ترس و لەمرۆڤ خستنی مرۆڤ و تیرۆر کردنی عەقڵ

٢٠٠٣

فاروق رەفیق

ستەمکاری

مەملەکەتی ترس و لەمرۆڤخستنی مرۆڤو ترۆر کردنی عەقڵ

٢٠٠٣

نرخی تەنها (١٥) دینارە

ناوی کتێب: ستەمکاری: مەملەکەتی ترس و لەمرۆڤخستنی مرۆڤ و ترۆر کردنی عەقڵ
ناوی نووسەر: فاروق ڕەفیق
بابەت: لێکۆڵینەوە
تیراژ: ٢٠٠٠
ساڵی : ٢٠٠٣
ژمارەی سپاردنی (٢٠١)ی ساڵی ٢٠٠٣ی وەزارەتی ڕۆشنبیری پێدراوە
چاپ: چاپخانەی ڕەنج
مافی لەچاپدانەوەی پارێزراوە بۆ چاپخانە

پێشکەشە:

بە رەنج و جوامێری و غروری

(رەفیق حەمە کەریم عەزیز ئاغای شیوە کەڵ)

ناواخن

- دەروازەیەك: فەلسەفەو ستەمكاری
بەندی یەكەم: هونەری ستەمكاری؟
"خوێندنەوەی دایەلۆگی (تیرا نیكۆس)ی زینۆفۆن"
بەندی دووەم: ستەمكاری وەك پەتای رۆح و شار
ستەمكار بەرجستەبووی ئیرۆس
"تەفسیرێكی ئەفلاتۆنیانە"
بەندی سێیەم: ستەمكاری: لەناوبردنی شارو خەساندنی مرۆڤ و دیلكردنی عەقڵ
"تەفسیرێكی ئەرستۆییانە"
بەندی چوارەم: كۆڵەكەكانی ستەمكاری: ترس، عەشق، خووی پەرستن، گۆشەگیری
"خوێندنەوەیەكی دووكتێبی مۆنتسیكیۆ"
بەندی پێنجەم: دیموكراسی و ئەگەری ستەمكاریەكی نەرم و نیان
خوێندنەوەیەكی كتێبەكەی ئەلكسی دی تۆكیۆڤیل
"دیموكراسی لەئەمەریكا"
بەندی شەشەم: ئایدیۆلۆژیا هەڵگری تۆوی ستەمكاری
"تەفسیرێكی هانا ئارێنتی بۆ تۆتالیتاریا نیزم"
بەندی حەوتەم: پەروەردەی لیبراڵ و زانكۆو ستەمكاری

دەروازەیەك:

فەلسەفەو ستەمكاری

ستەمكاری ئەو دیاردە ترسناكەیە كە فەلسەفە لەمێژووی دوورودرێژی خۆیدا مامەڵەی لەتەكدا كردوە، ڕووناكی خستۆتە سەرو پرسیاری لەناڕەوایەتی ئەو دیاردەیە، ئەو سیستەمە كردوە. زیادەڕۆیی نییە گەر بڵێین یەكێك لەغەمە بنەڕەتیەكانی فەلسەفە بریتییە لەبوونی ستەمكاری، ئەو دیاردە ترسناكەی كە نەك هەمیشە هەڕەشەی لەبوونی ئینسانو ژیانی سیاسیو ڕۆحی ئینسانو هەڕەشەی لەخودی ژیان كردوە بگرە هەڕەشەی لەخودی فەلسەفەش كردوە، چونكی گەر لەبەر هیچ نەبێت لەبەرئەوەی فەلسەفە تەنیا لەكەشو هەوایەكی ئازاددا دەتوانێ هەناسەبداو ستەمكاریش هەموو ئازادییەك زەوت دەكا.

لێرەوە دەتوانین بڵێین كە پەیوەندی فەلسەفەو ستەمكاری پەیوەندییەكی مێژوویی تەنگا تەنگە، ئەم پەیوەندییەش كۆمەڵێ ڕەهەندی هەیەو كۆمەڵێ پرسیار لەخۆدەگرێ هەر لەسەر هەڵدانی فەلسەفەوە، بەتایبەتی فەلسەفەی سیاسی، تاكو سەردەمی ئەمڕۆكە گەر لەتەك هایدگەردا نەڵێین سەردەمی مەرگی فەلسەفەیە ئەوا بەلانی كەمەوە دەشێ بەسەردەمی سەرەو لێژبوونەوەی فەلسەفە لەقەڵەمی بدەین كە یەكێك لەنیشانەكانی ئەو سەرەو لێژبوونەوەیە پرسیارنەكردنی فەلسەفەی هاوچەرخە لەستەمكاری لەڕۆژگاری ئەمڕۆدا.

لەو پرسیارانە كە پێ بە پێ لەتەك سەرهەڵدانی فەلسەفەو سەرهەڵدانی ستەمكاری وەكو سیستەمێكی سیاسی نەگونجاوو پڕ لەتەڵزگە هەمیشە بەشێوازی جۆراوجۆر بەئاشكراو بە پەنهانی خۆیان خستۆتە ڕوو دەتوانین ئاماژدە بەچەند پرسیارێك بدەین: چۆن فەلسەفە لەتەك ستەمكاریدا هەڵدەكا؟ فەلسەفە چۆن لەستەمكاری دەڕوانێ؟ ستەمكاری وەكو سیستەمێكی دژ بەعەقڵو هەستی گشتی (Common Sense) هەڵوێستی بەرانبەر بەفەلسەفە چییە، فەلسەفە وەكو سیستەمێكی عەقڵیو لۆژیكیو فەلسەفە وەكو گەشتێك بەرەو ڕاستیو عەدالەت؟ ئایا فەلسەفە دەتوانێت هۆكارێك بێت بۆ چاككردنی (ریفۆرمی) ستەمكاری یا هەر ڕژێمێكی دی؟

ئایا پەیوەندی فەیلەسوفو ستەمكار چ جۆرە پەیوەندییەكە؟ پەیوەندی حیكمەتو دەستەڵات چ جۆرە پەیوەندییەكە؟ ئایا فەلسەفە دەشێ دەست وەرداتە

ناو کاروباری سیاسەتەوە یاخود فەلسەفەو فەلسەفاندن بەناچاری کارێکی "سیاسییە"؟ ئایا فەلسەفە خۆی بەشێك نییە لەستەمکاری؟ ئەمانە مشتێکن لەخەرواری لەپرسیارو رەهەندی ئەم پەیوەندییە ئالۆزە.

قسەکردن لەسەر ئەم پەیوەندییەی نێوان فەلسەفەو ستەمکاری ناشێ تەنیا کارێکی عەقلی رووت بێتو تەنیا گرنگی مێژوویشی نییە، بەڵکو ئەم باس و لێکۆڵینەوەو پرسیارکردنە باسکردنە لەفەلسەفە خۆی، لەمێژووی فەلسەفەو بگرە هەمیشەش سەرەتای هەموو فەلسەفاندنێکیشە. گەر خوداناسی (سیۆلۆجیا) ئەو زانستە، ئەو بوارە مەعریفییە بێت کە باس لەخودایەتی دەکاو باس لەسیفاتو خاسیەتو جێو مەقامی یەزدانو ئیمانو پەیوەندی خوداو ئینسانو پەیوەندی واقیع بەترانسندێنتاڵ (متعالی)یەوە، ئەوا فەلسەفە وەکو پرۆژەیەکی عەقلی ئینسانی باس لەواقیع، لەو شتەی کە هەیە، باس لەئینسانو پەیوەندیە ئینسانییەکانو رەهەندە ئۆنتۆلۆژیەکەی ژیانو ئنجا رەهەندە ژیانیو مەعریفییەکانی وجودو بوونی ئینسان لەبووندا دەکا، کە بەناچاری رەهەندێکی سەرەکی ئەم بوونە پرسیارکردنە لەچۆنێتی ژیان، چۆنێتی پەیوەندی سیاسیانەی ئینسانەکانو پرسیارکردن لە چۆنێتی ژیان لەژێر سایەی چ جۆرە سیستەمێکی سیاسی ئەو تۆدا کە گونجاوە، عەقلانییەو لەبارە بۆ مەیسەرکردنی ژیانێکی چاك بۆ ئینسانەکان. فەلسەفەی سیاسی ئەوکاتە سەرهەڵدەدا کە ئەوپرسیارە خۆی قووت دەکاتەوە "باشترین سیستەمی سیاسی کامەیە؟" بەواتایەکی دی ئینسانەکان بۆ ئەوەی رێکخستنێك بخەنە نێو شێوازی ژیانیانەوە، نێو کاروباری رۆژانەو رێکخستنی کاروباری شارەوە (وڵاتەوە) لەرووی سیاسییەوە، واتە رێکخستنی پەیوەندی فەرمانڕەواو فەرمان جێبەجێکەر (Rulers and Ruled)، دەبا کۆمەڵێ پرسیار بخەنە روو کە هەر هەمووی باس لە سەرهەڵدانی هەم شار وەکو رێکخستنێکی سیاسیو رۆحی دەکاو هەم سەرهەڵدانی فەلسەفەی سیاسی وەکو بوارێکی مەعریفی کە ئەو پەیوەندییەو ئەو جۆرە ژیانە دەکاتە ئیشکالیەتو شوێنی پرسیار. کەواتە لەتەك سەرهەڵدانی ستەمکاریدا فەلسەفەش سەرهەڵدەدا، لەتەك یەکەم رێکخستنی سیاسیانەی گروپو دەستەو تاقمەکاندا لەبۆتەقەی جڤاتێکدا، یا بەقەولی یۆنانییە کۆنەکان لەبۆتەقەی شار (Polis)دا فەلسەفەی سیاسیش سەرهەڵدەدا بەرمەبنای پرسیارکردن لەژیانو بوونو جۆری سیستەمی سیاسیو ئەو رێکخستنە ئالۆزەکە لەژێر سایەیدا ئینسانەکانو پەیوەندییە ئالۆزەکان کۆدەکاتەوە. لێرەوە پرسیارکردن لەجەوهەری ستەمکاری وەکو رێکخستنێکی سیاسیانەی پەیوەندی ئینسانەکان، وەکو رێکخستنو بەڕێوەبردنی سیاسیانەی شار (وڵات) سەر هەڵدەدا، پرسیاری ئەوەی ئایا ئەم سیستەمە سیستەمێکی چاکە، عادلە،

ستەمکاری وەکو ڕێکخستنێکی سیاسیانەی پەیوەندی ئینسانەکان، وەکو ڕێکخستنو بەڕێوەبردنی سیاسیانەی شار (وڵات) سەر هەڵدەدا، پرسیاری ئەوەی ئایا ئەم سیستەمە سیستەمێکی چاکە، عادلە، بەرمەبنای عەقڵە یا غەریزەکان؟ یاخود ناعادلو خراپو نا ئەقلانییە؟ گەر وەك پڕۆژەیەکی عەقلانی سەیری فەلسەفە بکەینو دایبڕین لەهەموو ئەو بۆچوونانەی کەوا سەیری فەلسەفە دەکەن وەکو تێڕامانێکی رووت لەبوون لەدەرەوەی هەلو مەرجی ئینسانی، ئەوا دەبێت بڵێین فەلسەفە ئەو کاتە وەکو سیستەمێکی عەقڵیو وەکو هەوڵدانێکی مەعریفی سەر هەڵدەدا کە سیستەمێکی سیاسی بەناو (Polis) شار سەرهەڵدەداو لێرەوە فەلسەفە لەپاڵ رەهەندە ئۆنتۆلۆژیو ئیبستیمۆلۆژیو جوانناسییەکەیدا رەهەندێکی ئەخلاقیو سیاسیانە لەخۆ دەگرێ کە جەوهەرینو مەرجن بۆ سەرەتاو سەرهەڵدانی فەلسەفەو بگرە لەرەهەندە بنەڕەتییەکانی فەلسەفە کە لەدواجاردا پەیوەندیان بەپرسیاری چۆنێتی ژیانو چاکەو خراپەی سیستەمی سیاسییەوە هەیە، هەر ئەمەشە پەیوندی فەلسەفە بەستەمکارییەوە.

لێرەدا چاکترە هەڵوێستەیەك بکەینو بپرسین مەبەستمان لەستەمکاری چییە؟ هەموو هەوڵێك بۆ پێناسەکردنی ستەمکاری هەوڵێکی خۆکوژییە ، جۆرێکە لە خۆکوشتن لەرووی مەعریفییەوە، چونکی ستەمکاری ئەو مەخلوقەیە کە شێوەی خۆی دەگۆڕێ، چونکی ستەمکاری لەلایەکەوە کورت ناکرێتەوە بۆ لایەنێك، رەهەندێك بەڵکو دیاردەیەکە فرە رەهەندو لەوکاتەدا کە دوای هەوڵدانێکی زۆر دەڵێین "ئائەمەیە ستەمکاری"و دەرەوەی ئەم حاڵەتەش حاڵەتێکی نا ـ ستەمکارییە یا دوورە لەستەمکارییەوە، ئا لەوکاتەدا ستەمکاری لەبەرگێکی دیکەدا خۆی بەیان دەکا، ئالەوکاتەدا ستەمکاری هەندێك رەهەندی خۆی دەشارێتەوەو ئیدی سەرئەنجام ئێمە نەمانتوانیوە ستەمکاری پێناسە بکەینو بیناسینەوەو بگرە هەندێك جار بەسیستەمێکی سیاسی کە بەڕاستی ستەمکارییە ناوی تری لێدەنێینو رەنگە بڵێین ئەو سیستەمە پەیوەندی بەستەمکارییەوە نییە. وێڕای ئەم هۆشیار کردنەوەیەش دەتوانین چەند پرەنسیپو لایەنی سیاسی ئەو سیستەمە کە پێی دەڵێین ستەمکاری دیاری بکەین بەڵام بەومەرجەی کە هەمیشە لەیادمان بێت کە ستەمکاری هەمیشە ئەگەرێکی کۆمەڵایەتیو سیاسییە بەروو و شێوەی جیاواز جیاوازەوە، بەو مەرجەی هۆشیاربین کە باشترین رژێم، چاکترینو عادل ترین سیستەم دەکەوێتە نێو زەلکاوی ستەمکارییەوە، یاخود ستەمکاری ئەگەرێکە لەوێ گەر بێتو پشتی لێبکەینەوەو دەستەڵات وەك پرنسیپو پێویستییەکی هەمیشەیی تاقینەکەینەوەو فەحسی دەستەلات نەکەینو بەشداری نەکەین لەبڕیارە

چارەنوسسازەکاندا. ئێستا دەتوانین بڵێین کە زۆر جاران ستەمکاری وابیری لێدەکرێتەوە وەك سیستەمێکی زاڵم کە لەسەر زوڵمو پەخشکردنەوەی ترسەوە بەندەو لەسەر ترس دەژی، ترسو تۆقاندنی دانیشتوان وەك سیستەمێکی فەرمانڕەوایەتیکردنی کەسێك یا چەند کەسانێك یا گروپێك (کە لەرۆژگاری مۆدێرندا دەتوانین بڵێین دەستەڵاتی حیزبێکی سیاسی بە ئایدیۆلۆژیایەکی خەفەقان ئامێزەوە)، سیستەمێك کە یەکێك لەنیشانە سەرەکیەکانی ناسینەوەی ئەم سیستەمە بریتییە لەنەبوونی رەوایەتی (مەشروعیەت) نەبوونی رەوایەتی یاسایيو ئەخلاقيو سیاسی. سیستەمێك کە لەلایەکەوە هیچ رەوایەتیەکی نییەو پڕیەتی لە زۆرە ملیو بەتۆبزی سەپاندنی شتەکانو بەڕیوەبردنی کاروبارەکان، لەلایەکی دیکەوە حوکم کردن بەرمەبنای ترسو تۆقاندن لەدەرەوەی یاساو رێککەوتن (اجماع)ی هاونیشتمانیان، بگرە لەناوچوونو مەحف بوونەوەی ئایدیای "هاونیشتمانی"و کردنی خەڵکی بەرەعیەت (Subjects) لەجیاتی هاونیشتمانیانێك بەخۆیانو مافو راوو بۆچوونو بەشداربوونیانەوە لەکاروباری سیاسيو یاسایيو کۆمەلایەتی جڤاتدا. ستەمکارەکان لەرژێمە ستەمکارییەکاندا سەرەتا بەدەست بەسەراگرتنی دەستەڵات دەست پێدەکەنو دواجار کێشەی ئاسایش خود بەخود سەرهەڵدەدا کە خۆی بەهانەیەکە بۆ پاراستنی دەستەڵاتو لێرەوە سیستەمێك دروست دەبێت سەرکوتکەر (Oppressive). لەتەك سەختی پێناسەی ستەمکاریشیدا دەتوانین وەك نەخشەیەك چەند پرنسیپێکی ستەمکاری دیاری بکەین، بەڵام بەومەرجەی لەیادمان بێت کە ستەمکاری دیاردەیەکی ئاڵۆزەو کورت ناکرێتەوە بۆ چەند پرنسیپێكو ئەم هەوڵەش تەنیا بۆ چوار دەورگرتنی ئەو دیاردەیەیە یاخود هەنگاوێکە بۆ تێگەیشتن لەستەمکاری، یاخود نەخشەیەکە بۆ دۆزینەوەی رێگاکانی تێگەیشتن.

پرنسیپێك کە مەوقعێکی سەرەکی هەیە کێشەی رەوایەتيو نەبوونی رەوایەتییە لەسیستەمی ستەمکاریدا کە ئامازدەمان بۆکرد. ستەمکاری دەتوانین بەوە بناسینەوە کەسیستەمێکە تێیدا دەستەڵاتو جۆری حوکم رەوایەتی لەدەست داوە، بەرمەبنای رەوایەتی سیاسيو یاسایی نییەو ئۆتۆرەتی (Authority) تێیدا زۆرە ملێیەو دەستەڵات بە تۆپزی دەستی بەسەردا گیراوەو ئنجا لەمەترسناکتریش ئەوەیە کە میکانیزمێك یا میکانیزمەکان بوونیان نییە بۆ فەحسکردنی ئەو دەستەڵاتە، واتە نەبوونی فەحسو بالانس (Check and Balance)ی دەستەڵات. دەشێ دەست بەسەراگرتنی دەستەڵات بەرمەبنای کۆمەڵێ بەهانەی جیاواز بێت وەکو حاڵەتی تەواری (Emergency) ناکاو فەسادی سیاسی یاخود بەرژەوەندی گشتی یاخود

لەبەدترین حاڵەتدا کێشمەکێش لەسەر دەستەڵات لەنێو گروپ و دەستەو تاقمە جیاوازەکاندا یاخود تاکەکاندا. بەهانە هەرچییەك بێت بەرئەنجامەکە یەکێکە ئەویش مۆنۆپۆڵکردن (ئیحتکار کردن)ی دەستەڵات و ئۆتۆرەتی و مۆنۆپۆڵکردنی بەکارهێنانی هێزو چەك بۆ سەپاندنی شێوازێکی تایبەتی لەدیدو سیاسەت و ڕێکخستنێکی تایبەتی پەیوەندیە کۆمەڵایەتییەکان و سەپاندنی یەك گووتار لەدەرەوەی ڕێککەوتن (اجماع)ی جڤات و یاساو گفت و گۆی مەدەنیانەو عەقڵیانەی فەرمانڕەواو فەرمان بەسەردا کراوەکاندا. خاسیەتێکی دیکەی ستەمکاری بریتییە لەکۆنترۆڵکردنی زانیاری و سەرچاوەکانی مەعریفەو ڕاوبۆچوون و ئینجا بڕیار. ستەمکاری بەکۆنترۆڵکردنی زانیاری سەبارەت بەسیستەم و سەبارەت بەچۆنێتی کارکردنی دەستەڵات دەست پێدەکاو لەئەنجامدا بەوە دەشکێتەوە کە بۆ چوونەکان، عەقڵەکان، دیدەکان کۆنترۆڵ دەکاو یەك جیهانبینی، دیارە جیهانبینیەك و دیدێکی نا عەقلانی و فەحس نەکراو لەلایەن عەقڵەوە، بەسەر هەمووناندا دەسەپێنی و دواجار بلاوکردنەوەی جۆرە زانیارییەك کە ئالودەبووەو بەدوورە لەڕاستی و ئنجا سەپاندنی بڕیارەکان، جا چ سیاسیە یا ئابوری یا کۆمەلایەتی یا یاسایی، لەدەرەوەی بەشداریکردن و گفتوگۆی عەقلی. بەلام ئەم حاڵەتە مەیسەر نابێت، واتە ئەم کۆنترۆلکردن و سەپاندنی یەك گوتارەو بەیەك بەرگ کردنە نایەتەدی گەر پرۆسەی بەسەربازیکردنی یاساو کۆمەلگا پیادە نەکرێت، پرۆسەی بەسەر بازیکردنیش واتە جەنگ دژ بەئازادییەکان و ملکەچکردنی هاونیشتمانیان لەڕێگای بڕیارو فەرمانە هەڕەمەکیەکانەوە، ئەو فەرمان و بڕیارانەی کە هیچ بنەمایەکی یاسایی و فیکری و ئەخلاقیان نییەو سەرچاوەکەشیان کەس نییە جگە لەستەمکارو گروپی فەرمانڕەوا. پرۆسەی بەسەربازیکردنی کۆمەڵگاو سیاسەت ئەو سەرنجە دەخولقێنێ کە ئەسلی سیاسەت واتە دەست بەسەراگرتنی دەستەڵات و ئیدی پیادەکردنی ئەجێندایەك (بەرنامەیەك) کە بتەوێ و مەبەستت بێ لەدەرەوەی پێویستییە مەدەنی و عەقلییەکان، واتە ڕەوایەتی بەخشین بەلاقەکردن، (تەجاوزکردن)ی سیاسەت و جڤات و دەستەڵات، ئەمە لەکاتێکدا کە چ سیاسەت و چ جڤات و چ دەستەڵات لەدەرەوەی ئەم لاقەکردنە بەناچاری کۆمەڵێ مانای قووڵی دیکە لەخۆدەگرن. یەکێك لەبەرئەنجامەکانی ئەم لاقەکردنەی دەستەڵات و بواری مەدەنی بریتییە لەپشت گوێ خستنی ئەرکە مەدەنییەکان و لەجیاتی ئەمە ئەزبەرکردی فەرمان و ڕێسای ستەمکارو ستەمکارەکان کە بێ گومان لە دەرەوەی ئەخلاقی مەدەنین و دژ بەبەرژەوەندی بواری گشتین. لێرەوە ئەوکاتەی کە خەڵکی یا هاونیشتمانیان ئەخلاقی مەدەنی لەیاد دەکەن و جاهیلن بەرانبەر بەئەرکە سیاسی و مەدەنیەکانیان، واتە دوورە

پەرێزی دەکەن لەسیاسەت ئەو حاڵەتە هیچ نییە جگە لەستەمکاری یاخود بەرئەنجامەکەی دروستکردنی ستەمکارییە ئەو کاتەی خەڵکی گوێ نادەنە ئەوەی کەمەشق بەئازادییەکانیان بکەن ئیدی ئەو کەسانەی کە دەیانەوێت ترۆرایزی جڤات بکەن بەئاسانی دەتوانن ئەو کارەبکەن‌و ستەم نواندن دەبێتە کارێکی رۆتین. ئەوکاتە خەڵکی یا هاونیشتمانیان دەستبەرداری ئازادی خۆیان دەبن، ستەمکارەکان دەتوانن لەژێر هەرناوو دروشمێکدا بێت کۆت‌و زنجیرو نیر بهاوێنە سەر مل‌و دەست‌و قاچ‌و رۆحی ئینسانەکان. ستەمکاری لەناوبردنی ئەخلاقی مەدەنی‌و ئازادییە مەدەنیەکانەو کردنی ئینسانە بەرەعیەت، مەخلوقێك کە تەنیا جێبەجێکردنی فەرمانی لەسەرە نەك بوون بەئەندامێکی چالاکی نێو جڤات‌و نەك بوونەوەرێك کە لەبڕیارە چارەنووسسازەکاندا بەشدارە، تەنیا پەیڕەویکردنی لەسەرەو بێ تواناو مافی پرسیارکردن، بێ گوتنی "من بۆ پەیڕەوی بکەم؟" ستەمکاری تەنیا جۆرە حوکم کردنێکی تاکە کەسێك، کەسی ستەمکار یا دیکتاتۆر، نییە بەڵکو دەشێت‌و بگرە واقعێکی مێژووییە کە ستەمکاری حوکمی گروپێك بێت بەناوی "بەرژەوەندی نەتەوەیی"، "بەرژەوەندی خەڵکی"، "بەرژەوەندی ستەمدیدەکان"، "بەرژەوەندی وڵات" تا دوایی لەم جۆرە دروشمانە کە بەهانەن بۆ درێژە پێدانی سیستەمێك کە لەبەردەم پرسیارێکی سادەی عەقڵدا هەرەس دەهێنێت. وەك گوتمان ستەمکاری سیستەمێکی ئاڵۆزو فرە رەهەندەو لەکۆمەڵێ بەرگی جیاواز جیاوازدا لەمێژووی مرۆڤایەتیدا خۆی بەیانکردوەو بەرمەبنای پرنسیپ‌و بەهانەی جیاواز جیاواز کە دوا نمونەی ئەو سیستەمە ستەمکارییە کە بەناوی ئازادی مرۆڤ‌و دیموکراسیەتەوە لەرۆژگاری ئەمڕۆدا خۆی بەیان دەکا. بابگەڕێینەوە بۆ کێشەی فەلسەفەو ستەمکاری.

گەر سەیری فەلسەفەی کلاسیك بکەین لەیۆنانی کۆنداو لەشارستانێتی رۆمانیداو بگرە لەرەوتی فەلسەفە لەهەندێك لەترادسیۆنەکانی دیکەدا وەکو ترادسیۆنی ئیسلامی‌و مەسیحی، دەبینین ستەمکاری هەمیشە وەك کێشەیەك قووت بۆتەوەو شوێنی مشت‌و مڕی فەلسەفیانەی فەیلەسوفەکان بوە. بەڵام لەسەردەمی مۆدێرنداو لەگەڵ سەرهەڵدانی فەلسەفەی مۆدێرنداو بەتایبەت ئەو وەرچەرخانە گەورەیەی کە ئەوبوارەی پێی دەڵێن "زانستی سیاسی" بەخۆیەوە دەبینێت، کێشەکە شێوەیەکی دی بەخۆیەوە دەبینێت‌و ئیدی فەلسەفە یا لە باشترین حاڵەتدا سەرقاڵی ستەمکاری نابێت‌و بەتایبەت بواری زانستی سیاسی لەژێرکاریگەری پۆزەتیڤیزم‌و مێژوویێتی (HIistoricism)دا خۆی لەقەرەی حوکمی بەهایی (Value Judgment)نادا، یاخود لەهەندێك حاڵەتدا سەرقاڵی بەشداریکردن دەبێت لەبیناکردنی ستەمکاریدا بەشێوازی

جیاوازو بەبەهانەی جودا جودا. وێڕای ئەمەش کە گوتمان "ستەمکاری" خۆی لەخۆیدا ئەم زاراوەیە حوکمدانە بەسەر ئەو سیستەمەدا کە سیستەمێکی بەدەو بەدوور لەعەقلْ. بەڵام ئەوکاتەی کە "زانستی سیاسی"و زانستە کۆمەڵایەتیەکانی دی دەیەوێت (دەیانەوێت) لاسایی زانستی سروشتی بکاتەوە (بکەنەوە) بەناچاری دەبێت دوورەپەرێزی بکا (بکەن) لەحوکمدان، ئەمەش بەواتایەکی دی قسەکردنە لەکێشەیەکی گەورە کە پەیوەندی بەجیاوازی خستنە نێوان Fact (حەقیقەت، واقیع)و Value بەهاوە هەیە. لیۆشتراوس یەکەم کەسە کەسەرنجمان بۆ ئەم کێشەیە بەووردیو زرنگیو ژیرانە رادەکێشیْ. ئەو دەنووسیْ "رێك کەوت نییە کە زانستی سیاسی ئەمڕۆ شکستی هێناوە لەوەدا کە لەجەوهەری ستەمکاری بگا وەك ئەوەی کە هەیە، زانستی سیاسی ئێمە ئەمڕۆکە سەرقاڵی ئەو باوەڕەیە کە حوکمدانی بەهایی شیاونییە لە لەبەرچاوگرتنی زانستیانەدا" ئەم کێشەیە وەك گوتمان لەوێوە دەست پێدەکا کە ئەو شتەی پێی دەڵێن "زانستە کۆمەڵایەتیەکان" لەوانە زانستی سیاسی، هەوڵدەدەن لاسایی زانستە سروشتییەکان بکەنەوەو خۆیان وەك زانستی دەقیق لەقەڵەم بدەن وەکو فیزیاو کیمیاو ماتماتیك..هتد. ئەمەش دەبێتە مایەی ئەوەی کە دوورە پەرێزی بکەین لەقسەکردن یا حوکمدان لەسەر یا بەسەر ستەمکاریدا. ئەمە لەکاتێکدا کە ستەمکاری مۆدێرن دڕاندانەتر، وەحشیانەتر، ترسناکترو سەراپاگیرترە لەستەمکاریەك کە فەلسەفە لەکلاسیکدا رووبەرووی دەبووەوە، هەر شتراوس ئاماژدە بەخاڵێکی جەوهەریو گرنگی ستەمکاری مۆدێرن دەکا: "ستەمکاری ئەمڕۆکەیی تەکنۆلۆژیای لەبەردەمدایە لەپاڵ ئایدیۆلۆژیاکاندا ، بەگشتی تەعبیری لێبکەین، ستەمکاری مۆدێرن لەسەر بوونی زانستەوە خۆی دادەرێژیْ، واتە تەفسیرکردنێکی تایبەتی یاجۆرێك لەزانست. بە پێچەوانەوە، ستەمکاری کلاسیك، بەپێچەوانەی ستەمکاری مۆدێرنەوە، رووبەڕوی زانستێك نەدەبووە وە کە بیر لە "داگیرکردن یا کۆنترۆلکردنی سروشت" بکاتەوە"[1] (جەغد کردنەکان لەم کۆتەدا ئێمە زیادمان کردون). داگیرکردنی سروشت بەسروشتی ئینسانیشەوە تاکە خاسیەتێکی جەوهەرییە کە مۆدێرنتی لەکلاسیكو هەموو ترادسیۆنەکانی دیکە جیادەکاتەوە. هەروەك شتراوس دەڵێت "ئێمە ئەمڕۆ رووبەرووی ستەمکاریەك دەبینەوە کە مەترسی ئەوە دەکریْ، سوپاس بۆ ئایدیای "داگیرکردنی سروشت"و بەتایبەت داگیرکردنی سروشتی ئینسان، مەترسییەك کە ستەمکاری لەقۆناغەکانی پێشوودا نەیتوانیوە دروستی بکا ئەویش ستەمکارییەکی هەمیشەییو گەردوونی". کەواتە ئێمە ئەمڕۆ لەدنیای مۆدێرنداو سوپاس بۆ مۆدێرنتی لەهەرکات زیاتر رووبەڕووی ستەمکارییەکی ستەمکار دەبینەوە، بەلام

ئەوە فەلسەفەیە کە بەکاری خۆی هەڵناستێ و قسە لەستەمکاری ناکا. قسەکردن لەسەر سەرەو لێژبوونەوەی فەلسەفە لەدنیای مۆدێرنداو ئەو کارەساتەی پێی دەڵێن "زانستە کۆمەڵایەتیەکان" بەناچاری دەبێت هەڵبگرین بۆ بۆنەیەکی دیو هەلیکی دیو لێرەدا بەگشتی تەنیا لەیەك رەهەندی پەیوەندی ستەمکاریو فەلسەفە قسەبکەین.

گەر بۆ ساتێك کەمو کورپییەکانی فەلسەفەی مۆدێرن بخەینە لاوە دەتوانین بلێین بەگشتی فەلسەفە هەمیشە کێشەی هەبووە لەگەڵ ستەمکاریدا گەر لەبەر هیچ نەبێت ئەوا لەبەر ئەوخاڵە جەوهەرییەی کە فەلسەفەو چالاکی فەلسەفی پێویستی بەفەزایەکی تاڕادەیەك کراوەو ئازاد، فەزایەکی بەدوور لەکۆنترۆڵو هەڕەشەو ترس هەیە تاکو گەشەبکا، ئازادی ئۆکسجینی فەلسەفەیە، بەڵام مەبەست چییە لەئازادی ئەوە کێشەیەکی دیکەیە. فەلسەفە وەکو بوارێکی مەعریفی ناتوانێ لەفەزایەکی سەرکوتکەرانەو ستەمکارانەدا بژیو بەرهەم بهێنێتو شتەکان بخاتە ژێر پرسیارەوە. وەك چالاکیەك، گفتوگۆیەکی عەقلانی، وەك گەشتێك بەدووی حەقیقەتدا فەلسەفە پێویستی بەلانی کەمی ئازادی هەیە کە بەدڵنیاییەوە ستەمکاری ناتوانێ ئەو ئازادییە فەراهەم بکا. هەر لێرەشەوە دەبێت بلێینو چەندین جار جەغدی لەسەربکەینەوەکە سروشتییە فەلسەفە وەك کێشەیەکی گەورەی خۆی سەیری ستەمکاری بکا، وەك تەڵزگەیەك، رێگرێك لەبەردەم گفتوگۆی ئازادو عەقلانیدا. بێ هۆنییە کەفەلسەفە لەیۆنانی کۆنداو بەتایبەت لەشاری ئەسینادا رەونەق پەیدادەکاو بەرهەمدێتو گەشەدەکا، بێ هۆنییە کە فەلسەفە لەشارستانێتی ئیسلامیدا تا ئەوکاتە گەشەدەکاو بوونی هەیەو ئامادەیی هەیە، کە کرانەوەیی هەیەو پەراوێزێکی ئازاد بۆ گفتوگۆی عەقڵی.

با سەرنجێکی خێرا بدەینە دووشاری یۆنانی، سپارتاو ئەسینا[٢] سپارتا وەکو شارێکی گرنگی یۆنانی کە رەقیبی ئەسینابوو، شارێك بوو خاوەن سیستەمێکی سیاسیو سەربازیو کۆمەڵایەتی تایبەت[٣] یەکێك لەسیفاتە سەرەکییەکانی سپارتا گەر نەڵێین ستەمکاری بەلانی کەمەوە دەبێت بلێین زاڵ بوونی میلیتاریزم (سەربازیگەرێتی)بوو، واتە زاڵ بوونی کەڵکەڵەی سەربازیو سەربازیگەری، کردنی کۆمەڵگا بەیەك سەربازگەی گەورە رێکخستنی شار (Polis) بەرمەبنای بۆچوونو پرنسیپی سەربازی. ئەوەی بۆ ئێمە گرنگە لێرەدا ئەوەیە کە سپارتا وێڕای گرنگی سیستەمی پەروەردەشی، لەمێژووی خۆیدا یەك تێکستی فەلسەفی بەرهەم نەهێناوە، فەیلەسوفێکی بەرهەمنەهێناوە، دیارە چەندین ژەنەڕاڵو سەرکردەی سیاسیو سەربازیو ستراتیژیستی گەورەی خستۆتەوە بەڵام لەبواری فەلسەفەدا

تێکستێکی ناچیزیش چییه لەو شارەوە بۆ ئێمە نەماوەتەوە. لەبەرامبەر سپارتادا ئێمە ئەسینامان هەیە کە شارێکی لیبڕاڵ (بەمانای کلاسیکی لیبرال)و دیموکرات کە لەیۆنانی کۆندا بۆتە مەرکەزی چالاکی فەلسەفەو فەیلەسوفانی وەکو سوکراتو ئەفلاتوونو زینۆفۆنو ئەرستۆیی بەرهەمهێناوە. رەوایە لێرەوە وەکو دوو تایپ سەیری سپارتاو ئەسینا بکەین، تایپێك کە تایپی سپارتاییە. رەنگە بێ بەری نەبێت لەفەزیلەت، لەوانە دروستکردنی ستراژیسیست و جەنگاوەرەکان، بەڵام تایپێکە کە فەلسەفە بەرهەمناهێنێ چونکی ناتوانێ لانی کەمی ئازادی فیکرو گفتوگۆی عەقڵیی فەراهەم بکاو تایپێکی دی کە تایپی ئەسینایيە تایپێکە رەنگە بێ بەری نەبێت لەکەمو کوڕی لەوانە بڵاوبوونەوەی جۆرێك لەبەڕەڵایی، ئازادییەکی منداڵانە کە لەلایەن گاڕانەوە بەهەڵە بەکار دەهێنرێت، بەڵام وێڕای ئەمەش فەلسەفە تەنیا لەژێر سایەی ئەم تایپەدا گەشەدەکاتو دەتوانێ قسەی خۆی بکا. گەر بەووردی لەبۆچوونە فەلسەفییەکانی سوکراتو ئەفلاتوونو ئەرستۆو زینۆفۆن وردبینەوە دەبینین کە هەریەك لەم فەیلەسوفانە لەلایەکەوە رژێمی سپارتایان بەرز نرخاندەوە، بەڵام نەیانتوانیوە لەژێر سایەی ئەو سیستەمەدا بژین، لەلایەکی دیکەوە کێشەیان هەبوە لەتەك ئەسینادا، رژێمی دیموکراسی ئەسینایدا، بەڵام هیچ کام لەم فەیلەسوفانە نەیانتوانیوە لەدەرەوەی ئەسینا بەکاری فەلسەفییەوە سەرقاڵ بن، بەواتایەکی دی ئەسینای لیبراڵو دیموکرات بەهەموو کەموکوڕیەکانیشیەوە تاکە مۆڵگەیەکی فەلسەفەو تاکە پەناگایەکی چالاکی فەلسەفەبوە. تایپی سپارتایی دەشێ فەزیلەتی خۆی هەبێت، ئینسانی چوستو چالاكو جوامێرو جەنگاوەر دروست بکا بەڵام فەلسەفە لەو کەشو هەوایەدا هەناسەی بۆ نادرێو هەر بۆیەشە سپارتای مێژوویی یەك بەرهەمی فەلسەفی بەرهەم نەهێنا. بەپێچەوانەوە تایپی ئەسینایی کە رەنگە سیستەمێك بێت زۆر رەزیلەت لەخۆبگرێو ئینسانی عەوامو بازاڕی (Vulgar) دروست بکا بەڵام فەزیلەتێکی گەورەی ئەسینا رێگەدانیەتی بەگەشەکردنی فەلسەفە. بەدرێژایی مێژوو هەردوو تایپی سپارتاییو ئەسینایی خۆیان دووبارە دەکەنەوە، لەهەر چرکەساتێکدا، وێڕایی جیاوازی کلتورو بەهاو ئایینو ئەو ئەفسانەیەی کەپێی دەڵێن "رەگەز" تایپی ئەسینایی، واتە هەبوونی پەراوێزێك بۆ ئازادیو جۆرێك لەکرانەوەو زاڵ بوونی ئەخلاقی مەدەنیو هەبوونی فەزای گشتی (public)، باڵادەست بووبێت ئەوا فەلسەفەو چالاکی فەلسەفی،و دامو دەستگایەك بوونی هەبووە بۆ برەو پێدانی گفتوگۆی فەلسەفیو لەهەر چرکەساتێکیشدا تایپی سپارتایی باڵا دەست بووبێت ئەوا فەلسەفەو چالاکی

فەلسەفی یا بوونیان نەبووە یاخود لەپەراوێزێکی لەبیرکراودا بوون بێ کاریگەریو بێ هەستکردن بەبوونیانو فەیلەسوفەکان لەحاڵەتی کۆچدا بوونو لەبیری مەنفا.

بالەیۆنانی کۆنەوە بازێکی زۆرگەورەو مێژوویی بدەینو نموونەیەك لەسەدەی بیستەم بهێنینەوە لەمەڕ پەیوەندی فەلسەفەو ستەمکارییەوە. بەر لەوشتەی کەپێی دەڵێن "شۆڕشی کۆمەنیستی رووسی" فەلسەفە لەرووسیادا لەگەشەکردندا بوو، یانەی فەلسەفیو بنکەی فەلسەفیو گفتوگۆی فەلسەفی لەئەکادیمیاکانداو گۆڤاری فەلسەفی خاسییەتێکی ژیانی فیکری روسیای پێش ئەو بەناو شۆڕشەبوو. کاتێك ئەو ئاشوبە کۆمەڵایەتیو رۆحییە روودەداو ستەمکارەکان حوکم دەگرنە دەست ئیدی فەلسەفە پاشەکشێ دەکا، لەو سەرودەمی ئەو ئاشوبەدا چەند فەیلەسوفێك نەك ئازادی قسەکردنیان نامێنێت، نەك بواری چالاکییە فەلسەفییەکان کەم دەبنەوە بەڵکو ئەو چەند فەیلەسوفە کەمەی ئەو سەردەمەی رووسیا لەبۆنە جیاوازەکاندا رووبەرووی نەك ستەمکاری حیزبی کۆمیونیستو کۆمیونیستەکانو دەوڵەت دەبنەوە بەڵکو لەلایەن مێگەلیشەوە تەماتە باران دەکرێن، باشترین نموونە بەسەرهاتی نیکۆلای بردیایڤە. بردیایڤ وەکو فەیلەسوفێك ناچاردەکرێت رووسیا بەجێ بهێڵێو لەفەرەنسا نیشتەجێ بێتو هەر لەفەرەنساشەوە درێژە بەکارە فەلسەفییەکانیبدا. لەماوەی هەفتاو چوارساڵی حوکمی کۆمیونیستەکاندا لەرووسیا یەك فەیلەسوف لەدایك نابێتو چالاکی فەلسەفی کۆتایی پێ دێت (دیارە پێویست بەئاماژدە بۆ کردن ناکا کەمارکسیزم ئایدیۆلۆژیایە نەك فەلسەفە). گەر چالاکییەکی فەلسەفیش بوونی هەبووبێت ئەوا (١) لەپەراوێزدا بووە، (٢) دژ بەدەوڵەت بووەو رێگای پێنەداوە، (٣) وێڕای ئەمەش بۆ مێژوو بڵێین کە لەپەراوێزدا یەك دوو فەیلەسوفی گەورە لەکار نەکەوتن بەڵام دەبا مرۆڤایەتی بەچارەنووسیان ئەو کاتە بزانێو ئاگادار بێت کە کۆمیۆنیزم وەکو سیستەمێکی ستەمکاری کۆتایی دێت. لەکاتێکدا کە فەلسەفە لەژێر سایەی ستەمکاری کۆمیۆنیزمدا وەکو پرۆژەیەك لەبار دەبرێتو هەموو چالاکیەکی فەلسەفی یاساغ دەکرێت، لەو شوێنەی کەپێی دەڵێن "خۆرئاوا" وێڕای هەموو کەموکوڕییەکانی سیستەمی سیاسیو کۆمەڵایەتیو ئابووری، چالاکی فەلسەفە برەو پەیدا دەکا. بۆ نموونە لەئەمریکا، کە دەشێت ژیانی ئەمریکیو خەونی ئەمریکیو سیستەمی سیاسی ئەمریکیو سەرمایەداری ئەمریکی کە وەحشیترین جۆری سەرمایەدارییە شوێنی چەندین رەخنەی قووڵو مانادار بن وێڕای ئەمەش لەسەدەی بیستەمدا گرنگترین سەنتەری چالاکی فەلسەفی پێك دەهێنێت، بەپلەیەك ئەو چالاکییە فەلسەفیانەو چاپکردنەوەی میراتی فەلسەفی شوێنی سەرسوڕمانە. لێرەوە تایپی سۆڤیەتی لەگەڵ رێزماندا بۆ سپارتاو فەزیلەتەکانی،

تایپێکی سپارتایی بوو هەر بۆیەشە لەژێر سایەیدا فەلسەفە نەك گەشەی نەکرد بەڵکو پووکایەوە، تایپی ئەمریکیش لەگەڵ ڕێزماندا بۆ ئەسینا، تایپێکی ئەسینایییە، دیموکراتی لیبراڵە کە تێیدا فەلسەفە لەگەش‌و نمادایە. بەڵام بۆ ئەوەی بەساویلکەیی تاوانبار نەکردرێین دەڵێین کە نمونەی ئەمریکی لەسەرەو لێژبوونەوەدایەو لەڕۆژگاری ئەمرۆدا وێڕای ئەو چالاکییە هەرە دەوڵەمەندەی فەلسەفەش، فەلسەفە دەستەوەستانە لەبەردەم جێهێشتنی کاریگەری لەسەر ئەو سیستەمەو بگرە بەهۆی سەرەو لێژبوونەوەی خودی فەلسەفەشەوە فەلسەفە تێناگا یا نایەوێت تێ بگا چی لەئەمەریکادا دەگوزەرێ.

مەبەست لەباسکردنی ئەونمونە زیندوە لەدنیای مودێرن وەبیرهێنانەوەی ئەو راستیەیە کەفەلسەفەو ستەمکاری دوو دژەیەکن، دوو دوژمنی خوێنینی یەکدی، ستەمکاری لەفەلسەفەدا کەوتنی خۆی دەبینێتەوەو فەلسەفەش لەستەمکاریدا مەرگی خۆی. ستەمکاری ترسی گەورەی لە فەلسەفەو فەیلەسوفەکانە، فەلسەفەش دەزانێ کەستەمکاری ئەو ئاوو هەوایە، ئەو کەشە نییە کەئەم تێیدا گەشەبکا، قسەبکا فەیلەسوف دەزانێ لەژێر سایەی ستەمکاریدا ئەو دەبێت یا ماڵی چۆڵ بکا یا لەپەراوێزدا بەنهێنی قسان بکاو بەزمانێکی تەم‌و مژئاسا بدوێ یا دەبێت ئامادەبێت بچێتە ژوورەساردەکانی زینداندانەکانی ستەمکارەکانەوە یاخود تڕۆرکردنی کاراکتەری لەلایەن کۆیلەکانی دەستەڵاتەوە، ئەو مەخلوقە عەجیبەی دەستەڵاتی مۆدێرنە دروستی کردووە (ڕۆشنبیر)، هێرشە شەخسییەکان‌و گاڵتە پێکردنەکانی ئایدیۆلۆژیستەکانی ستەمکاری. لەفەزایەکی نا ئازاددا، لەنێو جڤاتێکدا کە جگە لەستەمکاری هیچ سیستەمێکی دیکەی ئەزموون نەکردوە، فەلسەفە ناتوانێ هەناسەبدا. بەڵام لەبیرمان بێت کەلەو شوێنەدا کەخەڵکی تامی ئازادی فیکریان نەچەشتوەو هەمیشە دەست‌و پەنجەیان لەتەك ستەمکاریدا نەرم کردوە، ئەوە بەتەنیا ستەمکار نییە کەدژی فەلسەفەیەو دژی سیاسەت بەڵکو جەماوەریش‌و بگرە خوێنەوارەکانی ئەو جڤاتەش دژ بەفەلسەفەن‌و دژ بەفەیلەسوفەکانن. لێرەوە دەبێت تێبگەین لەو دژایەتیکردنەی فەلسەفەو فەیلەسوفەکان لەدنیای ئێمەدا لەلایەن ئەو مەخلوقە عەجیبەوە کە پێی دەڵێن "ڕۆشنبیر" ئەم دژایەتیە دژایەتیەکە هەم لەلایەن سیستەمی سیاسییەوەو هەم ئەو مەخلوقانەوە کە فەلسەفە نیشانەی پرسیار لەسەریان دادەنێ لەوانە "ڕۆشنبیران". هۆکەشی ئەوەیە کە ستەمکاری لەمێژووی دوورو درێژی خۆیدا زەوقێکی هەرەناشرین، دیدێکی هەرە کەچ‌و خێل بەسەر کەسەکاندا دەسەپێنێ کە یەکێك لەرەهەندەکانی ئەو زەوقە ناشرینە دژایەتیکردنی فەلسەفەو حەقیقەتە، گەرچی لەلایەن ئەوکەسانەشەوەبێت کە خۆیان

بە "خوێندەوار" دەزانن. ئەمجارە ستەمکار ڕۆڵی پاسەوان، گارد، جەللاد بەجێدەهێڵێ بۆ ستەمکارە گرگنەکان، ئەو ستەمکارە گرگنانەی دژ بەحەقیقەت و فەلسەفەو عەقڵن لەجیاتی خودی ستەمکارو لەژێر پەردەی "پێشکەوتن" و عەقڵانیەت و ئازادیدا، هەر ئەمەشە خاسییەتێکی سەرەکی "ڕۆشنبیر" کە لەجیاتی ستەمکار هەڵدەستێ بە بەدناوکردنی فەلسەفەو فەیلەسوف بەڵام ئەمجارە لەژێر ناوی "ڕۆشنگەریدا"، هەرئەمەشە کارەساتی ئێمە لەم سەردەمەدا.

ستەمکاری تەنیا کێشەیەکی سیاسی نییە کە خۆی لەسیستەمێکی سیاسی خراپدا بەیاندەکا، بەڵکو ئەوکاتە ستەمکاری دەبێتە خوو عادەت و جۆرێک لەدنیابینیی و کۆمەڵانی خەڵکی جگە لەستەمکاری شێوازێکی دی، ژیانێکی دی نابیننەوە لەو دیو ئەو سیستەمەوە، ئیدی ستەمکاری نەك ریشەکانی لەداموو دەستگا سیاسیی و حکومییەکاندا دادەکوتێ، بەڵکو ریشە لەناو هەموو دەستگا کۆمەڵایەتیی و بگرە لەمەترسناکتر لەڕۆحی خەڵکیدا دادەکوتێ و لەجیاتی ستەمکارێك کە لەسەرەوەی هەڕەمە کۆمەڵایەتیەکەوەیە سەدەها ستەمکاری گرگن دروست دەبن لەپەیوەندیە کۆمەڵایەتییەکاندا، لە پەیوەندی ژن و مێردەوە بگرە تا پەیوەندی دۆستایەتیی و تا پەیوەندی نێوان قوتابیی و مامۆستاو بگرە تاپەیوەندی "ڕۆشنبیران". ئیدی لێرەوە تێگەیشتن لەمۆنتسیکیۆ، کە دواجار لێی دەدوێین، ئاسان دەبێت کە پێی وایە دۆستایەتی لەژێر سایەی ستەمکاریدا مەحاڵە. مەبەستی سەرەکی ئێمە لەم ئاماژەدە بۆکردنە نیشاندانی ئەو راستییەیە کە ستەمکاری تەنیا کێشەیەکی سیاسی نییە بەڵکو کێشەیەکی ئەخلاقیی و دەروونیی و فیکریی و کۆمەڵایەتییەو کەسانی ژێر سایەی ئەو سیستەمە هیچ شتێك نییە لەژیانی ئەو خەڵکەدا کە سروشتی بێت، هاوڕێیەتی درۆیە، پەیوەندی عەشقی درۆیە، پەیوەندی سیاسیانە بوونی نییە لەجیاتی ئەوە پەیوەندی شوان و مەڕومالات بوونی هەیە، داموو دەستگای مەدەنی بوونی نییە، لەهەمووی ترسناکتر پەیوەندی ڕۆحانی بوونی نییەو بگرە ڕۆحانیەت هەروەك فەلسەفە هەرگیز لەژێر سایەی سیستەمی ستەمکاریدا گەشەناکا. بگەڕێینەوە سەرئەو خاڵەی کە بۆ فەلسەفە لەژێر سایەی ستەمکاریدا گەشەناکاو فەلسەفە چۆن لەستەمکاری دەڕوانێ. فەلسەفە گەشتێکی مەعریفی لەسەرخۆیە بەرەو حیکمەت، گفتوگۆیەکی مرۆڤە ئازادەکانە لەفەزایەکی دۆستیی و ئازاددا لەمەڕ رەهەندە جیاوازەکانی بوون. بێ هۆنییە کە فەیلەسوفەکانی یۆنان، لەوانە ئەفلاتوون و ئەرستۆ، فەلسەفە دەبەستنەوە بە هاوڕێیە تیەوەو لەکۆمەڵێ تێکسدا پەیوەست کردنێکی فەلسەفەو سیاسەت و هاوڕێیەتی دەبیننەوە، بەپلەیەك کەدەتوانین بڵێین فەلسەفە گفتوگۆی هاوڕێکانە یا جەنتڵمانەکان لەمەجلیسی

هاوڕێیانەدا. ستەمکاری کە سیستەمێکە لەسەر ترۆرو ترس بەندە بوارێك بۆ ئەو فەزا ئازادو پڕ لە بڕواو هاوڕێیەتیە نا هێڵێتەوەو جەنتڵمان دروست ناکا بەڵکو کۆیلە بەرهەمدەهێنێ،و ئیدی لێرەوە فەلسەفەو کاری فەلسەفی مەحاڵ دەبن، کۆیلە حەزی لەفەلسەفە نییە، فەلسەفە کاری جەنتڵمانەو ستەمکاریش جەنتڵمان بەرهەم ناهێنێ. لەژێر سایەی ستەمکاریدا، منداڵەکانی ستەمکاری بەبوغزو تۆڵەو پاشقول لەیەکگرتن پەروەردە دەکرێن. ستەمکار ئەو رۆحە نەخۆشە پەروەردەدەکا کەناتوانێ بێ بوغزو نەفرەتو رۆحی تۆڵەسەندنەوە بژی، بێ رقو کینەو گومان بژی، لەژێر سایەی ستەمکاریدا کە کاریگەریەکی سەنگینی لەسەر هەموو ئەندامانی جڤات هەیە، تەنیا ستەمکارە گرگنەکان دروست دەبن نەك هاوڕێکان.

هەموو چرکەساتە پڕ لەڕەونەقەکانی فەلسەفە ئەو چرکەساتانەن کە یا ستەمکاری بوونی نەبووە یاخود ستەمکاری لاواز بووەو دەستەڵاتێکی سەراپاگیریی نەبوە تاکو رێگا لەکاری فەلسەفەو فەیلەسوفان بگرێ دەتوانین، ئەم ئەرگومێنتە (حجەیە) بەکار بهێنین دژی ئەو رەگەز پەرستانەی کە فەلسەفە بەموڵکی رەگەزێکی تایبەت، واتە رەگەزی سپی، دەزانن‌و لەو باوەڕەدان کە تەنیا رەگەزی سپی فەلسەفەی بەرهەمهێناوەو بەرهەمدەهێنێ. ئەو رەگەزپەرستانە، لەوانە تەنیا بۆنمونە ئامادەە بۆ ئەمانوێل کانتو ئێرنست رینان بکەین، ئەو رەگەزپەرستانە ئەو خاڵە جەوهەرییەی کە لەبیری دەکەن بریتییە لەچۆنێتی سیستەمی حوکمو فەرمانڕەواو ئاوو هەوای سیاسی کە بمانەوێت یانەمانەوێت رۆڵێکی گرنگ دەبینن‌و کاریگەریەکی زیاد لەپێویستیان هەیە لەسەر هەبونی یا نەبوونی چالاکی فەلسەفی(٤) کاتێك ئێرنست رینانی رەگەز پەرست دەڵێ رەگەزی سامی ناتوانێ فەلسەفە بەرهەم بهێنێ، ئەمە رایە نەك بۆچوونێکی رەگەز پەرستی رووتە بەڵکو موغالەتەیەکی مێژوویشە لەوەدا کە ناتوانێ ئەو ڕاستییەببینێ کە بەناو "رەگەز"ی سامی فەیلەسوفی گەورەی دروستکردوە، کەواتە کێشەکە "ڕەگەز" نییە بەڵکو کێشەکە ستەمکارییە، ئەوە ستەمکارییە کە رێگرە لەبەردەم چالاکی فەلسەفیدا، ئەوە ستەمکارییە کە کەشی ئازاد لەناودەباو فەلسەفەش لەخەفەقاندا ناتوانێ هەناسەبدا، کەواتە "رەگەز" توخمە سەرەکیەکە نییە لەنەبوونی چالاکی فەلسەفیدا بەڵکو هەبوونی یا نەبوونی ستەمکاری توخمە سەرەکیەکەیە. لەو شوێنەدا کە پەراوێزێك بۆ ئازادی بوونی هەیە فەلسەفە گەشەدەکاو لەوشوێنەش کە خەفەقان هەیە ستەمکاری دەژیو فەلسەفە دەمرێ. لێرەوە فەلسەفەو ئازادی بێیەك ناژین‌و فەلسەفەو ستەمکاریش پێکەوە ناژین، هەربۆیەشە فەیلەسوفە گەورەکانی وەکو ئەفلاتون‌و ئەرستۆو شیشەرۆو فارابیو مۆنتیسکیوو ئارێنتو شتراوس هەمیشە جەغدیان لەسەر

لایەنە کاولکارییەکەی ستەمکاری کردوەو پێیان لەسەر بوونی پەراوێزێك لەئازادی داگرتوە تاکو فەلسەفە بوونی هەبێت.

قسەکردنی ئێمە لەسەر ستەمکاری پرۆژەیەکی درێژەو لێرەدا تەنیا بەشێك لەبۆچوونەکانمان و خوێندنەوەکانمان دەخەینە روو. لەم کتێبەدا چەند فەیلەسوفێك، و چەند بیریارێك و چەند تێکستێك هەڵدەبژێرین بۆ قسەکردن لەسەر ستەمکاری. بەدەگمەن فەیلەسوفێك بەدی دەکەین لەمێژووی فەلسەفەدا، تاکو فەلسەفەی مۆدێرن کە راوبۆچوونی نەبێت بەرانبەر بەستەمکاری و ئازادی و چۆنێتی باشترین سیستەمی سیاسی، لێرەوە قسەکردن لەسەر ستەمکاری نەك سەخترین پرۆژەیە لەپەیوەندیدا بەفەلسەفەو، بگرە پرۆژەیەکە کۆکردنەوەی لەدوو توێی کتێبێکدا مەحاڵە، بەتایبەت کە دەگەینە قۆناغی مۆدێرن گفتوگۆکەمان روویەکی دیکە وەردەگرێت و پێویستی بەووردەکارییەکی تایبەت هەیە چونکی رووبەڕوی بیریاری ئەو تۆ دەبینەوە کە بەشداریدەکا لەبیناکردنی ستەمکاریدا، لەوانە ماکیاڤیلی و هۆبزو لۆك و کارڵ مارکس و.. هتد. بەڵام ئێمە لێرەدا چەند فەیلەسوف و چەند تێکستێکمان هەڵبژاردوە بۆ قسەکردن لەسەر ستەمکاری، باسنەکردنی فەیلەسوف و بیریارەکانی دی لەم روەوە مانای ئەوەناگەیەنێت کە راو بۆچوونی گرنگ و جەوهەریان نییە لەسەر ئەوکێشەیە بگرە باسنەکردنیان تەنیا کێشەیەکی تەکنیکییە ئەویش ئەوەی کە کتێبێك ناتوانێ هەموو ئەو بۆچوونانە، ئەو هەموو خاوەن راو سەرنجانە بەسەربکاتەوە. ئەم کەموکورییە تەنیا بەوە پڕدەبێتەوە کەئێمە نیازی خۆمان دەربڕین بۆ خوێنەران، نیازی ئەوەی کە ئەم کتێبە سەرەتای پرۆژەیەکی درێژخایەنە لەسەر ستەمکاری، بەواتایەکی دی ئەمە هەنگاوی یەکەمەو ئێمە لەبوارەکان و هەلەکانی داهاتودا بۆ کێشەی ستەمکاری دەگەڕێینەوەو ئەو تێکستانە، ئەو فەیلەسوفانە بەسەر دەکەینەوە کە باس لەستەمکاری دەکەن.

بۆئێمەستەمکاری پرسیارێکی وجودی و سیاسیانەی گرنگەو بگرە بنەڕەترین پرسیارە لەبەرئەوەی ستەمکاری یەکێکە لەبنەڕەترین کێشەی کۆمەڵگاکانی ئێمە هەر لەمەراکیشەوە تاکو چین، لێرەوە قسەکردن لەسەر ستەمکاری و تێگەیشتن لەم دیاردەیە، ئەم نەخۆشییە سیاسی و کلتوری و رۆحییە مەرجی یەکەمە بەرەو رزگاربوون لەستەمکاری و دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی ئازاد. هەر بۆیەشە قسەکردنی ئێمە لەسەر ستەمکاری پرۆژەیەکی درێژخایەنە. لەلایەکی دیکەوە تێگەیشتن لەستەمکاری لای ئێمە تەنیا گرنگیەکی تیوری و عەقڵی نییە بەڵکو مەسەلەی ژیان و مەرگە بۆ ئێمە، چونکی ستەمکاری تەنیا سیستەمێکە کە ئێمە پێی ئاشناین و سەدەکان تێدەپەڕن و ئێمە تەنیا پەنجە لەتەك ستەمکاریدا نەرم دەکەین،

بەمانایەکی دی، ستەمکاری تەنیا سیستەمێکە کە لەمێژە باڵادەستە لەدنیای ئێمەدا بەشێوازی جیاواز جیاواز، بەشێوەو رەنگو قەبارەی جیاوازو بەشێوەیەك کە ئێمە رام بووبن، راهێنراوین، پەروەردەکراوین، زەینێکمان بۆ دروست بوە کە لەدەرەوەی ستەمکاری هیچ شتێکی دیکە ناتوانین ببینین، لەو چرکە ساتانەشدا کە هەلی رزگار بوونمان بۆ دەرەخسێ، لەو هەلو بۆنانەشدا کە دەتوانین لەستەمکاری دەربازبین وەکو باڵندەیەکی عاشقی دیلی دەگەڕێینەوە بۆ ناو قەفەسەکەمان، بەڵێ هەندێ جار ستەمکاری لای ئێمە لەقەفەسێکی دەرگا کراوە دەچێت، ئەوە ئێمەین کە ناتوانین، جورئەت ناکەین لەقەفەسەکە بێینەدەرەوە، یاخود گەر بێینە دەرەوە یا بمانهێننە دەرەوەی قەفەسەکە هەر زۆر زوو خۆمان دەگەیەنینەوە ناو قەفەسەکە. لەدەرەوەی قەفەسیش تووتی ئاسا گۆرانیەکانی ستەمکاری دەچڕین، لەمامەڵەکردنماندا لەتەك یەکدی وەك ستەمکار مامەڵە دەکەین، بەڵێ ستەمکاری ئێمەی لەمرۆڤ خستووە، ئێمە جەوهەری ئینسان بوونمان لەدەستداوە. هەرگیز نابێت بەکۆمەڵێ دروشمی عەدەمی (ناهیلیستی)و ئانارشیستیو وشەی "یاخی بوون" و "بوهیمی بوون" هەڵبخەڵەتێینو وابزانین هەڵگرانی ئەو دروشمانە دژ بەستەمکارینو کەسانی ئازادن، ناو هەزار جارنا، ئەوکەسانە پەروەردەی ستەمکارین، منداڵە ورکەکانی ستەمکارین، پیاوانی ستەمکارینو مۆرکی ستەمکاری لەسەر رۆحیانەو ئەو دروشمانەش راکردنن لەمامەڵەکردن لەتەك ستەمکاریدا، مامەڵەکردنێکی عەقڵیو بەرمەبنای مەعریفەو ئەرگومێنت، ئەمە جگە لەوەی کە پەرتەوازەییو بێ بەرنامەییو بێ ستراتیژیەتی ئەو ستەمکارە بچووکانە خۆی لەبەرژەوەندی ستەمکارییە، لێرەوە هەموو دروشمێکی عەدەمی بوونو بانگەواز بۆ عەدەمیەتو دژایەتیکردنی فەلسەفەی سیاسیو فەلسەفە خۆی خزمەتێکە بەستەمکاری. هەمیشە ستەمکارەکان، چ لەرابووردودا چ لەدنیای مۆدێرندا، چ بەرمەبنای ستراتیژیەتێکی داڕێژراو بێت یاخود لەڕێگای ترۆرو ترسو تۆقاندنو شیعرەوە، هەوڵیانداوە کە خەڵکی دیارە رەعیەت، بیر لەسیاسەت نەکەنەوە. سیاسەت بەمانا قووڵەکەی نەك حیزب حیزبێنەکەی ناو وڵاتانی ئێمە، هەوڵیانداوە کەلکەڵەی سیاسەتو بیرکردنەوە لەدەستەڵاتو بگرە لەرۆژگاری ئەمڕۆدا کەلکەڵەی گاڵتەکردن بەسیاسەتو سیاسەتمەدارەکان بڵاوبکەنەوە تاکو بوار برەخسێ کە ستەمکارو سیستەمی ستەمکاری کاروباری بەچاکی بڕوا. بۆستەمکاری گەورەترین کێشەو مەترسی ئەوکاتە سەرهەڵدەدا کەخەڵکی پرسیاری سیاسیانە بخەنەڕوو، ئەوکاتەی سیاسەت لەدەستەیەك بسێننەوەو بیگەڕێننەوە ژێر رکێفی هاونیشتمانیان، ئەمەش بەو مانایە نا کەشەڕ لەسەر دەستەڵات بکەن بەڵکو بەمانا

ئەفلاتوونیو ئەرستۆییەکەی سیاسەت واتە پرسیارکردن لەعەدالەتو ژیانی چاکو هەبوونی فەرمانڕەوای عادلو ئنجا فەحسکردنی دەستەلات. سوکرات لەبۆنەیەکدا دەڵێت سیاسەت بریتییە لەوەی کە دووهاوڕێ یەکتریان بینی لەباشترین ژیان پرسیار بکەن. مەبەستی سوکرات ئەوەیە کە ئێمە پرسیار دەکەین چۆن بژینو چ ژیانێك دروستترین ژیانەو کامە ژیان زۆرترین بەختەوەریمان بۆ فەراهەم دەکا ئا ئەمەیە کرۆکی سیاسەت. بەڵام ستەمکارو کۆیلەکانی ستەمکاری کاریان ئەوەیە کە ڕێگە نەدەن ئەو فەزایە دروست بێت کەتێیدا مرۆڤەکان لەبوونیانو ژیانیان پرسیار بکەن، کاریانِ ڕەزیلکردنی سیاسەتەو سەرقاڵ کردنی خەڵکی بەژیانی ڕۆژانەو ڕابواردنەوە. لێرەوە ئەو کەسەی کە ئەمڕۆ دژی سیاسەتە لەڕاستیدا لەلایەکەوە گەورەترین خزمەت بەستەمکارەکانو ستەمکاری دەکاو لەلایەکی دیکەوە شەکەرۆکەیە کە (مهرج) کە ستەمکاری بەکاری دەهێنێ بۆ دڵخۆشکردنو مەستکردنی گاڕان تابیر لەپرسیارە سیاسییە چارەنوسسازەکان نەکەنەوە. لێرەوە لەباسکردنی ستەمکاری هاوچەرخدا زۆر پێویستەو مەسەلەیەکی جەوهەرییە کە دەبێت ڕۆڵی "ڕۆشنبیران" لەڕاگرتنی ئەو سیستەمەدا لەبەرچاوبگرین، یەکێك لەکۆڵەکە هەرە سەرەکییەکانی ستەمکاری ئەمڕۆ "ڕۆشنبیرە".

وەکو گوتمان ئێمە لێرەدا تەنیا چەند فەیلەسوفو بیریارێك بەسەردەکەینەوە، چەند تێکستێکی فەلسەفی دەخوێنینەوە، ئەویش لەترادسیۆنی ئەورووپیدا. لێرەوە ڕەخنەیەکی مانادار، کە دیارە لەپاڵ ڕەخنەی دیکەدا، بشێ لەم بەرهەمەی ئێمە بگیرێت ئەو ڕەخنەیە دەبێت کە دەڵێت "ئەم بەرهەمە لەدیدێکی نێوەندێتی ئەورووپییەوە (Eurocentrism) مەرکەزێتی ئەورووپییەوە نوسراوە.ئێمەش لەتەك پێزانینماندا دەڵێین ئەمە عەینی حەقیقەتە. ئێمە وێڕای خەباتمان دژ بەمەرکەزێتی ئەورووپی ( )، پەروەردەبووی ئەوترادسیۆنەین، ڕزگاربوونیش لێی ئاسان نییە. ئێمە زیاتر ئاشنای میراتی فیکری ئەورووپینو لەوبوارەدا مەشقمان بینیوەو پەروەردەبووین. بۆ ئێمە ئاسان نییەو بگرە جورئەتی ئەوە ناکەین کە لەحاڵی حازردا دەم لەترادسیۆنی چینیو هیندیو ئیسلامی بدەینو بڵێین لەوترادسیۆنانەدا کێشەی ستەمکاری چۆن کەوتۆتەوە. ئێمە لەویژدانێکی تەندروستەوە هەق بەخۆمان نادەین کەیەك دووکتێبۆچکە لەم لاو ئەولا خڕبکەینەوەو پەڕە پەڕەیان بکەینو دواجار بڵێین "ئا ئەمەیە دیدی ئێمە لەسەر ئەوترادسیۆنە"، ئەمەکاری ویژدانە بیمارەکانە کە لەکوردا نمونەی زۆرە. ئەو تێکستانەی لێرەدا قسەیان لەسەر دەکەین لەزانکۆو لەسەردەستی شارەزایانی فیکرو فەلسەفە بەوانە خوێندوومانن ئنجا جورئەتی ئەوەمانکردوە دەم لەتەفسیرو خوێندنەوەی خۆمان بدەین، ئەمەش ئەو

ئەخلاقەیە کە لەکوردا بوونی نییە، ئەوەی کە هەیە بریتییە لەچەند ویژدانێکی بیمار، بەڵێ بیمارو چەند ئیگۆیەکی لەخۆڕا فوو تێکراو. ترادسیۆنێکی دیکە کە ئێمە کەمێك شارەزاییمان لەسەر هەیە ترادسیونی ئیسلامییەو ئێمە لەژێر دەستی دوو فەیلەسووفی عێراقیدا ئیسلاممان خوێندۆتەوە، دکتۆر حسام ئالوسیو دکتۆر عیرفان، بەڵام ویڕای ئەمەش قسەکردن لەسەر ئیسلام خۆ ئامادەکردنی دەوێ مەشقکردنو شەونخونی بەسەر کتێبو سەرچاوەکانەوە کە لەئێستادا ئێمە جورئەتی ئەوە ناکەین، گەرچی سەرقاڵی خوێندنەوەی ئەو میراتە دەوڵەمەندەشین بەڵام جورئەتی ئەوەناکەین خۆمانی لەقەرە بدەین، ئەمەلەکاتێکدا پێویستە لەیادمان بێت کە سۆفستائییەکانی کورد (واتە رۆشنبیرانی کورد) ئیسلامو قسەکردن لەسەر ئیسلام بەنێچیرێکی سانا لەقەڵەم دەدەن، ئەو نێچیرەی کە هەرچی لەسەر بڵێی دروستەو پێویست بە خۆمائامادەکردنو چوون بۆ زانکۆو خوێندنەوەی کتێبەکان ناکاو پێویستی بە شەهادەکان نییە، هەرئەوەندەی کە توانیت شعرێك بنوسی دەتوانی لەسەر ئیسلام قسەبکەیت. گەر جورئەتمان کردباو بمانتوانیبا لەسەر ئیسلام قسەبکەین ئەوا دەمانتوانی کۆمەڵێك فەیلەسوفی ئیسلامی لەوانە فارابی بخەینە ژێر سەرنجو وردبوونەوە وە لەوشوێنەدا کە پەیوەندی بەستەمکارییەوە هەیە. رەنگە بەهانەیەك کە ئێمە بیدەین بەدەستەوە لەبەرانبەر ئەو رەخنەیەدا کە ئاماژدەمان پێکرد واتە یۆرۆ سینتریك بوونی هەندێ بۆچوونی ئێمە رەنگە ئەمە بێت کە ئەو تێکستانەو ئەو فەیلەسوفانەی ئێمە لێیان دەدوێن بەشێکن لەمیراتی فیکری مرۆڤایەتی. ئێمە دەبێت لەتەك ئەو تێکستانەدا خۆمان هاوشێوە بکەینو بەم کارەش ئەو تێکستانە لەناوچەگەرێتی رزگاریان بکەینو خۆشمان بەم کارە لەناوچەگەرێتی رزگار بکەینو ببینە هاونیشتمانیەکی گەردوونی، گەر هاونیشتمانی جیهانی مانایەکی هەبێت.

بەندی یەکەم لەم کتێبەدا تایبەتە بەشیکردنەوەی دایەلۆگەکەی زینۆفۆن تیرانیکۆس ـ کە ئێمە لێرەدا بەپێویستمان زانی دەقی ئەو دایەلۆگە بکەینە کوردیو لەتەك راڤەکردنماندا بۆی لەچوارچێوەی فەسڵێکدا بیخەینە بەردەم خوێنەران. بەندی دووهەم تایبەتە بەئەفلاتوون: "ستەمکاری وەك پەتای رۆحو شار، ستەمکار بەرجەستەبووی ئیرۆس" لێرەدا پێویستە سەرنجی ئەو خاڵە بدەین کە ستەمکاری کێشەیەکی گەورەیە لای ئەفلاتوونو لەکۆمەڵێ دایەلۆگدا بۆ ئەم کێشەیە دەگەڕێتەوەو بگرە جگە لە چەند دایەلۆگێك نەبێت دەتوانین بەم شێوە یا بەو شێوەیەی دی مەسەلەی ستەمکاری لەدایەلۆگەکانی ئەفلاتووندا ببینینەوەو تەفسیری بۆ بکەین. ئەوەی ئێمە لێرەدا دەیخەینە روو نابێت وەکو کۆی بۆچوونی

ئەفلاتوون سەیربکردرێت لەمەڕ ستەمکارییەوە، داستانی ئەفلاتوون و ستەمکاری بابەتی چەند کتێبێکە، کە بەو هیوایەی لەداهاتوودا بتوانین بۆی بگەڕێینەوەو بەتێروتەسەلی تر قسەی لەسەر بکەین.

بەندی سێیەم "ستەمکاری: لەناوبردنی شارو خەساندنی مرۆڤ و دیلکردنی عەقلٚ: تەفسیرێکی ئەرستۆییانە"

تایبەتە بەڕاوو بۆچونی ئەرستۆ. لێرەشدا دەبێت ئەوە بزانین کە بۆزانینی سەرجەم رای ئەرستۆ لەسەر ستەمکاری پێویستمان بەخوێندنەوەی کۆمەڵێ بەرهەمی ئەرستۆیە، ئێمە لێرەدا تەنیا جەغدمان لەسەر کتێبی "سیاسەت"ە.

بەندی چوارەم "کۆڵەکەکانی ستەماکاری: ترس، عیشق، خووی پەرستن گۆشەگیری" تایبەتە بەخوێندنەوەی دووکتێبی مۆنتسیکیو. لەباسکردنی مۆنتسیکیودا دەمانتوانی رەخنە لەبۆچوونی ئەو بگرین وەکو ئەورووپییەك کە چۆن مامەڵە لەتەك ئەوی دیکەدا (other) کە لێرە ئیسلام و موسڵمانەکانن دەکاو کێشەی "من و ئەوی دیکە" زیندوو بکەینەوەو لێرەشەوە هەم قسە لە نێوەندێتی ئەورووپی بکەین و هەم لەسەر ئۆرێنتالیزم بدوێین. بەڵام وێڕای گرنگی ئەو باسەش ئێمە دوورە پەرێزیمان کرد لەئاماژدە بۆکردنێکی لەو جۆرە چونکی پەیوەندییەکی راستەوخۆی بەباسەکەمانەوە نییە. لەلایەکی دیکەشەوە قووتکردنەوەی ئەو رەخنەیە ئەگەری ئەوە لەخۆ دەگرێ کە پرسیار بخاتە سەرگرنگی بۆچوونەکانی مۆنتسیکیو.

بەندی پێنجەم "دیموکراسی و ئەگەری ستەمکارییەکی نەرم و نیان" تایبەتە بەخوێندنەوەی کتێبەکەی تۆکیوڤیل. بێ گومان ئەوەی لێرەدا ئێمە گوتومانە خوێندنەوەییەکی سەراپاگیری ئەو کتێبە نییە، ئێمە تەنیا لەپەیوەندیدا بە ستەمکارییەوە قسە لەسەر ئەو کتێبە دەکەین. "دیموکراسی لەئەمریکا" یەکێکە لەهەرە کتێبەگرنگەکانی سەدەی نۆزدە کە تەنیا دەشێ بەراوردی بکەین لەتەك کتێبەکەی هیگڵدا "فینۆ مینۆلۆژیای رۆح" لەگرنگیداو پێویستی بەخوێندنەوەو خوێندنەوەهەیە.

بەندی شەشەم "ئایدیۆلۆژیا هەلگری تۆوی ستەمکاری" تایبەتە بە هانا ئارێنت. هەرچی پەیوەندی بەم ئافرەتە ژیرو دلێرەوە هەیە دەبێت بلێین کە عەقلێکی گەورەی سەدەی بیستەمەو بەردەوام خوێندنەوەی نوێی بۆ دەکرێ و بەتایبەت لەدنیای ئەنگلۆ ـ ئەمریکیدا. فەسلێك کافی نییە بۆ بۆچون و تیوریەکانی ئەو ئەقلە لەمەڕ تۆتالیتاریانیزمەوە بەڵکو ئەو کارە بەکتێب دەکرێ، لێرەدا بەتکا وەکو دەروازەیەك بۆ قسەکردن لەسەر ئەو عەقڵە لەم کارەی ئێمە بڕوانن.

دوابەش تایبەتە بە پەروەردەی لیبڕاڵو زانکۆو ستەمکاری. ئـەم فەسـڵەش خۆی بابەتی کتێبێکە گەر چەند کتێبێك نەبێت، ئێمە لێرەدا جگە لەچەند سەرنجێك زیـاتر هیچی دیکەمان نەخستۆتە روو.

دوا سـەرنجمان ئەوەیـە کـە هیواداریـن ئـەم بەرهەمـە هـەنگاوی یەکـەم بێـت بـۆ قسەکردن لەسەر ستەمکاری‌و سەرەتای پرۆژەیەکی گەورە بێت لەسـەر ئـەو دیاردە ئاڵۆزەو بەوهیوایەی ئەم بەرهەمە ببێتـە مایـەی خولقـاندنی کۆمـەڵێ پرسـیار لەمـەڕ بارودۆخی ستەمکاریانەی کوردەوەو سەرەتایەك بێت بۆ پرسیارکردن لەو نەخۆشییە رۆحی‌و سیاسییەی کە ئێمە لەمێژە موبتەلاین پێی، سەرەتایەك بێـت بـۆ رزگـاربوون لەسـتەمکارییەك کـە ئێمـە تـەنیا قوربانیـەکی نـین بـەڵکو لەدروسـتکەرەکانی ئەوستەمکارییەین‌و ستەمکاری لەرۆحماندا مۆڵگـەی خسـتوەو نـاتوانین لـەدەرەوەی ستەمکاری هیچ سیستـەمێکی دیکـە ببینـین یـا خـەون بـەهیچ سیستـەمێکی دیکـەوە ببینین، بەو هیوایەی ئـەم بەرهەمـە سـەرەتای بیرکردنـەوە بێـت لـەرزگار بـوون لـەو بیمارییە.

فاروق رەفیق

ئازاری دوو هەزارو سێ

کەنەدا

بەندی یەکەم

هونەری ستەمکاری؟

هونەری ستەمکاری؟

زینۆفۆن Xenophon (354ـــ430 پێش زاین) وەك فەیلەسوف و مێژوونووس و بیریارێکی سیاسی کۆمەڵێك بەرهەمی لەدوا بەجێ ماوە کە ئەمڕۆ لەکۆمەڵێك بەرگدا لەبەردەستماندان، لەوانە "بیرەوەرییەکان Memorabilia" و "ئیکۆنۆمیکۆس Oeconomicus" و "سیمپۆزیەم" و "عوزرخوایی سوکرات" و "پەروەردەی کورووش Cyropaedia" (لەدوو بەرگدا)و هیلینیکا "کاروباری یۆنانی" و ئانابەسس Anabasis و ئنجا دایەلۆگی تیرانیکۆس Tyrannicus یاخود هیرۆ Hiero.

تیرانیکۆس دایەلۆگێکی کورتە لەنێوان هیرۆ، ستەمکاری سیراکۆس و سایمۆندیسی شاعیردا سەبارەت بەستەمکاری کەتێیدا کۆمەڵێ راوبۆچوون شەن و کەو دەکرێن، کۆمەڵێ وێنە لەمەڕ ستەمکارو ژیانی ستەمکاری دەکەون، کۆمەڵێك رەهەندی ستەمکاری دەخرێنە روو. ستەمکاری کێشەی یۆنانیە کۆنەکان بوو، واتە شوێنی بیرکردنەوەیان بوو، هەر بۆیەشە ئەفلاتوون لەچەند دایەلۆگێکدا لەستەمکاری دەدوێ، ئەرستۆ بەهەمان شێوە، بەڵام ئێمە تێکستێکمان نییە راستەوخۆ بەناوی ستەمکارییەوە جگە لەئەم دایەلۆگەی زینۆفۆن، "تیرانیکۆس، واتە ستەمکار."

لەسەرەتاوە سەرنجی خوێنەران بۆ ئەو راستییە رادەکێشین کە تێگەیشتن لەم دایەلۆگە لەدەرەوەی بەرهەمەکانی دیکەی زینۆفۆن کارێکی ئاسان نییە، واتە ئایدیالترین حاڵەت ئاگاداربوونە لەنوسینەکانی دیکەی زینۆفۆن، یاخود لەباسکردنی "هیرۆ"دا گەڕانەوە بۆ هەندێك بەرهەمی دیکەی ئەو لەوانە بەلانی کەمەوە پەروەردەی کورووش (Cyropaedia). بەڵام بەهۆی نەبوونی ئەو بەرهەمانە بەهیچ زمانێکی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، تائەو شوێنەی ئێمە ئاگادارین جگە لەبەشێکی کەمی گەشتەکەی زینۆفۆن بەوڵاتی فارسدا لەژێر ناونیشانی "Persian Expedition The" ئەمە وادەکا کە خوێنەر سوودێکی ئەوتۆ نەبینێت. وێڕای ئەم سەرنجەش ئەم دایەلۆگە سەربەخۆیەو بێ ئاماژەدەکردنیش بە بەرهەمەکانی دیکەی زینۆفۆن خۆی وەك تێکستێك مەحکەمەو دەتوانین مامەڵەی لەتەکدا بکەین و بیخوێنینەوە. خاڵێکی تر ئەوەیە کە شارەزا بوون لەیۆنانی کۆن و بەتایبەت لەرووی سیاسی و مێژووییەوەمەرجی سەرەکییە بۆ تێگەیشتن لەو رەوتە (سیاقە)ی کە ئەم تێکستەی تێیدا لەدایك بوە. بەڵام ئێمە لێرەدا لەبەر مەسەلەیەکی فیکری بەپێویستمان نەزانی کە ئەو رەوتە مێژووییە باس بکەین، ئەویش لەبەر دژایەتی کردنمان بۆ فیکرو

مەنهەجی مێژوێتی (Historicism) کە وەك کەڵکەڵەیەك کۆمەڵێ گورزی لەفیکرو ترادسیۆنی مرۆڤایەتی داوە. گەر ئەو رەوتە مێژووییە باس بکەین کە ئێمە کۆمەڵێك سەرچاوەمان لەبەردەستدایەو بەئاسانی دەتوانین ئەوکارەبکەین، بەلام رەنگە ئەو ئینتباعە بدەین بەدەستەوە کە ئەم تێکستە مێژووییەو لەسەردەمێکی تایبەتیدا هاتۆتە ئاراوەو باس لەسەردەمێکی تایبەتی دەکا، ئەمە لەکاتێکدا بەهەڵبژاردنی ئەم تێکستەو بەقسەکردنمان لەسەری دەمانەوێت کێشەیەکی یونیڤێر سالْ (گەردوونی) بهوروژێنین‌و هەژاری فیکری سیاسی ئەمڕۆکە دەربخەین‌و بڵێین چۆن تێکستێکی کۆن کە لەسەر ستەمکارییە سنورەکانی مێژوو دەبڕێت‌و دەیەها وانەی پێیە بۆ ئێمە. ئێمە دەمانەوێت بەم هەڵبژاردنەو تێکستەکانی دیکەی نێو ئەم کتێبە هەژاری‌و کلۆڵی زانستی سیاسی هاوچەرخ دیاری بکەین کە نایەوێت لەستەمکاری‌و بەتایبەت لەستەمکاری هاوچەرخ قسەبکا ئەمەش لەبەر زالْ بوونی دوو کەڵکەڵە، پۆزە تیڤیزم‌و مێژوویێتی، لەلایەکی دیکەوە ئەم دایەلۆگە دەبێت وەك تێکستێکی سەربەخۆ بخوێندرێتەوە لەدەرەوەی ئەو رەوتە مێژووییە. لەبەردووهۆ ئێمە دەقی ئەم دایەلۆگەمان لەزمانی ئینگلیزییەوە کردە کوردی، یەکەم: لەبەر گرنگی دایەلۆگەکە کە راستەوخۆ دەربارەی ستەمکارییە، دووهەم: لەبەرئەوەی کە قسەکردنەکانی ئێمە لەسەر ئەو دایەلۆگە سیخناخ نەبێت بەکۆتەیشن (ئیقتباس)، وەرگرتنی نمونە لەو تێکستەوە، واتە ناچار نەبین بۆ هەرخاڵێك، بۆ شیکردنەوەی هەر بیرۆکەیەك نموونەیەك بهێنینەوە. لەجیاتی ئەمە ئێمە تێکستەکە بەکوردی دەخەینە بەردەم خوێنەران‌و ئەوساکە ئێمە ناچارنابین راڤەکردنەکەمان سیخناخ بکەین بەنمونەی ئەو تێکستە، بەڵکو خوێنەران دەتوانن زوو زوو بۆ تێکستەکە بگەڕێنەوە. ئەوەش بڵێین کە ئەم تێکستە قسەکردنێکی زۆر هەڵدەگری‌و ئێمە لێرەدا تەنیا راگوزاری قسەی لەسەر دەکەین‌و ئەو مافە بەخۆمان دەدەین کە لەبۆنەی دیکەدا بۆ ئەم تێکستە بگەڕێینەوە بەتایبەت کێشەی حیکمەت‌و ستەمکاری، کێشەی فەیلەسوف‌و ستەمکار هەڵدەگرین بۆ بۆنەکانی دیکە. ئەمەش دەقی دایەلۆگەکە.

هیرۆ یا تیرانیکۆس Tyrannicus

زینۆفۆن[1]

(1)

(1) سایمۆندیسی شاعیر جارێك لەجاران هات بۆلای هیرۆی ستەمكار. دوای ئەوەی هەردووكیان حەوانەوە، سایمۆندیس گوتی "هیرۆ ئامادەییت تێدایە ئەو خاڵەم بۆ روون بكەیتەوە كەچ شتێك هەیە تۆ لەمن باشتر بیزانی؟"

هیرۆ گوتی: "جۆری ئەوشتانە دەبێت چی بن كە رەنگە من بیانزانم چاكتر لەپیاوێكی حەكیمی وەكو تۆ؟"

(2) سایمۆندیس گوتی: "بەش بەحاڵی خۆم دەزانم كە تۆ كەسێكی تایبەت (private)[2] بوویتو ئێستاش ستەمكار، رێی تێدەچێ، چونكی هەردوو حاڵەتەكەت ئەزموون كردوە، كە ئەوە لەمن باشتر بزانی كە ژیانی ستەمكاریو ژیانی تایبەتی جیاوازن چ لەرووی چێژەوەو چ لەرووی ئازارەوە."

(3) هیرۆ گوتی: "باشە بۆچی ئەوشتانەی ژیانی تایبەتیم وەبیرناهێنیتەوە لەبەرئەوەی لەحاڵی حازردا بەلانی كەمەوە تۆ كەسێكی تایبەتیتو سەربەخۆ؟ لەم رێگەیەوە لەو باوەڕەدام بتوانم بەچاكی جیاوازییەكانی ئەو دووجۆرە ژیانەت. نیشان بدەم"

(4) سایمۆندیس بەم شێوەیە دووا: "زۆرچاكە هیرۆ، لەبەر رۆشنایی سەرنجدانەكانمدا لەرابووردوودا دەتوانم بڵێم كە كەسانی تایبەت هەست بەچێژ یا ئازار دەكەن لەبەرانبەر بینراوەكاندا لەرێگای چاوەوە، لەبەردەم شتە بیستراوەكانیشدا لەرێگای گوێوە،بۆندارەكان لەرێگای لووتەوە، خواردنو خواردنەوە لەرێگای دەمەوە، ئینجا سێكس، لەڕێگای دیارە هەموو دەزانین لەكوێوە.

(5) هەرچی پەیوەندی بەوشتەوە هەیە كە ساردە یاگەرم، رەق یا نەرم، سووكە یا سەنگین، كاتێك كەجیایان دەكەینەوە من وای دەبینم كە لەرێگای هەموو جەستەمانەوە هەستیان پێدەكەین، چ خۆشحاڵمان بكەن یاخود ئازارمان بدەن. هەروەها وا بۆمن بەدیار دەكەوێ كە ئێمە خۆشحاڵ بین یا ئازار بچێژین بەهۆی ئەو شتەوە كە چاكە یاخراپە، ئەمە هەندێك جار تەنیا لەڕێگای رۆحەوە دەبێت، هەندێ جاری دی لەڕێگای رۆحو جەستەوە.

(6) "ئەوەی كە نوستن خۆی جۆرێكە لەخۆشی، دەتوانم بڵێم كە من لەمە بەئاگام بەلام لەرێگای چییەو لەچ كاتێكداو چۆن، ئەمەیان تارادەیەك لێی بێ ئاگام".

"هەروەها رەنگە شوێنی سەر سوڕمانیش نەبێت کە شتەکان لەوکاتەدا کە بێدارین زیاتر وێنەیەکی ئاشکرامان دەدەنێ وەك لەحاڵەتی خەوتندا".

(7) هیرۆ لەبەرانبەر ئەوشتانەی گووتران ئاوها وەلامی دایەوە: "سایمۆندیس، بەش بەحاڵی خۆم ناتوانم بڵێم کە چۆن ستەمکار شت، جا هەر شتێك بێت، دەبینێ لەدەرەوەی ئەو خاڵانەی کە تۆ ئاماژەدت بۆکردن. تائێرە بەلانی کەمەوە من نازانم کە چۆن ژیانی ستەمکارانە جیاوازە لەژیانی تایبەتی جا لەهەر روویەکەوە بێت".

(8) سایمۆندیس گوتی: "بەڵام بەم شێوەیە ئەو دوو ژیانە جیاوازن، چێژ لای ستەمکار چەندین جار رێژەی زیاد دەبێت لەڕێگای هەریەك لەو هۆکارانەوەی کە ئاماژەمان پێدان، هەروەها ستەمکار خاوەنی ئەو شتانەیە کە کەمتر ئازار بەخشن".

"ئەمە بەهیچ شێوەیەك وانییە سایمۆندیس" هیرۆ گوتی: ئەوە باش بزانە کەستەمکارەکان چێژو خۆشیان کەمتر هەیە وەك لەوپیاوانەی کە ژیانی تایبەتی خۆیان دەژین‌و لەسەر هۆکاری متەوازع دەژین،و هەروەها ستەمکارەکان زۆرترین‌و گەورەترین ئازارو دەردەسەریان هەیە".

(9) سایمۆندیس لەوەڵامدا گوتی: "ئەوەی دەیڵێیت بەراستی سەرسورهێنەرە" لەبەرئەوەی گەر ئەمە ئاوها بێت ئەی بۆچی زۆربە ئارەزوو دەکەن ببنە ستەمکار، هەروەها زۆربەی ئەوانەی ناوبانگیان دەرکردوە وەك کەسانی بەتوانا هەمان ئارەزوویان هەیە؟ هەروەها بۆچی هەر هەموو ئیرەیی بەستەمکارەکان دەبەن؟"

(10) هیرۆ گوتی: بەزیۆس سوێندبێ، لەبەرئەوەی تەنیا مەزنە دەربارەی مەسەلەکە دەکەن، هەرچەندە بێ ئەزموونن لەڕووی کردارەوە دەربارەی هەردوو جۆری ژیانەکە. من هەوڵ دەدەم مەسەلەکەت بۆ روون بکەمەوەو راستی مەسەلەکەت پێ فێربکەم، لەبینینەوە دەست پێدەکەم گەر لەبیرم مابێت تۆش قسەکانت لەوێوە دەست پێکرد.

(11) "هەر لەخاڵی سەرەتاوە، کاتێك لێی رادەمێنم، وای دەبینم کە ستەمکارەکان هەرچی پەیوەندی بەشتە جوان‌و شاکارەکانەوە هەیە کەسەرنجمان بۆلای خۆیان رادەکێشن لەڕێگای بینینەوە، ستەمکارەکان لەوەزعیەتێکدان کە زەرەریانە. بۆ نمونە، شتی جیاوازی زۆر هەن لەوڵاتە جۆراو جۆرەکاندا کەشایانی بینینن، کەسانی تایبەت دەچن بۆ هەریەك لەو شوێنانەو هەرشارێك کە دڵیان بخوازێ بۆ بینینی ئەو شتە جوان‌و شاکارانە. هەروەها دەچن بۆ ڤیستڤاڵە باوەکان کە لەوێدا ئەو شتانە نیشان دەدرێن کە لەلایەن هەموانەوە بەرز دەنرخێندرێن.

(12) بەڵام ستەمکارەکان کەمترین شانسیان هەیە بۆ بینینی ئەوشتانە لەبەرئەوەی لەرووی ئاسایشەوە گونجاو نییە بۆ ئەوان بچن بۆ ئەوشوێنانەی کە تێیدا ئەمان (ستەمکارەکان)، بەهێزتر نابن لەهەموو ئەوانی دیکەی کە لەوێ ئامادەن. هەروەها لەماڵیشەوە ئاسایشێکی ئەوتۆیان دابین نەکردووە کە بتوانن بەدڵنیاییەوە بڕۆن بۆ دەرەوە موڵکو ماڵیان بەکەسانی دەوروبەر بسپێرن. چونکی ئەو ترسە لەئارادا هەیە کە لەدەستەڵات بخردرێنو بێ دەستەڵات بمێننەوەو نەتوانن تۆڵە لەو کەسانە بکەنەوە کە ناعەدالەتیان نواندوە".

(13) "رەنگە بڵێیت بەڵام هەموو ئەو دیمەنانە، ئەوشتانە دەهێنرێنە بەردەمیان هەرچەندە لەماڵیشەوە نەجوڵێن". بەزیۆس سوێندبێ، سایمۆندیس، ئەمەوایە، بەڵام ژمارەیەکی زۆر کەم لەنمونەیەکی ئێجگار زۆر ئنجا ئەمانە بەهۆی سروشتیانەوە بەنرخێکی زۆرگران بەستەمکار دەفرۆشرێن بەشێوەیەك ئەو کەسانەی کە ئەو شتانە دەخەنە روو چاوەڕوانی ئەوە دەکەن کە لە چرکەساتێکدا هێندە پارە لەستەمکار وەربگرن چەندین بار زیاتر لەوەی کە لەئینسانەکانی دی وەریدەگرن لەهەموو ژیانیاندا".

(14) ئنجا سایمۆندیس گوتی: "گەر هەرچی پەیوەندی بە دیمەنە جوانەکانەوە هەبێت ئاوها لەبارێکی خراپدا بیت، بەلانی کەمەوە لەرووی بیستنەوە لەبارێکی چاکتردا خۆت دەبینیتەوە، لەبەرئەوەی هیچ کات تۆبێ بەش نیت لەپێداهەڵدانو ستایشکردن کە چ دەنگێکی شیرینە. ئەوانەی لەمەجلیسی تۆدا ئامادە دەبن ستایشی ئەو شتانە دەکەن کەدەیانڵێیتو بەکردەوەکانتا هەڵدەدەن. لەبەرانبەریدا تۆ دووریت لەمەودای سوکایەتی پێکردن، قورسترینو ناخۆشترین شت بۆ بیستن، چونکی هیچ کەس ئامادەنییە کە بەرەو رووی ستەمکار خودی ستەمکار تاوانبار بکا".

(15) ئنجا هیرۆ گوتی: "کامە چێژ؟ تۆ لەوباوەڕەدایت کە ستەمکار لەو کەسانەوە کە هیچ شتێکی خراپ ناڵێن لەبەردەمیدا چی دەست دەکەوێت لەکاتێکدا ئەو دەزانێ کە هەر بیرکردنەوەیەکی ئەو پیاوە بێدەنگانە خۆی لەخۆیدا بۆ خودی ستەمکار خراپەو شوێنی گومان؟ یاخود، چ چێژێك، لەو باوەڕەدایت ئەو بەدەستی بهێنێ لەوانەوە کەستایشی دەکەن لەکاتێکدا ئەو دەزانێ کە ئەوان بۆیە ستایشی دەکەن تەنیا لەبەر خاتری تەمەلوق کردن؟"

(16) ئنجا سایمۆندیس گوتی: "بۆخاتری زیۆس، هیرۆ ئەم هەقەت پێدەدەم، شیرین ترین ستایش لەوکەسانەوە دێت کە ئازادن بەپلەیەکی زۆر. بەڵام ببینە، تۆ

ناتوانی هیچ کەس رازی بکەیت بەوەی کە تۆ چێـژی زیـاتر نـابینیت لەوشـتانەی کـە ووزەو توانا بەئێمەی ئینسان دەدەن."

(17) من دەزانم سایمۆندیس کەبەلانی کەمەوە زۆربـە لـەو بـاوەڕەدان کـە ئێمـەی ستەمکار دەخۆیین‌و دەخۆینەوە بەچێژو زەوقێکی زۆرەوە زیاتر لەکەسـانی تایبـەت لەودیدەوە کە بەشداربوونیان لـەژەمێکدا لەسـەر سفرەی ئێمـە چێـژی زۆرتـرە وەك لـەخواردنی هـەر سفرەیەکی دی، ئـاخر ئـەو شتەی کـە لـەودیو عـادی بوونەوەیـە چێژێکی نائاسایی دەبەخشێ.

(18) هـەر لەبـەر ئـەم هۆیەشـە کـە هـەموو ئینسـانەکان جگـە لەسـتەمکارەکان بەخۆشییەکی زۆرەوە چاوەڕوانی هاتنی کـاتی ئاهـەنگ‌و جەژنـەکان دەکـەن. مـێزی ستەمکارەکان هەمیشە بەو شێوازە زۆرە دەڕازێنرێتەوە کە هەلی زیـادکردنی چێـژوو خۆشـی نـامێنێت بـۆ ستەمکارەکان لـەکاتی ئاهەنگـەکاندا. لەبەرئـەوە لـەم روەوە بارودۆخی ستەمکارەکان خراپ ترە لەکەسانی تایبەت".

(19) دواجـار گوتـی: "مـن بـاش دەزانم کـەتۆش لـەم روەوە ئـەزمونت هەیـە، مەبەستم ئەوەیـە بلێم کەسێك تـا زیـاتر خزمـەتی بکردرێت بەرێژەیـەکی ئـەوتۆ کەزیاتربێت لەو رێژەیەی پێویستە، زیاتر هەست بەتێربوون دەکـاو کـەمتر ئیشـتیای خواردنـی دەبێت. هـەروەها سـەبارەت بـەماوەی چێژیش ئەوکەسـەی کـە کۆمـەڵێ خواردنـی زۆری بـۆ دروسـت بکـردرێ لـەوەزعێکی خراپتردایـە وەك لەوکەسـەی بەتەوازعەوە دەژی."

(20) سـایمۆندیس گوتـی: "بـەلام بۆخـاتری زیـۆس، هـەتاکو ئـەو کاتـەی کـە دڵ ئارەزوودەکا، ئەو کەسانەی لەسەر خواردنی دەوڵەمـەند دەژیـن چێـژی زۆر دەبینـن وەك لەوانەی کە لەسەر ژەمی سادەو هەرزان دەژین."

(21) هیرۆ گوتـی: "سـایمۆندیس، کەواتـە تـۆ لـەو بـاوەڕەدایت ئـەو کەسـەی کـە زۆرترین چێژ ببینێ لەهەر کردەوەیەك ئەوا عیشقێکی زۆریشی دەبێت بۆ ئەوشتە؟".

"بەدڵنیاییەوە" سایمۆندیس گوتی:

"باشە، تـۆ وای دەبینیت کەسـتەمکارەکان بەتاسـەو خۆشییەکی زۆرەوە بچنـە سەر سفرەکانیان زیاتر لەپیاوانی تایبەت؟"

سایمۆندیس گوتی: "نەء بۆ خاتری زیـۆس مـن هـەرگیز وای نـابینم، بـەلام وا بـۆ زۆربەی خەڵك دەردەکەوێ."

(22) هیرۆ گوتی: "بەڕای تۆ هۆی چییە ئەو هەموو ژەمـە پێشکـەش بەسـتەمکار دەکرێ، تیژ، تاڵ، سوێر، ترشاو، نمونەکانی دیکەی وەکو ئەمانە؟".

سایمۆندیس گوتی: "بەدڵنیاییەوە من زۆر بەناسروشتیان دەزانم".

(23) تۆ لەو باوەڕەدایت کە ئەم خواردنانە شتێك بن جگە لەبابەتی ئارەزوو بۆ رۆحە ناسك یانەخۆشەکان؟ "لەبەرئەوەی بەش بەحاڵی خۆم دەزانم، رەنگە تۆش بزانی، کە ئەو کەسەی بەتاسەوە نان دەخوا هیچ پێویستی بەم بێ مانایە نییە".

(24) سایمۆندیس گوتی: "باشە سەبارەت بەو بۆن و بەرام و رۆنە گرانبەهایانەی کە لەخۆتیان دەدەیت، لەو باوەڕەدام ئەوانەی لەدەورتن لە تۆ زیاتر چێژیان لێ دەبینن، هەروەك چۆن پیاوێك خواردنێکی بۆن ناخۆشی خواردبێت کەسانی نزیك لێوەی زیاتر هەستی پێدەکەن وەك لەخۆی".

(25) هیرۆ گوتی: "لەمەزیاتر، هەرچی پەیوەندی بەخواردنەوە هەبێت، ئەو کەسەی هەموو جۆرە خواردنێکی هەبێت بەتاسەوە لەهیچیان ناڕوانێ. بەڵام کەسێك کە لەشتێکی کەم بێت لەکاتی بینینی لەو شتەدا بەتاسەوە خۆی لەوشتە تێردەکا."

(26) سایمۆندیس گوتی: "رەنگە چێژوەرگرتن لەسێکس بەپلەی یەکەم بێت بۆ ئارەزوو خواستن بۆ ستەمکاری، ئارەزووکردنی بوون بەستەمکار، چونکی تۆ دەتوانی لەگەڵ کێ بتەوێ، جوانترین کەس، بخەوی".

(27) هیرۆ گوتی: "ئێستا تۆ ئاماژەت بەشتێکدا کە باش ئەوەبزانە ئێمەی ستەمکار لەم رووەوە حاڵمان خراپترە لەکەسانی تایبەت. دەربارەی ژن هێنان، سەرەتا ژن هێنانێك هەیە لەتەك کەسێکی دەوڵەمەنترو بەدەستەڵات تر کە من وای دەبینم نەجیبترین جۆری ژنخواستنە کە چێژ ببەخشێتە بوك و زاوا. دووهەم، جۆرێکی دیکەی ژنخواستن هەیە کە لەنێوان دووکەسی یەکساندا ساز دەدرێ. بەڵام زەماوەندکرن لەتەك ئەو کەسانەدا کە لەپلەی خوارەوەن بەزەماوەندێکی بێ کەڵك و بێ رێز حیساب دەکرێ".

(28) کەواتە، مەگەر لەوحاڵەتەدا نەبێت کەستەمکار لەتەك ئافرەتێکی بیانیدا زەماوەندبکا، دەنا ناچار دەبێت لەتەك ئافرەتێکی ئاست نزمدا زەماوەندبکا، بەواتایەکی دی ئەوشتەی کە رازی دەکا بەئاسانی بەدەستی ناگات. لەمەزیاتر، بەتەنگەوە هاتن و سەرنج راکێشانی ئافرەتێکی حەکیم زۆرتر چێژ بەخشە وەك لەهی ئافرەتی کۆیلە، ئەمەی دواییان هیچ شوێنی رەزامەندی نییە، نەك ئەوەندە بەڵکو بۆنەی ئەو تۆ زیاتر دەرەخسێ بۆ تووڕەبوون و ئازارو دەردەسەری لەکاتی پشت گوێ خستنی شتێکدا.

(29) بەڵام هەرچی پەیوەندی بە سێکسەوە هەبێت لەتەك کوڕە جوانەکاندا، ستەمکار لێرەشدا زەرەریەتی، هەروەك چۆن لەتەك ئافرەتاندا بۆ منداڵ هێنانەدنیاوە. وابزانم هەموو دەزانین کە سێکسێ چێژ زۆر دەبەخشێ گەر پێ بەپێ لەتەکیدا عەشق هەبێت.

(30) بەڵام لەستەمکاردا عەشق کەمتر سەرهەڵدەدا، کەمتر خۆی نیشان دەدا، چونکی عەشق قسە لەچێژێ ناکا کە لەبەردەستدابێت، بەڵکو چێژی عەشق لەو شتەدایە کەشوێنی ئاوا تخواستنە. هەروەك چۆن پیاوێك کە ئەزموونی تینوێتی نەکردبێت چێژ لەخواردنەوە نابینێت، ئاوهاش پیاوێکی بێ ئەزموونی عەشق بێ بەشە لەئەزموونی چێشتنی شیرینی سێکس".

(31) سایمۆندیس بەمە زۆر پێکەنیی و گوتی: "هیرۆ مەبەستت چییە؟ ئایا ئەوە ئینکار دەکەیت کە عەشقی کوڕوکاڵ مەسەلەیەکی سروشتییە لەستەمکاردا؟ گەر وایە چۆن دەتوانیت (دەیلۆخیۆس)ت خۆش بوێ، ئەوەی کە دەڵێن جوانترین کوڕە؟.

(32) بەزیۆس سوێندبێت، سایمۆندیس، ئەمە لەبەر ئەوەنییە کە من ئارەزووی ئەو شتە دەکەم کەلە ئەودا بوونی هەیە، بەڵکو بۆ بردنەوەو بەدەست هێنانی ئەو شتەیە کە بەکەڵکی ستەمکار نایەت."

(33) لەبەرئەوەی من (دەیلۆخیۆس)م خۆش دەوێ بۆ ئەو شتەی کە سروشت ئینسان ناچار دەکا لەکەسێکدا بخوازێ کە باشترینە، ئەمەش ئەو شتەیە کە من دەبێت بەدەستی بهێنم، بەڵام من بەقووڵی ئارەزووی بەدەست هێنانی دەکەم هاوڕێ لەتەك عەشقدا، لەتەك کەسێکدا کەڕازی بێت هەروەها کەمتر ئارەزووی ئەوە دەکەم کە بەتۆپزی لێی بستێنم وەك لەوەی خۆم ئەزیەت بدەم.

(34) من خۆم لەو باوەڕەدام کە سەندن بەزۆری لەدوژمنێك کەڕازی نییە خۆشترین شتە، بەڵام خزمەتی ئەوکەسانەی کەخۆیان دەخوازن لای من خۆشترین شتە.

(35) بۆ نمونە، غەمزیەکی ئەو کەسەی کە وەڵامی عەشق دەداتەوە زۆر ئارامی بەخشە، پرسیارەکان چێژ بەخشن، وەڵامەکانیش هەروەها، بەڵام شەڕکردن و ململانێ زۆرترین ئارەزوی سێکسی دەهوروژێنێ.

(36) بەدڵنیاییەوە وای دەبینم کە چێژێك لەکەسێکەوە کە خۆی رازی نییە زیاتر لەکرداری قوڵ برین دەچێ وەك لەسێکس. هەرچەندە بێزاری کەسی قوڵ بڕاو جۆرێك چێژ بەکەسی قوڵ بڕ دەبەخشێ، لەگەڵ ئەمەشدا چێژوەرگرتن لە ئازاری ئەوکەسەی کە خۆشت دەوێ، ماچی بکەیت و شوێنی بوغزی ئەو بیت، دەستی بۆ بەریت و شوێنی بێز هاتنەوەی بیت، ئایا بەڕاستی ئەمە ئیدی شوێنی بێزاری و بەزەیی هاتنەوە نییە؟.

(37) کەسێکی تایبەت کاتێك کە مەعشوقەکەی خزمەتێکی پێشکەش بکا تێدەگاو وەکو نیشانەی عەشق سەیری دەکا چونکی ئەو دەزانێ کە مەعشوقەکەی لەژێر هیچ

پاڵەپەستۆیەکدا هیچ خزمەتێك ناکا. بەڵام هەرگیز شیاو نییە بۆ ستەمکار کەبڕوا بەو کەسە بکا کە خۆشی دەوێت.

(38) چونکی ئێمە دەزانین ئەو کەسانەی بەهۆی ترسەوە هەوڵ دەدەن خزمەتێك بکەن، بەهەموو شێوازێك هەوڵ دەدەن وا خۆیان نیشان بدەن وەکو هاوڕێ. لەمەزیاتر لەبیرمان بێت کەپیلان دژ بەستەمکاران لەهیچ کەسێکەوەو لەلایەن هیچ کەسێکەوە داناڕێژرێن جگە لەو کەسانەی کە ئیدعا دەکەن کە گوایە ئەمانیان (ستەمکارەکان) خۆشی دەوێ".

(2)

(1) ئنجا سایمۆندیس سەبارەت بەقسەکانی هیرۆ گوتی: "ئەو هەموو لەبەرژەوەندی نەبوونانە کە ئاماژەدەت پێدان بەلای منەوە زۆر سادەن، چونکی من دەبینم ئەو کەسانەی کە بەپیاوی کامڵ ناوبانگیان دەرکردوە، بەدەستی خۆیان خۆیان خستۆتە حاڵەتێکەوە کە لەرووی خواردن و خواردنەوەو شتی ناسکەوە زۆر لەبەرژەوەندیان نەبێت، بگرە لەسێکسیش دوورەپەرێزیان کردوە.

(2) بەڵام ئێوەی ستەمکاران لەم شتانەی خوارەوەدا لەکەسانی تایبەتیتان تێپەڕاندوە. ئێوە پرۆژەی گەورە دادەهێنن و بەجوانی جێ بەجێیان دەکەن، ئێوە ڕێژەیەکی زۆر ئەوشتانەتان هەیە کە پێویست نین، ئەو ئەسپانەتان هەن کە بێ وێنەن، چەکی ئەوتۆ کە ناوازەن، خشڵی نایاب بۆ ژنەکانتان، خانوە هەرە قەشەنگەکان، ئەو خانوانەی کە رازێنراونەتەوە بەشت و مەکی بەهادار، لەمەزیاتر، ئەو خزمەتکارانەی ئێوە هەتانن هەم لەژمارەدا زۆرن و هەم لەمەعریفەدا باشترینن، ئنجا ئێوە ئەوکەسانەن کە دەتوانن. هەم بەدوژمنەکانتان زەرەرو زیان بگەیەنن هەم سوود بەهاوڕێکانتان ببەخشن.

(3) بەرانبەر بەمە هیرۆ گوتی: "سایمۆندیس من هیچ سەرسام نیم لەوەی کەزۆرینەی ئینسانەکان بەستەمکاری هەڵدەخەڵەتێن. چونکی من لەوباوەڕەدام کە حەشامات (Crowd) ئەو سەرنجەیان لادروست دەبێت کە هەندێك بەختەوەرن و هەندێکی دی کلۆل ئەمەش لەرێگای بینینەوە.

(4) ستەمکاری بەئاشکرا ئەو موڵك و ماڵانە دەخاتە روو کە بەهادارن. بەڵام ئەوشتەی کەڕەق و شوێنی زەبرو زۆنگە لەرۆحی ستەمکاردا پەنهان دەهێڵێتەوە، لەوشوێنەدا کە بەختیاری و کلۆلی ئینسانی تێیدا خەزن کراوە.

(5) ئەوەی کە ئەمە بەسەر زۆربەدا تێدەپەڕێ، وەك گوتم شوێنی سەرسوڕمان نییە. بەڵام ئەوەی کە تۆش لەمەبێ ئاگایت، تۆیەك کە ناوبانگت دەرکردوە بەوەی بەچاکی ئەو کێشانە دەبینیت کە شوێنی ئیشکالیەتن لەرێگای عەقڵتەوە نەك لەرێگای چاوانتەوە، ئا ئەمە بۆ من شوێنی سەرسوڕمانە.

(6) بەڵام، سایمۆندیس، من لەرێگای ئەزمونەوە دەزانم و پێت دەڵێم کە ستەمکار کەمترین بەشی شتەچاکەکانی هەیەو خاوەنی بەشێکی زۆری شتەخراپەکانیشە.

(7) سەیری ئەم نمونەیە بکە: گەر ئاشتی سەیربکردرێ وەك ئەوەی کەباشترین چاکەیە بۆ ئینسانەکان، ئەوا ستەمکارەکان کەمترین بەشیان پێ دەبڕێ لەئاشتی،

گەر جەنگیش گەورەترین خراپە بێت ئەوا ستەمکارەکان زۆرترین بەشیان هەیە لەم خراپەیەدا.

(8) چونکی، شیاوە بۆ کەسانی تایبەت، مەگەر لەوحاڵەتەدا نەبێت کەشارەکەیان سەرگەرمی جەنگ بێت، دەنا دەتوانن بۆ هەرکوێیەك دڵیان دەخوازێ گەشت بکەن بێ ئەوەی بترسن لەوەی کە کەسێك ترۆریان دەکا. بەڵام ستەمکاران، هەر هەموویان، ئاوها سەیری هەموو شوێنێك دەکەن وەك ئەوەی سەرزەمینێکی پڕ لەکەڵکەڵەی دوژمن کارانە بێت. خۆیان وا بیردەکەنەوە کە زۆر پێویستە بەحاڵەتی پڕ چەك بوونەوە بڕۆن و هەمیشەش چواردەوریان بەپاسەوانی تایبەتی بگیردرێت.

(9) لەمەزیاتر، گەر کەسانی تایبەت بەهۆی کارێکەوە پێ بنێتە خاکی دوژمنەوە ئەوا لەو باوەڕەدا دەبن کە سەلامەت دەبن بەلانی کەمەوە دوای ئەوەی کە دەگەڕێنەوە ماڵەوە. بەڵام ستەمکاران دزانن ئەوکاتەی دەگەنەوە شاری خۆیان ئا لەوێدا زیاتر لەهەر شوێنێکی دی خۆیان لەنێو دوژمنەکانیاندا دەبیننەوە.

(10) دووبارە، گەر ئەوانەی بەهێزترن پەلاماری شاریاندا، و ئەوانەی کە لەدەرەوەی دیوارەکانی قەڵان، لاوازن و لەوباوەڕەدان کە لەمەترسیدان، هەر هەموو هەست بە ئەمن و ئەمان دەکەن بەلانی کەمەوە کاتێك خۆیان دەگەیەننەوە ناو قەڵاکە. بەڵام ستەمکار تەنانەت لەناو ماڵی خۆشیدا بەدوور نییە لەمەترسی و لەئاسایشدا نییە، نەك ئەوەندە بەڵکو بگرە لەماڵی خۆیدایە کە ئەو لەوباوەڕەدایە دەبێت زیاتر لەهەر شوێنێك زۆرتر وریا بێت.

(11) زیاتر لەمە، بۆ کەسانی تایبەت، رزگار بوون لەجەنگ لەڕێگای پەیمانەکان و ئاشتییەوە فەراهەم دەکرێت. کەچی لای ستەمکاران هەرگیز ئاشتی لەتەك رەعیەتی ستەمکاریدا مەیسەر نابێت، هەروەها ستەمکار ناتوانێ باوەڕ بەرێککەوتن و پەیمان بهێنێت و پشتی لێ بکاتەوە.

(12) "دیارە ئەو جەنگانە هەن کەشارەکان بەرپایان دەکەن، یا جەنگێ کە ستەمکاران بەرپای دەکەن دژ بەوانەی بوونەتە قوربانی زۆرو ستەم. لەم جەنگانەدا، هەرچی تاڵی و سەختیەك کە ئینسان دەیچێژێ و لەشاردا پێیدا تێدەپەڕێ، بەهەمان شێوەش ستەمکاریش پێیدا تێدەپەڕێ.

(13) هەردوو لا دەبێت پڕچەك بن، هۆشیاربن، ریسك بکەن، ئنجا لێیان درا دیارە ئەزیەت دەخۆن، هەریەکە لەم جەنگانەدا بەشی خۆی ئازار دەچێژێ.

(14) تا ئێرە، جەنگی هەردوولا وەك یەکن. بەڵام هەرچی پەیوەندی بەو چێژو خۆشییەوە هەبێت وەك بەرئەنجامی شەڕکردن کە کەسانی ناو شار لێی بەهرەمەند

دەبن لە جەنگ دژ بەشارەکانی دیکە، ئەوا ستەمکاران لەم چێژو خۆشیەش بێ بەشن.

(15) بەدڵنیاییەوە ئەو کاتەی شارەکان نەیارەکانیان لەشەڕدا دەبەزێنن، ئاسان نییە تەعبیرکردن لەوچێژو خۆشییە کە کەسەکان بەدەستی دەهێنن لەبەرئەنجامی شکاندنی دوژمن دا، لەراونانی دوژمندا، چەندە خۆشی دەبینن لەکوشتنی دوژمنەکانیاندا، چەندە بەکردەوەکان شاگەشکە دەبن، چەندە ناوو ناوبانگ بۆخۆیان بەدەست دەهێنن،و چۆن بەختەوەریەکی ئەو تۆ بەدەست دەهێنن لەو قەناعەتەوە کە شتێکیان بۆ شارەکەیان زیادکردوە.

(16) هەریەکە ئیدعای ئەوەدەکا کە لەپلانەکەدا بەشداربووەوەو زۆرترینی کوشتوە، زەحمەتیش نییە کە ئەو راستییە نەبینرێ چۆن زیادەڕۆیی دەکەن‌و پێوەی دەنێن، ئیدعاکردنی ئەوەی کەهێندەیان کوشتوە، لەراستیدا زیاتر لەوەی کەمردوون. ئەوشتە نەجیبانەیە لای ئەوان دەبێتەمایەی سەرکەوتنێکی گەورە.

(17) بەڵام کاتێك کە ستەمکار گومان لەهەندێك کەس بکا لەوەی داوبچنن دژ بەئەو،و بەفیعلی وا سەیربکا کە خەریکی پیلانێکی لەو جۆرەن، ئەوا لەناویان دەبا، ئەو دەزانێ کە هیچ شتێك بۆشار زیادناکا، دەزانێ، بێ گومان، کە فەرمانڕەوایەتی تەنیا بەسەر ژمارەیەکی کەمدا دەکا، لێرەوە ناتوانێ دڵخۆش بێت‌و هیچ فەخرێك لەکرداریدا نابینێتەوە، بەڵکو هەتا دەتوانێ لەوشتەی کە رووی داوە کەم دەکاتەوەو لەکاتێکدا ئەمە دەکا، عوزر دەهێنێتەوە بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە وەك ئەوەی کە هیچ ناعەدالەتیەکی نەنواندبێ. لێرەوە تەنانەت ئەو شتەی کردوویەتی لای خۆشی کارێکی جوامێرانە نییە. هەروەها لەکاتێکدا ئەوانەی کە ئەم لێیان دەترسا دەمرن، لەم حاڵەتەشدا ئەو ئازاتر نییە بەڵکو لەجاران زیاتر حەزەردەکا. کەواتە ستەمکار هەموو ژیانی لەشەڕێکدا خەرجدەکا کە من ئێستا بۆت باس دەکەم‌و نیشانتی دەدەم.

(3)

(1) ئێستا وەرەو مەسەلەی هاوڕێیەتی لەبەرچاوبگرە، چۆن ستەمکاران بەشداری تێدادەکەن. جارێ باسەرنج بدەینە ئەوەی ئایا هاوڕێیەتی مەزنترین چاکەیە بۆ ئینسانەکان.

(2) دیارە مەسەلەکە لای کەسێك کە خۆشدەویسترێ لەلایەن کەسێکی دیکەوە ئەوا ئەوکەسەی خۆشی دەوێ بەئامادەبوونیو بینینی ئەو هەمیشە خۆشحاڵە، بەخۆشییەوە سوودی پێدەگەیەنێ، تاسەی دەکا گەر ئامادەنەبوو (لەوێ نەبوو)، بەخێرهاتنەوەی دەکا لەکاتی گەڕانەوەیدا، چاکەکانی لەتەکدا بەش دەکا، بەهانایەوە دەچێ گەر بینینی رووبەڕوی گیروگفت بۆتەوە.

(3) لەمەزیاتر، تەنانەت ئەوە بەسەر شارەکاندا تێنەپەڕیوە کە ئەو راستییە نەبینن کە هاوڕێیەتی مەزنترین چاکەیەو شوێنی خۆشی هەموو ئینسانەکانە. بەهەرحاڵ، زۆرێك لەشارەکان ئەو یاسایەیان دارشتوە کەتەنیا زیناکەران بکوژدرێن بێ لێپرسینەوە، لەبەر ئەم هۆیە، لەبەر ئەوەی لەوباوەڕەدان کەزیناکەران تێکدەرانی دۆستایەتی نێوان ئافرەتانو مێردەکانیانن. چونکی هەرکاتێك ئافرەتێك بەهۆی حاڵەتێکی تایبەتەوە ملی نا بۆ پەیوەندیەکی سێکسی، مێردەکەی بەچاوێکی سووك سەیری ناکا، بەومەرجەی مێردەکەی رای وابێت کە هاوڕێیەتی ژنەکەی بەردەوام دەبێت بێ پچڕان.

(4) "من خۆم لەو باوەڕەدام کە خۆش بویسترێیت هێندە چاکەیەکی مەزنە کە کەسی خۆش ویستراو هەم لەخوداکانەوەو هەم لەئینسانەکانەوە سودو کەڵك رووی تێدەکەن. تەنانەت لەمەشدا ستەمکاران، بەجیا لەهەموو کەس، بێ بەشنو زەرەریانە.

"بەڵام، سایمۆندیس گەر حەزدەکەیت بزانی من راستیت پێدەڵێم ئەوا لەم خاڵە وورد بەرەوە. بەدڵنیاییەوە پتەو ترین دۆستایەتی ئەو دۆستایەتیەیە کە دایكو باوکان بۆ منداڵەکانیان هەیانەو ئەوەی منداڵەکان بۆ دایكو باوکیان هەیانە، برا بۆ برا، ژن بۆ مێردی، هاوڕێ بۆ هاوڕێ.

(5) گەر تۆ بتەوێ بەووردی لەمەسەلەکە ووردبییتەوە کە کەسانی تایبەت خۆش دەویسترێن لەلایەن ئەوانەوە کە ناوم بردن، لەکاتێکدا ستەمکاران منداڵەکانی خۆیان کوشتوە، لەژێر سایەی رژێمە ستەمکارەکاندا برا بۆتە جەللادی برا، هەروەها زۆرێك

لەستەمکاران سەرەو نگوم کراون لەلایەن ژنەکانیانەوە، یاخود لەلایەن هاوڕێ کانیانەوە، ئەو هاوڕێیانەی کە ئەمان لەو باوەڕەدابوون بەڕاستی هاوڕێن.

(6) چۆن ستەمکارەکان باوەڕ بهێنن بەوەی کە شوێنی خۆشەویستین، یا خۆش دەویسترێن لەلایەن هیچ کەسێکەوە، هێندەی شوێنی رکو کینەن بەپێی سروشتو بەڵام خۆش ویستنیان بەزۆری یاسا؟

(4)

(1) دووبارە، وەرەو سەیری کێشەی بڕوا (trust)بکە، کێ دەتوانێ لەمەدا بەشداربێتو بێ بەش نەبێت لەچاکەی مەزندا؟ ئەوە چ جۆرە دۆستایەتیەکی شیرینە کە بەدوورە لەبڕواو ڕێزی وەك یەکەوە؟ چ جۆرە نزیکیەکە لەیەکەوە کەخۆشی دەبەخشێ بەژنو مێرد بێ بڕوا؟ یاخود ئەوە چ خزمەتکارێکە باشە گەر شوێنی بڕوا نەبێت؟

(2) لێرەدا هەرچی پەیوەندی بە بڕواکردنو ئیعتمادکردنەوە هەیە، ستەمکار کەمترین بەشی پێ براوە، نەك هێندەی نەك تەنیا ئەوەی ژیانیان خەرج دەکەن لەبڕوانەکردن بەو خواردنو خواردنەوانەی پێشکەشیان دەکرێ، بەڵکو مومارەسەیەکە باوە کە ستەمکارەکان پێش ئەوەی قوربانی پێشکەش بەخوداکان بکەن داوا لەئامادەبوان دەکەن کەتامی قوربانییەکە بکەن بەهۆی بێ باوەڕیو نەبوونی ئیعتمادیانەوە بگرە لەوێشدا ڕەنگە شتێکی خراپ بخۆن یا بخۆنەوە.

(3) هەرچی پەیوەندی بەنیشتمانەوە هەیە، لای ئینسانەکان نیشتمانەکان زۆر بەبەهان. هاونیشتمانیان وەك پاسەوانی یەکتر مامەڵە دەکەن دژ بەکۆیلەکان، هەروەها دژ بەپیاو خراپەکان، ئەمەش بێ بەرانبەر، بۆ ئەوەی هیچ هاونیشتمانییەك ڕوبەڕوی ترۆر نەبێتەوە.

(4) بگرە تا ئەو شوێنە پێشکەوتوون لەچاودێریکردندا کە هەندێك کردویانەتە یاسا کە تەنانەت کەسی شەریکی تاوانبار هەروا بەئاسانی بۆی دەرباز نەبێت. کەواتە بەهۆی نیشتمانەوەیە هەر هاونیشتمانییە ژیانی خۆی بەسەلامەت دەژی.

(5) بگرە لەمەشدا، پێچەوانەکەی بۆ ستەمکارەکان ڕاستە. لەجیاتی ئەوەی تۆڵەیان بۆ بکەنەوە، شارەکان بەشکۆمەندییەوە ڕێز لەبکوژانی ستەمکار دەنێن، لەجیاتی ئەوەی بکوژی ستەمکار لەمەڕاسیمە پیرۆزەکاندا بێ بەش بکەن، وەك ئەوەی کە لەگەڵ بکوژانی کەسانی عادی دەیکەن، کەچی شارەکان لەمەعبەدەکاندا پەیکەر بۆ ئەو کەسانە دادەتاشن کە ستەمکار ترۆر دەکەن.

(6) "سایمۆندیس، گەر لەو باوەڕەدایت کە ستەمکار خاوەنی شتومەکی زۆرترە وەك لەکەسێکی تایبەتو هەر بۆیەشە چێژێکی زۆرتر دەبینێت لەوخاوەندارێتییە، تەنانەت ئەمەش وانییە. هەروەك چۆن وەرزشکارەکان هیچ لەزەتێك لەوەنابینن کەبیسەلمێنن لەکەسانی عادی بەهێزترن، ئاوهاش ستەمکار هیچ لەزەتێك لەوە

نابینێت کە زۆرتر شتومەکی هەیە وەك لەکەسە تایبەتیەکان، بەڵکو ئازارێکی زۆر دەچێژێ کاتێك کەمتری هەبێت لەستەمکارەکانی دیکە. چونکی ئەو واسەیری ستەمکارەکانی دیکە دەکا وەکو موناڤس‌و دوژمن‌و چاو بڕ لەسامانی ئەم.

(7) "هەروەها ئەوشتەی کە ستەمکار ئارەزووی دەکا خێراتر نایەت بەدەستەوە وەك لەکەسێکی تایبەت. کەسی تایبەت یا ئارەزووی خانوویەك دەکا، یا کێڵگەیەك، یا کۆیلەیەکی ناومالێ، بەڵام ستەمکار ئارەزووی شارەکان دەکا، داگیرکردنی وڵاتە بەرفراوانەکان، بەندەرەکان قەڵا مەزنەکان، ئەوشتانەی کە بەقورسی‌و مەترسیەکی زۆرەوە بەدەست دەهێنرێن، وەك لەوشتانەی کە شوێنی ئارەزووی کەسانی تایبەتن.

(8) "زیاتر لەمە، تۆ لەنێوپیاوە تایبەتەکاندا کەمتر هەژارێك دەبینی هەژارتر لەستەمکارەکان. چونکی ئەوشتەی گەورەیەو یاخود بڕێکی کافییە حوکم بەسەریدا نادرێ لەڕووی چەندێتییەوە بەڵکو لەڕێگای بەکارهێنانیەوە هەڵدەسەنگێندرێ. هەر بەم پێیە، ئەو بڕەی کەزیاد لەپێویستە گەورەیەو ئەوەش کە لەسنوری کافی بوون کەمترە بچووکە".

(9) لێرەدا بۆکەسی ستەمکار جۆری موڵك‌و ماڵی لەراستیدا کەمترن‌و نەگونجاوترن بۆ پێویستیەکانی وەك لەوەی لای کەسانی تایبەت دەیبینینەوە. کەسانی تایبەت دەتوانن مەسروفی رۆژانەیان کەم بکەنەوە بەهەر جۆرێك کە دەیانەوێت، بەڵام ستەمکارەکان ناتوانن لەبەرئەوەی زۆرترینی خەرجیەکانیان‌و پێویست ترینیان لەپاراستن‌و پاسەوانی کردنی ژیانیاندا خەرج دەکرێت. هەروەها کەمکردنەوەی ئەو خەرجیانە دەبێتە مایەی وێرانی.

(10) دواجار، بۆچی دەبێت وەك هەژار حیساب بکردرێن ئەوانەی کە دەتوانن ئەوشتانە بەدەست بهێنن کە پێویستیانە لەڕێگای هۆکاری ڕەواوە؟ کێ ئەو کەسانە بەهەژارو کڵۆڵ لەقەڵەم نادات کە بەهۆی پێویستیەکانیانەوە ناچارن شتی خراپ‌و سووك دابهێنن؟

(11) ستەمکارەکان لەزۆریەی کاتەکاندا زۆر ناعادلانە هەڵدەستن بەتاڵانکردنی مەعبەدەکان‌و ئینسانەکان، لەبەرئەوەی هەمیشە پێویستیان بەپارەی زیاتر هەیە بۆ مەسروفاتە زیادەکانیان. وەك ئەوەی کە جەنگێکی ئەبەدی هەبێت، ستەمکارەکان ناچارن کە پشتگیری سوپا بکەن یاخود تابچن.

(5)

(1) "سایمۆندیس، با دەربارەی غەمێکی دیکەی ستەمکارەکان قسەت بۆ بکەم. هەرچەندە ستەمکارەکان هەروەك کەسانی تایبەت، ئاشنان بەکاسانی شەریفو ژیرو عادل، بەلام لەجیاتی ئەوەی ئیعجاب دەربارەیان دەربڕن لێیان دەترسن. ستەمکارەکان لەکەسانی ئازاو دلێر دەترسن لەو رووەوە کە رەنگە بەکارێك هەلبستن لەپێناو ئازادیدا، لەحەکیمەکان دەترسن لەوەی رەنگە شتێکی نوێ یا هۆکارێکی نوێ دابهێنن، هەروەها لەعادلەکان دەترسن لەبەرئەوەی رەنگە کۆمەلانی خەلك حەزبکەن لەلایەن ئەوانەوە فەرمانڕەوایەتی بکردرێن".

(2) لەکاتێکدا، بەهۆی ترسیانەوە، بەنهێنی دوورەپەرێزی دەکەن لەوجۆرە کەسانە یاخۆیانیان لێ رزگاردەکەن، کێ دەمێنێتەوە جگە لەتایپی ناعادلو شەهوانی (نا مولتەزیمەکان)و کۆیلە؟ ناعادلەکان لەلایەن ستەمکارەکانەوە شوێنی باوەڕن چونکی هەروەك ستەمکارەکان دەترسن لەوەی رۆژێك شارەکان ئازادبنو ئەمان بخەنە ژێر رکێفی خۆیانەوە. شەهوانیو نامولتەزیمەکان شوێنی باوەڕی ستەمکارەکانن چونکی لەئێستادا بەئارەزووی خۆیان هەلسو کەوت دەکەن، کۆیلەکانیش لەبەرئەوەی هێندە بەسووكو سەلیمی سەیری خۆیان دەکەن خۆیان نابینن کەشایانی ئەوەبن ئازادبن. ئەم غەمە لای من زۆر زەحمەتە، لەکاتێکدا بزانی کۆمەلێ کەسی چاك هەن بەلام ناچاربیت سوود لەکەسانی دیکە وەربگریت.

(3) "زیاتر لەمە، ستەمکار ناچارە کە عاشقی شاربێت، چونکی بێ شار نەدەتوانێ خۆی بپارێزێو نەبەختەوەریش بێت. وێرای ئەمەش ستەمکاری ستەمکارەکان ناچار دەکا کە گیرو گرفت بۆ ولاتەکانیشیان دروست بکەن. ئەوان هیچ خۆشحالێ نابن لەوەی کە هاولاتیان ئازابن یاخود پرچەك. بەپێچەوانەوە چێژ لەوە دەبینن کە بێگانەکان زیاتر لەهاولاتیان پرچەكو شوێنی سام بن، ستەمکارەکان ئەم بێگانانە وەکو پاسەوانی خۆیان بەکاردەهێنن."

(4) زیاتر لەمە، لەکاتی وەرزی بەپیتو بەرەکەتداو هەبوونی شتو مەکی چاك، تەنانەت لەوێشدا ستەمکارەکان هەست بەخۆشی ناکەن. چونکی ستەمکارەکان لەو باوەڕەدان کە تاکو ئینسانەکان لەهەژاریدا بژین زیاتر تەسلیم دەبنو بەکار هێنانیان ئاسان ترە.

(6)

(1) "سایمۆندیس حەزدەکەم بۆت ئاشکرا بکەم کـە ئـەو چێـژو خۆشییەی کـاتی خۆی وەك کەسێکی تایبەت هەستم پێکردون، لەوەتەی بوومەتـە ستەمکار مـن وای دەبینم کە بەتەواوی لێیان دابڕاوم".

(2) ئەوکاتـەی من لەتـــەك هاوڕێکـانی هاوتەمـەنی خۆمـدا دەبـووم، لـەزەتم لێ دەبینین‌و لەزەتیان لێ دەبینیم، لەمیوانداریيەکاندا بەشداریم دەکردو زۆرجار تـا ئـەو رادەیەی کە هەموو شتێکی ناخۆشی نێو ژیانی ئینسانم لەیاد دەکرد، بگرە زۆرجاران تاکو ئەو پلەیە رۆحم مەست دەبوو کە لەنێو گۆرانی‌و ئاهەنگ‌و سـەمادا دەتوایـەوە، و بگرە زۆرجاران ئارەزوی سێکسیشـم سـەری هـەڵدەدا لـەنێوان مـن‌و ئەوکەسـانەی لەدەوروبەر ئامادەبوون.

(3) ئێستا من بێ بەشم لەوکەسانەی کە لەهاوڕێیەتیم لەزەت دەبەن، لەبەرئـەوە، مـن کۆیلـەم هەیـە لـەجیاتی هاوڕێکـان. مـن بـێ بەشـــم لەهـــەر هۆگـری‌و نزیکیـــەك لەتـەکیاندا لەبەرئـەوەی لـەناویاندا خواستێکی چاك نابینمـەوە بەرانبـــەر بـــەخۆم. هـەروەها زۆر بەتوندی دووره پـەرێزی دەکـەم لەخواردنـەوەو خـەوتن وەك ئـــەوەی لەکەمیندابم.

(4) لە حەشامات سڵ بکەیتەوە لەکاتێکدا لەتـەنیایی رابکـەیت، لەوەبترسیت کـە پاسەوانت نەبێت لەهەمانکاتدا لەوکەسانەش بترسیت کەپاسـەوانیت دەکـەن، بـەوە رازی نەبیت کە چواردەورت بەپیاوی پڕچەك نـەگیرابێت لەهـەمان کاتیشـدا حـەزیش نەکەیت بەچەکەوە بیان بینیت، ئایا بەڕاستی ئەمە هەڵ‌و مەرجێکی شوێنی بـەزەیی نییە؟

(5) زیـاتر لەمـە، بـاوەڕ بەبێگانـەکان زیـاتر بکـەیت وەك لەهاونیشـــتمانیان، بەربەریەکان زیاتر لەیۆنانیەکان، ئارەزوی ئەوەبکەیت کەسانی ئازاد بکەیتـە کۆیلـەو ناچاربیت کۆیلەکان ئازاد بکەیت، ئایـا ئەمانـە هـەر هـەموو نیشـانەی ئـەو رۆحـەنین کەشڵەژاوەو پەرێشان بوە لەلایەن ترسەوە؟

(6) "تـرس، وەك دەزانـی، لـەرۆحدا تـەنیا ئەوەنییـە کـەخۆی لـەخۆیدا شـوێنی ئازارە، بەڵکو دەشبێتە تێکدەری هەموو چێژەکان".

(7) سـایمۆندیس گـەر تـۆش ئـەزموونی جـەنگت هـەبێت‌و رەوانـەی بـەرەکانی پێشەوەی جەنگ کرابیت‌و رووبەڕوی دوژمن وەستا بیتەوە، بیرت دەکەوێتەوە کـە چ جۆرە خواردنێکت وەرگرتوەو چۆنیش خەوت هەبوە.

(8) ئازارێك لەوكاتەدا چەشتوتە هەمان ئازارە كە ستەمكارەكان دەیچێژن، بگرە زۆر خراپ تر لـەوەش. چونكـی سـتەمكارەكان لـەو بـاوەڕەدان كەتـەنیا دوژمنـەكان لەپێشیانەوە نین بەڵكو لەهەموو لایەكدان.

(9) سایمۆندیس دوای ئـەوەی گوێـی لـەم قسـانە گـرت، قسـەكانی بـەهیرۆ بـڕیو گوتـی: "لـەوباوەڕەدام تـۆ زۆر بـەچاكی مەسـەلەیەكت خسـتەڕوو. جـەنگ شـتێكی تۆقێنەرە. بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا، هیرۆ ئێمە پاسەوان دادەنێین لـەكاتی عەمـەلیاتی سەربازیداو بەبڕواوە بەشی خۆمان لەخواردنو خەو وەردەگرین".

(10) لێرەدا هیرۆ گوتـی: "سـایمۆندیس، بەڵێ راسـتە بـەزیۆس سوێندبـێ، یاسـا چـاودێری پاسـەوان دەكـا تـاكو هـەم لـەخۆیان بترسـنو هـەم لـەجیاتی ئێـوە سـڵ بكەنـــەوە. بـــەڵام ســـتەمكارەكان پاســـەوانەكان بـــەكرێ دەگـــرن، هـــەروەك دروێنەكەرەكان".

(11) هـەروەها بەدڵنیاییـەوە پاسـەوانەكان، گـەر توانـای هەرشـتێكیان هـەبێت، دەبێـت بـەوەفا بـن. لەگـەڵ ئەمەشـدا پـەیداكردنی پیـاوێكی بـەوەفاو دڵسـۆز زۆر زەحمەت ترە لەپـەیداكردنی كەسـانی دیكـە بـۆ هـەر ئـەركێك دەتـەوێت، لـەكاتێكدا ئەوانـەی بـەكاری پاسـەوانی هەڵدەسـتن لەبـەرخاتری پـارە ئـەو كـارە دەكـەنو لەهەرچركەساتێكدا پارەیەكی زۆرتر وەربگرن لەڕێگای كوشتنی ستەمكارەوە، زۆرتر لەوپارەیەی كەستەمكار دەیانداتێ، ئەوامیچ سڵ ناكەنەوە لەوكارە.

(12) "هەرچی پـەیوەندی بەوخاڵەوە هەیە كە گوایا تـۆ بـەخیلی بەئێمـە دەبـەیت لەبەر ئەوەی ئێمە دەتوانین سـود بـەهاوڕێكانمان بگـەیـەنینو هـەروەها لەبەرئـەوەی دەتوانین باڵادەست بین بەسەر دوژمنە تایبەتیـەكانماندا، ئەمـەش بەوشـێوەیە نییـە كە تۆ بۆی چوویت".

(13) دەربـارەی هاوڕێیـان، چـۆن دەتوانـی بـاوەڕ بـەوە بـهێنیت كـەتۆ سـوودێك دەبەخشـیت، لـەكاتێكدا دەزانیـت ئەوكەسـەی زۆرتریـن سـود لـەتۆ وەردەگـرێ زۆر بەخۆشـییەوە خـێراو بەپەلـە لەبـەرچاوت گـوم دەبێـت؟ لەبەرئـەوەی هەرچیـەك لەسـتەمكار وەربگـرێ كەسـێ باوەڕناكـا مولْكـی ئـەوبێت تـاكو دوور نەكەوێتـەوە لەفەرمانەكانی ستەمكار.

(14) هـەرچی پـەیوەندی بەدوژمنـە تایبەتیەكانـەوە هەیـە، چـۆن دەڵێیـت كـە ستەمكارەكان دەسـتەڵاتیان بەسـەریاندا دەشـكێو كۆنترۆڵیـان دەكـەن لـەكاتێكدا ستەمكارەكان دەزانن كە هەموو رەعیەتەكانیان دوژمنیانن، لەكاتێكدا كەشـیاو نییـە هـەر هـەموویان بكوژێـت یـا تـەوقو زنجیریـان بكـەیت؟ چونكـی لەوكاتـەدا كـێ دەمێنێتەوە كەستەمكار حوكمیان بكا؟ وێڕای زانینی ئـەوەی كـە ئەوانـە هەرهـەموو

دوژمنی ئەون (ستەمکار)، لەلایەکەوە دەبێت خۆی لێیان بپارێزێو لەلایەکی دیکەشەوە ناچارەکە بەکاریان بهێنێت.

(15) "سایمۆندیس ئەوە چاك بزانە، ئەوکەسانەی کەئەمان لێیان سڵ دەکەنەوە لەنێو خەڵکیدا، زۆر زەحمەتە بۆیان (ستەمکارەکان) کەدەیانبینن زیندوونو دێنو دەچن، بەڵام کوشتنیشیان ئاسان نییە. ئەمە هەر وەك ئەوە وایە کە ئەسپێکی چاكو چاپووك هەبێت لەهەمانکاتیشدا ترسی ئەوەش لەئارادابێت کە رەنگە ببێتە مایەی دەردێکی چارەسەر نەکراو، لێرەدا ئینسان زەحمەتە بتوانێ بیکوژێ لەبەر چاکەکانی، لەهەمانکاتیشدا زەحمەتە هێشتنەوەی بەزیندوێتی بەهۆی ئەگەری روودانی کارەساتێکەوە لەناوەڕاستی رووبونەوەی مەترسیەکدا".

(16) هەروەها هەروەك کۆمەڵێ شتی دیکە کە ئیدارەکردنیان زەحمەتەو لەهەمان کاتیشدا بەسودن، هەر هەموو دەبنەمایەی دەردەسەری خاوەنەکانیانو بگرە ئەوانەش کە خۆیان لێ خەڵاس کردوە."

(7)

(1) کاتێك سایمۆندیس ئەوشتانەی لەهیرۆ بیست، گوتی: "وادەردەکەوێت کەشەرەفو ناوو ناوبانگ شتێکی مەزن بێت، ئینسانەکان رەنجو زەحمەتێکی زۆر دەکێشنو بەرگەی هەموو مەترسییەکان دەگرن لەپێناو بەدەست هێنانیدا".

(2) تۆش بەهەمان شێوە، هەرچەندە ئەوەتا دەڵێیت کەستەمکاری کێشەی زۆرە، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا هەوڵی بۆ دەدەیت بەو هیوایەی بە بەرێز سەیر بکردرێیت، لەپێناو ئەوەی کە هەر هەموو ئەوانەی ئامادەن لەمەجلیسێکدا، هەر هەموو گوێ رایەڵی فەرمانەکانت بن بێ هێنانەوەی بەهانە، تا موعجیب بن پێت، لە بەرت هەڵبستن، لەسەر شەقامەکان رێگات بۆ چۆڵ بکەن،و هەمیشە بەقسەو بەکردەوە رێزت بۆ دابنێن. ئەمە ئەوشتانەن کە رەعیەت دەیکەن بۆستەمکارەنو هەرکەسێکی دی کە بەرێزەوە بینرخێنن.

(3) "هیرۆ، من خۆم وابیردەکەمەوە کەپیاوی راستەقینە لەبوونەوەرەکانی دیکە جیاوازە لەوەدا کە هەوڵی شەرەف دەدات. لەکاتێکدا هەموو ئاژەڵەکان چێژ لەخواردنو خواردنەوەو خەوو سێکس دەبینن. بەڵام تموح بەشێوەیەکی سروشتی لەئاژەڵە ناعەقڵیەکاندا سەر هەڵنادات،و هەروەك چۆن مەرج نییە لەگشت ئینسانێکدا سەرهەڵبدا. ئەوکەسانەی کە عەشقی شەرەفو ستایش لەسەریاندا هەیە بەسروشت جیاوازنو ئەوانەی کە ئیدی تەنیا ئینسان نین بەڵکو پیاوی راستەقینەن".

(4) بەم پێیە، من وای بۆ دەچم کە رەنگە تۆ ئەو هەموو شتانەت لەستەمکاریدا تەحەمول کردبێت لەبەرئەوەی تۆ زۆرتر لەهەر کەسێکی دی بەرز نرخێندراویتو رێزت لێگیراوە. لەبەرئەوەی هیچ چێژێکی ئینسانی نییە هێندە نزیك بێتەوە لەوشتەی کە خوداییە جگە لەو چێژەی کە پابەندی شەرەفو رێزە.

(5) دەربارەی ئەمە هیرۆ گوتی: "بەڵام سایمۆندیس، تەنانەت شەرەفو رێزی ستەمکارەکان هەروەك چێژی سێکسە کە پێشتر بۆم رونکردیتەوەو نیشانمدا چۆن حاڵەتێکە".

(6) خزمەتێ لەوکەسانەوە بێت کە عەشق نابەخشن، گوتمان هیچ جۆرە خزمەتێكو کارێك نییە، هەروەك چۆن سێکسێك بەزۆر بێت تەنیا لەرووکەشدا وا دەردەکەوێ کە خۆشە. بەهەمان شێوە خزمەتی کەسانێك کە دەترسن بەهیچ شێوەیەك رێز لێنانو شەرەفی تێدا نییە.

(7) ئایا دەتوانین بلێین ئەوانەی کەناچار دەکرێن لەسەر کورسییەکانیان هەڵبستنە سەرپێ تارێز لەوانە بگرن کە ناعادلانە مامەڵەیان لەتەکدا دەکەن، یاخود ئەوانەی لەسەر شەقامەکان رێگا چۆڵ دەکەن بۆ بەهێزەکان، ئەو کەسانەی بەعەدلەوە مامەڵەیان لەتەکدا ناکەن، ئایا ئەمە رێزدانانو بەگەورەیی سەیرکردنە؟

(8) "زیاتر لەمە، کۆمەڵانی خەڵکی خەڵات دەدەنە ئەوانەی کە زۆرتر شوێنی رق لێهاتنەوەن،و بگرە بەتایبەتی لەوکاتەدا کە هەست بکەن رەنگە زەرەرو زیانێك ببینن لەئەوانەوە. بەڵام من لەو باوەڕەدام کە ئەم کارانە رەنگە شیاوتربێت وەکو کاری کۆیلایەتی سەیر بکرێن. لەکاتێکدا بەش بەحاڵی خۆم لەوباوەڕەدام رێزو شەرەف لەکرداری تەواو پێچەوانەی ئەوانەوە سەر هەڵدەدەن".

(9) "ئەوکاتەی ئینسانەکان، لەودیدەوەی کە پیاوێکی راستەقینە دەتوانێ سودمەندبێت بۆیان، لەوقەناعەتەوەی کە سود لەچاکەکانی وەردەگرن، لەبەرئەم هۆیە ناوی ئەوو ستایشی ئەو لەسەر زمانیان دەبێت، ئەوکاتەی هەر کەسە ئەو ببینێ وەك چاکەی خۆی، ئەوکاتەی بەئیرادەوە رێگای بۆبکەنەوەو لەبەری هەڵبستن لەدیدی ویستنو حەزلێکردنەوە نەك لەترسو تۆقاندنەوە، ئەوکاتەی خەڵاتی دەکەن بۆ فەزیلەتە مەدەنیەکانیو سودەکانی، خزمەتکردنی ئەوان بۆکەسی ئاوهاو بەوشێوەیە، بەڕای من رێزدانانی حەقیقییە بۆ ئەوکەسە، کەسێکی لەوجۆرەش، بەڕای من، شایەنی رێزێکی لەو جۆرەیە. کەسێکی لەوجۆرە بە بەختەوەر دەزانم کە ئاوها رێزی بۆ دابنرێ".

(10) وای دەبینم کەسێکی لەو جۆرە پیلان دژی ناچنرێ، بەڵکو قەلەقیەك بوونی دەبێت نەکا زەرەر ببینێو بەم شێوەیە ژیانی خۆی دەژی بە بەختەوەریو بێ ترس، بێ حەسودی بردن، بەدوور لەمەترسی. بەڵام ستەمکار، سایمۆندیس، باش دەزانێ کە ژیانی شەوو رۆژی وەك کەسێك دەژیو دەباتە سەر کە لەلایەن هەموو ئینسانەکانەوە حوکمی بەسەردا دراوە کە دەبێت بمرێ لەبەر ئەو هەموو ناعەدالەتیانەی کە ئەنجامی داون.

(11) کاتێك سایمۆندیس گوێی لەو هەموو قسانە بوو گوتی: "بەڵام هیرۆ، کەواتە گەر ستەمکار بوون هێندە مایەی کلۆڵییەو تۆباش ئەمە دەزانی، هۆی چییە خۆت لەو خراپەیە رزگار ناکەیت، هەروەها بۆچی کەسێك تائێستا بەخواستو ویستی خۆی دەست بەرداری ستەمکاری نەبوە، کەسێك کەستەمکاری بەدی هێناوە"؟

(12) هیرۆ گوتی: "لەبەرئەوەی تەنانەت لەمەشدا ستەمکاری هەرمایەی بەدبەختییە، چونکی شیاونییە کەدەست بەرداری بیت. لەبەرئەوەی ستەمکار چۆن دەتوانێ ئەو هەموو پارەیەی ئەو کەسانە بداتەوە کە ئەم تالانی کردوون، یاخود

لەبەرانبەردا ئازاری زنجیرو تەوقێك بچێژێ كە ئەم لەدەستو قاچو ملی ئەوانی دیكەی كردوون، یاخود چۆن جەزای ئەو هەموو ژیانە بداتەوەو بمرێ بۆ ئەو هەموو كەسانەی كە ئەم كوشتوونی؟ راستییەكەی، سایمۆندیس، گەر خۆ خنكاندنی (واتە كەسی ستەمكار) سوود بەهەر كەسێك بگەیەنێ. ئەو هیچ بەرژەوەندیەكی گیر ناكەوێت، جا كێشەكانی بپارێزێ یاخود بیانخاتە لاوە".

(8)

(1) ئنجا سایمۆندیس گوتی: "هیرۆ، من سەرسام نیم لەوەی کەئێستا تۆ بەدڵ لەگەڵ ستەمکاریدا نیت، چونکی تۆ لەو باوەڕەدایت کەستەمکاری ڕێگرێکە لەبەردەم بەدەست هێنانی عیشقی ئینسانەکاندا وێڕای ئەوەش، من لەوباوەڕەدام کە دەتوانم ئەوەت فێربکەم کە حوکم کردن مەرج نییە ببێتە ڕێگر لەبەردەم ئەوەی کە لەلایەن خەڵکییەوە خۆش بوویستریێت، بگرە بەرژەوەندیشی تێدایە بۆ ژیانی تایبەتی".

(2) "لەکاتێکدا تاقیکردنەوەی ئەوەی کە ئەمە خودی حاڵەتەکەیە یاخود نەء باجارێ لەوە گەڕێین کە فەرمانڕەوا بەهۆی دەستەڵاتیەوەیەتی کە دەتوانێ خزمەتی گەورە پێشکەش بکات، بەڵکو گەر ستەمکارو کەسی تایبەت هەمان کاربکەن، ئەو خاڵە لەبەرچاو بگرە کامیان زیاتر پێزانین‌و سوپاس دەباتەوە لەڕێگەی خزمەتکردنێکی وەك یەکەوە. بەنمونەیەکی سادە دەست پێدەکەم".

(3) یەکەم، گریمانی ئەوە بکە کە فەرمانڕەوایەك‌و پیاوێکی تایبەت، کاتێك کەسێك دەبینن، هاوڕێیانە مامەڵەی لەتەکدا دەکەن. لەم حاڵەتەدا، تۆ لەو باوەڕەدایت سڵاوو پێشوازی کامیان لای کەسی بیسەر زۆرتر چێژو خۆشی بەخشە؟ دووبارە گریمانی ئەوە بکە کە هەر دووکیان هەمان کەس ستایش دەکەن، کامە ستایشیان زۆرتر چێژو خۆشی بەخشە؟

(4) "تەسەور بکە، ئەو کەسە فیداکاریەك پێشکەش دەکا، هەردووکیان دەستی ڕێزی لێ دەنێن، بەڕای تۆ کام دەستی ڕێز لێنانەیا نەکە زۆرترمایەی پێزانینە؟تەسەوربکە هەردوکیان وەك یەك سەردانی نەخۆشێك دەکەن، ئایا روون‌و ئاشکرانییە کە سەرنجدان‌و بەتەنگەوەهاتنی کەسێکی دەستەڵاتدار دەبێتە مایەی مەزنترین خۆشی؟ گریمانی ئەوە بکە کە هەردووك وەك یەك خەڵاتەکان دەبەخشن، ئایا ئاشکرانییە کە تەنانەت لەم حاڵەتەشدا خزمەت‌و خەڵاتی کەسێکی خاوەن دەستەڵات زۆرتر بەهادارترە لەخەڵات‌و خزمەتی کەسێکی تایبەتی گەرچی لەئەسڵدا نیوەی بەهای ئەو خزمەتەی ئەویشی هەبێ".

(5) "راستیت بوێ، من لەو باوەڕەدام کە ئەوکەسەی فەرمانڕەوایەو حوکم دەکات چونکی نەك تەنیا فەرمانڕەوایەتی کردن پیاوی راستەقینە زیاتر نەجیب تر دەکا، بەڵکو ئێمە بە دیدێکی ترو خۆشییەکی ترەوە لەهەمان کەس دەڕوانین زۆرتر لەکاتی ئەوەدا کە فەرمانڕەوایەتی دەکا وەك ئەوەی لەکاتێکدا کە ژیانی تایبەتیانەی خۆی

دەژی. هەروەها ئێمە زۆرتر لـەزەت لـەگفتوگۆی ئەوانـە دەبینـین کـە خـاوەن جـیّو مەقامن وەك لەوانە کە هاوشانی خۆمانن".

(6) "هەرچی پەیوەندی بەکوڕانەوە هەیە، کە تۆ لـەویاوەڕەدا بوویت لـەو روەوە ستەمکاری گونجاو نییە، ئەوان کەمتر هەست بەسوکایەتی دەکـەن لەگـەلّ کەسـێکی پیر کاتێك ئەو کەسە فەرمانڕەوابێت، وە کەمتریش سـەرنجی ناشـرینی مەعشـوقەکە دەدەن، چونکە بوونی ئەو وەك کەسێکی بەڕێز خۆی لەخۆیدا کۆمەك کەرە بـۆ بـەرز نرخاندنی، بەپلەیەك کە اهانەکانی مەحف دەبنەوە، وە ئەو شتەی کە نەجیبە زۆرتر خۆی نیشان دەدا".

(7) "کەواتە لەکاتێکدا کە تـۆ سوپاسـێکی زیـاتر وەردەگریـت لـەرێگای خزمـەتی یەکسانەوە، ئایا رەوا نییە بلّێین، لەکاتێکدا کە تۆ دەتوانی سودی زیـاتر ببەخشـیت لەرێگای جیّ بەجێکردنی کۆمەلّیّ شتی زۆرەوەو بەخشینی خەلاّتێکی زۆر، رەوانییـە بلّێین کە دەتوانی زیاتر شوێنی خۆش ویستن بیت وەك لەکەسێکی تایبەت"؟

(8) هـیرۆ یەکسـەر وەلاّمـی دایـەوە، سـایمۆندیس، نـەخێر بـەهیچ شـێوەیەك، لەبەرئـەوەی ئێمـە ناچـارین کارگــەلی ئـەوتۆ بکـەین کـە دەبنـە مایـەی چـاندنی دوژمنایەتی، زیاتر لەکەسانی تایبەت.

(9) ئێمـە دەبێـت تـالاّنی بکـەین بـۆ ئـەوەی پارەمـان هـەبێت بـۆ جێبـەجێکردنی پێویستیەکانمان، دەبێت خەلّکی ناچاربکەین پاسەوانی ئەو شتانە بن کە پێویستیان بەپاراستن هەیە، ئێمە دەبێت ناعادلەکان سزابدەین، سنوور بـۆ ئەوکەسـانە دابنێـین کەبیّ ئیلتیزامن، لەکاتی هێرشی سەربازیشدا چ لـەدەریاوە بێـت یـا لـە وشـکانییەوە ناشێتو نابێت کارەکە بدەینە دەست تەمبەلّەکان.

(10) "زیاتر لەمە، ئـەو پیـاوەی کەسـتەمکارە پێویسـتی بـەکرێگیراوەکان هەیـە. هیـچ بـارێك گرانـتر نییـە بۆسـەر شـانی هاونیشـتمانیان جگـە لەمـە.. چونکـی هاونیشتمانیان لەویاوەڕەدان کەستەمکارەکان ئـەو بەکرێگیراوانـە رادەگـرن نـەك بـۆ ئـەوەی هاوبەشـی رێزبـن لەتـەکیاندا بـەلّکو بـۆ ئەوەیـە کـە تـاکو سـوود مـەندبن لەکۆمەکیان".

(9)

(1) لەبەرانبەر ئەوەشدا سایمۆندیس گوتی: "هیرۆ، من ئینکاری ئەوە ناکەم کە ئەو هەموو مەسەلانە پێویستیان بەسەرنجدان هەیە. هەندێ بەتەنگەوە هاتن رەنگە ببنە مایەی رقو کینە، هەندێکی دی مایەی رازی بوون".

(2) فێرکردنی ئەوشتەی کە زۆر چاکە، ستایش کردنو رێز لێنان لەوکەسەی ئەمە بەدەست دەهێنێت لە رێگای زۆر نەجیبانەوە، خۆی مەسەلەیەکە دەبێتە مایەی سەرهەڵدانی رێزی موتەبادل، لەکاتێکدا سەرزەنشتکردنی ئەو کەسەی کەمتەرخەمو بێ باکە لەئەنجامدانی کارێکدا، زۆر بۆ هێنان، سزادانو راستکردنەوە، ئەم شتانە هەر هەموو دەبنە مایەی سەرهەڵدانی دوژمنایەتی موتەبادل.

(3) بەم پێیە، من دەڵێم ئەو پیاوەی کە فەرمانڕەوایە دەبێت فەرمان بەسەر کەسانی دیکەدا بدا کە ئەوان هەڵبستن بەسزادانی ئەو کەسەی پێویستی بەزۆرە ملێ هەیە، بەڵام خۆی دەبێت خەڵاتەکان دابەش بکا. ئەوەی ئێستا روودەدا ئەوە دەسەلمێنێ کە ئەمە رێکخستنێکی چاکە.

(4) چونکە هەرکات ویستمان کۆرسەکان (تیپەکان) کێ برکێ بکەن ئەوا ئەرخۆن[٢] (archon) خەڵاتەکان دابەش دەکا، بەڵام کاری رێکخستنی هەر کۆرسەی بە بەڕێوەبەرەکان سپاردوە، هەروەها کەسانی دی بۆ بەکارهێنانی زۆر دژ بەوانەی لەنواندندا سستی دەنوێنن. بەم پێیە، ئەوەی لەم کێ برکێیانەدا دەبێتە شوێنی رێزو پێزانین ئەوە لەخودی ئەرخۆنەوە دێت، ئەو شتەش کەمایەی بوغزو بێزهاتنەوەیە لەکەسانی دیکەوە دێتو کاری ئەوانە.

(5) ئەوە چییە رێدەگرێ لەوەی کە گشت مەسەلە سیاسییەکان ئاوها بەم شێوەیە ئیدارە بکرێن؟ هەموو شارەکان وا دابەش کراون، هەندێك بەپێی قەبیلەکان، هەندێکی دی بەپێی دابەشکردنی ناوەکی، هەندێکی دی بەپێی کۆمپانیەکانو فەرمانڕەواکانیش هەریەکە لەبەشێك لێپرسراوە.

(6) گەر کەسێك پێویست بێت خەڵات بەسەر ئەو بەشانەدا دابەش بکا، وەکو کۆرسەکان، بەهۆی لەشکری چاکەوە، ئیلتزامی چاك، سوارچاکی، دلێری لەجەنگەدا، عەدالەت لەپەیوەندییە عەقدییەکاندا، ئەوا ئەم شتانە رێی تێدەچێ کە مومارەسە بکردرێن بە مەبەستو نیازەوە.

(7) "بەڵێ، بەزیۆس سوێندبێ، لەکاتی حەملەی سەربازیدا بەخێراییەکی زۆرتر بە بەرەوپیری کارەکە دەچن هەوڵی بەدەست هێنانی رێزو شەرەفی زیاتر دەدەن، زیاتر بەپارە بەشداری دەکەن، کە کاتی خۆی هات بێ دواخستن، هەروەها کشتوکاڵ کە بەنرخترینی شتەکانە بەڵام کەمتر ئیدارە دەکرێ لەرێگای کێ بڕکێوە، بگرە کشتوکاڵیش زیاتر پێش دەکەوێ گەر کەسێك خەڵات دیاری بکا بۆ کێڵگەکانو گوندەکان بۆ ئەوکەسانەی کە باشتر زەوی دەکێڵنو بەرهەم دەهێنن،و کۆمەڵێ کاری چاك دەشێ بەئەنجام بگەینرێت لەلایەن ئەو کەسانەوە کە لەنێو هاونیشتمانیاندا بەچالاکییەوە روو لەئەنجامدانی ئەو کارانەوە دەکەن".

(8) "بودجە بەم شێوەیە زیاد دەکا، بەدواشیدا، لەحاڵەتی نەبوونی کاتی فەراغدا اعتدال زۆرتر بەرکەماڵ دەبێت، هەرچی پەیوەندی بەکاری خراپیشەوە هەبێت، کەمتر لەوکەسانە دەوەشێتەوە کە سەرقاڵن".

(9) "گەر ئیستراد سودی هەبێ بۆشار، ئەوکەسەی رێزی زیاتری لێدەگیرێ لەبەر سەرقاڵ بوونی بەم کارەوە ئەوا کەسانی وەکو خۆی خرپەکاتەوەو هانیان دەدا. گەر وادەرکەوت کە ئەو کەسەی دەرامەتێکی بێ دەردەسەری بۆ شار دەهێنێتە ئاراوە دەبێت رێزی بۆ دابنرێ، تەنانەت تێڕامانێکیش لەم جۆرە بێ حیساب بۆ کردن ناهێڵدرێتەوە".

(10) "بەکورتییەکەی، سەبارەت بەهەموو مەسەلەکان ئەو کەسەی کە شتێکی بەسوودی نوێ دەخاتە روو بێ رێزلێنان هەروا بەئاسانی بەسەریدا باز نادرێ، گەر ئەم کارە بکرێت ئەوا ئەمیش بەدەوری خۆی کەسانی دی دەرگیر ئەوە دەکا کە بیر لەشتی چاك بکەنەوە هەر کاتێکیش هەموو سەرقاڵی ئەوشتە بوون کە بەسودە، ئەمە خۆی لەخۆیدا بەناچاری دەبێتە مایەی چاککردنو داهێنانی زیاتر".

(11) "بەڵام هیرۆ گەر تۆ لەوە سڵدەکەیتەوە کە گەربێتو خەڵاتێکی زۆر بەسەر خەڵکدا دابەش بکردرێت، لەبەرانبەردا رێژەی خەرجی بەرز دەبێتەوە، ئەوەت لەیادبێت کەهیچ شمەکێکی بازرگانی هەرزان تر نییە وەك لەوەی کە ئینسانەکان دەیکڕن بەهۆی خەڵاتەکانەوە. ئەوە دەبینیت لەمسابەقەکانی ئەسپسواری وەرزشو کۆرسەکاندا کە چۆن خەڵاتی بچکۆلە خەرجییەکی زۆرو رەنجێکی زۆرو بەتەنگەوە هاتنێکی زۆر بۆ ئینسانەکان دەهێنێت؟"

(10)

(1) هیرۆ گوتی: "واهەست دەکەم تۆ لەمەڕ ئەم کێشانە چاك قسە دەکەیت، بەڵام ئایا هیچ شتێکت هەیە بیڵێیت لەمەڕ سەربازە بەکرێگیراوەکانەوە، تاکو من بەهۆیانەوە رق‌و کینەیەك ئیجاد نەکەم؟ یاخود لەو باوەڕەدایت کە کاتێك فەرمانڕەوا دۆستایەتی خەڵکی بردەوە ئیدی پێویستی بە پاسەوان نامێنێت".

(2) "سایمۆندیس گوتی: بۆ خاتری زیۆس، بەدڵنیاییەوە پێویستی پێیان دەبێت. چونکی من دەزانم کە مەسەلەیەکی سروشتییە لەهەندێ کەسدا، هەروەك چۆن لەئەسپەکاندا دەیبینین، کە بێ ئەدەبو بێ ئیلتزام دەبن کاتێك پێویستیەکانیان تێربکردرێت.

(3) ترسێك کە پاسەوان دەیخاتە دڵی ئەو جۆرە کەسانەوە دەیکاتە کەسێکی موعتەدیل. هەرچی پەیوەندی بەکەسانی جوامێرەوە هەیە، بەڕای من هیچ شتێك نییە تۆ لەڕێگای ئەم سەربازە بەکرێگیراوانەوە بیدەیتە ئەوان.

(4) دیارە تۆ وەکو پاسەوانانی خۆت کۆمەکیان دەکەیت، پێش ئێستە زۆر لەسەروەرەکان بەدەستی کۆیلەکانیان تیاچوون. گەر بێت‌و، ئنجا ئەمە خاڵی یەکەمە، یەکێك لەوەزیفەکانی ئەو سەربازە بەکرێگیراوانە ئەوەبێت کە، وەك ئەوەی پاسەوانی هەموو هاونیشتمانیان بن، کاتێك کەپێویستییەك لەوجۆرە خۆی سەپاند ئەوا بەهانای هەموو کەسێکەوە بچن، هەروەها فەرمانیان بەسەردا درا کە دژی هەموو پیاو خراپێك بن لەنێو شاردا، لەم حاڵەتەدا هاونیشتمانیان لەوە تێدەگەن کە ئەوا لەلایەن ئەو بەکرێگیراوانەوە کۆمەك دەکرێن.

(5) زیاتر لەمە، ئەمانە رەنگە بەچاکی بتوانن جۆرێك لەبرواو سەلامەتی فەراهەم بکەن بۆ جوتیارەکان‌و زەوی‌و زارەکان‌و مەڕوماڵات لەگوندەکاندا، هەروەك پاراستنی موڵکی تایبەتی خۆت‌و هەموو کەسانی دی لەدەڤەرەکەدا. هەروەها دەتوانن کاتی ئازاد بۆ هاونیشتمانیان فەراهەم بکەن تاکو بەتەنگ موڵك‌وماڵیانەوە بێن لەرێگای پاراستنی بەرژەوەندیانەوە.

(6) هەروەها هەرچی پەیوەندی بەنهێنی‌و هێرشی کت‌و پڕی دوژمنانەوە هەبێت، ئەوەکێیە زیاتر لەهەرکەس کە دەتوانێ پێش وەخت هۆشیار بێتەوە، بەئاگا بێتەوەو بزانێ چی روو دەدا یاخود کارێك بکا پێش لەروودانی هێرشی لەو جۆرە بگرێ جگە

لەئەوکەسانەی کە لەسوپایەکدان‌و زەبت‌و ڕێکخستن‌و مەشقیان بینیـوە؟ چـی هەیـە لەسەربازە بەکرێگیراوەکان بەسودتر بۆ هاونیشـتمانیان؟ سـەربازە بـەکرێگیراوەکان لەهەرکەس زیاتر دەشێ ئامادەبن بۆ زەحمەت، ریسك کـردن، لـەپێناو بـەرژەوەندی هاونیشتمانیاندا.

(7) هەرچی پەیوەندی بەشارەکانی دراوسێوە هەیە ئایا پێویستیەك لەئارادا نییە بەتایبـەت بـەهۆی بوونـی ئەوانـەوە کـە هەمیشـە چـەکدارن، بـۆ ئـارەزوو خواسـتنی ئاشتی؟ بەهۆی زەبت‌و ڕێکخستنیانەوە، سـەربازە بـەکرێگیراوەکان باشـتر دەتوانـن ئەوشتانە بپارێزن کـە موڵکـی هاوڕێکانـەو ئـەو شـتانەش خـاپوور بکـەن کـە موڵکـی دوژمنەکانە.

(8) کاتێك هاونیشتمانیان لەوە تێگەیشتن کە ئەم سەربازە بەکرێگیراوانە بەهیچ شێوەیەك ئەزیەتی ئەو کەسانە نـادەن کـە ناعەدالەتیـەکیان نـەکردوە، بـەڵکو تـەنیا کۆنترۆڵی ئەو کەسانە دەکەن کە کاری خراپە دەکەن، بەهانای ئەوکەسانەوە دەچـن کـە ناعەدالـەتیان بەرانبـەر کـراوە، ڕاوێـژ وەردەگـرن یـا لـەجیاتی هاونیشـتمانیان ڕووبـەڕوی مەترسـی دەبنـەوە، ئـا لەحاڵـەتێکی ئاوهــادا ئایـا پێویسـت نییـە کـە هاونیشتمانیان پارەی تەواو بۆ ڕاگرتن‌و پاراستنی کۆمەڵێ خەڵکی لەو جـۆرە خـەرج بکەن؟ لەدواجاردا لەیادمان بێت، خەڵکی پاسـەوانی تایبـەتی ڕادەگـرن بـۆ ئامـانجی کەمتریش لەوەی ئاماژدەمان پێدا".

(11)

(1)"هیرۆ، تۆ نابێت خۆت بدزیتەوە لەخەرجکردنیماڵو سامانت بەمەبەستی چاکەی گشتی، من وای دەبینم ئەوەی کەسێك وەك ستەمکار نەخشەی بۆ دەکێشێ لەشاردا بریتییە لەخەرجکردنی زیاد لەپێویست بۆشار وەك موڵكو ماڵی خۆی. ڕێگەبدە ئەم خاڵانە یەك بەیەك تاقی بکەینەوە".

(2) "یەکەم کامەیان، بەڕای تۆ، شوێنی شکۆمەندییە بۆ تۆ، خانوویەکی ڕازاوەو قەشەنگی گرانبەها، یاخود شارێکی ڕازاوە بەدیوار، مەعبەدەکان، ڕیزی دارودرەخت، بازاڕەکان، و بەندەرەکان؟

(3) سەبارەت بەسوپاکان، کامەیان زیاتر شوێنی تۆقاندنە لای دوژمنەکانت، خۆت بەسوپایەکی مەزنەوە بگونجێنی یاخود شارەکەت سەرجەم پارێزراوبێت بەسوپایەکی چاك"؟

(4) سەیری بوجەو دەرامەت بکە، بەچ ڕێگایەك دەشێ زیادبکردرێت، گەرتۆ تەنیا سەرقاڵی ئەوەبیت کە موڵكو سامانی خۆت لەحاڵەتی بەرهەمهێنانو زیادبووندابن، یاخود هەوڵی ئەوەبدەیت کە ماڵو موڵکی هەموو هاونیشتمانیان لەبرەودابن؟

(5) هەروەها لەمەڕ ئەو خولیایەی کە واسەیردەکرێ وەك نەجیب ترینو قەشەنگترین شت، پەروەردەکردنی ئەسپی گالیسکە، بەڕای تۆ کام ڕێگەیەیان زۆرترین کەرامەتو ڕێز بۆتۆ دەهێنێت، ئەوەی کەخۆت باشترین تیپی ئەسپەکان لەنێوان یۆنانیەکاندا هەڵبژێریت،و ڕەوانەی پێشبڕکێ کانیان بکەیت، یاخود ئەوەی کە پەروەردەبووترینو بەتواناترینو ئامادەبووترین بۆکێبڕکێ لەناو خودی شارەوە هەڵبژێردرێن؟ ئنجا سەبارەت بە بردنەوە، کامەیان زۆرلای تۆ نەجیبترە، بردنەوەی ئەسپی گالیسکەکانی تۆ، یاخود بەختەوەری ئەوشارەی کە حوکمی دەکەیت؟

(6) من دەڵێم شیاونییە بۆ کەسێك کە ستەمکارە کێبڕکێ لەگەڵ کەسانی تایبەتدا بکا. چونکی گەر بیبەیتەوە، لەحاڵەتێکی ئاوهادا شوێنی ئیعجاب نابیت بەڵکو دەبیتە شوێنی حەسودی، چونکی ئەوبردنەوەیە بە بەرئەنجامی موڵكو مەسروفێکی زۆر لەقەڵەم دەدرێ، خۆگەر بێتو کێبڕکێکە بدۆڕێنی ئەوا دەبیتە شوێنی گاڵتەجاڕی".

(7) "بەلام هیرۆ من پێت دەڵێم، تاقیکردنەوەی تۆ وا لەگەڵ ئەوکەسانەی شارەکانی دیکە حوکم دەکەن، گەر تۆکارێك بکەیت ئەوشارەی حوکمی دەکەیت لە شارەکانی دیکە بەختەوەرتربێت، ئەوە باش بزانە کە تۆ لەلایەن داوەرەوە

(حەکەمەوە) بەبراوە لەقەڵەم دەدرێیت لەتاقیکردنەوە هەرە قەشەنگەکەی نێوان ئینسانەکاندا".

(8) یەکەم، زامنی عەشقی رەعیەتەکەت دەکەیت بۆخۆت، ئەمەش ئەوشتەیە کە ئارەزوی دەکەیت. لەمەزیاتر، داوەری ئەم سەرکەوتنە یەك کەس نابێت، بەڵکو هەموو ئینسانەکان گۆرانی بۆ فەزیلەتەکانت دەچڕن.

(9) وەك بابەتی ئیعجابو سەرنجدان تۆ تەنیا لەلایەن کەسانی تایبەتەوە بەرز نانرخێندرێت، بەڵکو لەلایەن هەموو شارەکانەوە نەك بەتەنیا لەبواری تایبەتیدا بگرە لەبواری گشتیداو لەلایەن هەمووانەوە بەئیعجابەوە سەیر دەکرێیت".

(10) "هەرچی پەیوەندیشی بەئاسایشی خۆشتەوە هەبێت، چاکتر بۆت دەلویّ کە سەفەربکەیت بۆ هەرکوێیەك کە دەتەوێت بۆ بینینی دیمەنەکان، هەروەها بۆت دەلویّ ئەمەبکەیتو لێرەش بمێنیتەوە. دەشیّ ڤیستڤاڵی هەمیشەیی ساز بدەیت بۆ ئەوانەی حەزدەکەیت ئەو بەرهەمانە نیشان بدەن، جا چ ژیری بێت، یا جوانو قەشەنگ یا شتی چاك کە هەیانە، هەروەها بۆ ئەوانەش کە ئارەزو دەکەن خزمەتت بکەن".

(11) "هەموو ئەوانەی کە ئامادە دەبن دەبنە هاوپەیمانت، ئەوەش کە ئامادەنییە لەویّ، ئارەزوی ئەوە دەکا کە بتبینێت. کەواتە تۆنەك دەبیتە شوێنی رەزامەندی بەڵکو لەلایەن ئینسانەکانەوە خۆش دەویسترێیت. دەربارەی جوانەکانیش، تۆ هیچ پێویست ناکا کە ئیغرائیان بکەیت، بەڵکو رازی بە بەوەی کە اغراء بکردرێیت لەلایەن ئەوانەوە، هەرچی پەیوەندی بەترسیشەوە هەبێت کە رەنگە هەندێك ئەزیەت ببینیت".

(12) تۆ ئەو پیاوانەت دەبێت کەگوێڕایەڵت دەبن گەر مەترسییەك لەئارادابێت ئەوا تۆ نەك هاوپەیمانەکانت لەدەوری خۆت دەبینیت بەڵکو پاڵەوانەکانیشو ئەوانەش کە بەتاسەوەن بۆت، هەرگیز تۆ چواردەورت خاڵی نابێت لەوکەسانەی کە جوامێرن تاکو ئەو خەڵاتانەیان لەتەکدا بەش بکەیتو ئەوکەسانەی کە لەزەت لەشتە چاکەکانت دەبینن‌و ئەوانەش کە ئامادەن بجەنگن لەپێناو شتەکانی تۆدا هەروەك ئەوەی شتومەکی خۆیان بێت".

(13) دەربارەی سەروەتو سامانیش تۆ هەموو سامانی هاورێکانت دەبێت"بەلاّم هیرۆ، هاورێکانت بەبڕوا دەوڵەمەندبکە، چونکی ئەمە دەبێتە دەوڵەمەندکردنی خۆت. شار دەوڵەمەند بکە، بەو شێوەیە تۆ دەستەڵاتی خۆت زیاد دەکەیت. هاوپەیمانەکان بۆشار پەیدا بکە".

(14) "سەیری نیشتمان بکە وەکو موڵکی خۆت، هاونیشتمانیان وەکو هاوڕێکانی خۆت سەیربکە، هاوڕێکان وەکو منداڵەکانی خۆت، لەکوڕەکانتا وەکو ژیانی خۆت بڕوانە، و هەوڵبدە لەهەموو ئەمانە تێپەڕێنیت بەهۆی چاکەوە".

" گەر تۆ لەنواندنی چاکەدا لەگەڵ هاوڕێکانت باڵادەست بیت، دوژمنەکانت ناتوانن دژت بوەستنەوە. گەر هەموو ئەوشتانە بکەیت، ئەوە بزانە، هەموو ئەوشتانەی بەدەستیان دەهێنیت نەجیبترینو پیرۆزترین لەنێوئینسانەکانداو بۆماوەیەك کامەران بوون، بزانە هیچ کات نابیتە شوێنی ئیرەیی لەبەرئەوەی بەختەوەری".

*   *   *

لەکاتی تەفسیرکردنی ئەم تێکستەدا، دایەلۆگی "هیرۆ یا تیرانیکۆس"، هەروەك هەموو تێکستە فەلسەفیەکانی دی دەبێت سێ توێژ، چین لەو تێکستە دیاری بکەین، بەواتایەکی دی سێ پەیامی جیاواز بۆسێ گوێگر، خوێنەر یا گروپ یا دەستە بژێری جیاواز، توێژی یەکەم لەم تێکستە، چینی سەروەی ئەم دایەلۆگە، باس لەپەیامێك دەکا بۆ خوێنەرە گشتییەکانو ئینسانی سادەیە، توێژی دووەم یا چینی دووەمی ئەم تێکستە باس لەپەیامێك دەکا بۆ فەرمانڕەواکانو سیاسەتمەدارەکانو ئەو کەسانەی سەرقاڵی کاروباری سیاسیو مەدەنین، توێژی سێیەمی ئەم تێکستە باس لەپەیامێك دەکا بۆ بیرمەندو فەیلەسوفەکان. پەیامی یەکەمی ئەم تێکستە کە بۆ ئەو کەسانەیە کە بەزاقو بریقی ستەمکاری هەڵخەڵەتاونو بەسەرسوڕمانەوە سەیری ستەمکاری دەکەن، بەسادەیی دەڵێت کە ژیانی ستەمکار چییەو رای ستەمکار لەمەڕ ژیانی خۆیەوە نیشان دەدا، لەپاڵ دەربڕینێکی سادەی حەکیمێکدا لەمەڕ ستەمکارییەوە. چ کەسێکی عەوام هەیە، وێڕای ترسو تۆقاندنی ستەمکاریش، وێڕای ئەو قەسابخانانەی کەستەمکاری دەیانئێتەوە، چ بەئاشکراو چ بەنهێنی، چ لەبێدارپداو چ لەخەودا ئیعجابی دەرنەبڕیبێ بەرانبەر بە ستەمکاریو ئارەزوو خواستن بەژیانی ستەمکار یاخود ئارەز خواستنی بوون بەستەمکار، یا بەلانی کەمەوە پرسیاری ئەوەی کە ستەمکاری چییەو چی لەدنیای ستەمکاردا دەگوزەرێ.

توێژی یەکەمی، یا سەرەوەی ئەم تێکستە، کە تەنكو سادەیە، وەڵامگۆی غەمو ئارەزوو پرسیارەکانی ئینسانی عوامە لەوەدا کە لەتوێکڵدا، لەشێوەی دەرەوەدا پێمان دەڵێت ستەمکاری چییەو ستەمکار چۆن دەژیو ژیانی ستەمکارانە چ جۆرە ژیانێکە. هەموو تێکستێکی فەلسەفی، چینێك یا توێژێکی سەرەوەی بەرووکەش پەیامێکی بۆ ئینسانی سادە پێیە، ئینسانی سادەش ئەو ئینسانەیە کە لەبەر هەر

هۆیەك بێت بواری قوڵ بوونەوەی فەلسەفەو مەعریفەی نەبوە، فەلسەفەو فیکری نەخوێندۆتەوە،و پرسیارە هەرە قوڵەکانی کەینونە رۆحی نەکرۆشتوونو لەسەر دەستی مامۆستاکاندا نەبۆتە شاگردو مەشقی نەبینیوەو زیاتر سەرقاڵی رووکەشیی ژیانە. ئینسانی سادە، کە لێرەدا مەبەستمان حوکمی ئەخلاقی نییە، وێڕای سادەیی‌و رووکەشی پرسیارەکانیشی، خاوەنی غەمەو دەیەوێت لەکۆمەڵێ شت تێبگا، لەوانە ستەمکاری چییە ستەمکار چۆن دەژی؟ ئەم ئینسانانە لەزەینیدا وێنەیەکی بۆ ستەمکارو ژیانی ستەمکار کێشاوەو بگرە لەبەر هەر هۆیەك بێت ئیعجابی بەرانبەر بەستەمکاریش هەیەو لەمەزیاتر، ئارەزووی ژیانی ستەمکارانە دەکا وەك هۆیەك بۆ رزگاربوون لەغەمە بێ سنورەکانی ژیانی رۆژانە، لێرەوە ئەم تێکستە پەیامێکی بۆ ئەو ئینسانە پێیە دیارە ئینسانی سادە، یا خوێنەرە گشتییەکان، بەخوێندنەوەی ئەم تێکستە شۆك دەبن (رادەچڵەکێن) لەبەرئەوەی وێنە سادەکانو گشتییەکان لەم تێکستەدا لەمەڕ ستەمکارییەوە کورت دەهێنن لەنیشاندانی واقیعی ستەمکاری‌و ژیانی ستەمکار. وێڕای ئەم راستییەش، لەمێژووی دوورو درێژی ستەمکاری‌و سستەمی سیاسیدا ئەو وێنانە لەمەڕ ستەمکارییەوە بەردەوامی بە خۆیان دەدەن.

پەیامی دووەم کە زۆر گرنگە، بۆ ستەمکارو سیاسەتمەدارو فەرمانڕەواکانە، کە باس لەچۆنێتی فەرمانڕەوایەتی دەکا، چاککردنی سیستەمی ستەمکاری‌و چۆنێتی دەرککردنو مامەڵەکردن لەتەك کۆمەڵانی خەڵکدا. ئەم توێژەی ئەم دایەلۆگە، کە دواجار قسەی لێدەکەین، ئەو توێژەی ئەم تێکستەیە کە سنوری مێژوو دەبڕێ‌و لەتەك سیستەمو بارودۆخە جیاوازەکانو خوێنەران لەودیوو بارودۆخێکی مێژوویی تایبەتی‌و ناوچەگەرییەوە بەدرێژایی مێژوو قسەدەکا، هەتا رێکخستنی سیاسی بوونی هەبێت ستەمکاری ئەگەرێکە، ستەمکارەکان لەوشوێنە هەن کە دەستەڵات تەجاوزی پێدەکرێ‌و تاکو دەستەڵاتیش تەجاوزی پێبکردرێ ئینسانەکان خۆیان لەژێر سایەی ستەمکاریدا دەبیننەوە، تاکو پێویست بێت سیاسەتمەدار هەبێت، بواری مەدەنی، دەستەڵات، کە دیارە تا رێکخستن هەبێت سیاسەت‌و دەستەڵاتیش هەن، کەواتە پرسیاری چۆنێتی رێکخستنی سیاسیانەی کۆمەڵگا (بەمانای مۆدرێن)و کاروباری شار (وڵات) بەمانای کلاسیك پێویستییەکی نکۆڵی لێنەکراوە. پەیامی دووهەمی ئەم تێکستە قسە لەمەڕ چۆنێتی بەڕێوەبردنی کاروباری سیاسی دەکا، گەر چی لەژێر پەردەی چاککردنی ستەمکاریشدابێت. هەر ئەمەشە پڕ مەترسیترین پەیامی ئەم تێکستە، (ئایا مەبەستی زینۆفۆن بوە لەگەیاندنی ئەم پەیامە یاخود نەء ئەمە مەسەلەیەکی دیکەیە). مەترسی سەرەکی ئەو توێژەی ئەم تێکستە لەوەدا

نییه کەباس لەوە دەکا کە پێویستە ستەمکار لەبیری خەڵکیو بەختەوەری خەڵکیدا بێت، بەڵکو مەترسییەکە لەخودی فیکرەی ریفۆرمی (چاککردنی) ئەوسیستەمەدایە، سیستەمێك کە ئەگەری ریفۆرمی زۆر کەمە، لەبیرۆکەی هونەری ستەمکاریدایە، واتە هونەرێك کە باس لەچاککردنی سیستەمێك دەکا لەرێگای کۆمەڵێ پرنسیپو هەنگاوەوە، سیستەمێك کە رەوایەتی نییە. مەترسی ئەم پەیامە رەنگە لەوەدابێت کە دەشێ ستەمکارەکانو سیاسەتمەدارەکان گوێ لەم پایامە بگرنو لەرێگای پەیرەوکردن لەهەندێ ئامۆژگاریو هەندێ گۆڕانکارییەوە ئیدی دەتوانن هەموو سیستەمێکی ستەمکاریمان پێ بفرۆشن وەك سیستەمێکی چاك یاخود سیستەمێك کەژیانی ژیانەو مافی بوونی هەیە، ئەوە ئەگەر زیادەڕۆیی نەکەنو سیستەمێکی ستەمکارمان لەژێر ناوی سیستەمێکی عادلو عەقلانیو لەم رۆژانەشدا دیموکراسی پێ نەفرۆشن. پەیامی سێیەم لەم تێکستەدا بۆ فەیلەسوفەکانە کە باس لەوەدەکا چۆن ئەمان دەتوانن لەتەك ستەمکاریدا مامەڵە بکەن. با لەوە گەڕێین کە ئایا سایمۆندیس حەکیمە یا نە، بەلام لەیادمان بێت کە ئەم تێکستە لەلایەن فەیلەسوفێكو سیاسەتمەدارێكو مێژوو نوسێکەوە، نوسراوە، کە بێ گومان یەکێك لەپەیامە سەرەکیەکانی ئەم تێکستە رووبەروی ئەو چەند کەسە کەمە بۆتەوە کە بەحەکیمو فەیلەسوف ناویان دەرکردوە. قوڵترین چینی ئەم تێکستە ئەوچینەیە کەباس لەفەلسەفەو ستەمکاری دەکا، ستەمکارو فەیلەسوف، سیاسەتو فەلسەفە، حەقیقەتو کاروباری سیاسی دەکا.

دایەلۆگی "هیرۆ یاتیرانیکۆس" لە دووبەش پێکهاتوە، لەبەشی یەکەمدا کە بریتییە لە حەوت بەند، هیرۆ هەوڵ دەدات کە بۆسایمۆندیسی شاعیر بسەلمێنێ کە ژیانی ستەمکار لەبەراوردا بەژیانی کەسی تایبەت ژیانێکی پڕ لەکلۆڵییەو بەدوور لەبەختەوەری. بەشی دووەم، لەبەندی هەشتەمەوە تاکو بەندی یازدەهەم، سایمۆندیس هەوڵ دەدا کە هیرۆ رازی بکا کە دەشێ ژیانی ستەمکار چاك بکردرێتو ستەمکار دەتوانێ ژیانێکی بەختەوەرانە بژیو کارێکیش بکا کە خەڵکی هەم بەختەوەربنو هەم ستەمکاری دوای چاککردنی قبوڵ بکەنو ستەمکاریان خۆش بوێ. لەبەشی دووەمدا کە تێیدا سایمۆندیس فیکرەی چاککردنی ستەمکاری وەکو سیستەمێك دەخاتە روو بەرمەبنای کۆمەڵێ پرنسیپ یاخود کۆمەڵێ پێشنیاری چاکسازی. لەم بەشەدا ژیانی ستەمکاری "رۆشنگەر" وا وێنا دەکرێت کە ژیانێکی بالادەستترە لەژیانی کەسانی تایبەت. کەسانی تایبەت مەبەست لەوکەسانەیە کە هیچ جێو مەقامێکیان لەبواری گشتیو مەدەنیو سیاسیدا نییە. هەرچی پەیوەندی پەیامی سەرەکی دایەلۆگەکەوە هەیە دەبێت ئەوە بزانین کە ئەم دایەلۆگە رووی

لەدەمی کێیە، لەستەمکارەکان یاخود پیاوانی خاوەن کردار؟ یاخود هەرکەسێك کە بیر لەبەشداریکردن لەبەڕێوەبردنی کاروباری سیاسی شار (Polis) دەکاتەوە؟ ناتوانین ئاڵۆزی ئەم دایەلۆگە سادەبکەینەوە بۆ پەیامێك، بەڵکو ئەوەی نزیکترە لەراستییەوە ئەوەیە کەبڵێین ئەم دایەلۆگە فرەپەیامەو فرە نیازەو رووی دەمیشی لەکۆمەڵێك لایەنە، هەر لەستەمکارەکانەوە تاکو ئەوانەی دەیانەوێت لەبواری مەدەنیدا کاربکەن، تاکو ئەوکەسانەی گەرەکیانە لەستەمکاری وەکو سیستەمێك بگەن و بزانن کێشەکانی چییە.

زینۆفۆن لەم دایەلۆگەدا لەڕێو رەسمی "دایەلۆگە سوکراتیەکان"ی خۆی دەردەچێت، ئەو دایەلۆگانەی کە سوکرات تێیدا قسەکەرەو دەتوانین لەپەیامە سەرەکیەکەی دایەلۆگە لەرێگای ئەوەوە بگەین، وەکو دایەلۆگی "عوزرخوایی سوکرات"و دایەلۆگی "ئیکۆنۆ میکۆس"، لەدایەلۆگی" "هیرۆ یا تیرانیکۆس"دا سایمۆندیس کە هیرۆ پێماندەناسێنێ وەکو پیاوێکی حەکیم، سایمۆندیس کەسەکەیە کە ستەمکار دەجولێنێ قسەبکا، هەرئەوە سەردانی هیرۆی ستەمکاری کردوەو لەسەر سفرەی ستەمکارەکە پرسیار دەکا. هەر لەرێگەی سایمۆندیسیشەوەیە کە فیکرەی هونەری ستەمکاری دەخرێتە روو، ئەمەش خۆرزگارکردنە لە "دایەلۆگە سوکراتیەکان"و بگرە خستنە رووی فیکرەیەکە تەواو پێچەوانەی بۆچوونی سوکرات، هەر ئەمەشە کە وای لەزینۆفۆن کردوە لەجیاتی سوکرات سایمۆندیس هەڵبژێرێ وەکو هاو دایەلۆگی ستەمکارو ئەو کەسەی کە لەبەر هەرهۆیەك بێت، جا چ هۆی خودپەرستی بێت، خۆ بردنە پێشەوە بێت لەستەمکار یاخود بەڕاستی باوەڕی تەواوی بەڕاو بۆچوونی خۆی هەیە، ئەوکەسەی کە فیکرەی هونەری ستەمکاری دەخاتە روو. سوکرات بەشێوەیەکی موتڵەق ستەمکاری رەتدەکاتەوەو لێرەوە ناشێ ئەو قسەکەرە بێت لەدایەلۆگێکدا کە فیکرەی چاککردنی ستەمکاری لەسەر زمانی ئەوەوە بخرێتە روو. بەڵام ئایا سایمۆندیس حەکیمە؟ دواجار بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە دەگەرێینەوە. خاڵێك کە جەوهەرییە ئەوەیە کە پەیامی ئەم دایەلۆگە ئاڵۆزەو ناتوانین کورتی بکەینەوە بۆیەك رەهەندو لەوە بەولاتریشەوە ئێمە ناتوانین بڵێین مەبەستو نیازی خودی زینۆفۆن لەم دایەلۆگەدا ئا ئەمەیە، بۆ نمونە، ناتوانین بڵێین زینۆفۆن دژی ستەمکاری نەبوە، یاخود بڵێین سایمۆندیس زمانحاڵی زینۆفۆنە لەم دایەلۆگەدا، ناتوانین بڵێین فیکرەی هونەری ستەمکاری فیکرەی خودی زینۆفۆنە، لەلایەکی دیکەشەوە ناتوانین ئەم ئەگەرە بەتەواوی لەیادبکەین و تووڕی هەڵبدەینە ئەولاوە. هەر لەبەر ئەم ئاڵۆزیو سەنگینی فیکرەی هونەری ستەمکارییە کە زینۆفۆن ناوی خۆی ناهێنێت. لە دایەلۆگەکانی تریدا، زینۆفۆن یا بەناوی خۆیەوە

قسەدەکات وەکو لەدایەلۆگی "ڕێگاکانو هۆکارەکان Ways and Means" دا دەبینین، یاخود ناوی خۆی دەهێنێت، جگە لەدایەلۆگی ئیکۆنۆمیکوس کە سەبارەت بە چۆنێتی بەڕێوەبردنی کاروباری ناوماڵە، واتە ئابوری. ئێمە وای دەبینین هۆی ناو نەهێنانی خۆی، بەئیحتمالی زۆر دەگەڕێتەوە بۆ خستنەڕووی. فیکرەی "هونەری ستەمکاری"، واتە سەیکردنی چاککردنی ئەو سیستەمە وەکو هونەرێك لەپاڵ هونەرەکانی دیکەدا وەکو هونەری فەرمانڕەوایەتی کردن کە دایەلۆگی "پەروەردەی کوروش" لەو هونەرە دەدوێ. هۆی ناونەهێنانی نوسەر لەم دایەلۆگەدا وەکو گوتمان لەسەنگینی خودی فیکرەی چاککردنی ستەمکاری دایە وەکو فیکرەیەکی نا ـ سوگراتی. هەر لێرەشەوەیە دەتوانین کلیلی ئەو نهێنییەمان دەست بکەوێ کە بۆچی لەجیاتی سوکرات زینۆفۆن سایمۆندیسی شاعیر هەڵدەبژێرێ وەکو کاراکتەرێکی ئەم دایەلۆگە، سوکراتی فەیلەسوف وانەی هونەری فەرمانڕەوایەتی کردن، هونەری سیاسەت دەڵێتەوەو سایمۆندیسی شاعیریش ئەو هونەرە پێشنیار دەکا کە لەڕووی پلەوپایەوە هونەرێکی نزمترە لەهونەری سیاسەت کە بریتییە لەهونەری ستەمکاری، واتە هونەرِی چاککردنی سیستەمێك بێ گۆڕانی جەوهەری، قبوڵکردنی سیستەمێك دوای هەندێ ئاڵو گۆڕو گۆڕان. سوکرات لەدایەلۆگی "Oeconomicus"دا کە دایەلۆگێکە لەنێوان سوکراتو ئەسینایییەکی تردا لەمەڕ کاروباری ئابورییەوە، قسە لەهونەرێك دەکا بەناوی هونەری شاهەنشاهی (Royal art) ئەویش هونەری بەڕێوەبردنی ناوماڵ (ئابوری)و هونەری بەڕێوەبردنی کاروباری شارە. لێرەدا سوکرات قسە لەدیسپلینکردنی ئارەزوەکان دەکاو لەگوتنەوەی ئەم هونەردا سوکرات هیچ نیازێکی شەخسی نییەو تەنیا چاوی لەبەرژەوەندی گشتیو مەدەنی بڕیوە. بەڵام سایمۆندیسی شاعیر قسە لەهونەرێکی دیکە دەکا کە لەڕووی ئەخلاقییەوە بەپلە دوو دێتو قسەیەکیش لەدیسپلینکردنی ئارەزوەکان لەئارادا نییە. تۆ بڵێی هەر ئەمە جیاوازی فەیلەسوفو شاعیر، فەلسەفەو شیعر نەبێت، یەکێکیان باس لەدیسپلینکردنی ئارەزوەکان لەلایەن عەقڵەوەو جڵەو خۆشکردن تەنیا بۆ عەقڵو ئەوی دیکەیان رەهاکردنی ئارەزوەکان؟

دایەلۆگی "هیرۆ یا تیرانیکۆس" بەم شێوەیە دەست پێدەکا "سایمۆندیسی شاعیر جارێك لەجاران هات بۆلای هیرۆی ستەمکار. دوای ئەوەی هەردوکیان حەوانەوە.." سایمۆندیسی شاعیر لەبارەگای هیرۆی ستەمکاردایەو لەسەر سفرەی ستەمکار. عیبارەتی "دوای ئەوەی حەوانەوە" دەمانتوانی بەم شێوەیەش تەرجومەی بکەین "دوای ئەوەی کەیفو خۆشیانکردو خواردیانو خواردیانەوە.."

ئەوەی گرنگە سەرنجی بدەین ئەوەیە کە شاعیر لەسەر سفرەی ستەمکارەو نانی ستەمکار دەخواو هەر لەوێدایە کە دەحەوێتەوە، بوونی ئەو لەمەجلیسی ستەمکاردا کۆمەڵێك دەلالەتی خۆی هەیەو لەهەمان کاتیشدا سنور بۆ ئەو شتانە دادەنێت کە دەیانلێت یاخود ئەوشتانەی دەیانلێت بەهۆی بوونییەوە لەسەر سفرەی ستەمکار مەجرایەکی دیکە بەخۆوە دەبینن. گەر ئەم گفتوگۆیە، بۆ نمونە، لەئاگۆرادا، واتە بازاڕ یا فەزای گشتیدا ئەنجام بدرایە مەجرای قسەکان شێوەی دیکەیان بەخۆوە دەگرت گفتوگۆکە ئازادانەتر دەبوو، بەڵام لەسەر سفرەی ستەمکار ئەمە خۆی مانایەکی دیکەو دەلالەتێکی دیکەی هەیە. دوای خوێندنەوەی دایەلۆگەکە بۆمان دەردەکەوێت کە ئەوە سایمۆندیسە ئامۆژگاری ستەمکار دەکاو پێشنیاری چاککردنی رژێمەکەی دەکا، بەواتایەکی دی هیرۆی ستەمکار راوێژی بەسایمۆندیسی ژیرنەکردوە، هیرۆ رۆژێك بەخەیاڵیدا نەهاتوە کە ستەمکاری پێویستی بەچاککردنەو لێرەوە پێویستە ئەو راوێژ بە کەسێکی ژیری وەکو سایمۆندیسی شاعیر بکا، ئەوە سایمۆندیسی شاعیرە هاتوە بۆلای هیرۆو خۆبەخشانە لەهونەری ستەمکاری دەدوێ. گرنگی ئەم خاڵە لەوەدایە کە هیرۆ دواجار بۆ چوونی هەرچیەك بێت بەرانبەر بەستەمکاری ئەوە ئاشکرایە کە وێڵی رێگایەك یا شێوازێك نییە تاکو سیستەمەکەی چاك بکاو هەر بۆیەشە ئەو نەیناردوە بەدوای حەکیمێکدا یا نەچۆتە لای حەکیمێك تا راوێژی پێ بکا، بەڵکو ئەوە شاعیرە وا لەبارەگای ستەمکارداو هەر شاعیریشە، بەزمانی سەربازی قسان بکەین، سەرقاڵی دارشتنی ستراتیژیەتێکە بۆ نەك خەفەکردنی ستەمکاری بەڵکو چاککردنی ئەو سیستەمە. وێڕای ئەوەش کە ئەو لەبارەگای ستەمکاردایە، لەکۆمەڵێ شوێنی ئەم تێکستەدا هەست بەوە دەکەین کە هیرۆی ستەمکار گومان لەهەڵوێستی سایمۆندیس دەکا، تۆ بڵێی سایمۆندیس ئەجێندایەکی تری نەبێت لەودیو راوێژەکانیەوە؟ یاخود ئەمە سەرەتای دارشتنی تەقلیدێکە، تەقلیدی هەبوونی راوێژکار لەلایەن فەرمانڕەواوە، دارشتنی پەیوەندیەکە لەنێوان فەرمانڕەواو داڕێژەرانی ستراتیژیەت، دیسکۆرس (گوتار) هەر لەسۆفستائیەکانی یۆنانی کۆنەوە تاکو "رۆشنبیران"ی ئەمڕۆ لەژێر پەردەی شارەزایاندا؟

سایمۆندیس گفتوگۆکە بەپرسیارێك دەکاتەوەو بابەتی شوێنی گفتوگۆ سەرەتا بەراوردکردنی ژیانی ستەمکارو ژیانی کەسێکی تایبەتە واتە کەسێك لەدەرەوەی سیاسەتو کاروباری مەدەنی،و پرسیارەکەش ئەمەیە کە کامەیان، ژیانی ستەمکارانە یا ژیانی تایبەتی، زیاتر شوێنی ئاواتخواستنە؟ بەڵام بابزانین سروشتی ئەم پرسیارە چییە؟ پرسیارەکە سەبارەت بەدوو جۆر شێوازی ژیانەو بەرمەبنای

داوپێنگێکی ئیستاتیکی (جوانناسی)یە لەوەدا کە قسە لە "چێژ"و "ئازار"دەکا، دیارە چێژو ئازاری ژیانی ستەمکاری یاخود ژیانی کەسی تایبەت. سایمۆندیس ناپرسێ کە کامە ژیان راسترە، لەحەقیقەتەوە نزیکترە، چاکترە بۆ جڤات، بۆ شار، کامەیان سیاسیانەترە، مەدەنیانەترە، بگرە جڤات لەدەروەی لەبەرچاوگرتنەکانە، پرسیار لەچێژو ئازاری شێوازێکی تایبەتی ژیانە، کامەیان لەو دووجۆر شێوازە ژیانە چێژبەخشترە یا ئازاری زۆرترە ژیانێکی ستەمکارانەی کە ستەمکاردەژی یا ژیانی کەسێکی تایبەت. هیرۆی ستەمکار لەپرسیارەکەی سایمۆندیس سەری سوڕ دەمێنێ، هۆکەی ئەوەیە کەسایمۆندیس لێرەدا بەحەکیم ناوی هاتوە، ئایا هۆی چییە کە نازانێ ژیانی ستەمکار ژیانێکی کلۆڵانەیە، هەر ئەمەشە وادەکا لەناواخنی ئەم تێکستەداو لەهەڵوێستی هیرۆوە ئێمە لەوە بگەین کە هیرۆ بەگومانە لەهەڵوێستی سایمۆندیس، ئاخر چۆن بەگومان نەبێت کە لەلایەکەوە ئەو راستییە نابینێت کە ستەمکار بەختەوەر نییەو لەلایەکی دیکەوە لەکێشەی ستەمکاریدا لەژیانی ستەمکارو چۆنێتی ئەو ژیانەوە دەست پێدەکات، کەواتە یاسایمۆندیس ژیر نییە یاخود مەرامێکی هەیە کە بەلانی کەمەوە لەدایەلۆگەکەدا مەرامەکانی دیکەی سایمۆندیس شاراوەبن ئەو مەرامە ئاشکرایە کە سایمۆندیس گەرەکیەتی وانەیەك بە هیرۆی ستەمکار بڵێتەوە لەمەڕ هونەری ستەمکارییەوە. رەنگە وەك شاعیرێك بیەوێ وەڵامی چاکەیەکی هیرۆ بداتەوە بەگوتنەوەی وانەیەك لەمەڕ چاککردنی ستەمکارییەوە، لەمەڕ چۆنێتی حوکمکردنەوە وەك ستەمکارێك بەڵام ئەمجارە وەك ستەمکارێکی خۆشویستراو. بەڵام سایمۆندیس واگفتوگۆکە دەست پێدەکا وەکو ئەوەی کە ئەوکەسەی دەبێت فێربێت خودی سایمۆندیسە نەك هیرۆ واتە سایمۆندیس دەیەوێت لەهیرۆوە فێربێت، هەرئەمەشە ئایرۆ نییە کە (موفارەقەکە)، واتە حەکیمێك کە مەبەستیەتی وانەیەك بەستەمکارێك بڵێتەوە داوا لەستەمکار دەکا تاکو جیاوازی نێوان دوو جۆر ژیانی بۆ دیاری بکا، بەواتایەکی دی مەبەستیەتی لێوەی فێربێت.

سایمۆندیس لەسەرەتادا لەو بۆچوونەوە دەست پێدەکا کە پێی وایە ژیانی ستەمکاری باڵاترو چێژ بەخشترە، ئەمەش بۆچوونی زۆربەی خەڵکییە، بەڵام دیارە بۆچونێکی حەکیمانە نییەو بەدوورە لەحیکمەتەوە، جا ئەمە تاکتیکە یاخود بەڕاستی سایمۆندیس رای وایە ئەمە پرسیارێکی دیکەیە. گەر بڵێین سایمۆندیس رای وایە کە ژیانی ستەمکاری چێژبەخشترە ئەوا ئەو لەحەکیم بوون دەکەوێ، پێدەچێ شێوازێك بێت تا لەرێگەوەی هیرۆ هانبدا قسان بکاو دواجار مەرامە سەرەکیەکەی کە گوتنەوەی وانەی هونەری ستەمکارییە بەیان بکا. لەهەموو حاڵەتەکاندا

سایمۆندیس کارێك دەکا کە هیرۆ قسان بکاو ئەو بۆچوونەی زۆر بە (کۆمەڵانی خەڵك) رەت بکاتەوە، سایمۆندیس هیرۆ ناچار دەکا هەموو کەموکورپییەکانی ستەمکاریو ژیانی ستەمکار بخاتە روو. بەلانی کەمەوە لێرەدا ژیرێتی سایمۆندیس بەدیار دەکەوێ. وەکو گوتمان هەقمانە بەگومان بین لەحەکیم بوونی سایمۆندیس، بەڵام بەمانایەکی دیکەی ژیرێتی، واتە زۆرزان، سایمۆندیس ژیرە. سایمۆندیس لەپێستی جاهیلێکدا خۆی دەشارێتەوەو لەرێگای خستنەرووی ئەو بۆ چوونەی عەوامەوە کە دەڵێت ژیانی ستەمکار باڵادەستترە هیرۆ ناچاردەکا سروشتی ستەمکاری یەکالابکاتەوە.

هیرۆ لەکاتی خستنەرووی راستی ژیانی ستەمکاردا هەر لەسەرەتاوە پێ بزانێ یا نەء کێشەیەکی فەلسەفیمان بۆ یەکلایی دەکاتەوە ئەویش رۆڵی هەستەکان لەکەشفکردنی حەقیقەتدا. کاتێك کە سایمۆندیس باس لەهەستەکان دەکا وەکو بینین، بیستن، بۆ نکردنو هتد، و دەڵێت "چێژ لای ستەمکار چەندین جار رێژەی زیاد دەبێت لەرێگای هەریەك لەو هۆکارانەوەی کە ئامارەمان پێدان، هەروەها ستەمکار خاوەنی ئەوشتانەیە کە کەمتر ئازار بەخشن"، سایمۆندیس لەرووکەشدا باس لەهەستەکان دەکا وەکو هۆکارێك کەلای ستەمکار مایەی هێنانی بەختەوەرین، بەڵام لەجەوهەردا کێشەیەکی دیکەی فەلسەفی فرە رەهەند دەخرێتەروو ئەویش پەیوەندی هەستەکانو بەختەوەری، رۆڵی هەستەکان لەکەشفکردنی حەقیقەتداو..هتد. هیرۆ دوو رەهەندی ئەو کێشەیەمان بۆ یەکلایی دەکاتەوە، یەکەم ئەوەی کە هەستەکان وەکو هۆکارێك لەژیانی ستەمکاردا مایەی هێنانی بەختەوەری زیاترنین ئەمەش لەبەرئەو کۆمەڵە هۆیانەی کەباسیان دەکاو هەرهەموو پەیوەندیان بەسیستەمی ستەمکاریو جێو مەقامی ستەمکارەوە هەیە، و دووهەم نیشاندانی ئەو راستییەی کە هەستەکان ناشێت پشتیان پێ ببەستین بۆ زانینی جەوهەری ستەمکاری، حەقیقەتی ستەمکاری شتێکەو هەستەکانیش وێنەیەکی دیکەمان دەربارەی ستەمکاری لادروست دەکەن کە شتێکی تەواو جیاوازە. ئەمەش ئەو کێشە ئیبستیمۆلۆژییەیە کە فەلسەفە لەمێژووی خۆیدا دەستو پەنجەی لەتەکدا نەرم کردوە. هیرۆ نەك ئەرگومێنتەکەی، وێنەکەی سایمۆندیس یا زۆربە هەڵدەوەشێنێتەوە لەپەیوەندیدا بەرۆڵی هەستەکانو ژیانی ستەمکارەوە، بەڵکو بەپەنهانی بەسایمۆندیسیش دەڵێ کە ئەو وێنە رووکەشەی هەستەکان لەمەڕ ستەمکارییەوە دەیکێشن وێنەیەکی دروست نییەو بەدوورە لەحەقیقەتی ستەمکارییەوە. (دواجار دەگەڕێینەوە سەرکێشەی هەستەکان).

هیرۆ لەکاتی خستنەرووی راستی ژیانی ستەمکاردا باس لەترسی ستەمکار دەکا لەپیاوی دلێرو عادلو ژیر (بەشی پێنجەم، ١و٢). ستەمکار لەپیاوی دلێر دەترسێ

چونکی پیاوی دلێرو جوامێر ریسك بەژیانییەوە دەکا لەپێناو ئازادیداو کۆیلایەتی قبولْ ناکاو ئنجا کۆنترۆڵیش ناکردرێت. ستەمکار لەپیاوی عادل دەترسیٚ چونکی وەکو هیرۆ دەڵیٚ رەنگە خەڵکی یا زۆربە هۆشیار ببنەوەو بیر لەوەبکەنەوە کە چاکترە لەلایەن کەسی عادلەوە فەرمانڕەوایەتی بکردرێن، واتە لەهەردوو حاڵەتەکەدا ستەمکار لەکاراکتەرو خاسیەتەکانی ئەو دوو تایپە دەترسیٚ، تایپی دلێرو تایپی عادل، دلێریو عەدالەت، کە ئەم قسەیەی هیرۆ جەوهەری ستەمکاری دەردەخا کە رژێمێکە دژ بەئازادیو دژ بەعەدالەتو رژێمێکە ئەوکەسە بەدوژمنی خۆی دەزانیٚ کەباس لەئازادیو عەدالەت بکاو رژێمێکیشە لەدواجاردا لەسەر دەستی عەدالەتخوازو ئازادیخوازەکاندا کۆتایی پیٚ دێت، گەر کۆتایی پێبێت، رژێمێکە نەك ترس تێیدا فەرمانڕەوایە بەڵکو ترسنۆك بەرهەمدەهێنیٚ. لێرەوە ترسی هیرۆ لەکەسانی دلێرو عادل ترسی ستەمکارێك نییە بەڵکو ترسی ستەمکارییە لەعەدلو ئازادیخوازی. بەڵام ئەی ترس لەحەکیم یا حیکمەت (Wisdom) لەم ڕەوتەدا چ مانایەکی هەیە؟ بیٚ ئەوەی بچینە پێچ پێچەکانی ئەم کێشەیەوە دەتوانین بڵێین کە ترسی گەورەی هیرۆ لەحیکمەت ئەوەیە کە حیکمەت خۆی دەستەڵاتێکە سنور بۆ دەستەڵاتی ستەمکار دادەنیٚ. حیکمەت، هەرچی پەیوەندی بەفەرمانڕەوایەتی کردنەوە هەبێت، کۆمەڵیٚ پرنسیپە (Principles) کە لەناواخنیدا هەم دلێری لەخۆدەگریٚو هەم دژایەتیکردنی کۆیلایەتیو هەم عەدالەت لەخۆدەگریٚ، بگرە عەدالەت جەوهەری حیکمەتە، لێرەوە حیکمەت هەڕەشەیەکی گەورەیە بۆ سەر ستەمکاری. ئێمە لێرەدا لەگەڵ تەفسیری پرۆفیسۆر شتراوسدا یەك ناگرینەوە کە لەلێدوانیدا لەسەر ئەم دایەلۆگە عەدالەتو دلێری لێك جیادەکاتەوە، بەڕای ئێمە حیکمەتێك بوونی نییە بیٚ دلێریو بیٚ هەستی عەدالەت، هەر ئەمەشە بۆچوونی ئەرستۆ لەکتێبی "ئەخلاقی نیکۆماخی"دا. بەدگومانی بەرانبەر بەحەکیمو حیکمەت چ لەلایەن ستەمکارانەوەبێت یا خەڵکی عەوام لەڕاستیدا قسە لەخاڵێکی گرنگ دەکا ئەویش ئەوەی کەحیکمەت خۆی جۆرێکە لەدەستەڵات، مەبەستو نیازی مەعریفەیە، مەقامێکە، حاڵەتێکە کە بۆ هەموو کەس نییەو گەیشتن پێی ئاسان نییە،و نیازو مەراهیش لەحیکمەت خودی حەقیقەتەو هەر لێرەشەوە چ حیکمەتو چ حەکیم دەبنە شوێنی گومان لەلایەن ستەمکارانو بازاڕییەکانەوە شایانی لێتێگەیشتنە کە دەبینین ترسی گەورەی هیرۆ لەئینسانی حەکیمە، نەك لەبەرئەوەی کە حەکیم بیەویٚ جێی ستەمکار بگرێتەوە، نەك لەبەرئەوەی وەك کەسی دلێر ریسك بەژیانییەوە بکا لەپێناو ئازادیدا، بەڵکو بوونی حەکیمو حیکمەت خۆی دانانی پرسیارە لەبەردەم ستەمکاریدا، داوپێنگەکانی ئینسانی حەکیم جیاوازنو بەهیچ شێوەیەك شوێنێك بۆ سازش لەگەڵ ستەمکاری

ناهێڵنەوە. لای ستەمکار نیازو مەرامی کەسی دلێرو کەسی عادل ئاشکرایە بەڵام نیازو مەرامی کەسی حەکیم ئاشکرا نییە ئەوەندە نەبێت کەستەمکاری لەلایەن حیکمەتەوە شایانی قبوڵکردن نییە. لێرەدا شوێنی خۆیەتی جارێکی دی گومان بکەین لەوەی کە سایمۆندیس بەڕاستی حەکیمە، چونکی هەر لەسەرەتاوە وا دەدوێ وەك ئەوەی ئەو بۆچونەی قبولْ بێت کە ژیانی ستەمکاری شوێنی ئاواتخواستنە. لێرەدا هیرۆ هەقیقەتی گومان لەسایمۆندیس بکاو ئێمەش هەقمانە بپرسین ئەمە چ جۆرە حیکمەتێکە؟ شتراوس لەم رەوتەدا باس لەدووجۆر حیکمەت دەکاو ناونانی حیکمەتی سایمۆندیسیش جێدەهێڵێ بۆ ئێمە، حیکمەتی سۆفستائیو حیکمەتی ناسۆفستائی کە دەشێ ناوی بنێین حیکمەتی سوکراتی[٤]. ئینسانی حەکیم، بەقەولی شتراوس، "جەنتڵمانەو سۆفستائیش کۆیلەیەو بازاڕی". ئێمە وای دەبینین کە ئینسانی حەکیم ئینسانێکی جەنتڵمانە نەك مل نانێت بۆ ستەمکاری بەڵکو تاکە سامو هەیبەتێکە کە ستەمکاری لەبەردەمیدا بسڵەمێتەوە، سۆفستائیش ئەو کەسە بازاڕییە کە نەك بەتەنیا مل بۆ ستەمکاری دەنێ بەڵکو بەهانە بۆ ستەمکاری دەهێنێتەوەو لەتەك هەموو رژێمەکاندا هەڵدەکا. جەنتڵمان خاوەنی پرنسیپە، سۆفستائی نەك پرەنسیپی نییە بەڵکو بانگەشە بۆ کەیاس (ئاژاوە)و بەزمانی مۆدێرن "فەوزەویەت" دەکاو مشەخۆرێکە لەسەر کەیاس دەژیو هەمووشت لای ئەو دەڕوا جگە لە حەقیقەت.

ترسی هیرۆی ستەمکار لەحیکمەت لەراستیدا لەوێدایە کە ئەو لەحیکمەت تێناگا، حیکمەت لای ئەو موعەمایە، ئەو لەدلێریو ئینسانی دلێر تێدەگا، ئەو لەنیازی ئینسانی عادلو لەعەدالەت تێدەگا، تێدەگا کە عەدالەت پێچەوانەی ستەمکارییە، بەڵام چونکی ئەزموونی حیکمەتی نییە لەحیکمەت تێناگاو هەرلێرەشەوە حیکمەت مەترسییە گەورەکەیە بۆ سەرخۆی وەك ستەمکارێكو بۆ سەر رژێمەکەی کە ستەمکارییە. هەموو شتێکی نادیار شوێنی مەترسییە، بەڵام حیکمەت تەنیا شتێکی نادیار نییە کە رەنگە رۆژێك بەدیار بکەوێ، بۆ هەمیشە حیکمەت بۆ بازاڕییەکانو شاعیرەکانو ستەمکارەکان ئەو موعەمایەیە کەشوێنی مەترسییە، چونکی لەگەلْ دەرکەوتنی یەکەم پریشکی حیکمەتدا بازاڕییەکانو شاعیرەکانو ستەمکارەکان بەشەوارە دەکەون. رەنگە بشێ رای جیاوازمان هەبێت بەرانبەر بەژیرێتی سایمۆندیس، بەڵام دەشێت هەموو لەسەر ئەو خاڵە کۆك بین کە سایمۆندیس بەژیرێتی خۆی هیرۆ ناچار دەکا کە کەمو کورپیەکانی ستەمکاری بدرکێنێو تاڵترین راستی دەرك پێ بکا ئەویش ئەوەی "شارەکان بەڕێزەوە لەبکوژانی ستەمکارەکان دەڕوانن".

لەبەشی یەکەمدا سایمۆندیس ئاماژدە بەهەشت جۆر لەچێژو ئازاردەکا کە ڕەنگە وابکەن ستەمکاری شوێنی ئاواتخواستن بێت، لەوانە بینین، دەنگەکان، سێکس و هتد.. هیرۆش یەك بەیەکی ئەو ئەرگومێنتانە پووچەڵ دەکاتەوەو هەرچی پەیوەندیشی بەسێکسەوە هەبێت (لێرەدا قسە لەسەر پرنسیپی چێژە) ئەو رای وایە کە ستەمکارەکان لەم ڕوەشەوە لەمەوقعێکی خراپدا خۆیان دەبیننەوە چونکی ستەمکارەکان بیّ بەشن لەعەشق. تائێرە دایەلۆگەکە لەدەوری دوو بۆچوون دەسوڕێتەوە، یەکێکیان کە سایمۆندیس دەریدەبڕیّو بۆ چوونێکی بازاڕییەو وا لەستەمکاریو هۆکانی ستەمکاری دەڕوانیّ کە چێژە بەدەنییەکان، لەوانە سێکس، ئەو هۆیانەن لەپشت، ستەمکارییەوە، دووەمیان بۆچوونی هیرۆیە کە بەپێی ئەرگومێنت خاڵ بەخاڵی بۆچوونی یەکەم بەتاڵ دەکاتەوەو بۆچوونێکە دەڵێ: ستەمکار دابڕاوە لەهەمووشتی چاکو بەچێژ، چێژی جەنگ، مانای قوڵی هاوڕێیەتی، بڕوا، وڵات، هامشۆکردنی پیاو چاکان، نەبوونی عەشق، لەجیاتی ئەوە لەترسێکی هەمیشەییدا دەژی، ناچارە تاوان لەسەر تاوان ئەنجام بدا تاکو دەستەڵاتی بپارێزیّو گەر کوژراش خەڵکی ڕێزێکی زۆر بۆ بکوژەکەی دادەنێن، گرنگ ئەوەیە کە ئەمە ستەمکارەو لەجەوهەری ستەمکارانەی ڕژێمەکەی دەدویّ تائێرە تاکتیکی سایمۆندیس بەچاکی ئیشی کردوە، بەمانایەکی دی، ئەو خاڵەی کە سایمۆندیس چاوی لێبڕیوە ئەوەیە کە ژیانی ستەمکاری دەبێتە مایەی بەدەست هێنانی دەستەڵاتو سامان، بەڵام لەچێژە بەدەنیەکانەوە دەست پێدەکا تاکو هیرۆ ناچار بکا ئەو بەڕەتکردنەوەی ئەو بۆچوونە هەڵبستیّو ئیدی ئەوەی دەمێنێتەوە بیستنی هۆ سەرەکییەکانن یا پاڵنەرە سەرەکیەکانی کە لەپشت ستەمکارییەوە بونیان هەیە. ئەگەر چێژە بەدەنیەکان پاڵنەر نەبن لەودیو کەڵکەڵەی ستەمکاریەوە، ئەی پاڵنەری سەرەکی چییە؟ سایمۆندیس دوای بێدەنگییەك کە خۆی لەم تێکستەدا بێدەنگییەکە زۆرتر لەهەر ڕستەیەك یاگوزارەیەکی دیکە دەدویّ، ئایدیایەکی دیکە دەخاتە ڕوو بۆ تاقیکردنەوە ئەویش ئایدیای (honor)ە، شەرەفو ڕێزو ناوو ناوبانگ، واتە ئەو چێژەی کە ڕێز بۆ دانانو ناو و ناوبانگو شەرەف دەیبەخشیّ وەکو پاڵنەرێك بۆ بوون بەستەمکار. سایمۆندیس پێی وایە کە هیچ چێژێك نییە باڵاتر لەچێژی بەدەستهێنانی ڕێزو شەرەفو جیّو مەقامو ناوبانگ. تەنیا ئەم چێژە ئینسانییە کە دەتوانێت نزیك بێتەوە لە خودایەتیەوە (Divinty)، ستەمکارەکان شوێنی شکۆو ڕێزدانانن لەهەر کەسێکی دیکە زیاتر. لەمەزیاتر، ئەو دەڵێت ئینسان بەهۆی بوونی هەستکردن، چێژ وەرگرتن لەشەرەفو ڕێزو ناوو ناوبانگ لەئاژەڵ جیا دەکرێتەوە. با لەسەر ئەم خاڵە کەمێك بوەستین.

کۆژیف لەوتارەکەیدا (ستەمکاریو حیکمەت) لەسەر کتێبەکەی شتراوس کە دواجار لەدوو توێی کتێبێکدا چاپ دەبنەوە، ئایدیای شەرەفو ناوو ناوبانگ لەم دایەلۆگەدا دەبەستێتەوە بەهاوکێشەی سەروەرو کۆیلەوە لای هیگلْ، کە بەڕای ئێمە هەوڵێکی مانادارەو لەشوێنی خۆیدایە بەڵام ئەوەی کە ووتارەکەی (کۆژیف)ی لاواز کردوە لەلایەکەوە پێ داگرتنی کۆژیڤە لەسەر کۆتایی هاتنی مێژوو سەرهەڵدانی "دەوڵەتێکی موتەجانسسی گەردوونی" و لەلایەکی دیکەوە سادەکردنەوەی خودی فەلسەفەی هیگلْ (قسەکردن لەسەر کۆژیف کێشەیەکی دیکەیەو لێرەدا بواری درێژەدان بەم خاڵە نییە).

گەر لەدیدی هیگڵەوە بڕوانینە کێشەی شەرەفو ناوو ناوبانگ ئەوا دەبێت بڵێین ئەمە خاسیەتی هەموو ئینسانێك نییە بەڵکو خاسیەتی سەروەرەکانە (Masters)، واتە ئەوە تەنیا سەروەرە کە لەبیری شەرەفو سومعەدایەو لەپێناویدا ئامادەیە بمرێ. گەر خوێندنەوەیەکی هیگڵی بۆ گوزارەکەی سایمۆندیس بکەین ئەوا دەبێت لەفیکرەی ئارەزووەوە دەست پێ بکەینو سومعەو شەرەف وەکو ئارەزووی ئارەزووەکان سەیربکەین[٥] . بەپێی خوێندنەوەیەکی هیگڵی دەتوانین بڵێین کە ئارەزو ئەو شتەیە کە بوون دەگۆڕێ، لەحاڵەتێکی سروشتییەوە بۆ حاڵەتێکی باڵاتر، خۆی بۆ خۆی بەیاندەکا لەمەعریفەدا، واتە وەك بابەت خۆی بۆ زاتێك بەیاندەکا. لێرەوە مرۆڤ لەرێگەی ئارەزووەوە دروست دەبێت (لەبیرمان بێت ئەمە بەپێی خوێندنەوەی هیگڵی) خۆی بەیان دەکا بۆ خۆیو ئەوانی دیکە وەك "من". "من" بریتییە لەمنی ئارەزوو. ئارەزوو مرۆڤ پالْ پێوەدەنێ بۆ کردار (Action)، کرداریش خودبەخود فیکرەی (نەفیکردنەوە) یاخود وێرانکردن لەخۆ دەگرێ. تێرکردنی ئارەزوو پێویستی بەکردارەو کرداریش وێرانکردنو بیناکردنەوەیەو هەر ئەمەشە واقیعی خودێتی (subjectivity). بۆ ئەوەی خود (زات) هۆشیاری هەبێت بەناچاری دەبێت ئارەزوو چاو لەشتێکی ناسروشتی ببڕێت ئەمەش هیچ نییە جگە لە خودی ئارەزوو، واتە ئارەزوو ئاراستەی ئارەزوویەکی دیکە دەکرێتو ئەمەش لەڕێگای نەفیکردنو توانەوەی کردارەوە کە دەبێتە مایەی تێرکردنی ئەو ئارەزووە، لێرەوە منێکی دی دروست دەبێت. بەڵام مادامێك ئارەزوو لەڕێگای کردارەوە دێتە دی، کەواتە خودی "من" هیچ نییە جگە لەکردار. ئارەزووی مرۆڤ ئاراستەی ئارەزوویەکی دیکە دەکرێ، کەواتە لێرەدا قسە لەفرەیی ئارەزووەکان دەکەین، مەبەستیش لەئینسانەکانە، لێرەوە ئارەزوو ئاراستەی بەدەستهێنانی ئارەزووی ئەوانی دیکە دەکرێت، واتە بەدەستهێنانی ئارەزووی ئەوی دیکە بۆ خۆ. لەم هاوکێشەیەدا ئارەزوو کە چاو لەئارەزووی ئەوی دیکە دەبڕێت ئەمەش واتە دەست

بەسەراگرتنی ئارەزووی ئەوی دیکە، واتە بەدەستهێنانی ددان پێدانان (Recognition) یاخود بوون بەشوێنی عەشق، خۆش ویستن لەلایەن ئەوی دیکـەوە (to be desired) یاخود بەدەستهێنانی سومعەو شەرەف کە ئارەزووی ئارەزووەکانە. تەنانـەت شـتـو مەکی مـادی کـە لـەخۆیدا مانایـەکی نییـە کـە ئـارەزوو دەکـرێ بۆ ئەوەیە چونکـی ماتـەریالّی ئارەزووەکـانی دیکەیـە. ئـارەزووی ئینسـانی بـۆ ئـەوەی ببێتـە ئینسـانی دەبێت ئـارەزووە ئاژەڵییـەکان بـەجێ بهێڵێو لـەودیو ئـەو ئارەزووانـەوە ئـارەزووی ئینسان بکاو ئەمەش ریسك ئامێزە بەڵام هەر ئەم ریسکەشە بەپێی هیگڵ کە ئینسان دەکـا بەئینسـانو واقیعـی ئینسـانی لێ دروسـت دەکرێت. ئینسـان دەبێتـە ئینسـان لەرێگای ریسككردنیەوە بەژیانییەوە بۆ بەدەست هێنانی ئـارەزووی ئینسـانی، واتـە ئارەزووی ئاراستەی ئارەزوویـەکی دیکـە دەکرێـت، ئەمـەش واتـە جێگۆرکـێ کردنـی ئارەزوویەك (ماتەریالیەکان) بەئارەزوویەکی دیکە کە ئارەزووی ئەوی دیکەیە. "من" ئارەزوودەکەم کە "ئـەو"ی دیکـە ددان بـە بەهاکانی مندابنـێ، یـاخود مـن ئـارەزوو دەکەم، بێگومان ریسك بەژیانمەوە دەکەم، تا ئەوی دی لەمندا "سەرچاوەی شـکۆو دەستەڵات ببینێتەوە". لێرەوە هەموو ریسکی ئینسـانی، لـەم دیـدەوە، بریتییـە لـە بەدەست هێنانی ئەو ددان پێدانانەو قسەکردنیش لەخود هۆشیارییە، واتە قسەکردن لەسـەر ئـەو شـەرەیە لەسـەر ددان پێدانـان، شـەرێك لـەپێناو هەیبـەتو سـومعەو شەرەفدا، کە بەڕای هیگڵ بێ ئەم شەڕە تامردن لـەپێناو سومعەدا شتێك نـەدەبوو بـەناوی واقیعـی ئینسـانییەوە. ئینسـان لـەو ئـارەزووە دروسـت بـوە کـە چـاو لەبەدەستهێنانی ئـارەزووی ئـەوی دیکـە دەبڕێ. لـەم جەنگـە خوێناویـەدا یـەکێك ئامادەیی ریسك کردنی هەیەو ئارەزووی سومعەو شەرەفـو ددان پێدانـانی دەکـا لـە ئەوی دیکەو یەکێکی دی دەترسـێو ریسـك ناکـاو لـەدواجاردا مـل کـەچ دەکـاو ددان بـەجێو مـەقامو دەسـتەڵاتو هەیبـەتی ئـەوی دیکـەدا دەنێـتو دەسـت بـەرداری ئارەزووی بەدەست هێنـانی ئـارەزووی ئـەوی دیکـە دەبێـت، واتـە دەسـت بـەرداری "ددان پێدانان" دەبێتو ددان بەئەوی دیکە دادەنێتو بێ ئەوەی ددانی پێدا بـنرێ (without being recognized) ددانـنـان بەئــەوی دیکـەدا واتـە سـەیرکردنی وەکـو سەرورو کردنی خۆ بەکۆیلـە. یـەکێکیان هۆشـیارییەکی سـەربەخۆیە، واتـە واقیعـی جەوهەری لای ئەو بوونە بۆ خۆی، ئەوی دیکە هۆشـیارییەکی نـا سـەربەخۆیە (واتـە سەر بەکەسێکی دی هۆشیارییەکی دیکەیە) واتە واقیع لای ئـەو بریتییـە لـەبوون بـۆ کەسێکی دیکە کەسی یەکەم سەروەرە،و ئەمەی دوایی کۆیلەیە.

هیرۆ ئەوە بۆ سایمۆندیس روون دەکاتەوە کـە سـومعەو شـەرەفێك کـە سـتەمکار بەدەستی دەهێنێ سومعەو شەرەفێکی رەسەن نییـە چونکـی سـەرچاوەکەی ترسـە

"خزمەتێك كە بەرئەنجامی ترس بێت ناشێ بەڕێزو شەرەف لەقەڵەم بدرێت" بەڵكو جۆرێكە لە كۆیلایەتی. كەواتە كرداری كۆیلە ناتوانێ سەروەر رازی بكاو لەم حاڵەتەدا ستەمكار، گەر هیگڵیانە لەمەسەلەكە بڕوانین دەڵێین، هەر ئەمەشە تراژیدیای سەروەر، هەر ئەمەشە چارەنوسی جەنگی بەدەست هێنانی سومعەو دەستەڵاتو ئارەزووی ددان پێدانان كە لەدواجاردا سەروەر خۆی لەبەردەمدا دەبینێتەوە. بۆ ئەم حاڵەتە تراژیدییە؟

لەجەنگی سەروەرو كۆیلە بۆ بەدەست هێنانی ددان پێدانانو سومعەدا، سەروەر تەنیا كەسێك نییە كە خۆی بەسەرەوەر بزانێ بەڵكو كۆیلەش واسەیری دەكاو كۆیلەش خۆی بەكۆیلە دەزانێ (چونكی شەهامەتی ریسك كردنی بەژیانەوە نییە،و ئنجا لەچاوی سەروەریشەوە بەكۆیلە سەیر دەكری). راستە سەروەر ددان بەكەرامەتی ئینسانیدا دەنرێ بەڵام ئەم ددان پێدانانە لەلایەن كەسێكەوەیە كە ئەم، واتە سەروەر، ددان بە ئەودانانیو لەلایەن كەسێكەوەیە كە شایانی ئەوە نییە، لەمەوقیعی ئەوەدا نییە كە ددان بەكەسدا بنێو بگرە چونكی ئازاد نییە، سەروەرنییە، شەهامەتی سەروەرانەی نییە، ددان پێدانانەكەی مانایەكی نییە، هەر ئەمەشە تراژیدیای سەروەر، واتە لەدواجاردا لەلایەن كەسێكەوە بەبەڕێزو خاوەن شكۆ لەقەڵەم دەدرێ كە كۆیلەیە، هەر ئەمەشە مەغزای قسەكەی هیرۆ، هەرئەمەشە كە هیرۆ دەیەوێت بەئازارێكی زۆرەوە تەعبیری لێبكا وەك ئەوەی بڵێ "من چی بكەم لەناوو ناوبانگێك كە لەلایەن كۆیلەكانەوە بەدەستی دەهێنم". هیرۆ چاك دەزانێ كە ئەوەی خەڵكی یا رەعیەتەكەی لێی دەترسن، ئەوەی كە ستەمكاری لەسەر ترس بەندە، كرۆكی تراژیدیای ستەمكارو ستەمكارییە. ئەو چاو لەوكاتە دەبڕێ كە خەڵكی بەسەرچاوەی ئەتۆڕەتی (دەستەڵات)ی بزانن، بەڵام ئەم سەیركردنە سەرچاوەكەی ترس نەبێت، ددان پێدانان بەدەست بهێنێ بەڵام ئەم ددان پێدانانە سەرچاوەكەی ترس نەبێت، لەكەسانێكەوە نەیەت كە ترسنۆكنو لەترسی ژیانیان ئامادەن هەموو جۆرە درۆیەك بكەنو ددان پێدانانێك لەئەمانەوە مانایەكی نییە، ئەوكەسەی شەهامەتی نەبێتو بەڕێزەوە سەیری خۆی نەكاو سومعەی نەبێت ناشتوانێ بەكەسی دیكەی ببەخشێ (مەسەلە عەرەبییەكەی دەڵێ "فاقد الشیئ لایعطیه") (ئەو كەسەی شتێكی نەبێت ناتوانێ بیدا). هیرۆ ددان بەو راستییەدا دەنێ كە فەشەلی هێناوە چونكی تەنیا لەرێگەی هێزو ترسەوە، كە جەوهەری ستەمكارییە، توانیویەتی كارێك بكا خەڵكی قبوڵی بكەنو هەرچیەكیش دەیبیستێ لەستایشو پێدا هەڵدان مانایەكی نییە چونكی لەرەعیەتێكی تۆقیوو ترساو بێ شەهامەتەوە دێتەدەرێ. بەڵام ئەوەی كەهیرۆ لەیادی دەكا ئەو خاڵە جەوهەرییە كە ئەوەی ئەو باسی دەكا

کرۆکی ستەمکارییە، ستەمکاری چییە گەر کەسێك، دەستەیەك، خۆی یا خۆیان‌و دیدو بۆچوونیان‌و کردارەکانیان بەسەر زۆربەدا نەسەپێنن‌و بۆ سەرگرتنی ئەم هەوڵەش ترس‌و تۆقاندن وەك چەك بەکار نەهێنن بێ ئەوەی حیسابێك بۆ دیدو ئارەزووی زۆربە بکەن؟ ستەمکاری بریتییە لەفەرمانڕەوایەتیکردنێك بەسەر کەسانێکدا کە هیچ دەستەڵاتێکیان نییە لە هەڵبژاردنی ئەو سیستەمەدا،و جۆرە فەرمانڕەوایەتیکردنێکە بێ یاسا، یا لەدەرەوەی یاساو عەدالەت‌و تەنیا ئیرادەی ستەمکارە کە بریتییە لەکۆی یاساو دەستەڵات. کەواتە حوکم کردنێکە بەسەر رەعیەتێکدا کە لەمرۆڤ بوون کەوتوون‌و ئامادەی هەموو فەرمانێکن. مەبەستی سایمۆندیس لەفیکرەی "هونەری ستەمکاری" گۆڕینی ئەم حاڵەتەیە لەقبوڵنەکردنی ستەمکارییەوە لەلایەن خەڵکییەوە بۆ قبوڵکردنی دوای هێنانەدی چەند گۆڕانکاریەك. ستەمکاری حوکم کردنێکە لەدەرەوەی یاساو بزربوونی یاساش واتە نەبوونی ئازادی، ئازادی بوونی نییە لەغیابی یاسادا.

گەر شەرەف‌و ناوو ناوبانگ خاڵێکی جەوهەری بێت لای سایمۆندیسی شاعیر ئەوا عەشق خاڵێکی جەوهەرییە لای هیرۆی ستەمکار. هیرۆ دەیەوێت خۆش بویستریٚ‌و دادو بێدادیەتی لەوەی کەبێبەریە لەعەشق، لەخۆشەویستی لەلایەن کەسانی دیکەوە. لێرەدا زینۆفۆن خاڵێکی جەوهەری ستەمکاریمان بۆ بەیان دەکا ئەویش ئەوەی کە ستەمکارەکان تەنیا بەداگیرکردنی دەستەڵات ناوەستنەوە، بگرە داوای ئەوە دەکەن کە خۆش بویسترێن لەلایەن هەموانەوە، بەواتایەکی دی لەپشت ستەمکارییەوە ئیرۆسێك (Eros) لەکاردایە. لێرەدا زینۆفۆن‌و ئەفلاتوون یەك دەگرنەوە لەسەر ئەو خاڵەی کە ئیرۆس پاڵنەری سەرەکی ستەمکارییە. لەلایەکی دیکەشەوە جیاوازی فەیلەسوف‌و ستەمکار لێرەدا دەردەکەویٚ، هەردووك لەلایەن ئیرۆسەوە فەرمانڕەوایەتی دەکرێن، یەکێکیان لەلایەن ئیرۆس یاعەشقی حیکمەت‌و مەعریفەوە، ئەمەش کەس نییە جگە لە فەیلەسوف، ئەوی دیکە ئیرۆسێکی سیاسی واتە بەدەستهێنانی عەشقی کۆمەڵانی خەڵکی.

هیرۆ نەك لەدەستی بێ عەشقی گلەیی دەکا بەڵکو لەبێ هاوڕێیەتیش، هاوڕێیەتی راستەقینە، دادو فوغان دەکا. هاوڕێیەتی بریتییە لەخۆش ویستن‌و تەقدیرکردن‌و بڕوا پێهێنان لەلایەن دۆستێك یاچەند دۆستێکەوەو ئەمەش سەرچاوەی چێژێکی بێ سنورە. هاوڕێیەتی نەك چێژ بەخشە بەڵکو سەرچاوەی چاکیشە، دەبینین هیرۆ حەسودی بەوانە دەبا کە هاوڕێیان هەیە. هیرۆ تەنیا ئاماژدە بەو راستییە دەکا کە ستەمکار بێ هاوڕێیە چونکی لەرێگای ترس‌و ترۆرەوە حوکم دەکاو بوارێکی بۆ هاوڕێیەتی راستەقینە نەهێشتۆتەوە، ئەمەش لەبەرئەوەی هاوڕێیەتی نییە

لەدەرەوەی، یەکەم، بڕوا (trust)، دووەم، عەشق، سێیەم، ئازادی، واتە هاوڕێیەتی تەنیا لەنێوان کەسە ئازادەکاندا دێتە ئاراوە، ئەوکاتەی کەسێك بەئاگرو ئاسن حوکم بکا مانایەك بۆ دۆستایەتیو بڕواو ئازادیو متمانە نامێنێتەوە، دوای زینۆفۆن بەدوو هەزار ساڵ مۆنتسیکیۆ جارێکی دی جەغد لەسەر ئەم ڕاستییە دەکاتەوە کە لەژێر سایەی ستەمکاریدا. هاوڕێیەتی بوونی نییە.

*　*　*

با لەسەرەتایەکی تازەوە دەست پێ بکەین بۆ خوێندنەوەی ئەم تێکستە گرنگەو ئەمجارە چەمکی ئازادی خاڵی دەست پێکردن بێت، واتە بێ بەری بوونی ستەمکاری لەئازادیو بگرە ئازاد نەبوونی خودی ستەمکار کە هیرۆ جەغدی لەسەر دەکات. هیرۆ لەبەراوردکردنی ستەمکار بەکەسی تایبەتدا بە پلەی یەك دەڵێت کەستەمکار کەسێکی ئازاد نییە، ئازاد نییە لەوەی کە سەفەربکا بۆ هەر کوێیەك کە دڵی دەخوازێ، ناتوانێ گەشتو گوزاربکاو دیدەنی شوێنی جیاوازبکا بۆ بینینی دیمەنە سەر سوڕهێنەرەکانو ناتوانێ لەفیستڤاڵەکاندا بەشداری بکا لەبەرئەوەی شوێنی ئاسایشو ئەمان نییە بۆ ستەمکار کە "بچن بۆ ئەو شوێنانەی کە ئەمان تێیدا بەهێزنین..". هەروەها ستەمکار ئازاد نییە لەوەی کە خۆشی ببینێت لەبیستنی ستایشکردنی خۆی چونکی دەزانێ ئەوستایشانە پڕن لەنیفاقو هەروەها ئەوانەی کە هیچی خراپ ناڵێن دەربارەی ئەم خۆی لەڕاستیدا لەدڵی خۆیاندا هەزاران ئایدیای خراپیان لەسەر ئەم کەڵەکە کردوە. هەروەها ستەمکار ئەوە دەزانێ کە ئەوکەسانەی ستایشی دەکەن بەئیحتمالی زۆر یاموجامەلەی دەکەنو تەمەلوقی بۆدەکەن یاخود مەبەستێکی خود پەرستانە لەودیو ئەو ستایشەوە خۆی مەڵاس داوە. دووبارە لەمەڕ خواردنو خواردنەوەشەوە ئازاد نییە، بەڵکو بەڕای هیرۆ ستەمکار هیچ ئازادییەکی نییە لە لەزەت کردن لەخواردنو خواردنەوەداو لەبەر کۆمەڵێك هۆ (بڕوانە1.25-1.23). ئەو ئازاد نییە لەوەی کە جڵەوی ئارەزووەکانی بگرێتەوە ئەمەش واتە بێ ڕێزی، چۆن؟ لەبیرمان بێت کەسایمۆندیس کاتێك بەراوردی ستەمکار دەکا لەگەڵ تایپەکانی دی، بەراوردی ستەمکار ناکا لەگەڵ کەسی بازاڕی، عەوام، یا سادە، بەڵکو تایپێکی دیکە لەبەردەمیدا قووت دەکاتەوە کە تایپی پیاوی ڕاستەقینەیە (Real man). پیاوی ڕاستەقینە ئەو پیاوەیە کە ئازادە، ئازادیش لەوەدانییە کە هەرچیت بوێت بیکەیت، بەڵکو ئازادی پیاوی ڕاستەقینە وا لەزەبتکردنی نەفسو دەروونو خۆدا، واتە هەبوونی ژیانێکی موعتەدیلو هەبوونی توانای زەبتکردن، دیسپلینکردنی زات. ستەمکار ئازاد نییە چونکی خاوەنی ئەم ئیرادەیە نییە، بەڵکو توانای زەبتکردنی خۆی نییە لەهەموو ڕووەکانەوە، ئەمە جگە

لەوەی کە ئازاد نییە بەهۆی بێ بڕوایی‌و بێ هاوڕێیەتی‌و بەهۆی بڵاوکردنەوەی ئەو هەموو دوژمنایەتی‌و ترس‌و لەرزەوە لەنێو شاردا. هەروەها وەك گوتمان ستەمکار ئازاد نییە لەچێژوەرگرتن لەعەشق چونکی عەشق ئەوکاتە مانای هەیە کە لەنێوان دووکەسی ئازاددا روودەداو هەر دوولا وەك یەك عەشق بەیەکتری دەبەخشن لەبەرهیچ نا، نەدەستەڵات‌و نەسامان‌و نەجێ‌و مەقام، بەڵکو لەبەر خودی عەشق، ئەمەش مەیسەر نابێت مەگەر لەگەڵ تایپی خۆنەبێت، لەم رووەوە ستەمکار زەرەریەتی. هەروەها لەیادمان بێت کەستەمکار ئەزمونی ئەو عەشقە ناکات کە لەنێوان دڵدارەکان‌و دۆستەکاندا هەیە چونکی رەهەندێکی سەرەکی عەشق بڕواو باوەڕهێنانە بەیەکدی‌و ستەمکاریش لەم رووەوە ژیانی ئەو، ئەزموونەکانی، مەوقیعی سیاسی ئەو کورتی دەهێنێت‌و بگرە ژیانێك دەژی بەدوور لەعەشق، بۆ؟ ژیانێك دەژی بەدوور لەعەشق چونکی ئەو هەمیشە لەدڵەڕاوکێ‌و ترس‌و بێ بڕوایدا دەژی‌و ناتوانێت باوەڕ بەکەسێك بکا جا چ دەگابەوەی کە کەسێکی دی خۆش بوێت، خۆش ویستن واتە بڕوا کردن بەمەعشوق، بڕوا لەوەدا کە مەعشوق نەك نابێتە سەرچاوەی خراپی بۆ عاشق، بەڵکو سەرچاوەی هەموو دڵنیابیە کە ستەمکار لەم دڵنیاییە بێ بەشە، بەمانایەکی دی لەئەزمونی عەشق بێ بەشە. لەعەشقدا ترس لە گیانی خۆو سەلامەتی بەدەنی خۆ بوونی نییە، بەڵکو عەشق خۆ بەدەستەوەدانی مەعشوقە، بەڵام لەبیرمان بێت کە ستەمکار لەترسێکی ئەبەدیدا دەژی هەرچی پەیوەندی بەئەوانی دیکەوە هەبێت. ئەو دەزانێ کەشیاو نییە بۆ ستەمکار کە بڕوابەکەس بهێنێ کە ئەو خۆشی دەوێ، هەر ئەمەشە دۆزەخی ستەمکار، ئاخربڕوا نەهێنان بەدوژمن نەك سادەیە بەڵکو پێویستە، بڕوانەهێنان بەهەموو کەس حیکمەتە، بەڵام بڕوانەهێنان بەهیچ کەس ئائەمە دۆزەخە، جا ئەو کەسە بگرە دۆست‌و مەعشوقت بێت. کورت هێنانی ستەمکاری لەبواری عەشقدا گرنگیەکی تایبەتی هەیە چونکی پەیوەندییەکی تەنگاتەنگ هەیە لەنێوان ستەمکاری‌و عەشقدا. ستەمکاری ئەو سیستەمەیە کە لەدوورەوە ئەو خولیایە دروست دەکا لەخەڵکیدا بەرانبەر رژێمی ستەمکاری وەك ئەوەی مەیدانێك بێت بۆ بەدەست هێنانی عەشق، دەست گەیشتنی بەهەر مەعشوقێ کە دڵت بخوازێ بەهەر عیشقێ کە خولیای بیت، لەودیدەوە کە ستەمکار سەروەری مەیدانی عەشقە، ئەمە دیارە بێ ئاگا لەوەی کە ستەمکار ئەو بیابانە بەرە هووتەیە خاڵی لەعەشق. وێڕای حەقیقەتی ستەمکاری، لەناو خەڵکیدا ئەو حەماسەتە، بەڵام بەهەڵە، دروست دەبێت بۆ ستەمکاری وەکو ئەوەی ئەو سەرزەمینەبێت کە تێیدا ئارەزووە عیشقیەکان تێردەبن.

سایمۆندیس بەسادەیی مەسەلەکە روون دەکاتەوەو پێی وایە کەستەمکاری ئەوهەلو مەرجە بۆ ستەمکار دەڕەخسێنێ بۆ ئەوەی کە لەتەك جوانترین کەسدا پەیوەندی عیشقی بکا، هیرۆ لەتەك ئەم جۆرە بیرکرنەوەیەدا نییەو بەتایبەت لەتەك ئەم بەهانە هێنانەوەیەدا گیروگرفتی هەیە، هیرۆ ئەوە روون دەکاتەوە کە چۆن رەوانییە، شیاو نییە لەتەك ئافرەتێکی خۆمالّیدا زەماوەند سازبدا، بۆیە دەبێت تەنیا ئەم کێشەیە لەڕێگای زەماوەندێکەوە چارەسەر بکردرێت لەتەك ئافرەتێکی هەندەرانیدا کە خودی ستەمکارپێشتر نەیبینیوەو دەستی بەردەستی نەکەوتوە، بەواتایەکی دی هەرگیز شوێنی ئارەزووی ستەمکارنەبوە، واتە بزربوونی عەشقو ئارەزوو،و ئامادەبوونی هۆو بەهانەی دیکە لەوانە سیاسیو ئابووریو.. هتد، هەلّبژاردنی ئافرەتێکی هەندەرانی هەلّبژاردنێکە بەرمەبنای هەندێ حیساباتو لەبەرچاوگرتنی سیاسیو کۆمەلایەتی بەدوور لەعەشق، لەوانە بۆ نمونە دەولّەمەندبوونی ئافرەتی هەلّبژێردراو، واتا حیساب بۆکردنی سامان نەك هەستو عەشقی ساتەوەختی یەگتر بینینی عاشقانە، خواستنی شتێك لەدەرەوەی عەشق، خواستنی دەستەلاتو پلەوپایەی کەسی خوازراو نەك کەسی شوێن ئارەزوو و تاسە. چ کارەساتێك گەورەترە لەکارەساتی زەماوەند کردن لەتەك کەسێکدا کە نەشوێنی رەحمو نەشوێنی عیشقی ئێمەبێت؟ بەلّێ ئائەمەیە کلۆلّی ستەمکار. بەڕای سایمۆندیس، هیرۆ دەتوانێ دەستی بەشتە خۆشەکان بگاو دەتوانێ لەگەلّ جوانترین کەسدا بخەوێ، بەلام لەبەرئەوەی هیرۆ لەڕێگای ترسو تۆقاندنەوە حوکم دەکا ناتوانێ ئومێدی ئەوەی هەبێت کە عیشقی وەلام بدرێتەوە یاخود باوەڕی هەبێت بەهەر وەلامێك کە ئەوە لەعەشقەوە سەرچاوەی گرتوە. ترس هەموو متمانەیەك دەکوژێو نەبوونی متمانەش لەخۆیدا دەبێتەوە هۆی پەخش بوونەوەی ترس، بەلام ئەمجارە ترسی ستەمکار لەدەوروبەرو بەرئەنجامەکەشی مەحف بوونەوەی عەشق. دەبێت لەیادمان بێت کە ئێمە لێرەدا لە ئیرۆسێکی تایبەتی قسەدەکەین بەمانای ئارەزووی مرۆڤەکان بۆیەکتر، دەنا ستەمکاریو ستەمکار بێ بەش نین لەئیرۆس، ئەوەی لەستەمکاردا چالاکە جۆرە ئیرۆسێکی سیاسییە بەلام بەهۆی لەدەست چوونی یا کەم بوونەوەی دەستەلاتی عەقلّەوە ئیرۆسێکە دێوانەو بێ هیچ سنورێك. ئیرۆسی سیاسی کە دواجار لای ئەفلاتون دەیبینینەوە گەر ڕێنومایی بکردرێت لەلایەن عەقلّەوە بەرهەمو کرداری نەجیبانەی لێدەکەوێتەوە. شێوازی ژیانی ستەمکار بریتییە لەهەوەسو ئارەزوو بۆ هەیمەنە پەیداکردن بەسەرئەوانی دیکەدا کە لەبواری گشتیو مەدەنیدا بەستەمکاری دەشکێتەوە، لەسەر ئاستی تاکە کەسیانەی ستەمکاریش ئەو بۆشاییە رۆحیینە دروستدەکا کە عەشقی تێدانییەو ژیانی

ستەمکار دەبێتە گێژاوێکی دووبارە بوەوە لەچاندنی ترس‌و بڕوانە بوون‌و ئنجا دەست درێژی بۆسەر دونیای هەموان. هیرۆ خۆی ددان بەو راستییەدا دەنێ کە "بەزۆر شت سەندن لەدوژمن" چێژێکی زۆری پێدەداو باجی ئەم چێژەش ئەو شێوازی ژیانەیە کە ئەو دەژی‌و خاڵییە لەمتمانەو ئنجا دۆستایەتی. دۆستایەتی رەسەن تەنیا ئەو کاتە مەیسەر دەبێت کە ئینسانەکان ئازادن، بەزمانی یۆنانی کۆن قسان بکەین، تەنیا ئینسانە ئازادەکان، نەك کۆیلەکان، دەتوانن ببنە دۆست، بەڵام بەهۆی حوکم کردنییەوە لەرێگای ترس‌و زەبرو زۆرەوە، ستەمکار لەلایەکەوە بێ دۆست ترین کەسەو متمانەی بەکەس نییەو کەسیش متمانەی پێ ناکا، لەلایەکی دیکەشەوە خۆی کەسێکی ئازاد نییە. ستەمکار کۆیلەی ئیرۆسە سەر لێشێواوەکەی خۆیەتی، کۆیلەی هەوەسی دەستەڵات‌و ئارەزووی خستنەژێر رکێفی ئیرادەی کەسانی دیکەوە بۆخۆی‌و تەنیا لەبەرخاتری دەستەڵات‌و تێرکردنی ئەو هەوەسەی کە تێربوونی بۆنییەو سنورێك ناناسێت. هیرۆ بەهۆی ئەوەی کە دۆستایەتی لەناو بردوە لەنێو رەعیەتەکەیدا، خۆشی تووڕ هەڵداوەتە نێو گێژاوی نەبوونی متمانەوەو ئازادییەوە.

سایمۆندیس لەدوای بەشی هەشتەمەوە هەوڵی ئەوە لەگەڵ هیرۆدا دەدات کە رێگای نیشان بدا چۆن شێوازی حوکم کردنی کە ستەمکارییە بگۆڕێ، هەندێك گۆڕانکاری بەدی بهێنێت تاکو لەلایەن شارەوە رێزی بۆ دابنرێ (بڕوانە بەشی 8-9-10). ئەو گۆڕانکاریانە لەبوغزو کینە دژ بەستەمکار کەم دەکەنەوەو لەرێژەی ترس کەم دەکەنەوە، بەرئەنجامەکەشی چاککردنی ئەو سیستەمە دەبێت.

ئەوەی شوێنی سەرنجە ئەو خاڵەیە کە کۆمەڵێك لەئامۆژگاری‌و پێشنیارەکانی سایمۆندیس لای هەندێ بیریاری سیاسی قۆناغی مۆدێرن دووبارە دەبنەوە لەوانە ماکیاڤیللی‌و رۆسۆ، و لەسەردەمی مۆدێرندا ئەو پێشنیارانە دەبنە بەرنامەی دەوڵەتی نەتەوە بۆنمونە کاتێك کەسایمۆدیس دەڵێ پێویستە ستەمکار چەندین جۆر لەخەڵات دابەش بکا لەبوارەکانی کشتوکاڵ‌و پیشەسازی‌و بازرگانی بەمەبەستی تەشویق کردنی خەڵکی‌و دەست گرتنی بەهرە جیاوازەکان، ئەمە ئەوشتەیە کە دەوڵەتی نەتەوە پێی هەڵدەستێ چ ماکیاڤیللی‌و چ رۆسۆش ئاماژدە بەو پێشنیارە دەدەن، هەروەها کە دەڵێ لەجیاتی بەکرێ گرتنی کۆمەڵێ چەکدار ستەمکار پێویستە سوپایەکی رێك‌و پێك‌و خاوەن دیسپلین (زەبت) بهێنیتە ئاراوە، یاخود پۆلیسی دەوڵەت وەك هێزێکی هەمیشەیی بۆ پاراستنی ئیدارە (کە دەشێ بڵێین

دەوڵەت) ئەمەش ئەو شتەیە کە دەوڵەتی مۆدێرن ئەنجامی داوە، واتە دەوڵەت بەخۆیو لەشکرو سوپاو دەستگای پۆلیسەوە.

سایمۆندیس دەڵێ لەجیاتی کۆمەڵێ چەکداری بەکرێگیراو پێویستە ستەمکار بیر لەوەبکاتەوە کە دانیشتوان سەربازی بکەن وەك ئەرکێکی ئیجباری، ئەم پێشنیارانە لەدنیای مۆدێرندا بەووردی جێ بەجێ کراون، لێرەدا بپرسین ئایا دەوڵەتی مۆدێرن دەوڵەتێکی ستەمکاری چاك کراو نییە؟

سایمۆندیس پەنجە دەخاتە سەر خاڵێکی جەوهەری کە پەیوەندی بەعەشقی جەماوەرەوە هەیە، ئەویش بۆ ئەوەی فەرمانڕەوا شوێنی ڕێزو مەحەبەتی خەڵکی بێت دەبێت ستەمکار کاریان بۆ بکا (بەشی 1و 8)، ستایشیان بکا (4-8-3-8.3)، بەمانایەکی دی دەبێت خەڵکی هەست بکەن کە کەرامەتیان پارێزراوە، کە بەرئەنجامەکەی بۆ فەرمانڕەوا بریتی دەبێت لەگەڕانەوەی دەستی ڕێز بۆ خودی ئەوو ئەمجارە خەڵکی دەستی ڕێز لە ئەودەنێنو لەئەنجامیشدا شار کەشو هەوایەکی دیکە تێیدا بالادەست دەبێت. سایمۆندیس لەبەشی (14-11-13-11)دا قسە لەسوودەکانی ئامۆژگاریەکانی خۆی دەکا بۆ ستەمکار. هەموو ئەم ئامۆژگاریانە دواجار ماکیاڤیللی پێشنیاریان دەکا بۆ میر. نزیکییەکی تەواو هەیە لەنێوان ئەم دایەلۆگەی زینۆفۆنو کتێبی "میر"ی ماکیاڤیللیدا.

ماکیاڤیللی لەنێو نووسەرو بیریارە کلاسیکەکاندا زۆرتر ئاماژدە بەزینۆفۆن دەداو بەتایبەتی دایەلۆگی "هیرۆ" ئەمەش زیاتر لەکتێبەکەیدا "گووتارەکان"[٦] لە "گووتارەکان"دا ماکیاڤیللی ئاماژدە بەهیرۆ دەدا وەك ستەمکارێكو وەك نموونەی ستەمکار دەیهێنێتەوە کە هەروەك چۆن زینۆفۆن مەبەستیەتی لەو دایەلۆگەدا بیڵێ، ماکیاڤیللی پێ لەسەر ئەو خاڵەدادەگرێ کەستەمکارەکان لەخزمەتی شارو وڵاتەکانیان دانینو هیچ کات لەبیری دەوڵەمەندکردنو هێنانە کایەوەی ئاسایش دانین بۆ شار، ئەوشارەی کە ستەمکار حوکمی بکا دەستەلاتی لەنێو شارەکاندا زیاتر نابێت. ماکیاڤیللی هەروەك زینۆفۆن لەوباوەڕەدایە کەستەمکار بۆ ئەوەی حوکم بکا بەناچاری دەبێت شار، یاخود وڵات بەزمانی ئەمڕۆ، دابەش بکاو جیاوازیو تەفرەقە بخاتە نێو چڤاتەوەو لێرەوە بەرژەوەندی خود پەرستانە دەست بەسەر بەرژەوەندی مەدەنیو گشتیدا دەگرێت.

خاڵێکی دیکەی گرنگ کە هاوبەشە لەنێوان دایەلۆگی "هیرۆ.."و بۆ چوونەکانی ماکیاڤیللیدا بریتییە لەفیکرەی چاککردنی ستەمکاری، بەشێوەیەك کە پێشنیارەکانی سایمۆندیس بەشێوەی جۆراوجۆر لای ماکیاڤیللی دووبارە دەبنەوە. دووبارە کردنەوەی کۆمەڵێ ئایدیای ناو دایەلۆگی "هیرۆ" لەلایەن ماکیاڤیللییەوە

نابێت ئەوخاڵەمان لەبیربەرێتەوە کە ماکیاڤیللی بەزمانێکی نوێو لەسەردەمێکی نوێدا هەندێ خاڵی پێشنیارکراو دووبارە دەکاتەوە، لەسەرەتای سەردەمێکی نوێداو دارشتنی جیهان بینییەکی نوێ کە تێیدا جیاوازی هەیە لەنێوان ئەخلاقو سیاسەتدا، لەم دیدگا نوێیەدا سیاسەت لەحیکمەت جودا دەبێتەوە. وێڕای ئەم جیاوازییە گەورەیەش، شتراوس رای وایە کە دایەلۆگی "هیرۆ" نیشانەی خاڵێکی پەیوەندی نزیکە لەنێوان زانستی سیاسی پێش مۆدێرنو زانستی سیاسی مۆدێرندا.

هیرۆ لەبەردەم پێشنیارەکانی سایمۆندیسدا بێدەنگی هەڵدەبژێرێو ئەو شپرزەییە لای ئێمە دروست دەکا کە ئێمەنەزانین خوی ستەمکار چۆن وەك پیاوێکی خاوەن کردار (Man of action) چۆن سەیری ئەو پێشنیارانە دەکا؟ بەڵام بێدەنگی هیرۆ خۆی زۆرتر لەوە دەدوێ گەر بهاتایەو قسەی کردبا. لەیادمان بێت کە هیرۆ ستەمکارێکی هۆشیارە، ستەمکارێك نییە نەزانێ ستەمکاری چییەو ئاگادار نەبێت لەرەهەندە ترسناکەکانی ئەو سیستەمە. لێرەوە لایەنێکی بێ دەنگی هیرۆ تارادەیەك لەگومانێك دەدوێ لەبەرانبەر پێشنیارەکانی سایمۆندیس بۆ چاککردنی ستەمکاری. یاخود بەلانی کەمەوە هیرۆ دەزانێ کە ئەو پێشنیارانە ستەمکاری ناگوێزنەوە بۆ سیستەمێکی تەواو جیاواز، واتە لەجەوهەردا ستەمکاری چاك ناکرێت، ناتوانی بیگۆڕی تەنیا بەوەی کارێك بکەیت خەڵکی بەختەوەربن، ئەمەی دواییان دیموکراسیەتی مۆدێرنە، سەردەمی کۆمەڵانی خەڵکدا (Masses) ، دیموکراسیەتی مۆدێرن ستەمکارییەکە کە ئامۆژگارییەکانی سایمۆندیسی پەیڕەو کردوە خاڵ بەخاڵ.

لەلایەکی دیکەوە بێدەنگی هیرۆ لەوخاڵە جەوهەرییە دەدوێ کە پێشنیارەکانی سایمۆندیس مامەڵە لەتەك ئەو گۆڕانکارییە دەرەکیانە دەکەن کە پەیوەندیان بە خودی هیرۆوە نییە، وەك ئەوەی هیرۆ بیەوێت بڵێت دوای ئەو هەموو گۆڕانکاریانەش من وەکو زاتێکی کلۆڵ دەمێنمەوە. بێدەنگی هیرۆ لەو سەرسوڕمانە دەدوێ کەستەمکارێك هەیەتی بەرانبەر بەشاعیرێك کە ناتوانێ ستەمکاری وەکو نەخۆشییەك ببینێ بەپلەی یەك لەخودی رۆحی ستەمکاردا، بەواتایەکی دی وەکو گوتمان سایمۆندیس بەراستی سوکراتی نییە چونکی سوکرات ستەمکاری وەك نەخۆشی رۆحی دەبینێت، بەڵام نەخۆشییەك کە چارەسەری نییە مەگەر بەبڕینی هەموو ئەو خانانەی کە بیمار بوون، موبتەلا بوون بەو نەخۆشییە. لای سوکرات هەر هەوڵێك بۆ چاککردنی ستەمکاری هەوڵێکی بێهودەیە. لای سوکرات هۆی سەرەکی ستەمکاری زاڵ بوونی ئارەزووە ناپێویستەکانەو کزبوونی رۆڵی عەقڵە لەحوکم کردندا. بەپێی ئەم بۆچوونە ستەمکاری بریتییە لە "بێ یاسایی" و عەدالەتیش هاوشێوەیە لەتەك

یاساو عەقڵدا. ئایا بۆ عەدالەت ئەوە پرسیارێکی سەرەکی نیە کە یاساکان خراپ بـن یا چاك؟ ئایا سـەرچاوەی یاسـاکانو سروشـتیان جەوهـەرو سروشـتی رێکخسـتنی سیاسی، عادل بوون یا ناعادل بوونی سیستەمی سیاسی دەرناخەن؟ لەم دایەلۆگەدا مەسـەلەکە تـەمو مژاوییـە. ئـەوەی ئاشـکرایە کـە سـایمۆندیس چـاو لـەچاککردنی ستەمکاری دەبڕێو کردنی ستەمکار بە"ستەمکارێکی بەسوود". وەك ئاماژدەشمـان پێدا لێرەدا ئەم دایەلۆگە لەدایەلۆگە سوکراتیەکانی زینۆفۆن جیادەبێتـەوە، چونکـی سوکراتی زینۆفۆنی لەو دایەلۆگانەدا جەغد لەسـەر هونـەری فەرمانڕەوایـەتی کـردنو مافی فەرمانڕەوایەتی کردن دەکا، یاخود بوونـی یـەك پێودانـگ (Criterion) ئـەویش مەعریفەی حوکم کردنە نەك تـرسو فرۆفێـڵو ناعەدالـەتی، واتـە فـەرمانڕەوا دەبێت لەلایـەن مەعریفـەوە ڕێنومـایی بکردرێـتو هـەر ئەمەشـە فـەرمانڕەوا لەسـتەمکار جیادەکاتـەوە، لەلایـەکی دیکەشـەوە هـەر ئـەم خاڵـە پـەیوەندی حیکمـەتو فەرمانڕەوایەتی کردن دیاری دەکـا. لـەدواجاردا سـایمۆندیس ئامۆژگـاری هـیرۆ ناکـا تـاکو لـەنێوان فەزیڵـەت (Virtue)و چێـژدا یـەکێکیان هـەڵبژێرێ، یـاخود ببێتـە فەرمانڕەوایەکی خاوەن فەزیڵەت، بەڵکو ئامۆژگاری دەکا کە چێژەکـانی بگونجێنـێ، تەشویقی هەندێك فەزیڵەت بکاو بڕوا بەرەعیەت پەیدا بکاو کۆمەڵێ کاربکا کە بوار بۆ چێژی شەخسی خۆی بمێنێتەوە. بـەڵام ئەمـە مانـای ئـەوە ناگەیـەنێت کەسـتەمکار دەبێتە خاوەن فەزیڵەت. ستەمکار لەهەموو ئەو فەزیڵەتانە بێ بەشە کەئەفلاتوون لە "کۆمـار"دا ئاماژدەیـان پـێ دەدا، وەکـو اعتـدال، عەدالـەت، حیکمـەت، بـەزەیی، دیسپلینی خۆ (زەبت کردنی نەفس)، ڕاستگۆیی.. ..

بەندی دووەم

ستەمکاری وەك پەتای ڕۆح و شار
ستەمکار بەرجەستەبووی ئیرۆس
"تەفسیرێکی ئەفلاتوونییانە"

زاراوەی ستەمکاری:

لەیۆنانی کۆندا Tyrannos کە ووشەی Tyrantی ئینگلیزی لەوەوە سەرچاوەی گرتوە، ئەم وشەیە ئاماژەکردن بوو بۆ کەسێ کە ئەمڕۆ ئێمە ووشەی ستەمکار یا "دیکتاتۆر"ی بۆ بەکاردەهێنین. Tyrannos

واتە ستەمکارێك کە دەستەڵاتی تەواوی کاروباری سیاسی شاری بەدەستەوە گرتوەو دەستی بەسەر دەستەڵاتدا گرتوە بێ لەبەرچاوگرتنی هیچ دەستورێك، واتە وەك تەحەدایەکی یاساو دەستووری شار، بەمانایەکی دی فەرمانڕەوایەکی ناڕەوا. کاتێك مێژوونوسان قسە لەسەر "سەردەمی ستەمکارەکان" دەکەن لەیۆنانی کۆندا مەبەستیان لەو قۆناغەیە لەنێوان 650 بۆ 510ی پێش زاینی، قۆناغێك کەتێیدا شارەکانی یۆنان کەوتنە ژێر رکێفی ستەمکاریو ستەمکارانەوە، ئەم ستەمکار کۆدێتای دەکرد بەسەر ئەو ستەمکاری ترداو بەم شێوەیە ئەم قۆناغە قۆناغی ژێر پێ خستنی دەستورو یاساو قۆناغی ناڕەوایەتی بوو. لەرووی تیورییەوە ئەم قۆناغە، وێڕای لایەنە خراپیەکانی لەرووی سیاسیو کلتورییەوە، زەخیرەیەکی مێژوویی دروستکرد بۆ فەیلەسوفو بیریارو درامانووسو کۆمیدی نووسو یاسادانەرانی نەوەکانی دوایی تر تاکو لەو زەخیرەیەوە لەدیاردەی ستەمکاری بگەنو بیخەنە بەر رووناکی بیرکردنەوەو،و شەنو کەوکردنی هۆ گشتییەکانی ئەم دیاردەیە، لەوانە هۆکارە ناوخۆییەکانی سیستەمی ئەرستۆکراسی، واتە ناڕێکی ئەوسیستەمەو نالایقی ئۆرستۆکراسەکان کە لەسەدەی حەوتەمدا دەستەڵاتیان گرتەدەست. لێرەوە قۆناغی "ستەمکارەکان" وەرچەرخاندنێك بوو لەگەشەکردنی سیاسیانەی یۆناندا، چرکەساتێك کەتێیدا رێکخستنێکی کۆن هەڵدەوەشێتو رێکخستنێکی نوێ لەسەر کەلاوەی ئەو رێکخستنە کۆنەوە دادەمەزرێندرێ.

فەیلەسوفەکانی سەدەی چوارەم ووشەی "شا" یان وابەکاردەهێنا وەك ئاماژەکردنێك بۆ جۆرێکی چاکی فەرمانڕەواو وشەی Tyrant (ستەمکار)یش وەك ئاماژەکردنێك بۆ جۆرێکی خراپی فەرمانڕەوا، لەگەڵ ئەمەشدا نووسەرەکانی پێشوو بەشێوەیەك مامەڵەیان لەتەك ئەم دوو ووشەیە دەکرد وەك ئەوەی هاومانابن (synonyms). کۆنترین بەکارهێنانی ووشەی Tyrannos کە مابێتەوەو بەدەستمان گەیشتبێت بەکارهێنانەکەی ئەرخیلیۆسە کە لەچەند دێڕێکدا هاتوەو ئەمەش لەناوەڕاستی سەدەی حەوتەمدا نووسراوە،و ئنجا نووسینێکی هیپیاس Hippias کە لەسەدەی چوارەمدا نووسراوە. لەنوسینەکەی ئەرخیلیۆسدا قسەکەرەکە دەڵێ:

"من هیچ بەتەنگ سامانی گیگیسەوە Gyges نایەم، هیچ بەخیلیەك لەمندانییە، من حەسودی بەکارەکانی خوداوەندەکان نابەم، هەروەها ئارەزووی ستەمکاریەکی مەزنیش ناکەم"

دەبێت بگوترێت کە گیگیاس شای Lydia بوو لەنێوان 685 و 657ی پێش زایینیدا. لێرەوە رەنگە ووشەی تیرانۆس لە Lydiaوە هاتبێتە ناو یۆنانو لەوێشەوە بۆ زمانە ئەوروپیەکان.

ئەوەی زۆرگرنگە سەرنجی بدەین ئەو مانا ئەسڵیەیە کە وشەی تیرانۆس لە هەناویدا هەڵی گرتبوو. لەبنەڕەتدا ووشەی تیرانۆس ئاماژەکردن بوو بۆ کەسێ کە اغتصاب دەکا. کەواتە تیرانۆس (ستەمکار) ئەو کەسەیە کە اغتصابی یاسا دەکا، کەسێ کە دەستەڵاتی لەرێگای هۆکارە دەستووریەکانەوە بەدەست نەهێناوە بەڵکو اغتصابی دەستووری کردوە، لەمە زیاتریش ستەمکار ئەو کەسەیە کە اغتصابی خەڵکیو بواری مەدەنی دەکا. ئەسخیلیۆسو سۆفۆکلیس لەسەدەی پێنج هەمدا هەردوو وشەی تیرانۆسو شا (مۆنارکۆس Monarchos) یان بەیەك مانا بەکاردەهێنا وەك ئاماژدەکردن بۆ "تاکە فەرمانڕەوا". بەڵام هەرچی پەیوەندی بەمێژوو نووسی یۆنانی هیرۆدتسەوە هەیە لێرەدا دەتوانین یەك دوو سەرنج دەربڕین. لەکتێبەکەیدا "مێژووەکان" ئەو قسە لەشاکانی قوبرسو مەکدۆنو ولاتی فارسو میسر دەکا. ئەوەی شوێنی سەرنجە ئەوەیە کە جیاوازی ئەوتۆ ناخاتە نێوان ئەو زاراوانەی کە بەکاریاندەهێنێ بۆشاکانی خۆرهەلات زۆرجار "شا"و هەندێك جاری دیکە ستەمکار (Tyrannos) بەکاردەهێنێ. ئەو ستەمکارانەی کە لەکتێبەکەی هیرۆدتسدا ناویان هاتوە دەچنە ریزی سێ گروپەوە:

١ـ ئەوانەی کە بەفعلی کەسایەتیەك بوون لەجەنگەکانی فارسەکاندا، جەنگەکانی نێوان یۆنانو فارسەکاندا.

٢ـ ئەوانەی کە چالاکیەکانیان پێشینەیەکی نکۆڵی لێنەکراو دروستدەکا بۆ وەزعی هەنووکەیی. شارەکانی یۆنان لەبەشی دوایی سەدەی شەشەمدا.

٣ـ ئەوانەی کە بەڵگەکان دەخەنە روو سەبارەت بەهەر بابەتێك کە شوێنی مشتومڕ بێت.

لێرەوە ستەمکارەکان، لەهەرسێ گروپەکە، تایپێکی کەسایەتی دروست دەکەن، کەسانێك کە کاراکتەرێکی بەهێزیان هەیە، ئەوانەی کە داستانی عەجیبو غەریب دەربارەیان ئاڵو گۆڕی پێدەکرێ. دەبێت بگوترێت کە ژمارەیەکی زۆری ئەو ستەمکارانەی کە ئاماژدەیان پێکراوە لەکتێبەکەی هیرۆدتسدا ئەو فەرمانڕەوایانەی

شارەكانی یۆنانن لەئاسیای بچووك بوون كە لەلایەن فارسەكانەوە پشتگیری دەكران. بەشێوەیەكی گشتی دەتوانین پێناسەیەك گەڵاڵە بكەین لەكتێبەكەی هیرۆدتسدا دەربارەی ستەمكاری، لەدیدی ئەوەوە دەستەڵاتی تاكە كەسێك بەسەر جڤاتدا بریتییە لەستەمكاری.

مێژوو نوسێكی تری یۆنان كە لەسەر ستەمكاریو ستەمكاران دواوە بریتییە لەسیۆسیدیس Thucydides لەكتێبە گرنگەكەیدا "مێژوی جەنگی پیلوپینژیان". لەكاتی قسەكردن لەسەر مێژووی كۆنی یۆناندا سیوسیدیس ئاماژدەیەك بۆ ستەمكارەكان دەكاو دەڵێ كە لەپێش ئەو ستەمكارانەوە، شاو تەختی پادشایەتی میراتی بوون كە ئیمتیازو دەستەڵاتیان دیاریكراو بوو. ستەمكارەكان، كەواتە، ئەوانەن كە دەستەڵاتیان بەمیرات بۆ نەماوەتەوە بەڵكو دەستیان بەسەر دەستەڵاتدا گرتوەو هیچ سنورێكیش بۆ ئیمتیازو دەستەڵاتیان بوونی نیە. (١)

ستەمكار ووشەیەكی گونجاوە بۆ وەسفكردنی ئەو پیاوەی كە بەرێگای ناڕەوا دەستەڵات دەگرێتە دەست. تەنیا لەسەدەی چواردەهەمدایە كە ووشەكانی تیرانیو تیرانوس مانا مۆدێرنەكەی ئەمڕۆ دەگەیەنن، حكومەتێكی بێ یاساو توندوتیژ كە تێیدا فەرمانڕەوا فەرمانڕەوایەتی ناكا بۆ چاكەی گشتیو هیچ حیسابێك بۆ بواری مەدەنی ناكا. دەتوانین چەند تایبەتمەندیەكی رژێمە ستەمكارییەكانی یۆنان دیاری بكەین كە دواجار دەبنە مایەی گفتوگۆو بابەتی فەلسەفی فەیلەسوفەكانی یۆنان لەوانە ئەفلاتوونو ئەرستۆ. تەنیا بۆ نمونە ئاماژدە بەچەند خاڵێك بدەین.

١- رژێمی ستەمكاری یۆنان خۆی زادەی كێشمەكێشو ململانێی میلیشیایی بوو هەندێ جاریش كۆتایی بەوكێشمەكێشە میلیشیاییە دەهێناو رێكخستنێكی بۆشار دەهێناو جارێكی دی یەكگرتنێكی بۆ شار فەراهەم دەكردەوە. وەك رافایل سیلی دەڵێ "ستەمكاری بوە مایەی زیادكردنی دەستەڵاتی دەوڵەت، هەر ئەم خاڵەشە كاریگەریە درێژخایەنیەكەی ستەمكاری" (٢).

٢- بوونی رێكخستنو كۆنترۆڵكردنی ئاشوبو ناكۆكی نێوان دەستەوتاقمەكان زۆر جاران بۆتە مایەی گەشەكردنی بازرگانیو ئابوری.

٣- خاڵی سێیەم پەیوەندی بەرۆڵی ئاینەوە هەیە. ئەم خاڵە زۆرگرنگە كەسەرنجی بدەین چونكە دواجار سیستەمە ستەمكارییەكانی دوایی هەر هەموو پەیڕەو لەم سیاسەتە دەكەن. ستەمكارەكانی یۆنان تەشویقی گەشەكردنێكی سیستماتیكی دامو دەستگا ئاینیەكانیان دەكردو پشتیان پێدەبەستن بەنیازی كۆنترۆڵكردنو دامركاندنەوەی رۆحی نەیاری دانیشتوان.

٤ـ ستەمکارەکان هەمیشە لەڕێگای ترس‌و تۆقاندنەوە حوکمیان کردوە لەجیاتی یاسا. ئەوان لەڕێگای هێزە سەربازی‌و میلیشیاتەکانەوە حوکمیان کردوە، ئەم خاڵە، واتە حوکم کردن لەڕێگای ترسەوە، دەبێتە خاسیەتێکی ستەمکاری‌و پرنسیپێ کە لەڕێگەوەی دەتوانین ستەمکاری بناسینەوە، بەتایبەت لای مۆنتسیکیو.

٥ـ ئەندرۆس لەکتێبەکەیدا "ستەمکارانی یۆنان"(٣) سەرنجمان بۆخاڵێکی گرنگ رادەکێشێ ئەویش ئەوەی کە هەندێ ستەمکارەکان وا خۆیان دەبینی وەك ئەوەی کە لاسایی ستەمکاری فارسی دەکەنەوە لەوەدا کە بەفەخرەوە دەستەڵات نیشان دەدەن‌و سەرگەرمی چێژە هەستییەکان (جەستەییەکان)دەبن. ئەم خاڵە دووشتمان پێدەڵێ:

یەکەم: ستەمکاری فارسی بارگاوی بوە بەچێژو هەست‌و تێرکردنی ئارەزووەکانی ستەمکار، سیستەمێك رازاوە بەسروتی حسی‌و چێژپەرستن، دیارە بۆ ستەمکارو لەلایەن ستەمکارەوە. دواجار لای مۆنتسیکیو ئەم خاڵە جەغدی لەسەر دەکرێتەوە.

دووەم: تێگەیشتنێکی تایبەتی دەستەڵات لێرەدا خۆی بەیان دەکا ئەویش ئامانجی دەستەڵات فەراهەمکردنی حاڵەتێکە کە تێیدا چێژە حسییەکان دەبنە ئامانجی موتڵەق.

کەواتە لێرەوە دەڵێین تۆمارەکانی سەدەی حەوتەم‌و شەشەمی یۆنان ئەوەمان نیشان دەدەن کە ستەمکارەکان لەو سەردەمەدا بەدەست بەسەراگرتنی دەستەڵاتداو کۆنترۆڵی سیاسی دەستەڵات بۆ خۆیان ئەم کارە بوە مایەی لاوازبووی ئۆرستۆکراسی تەقلیدی یۆنان. لێرەوە ووشەی Tyranny دێتە ناو زمانی یۆنانییەوەو لەوێشەوە بۆزمانە ئەوروپییەکان‌و بۆ نێو قاموسی سیاسی بەهەموو ئەومانایانەی کە ئەم ووشەیە لەخۆ دەگرێ، بەد، بێ رەحمی، بەدترین جۆری حکومەت، مەرگی بواری مەدەنی، بێ یاسایی، حکومکردنی هەڕەمەکی، باڵادەست بوونی ترس‌و تۆقاندن.

هەڵەیەکی مەنهەجی‌و فیکری‌و ئنجا نیشانەی تێنەگەیشتنە لەئەفلاتوون گەر بەشێوەی گشتی‌و گشتگیری لەسەر رای ئەفلاتوون قسەبکەین، بۆ نمونە وەك ئەوەی کە بلێین رای ئەفلاتوون لەسەر ستەمکاری ئەمەیە. چونکی بەباوەڕی ئێمەو ئنجا بەباوەڕی شتراوس‌و ئالان بلۆم‌و پرۆفیسۆر نوولێش دایەلۆگەکانی ئەفلاتوون دۆکترینێك (عەقیدەیەك)و دۆگمایەك پێشکەش ناکەن بەڵکو وەك ئالان بلوم دەڵێ دایەلۆگەکان رێگا خۆش دەکەن بۆ فەلسەفاندن philosophyizing . لەبنەڕەتدا هەر دایەلۆگە وەزیفەی مامۆستایەك دەبینێ کەکارێك دەکا قوتابیەکانی بیربکەنەوە. لێرەوە تێگەیشتن لەئەفلاتوون تەنیا لەڕێگەی خودی فەلسەفاندنەوە دەبێت. ئەمە

بەومانایە نایەت کە وانەیەکی ئەفلاتوونی بوونی نییە، بەڵام ئەو وانەیە یـەك، گشـتی نییە، دوو، ئەو وانەیە پەیوەندی بەهەموو دەنگـەکانی هـەر دایەلۆگـەوە هەیـە. هـەر دایەلۆگە لەچەند دەنگێك پێکهاتوە، ئەو وانەیە لەیـەکێ لەدەنگـەکاندا نییـە بەتـەنیا بەڵکو لەهەموو دەنگەکاندایە ئنجا کە دێینە سەر هەر دایەلۆگـە نـابێت دایەلۆگـەکان تێکەڵ بکەین. بۆ نمونە گەر قسە لەسـەر رای ئـەفلاتوون بکـەین لەسـەر سـتەمکاری دەبێت بزانـین لەکامـە دایـەلۆگ قسـەدەکەین، ئێمە لـێرەدا بـاس لـەرای ئـەفلاتوون دەکەین لەسەر ستەمکاری تەنیا لەدایەلۆگی کۆماردا.

ئەفلاتوون لەدایـەلۆگی "کۆمـار: دەربـارەی "عەدالـەت"دا تـایپۆلۆجی Typology شێوە سیاسیەکانمان بۆ دەخاتە روو و پۆلێنیان دەکا بەرمەبنای ئەو تاکە کەسانەی کـە دەتوانن بەشـداریان بکـەن، واتـە بەشـداری لـە فەرمانڕەوایـەتیکردنی رژێمـی سیاسـیدا. لـەنێو ئـەم رژێمانـەدا، ئـەفلاتوون سـتەمکاری بەنەخۆشـیەکی سیاسـی، سیسـتمێکی سیاسـی کـە شوێنی بێزلێهاتنەوەیـە دەزانـێ، نـەك لەبەرئـەوەی کـە فەرمانڕەوایەتی یەك تاکە کەسە، بەڵکو لەبەرئەوەی نوێنەرایەتی ئـەو حاڵەتـە دەکـا کـە شـار کۆنـترۆڵ دەکرێو فەرمانڕەوایـەتی دەکرێ لەلایـەن نزمـترینو سـووکترین ئارەزووەکانـەوە. پێچەوانـەی سـتەمکاری، دیموکراسـی نییـە بـەڵکو شاهەنشـاهی عەقڵە، بەواتایەکی دی فەرمانڕەوایەتی عەقڵ، حوکمکردنی شار لەلایەن فەیلەسـوف - شـاوە کـە لەهەمووکـەس زیـاتر بـەتواناترەو شـایانی حوکمکردنـەو هیـچ گرنگیـەك بەدەستەڵاتی سیاسی نادا تـەنیا لەبـەرخاتری دەسـتەڵات خـۆی، لەرێگەیـەوە ئـەوە عەقڵە کە حوکم دەکاو حوکمی عەقڵیش حوکمێکی عادلانەیە.

ئـەفلاتوون واسـەیری سـتەمکاری دەکـا وەك دژە عەدالـەتو عەدالـەتیش لـەبیری ئەفلاتوندا ئەو رێکخستنە هارمۆنیەی ئەوبەشانەی شـارەکە لەکێشمەکێشـدان، ئنجـا رێکخستنێکی هارمۆنیانـەی بەشـەکانی رۆح(٤) لـێرەوە زۆریـەی ئـەو کردارانـەی کـە بەشێوەیەکی گشتی بەناعەدالـەت نـاو ریزیـان دەکـەین لای ئـەفلاتوون نیشـانەن بۆ نەخۆشیەکی قوڵتر.

هارمۆنی هەڵو مەرجە، هۆیەو ئنجا ئاکامی عەدالـەت. لەشـارێکی عـادلدا هەریـەك لەسێ چینەکەی شار، فەیلەسوف - شاکان، جەنگاوەرەکانو چینی بەرهەمهێنـەران، هەریەکە وەزیفەی خۆی جێبەجێ دەکاو بەم شـێوەیە رێکخسـتنێکی هـارمۆنی دێتـە دی. لەتاکەکەسی عادلیشـدا هەریـەك لەسـێ بەشـەکەی رۆح، بەشـی بیرکردنـەوە یـا عـەقڵ، بەشـی سـومۆس یـا Spirited جـەنگاوەر،و بەشـی ئـارەزوو خواسـتن The deseiring part، هەریەکە وەزیفەی گونجاوی تایبـەت بـەخۆی بەئـەنجام دەگەیـەنێت لەژێر رێنومایی بەدیقەی عەقڵدا.(٥) تاکە کەسی عادل:

"ڕێگە نادا کە هیچ بەشێکی ڕۆحی دەست وەربداتە کاروباری خەڵکی دیکەوە یاخود سێ بەشەکەی ڕۆحی دەست وەربدەنە کاروباری یەکترەوە، بەڵکو ماڵی خۆی باش ڕێك دەخاو خۆی حوکمی خۆی دەکا. خۆی ڕێك دەخا، دەبێتە هاوڕێی خۆیو لەبەشەکانی ڕۆحی خۆیدا هارمۆنیەك دروستدەکا، هەروەك نۆتتی هارمۆنیا، نزمترین و بەرزترین و ناوەندیترین سکیل".(٦)

میتافۆری (ئیستعارەی) تەندروستی ناوەندیترین میتافۆرە لەقسەکردنی ئەفلاتووندا لەسەر عەدالەت. لە "کۆمار"دا فەلسەفە واپێناسە دەکرێ وەك "هونەری پزیشکی ڕۆح". لەدایەلۆگی "گۆرگیاس"دا ئەفلاتوون عەدالەتو تەندروستی پێکەوە گرێ دەدا.(٧)

ئەفلاتوون لەکۆماردا پێشنیاری ئەوە دەکا کە ئینسانەکان پێویستیەکی جەوهەریان هەیە بەعەدالەت، پێشنیاری ئەوە دەکا کە شار لەسەر پێویستیەکانی ئینسانەوە دروست دەکرێت، لەوانە عەدالەت دەردەکەوێ کەپێویستیەکی جەوهەری ئێمەی ئینسانە. هەبوونی عەدالەت واتە "بەتەواوی کامڵ بوون"، واتە بەدەستهێنانی هەلومەرجی ڕاست بۆ ڕۆحی ئینسانە، واتە "هارمۆنیەکی ڕۆحانی کە بەرئەنجامی خۆ ـ کۆنترۆڵکردنە".

لەبەرامبەر ئەو وێنەیەی سەرەوەدا، ئەم وێنەیەشمان هەیە دەربارەی ستەمکاری. ستەمکاری لەیەککاتدا بریتییە لەنا ـ هارمۆنی، ناڕێکیو پەتا، هەردووك چ ستەمکارو چ شارێك کە لەلایەن ستەمکارەوە فەرمانڕەوایەتی دەکرێ بەدەست ناڕێکیو نەگونجاویو پەتاوە دەناڵێنن، چ لەبەشەکانی ڕۆحداو چ لەبەشەکان یا چینەکانی شاردا؛ لێرەوە ستەمکاری بریتییە لە "نەخۆشیەکی کوشندەی شار"، ئەوەی گرنگە سەرنجی بدەین ئەو خاڵەیە کەلای ئەفلاتوون جیاوازییەکی جەوهەری نییە لەنێوان ستەمکارو ڕەعیەتدا The subjects کەسانێك کە لەلایەن ستەمکارەوە فەرمانڕەوایەتی دەکرێن، لەبەرئەوەی ئەوە کەڵکەڵەو خواستی پیاوو ژنانە کە ڕێکخستنی سیاسیانە دێنێتە بەرهەمو لەهەمان کاتیشدا ئەو ڕێکخستنە سیاسییە ڕەنگدانەوەی ئەو کەڵکەڵانەی ئەوانە. لە "کۆمار"دا سوکرات کە باس لە ڕژێمەکان دەکا لەپەیوەندیاندا بەکاراکتەری مرۆڤەکانەوە دەڵێت:

"تۆ دەزانی، من گوتم، کە پێویستە هێندەی جۆرەکانی رژێمە سیاسییەکان جۆری کاراکتەر بوونیان هەبێت؟ یاخود تۆ لەو باوەڕەدایت کە رژێمەکان" لەداربەڕوو و بەردەکانەوە سەرهەڵدەدەن" نەك لەخواستوکەڵکەڵەی ئینسانەکانەوە لەشارەکاندا .. ..(٨)

لێرەوە دەتوانین بەو بەرئەنجامە بگەین کە هیچ تاکە کەسێکی تەندروست ناتوانێ گەشەبکاو سەر دەربهێنێ لەخاکی ستەمکارییەوە.

ئەو هەموو ناهەمواری‌و پەشێوییە سیاسییەی نێو سیستەمی ستەمکاری خۆی نیشانەی ناڕێکی‌و نەخۆشیەکی قوڵترە کە وا لەناو رۆحدا، نەك رۆحی ستەمکار بەتەنیا بەڵکو رۆحی رەعیەت‌و حەشاماتی ستەمکاریش. لەکاتێکدا کەسی عادل "دەبێتە هاورێی خۆی"، کەسی ناعادل رۆحێکی هەیە کە لەجەنگدایە لەگەڵ خۆی، رۆحێك کە بەشەکانی یەك دژی ئەوی دیکەیە، کەسی ناعادل بۆ هەمیشە دەرگیری کێشمەکێشێکی رۆحی مەدەنییە. تائێرە چەند تێبینیەکی گشتیمان خستەروو، ئێستا با سەیرێکی کتێبی ٨،٩ی کۆمار بکەین بەشێوەیەکی سیستماتیکی تر.

لەکتێبی هەشتەمی "کۆمار.."دا ئەفلاتوون ئەوەمان نیشاندەدا کە چۆن‌و بۆچی شاری ئایدیاڵ پیر دەبێت‌و سەرەو لێژدەبێتەوە،و چۆن ئەم سەرەو لێژبوونەوەیە بەچەند قۆناغێکدا تێدەپەڕێ تا دەگاتە پەتای ستەمکاری کە بریتییە لەهەڵوەشاندنەوەیەکی تەواوی شاری ئایدیاڵ. قۆناغەکانی سەرەولێژبوونەوە شایانی ناسینەوەن، شاری ئایدیاڵ سەرەتا هەنگاوێ دادەبەزێ بەرەو تیموکراسی Timocracy ، مەست بوو بەعیشقی شەرەف honour ، ئنجا هەنگاوێکی دی دادەبەزێ بەرەو ئۆلیگارشی، سەرمەست بوو بەعیشقی سامان، ئنجا بەرەو دیموکراسی حاڵ لێهاتوو بەعیشقی ئازادی، لێرەشەوە هەنگاوێکی سەرەو لێژتر بەرەو غەرق بوون لەنێو ستەمکاریدا کە هیچ نییە جگە لەحاڵەتێکی ئارەزووکردنی بێسنور.

پێش ئەوەی کەشاری بەستەمکاری کراوو ستەمکارو رۆحی ستەمکارانە تاقی بکەینەوە پێویستە سێکێچێکی شاری دیموکرات‌و پیاوی دیموکرات بکێشین. ئەم کارە پێویستە چونکی لەدوا شیکردنەوەدا ستەمکار هیچ نییە جگەلە بەرجەستەبوونی هەموو ئارەزوو ئاواتە دیموکراسیەکان، دیموکراسیش هیچ نییە جگە لەدایکی ستەمکاری.

دیموكراسی(٩) یاخود شاری دیموكرات ئەوكاتە سەرهەڵدەدا كە شاری ئۆلیگارشی بەهۆی تەماعی لەرادەبەدەرەوە داغان دەبێت، ئەوكاتەی لەژێر سایەی ئۆلیگارشیدا نە ئارەزووی سامانو نە سامان خۆی هیچ سنورێك ناناسنەوە. ئەم نا ـ اعتدالی یەی فەرمانڕەوایەتی شار دەبێتە مایەی نا ـ اعتدالی فەرمانڕەوایەتی بەسەردا كراوەكان واتە رەعیەت. ئەوان لەلایەن یاساوە سنورێكیان بۆ دانانرێ تا موڵكو ماڵیان بەهەدەر نەدەن لەبەرئەوەی هەژار دەبن،و ئنجا حاڵەتێك دێتە پێش كەتێیدا هەژار رقی لەدەوڵەمەند دەبێتەوەو دەكەوێتە پیلان دانانو دژی سەروەندمەند. بەم شێوەیە شار دەكەوێتە ناو ململانێی ناوخۆوەو ئەوكاتەش كە هەژارەكان سەركەوتنیان بەدەستهێنا دیموكراسی سەرهەڵدەدا.

دیموكراسی لەسەر دوو پرنسیپی ناگونجاو بەندە یەكسانیو ئازادی. یەكسانی دابەشكردنی هاونیشتمانێتی Citizenshiphو پلەوپایەو وەزیفەكان دیاریدەكا.(١٠)و ئازادیش ئەوە رادەگەیەنێ كە هەر كەسە چی دڵی بخوازێ دەتوانێ بیكا. پرنسیپی دووەم تەنیا بەناوە Nominl ، چونكی هەلومەرجەكانی ئەگەری راستەقینە پشت گوێ دەخا.

لەبەشی(558d 5-9)ی كۆماردا، سوكرات لەجیاوازی نێوان ئارەزووە پێویستیەكانو ئارەزووە لاوەكیەكان دەدوێ. سوكرات مانای پێویست فراوان دەكا تاكو هەر ئارەزوویەك بگرێتەوە كە تێركردنی دەبێتە مایەی چاكە بۆ ئێمە (هەمووان)و ئەو ئارەزووانەش ناو دەنێ لاوەكی یا پێویست نەبوو كە یا ئەوەتا تێركردنیان نابنە چاكە بۆ ئێمە یاخود ئەوانەی كە لەراستیدا دەبنەمایەی ئازار بۆئێمە، هەروەها ئەوانەش كە كەسێك دەتوانێ دەست بەرداریان بێت گەر بێتو لەلاوێتیەوە كار بكا لەسەر وازهێنان لێیان. لێرەوە ئینسانی دیموكرات لێوانلێوە لەكێشمەكێشی نێوان ئارەزووە پێویستەكانو ئارەزووە پێویست نەبووەكان، ئینسانی دیموكرات بەنەبوونی پلانو رێكخستن لەژیانیدا دەناسرێتەوە. لەشاری دیموكراتیدا زۆر دیاردەو گروپ دەبینینەوە، هاوپەیمانێتی سەربازی، میلیشیاو میلیشیای دژ، مەنفیو كەسی گەڕاوە لەمەنفا.. .. هتد. گەنجەكان گوێ لەهەموو ئەوكەسایەتیانەو ئەو گوتارانە دەگرن كە لەوفەزایەدا دادەرێژرێن. گوتارەكان تەشویقی بێ شەرمی دەكەن بەناوی پیاوەتیەوە، بێ ئەدەبی بەناوی پەروەردەوە، ئاناركی لەبەرگی ئازادیدا، تورەهات وەك مەزنێتی. ئەم گوتارانە بەناوی ئازادییەوە. داو پێنگو اعتدالو شەرم تووڕهەڵدەدەن. لەئەنجامدا، سوكرات (لەبەشەكانی 564b 562)دا دەڵێت. هەروەك ئۆلیگارشی، دیموكراسیش خاپوور دەبێت لەلایەن زیادە رۆیی كردن لەوشتەدا كە وەك چاكە لەقەڵەمی دەدا ئەویش

ئازادییە. لەدیموکراسیدا ئازادی تا سەر سنووری ئانارکی هەڵدەگیرێت بەو شێوەیەی کە هەرهەموو وەك یەك مامەڵەیان لەتەك دەکرێ‌و وەك یەك هەڵس‌و کەوت دەکەن، لەبەرئەوەی هەر هەموو هەوڵدەدەن دوورەپەرێزی بکەن لەوەی وا دەربکەون کە کۆنترۆڵ دەکرێن ئەم زیادە ڕۆییە لەئازادیدا ڕژێم بەرەو ستەمکاری دەبا، لەم حاڵەتەدا ئازادی زۆر کۆیلایەتیەکی زۆر بەرهەمدەهێنێ.

لەبەشی 562دا سوکرات دەستدەکاتە قسەکردن لەسەر ریشەکانی ستەمکاری، ئەوەی گرنگە ئەو جیاوازییەیە کە ئەو دەیکات لەنێوان کازیوەی ستەمکاری‌و ستەمکار لەلایەك‌و خاسیەتەکانی ستەمکاری‌و خاسیەتە ستەمکاریەکان لەلایەکی دیکەوە. لەبەشی 565dدا سوکرات پرسیارێك دەربارەی گواستنەوە لەسەرکردەی خەڵکییەوە بۆ ستەمکار دەخاتە بەردەم هاو دایەلۆگەکان‌و هەر خۆشی لەڕێگای وێناکردنی سەرکردەیەکەوە کە بەزۆرە ملیّ خۆی بەسەر خەڵکیدا دەسەپێنێ وەلامدەداتەوە. لەو وێناکردنەی سوکراتدا ستەمکار لەترسی دوژمنەکانی کۆمەڵێ پاسەوان بەکرێ دەگرێ. ستەمکار پەیمان بەخەڵکی دەدا بەکردنی کاری سەرسوڕهێنەر، دیارە زۆربەی ئەو کارانە بەجێ ناگەیەنێ. لەجیاتی ئەوە لەڕێگای جەنگەوە مەشغوڵیان دەکاو ئاراستەی نەزەریان بەشوێنێکی تردا دەباو ئنجا لەڕێگای داواکردن لێیانەوە کە دەبێت بەشداریان هەبێت سەرگەرمیان دەکا لەنێو ژیانی ڕۆژانەدا. هەنگاو بەهەنگاو هەموو کەسێکی چاك‌و خاوەن ویژدان (566ds) لەناو دەبا، بگرە یارو هاوڕێکانی خۆشی، ئەوانەی کە بوێرن رەخنەی لێبگرن. لەئەنجامدا ئەو دەبێتە شوێنی ڕق‌و بوغزی خەڵکی‌و ترسیش لەژیانی خۆی ڕۆژبەڕۆژ زیاتر دەبێت. لێرەوە شارێك کە ڕۆژێك ئازادبوو ئێستا نائازادو هەزاری هەژارو پڕ لەترس‌و کێشمەکێش. سوکرات دەڵێ ستەمکار دەبێت بەچاوێکی تیژبینیانەوە چاو ببڕێتە کەسی دلێر، کەسی خاوەن عەقڵی گەورە، خاوەن زانین‌و دەوڵەمەند. بۆ ئەمانە ڕوو دەدەن؟ سوکرات ئەم تەفسیرە دەخاتە ڕوو، واتە ئەو تەفسیرەی کە دەڵێ شاعیرانی درامانووسی، شاعیرانی تراژیدی نووس‌و بەتایبەت یورپیدیس لێپرسراون لەستەمکاری لە (568ab – b6). شاعرانی تراژیدیا مەدحی ژیانی ستەمکار دەکەن‌و خۆشیان وەك حەکیم‌و هاوڕێی ستەمکار سەیردەکەن، شانۆنامەکانیان لەشارەکاندا بڵاودەبنەوە، خەڵکی بەلای ستەمکاریدا رادەکێشن. ئەوان ئیعجابی خۆیان لەمەڕ دەستەڵاتی ستەمکارەوە نیشان دەدەن هەستکردن بەسەر سوڕمانی لەبەردەم دەسەڵاتی ستەمکاردا،و بەم شێوەیەش رەوایەتی بەستەمکاری دەبەخشن‌و کارێك دەکەن کە ستەمکاری شایانی قبوڵکردن بێت. لەمە گرنگترو ترسناکتر ئەو دیدەیە کە شاعیرەکان لێوەی لەشتەکان دەڕوانن کە دیدێکە دەتوانین

ناوی بنێین "دیدی مانای تراژیدی ژیان" یا "دیدی تراژیدیانەی ژیان" کە ئەم دیدە لەریشەدا دیدێکی ستەمکارانەیە. زمانی تراژیدیو دیدی تراژیدیانە ناڕەوا (ستەمکاری) بەڕەوا دەکا، ئەوەی کە ناشێ کارێك دەکا شیاوبێت یا شایانی قبولکردن، مانای پاڵەوانانە، پاڵەوانی تراژیدیو وێنەی شای خۆرهەڵاتی بەستەمکار دەبەخشێ. ئەمە لەکاتێکدا کە ستەمکاری تەنیا یەك مەغزا لەخۆدەگرێ ئەویش ئەوەی کە ستەمکاری جۆرە هەلومەرجێکە. کە تێیدا کەس ئازاد نییەو هەرهەموو دەبێت لەبەردەم ستەمکاردا بەچۆکدابێن هەروەك چۆن لەبەردەم خوادا بەچۆکدادێن. بینەرانو گوێگرانی تراژیدیا تەشویق دەکرێن کە غەم بۆ لەدەستدانی بەربەریانەی یا ئازاری ئەم ستەمکارە لەخودا چوە بخۆن، ئنجا دەگەیەنرێنە ئەو قەناعەتەی کە لەزەینی خۆیاندا وێنای بێ ئەخلاقی وەك مەسەلەیەکی ئاسایی وێنابکەن، وەك ئەوەی کە جوانی لەعەدالەت جیابکرێتەوە.

سوکرات دیموکراسی دەبەستێتەوە بەستەمکارییەوە، پەیوەندی ئاشکرای نێوان ئەم دوو رژێمە لەسەرەتای کتێبی دووەمی کۆماردا لەلایەن گلاوکۆنەوە پێشنیار دەکرێ. زۆربە (the Multitude) هیچ عەشقێکی نییە بۆ عەدالەت، بەپێچەوانەوە تاسەی ژیانی ستەمکار دەکا. هەموو ئینسانێك ستەمکارە، یاخود فەنتازیای دیموکرات وانیشاندەدا. ئامانجی سوکرات لەم وێناکردنەدا ئەوەیە کە نیشانی بدا ئەم ژیانە، ژیانی دیموکراسی، چێژی ناعەدالەتی هەیەو کاریگەری عەمەلی ئەم ژیانەش بریتییە لەلاوازکردنی بەرگریکردن لەستەمکاری. لەگەڵ ئەمەدا بازنە یا سووڕی عەدالەت کە لەکتێبی یەکەمدا دەست پێدەکا تەواو دەبێت. عەدالەت لەستەمکاریدا هیچ نییە جگە لەوەی کە سراسیما خۆس هەر لەسەرەتاوە رای وابوو کە هەیە ئەویش: عەدالەت بریتییە لەبەرژەوندیو ئیرادەی کەسی بەهێز. لێرەدا ستەمکار دوای لاوازکردنی خەڵکی ئەو کەسە بەهێزەیە. لەکاتێکدا کە عەدالەت کورتکرایەوە بۆ دەسەڵات، خەڵکی لاوازو بێ هێز ئیدی هیچ ئیختیارێکیان نییە جگە لەتەسلیم بوون، ئیدی دەبنە کۆیلەی کەسی کۆیلە. ئێستا پرسیاری سوکراتو ئەدەمەنتیوس ئەمەیە:

"ئەوەی دەمێنێتەوە، بۆشوێنی سەرنجدان خودی کەسی ستەمکارە، چۆن ئەو لەکەسی دیموکراتەوە گۆڕاو ئنجا کاتێك هاتە بوون، چ جۆرە ئینسانێکەو چۆن دەژی حەقیرانە یا نەجیبانە"(١١).

ئێمە پێویستە لەسەردوو ئاست سەیری کێشەکە بکەین، ئاستی سیاسی‌و ئاستی تاکەکەس. لەسەر ئاستی‌سیاسی، هۆی گۆڕانی سیاسی دەگوترێت بریتییە لەدابەش بوون‌و ناکۆکی ناو شار خۆی. کێشمەکێشی هەرسێ بەشەکەی دیموکراسی ڕێگادەداو کۆمەك دەکا تا ستەمکاری سەرهەڵبدا، مەبەستی لەسێ بەشەکە، چینی فەرمانڕەوا، پارەدروستکەران، کۆمەڵانی خەڵك. بەم شێوەیە جەنگ‌و جەدال ئەوکاتە دەستپێدەکا کە سەرکردەکانی خەڵك هەوڵدەدەن تا دەستیان بەسامان رابگا بۆ خۆیان‌و بۆ خەڵکی‌و دەوڵەمەندەکان تاوانبار دەکەن کە دژی خەڵکین‌و خەریکی پیلانن. لێرەدا خەڵکی جێ‌و مەقامی پیاوێك بەرزدەکەنەوەو وەکو سەرکردەو رابەری خۆیان حیسابی بۆ دەکەن، ئا لەم حاڵەتەوە ستەمکاری سەرهەڵدەدا. سوکرات دەڵێ:

"ئایا خەڵکی هەمیشە خوویان نەگرتوە بەوەی کە پیاوێك وەك سەرکردەیەکی تایبەتی خۆیان دابنێن‌و پەروەردەی بکەن‌و کارێك بکەن تا بێ دەسەڵاتی زیاتر بێ؟" ، " بەڵێ ئەوان خوویان بەجۆرەکارێکی لەوشێوەیە گرتووە. کەواتە ئاشکرایە، من گووتم، کەستەمکار بەسروشتی گەشە دەکا، ستەمکار لەریشەی سەرکردایەتیەوە گەشەدەکا، نەك لەهیچ شوێنێکی ترەوە".(١٢)

پیاوێك لەوجۆرە دەستەڵات بەسەر خەڵکیدا پەیدا دەکاو روو لەهەر جۆرە تاوانێك دەکا تا دەستەڵاتی زیاتر بەدەستبهێنێ، ستەمکار بەشێوەیەکی گشتی هەوڵدەدا شەڕ بەشارەکانی دراوسێ بفرۆشێ تا ئاوو هەوایەك بخوڵقێنێ کە خەڵکی پێویستیان بەسەرکردەبێت‌و سەرقاڵی ئەوین‌و بیر لەپرسیاری گرنگ‌و کاروباری شارنەکەنەوە. لێرەوە ستەمکار بریتییە لەبەرجەستەبوونی هەموو ئارەزوو و ئومێدە دیموکراتەکان، ئەوشتە دەکا کە ئارەزوودەکا، ئەو بابەتی هەموو ئارەزووە دیموکراتیەکانە، ئەو خۆی ئیرۆسە.

لەسەر ئاستی تاکەکەسیش، لە کەسی ستەمکاردا ئەوە ئارەزووە پێویست نەبوەکانە کە بەهێزن‌و باڵادەست. ئەو ئارەزووانەکامانەن، ئەدەمانتیوس پرسیاردەکا، لەوەڵامدا سوکرات باس لەجیهانی خەون دەکا.

بەڕای سوکرات کەسایەتی ستەمکارانە لەناو هەریەکێك لەئێمەدا خەوتوە یاخۆی مەڵاس داوەو تەنیا لەخەوبینینەکاندا خۆی نیشان دەداو کارێك دەکا بناسرێتەوە، ئەوکاتەی کە کەس سڵناکاتەوە لەوەی هەوڵبدا پەیوەندی سێکسی هەبێت لەگەڵ

دایکی خۆی، لەگەڵ هەرئینسانێکی دی، لەگەڵ خودا، هەمووشت قەسابی بکا، ئارەزووی هەموو جۆرە خواردنێك دەکا. سوکرات ئەم ئارەزووانە ناو دەبات بەو ئارەزوانەی کە یاسا ژێر پێدەخەن، بەڵام ناویان نابات بەئارەزووە ناسروشتیەکان. ئەم ئارەزووانە لەئەگەری واقیعی جیابوونەتەوە. ئەم ئارەزووانە پێویست نین بۆ مانەوەو چاك بوونی تاکە کەس. ئارەزووە ئاژەڵییەکانو کێوییەکان ئەو کاتە بەخەبەر دێنەوە کە بەشەحەکیمەکانی رۆح دەخەون. ستەمکارو شارێك کە لەلایەن ستەمکارەوە فەرمانڕەوایەتی دەکرێت دووچاری پەتایەك دەبن کەتێیدا رێنومایی عەقڵو مەستی بەشەرەف تووڕ هەڵدەدرێن لەپێناو ئارەزوە بێ سنورەکاندا. ستەمکاری رێکخستنێکی سیاسییە کەتێیدا چ ستەمکارو چ رەعیەت لەگێژەڵووکەی ئارەزوو و خۆڕازیکردندا گیریان خواردووە، کلتورێکی سیاسی کە دەشێت بەچێژ پەرستی Hedonism ناوزەدی بکەین. لێرەوە دەتوانین ئەوە ببینین کە دەستەڵاتی ئابووریو سیاسی هەردووك هەم رەنگدانەوەو هەم هۆی کلتووری ستەمکارین. ستەمکاری پشت بەکلتورێ دەبەستێت کە فێرمان دەکا چۆن هەڵسوکەوت بکەین، چۆن بیربکەینەوەو چۆنیش هەست بکەین.

ستەمکار ئەو کەسەیە کەلەلایەن ئارەزووەوە لێدەخوردرێ. لەدیالۆگی گۆرگیاسدا پۆلیوس دەڵێت گەر ئەو ستەمکار بوایە، ئەو هەرچی دڵی خواستبا دەیکرد.

"پۆلیوس: کەواتە تۆ دەتەوێ یاحەزدەکەی ئازار بەدەست ناعەدالەتیەوە بچێژی وەك لەوەی خۆت ناعەدالەتی بکەیت.

سوکرات: بەش بەحاڵی خۆم هیچیانم ناوێ، بەڵام گەر بێتو بڕیاربێت یەکێك لەوانە بیت، ئەوامن بێ دوودڵی ئازار بەدەست ناعەدالەتیەوە هەڵدەبژێرم وەك لەوەی خۆم ناعەدالەتی بکەم.

پولیوس: کەواتە حەزناکەی ببیتە ستەمکار؟

سوکرات: نەء، گەر مەبەستت لەبوونە ستەمکار ئەوەبێت کە من چی دەکەم.

پولیوس: مەبەستم لەوەیە کە تۆزێ پێش ئێستا گوتم، لەمەوقعێکدا بیت کە هەرشتێك بکەیت کە بزانی دەگونجێ بۆ شار، جاکوشتنی خەڵك بێت، یا رەوانە کردنیان بۆ مەنفا، یاخود کردنی هەر شتێكو هەمووشتێك کە تۆ وابیبینی کە گونجاوە".(١٣)

ستەمکار ئەو کەسەیە کە بەرۆژی رووناك سەرقاڵی تێرکردنی ئەو ئارەزووانەیە کە ئێمە تەنیا لەشەوداو لەخەودا خەویان پێوە دەبینین.

لای سوکرات ئیرۆس سەرۆکی یاخی هەموو ئارەزووە نا یاساییەکانە، هەروەك چۆن ستەمکار سەرۆکی یاخی بەشە فاسدەکەی شارە. گەر کەسێ بەم وەسفە ناڕازی بێتو مەبەستی لەئیرۆسی سوکراتی بێت یا ئیرۆسی دایۆتیما بێت لەدایەلۆگی سیمپۆزیەمدا، ئەوا ئەم ناڕازی بوونە شوێنی قبوڵە، بەلام ئەم ئیرۆسەی کە لێرە قسەی لەسەردەکەین ئەو ئیرۆسەیە کە لەلایەن شاعیرەکانەوە بەمەزنی سەیردەکرێو ناوی ستەمکاری لێ دەنرێ. ئیرۆسی شاعیرەکان تەنیا ئارەزوو نییە بەڵکو بایەتی هەموو ئارەزوەکانە کە لەرێوەی عاشق مەعشوقەکەی دەکاتە بکەری عیشقو لێپرسراو لەعیشقی. لێرەوە ئیرۆس وەك مەعشووق لێوانلێوەو وەك عاشقیش خاڵی خاڵیی، ئەو هەردوو بەش لێك دەدا، رەتکردنەوەی تەواوی عاشق لەگەڵ کۆنترۆڵکردنی تەواوی مەعشوق.

رەعیەتی ستەمکاری بەحەماسەوە وێڵی شتەبچووکە بێ جەوهەرەکانن. ئاشکرایە کە ئەفلاتوون قێزی لەرەعیەتی ستەمکاری دەبوەوە زیاتر وەك لەکەسی ستەمکار چونکی بەلانی کەمەوە کەسی ستەمکار کاری گەورەی لێدەوەشێتەوەو کەسی ستەمکار هەڵگری ئەگەری فەیلەسوف بوونە بەلام حیکمەتی لەدەستداوە. ئەگەری ستەمکاربوون ئەگەری فەیلەسوف بوونیشە لەبەرئەوەی ئەو رۆحانەی کە دەتوانن ناعەدالەتی باوەڕپێنەکراو ئەنجام بدەن ئەوەندە بەتوانان کە بتوانن عەدالەتیش بناسنەوە. لەفەیلەسوفدا ئەوە ئیرۆسێکی بەدەستەلاتە کە دەست بەسەر رۆحی فەیلەسوفدا دەکێشێ، ئیرۆسی مەعریفی، ئیرۆسێ یا دێوانەییەکی نێردراوی ئاسمان"، فەیلەسوف لەم حاڵەتەدا ئارەزووی ئەو شتەدەکا کە سەرمەدییە، حەقیقەتو زانینی چاکە. لەکەسی ستەمکاردا ئیرۆس دەبێتە سەرکردەی هەموو ئارەزووە پێویست نەبووەکان. ئیرۆس، ستەمکارەکەی ناو رۆح، دێوانەیی دەکاتە پاسەوانی خۆی، بەم شێوەیە هەموو ئیعتدالێك تێکدەچێو دێوانەییەکی غەریب رۆح داگیردەکا:

- "ئایا هەر لەبەرئەم هۆیەیە کە عیشق هەر لەدێرزەمانەوە ناو نراوە بە " ستەمکار"؟
+ پێدەچێ.
- هەروەها هاورێم، من گوتم، ئایا پیاوی سەرخۆش لەعەقڵیدا وەرچەرخاندنێکی ستەمکارانە هەیە؟
+ راستە.
- لەمەزیاتر، ئەو پیاوەی دێوانەیە وا تەسەور دەکا کە بتوانێ نەك حوکمی ئینسانەکان بەڵکو هی خوداکانیش بکا. کەسێ دەبێتە ستەمکار یا بەسروشتی یا بەپراکتیك یا بەهەردووك، ئەو مەست دەبێت، دەبێتە ئیرۆتیکی، میلانکۆلیك (ماخۆلانی)."(١٤)

لەنێو ئارەزوە جیاجیاکانی بەشە نزمەکەی رۆحدا، ئیرۆس لەلایەن سوکراتەوە واسەیردەکرێ وەك ئەوەی سروشتێکی تایبەتی هەبێت کە وادەکا ببێتە سەرکردەی ئارەزووەکانی دیو دواجاریش ببێتە ستەمکار. لەپیاوی ستەمکاردا ئیرۆس رێنومایی هەموو کردارەکان دەکا ئەمەش دەیبات بەرەو هەموو جۆرە تاوانێكو هەڵسو کەوتی بێ شەرمانە. ئەو لەراستیدا دەبێتە ئەو کەسەی نێو خەونەکان، ئەو خەونانەی کە ئارەزووەکانی تێیاندا خۆیان بەیان دەکەن، لەبەرئەوەی ئەو ناعادلە بەمانای ووشەی ناعادل بوون. ئەو کاتەی ئیرۆس زاڵ دەبێت، ئەو بەشەی رۆح فەرمانرەوایەتی دەکا کە هەرگیز نەگونجاوە بۆ ئەو کارە، لەجیاتی عەقڵ کە بەسروشت گونجاوترە بۆ ئەرکی. فەرمانرەوایەتی کردن. فەرمانرەوایەتی ئیرۆس بێ بەشە لەرێنومایی تاکو تێرکردنی ئارەزووە پێویستەکان، لەبەرئەوەی ئەو کەسەی کە کۆنترۆڵ بکردێ لەلایەن ئیرۆسەوە، بەم شێوەیە ئەو ناتوانێ جەغد بخاتە سەر سادەترین ئەرك لەنێو شاردا. ستەمکار سێبەرەکانی ئەشکەوتە لەرووناکیدا. ستەمکار بەرجەستەبوونی ئیرۆسە. لەمەزیاتر، ستەمکار بەیانکردنی بەسیاسیکردنی تەواوی ئارەزووە، لێرەدا مەترسیو عەشق دەبنە یەك.

دەتوانین تا ئێرە بە چ بەرئەنجامێك بگەین لەقسەکانی سوکراتەوە؟ ئەوخاڵە دەبێت شوێنی جەغدکردن بێت ئەوەیە کە ئیرۆس رۆح دەکاتە ستەمکار، کەسی ستەمکار ماخۆلانییەو تەنیا نایەوێت حوکمی ئینسانەکان بکا بەڵکو دەشیەوێ حوکمی خوداکانیش بکا. لەهەریەك لەئێمەدا ستەمکارێکی بوون بەهێز خەوتووە، دواجار ستەمکاری لەرووداونیدا رەنگە نائاسایی بێت بەڵام ئەگەری ستەمکاری

حەقیقییەو لەوێ بوونێکـی هەمیشـەیی هەیە. سوکرات پێش ئـەوەی قسـە لەسـەر بەکۆیلەکردنو ناعەدالەتی بکا، هەنگاوێکی دیکـە دەنێت بۆ جەغدکردنـە سـەر ئـەو جیاوازیـەی نێـوان سـتەمکارو سـتەمکارانە (Tyrannical). ئـەم بابەتـە پرسـیاری عەدالەتمان بیردەخاتەوە لەکتێبی دووهـەمدا (کۆمـار). میتـۆدی بنـەڕەتی بۆگـەڕان بەدوای عەدالەتدا لـەکتێبی دوهـەمدا بریتـی بـوو لـە بـەراوردکردنی شـارو ڕۆح. هـەر ڕژێمە ئینسـانێکی هەیە کـە ڕۆحـی یەکسـانە پێـی. لەئـەنجامدا ڕۆحـی سـتەمکارانە هەیـەو شـاری سـتەمکارانە، لێرەوە دەتوانـین لـەپیاوی سـتەمکارانە بڕوانـین وەکـو حاڵەتێکی شەخسی Private و حاڵەتێکی مەدەنی (گشتی) publc . لەبیرمان بێت کە لەکتێبی دووهەمدا سوکرات ژیانی کەسی عادلو کەسـی ناعـادل بـەراورد دەکـاو لـەو باوەڕەدایـە کـە کەسـی عـادل چاکترە لەکەسـی ناعـادل. لـەکتێبی نۆهـەمدا یەکـەم ئەرگومێنتی خۆی دەخاتە ڕوو کە بۆچـی پێـی وایـە کەسی عـادل لەکەسـی ناعـادل چاکترە. سوکرات ئەوە بۆ گلاوکۆن دەستنیشان دەکا کـە ئـەو سـەبارەت بەهـەردوو کەسی تایبەت (ستەمکارانە) کەبەختی نەیهێناوە بێتە ستەمکارو ئنجا ئەوکەسەش کە بەڕاستی بۆتـە سـتەمکار دەدوێ (578c3). ئـەم پیـاوە سـتەمکارانە، کەسـانی شەخسـی یـا تایبـەت بەئاسـانیو یەکسـەر ناناسـرێنەوە. لەبەشـی (1 577c5)دا سوکرات ئەوە بۆ گلاوکۆن دەست نیشـان دەکـا کـە ئـەو سـەبارەت بەهەردووکەسی تایبەت (ستەمکارانە) کە بەختی نەیهێناوە بێتە ستەمکارو ئنجا ئـەو کەسەش کـە بەڕاستی بۆتـە سـتەمکار دەدوێ. ئـەو پیـاوە سـتەمکارانە، کەسـانی تایبـەتی، بەئاسـانیو یەکسـەر ناناسـرێنەوە. چونکـی تـرسو پەشـیمانیان، ئـازارو هاواریـان، هەرگیز لەبواری مەدەنی یا گشـتیدا خۆیـان دەرناخـەن. بـەڵام دووبـارە پرسـیارەکە ئەوەیە چۆن کەسی ستەمکارانە دەبێتە ستەمکار بەفعلیو چ هەلومەرجێك پێویستە بۆ ئـەم گواستنەوەیە؟ لەبەشـی (578 579)دا سـوکرات وێنـای پیـاوێك، سـەرۆك خێزانێکمـان بـۆ دەکێشـێ، وەك نمونەیـەك بـۆ ڕوونکردنـەوەی مەبەسـتەکەی نـەك مەبەسـتی بێـت بڵێـت "سـتەمکار" ئاوهـا سـەرهەڵدەدا، لـەو وێناکردنـەی سـوکراتدا داوامان لێکراوە سەرۆك خێزانێك ببینین کە لەبەر هـەر هۆیـەك بێـت بـەخۆیو ماڵو منداڵو کۆیلەو خزمەتکارەکانیەوە لـەدەرەوەی شـار، لەشـوێنێکدا، لەچۆڵەوانیـەکدا نیشتە جێبن، لەوشوێنەی کە دەستی بـەهیچ یارمەتییـەکدا ناگـا. لەترسـی ژیـانیو ماڵو منداڵی ڕەنگە هەندێ لەکۆیلەکانی ئازاد بکاو پەیمانیان پێبداو زیـاتر سـەرقاڵی تەمـەلوق بێت بـۆ خزمـەتکارەکانی. گـەر چـەند خـێزانێکی دیکـە لـەو دەووروبـەرە نیشتەجێ بـبن تـرسو نائـارامی ئـەوپیاوە زیـاتر دەبێـتو لـێرەوە ئـەم وەك دوژمـن سـەیریان دەکـاو هەسـت بـەوەدەکا کـە چـوار دەوری بـەدوژمن گـیراوە بوونـی

کەسایەتیەکی ستەمکارانە لەناخداو هەبوونی ترس‌و نەبوونی بڕوا بەئەوانی دیکەو هەبونی حەزکردن یا ئارەزووی کۆنترۆلکردنی ئەوانی دیکە، ئەمانە ئەوخالانەن کە سوکرات لەو وێناکردنەدا دەیەوێت سەرنجمان بۆی رابکێشێ. "ئەو پیاوەی کە لەناخیدا رژێمێکی خراپ هەیە، پیاوی ستەمکارانە، ئەوەی کە ژیانی تایبەتیانەی خۆی ناژیێ‌و بەلکو بەهۆی شانسێکەوە دەبێتە ستەمکار، کۆنترۆلی خۆی بۆناکردرێ کەچی هەولدەدا حوکمی ئەوانی دیکە بکا، هەروەك ئەوەی کە کەسێك بەجەستەیەکی بیمارەوە لەجیاتی ئەوەی لەشوێنێکی تایبەتیدا ژیان بەسەربەرێ ناچاربکردرێ لەزۆران‌و جەنگ‌و ململانێییەکدا دژ بەجەستەکانی دی بەشداری بکا..

.. ئایا بەراستی ئەمە هەلومەرجێکی ئەستەم نییە؟ ئایا ژیانی ئەو پیاوەی کە ستەمکارە ژیانێکی سەخت تر نییە؟.. ..(١٥)" بەپێی بەشی (80- 578) ستەمکاری بەدبەخت ترین شارە چونکی چ شار وەکو گشت‌و چ هاونیشتمانیان لەنێویدا هەر هەموو کۆیلەن‌و کەمترین شت دەتوانن بەئەنجام بگەیەنن. بەهەمان شێوە ستەمکار بەدبەخترین بوونەوەرە لەبەرئەوەی ستەمکار ئەزمونی ئەشکەوت دەکا، مەبەستیش لەئەشکەوت وێنا یا لێك چواندن یا ئەنالۆژی ئەشکەوتە لەکتێبی "کۆمار"دا، مەبەستیش وێناکردنی واقیعی ئینسانییە. ستەمکار دیلی نێو ئەشکەوتەو تەنیا وەهمەکانی ئەشکەوت دەخوازێ. لێرەوە کەسی زۆر ناعادل بەناچاری ستەمکارێکە کە ستەمکارانە چ خۆی‌و چ شار بەڕێوەدەبا.

لەدایەلۆگی "گۆرگیاس"دا، سوکرات سیاسەت پێناسەدەکا وەك "هونەرێك کە ئیشی ئەوەیە بەتەنگ رۆحەوە بێت".و فەرمانڕەواش وەکو دکتۆر پێناسەدەکا. دکتۆر هەم نەخۆشی دیاریدەکاو هەم هەتوان، چارەسەر، گەرچی زۆر جاران دەرمانێك کە دکتۆر پێشنیاری دەکا یاخود چارەسەرێك بۆنەخۆشی کەسێکی نەخۆش زۆرجار تالە بەلام لێرەدا ئازادییەك لەئارادانییە، واتە دەبێت تالی، یا ئەو بڕیارە، قبولْ بکردرێت گەر لەش ساغی بخوازێ. لەبەرانبەر ئەمەدا، ستەمکارەکان لەچێشت لێنەرەکان دەچن کە دەستەلاتی خۆیان بەسەرماندا دەسەپێنن لەرێگای رازیکردنی تام‌و زەوقە فاسدبووەکەی ئێمەوە. ستەمکارەکان خەلکی تەفرو توونا دەکەن لەرێگای کردنیانەوە بەکۆیلەی کار، کارکردن تەنیا بۆمانەوە، ئیدی ئەوخەلکانە کاتی ئەوەیان نابێت بەرگری لەستەمکاری بکەن. ستەمکارەکان ئەو دەستەلاتەی هەیانە دەیپارێزن لەرێگای موجامەلەکردنی زۆربە یا گاڕانەوە، لەرێگای پەیماندان بەرازیکردنی جەماوەرو لەدواجاریشدا هەولدان بۆ بوون وەك جەماوەر. لەرژێمی ستەمکاریدا هیچ کەس سروشتی نییە یا رەسەن، هەرهەموو دەبنە ریاکار، شەکەرۆکە، ئەکتەر بۆ بینینی رۆلێك یا چەند رۆلێك، وازی دەکەن‌و تەمەلوق دەکەن

بۆ جەماوەر تاکو بەرژەوەندیە خودیە کانیان بپارێزن. لەستەمکاریدا هەموو کەسەکان ئەکتەرن لەو تراژیدیایەدا کە زۆر دوورە لەتەندروستییەوە دوورە لەوهارمۆنیەوە کە سروشت دەیخوازێ.

بەلام پرسیاربکەین ئەو شتەچی‌یە کە ستەمکار، بەرجەستەبووی ئیرۆس، تاسەی دەکا؟ ئیرۆس، ستەمکاری ناورۆح، ویلی چییە. ئیرۆس بالی بەسەر ژیانی کەسی ستەمکاردا کێشاوەو ئیرۆس سەروەرەو ستەمکاریش کۆیلە، وەك کۆیلەیەکیش لەهیچ سلێ ناکاتەوە بۆ رازیکردنی سەروەرەکەی، واتە ئیرۆس. ئاشکرایە کە ئیرۆس تاسەی چاکە ناکا وەك ئەوەی کە عەقلێ تاسەی چاکە دەکا، تاسەی شەرەف ناکا، تاسەی سامان ناکا وەك ئۆلیگارکیەکان، تاسەی ژیانێکی سادەو چێژی بچوکی ژیانی دیموکراتی ناکا. ئایا ئیرۆس ویلی ناعەدالەتیەکە کە تاکایەتی‌و تایبەتمەندی هەرتاکێك‌و هەمووشتەکان ویران دەکا، و لەشوێنی تاکایەتی ئاژاوەیەك (کەیاس chaos) بەرقەرار دەکا کەتێیدا هەرشتە هەولێ دەدا ببێ بەهەموو شتێ؟ هەروەك دیدی شاعیرانەی "دیدی مانای تراژیدیای ژیان" تراژیدیاو مانای تراژیدی دەخوازێ؟ بەلێ بەرمەبنای ئەرگومێنتی سوکرات دەتوانین بلێین بەلێ ئیرۆس خولقێنەری کەیاسە. مادامێك ستەمکار ئیرۆسەو ئیرۆسیش فەرمان دەدا کە هەموو ئارەزوەکان بەتایبەت ئارەزووە کیۆییەکان‌و پێویست نەبوەکان، مادامێکیش ئەم ئارەزوانە ناشێت تێربن چونکی بەشێك لەسروشتیان ئەوەیە کەهەمیشە تینوو برسی بن، کەواتە ئیرۆس ویلی ناعەدالەتیە، ستەمکاریش، دیلەکەی نێو ئەشکەوت، ئەو تەنیا ویلی وەهمو خەیالات نییە بەلکو ویلی ناعەدالەتییەکیشە کە لەتوانای عەقلدا نییە وێنای بکا. ئەم پیاوە ئەوبەشەی رۆحی لەدەستداوە کە عەقلەو ئارەزووەکان لێك جیادەکاتەوە، بەهۆی کۆنترۆلی ئیرۆسەوە. لەشارێکدا کە زۆربەی خەلکی موعتەدیل بن چەند رۆحێکی ستەمکارانە رەنگە بتوانن تەنیا چەند بەرئەنجامێکی خراپی مەدەنی بخولقێنن بگرە لەدواجاردا خۆیان داغان بکەن، بەلام لەشارێکدا کە لەو جۆرە کاراکتەرە، کەسایەتی ستەمکاری، ژمارەیان زۆر بێت، لەشارێکدا ستەمکار فەرمانرەوابێت کۆیلایەتی دەبێتە واقیع‌و هەموو کەس دەبنە کۆیلەو لەوانەش خودی ستەمکار، "لەراستیدا" ستەمکار کۆیلەی کۆیلایەتییە، تەمەلوق کەری پیاوە بێ بەهاکانە،" ستەمکار سەروەری ئەوانی دیکە، خودی خۆی کۆیلەی ئیرۆس‌و ناعەدالەتیە، لەبەرئەوەی حیکمەتی عەمەلی لەلایەن ئیرۆسەوە ترۆرکراوە. ئیرۆس نازانێ‌و توانای بەرهەمهێنانی بیرۆکەی نییە. لەبەرانبەر ئەم وێنەیەی ستەمکاردا سوکرات وێنەی فەیلەسوفمان بۆ دەکێشێ وەك کەسێکی عادل کە حوکمی خۆی دەکا. ستەمکارو فەیلەسوف دووکەسن یەکێکیان ناعادل‌و ئەوی

دیکە عادل. ستەمکارو فەیلەسوف توورڕ هەڵدراونەتە نێو سەمایەکی بێ کۆتایی سەرمەدی، هەریەك بۆ ئەوە دەژی کە دژی ئەوی دیکەبێت، یەکێکیان وێڵی ڕێکخستنێکی دروستە، ئەوی دی هەر ڕێکخستنێك تێك دەدا، ستەمکار هەوڵدەدا کەڕێکخستنی ئینسانی وێران بکا، فەیلەسوف ئەرگومێنت پیادەدەکا بۆتێکدانی ستەمکاری، فەیلەسوف ڕەمزی عەقڵەو ستەمکاریش ئیرۆس. دەتوانین لەڕێگای ئەم هێڵکاریەی خوارەوە سەرجەم بۆچوونی ئەفلاتوون لەمەڕ ستەمکارو فەیلەسوف و شارو بەشەکانی ڕۆح (ئارەزوو، عەقڵ، سومۆس) دیاری بکەین کە لەکتێبی کۆماردا خستۆتیە روو:

ستەمکار لە کتێبی ٩،٨	فەیلەسوف کتێبی ٧،٦،٥	شا کتێبی ٢، ٤
ئارەزوو	عەقڵ	عەقڵ
سومۆس spirit	ئارەزوو	سومۆس
~~عەقڵ~~	~~سومۆس~~	~~ئارەزوو~~

لەو هێڵکاریەدا نیشانەی × دەلالەت لەکەبتکردن دەکا. بەم شێوەیە ڕۆحی شا یا پادشا ئەو هارمۆنیەیە لەنێوان عەقڵو سومۆسداو تێیدا ئارەزوو جڵەوی دەگیرێ. ڕۆحی فەیلەسوفیش هارمۆنی عەقڵو ئارەزووەو جڵەو گرتنی سومۆس. هەرچی پەیوەندی بەڕۆحی ستەمکارەوە هەیە بریتییە لەهارمۆنی ئارەزوو سومۆسو کەبت کردنی عەقڵ.

لای ئەفلاتون ستەمکاری بە هەڵە لێتێگەیشتنێکی مانا ڕاستەقینەکەی ڕازی بوونی مرۆڤەو چارەسەرکردنیشی بریتییە لە تەسامی کردن یا باڵا بردنی سۆزو هەڵچوونە دەروونییەکانو حەماسەتە بە کەناڵی فەزیلەی ئەخلاقو عەقڵی ئەو فەزیلەتانەی کەریشەکانیان وا لەنێو ڕێکخستنێکی سروشتی گەردووندا.

زیاتر لەمە بەڕای ئەفلاتوون ستەمکاری بریتییە لەتاسەیەکی سەرلێشێواوو ئارەزوویەك بۆ ڕازیکردنی ئیرۆس، ئیرۆسێ کە دەشێت لەڕێگای پەروەردەوە ڕاست بکردرێتەوە، واتە پەروەردەکردنی ئیرۆس بەرەو بابەتە گونجاوەکان لەوانە فەزیلەتی مەدەنیو فەلسەفی. سیاسەتمەدارییەتێك statemanship کە لەلایەن فەلسەفەوە ڕێنومایی بکردرێت دەبێتە مایەی سیاسەتێکی سالمو سایکۆلۆژیەتێکی تەندروست. لەگۆرگیاسدا، هەروەك چۆن لەسیمپۆزیەمو کۆماردا، دەتوانین قسە

لەسەر شەوق‌و ئارەزوویەکی پری مۆردیالْ Premordial (بنەڕەنی)و موتەعالی (ترانسێندێنتالْ) بکەین. ئارەزوو و شەوقی پری مۆردیالْ (بنەڕەتی بنچینەیی) بریتییە لەخود هۆشیاری‌و ئنجا رەهەندێکی توندوتیژی بوونی سیاسیانە کە رەگی داکوتیوە لەسومۆسدا Thumos (حەماسەت) بەلاّم شەوق‌و ئارەزووی ترانسێندێنتالْ بریتییە لەئارەزووی راکردن‌و رەهابوون لەسنوورەکانی خودێتی (selfhood) لەرێگای یەك بوونەوە، وحدە الوجود، لەگەلْ ئەوشتەی کە جوان‌و نەمرە، واتە ریشەکەی وا لەنێو ئیرۆسدا. شەرەف‌و خۆشەویستی کە ریشەکانیان وان لەحەماسەتی ئیرۆسدا بریتین لەدوورێگا بەرەو سیاسەتمەداریەتێکی دروست‌و شوێنی رەزامەندی.

بەندی سێیەم:

ستەمکاری/ لەناوبردنی شارو خەساندنی مرۆڤو دیلکردنی عەقڵ
"تەفسیرێکی ئەرستۆییانە"

لەکتێبی یەکەمو دووەمی "سیاسەت" (The politics)دا ئەرستۆ باس لەریشەی شار دەکاو ئەوەش روون دەکاتەوە کە بۆچی ئینسان ئاژەڵێکی سیاسییەو بۆچی شار (polis) سروشتییە.

شار سەر بەو کلاسی بابەتانەیە کە بەسروشت بوونی هەیە،و مرۆڤیش بەسروشت ئاژەڵێکی سیاسییە. هەرکەسێك بەهۆی سروشتییەوە نەك بە هۆی بەدبەختییەوە شاری نەبێت یا زۆر خراپە یا زۆر چاکە.. یا ئاژەڵە یا خودایە(١).. دیارە ئاشکرایە کە مرۆڤ ئاژەڵێکی ساسییەو بەومانایەی کە هەنگ ئەو بوونەی نییە.. سروشت وەك ئێمە دەڵێین، هیچ شتێك ناکا بیێ مەبەست. سروشت لەنێو هەموو ئاژەڵەکاندا تەنیا بەمرۆڤ دەستەڵاتی گوتاری بەخشیوە.(٢)

پێش ئەوەی قسە لەسەر ئەو کۆتە (اقتباس)ەی سەرەوە بکەین، گرنگە کە سەرنج بدەین لەوراستیەی کە ئەرستۆنالێت مرۆڤ ئاژەڵێکی کۆمەڵایەتییە وەك ئەوەی کەرۆژانە بەهەڵە دووبارە دەکرێتەوە، بەڵکو دەڵێت ئاژەڵێکی سیاسییە، جیاوازی کۆمەڵایەتی بوونو سیاسی بوون ئاسمانو رێسمانە. کۆمەلایەتی بوون ئاستی خێزانو کۆمەڵەکانی دی پێش سیاسەت دەگەیەنێت. ئاژەڵی سیاسی کۆمەڵایەتی بوون لەخۆدەگرێ بەڵام کۆمەڵایەتی بوون مەرج نییە سیاسی بوون لە خۆبگرێ. ئاژەڵی سیاسی واتە دەرگیربوون لەگەڵ بواری گشتیو مەدەنی (public)، بواری مەدەنیش ئەوکایەیەیە کەتێیدا گفتوگۆی سیاسی لەمەڕ هەموو رەهەندەکانی بوونەوە بەرمەبنای عەقڵ ساز دەدرێ. بەڵام دەشێ کۆمەڵایەتی بوون بەم ئاستە باڵایە نەگا، گەر بێتو هەر کۆڕو کۆبوونەوەیەك خاڵی بێت لەگفتوگۆو پرسیار لەمەڕ ژیانی چاك کامەیە؟ چۆن بژین؟ چۆن لەکاروباری شار بگەینو هەڵی بسەنگێنین؟ چۆن فەرمانڕەوایەتی بکەینو فەرمانڕەوایەتی بکرێین؟ هەر کۆڕو کۆبوونەوەیەك خاڵی بێت لەم گفتوگۆ عەقلێانەو حیکمەتی پراکتیکی ئەوا ناگا بەئاستی سیاسی بوونو بگرە لەقۆناغی پێش سیاسەتدایە. کاتێك باس لەستەمکاری بکەین ئەوا ئەم

جیاوازییه زۆر گرنگه لەبەرچاو بگرین، کاتێك کـه ستەمکار یا رژێمێکـی سـتەمکاری دێت رەنگه نەتوانێت لەکۆمەڵایـەتی بوونـی ئێمـه، واتـه پـەیوەندی ئێمـه بـەخێزان‌و کۆمەڵـەکانی دیو دەوروبـەر مانـەوەبدا، هەرچـەندە هـەموو رژێمێکـی سـتەمکار لەمێژوودا، چ لەکلاسیکداو چ لـەقۆناغی مۆدێرنـدا هـەوڵی داگیرکردنی ئـەو بـوارەش دەدا، بەڵام بەدڵنیاییەوە دێـت‌و خـۆی یـەك گـورزە لەسیاسـی بوونـی ئێمـه ئـەویش لەرێگای داگیرکردنی بواری مەدەنی‌و گشتییەوە.

بابگەڕێینـەوە بـۆ پێناسـەکەی ئەرسـتۆ لـەو کۆتـەی کـەوەرمانگرت. مرۆڤـەکان ئاژەڵی سیاسین بەپلەی یەك بوونەوەری عەقڵانین، ئاژەڵێکن زمانیان هەیـەو توانـای قسەکردن‌و گوتـار (speech). دەتوانـن تواناکانیـان بخەنـه گـەڕ بـۆ عـەقڵاندن‌و بەکارهێنانی عەقڵ‌و بۆچوونەکانیشیان دەربارەی عەدالـەت‌و چاکـه لەگـەڵ کەسـانی دیکەدا ئاڵ‌و گۆڕ پێ بکەن. لێرەوە سیاسەت سروشتییە چونکە دەخوازێ بـەرزترین توانای سروشتی مرۆڤ مەشقی پێ بکردرێ کە عەقڵـه. شـاریش سروشـتییە چونکـه ئـەو فەزایەیـه کـه ئـەم توانایـەی ئینسـان تێیـدا بەکـەماڵ دەگا، تێیـدا مـرۆڤ بـه جەوهەری خۆی دەگا، یاجەوهەری مرۆڤ تێیدا خۆی بەیان دەکا. شـار لای ئەرسـتۆ بریتییە لەکۆمەڵە (association)، کۆمەڵەیەکی دەستەڵاتدار، کە هـەموو کۆمـەڵەکانی دی لەخۆدەگرێ‌و چاولەبەرزترین چاکە دەبڕێ.

"سەرنجدان‌و لێوردبونەوە پێمان دەڵێ کە هەموو
شارێك خۆی لەخۆیدا یەك کۆمەڵەیە،و هەر
کۆمەڵەیەکیش بەنیازی مەبەستی چاکە
دامەزرێندراوە، دەڵێم "چاکە" لەبەرئەوەی لەهەموو
کردەوەکانیاندا ئینسانەکان لەراستیدا نیشانە
دەگرنەوە لەوشتەی کە ئەوان لەوباوەڕەدان چاکە..
ئەم کۆمەڵەیە کە پێی دەڵێن شار، کۆمەڵەیەکی
سیاسییە"(٣).

وەك لەئـەخلاقی نیکۆمـاخیدا هـاتووەو دواجـار قسـەی لەسـەردەکەین، بـەرزترین چاکەشـی چـاك ـ بـوون well being یـا بەختیارییـه کـه بەدەسـت دێـت لـەرێگای مەشقکردنی عەقڵەوە. ئـەو کاتـەی ئەرسـتۆ دەڵـێ کە شـار چاو لەبـەرزترین چاکـه دەبڕێ، مەبەستی ئەوەیە کە لەرێگەی چالاکی سیاسـییەوە تاکـەکان دەتوانـن ئەگەرەکانی ژیانی ئینسانی خۆیان تاقی بکەنەوەو شار ئەو زەمینەیە فەراهەم دەکا، بەپێچەوانەی هەموو کۆمەڵە ـ پێش سیاسییەکانی دی وەکو خێزان‌و گوند کە ناتوانن ئەو زەمینەیە بخولقێنن، لەشاردا هەلی تاقیکردنەوەی فەزیلە هەیەو بوارێکی فراوانتر

بۆ چالاکی عەقلّ دەرەخسێنێت. سیاسەت موجادەلە (arguments) دەربارەی عەدالەتو بڕیاری سیاسی لەمەڕ کاروباری شارو دەربارەی ئەڵتەرناتیڤەکانو هەڵبژاردنیانو چۆنیەتی بەدەست هێنانیانو پرسیار لەمەڕ ژیانو چاکەو باشترین رژێم، هەر هەموو ئەمانە لەخۆ دەگرێ. شار لەسروشتی کۆمەڵە سەرەتاییەکانەوە، خێزانو لادێ، ئەو کۆمەڵانەی کەبوونیان ناچارییە نەك هەڵبژاردن، گەشە دەکا. خێزان حاڵەتێکی ناچارییە نەك هەڵبژاردنو ئامانجیش یا وەزیفەی خێزانیش بریتییە لەتێرکردنی پێویستییە فیزیکییەکان. لەخێزاندا ئینسان بۆ رۆژ دەژی. یەکەمین لادێش،، کە گەورەترە لەخێزان بریتییە لەو کۆمەڵەیەی کە لەکۆی چەند خێزانێکەوە سەرهەڵدەدا بەنیازی پێویستییە نارۆژانییەکان.

قۆناغی دوایی تر بریتییە لەگوند (لادێ) یەکەمین
کۆمەڵەی ژمارەیەك خێزان (ماڵ) بۆ رازیکردنی
شتێك زیاتر لەپێویستییە رۆژانەکانیان.. ئەندامانی
ئەو گوندە پێیان دەگوترێت کۆرپەکانی هەمان شیر
(٤).(homogalactic)

ئەرستۆ ئەو پێویستییە نارۆژانەییانە روون ناکاتەوە کە بوونە مایەی سەرهەڵدانی لادێ، بەڵام دەشێ بڵێین کە یەکێك لەو پێویستییە نا ـ رۆژانەیی یانەی کەلادێ لەپێناویدا سەرهەڵدەداو فەراهەمی دەکا بریتییە لەئارەزوی کوڕەکان یا نەوەی نوێ بۆ جۆرێك لەسەر بەخۆیی لەخێزان.

تائێرە لەپێناسەی ئەرستۆ بۆ شار دواین، ئێستا بابچینە ناو باسەکەمانەوە کە بریتییە لە راڤەکردنی بۆچوونی ئەرستۆ دەربارەی ستەمکاری.

ئەرستۆ پۆلێنی رژێمەکان دەکا بەرمەبنای کێ حوکمیان دەکاو بەچ مەبەستێ. یا یەك کەس، یا چەند کەسێك، یا کۆمەڵە کەسێ فەرمانڕەوایەتی دەکەن، گەر فەرمانڕەوایان لەبەرژەوەندی گشتیدا حوکم بکەن، ئەوکاتە حوکمی یەك کەس بریتی دەبێت لەمۆنارکی "شاهەنشاهی"، حوکمی چەند کەسێك ئۆرستۆکراسی،و حوکمی ژمارەیەکی زۆریش دەشێ ناوبنێین "حکومەتی دەستوری". بەڵام گەر بێتو فەرمانڕەواکان فەرمانڕەوایەتی بکەن تەنیا لەبەرژەوەندی تایبەتی خۆیان، ئەوا ئەوان مەبەستی ئەسڵی حکومەت فاسد دەکەن، لێرەوە حوکمی کەسێك دەبێت بەستەمکاری (Tyranny)، حوکمی چەند کەسێك دەبێتە حوکمی ئۆلیکارشی، حوکمی زۆربەش لەقاموسی ئەرستۆدا دەبێتە حوکمی دیموکراسی. پێش ئەوەی بچینە ووردەکاریەوە با ئەم بەشەی کتێبی "سیاسەت" بخوێنینەوە:

لەكاتی مامەڵەكردنماندا لەگەڵ رژێمی
شاهەنشاهی، لەهەمان كاتدا دووشێوەی
ستەمكاریمان پێناسەكرد، لەبەرئەوەی دەستەڵاتێك
كە مەشقی پێدەكرا لەلایەن ستەمكارەوە لەهەردوو
نمونەكەدا بەمانایەك لەگەڵ شاهەنشاهیدا
یەكدەگرنەوە، هەردوو شێوەیەكی فەرمانڕەوایەتی
بەرمەبنای یاسابوون (بۆ نموونە لەنێو هەندێك
ناكریكدا، فەرمانڕەوایانێك خاوەن دەستەڵاتی
موتڵەق لەرێگای هەڵبژاردنەوە بەوجیّ و مەقامە
دەگەن.. بەشێوەیەك لەشێوەكان ئەم دووشێوەیە
لەستەمكاری لەیەك جیاوازن، بەڵام لەهەمان كاتیشدا
لەحوكمی شا دەچوون چونكە بەپێی یاسابوون.
لەبەرئەوەی جۆرە حوكمێك بوو لەسەر رەعیەتێكی
رازی بوو (واتە بەحوسن و رەزای رەعیەت بوو) بەڵام
لەهەمان كاتیشدا سیستەمی ستەمكارەكان بوون
چونكە فەرمانڕەوایەتی كردن، وەك فەرمانڕەوایەتی
سەروەر بوو بەپێی بڕیارە شەخسییەكانی ستەمكاران.
شێوەی سێیەمی ستەمكاری هەرچەندە زۆر
توندڕەوە بەڵام تەواو پێچەوانەی شاهەنشاهی
موتڵەقە. هەر فەرمانڕەوایەك كە پێویست نەبێت و
ناچار نەكرێت كە لەخۆی لێپرسراوبێت،و بەسەر
خەڵكیدا حوكم وەك یەك و بگرە بەسەر كەسی
لەخۆی باڵاتریش، تەنیا لەبەرژەوەندی خۆی نەك
بەرژەوەندی ئەوانەی كە حوكمیان دەكا، ئەوا ئەو
مەشقی ستەمكاری دەكا بەمانای سێیەم، ئەو
دەمێنێتەوەو خۆی دەسەپێنیّ بەرەغمی ئیرادەی
خەڵك، چونكی هیچ كەس بەئیرادەوە تەسلیمی ئەو
جۆرە حوكمە نابێت گەر ئەو ئازاد بێت.(٥)

كەواتە ستەمكاری بریتییە لە هەرەمەكی تاكەكەسێك كە لەبەردەم هیچ كەس و هیچ هێزێكدا لێپرسراو نییە. سیستەمێكە كە میكانیزمی لێپرسینەوەی دەستەڵاتی نییە،و

کەسی ئازادیش ناتوانێ لەژێر سایەی ئەو سیستەمەدا بژی، بەمانایەکی دی سیستەمێکە کە ئازادی زەوت دەکا. لای ئەرستۆ کەسی ئازاد ئەو کەسەیە "کە بۆخۆی دەژی نەك بۆکەسێکی دی"، یاخود کەسی ئازاد ئەو کەسەیە کە بەپێی فەرمان‌و ئیرادەی کەسێکی دی ناژی، ستەمکاری ئەم حاڵەتە دەشێوێنێ‌و لێرەوە دەبێتە مایەی ئینکارکردنی نەك هەلومەرجی ئازادی بەڵکو خودی ئازادیش.

لەبەرئەوەی بۆچوونی ئەخلاقی‌و سیاسی ئەرستۆ دانەبڕاوە لەبۆچوونی میتافیزیقای ئەو، کەواتە سەرەتا بەلانی کەمەوە پێویستە ئاماژدەیەك بەکردارو چوارهۆکە بدەین. کێشانی وێنەیەك سەبارەت بەمیتافیزیقای ئەرستۆ یارمەتیمان دەدا کە لەمەسەلە سیاسییەکان کە مەبەستی ئێمەیە لێرەدا باشتر بگەین، بەتایبەت چەمکی کرداری سیاسی‌و ئامانجی رژێمی سیاسی. سەرەتا ئەرستۆ جیاوازی دەخاتە نێوان فعل یان واقیع (actuality)و ئەگەرێتی یان الامکانیە (potentiality)، جیاوازییەك لەنێوان بوونی توانای کردنی شتێك یا بوون بەشتێك لەگەڵ بەواقعی کردن، بەفیعلی کردنی شتێك یا بەفعلی بوون بەشتێك. بۆنمونە من توانای ئەوەم هەیە کە مەلە بکەم، واتە پۆتاسۆن، یا ئەگەری ئەوەم هەیە، بەلام لەئێستادا، لەراستیدا، لەواقیعدا من نازانم مەلە بکەم، کاتێك مەلەبکەم، یافێربم چۆن مەلەبکەم ئەوکاتە من توانای مەلەکردنم بەواقیعی کردوە (actualize)، واتە ئەگەری مەلەکردن دەکەمە واقیعی. فعلی (actuality) لە پەیوەندیدا لەگەڵ ئەگەرێتی (potentiality) وەك پەیوەندی ئەوپیاوە وایە کە دەبینێ لەگەڵ ئەوپیاوەدا کە چاوەکانی داخستوە. ئەو پیاوەی کە چاوی داخستوە بینەرێکە لەرووی بوون بەهێزەوە، ئەوپیاوەش کەدەبینێ‌و دەڕوانێ ئەو لەواقیعدا بینەرە. زیاتر لەمە بوون بەشتێك (actuality) بریتییە لەوەزیفە (function)ی بوونەوەرێکی واقیعی، بۆ نمونە بینین وەزیفەی چاوە، لای ئەرستۆ بوون بەشتێك پێشتردێت لەرووی زەمەنەوە. ئەگەرێتی (potentiality) لەخۆیدا مانای نییە، بەڵکو ماناکەی بەستراوەتەوە بەبوونی واقیعییەوە. ئەگەرێتی لەرێگای ئەوەی کە هەیە، کە دەتوانێ ببێ، دەشێ بزانرێ‌و بناسرێ وەك ئەوەی کە هەیە. بوون بەشتێك (actuality) لەرووی زەمەنەوە پێش وەختە (priori) لەبەرئەوەی بوونی واقیعی لەبوونی پۆتاسیۆن، ئەگەرەوە، دێت لەرێگای کرداری بوونێکی ترەوە کە خۆی بوونێکی واقیعییە. بۆ نمونە کەسێك ئەگەری بوون بەزانابوونی هەیەو تەنیا ئەوکاتە دەبێتە زانایەکی واقعی یان فعلی گەر ئەومەشق ببینێت لەسەر زانست، رێنومایی بکردرێت لەلایەن زانایەکی فعلییەوە. زیاتر لەمە بوون بەشتێك (actuality) بریتییە لەدوا پرنسیپی شەرحکردن. بەشێکی چاکی لێکۆڵینەوەی ئەرستۆ پێکهاتوە لەئاماژدە بۆکردنی ئەوەی کە چۆن مادە، یا

ماتەریاڵەکان ڕێکخراون لەودیدەوە بەلەبەرچاوگرتنی چەند وەزیفەیەکی دیاریکراو. بۆ نمونە، چاو ئەوکاتە دەناسرێتەوەو پێناسەدەکرێتو ڕاڤەدەکرێ کە نیشاندرا کەماتەریاڵەکانی وارێکخراوە کە ببینێ، لێرەدا بینینو وەزیفەی بینین ناوکی ڕاڤەکردنەکەیە. کاتێ وێنەی فیزیکی گشتی کامڵ دەبێ کە بتوانین بونە سروشتییەکان بەگشتی وەسف بکەین، لەهەموو میکانیزمەکانی جوڵە بگەین کە دەبنەمایەی هێنانی ئەم بوونانە بۆ بوون. لێرەوە، شێوە هەمیشە هاوڕێیە لەگەڵ مادە (ماتەریال)بوونی واقیعی لەگەڵ ئەگەری بوون، چەمکە بنەڕەتیەکانی فیزیا قسەلەم یەکێتییە دەکەن، ئەمەش کە پەیوەندی بەم یەکێتییەوە هەیە بریتییە لەتیۆری هۆکان (چوار هۆکە). بەڕای ئەرستۆ، چوار هۆهەن، یەکەم هۆی ماتەریاڵی، کە لێوەی شتی شوێنی مەبەست دروستدەکرێ، بۆ نمونە برۆنز، دووەم، هۆی شێوەیی (formal) واتە شێوەی یا ئایدیای پەیکەر لەعەقڵی هونەرمەندا، سێیەم، هۆی فعال(efficient)، یا چالاك كە بریتییە لەهونەرمەندەکە،و چوارەم، دواهۆ، واتە پەیکەرەکە.

ئەوەی گرنگە ئەوەیە کە لەرێگای لەبەرچاوگرتنی پەیوەندی مادەو شێوەوە، چوار هۆکەوە، ئێمە لە چەمکەکانی وەکو شانس،و عەفەویەت (spontaneity)دەگەین. ئەم چەمکانە ئاماژدە بۆ دەرنەکەوتنی، یانەبوونی هۆکان ناکەن، بەڵکو بەپێچەوانەوە ئاماژدە بۆ ئەوەدەکەن کە یاهۆکان لەبەختی ئێمەن یان بەئاراستەی بەدبەختیو بێ شانسی ئێمەدا کاردەکەن. لێرەوە دەشێ کە ئەم پارچەیە لەکتێبی میتافیزیك بخوێنینەوە:

ئەم پیاوە بەرێگای توندوتیژی دەمرێت، گەر لەماڵ بڕواتە دەرەوە، ئەو لەماڵ دەڕواتە دەرەوە ئەو کاتەی تینووی دەبێت، تینووش دەبێت ئەو کاتەی شتێکی دی ڕوودەدا، بەم شێوەیە ئێمە بەوشتە دەگەین کە ئێستا ئامادەیی هەیە، یاخود هەندێ ڕووداوی ڕابڕدوو.. . هەمووشتێك کەدەبێت بەناچاری دەبێت، بۆ نموونە حاڵەتێکی ناچارییە کە ئەوکەسەی بژی ڕۆژێك دێ بمرێ، چونکە هەلو مەرجەکە ئامادەیە. جائەو بەتوندوتیژی یا نەخۆشی دەمرێت ئەمە جاری دیاری نەکراوە، بەڵکو پەیوەندی بەڕوودانی شتێکی ترەوە هەیە. ئاشکرایە کەپرۆسەکە دەگەڕێتەوە بۆ خاڵێکی دیاریکراوی دەستپێکردن.(٦)

سەیرکردنی جیهان لەدیدی میتافیزیقی ئەرستۆوە واتە بینینی جیهانێك كە لەگۆڕاندایە. هەریەشەی بەرەو بەدستهێنانی ئامانجێك دەبزوێ. کردار بەمەبەستی ئامانج لەشتەکاندا ئامادەیی هەیە. شتەکان لێرەوە دەێنەبوون و لێرەوە هەن. "درەختەکان گەڵا دەردەکەن لەبەرخاتری بەروبووم و رەگەکانیاندا بەناو زەویدا شۆڕدەکەنەوەو لەبەرخاتری گە شەدەکەن، ئاشکرایە كە ئەم جۆرە هۆیە (operative) لەشتەکاندا، ئەو شتانەی کەدێنەبوون و بەسروشت هەن".(٧)

لەبەرئەوەی ئینسانەکان بەشێکن لەسروشت و ئامانجیان هەیە، لەبەرئەوەی شتێك هەیە بەناوی جەوهەری ئینسان كە دەبێت هەوڵ بدەین پێی بگەین، گەر بێت و ئەم جەوهەرە بناسین، یا ئە هۆیەی فعال، (مؤثر) کاریگەرە (operative) لەئینسانەکاندا یاخود مەبەست و ئامانجی ئینسانەکان، ئەوا ئەوسا دەتوانین وەڵامی کۆمەڵێ پرسیاری سیاسی دەربارەی ئینسان بدەینەو، دەتوانین بزانین چۆن هەڵس و کەوت بکەین، کام داموو دەستگای سیاسی پێویستە بۆ بەواقیعی کردنی ئەگەرە ئینسانیەکانمان.

لەکتێبی "ئەخلاقی نیکۆماخی" (The Nikomachean Ethics)دا دەخوێنینەوە.

هەموو هونەرێك و هەموو لێکۆڵینەوەیەك، بەهەمان شێوە هەموو کردارێك و هەوڵێك، نیشانە لەچاکەیەك دەگرێتەوە، لێرەوە چاکە (The good) بەدروستی واپێناسەکراوە وەك ئەوشتەیە كە هەموو شتەکان چاوی لێدەبڕن "کەواتە گەر چالاکییەکانمان ئامانجێکیان هەبێت كە ئێمە دەمانەوێت لەبەرخاتری خودی ئەو ئامانجە، خۆ لەبەرخاتری ئەویش هەموو ئامانجەکانی ترمان دەوێ، گەر ئێمە ئیختیاری هەمووشتێك نەکەین لەبەر خاتری شتێکی دی" (ئەمە دەبێتە مایەی دووبارە بوونەوەیەکی هەمیشەیی بەو شێوەیەی کەمەبەستی ئێمە بێ ئامانج و بێ سوود دەبێت). کەواتە ئاشکرایە ئەم ئامانجە دەبێت چاکترین ئامانج بێت، باڵاترین چاکە. ئایا ئەم خود بەخودە ئەو مانایە ناگەیەنێت كە زانینی چاکە گرنگی خۆی هەیە بۆ ئێمە بۆبەڕێوەبردنی ژیانمان.(٨)

لەنێوان ئامانجەکاندا، ئەرستۆ ئامانجێك دیاری دەکا کە ئینسانەکان چاوی لێدەبڕن ئەویش بەختیاری (eudaimonia) یاخود چاك ـ بوون ـ ە(well - being).

چاکەی هەرشتێکی تایبەت چییە؟ بەدڵنیاییەوە بریتییە لەو مەسەلەیەی کە هەرشتەو هەمووشتێك لەبەرئەو بەئەنجام دەدرێن. لەزانستی پزیشکیدا ئەم شتە تەندروستییە، لەستراتیژیەتدا، سەرکەوتن ، لەبیناسازیدا، ساختمان، شتی جیاواز لەهونەرە جیاوەزەکاندا، بەڵام لەهەموو کردارێکدا ئەو مەسەلەیە بریتییە لەئامانج، چونکە لەبەر ئامانجەکە هەموو شتەکانی دی روودەدەن.

دەربارەی ئامانجی کردارەکانی ئینسانیش ئەرستۆ درێژە بەقسەکانی دەداو دەڵێ:

بەختەوەری "چاك - بوون"، لەهەمووشت زیاتر
ئەو ئامانجەیە، لەبەرئەوەی ئێمە هەمیشە
هەڵدەبژێرین لەبەرخاتری خودی خۆی، لەبەرهیچ و بۆ
هیچ هۆیەکی دی نا. بەختەوەری جیاوەزە لەشەرەف،
لەچێژ، لەتوانای عەقڵیو بەگشتی لەخاسیەتە
چاکەکان. ئێمە هەڵیان دەبژێرین بەشێك
لەبەرخاتری خۆیان، بەڵام بەدڵنیاییەوە
هەڵیاندەبژێرین لەبەرخاتری بەختەوەری خۆمان.
لەوباوەڕەوە کە رۆڵێکی گرنگ دەبینن
لەتەشویقکردن و گەیشتن بەبەختەوەری.(٩)

چاك - بوون یا بەختەوەری ناشێت شتێك بێ لەودیو سنورەکانی ژیانی ئێمەوە، لەبەرئەوەی هەموو ئامانجەکان کوورت دەبنەوەو ورد دەبنەوە بۆ ناو چالاکیو چاك بوون . ئەرستۆ لێرەدا سێ شێوەی ژیان دیاری دەکات. خەڵکانی گشتی سەرقاڵی زاوزێو بەدەست هێنانی چێژن، کەسانی ناوازە چاو لەچێژی مەدەنی، گشتی، دەبڕن و توێژێکی دیکەش هەن، فەیلەسوفەکان کە سەرقاڵی ژیانی عەقڵین.

ژیانێکی ویستراو دەبێت هەر لەسەرەتاوە ببێتە مادەی ئیمتحانێکی نەقدی (هەروەك چۆن لای سوکرات)، واتە بەکارهێنانی عەقڵ، لۆگۆس، ئەوەی لەئینساندا خاسیەتێکی بنەڕەتییەو لەرێوەی ئینسان دەناسرێتەوە بەکارهێنانی عەقڵە. عەقڵ چالاکییەکی ئینسانییە.

لۆگۆس کە لەرێوەی ئینسان لەئاژەڵەکانی دی جیادەکرێتەوە واتە عەقڵ، بەمانا لاتینیەکەی (ratio) بەڵام عەقڵ یانی چی؟ لۆگۆس (عەقل) کۆمەڵێ مانای هەیە

(قسه) گوتار (دیسکۆرس)، حیساب کردن، فۆرمیله کردن، torecko‌n، فاکولتی (واته عەقڵ وەك بەشێك بەرانبەر ئارەزوو و سومۆس (spirit)، گێڕانەوە،و ئنجا واتە گوزارەیەك. گەر سەیری ئەدەبیاتی ئەرستۆبکەین ئەو لۆگۆس بەم هەموو مانایانە بەکاردەهێنێ. تا کاتی ئەرستۆ لەیۆنانی کۆندا لۆگۆس چەند مانایەکی دەگەیاند سەرەکیترینیان وتەیەکی عەقلانی کراو، زمانێك وەك تەعبیرکردن لەفیکر وەك جیاکردنەوەی لەتەنیا دەربڕینی دەنگ، ئەرستۆ لەبەکارهێنانی عەقڵدا (لۆگۆس) مەبەستی هەموو ئەو رەهەندانەی ژیانی ئینسانە کە زمان گەیەنەرەکەیە، ئامرازەکەیە، لێرەوە لۆگۆس وەك گوتار (دیسکۆرس) خۆی تۆخ دەکاتەوە.

بۆ ئەوەی لەکاریگەری‌و بەرئەنجامی ئەم بەکارهێنانەی ئەرستۆ بۆ لۆگۆس تێبگەین دەبێت بپرسین ئەوشتە چییە کە مایەی جیاکەرەوە (differentiation)و خاسیەتی ژیانی ئینسانەکانە؟ ئەوشتەی لەرووی بنەڕەتییەوە ئینسانییە بریتییە لەژیان لەنێو شاردا، گەر ئاژەڵ سروشتی هەبێت، ئینسان ژیانی سیاسی هەیە لەرێگای گوتارەوە، واتە عەقڵەوە، هەمیشە بەژێر تاقیکردنەوەی عەقڵیدا دەڕوا، دیارە لەپاڵ بەشداریکردنی سیسیانەدا. ئەوە دەستەڵاتی عەقڵە کەئینسان جیادەکاوە، هەر ئەوەشە مایەی پرسیار کردن لەژیانی چاکتر، یا باشتر، ئەمەش خود بەخود هەم لەشاردا دەبێت‌و هەم پرسیاریشە لەخودی شار. پرسیاری" چۆن دەبێت بژین" لە هەناویدا پرسیارکردن لەشارو چۆنیەتی شارو چۆنیەتی بەرێوەبردنی شار لەگەڵ خۆهەڵدەگرێ، چونکە تەنیا خوداو ئاژەڵ لەدەرەوەی شار دەژین. هەرچی وەڵامێکیش بەدەست بهێنین ئەوا لەنێو گوتاردا دایدەرژێنەوە، ئەمەش واتا ئامانج (telos)ی خوازراو بۆ ژیانی ئێمە دەگۆڕێتە سەر مەبەشتێکی هۆشیارانە، لەدوا قۆناغدا واتە بەعەقڵی کردنی پرسیارو گەڕان بەدووی وەڵامدا.

چاکەی ئینسان لێرەدا وا خۆی بەیاندەکات وەك چالاکییەکی رۆح بەرمەبنای فەزیلەت (vrtue). لەیادمان بێت کە لەزمانی یۆنانیدا وشەی چاك واتە (agothos)، پیاوی چاك (agathos) ئەو پیاوەیە کە ئازایە، خاوەنی رۆحێکە کە گرنگی دەدا بەبواری مەدەنی‌و خاوەنی جێ‌و مەقامێکە لەبواری مەدەنیدا. بەڵام ئەرستۆ ووشەی (agathos) بەکارناهێنێ بۆ کەسێ کەشتەکان بەچاکی ئەنجام بدا، بەڵکو وشەی (spondaios) بەکاردەهێنێ، ئەو وشەیە لەرووی ئیتمۆلۆژیکییەوە واتە "جیدی - serious" راستگۆ یا پڕ لەحەماس. لێرەوە چاك بوون لەشتێکدا، چ لێدانی گیتار بێت یا هەرشتێکی دی، یاخودی ژیان، واتە وەرگرتنی ئەوشتەو ژیانیش بەجیدی. ئەوانەی ژیان بەجیدی وەردەگرن خۆیان جیدین، ئەمەش مانا ئەرستۆییەکەیەتی.

لای ئەرستۆ ژیانێك تەرخان كرابێت بۆ تێڕامانی فەلسەفیژیانێكی پڕ بەختەوەرییە، بەڵام بەختەوەرترین كەس ئەوكەسەیە كە ژیانی تەرخان كردووە بۆ تێڕمانی فەلسەفیو كرداری سیاسی. بەختیاری چالاكییە، ئەنجامدانی كرداری چاكو نەجیب. ئەرستۆ ناوی دوو كەسایەتی یۆنانی دەهێنێ وەك نمونەی كەسی بەختەوەر كە ژیانیان تێكەڵەیەك بوو لەتێڕامانی فەلسەفیو چالاكی سیاسی، ئەو دوو كەسایەتیەش: سۆلۆنو پێركلیس.

كاتێك تێگەیشتین كە ژیانی چاك تەنیا دەشێ لەشاردا (polis) فەراهەم بێت، ئەمە بەناچاری ئەو ئەنجامەمان دەداتێ كەسیستەمی سیاسی پێویستە بۆ فەراهەمكردنی چاكترین ژیان، لێرەوە پێویستە جارێكی دی چاو بەكتێبی "سیاسەت"دا بخشێنینەوەو كەمێك دوورو درێژتر لەسەر شار قسەبكەین.

شار جۆرێكە لەهاوكاری كردن، كۆمەڵە (association) یا جڤات (Koinonia – community) واتە كۆمەڵە كەسێك كە لەكۆمەڵێ بەهاو پرنسیپو شتو مەسەلەدا هاوبەشن. لای ئەرستۆ تاكە هاوكاریكردنێك هەیە كە لەوانی دی بەدەستەڵات ترەو زیاتر ئامانجو مەبەستەكان لەئامێز دەگرێت ئەویش هاریكاریكردنی سیاسییە. لێرەدا دەبێت بۆ چوونی ئەرستۆ جیابكەینەوە لەو بۆچوونە باوەی كە دەڵێت "دەوڵەت" تەنیا وەك ئامرازێك ئیش دەكا، ئامرازی دەستی كۆمەڵە تایبەتییەكان كە كۆمەڵگا پێك دەهێنن. جیاوازی نێوان دەوڵەتو كۆمەڵگا مەسەلەیەكی غەریبە بەئەرستۆ. شار ناشێت لەگەڵ دەوڵەتدا تێكەڵ بكرێنو بكرێنەیەك،و دەستەڵاتێكیش كە ئەرستۆ بەشاری دەدا هیچ پەیوەندییەكی بە سەربەخۆیی یاسایی <u>Juridical soveringnty</u>)یەوە نییە، ئەمەی دوییان بەشێكە لەوێناكردنی مۆدێرنانە بۆ دەوڵەت. شتراوس لەم ڕووەوە دەڵێت:

{ئەمڕۆ ئێمە كە قسە لەسەر "دەوڵەت" دەكەین، وا لەدەوڵەت دەگەین وەك شتێكی جیاوازو دژ لەبەرانبەر "كۆمەڵگا"دا، ئەمە لەكاتێكدا "شار" پێكهاتووە لەدەوڵەتو كۆمەڵگا. بەدیقەت تر بڵێین، شار دەگەڕێتەوە بۆ پێش جیاكردنەوەی كۆمەڵگاو دەوڵەت. نزیكترین ووشەی ئینگلیزی كە مانای شار بگەیەنێت بریتییە لە "the country" "ووڵات"، ئینسان دەتوانێ بڵێ "ولاتەكەم راستە یا هەڵەیە، بەڵام ناتوانێ بڵێ كۆمەڵگاكەم راستە یا هەڵەیە". شار دەشێ بەكاربهێنرێ وەك هاومانای "خاكی باووباپیران". لەگەڵ ئەمەشدا ناشێت جیاوازی نێوان

"شار"و "وولات" پشت گویٚ بخردریٚ.. ئەلتەرناتیڤی "شار" جۆرێکی تر نییە لە دەوڵەت، بەڵکو "عەشیرەت " یا "نەتەوە"یە وەك شێوەیەکی نزمتر لەشار. گەر نەڵێین شێوەیەکی بەربەری، کۆمەڵگایەك کە جیاوازو دژی شارە کە ناتوانێت شارستانێتیو ئازادی پێکەوە گریٚ بدات.. لەکاتێکدا بۆ هاونیشتمانیانی مۆدێرن هاومانای شار، یاموقابیلی شار بریتییە لەولات، ئەوا بۆکەسی تیۆریست (theoritieal man) ئەو موقابیلە بریتییە لەیەکێتی دەوڵەتو کۆمەڵگا کە خۆی دەگۆڕیٚ "بەکۆمەڵگایەك"و ئنجا "شارستانێتی"و"کلتور" (١٠)

شار وەك شێوەیەکی کۆمەڵەی ئینسانی نەك جیاوازە لەرووی جەوهەرییەوە لەکۆمەڵە پێش سیاسییەکان (خێزانو عەشیرەت)، بگرە جیاوازیشە لەفەرمانڕەوایەتی شا بەسەر عەشیرەتو خەڵکیدا. شار لەحوکمی شاهەنشاهی (kingship) جیادەکرێتەوە لەبەرئەو حەقیقەتەی کەشار بریتییە یان دەیەوێت ببێت بەهاوکاریکردنی ئینسانەکان کە دەیانەوێت ئازادو یەکسان بن. ئەم جیاوازییە جەوهەرییە. ئەم پێکەوە گرێدانەی ئازادی سیاسیو هونەری سیاسی بریتی نییە لە جەوهەری شار.

لای ئەرستۆ بۆ گەیشتن بەیەکێتی لەنێوشاردا، پەیڕەویکردن لەهەندیٚ رێگا وەك هەڵوەشاندنەوەی خێزانو موڵکداریو باوەڕ هێنان بەهاوبەش بوونی موڵکداری، ئەمانە هەر هەموو لای ئەو مەحاڵنو شوێنی رەتکردنەوە. هەڵوەشاندنەوەی خێزان لەجیاتی ئەوەی کە "هاوڕێیەتی"و رۆحی دۆستایەتی لەنێوان هاولاتیاندا بەهێزبکا، لەراستیدا دەبێتە مایەی لاواز کردنی هاوڕێیەتیو لەناوبردنی هەستی سەربەخێزانێك بوون، کۆمۆنیست بوونی، یا هاوبەشی بوونی بە کۆمەڵی موڵکداری، دەبێتە مایەی ئەو چێژە رەوایەی کە ئینسانەکان دەیبینین لەو شتانەی کە هی خۆیانە، ئنجا لەناوبردنی چاکەی ئازادی، بیٚ ئەوەی ئەمانە هیچی ئەو هۆیانە بنەبڕبکا کە دەبنە مایەی کێشمەکێشو دژایەتی لەسەر شمەکەکان شار نابێتو ناتوانێت هەولی ئەوە بدا کە ئەو یەکێتییەی بەرژەوەندی ناو قەبیلەو عەشیرەتو خێزان دروست بکاتەوەو یا چاوی لیٚ ببڕیٚ. شار لەهەمەچەشنەییو هەمەرەنگیەکەیدا، پێویستە پشت بە

پەروەردە ببەستێت بۆ بەدیهێنانی یەكێتییەكی هاوبەش، "(١١) یاخود لەرێگای كاریگەری هەریەك یا هەرسێ "فەلسەفەو خوو عاداتو یاسا".

هەڵەیەكی گەورەیە كە وابزانین كەشار تەنیا پێكهاتوە لەبەشداریكردنو كۆبوونەوە لەسەر خوانی شمەكو پێویستییە ماتەریاڵییەكان. شار لەكۆمەڵە یەكە كەپێك هاتووە، بەمانا بنەڕەتییەكەی ، لە كۆبوونەوەو هاوڕابوون لەسەر هەندێ راو بۆچوون لەمەڕ چاكەوە، یاخود دروست ترین شێوەی ژیان. شار لای ئەرستۆ بریتی نییە، وەك ئەوەی لیبرالیزمی مۆدێرن دەیبینێت، لەوەی كە جۆرێك بێت لەبەرەی (تحالف) نێوان ئەندامەكانیدا بۆ رێگاگرتن لەروودانی ناعەدالەتیو، بەرەیەك بێت بۆ فەراهەم كردنی ئاڵو گۆڕی ئابووریو یاساش گەرەنتۆر (زامنەكە) بێت، نا بەڵكو والەشار بگەین كە بوونی هەیە نەك تەنیا بۆ خاتری گوزەران بەڵكو بوونی شار بۆ خاتری ژیانێكی چاكو نەجیبو بەختیارە.

بەڵام ئامانجی شار بریتی نییە تەنیا لەفەراهەمكردنی گوزەران، بەڵكو رەخساندنی هەل و مەرجێ بۆ ژیانێ كە چاكە. گەر وانەبێت شار دەبێتە شوێنی كۆبوونەوەی كۆیلەو ئاژەڵەكان نەك ئینسانەكان، ئەمەش مەحاڵە چونكە كۆیلەو ئاژەڵ لە بەختەوەریدا هاوبەشی ناكەن،و لەژیانێكیشدا كە هەڵبژاردن لەخۆبگرێ بەشداری ناكەن.. مەبەستی شار هەروەها دەبێت لەوەزیاتر بێت كە تحالفێكی سەربازی بێت بۆ پاراستنی عەدالەت.. ئیدی بەڵگە نەویستە كە ئەوشتەی كە بەرەسەنی پێی دەگوترێت شار نەك تەنیا بەناو ئەوە ئەو شارەیە كە غەمی فەزیلەت (virtue) دەخوا. گەر وانەبێت دەبێتە كۆمەڵەیەك كە هیچ نییە جگە لەتحالفێكی سەربازی كە تەنیا لەرێگای شوێن و مەوقع و سنورداری جوگرافییەوە جیاواز دەبێت لەوتحالفانەی كە بەشەكانی بەشدار بوو لێك دوورن، لەهەل و مەرجێكی ئاواشدا یاسا تەنیا دەبێتە رێككەوتن، یا خود وەك لیكۆفرۆنی سۆفستائی دەیگوت: تەنیا "زامنێكی عەدالەت" كەناتوانێ كارێ بكا هاوڵاتیان عادلبن و چاك.(١٢)

کەواتە تەنیا لەشاردا ئینسان دەتوانێ ئەگەرەکانی تاقیبکاتەوەو ژیانێك بژی کە چالاکەو بەرمەبنای فەزیلەت. لەسەرەتاوە گوتمان شار حاڵەتێکی سروشتییە، بەلام ئەمە نابێت والێك بدرێتەوە وەك ئەوەی کە شار ئۆرگانێکی سروشتییەو خود بەخود گەشەدەکا شار خۆی لەخۆیدا گەشەناکا، شارەکان بەهۆی چالاکیو لەلایەن ئینسانەکانەوە دادەمەزرێندرێن. لەیادمان بێت هەندێ رەهەندی مرۆڤایەتی هەیە کە دژ بەشارو ئامانجی شارە.

ئینسان باشترین ئاژەڵە ئەوکاتەی کە دەستی بەگەشەکردنی تەواوی خۆی دەکا، بەلام لەهەمان کاتیشدا بەدترین ئاژەڵی ئاژەڵەکانە ئەوکاتەی لەیاساو عەدالەت جیادەبێتەوە.. ئینسان بەکۆمەڵەچەکێکەوە لەدایك دەبێ کە دەتوانێ بەکاریان بهێنێو لەخزمەت حیکمەتی عەمەلیو فەزیلەتدا، زۆر ئاسانە بۆی کە بەکاریان بهێنێ بۆ مەبەستو نیازی تەواو پێچەوانەی حیکمەتی عەمەلی. کەواتە ئینسانی بێ فەزیلەت بەر بەریترین بوونەوەرە نادروست ترین و بێ ئەخلاقترین و خراپترینیش دەربارەی مۆڵەتی سێکسو..

شار لەخۆیەوە گەشە ناکاو ناتوانێ بەئامانجەکانی بگا بەبێ چالاکیو حیکمەتی سیاسەتمەداران. لەرێگای بیناکردنو دامەزراندنەوەو بریارو هەڵبژاردنەوەیە کە ئینسانەکان دەتوانن تەجاوزی کەڵکەڵەو ململانێ وەحشییەکان بکەنو چاو لەمەدەنیەتێك ببرن کە دەتوانن پێی بگەن. شار دێتەبوون لەبەرخاتری ژیان، نەك تەنیا بۆ کۆمەك کردن لەبەدەست هێنانی پێویستییەکاندا، بەڵکو بۆخستنی ململانێکانی کە سەر هەڵدەدەن بۆ نێوچوار چێوەیەکی یاسایی. گەر فیکرو چالاکی ئینسان ـو ئنجا شارەکانیش، دابڕێن لەئامانجە ئەسڵییەکان، بێسوود دەبن، لەمەزیاتر بگرە دەبنە شوێنی مەترسی. گەر ئینسانەکان کاراکتەریان ترانسێند، بەجێ نەهێڵنو بەرزنەکەنەوە ئەوا بەرزترین خزمەتی نزمترین دەکا. تەجاوزکردنی سروشت لەلایەن مرۆڤایەتیەوە بەمانایەك هۆکارێکە بۆ رازیکردنو تێرکردنی سروشتی خۆی. سروشت لەهەردوو ماناکەدا لەدڵی ژیانی سیاسیدایە داکۆکی ئەرستۆ لەسروشتی بوونی شار دەبێت وابینرێت وەك وەلامێکی توند دژ بەسۆفستائییەکان کە پێیان وابوو کە شار پێچەوانەی سروشتەو لەسەر هێزەوە بیناکراوە ئەم

موجادەلەیەی سۆفستائیەکان، ئەفلاتوون لەهەردوو دایەلۆگی کۆمارو گۆرگیاسدا مامەڵەیان لەگەڵ دەکا. لێرەدا ئەرستۆ هاوڕای ئەفلاتوونە بەڵام رەخنەی خۆشی هەیە لەئەفلاتوون.

بەڕای ئەرستۆ، پێشنیاری سوکرات سەبارەت بەکۆمۆنیزم، هەڵەی ئەو گریمانکاریانە نیشاندەدا کە ئەو دەیانکا بەرامبەر بەسیاسەت. یەکێتییەکی توندڕەو زیاد لەپێویستی کە سوکرات خەونی پێوەدەبینێت، بەڕای ئەرستۆ، ئامانجێکی هەڵەیە، چونکە جیاوازییەکان لەناودەبا، ئەو جیاوازیانەی کە شار لەسەریان دامەزراوە شار نابێت هۆمۆ جینیۆس (متجانس)بێت، چونکە لەهەمەچەشنەیی (diversity) پێک هاتووە، یەك بوونی شار ئەو هەمەچەشنەییە وێران دەکاو بەمەش خودی شار وێران دەبێت، ئەوکاتەی شار دەبێتە یەك، یا یەك دەگرێ بەمانا سوکراتییەکەی، زیاتر دەبێت بەیەك کەس،و لەوحاڵەتەدا زیاتر لە خێزان دەچێ وەك لەوەی لەشار بچێ، فیکر دەبێتە شوێنی مەترسی بۆ ژیانی سیاسی ئەوکاتەی هەوڵ بدا کە کۆمەڵەیەکی ئاڵۆزی وەك شار سادەبکاتەوە. بابزانین شار بە چ مانایەك کیانێکی ئاڵۆزە.

لەکتێبی "سیاسەت"دا دەبینین کە شار کۆمەڵەی کۆمەڵەکانە، لەخێزان و کۆبوونەوەی خێزانەکانەوە هاتۆتە بوون و خێزانیش لەپەیوەندی پیاوو ژن و سەروەرو کۆیلە پێك هاتووە. لێرەوە ئەو هەمە چەشنەییەی کە شاری لەسەر دروستکراوە لەسروشتی ئینسانەکانەوە هاتووە، ئەوانەی کە بەرێگای جیاوازو هەمەچەشنەو بەپلەی جودا جودا گەشە بەتوانا فیزیکی و هونەری و فیکرییەکانیان دەدەن.

ئەم جیاوازییانەی نێوان ئینسانەکان کە بریتییە لەهەمەچەشنەیی شار، لەخێزانەوە سەرچاوە دەگرێ، ئەو خێزانەی کە کۆمۆنیزم لەناوی دەبا. هەروەها ئەرستۆ قسە لەپەیوەندی منداڵان و دایك و باوکان و لێك چوونیان دەکا، ئەو لێکچونانەی کە خێزانێك لەخێزانێکی دی جیادەکاتەوە. ئەو جیاوازیانە پێویستن بۆ پاراستنی هەمەچەشنەیی شار. ئەرستۆ پێی وایە گەر ئینسانەکان نەزانن دایك و باوکیان کێن، ئەو کۆمۆنیزمەی "کۆمار" هەوڵی بۆ دەدا بەڕای ئەرستۆ، ئەوان ناتوانن ببنە پاسەوان دژی ئەو تاوانانە بوەستنەوە کە رەنگە دژیان ئەنجام بدرێت یا خۆیان ئەنجامی بدەن.

**ئەمە چەند بەرئەنجامێکی تری خراپە کە ناشێ
دوورە پەرێزیان لێبکردرێت لەلایەن ئەوانەی کە
دەیانەوێت کۆمەڵەیەکی لەوشێوەیە دروست بکەن.
اهانە، مرۆڤ کوژی، چ بەمەبەستو چ بێ مەبەست،
دوژمنکاریو شێواندنی سومعە، ئەمانە زۆر ناپیرۆزن
گەر بێتو ئەنجام بدرێن دژ بەدایك یا باوك یاخزمان،
هەروەك چۆن ئەنجام بدرێن دژ بەکەسانی غەریبە.
لەگەڵ ئەمەشدا ئەو تاوانانە روو دەدەن گەربێتو
کاتێك خەڵکی نەزانن کێن کەسو کارو
خزمەکانیان. کاتێکیش روویاندا، ئەوانەی ئەو
پەیوەندیانە دەناسنەوە بەلانی کەمەوە جەزاکەی
دەدەن، کە عاداتو تەقالیدی ئایینی داوای دەکا،
گەر نەیناسنەوە ئەوا ئەوکارە ناکەن. (١٤)**

لەلایەکی دیکەشەوە کاتێك خێزانەکان لەلایەن شارەوە شوێنیان دەگیرێتەوە ئەوا ئیدی بەزەیی کار ناکا، هەستی بەزەیی خاسیەتێکی جیاکەرەوەی ئینسانە کە لەنێو خێزانەوە فێری دەبێت.

کەس لەرێگای کۆمەڵێ پەیوەندییەوە دەناسرێتەوە کە هەیەتی، کۆمۆنیزم ئەو شوناسانە خاپوور دەکا. کۆمۆنیزم لەهاورێیەتییە دەچێ کە ئەریستۆفانس لەدایەلۆگی "سیمپۆزیۆم"ی ئەفلاتوندا وەسفی دەکا، دوو عاشق ئارەزووی ئەوە دەکەن کەببنە یەك. لەپەیوەندییەکی لەم جۆرەدا، ئەرستۆ پێی وایە، "یا هەردووك، یا بەلانی کەمەوە یەکێکیان دەبێت لەناوبچێ.. چونکە ئەوکاتەی دەبن بەیەك ئیدی وەك دوو تاکە کەسی جیاواز بوونیان نییە.(١٥)"

مەسەلەیەکی دی کە شوێنی گرنگی پێدانی ئەرستۆیەمولکداریێتیە. هەبوونی چەند شتێك وەك مولکی خۆ جیاوازیەك دروست دەکا لەوەرگرتنی چێژێك کە لەوشتانەوە بەدەست دێن. نەك ئەم بەڵکو بوونی مولکداری تایبەتی نەك بەتەنیا بوونی هاورێیەتی مسۆگەر دەکا بەڵکو دەبێتە مایەی هاتنەکایەوەی فەزیلەتەکانی وەکو اعتدالو ئازادی.

پراکتیککردنی ئەم فەزیلەتانە گریمانکاری ئەو جیاوازییەدەکا لەنێوان ئەوشتەی کە مولکی کەسە لەگەڵ ئەوشتەی کە هی خەڵکانی ترە. گەر هەرکەسێ هەوڵ بدا

ئەم جیاوازیانە لەناوبەرێتو پێشنیاری کۆمۆنیزم بکا ئەوا بەرئەنجام هیچ نابێت جگە لەستەمکاری یاخود ئاژاوەیەك کە ئەوسەری دیار نەبێت. لێرەدا پێویستە بڵێین کە ئەمە تەفسیری ئەرستۆیە بۆ کتێبی "کۆمار"ی ئەفلاتوون، بۆ چونێکی تریش هەیە کە تەواوو پێچەوانەی تەفسیری ئەرستۆیە لەوانە لیوشتراوسو ئالان بلۆم کەتەواو دژی ئەم تەفسیرەی ئەرستۆن.

گوتمان کە ستەمکاری بەدترین سیستەمی سیاسییە چونکە رێگە دەگرێت لەگەشەکردنی ئەگەرەکانی ئینسان. وەك دیمان لەناو چوارچێوەیەکی گونجاوی شارێکی چاکدا ئینسانەکان دەتوانن دەستیان بەمەزنی بگا، بەڵام ژیان لەدەرەوەی شار یا لەناوشارێکی فاسددا لەڕووی سیاسییەوە، وەك ستەمکاری فارسی، ئینسانەکان ناتوانن کامڵ بن.

ئەرستۆ سیاسەت ناودەبا بە "سەرووەرترین هونەر"، ئنجا مادامێکیش ئامانجەکەی بریتییە لە "چاکەی ئینسان" کەواتە ئەو کەسانەی کە لەژیانی سیاسیاندا سەرکەوتوون ئەوانە بە بەرزترین چاکە شاد دەبنو بگرە مەزنییەك کە درێژە دەخایەنێت. بەهادارەکە ئامانجی ئینسانێك بەدی بهێنرێ، بەڵام چاکترو مەزنترەو بگرە خودایی ترە گەر بێتو ئەو ئامانجو چاکەیە بۆ نەتەوەیەك یا شارێك بهێنرێتەدی(١٦) ئەرستۆ بەپێچەوانەی لیبرالیزمی مۆدێرنەوە، باوەڕی بەهونەری سیاسەتێك هەبوو کە چاو لەدروستکردنی "کاراکتەر" ببڕێت، وە هەر رێکخستنێکی سیاسی کە خۆی سەرقاڵی وەزیفەی نێگەتیڤانەی پاراستنی کەسەکانو موڵکداری بکا، لەراستیدا سیاسەت نییە، چونکە سیاسەت واتە سەرقاڵ بوونو دەرگیری بوون لەگەڵ غەمی هێنانەکایەوەی مەزنێتی ئینسان (human excellence) (یۆنانییەکەی arcte)، بەدەست هێنانی ئەو هەلو مەرجو ئەو حاڵەتە دەبێتو وەزیفەی شاربێت یا دەوڵەت، بێ لەم ئامانجە کۆمیۆنتی یان جڤات، کۆبوونەوەی خەڵك تەنیا دەبێتە تەحالفێك، هاوپەیمانێتییەك. بەرای ئەرستۆ سروشت رۆڵێکی پۆزەتیڤانەو گەورەتری بەشار بەخشیوە ئەویش گەشەپێدانی ئەگەرەکانی ئینسانەکان، ئەگەری گەیشتن بەکامڵ بوون، ئەگەری گەیشتن بەو شتەی کە چاکە، جوانە، مەزنە.

شوێنی سیستەمی ستەمکاری لەم وێنە، ئەرستۆییەدا لەکوێدایە؟

ستەمکاری ئەو سیستەمەیە کە ئازادی کەسو ئەگەرەکانی کەس پایەماڵ دەکا، هەلو مەرجێکە کەتێیدا لە جیاتی پەروەردەکردنی ئەو ئەگەرانە، تیرۆرکردنیان مسۆگەرە، تێیدا ئینسان ناچار دەکرێت بەکەمترین شتو بەنزمترین رۆڵ رازی بێت. سیستەمێکە توندو تیژیو رەقی فەرمانڕەوایە. ئەم رژێمە پایەماڵ کردنی رێکخستنی

سروشتییەو ڕێگرە لەبەردەم گەشەکردنی فیکریو ئەخلاقیو بە مەزنایەتی گەیشتن لای ئینسان. سیستەمێکە لەئینساندا جوانترین شت دەکوژێ کە بریتییە لەکەڵکەڵەی گەشەکردن بەئاراستەی گەورەییو بەمەزنایەتی گەیشتن. ئەو دەڵێت کە "بەسروشت بەرژەوەندیو عەدالەتێك هەیە کە گونجاوە لەگەڵ فەرمانڕەوایەتی سەروەر، دانەیەکی دی فەرمانڕەوایەتی شاهانە، دانەیەکی دی بۆفەرمانڕەوایەتی دەستوری، بەڵام هیچ شتێکی سروشتی نییە بۆ فەرمانڕەوایەتی ستەمکاری، یا هەر سیستەمێکی فاسدی ترو شێوەی حکومەتی لەم جۆرە، ئەم ڕژێمانە (واتە ستەمکارانە) هاتونەتە بوون بە پێچەوانەی خواستی سروشتەوە. (١٧)"

گەر ئامانجێکی شارێکی حەقیقی بریتی بێت لەژیانێکی چاك، ئەوا ئامانجی ستەمکاری لەباشترین حاڵەتدا بریتییە لەتەنیا گوزەرانو ژیانو مانەوە، تەنانەت مانەوەش لەژێر سایەی ئەم سیستەمەدا لەژێر مەترسیدایە.

گەر سیاسەتمەدارەکان لەشاری حەقیقیدا "تەشویق بن بۆ ئەنجامدانی کاری مەزن" ئەوا لەستەمکاریدا هەوڵدەدەن بۆ پاراستنی خۆیانو دابین کردنی ئارەزوو و پێویستییە خود پەرستانەکانیان. ئەرستۆی فەیلەسوفو حەکیم تا ئەوشوێنە دژ بەستەمکاریو ستەمکارەکانە کە دەڵێ "شەرەفێکی گەورە بەو کەسە دەبڕدرێ کەستەمکارێك بکوژێ"(١٨).

لای ئەرستۆ چ ستەمکارەکانو چ سیستەمە ستەمکارەییەکان بێ ئاگان لەژیانێك کە لەلایەن عەقڵەوە ڕێنومایی دەکرێت. ئەو ژیانەی کە سروشت دەیخوازێ، ئەوان لەلایەن غەریزەوە ڕێنومایی دەکرێن. "ستەمکارەکان لەکازیوەوە کە ڕۆژیان دەست پێدەکەن، هەموو ڕۆژەکە لەغەرق بوون لەشەهوەتدا دەیبەنەسەر" و "تەشویقی ڕەعیەتیش دەکەن کە پەیڕەوی لەئازادییەکی فاسدو بەد بەکەن"(١٩) ئەمەش واتە تەشویقکردنی جەماوەر (maltitude - masses) بۆ بوون بەکۆیلەی ئارەزوو و غەریزەکانیان. لای ئەرستۆ "ئارەزوو ئاژەڵێکی کێوییەو عەقڵی فەرمانڕەواکان فاسد دەکا"(٢٠) لەبەرئەوەی چ ستەمکارو چ ڕەعیەت لەلایەن ئارەزووەوە لێدە خورڕدرێن، ستەمکاری کە هیچ سنورێك ناناسێ ئەگەری ئەوەی هەیە کە هەرکارێکی بەدو لەخەیاڵ بەدەر ئەنجامبدا. ئەرستۆ دەڵێ: "ڕاستییەکەی ئەوەیە کە گەورەترین تاوان بەهۆی زیادە ڕۆییەوە ئەنجام دەدرێت نەك پێویستی"، کەواتە ستەمکاری تاوانێکی گەورەیە نەك بەتەنیا دەرهەق بەهاونیشتمانیان بەڵکو دژ بەسروشتیش، گەر شاری چاك ڕێکخستنێکی سروشتی بێتو چاو لەژیانی عەقڵی ببڕێت، ئەوا ستەمکاری هەواو کەشێکی ناسروشتییەو، لاقە (اغتصاب) کردنی هەموو بەهرەو تواناکانی مرۆڤە،و تەنیا دەغدەغەی بەدترین شت لەئینساندا دەکا. ستەمکاری

دەرگاخستنە سەرپشتە لەبەردەم ئارەزووە کیوییەکاندا، ئەو ئارەزووانەی کە سنور ناناسن، ئەو ئارەزووانەی لەدەست جڵەوی عەقڵ هەڵاتوون، ئیدی لەژێرسایەی ئەم سیستەمەدا دەبێت چاوەڕوانی هەموو شتێك بکەین، ئەوسیستەمە بەرجەستەبووی ئیرۆسە، ئەوسیستەمە عەدەمیەتێکی تەمام عەیارە چونکە تێیدا هەمووشت رەوایە، چونکە تێیدا عەقڵ تیرۆر کراوە.

لەکتێبی سێهەمی سیاسەتدا، ئەرستۆ دەست دەکاتە قسەکردن لەسەر سروشتی هاوڵاتێتی (citizenship)، بەدوایدا جۆرەکانی رژێمو جیاوازی نێوانیانو ئیدعاکانیان بۆ عەدالەتی سیاسی. هاوڵاتی بریتییە لەو کەسەی کە بەشداری دەکا لەحوکمداو ئنجا حوکم دەکرێ. هاوڵاتی لەبەڕێوەبردنی عەدالەتدا بەشداریدەکا، لەکاروباری شاردا رۆڵی خۆی هەیە، هاوڵاتی چاك دەبێت بزانێت "چۆن وەك ئینسانی ئازاد حوکم بکاو چۆنیش وەك ئینسانی ئازاد گوێ رایەڵ بێت" .

شوناسی شار لەو کەسانەوە سەرچاوە دەگرێ کە هاوڵاتی ئەوشارەن (politia). بەشێوەیەکی گشتی هاوڵاتی دەشێ واپێناسە بکرێ وەك ئەوەی ئەوکەسەیە کە بەشداری دەکا لەپرۆسەی بڕیارداندا، یاخود بەشی خۆی هەیەو رۆڵی لەفەرمانڕەوایەتیکردندا، جیا لەرێگای بەفعلی بوونی پۆست یا ئۆفیس یاخود بوونی مافی دەنگدان لەبواری مەدەنیداو لەئەنجومەنەکاندا،و "ئەوەی زۆرتر کاریگەرترە لەجیاکردنەوەی هاوڵاتی لەهەموو شتێکی دی بریتییە لەبەشداریکردنی لەحوکمدان (judgement)و وەرگرتنی پۆستێکدا."(٢١)

هاوڵاتی بوون بەناچاری لەدەستورێکەوە بۆ دەستورێکی دی جیاوازە لەبەرئەم هۆیە پێناسەی ئێمە بۆ هاوڵاتی زیاتر بەسەر دیموکراسیدا دەسەڵاتیو بۆ ئەو دەستورە گونجاوە، رەنگە گونجاویش بێ بۆ دەستورەکانی دی بەڵام مەرجیش نییە. چونکە لەهەندێ دەستوردا جەستەیەك نییە کەپێك هاتبێت لەخەڵکی یاخوود ئەنجومەنێك بوونی نییە، تەنیا کۆبوونەوەی ناوبەناو نەبێت،و رەنگە عەدالەتیش ئیدارە بکردرێ هەرشتە بەپێی خۆی.. بەڵام دەشێ پێناسەکەمان بەسەر دەستوورەکانی تریشدا بچەسپێ.. بەلەبەرچاوگرتنی ئەو خاڵانە، ئاشکرابوو کە هاوڵاتی کێیە. هەرکاتێك کەسێك بووە خاوەنی مافی

بەشداریکردن لەپۆست یا ئۆفیسدا، هەبوونی مافی مشاوەرەکردن، یاخود مافی بەشداریکردن لەکاروباری قەزائی، ئێمە ئەوکەسە بەهاوڵاتی ئەو شارە دەناسینەوەو ژمارەی ئەو کەسانە کە هێندە زۆربن تا بتوانن ژیانێکی خود ـ کەفا بۆخۆیان دابین بکەن ئەوا بەو کۆمەڵەیەش دەڵێن شار.(٢٢)

سیاسەت بریتییە لەناونان، پێناسەکردن،و توانای حوکم کـردن، کـە روودەدا لـەو رەوتەدا کە لـەرێگای ئـەو کردەوانـەوە دادەمـەزرێ. لەدواشـیکردنەوەدا، هـاوڵاتێتی وەزیفەی رژێمە، ئەوکەسانەی کە هاوڵاتی دیموکراسین مەرج نییە وەکـو ئـەوان وابـن کەلەژێر سایەی ئۆلیگارشیدا دەژین. لێرەوە، شوناسـی شـار لـەدوا قۆنـاغدا لەلایـەن تایپی ئەو رژێمەوە دیاریدەکرێ کە هەیەتی، نەك جوگرافیا یـا هـەر فاکتـەرێکی دی. رژێمیش بریتییە لەچۆنیەتی رێکخستنی شار. رژێـم رەنگدانـەوەی واقیعـە سیاسـییە بنەڕەتییەکانـە، پـەیوەندی دەسـتەڵاتدارێتی، و پـەیوەندی گروپـە جیاوازەکـان کـە شـارێ پێـك دەهێنـن، بەمانایەکی دیکـەش کلاسـی لـەرووی سیاسـییەوە خـاوەن دەستەڵات، جەستەی حوکم کەر ئەوشتەیە کە پێی دەڵێن رژێم.

لەسەرەتادا ئاماژەمان بەجۆری رژێمەکان دا، لێرەدا وەك بیرهێنانـەوە ئـەمجارە دەڵێین کە ئەرستۆ شەش جۆر رژێم دیاریدەکا: شاهەنشاهی کە بریتییـە لـەو شێوە حوکمەی ـ یەك ـ پیاو یـا فەرمانڕەوایـەتی شـا، ستەمکاری کـە شـێوەیەکی فاسـدی حوکمـی شاهەنشـاهییە، فەرمانڕەوایـەتی چـەند کەسـێك کـە دەشـێ یاشـێوەی ئۆرستۆکراسی بگرێتە خۆی، بۆیەشە پێی دەگوترێـت ئۆرستۆکراسـی لەبـەر دووهـۆ: چاکـترین کەسـی فەرمانڕەوایـەتی دەکـەن، یـاخود چاکـترین کەسـەکان لەفەرمانڕەوایـەتی کردنـدا چـاو لەباشـترینو چاکـترین شـت دەبـڕن بۆشـار، فەرمانڕەوایەتی چەند کەسێك دەشێ شێوەی ئۆلیگارشی لەخۆبگرێ کە شـێوەیەکی فاسدی ئۆرستۆکراسییە؛ ئنجا فەرمانڕەوایەتی کردنی زۆربە کە فاسدترین شێوەی بریتییـە لـە دیموکراسـیو باشـترین شێوەشـی دەشـێت ناوبـبرێت بـەرژێمی (politiea ــ polity) حوکمـی دەسـتوری، وەك دەبینـین سـتەمکاری شـێوەیەکی فاسدی حوکمی شاهەنشاهییە.

یەکـەم شـتێك کـە دەبێـت دەربـارەی سـتەمکاری بـیزانین ئەوەیـە کەسـتەمکاری وەزیفەی خێزانو شار بەسەریەکدا دەشێوێنێ. لەگەشەکردنو گەورەبوونی ئینساندا وەزیفەی خێزان بریتییە لەفەراهەم کردنی ژیانو پێویستییەکانی ژیان تا دوای ئـەوە

ئینسان بیر لەکارە سیاسیو عەقڵییە گەورەکان بکاتەوە کە خۆی بواری مەدەنی پێك دەهێنن. مەبەستو نیاز لەخێزان ژیانە نەك ژیانی چاك. لێرەوە ئەرستۆ ئابووری بەنۆکەری سیاسەت دەزانێ، بەڵام بەڕای ئەرستۆ ستەمکاردێتو هەموو وەزیفەکان بەسەریەکدا دەشێوێنێ، شوێنی شتەکان دەگۆڕێ، ئەوەی سیاسییە لەسیاسەت دایدەبڕێ، هاونیشتمانێتی، بەشداریکردن لەسیاسەتدا، ئەنجومەنەکان، توانای بڕیاردان، هەرهەمووی شوێنو وەزیفەیان دەگۆڕێ، سیاسەت لەهونەری فەرمانڕەوایەتی کردنو بەشداریکردن لەکاروباری مەدەنییەوە دەگۆڕێتە سەر ڕێکخستنی خێزان، واتە ئابووری. لێرەوە لەستەمکاریدا خۆری سیاسەت ئاوادەبێتو شەوی یەڵدای ئابووری دەست پێدەکا.

لای ئەرستۆ سامان (wealth) هۆکارە بۆ گەیشتن بەئامانج، نەك خۆی لەخۆیدا ئامانج بێت. کاتێك کە سامانو کەڵەکەکردنی سامان بێتە ئامانج ئەوە هەڵەیەکی ئەخلاقی گەورەیە، چونکە لەبیرکردنی ئامانجە سەرەکییەکەی ژیانە، واتە هەبوونی ژیانێکی چاك، بەڵام کاتێك ئینسانەکان ئەم پێویستی بوونە وەك هۆکار تێکەڵ بەپێویستی بوونی موتڵەق دەکەن، خۆیان تەسلیمی هۆکار دەکەن نەك ئامانج. ئێمە دەزانین چێژ پێویستە بۆ بەختەوەری بەڵام کاتێك چێژ دەبێتە ئامانج، ئینسانەکان تەسلیمی چێژ دەبنو تەنیا وێڵی چێژ دەبن، چێژ دەبێتە ئامانج، لەم ڕێگەیەشەوە ئینسانەکان دەبنە کۆیلەی چێژ، هەر بەم شێوەیەش دەبنە کۆیلەی سامان.

هەندێ خەڵك لەوباوەڕەدان کەزیادکردن (زیادکردنی سامانو موڵکداری - وەرگێڕ) وەزیفەی خێزانو بەڕێوەبردنی خێزانە.. هۆی ئەوەی کە خەڵکی ئەم ئایدیایە لەسەریاندا پەروەردە دەکەن ڕەنگە ئەوەبێت کە ئەوان بەپەرۆشن بۆژیان، بەڵام نەك ژیانێکی چاك، لێرەوە ئارەزووی ژیان بێ سنوور دەبێت، ئارەزووی زۆرترین بڕیش دەکەن تا بەردەوام بن. هەندێکی دی، لەکاتێکدا چاو لەژیانێکی چاك دەبڕن، هەوڵ دەدەن دەستیان بەوشتە بگا کە بنەڕەتییە بۆچێژی جەستە ئەمەش وادەردەکەوێ کەپشت بەهەبوونی موڵکدارێتی ببەستێ، هەموو چالاکییەکانیان لەدەوری بیزنسو بەدەستهێنانی شمەك دەخولێتەوە.. ئەم خەڵکە هەموو مەهارەت دەگۆڕنەوە سەرمەهارەتی بەدەست هێنانی شمەك، وەك ئەوەی کە ئەمە ئامانج بێت، هەمووشتەکانی دی دەبێت خزمەتی ئەم ئامانجە بکەن.(٢٣)

لای ئەرستۆ "کۆیلایەتیە کە تەنیا ئارەزووی ئەوەبکەین کە بژین، لەجیاتی ئەوەی کە چاك بژین، کۆیلایەتییە کەدوای راو و سەرنجی زۆربە بکەوین لەجیاتی ئەوەی کە ناچاریان بکەین گوێ لەڕای ئێمە بگرن یا وێڵی پارەبین‌و هیچ غەمێك‌و بیرێکمان نەبێت لای ئەوشتەی کە مەزن‌و نەجیبە".

ئەرستۆ ئەوە ناشارێتەوە کەبێزی لەبازرگانی دەبێتەوە، هەموو کۆبوونەوەیەکی بازرگانی یا ئابووری لەشار جیادەکاتەوە وەك سیستەمێکی سیاسی، بەومانایەی کە شار ئامانجەکەیەو خۆشی هۆکارێکە بۆ گەیشتن بەژیانێکی چاك. ستەمکار ئەم موعادەلەیە دەشێوێنێ‌و شار لەبنکەیەکی سیاسییەوە کە تێیدا بەحەقیقەت بوونی خۆی دەگا، دەگۆڕێتە سەر بنکەیەکی ئابووری‌و کەڵەکە بوونی سامان دەکاتە ئامانجی ژیان کە ئەمەش لای ئەرستۆ دەست درێژی کردنە بۆ سروشت. لێرەوە ستەمکار ئەوکەسەیە کە بەوشێوەیە لەگەڵ شار مامەڵە دەکا وەك ئەوەی کە خێزان بێت، وەك کۆمەڵەیەکی ئابوری لێی دەڕوانێ کە ئامانجی سەرەکی بەدەستهێنانی سامانە. لەرووی سیاسییەوە ئەمە ستراتیژیەتێکی تری ستەمکاری‌و ستەمکارە بۆرێگە گرتن لەهاولاتیان تابیر لەپرسیارە سیاسییە جیدییەکان نەکەنەوە، دروستکردنی حاڵەتێکی ئەوتۆ کە سەرجەم خەڵکی سەرقاڵی کاربن‌و هەمیشەش لەکڵۆلێدا بژین. ژیانی ئابووری‌و غەرق بوون لەژیانی ئابووریدا دەبێتە مایەی پووکانەوەی ژیانی سیاسی کە ژیانە بنەڕەتیەیەکەیە. بەزمانی هانا ئارێنت ئەمە داگیرکردنی بواری مەدەنی (public)ە لەلایەن بواری شەخسی یا تایبەتەوە (private). یەکێك لەمەرجەکانی بوونە مرۆڤ‌و ئازادبوون بریتییە لەتوانای بڕیاردان‌و بەجێهێنانی بڕیارو بەهرەی حوکمدان، وەك هاولاتییەکی شار، بڕیاردان‌و حوکمدان دەربارەی ژیانی چاك‌و چۆنیەتی جێبەجێکردنی.

تا ئەوشوێنەی باشترین دەستوور شوێنی مەبەست بێت، هاولاتی ئەو کەسەیە کە دەتوانێ فەرمانڕەوایەتی بکاو دەتوانێ فەرمانڕەوایەتی هەڵبژێرێ‌و، فەرمانڕەوایەتی بکرێ لەو دیدەوە بۆ ژیان کە بەپێی فەزیلەتە.(٢٤)

بڕیاردانی سیاسی کە لەچەند قەنەواتێکەوە بەئەنجام دەگەیەنرێت لەوانە ئەنجومەنەکان لای ئەرستۆ رەهەندێکی گرنگ لەخۆدەگرێ ئەویش حیکمەتی عەمەلییە (phronesis).

ئەو قەناعەتە هەیە کە کەسی حەکیم ئەو کەسەیە
دەتوانێ بڕیاربدا بەشێوەیەکی دروست لەسەر ئەوشتەی
چاکەو بەسوودە بۆخۆی، نەك سەبارەت بەشتی جزئی،
وەکو چی باشە بۆ تەندروستی‌و لایەنی فیزیکی، بەڵکو

**ئەوشتە چییە کە پێویستە بۆ ژیان بەشێوەیەکی گشتی.
نیشانەی ئەمە ئەوراستییەیە کە ئێمە خەڵکانێك
بەحەکیم ناو دەبەین کاتێك توانیان حیساب بۆ چەند
ئامانجێکی جیدی بکەن (لە دەرەوەی بواری هونەر)
هەروەها بەشێوەیەکی گشتی ئەو پیاوەی کە بتوانێ
بڕیاربدا ئەوە حەکیمە. (٢٥)**

حیکمەتی عەمەلی بەشێوەیەکی گشتی واتە مەعریفەی ئامانجە گونجاوەکانی ژیانی مرۆڤ، لەگەڵ زانینی هۆکارە ئەخلاقیو سیاسییە گونجاوەکان بۆ گەیشتن بەو ئامانجانە.

لەسیستەمی ستەمکاریدا دانیشتوان توانای پرسیارکردنی حیکمەتی عەمەلی لەدەست دەدەن، توانای بڕیاردانو بەهرەی حوکمدانیان کاڵ دەبێتەوە لەمەڕ پرسیارو کێشە گرنگەکانی ژیانەوە (لەدونیای مۆدێرن ئەمە دووبارە دەبێتەوە). لەناوبردنی ئەم توانایەو لەبیرکردنی پرسیارە گرنگەکەی "ژیانی چاك چییە؟" لەسیستەمی ستەمکاریدا بەدوایدا زنجیرەیەك کێشەی تر دەهێنێت لەوانە دانیشتوان ئیدی پرسیار ناکەن کە ئایا ئاڵتەرناتیڤی دی هەیە بۆ وەزعی هەنووکە. نەك دانیشتوان ئیدی پرسیار لەکێشە سیاسییەکان ناکەن بەڵکو ئیدی هەر هەموو لەجیهانە بچووکە تایبەتیەکەی خۆیاندا زیندانی دەبن، بەڵکو هەستی هاوبەشی، هەستی بیرکردنەوە لەکۆمەڵو جڤات، بەرەو کاڵ بوونەوە دەڕوا.

لەحاڵەتە سروشتییەکەدا ئینسانەکان لەجڤاتی سیاسیدا دەژین لەسەر بناغەی هاوڕێیەتییەوە ئەمەش دەبێتە مایەی زاڵ بوون بەسەر تەنیایداو گەشەکردنی بەهرەو تواناکانی مرۆڤ.

**خۆش ویستنی هاوڕێ، واتە خۆش ویستنی شتەکانی
خۆ. لەبەرئەوەی دی، کاتێك پیاوێك دەبێتە هاوڕێی
پیاوێکی دی، دەبێتە چاکەی ئەوی دی، بەم شێوەیە
هەریەکە چاکەو شی خۆی خۆش دەوێت،و ئەو
پاداشتەش دەداتەوە کەلەوی ترەوە بەدەستی گەیشتوە
لەرێگای ئاواتخواستنی چاکەوە بۆ ئەوی دیو
دانی چێژ پێی. عیبارەتێك هەیە دەڵێت "بەتەنگەوە
هاتن بەشداریکردنە" ئەم خاسیەتانەش خاسیەتی
هاوڕێیەتی پیاوە چاکەکانن.**

گەر ئەمە حاڵەتە سروشتییەکە بێت، ئەوا ستەمکاری حاڵەتە ناسروشتییەکەیە. ستەمکاری کارێك دەکا کە "بەتەنگەوە هاتن" وەك هەستێکی نەجیبی ئینسانەکانی ناوشار لەناوبچیٚ، جڤات بتوێتەوەو ئینسانەکان نەك تەنیابن بەڵکو پەیوەندییەك لەنێوانیاندا دەخولقێنیٚ کە پەیوەندییەکی ستەمکارانەیە، نەك هاوڕیٚ نابن بەڵکو دەبنە ستەمکار بەسەریەکترەوە، نەك بەتەنگەوەهاتن کاڵ دەبێتەوە بەڵکو ترس ئەمجارە دەبێتە فەرمانڕەوای نێو پەیوەندییەکان. لێرەوە ستەمکاری ئەو سیستەمەیە کە تێیدا هەستی کۆمەڵ بوون، سەر بەکۆمەڵەو جڤات بوون، هەستی هاویەشیو بەتەنگەوەهاتن دەمرێت. لەجیاتی هاوکاریو هاوغەمیو هاودەردیو پێکەوە بیرکردنەوەو گفتوگۆ کردن لەسەر باشترین ژیان، پەیوەندییەکان شێوەی خودپەرستی، بەکارهێنانی یەکتر، دوژمنایەتی، گومانکردن،و ئنجا تەنیایی موتڵەق لەخۆدەگرن. لێرەوە شارێك سەرهەڵدەدا کەشاری کەسە ئازادەکان نییە، بەڵکو شارێکە کە تێیدا پەیوەندییەکان دەبنە پەیوەندی سەروەرو کۆیلە، یەکێك بێزی دێتەوە، ئەوی دی حەسوودی هەیە، شارێك کەتێیدا هاوڕێیەتیو هاوڕێی چاك دەگمەن دەبێت، تێیدا خۆری بەتەنگەوە هاتن ئاوا دەبێتو شەوی بوغز باڵی بەسەردا دەکێشیٚ.

بەندی چوارەم

کۆڵەکەکانی ستەمکاری: ترس، عەشق، خووی پەرستن و گۆشەگیری
خوێندنەوەی دوو کتێبی مۆنتسیکیو
"رۆحی یاساکان" و "نامە فارسییەکان"

پێشەكی:

لەنێو ژمارەیەكی كەمی بیریارەكان، ئەوانەی لەپشت ریشەكانی ترادسیۆنی لیبراڵەوە وەستاون، وەك هۆبزو سپنۆزاولۆك، شوێنی مۆنتسیكیو جێی گومان نییە. كۆمەڵێ چەمكو ئایدیا كە ئەمرۆ بەشێكن لەقاموسی سیاسیو بوونەتە هەستی هاوبەش (Common Sense) داهێنانی مۆنتسیكیون، مۆنتسیكیو بیریارێكی مۆدێرنتی سیاسی بوو بەپلەی ئیمتیاز.

لەكتێبە گرنگەكەیدا، "رۆحی یاساكان"، ئەو جەغد دەكاتە سەر حەماسەتی رۆحی مەدەنی public یاخود فەزیلەتی مەدەنی public virtue كە هۆكارێكی زیندوو راگرتنی جڤاتە (Community). تێگەیشتنی كلاسیك بۆ فەزیلەت تێگەیشتنێكی نا ـ ئیگالیتاری ـ نا ـ یەكسانی خوازی ـ بوو: فەزیلەت كۆمەڵێ داواكاری دەخستە بەردەم ئینسانەكان، ئەوانەی كە یەكسان نەبوون، كە یەكسان بوون چ لەتواناو چ لەمەوقعدا، و لەرێگای داوو پێنك ـ ستانداردی ـ فەزیلەتەوە عادل ترین شێوەی حكومەت وا دەردەكەوت كە بریتی بێت لەئەرستۆكراسی، مۆنتسیكیو پێی وابوو كە راستی فەزیلەی كەشف كردووە لەسیستەمی كۆماریدا (Republic) كە ئەو سیستەمە پراكتیكی دەكا، وەك دژە بۆچونێك لەمەڕ فەزیلەتەوە بەو شێوەیەی كە فەیلەسوفەكانی كلاسیك لەفەزیلەت گەیشتبوون. مەبەستێش لەسیستەمی كۆماری واتە سیستەمی دامو دەستگاو یاساكان. مۆنتسیكیو لەلایەكی دیكەوە غەمی ئەوەی دەخوارد كەسیستەمێ یا كۆمەڵگایەك دابمەزرێندرێ كە ئەمرۆ ژانە ناو ریزدەكرێ وەك "كۆمەڵگایەكی مرۆڤدۆستانە" (humanized). لەراستیدا لەگەڵ مۆنتسیكیوو بەهۆی مۆنتسیكیووە بوو كە "مرۆڤایەتی" (humanity) وەك چەمكو ئایدیایەك شوێنی چەمكو ئایدیای مەسیحیانەی "خێر" (charity)ی گرتەوە وەك چەمكێكی سەرەكی لەگوتاری سیاسیدا. ئەو دەیویست ریشەكانی ئەم سۆزو حەماسەتە، مرۆڤایەتی، بخاتە بەر رووناكیو ئەو هەلو مەرجە سیاسیانەش بدۆزێتەوە كە دەبنە مایەیپاڵپشتو برەو پێدانی ئەم سۆزو حەماسەتە، مرۆڤایەتی. هەروەها پرسیاری

"ئازادی ئینسان" چییە، کامە سیستەمی سیاسی دەتوانێ ئەم ئازادییە فەراهەم بکا، مەبەستی سەرەکی "ڕۆحی یاساکان"ە.

فەلسەفەیەك کە لەپێشەکی کتێبی یەکەمی "ڕۆحی یاساکان"دا ناسێنراوە دوو ئامانجی هەیە: تێگەیشتن لەهەمە چەشنەیی یاسا ئینسانییەکانو عورف (moris) (یاسا نەنووسراوەکان)، وە ئامانجی دووەم، کۆمەك کردنی هەر حکومەتێ کە گوێ لەراوێژی بیریارەکان بگرێ. ئامانجی یەکەم تیۆرییەو دووەم عەمەلی. پەیوەندیشیان لەکێشەی "یاسا" خۆیەوە سەرچاوە دەگرێ. لەدەست پێکردنە بەناو بانگەکەیدا بۆ دارشتنی تێگەیشتن لەیاسا، مۆنتسیکیو یاساکان وا پێناسە دەکا، لەچڕترین ماناداا، وەك پەیوەندیە پێویستەکان کەلەسروشتی شتەکانەوە سەرچاوە دەگرن. یاساکان بریتین لە پەیوەندییەکان: بونێکی مەوزوعیو پێویستیان هەیە. یاساکان فەرمانڕەوایەتی کرداری هەموو شتەکان دەکەن، هی خودا لەسەر جیهان، هی جەستەکان لەسەر یەکتر، بەم شێوەیە تا دوای ئەم حاڵەتە یاساییە گەردونییە ئەو پێشینەیەیە کە دەبێت لەڕێگەوەی لەیاسای ئینسانی بڕوانین. بەڵام زاراوەی "یاسا" زاراوەیەکی ئاشکرانییەو چەند مانایەك لەخۆدەگرێ: لەتەشریعی ئینسانیدا یاسا مانای یاسا دانەر لەخۆ دەگرێ، ڕاگەیاندنی یاسا بۆ ئەوانەی کە دەبێت پەیڕەوی لێ بکەن، لەلایەکی دیکەوە یاسا واتە جێ بەجێکردنی (enforcement). یاسا بەمانای ڕازی بوون لەسەر شتێك، اقرار، قەدەغە کردن.. هتد. بەڵگە نەویستە کەپێش یاسا ئینسانییەکان ئینسان دێت. لێرەوە بۆ تێگەیشتن لەهەمە چەشنەیی یاسا ئینسانییەکان ئێمە دەبێت وێنای ئەوە بکەین کە ئەو یاسایانە لەسروشتی ئینسانەوە هاتوون کەوەك بکەرێك کە خاوەنی کردارەکانە لەنێو ڕەوتە کۆمەڵایەتیو سروشتییەکاندا. جیاوازیو هەمە چەشنەیی ئەو ڕەوتانە خۆی بەمانای هەمە چەشنەیی کاروباری ئینسانەکان دێت، لەهەمان کاتیشدا ئەو ڕەوتانە لەمێژووی هەموو نەتەوەکان دەدوێ، بەو مەرجەی کە ئێمە پرنسیپە گشتییەکان بزانین کە لەم مەسەلەیەدا شوێنی پەیوەندین، بەو مەرجەی کە لەحاڵەتە ئیستسنائیەکان بگەینو حیسابیان بۆ بکەین، لەوانە مەهارەتی سیاسی، شانس وە هتد. زانستە مرۆڤییەکان پێویستی بە لێکۆڵینەوە مێژووییەکان هەیەو داوای دەکا، ئەم لێکۆڵینەوانەش پەیوەندی نێوان تیووریو پراکتیك ڕۆشن دەکەنەوە، هەروەها ئەو پرسیارەش دەخەنە ڕوو: ئینسانەکان چۆن بوون پێش داڕشتنی یاسا ئینسانییەکان؟ بۆچی ئەو یاسایانە سەریان هەڵدا.

هەر لەسەرتاوە، خواستی پێناسەیەك بۆ یاسا، مۆنتسیکیو وادیارە کە ئەو بۆچوونە قبوڵ بکا دەربارەی یاسا کە یاسا وەك بەیانکردنی عەقڵ دەبینێ [1] یاخود

لەراستیدا یاسا هیچ نییە جگە لە خوودی عەقلّ[٢] کە هەر لەسەرەتای زەمەنەوە بوونی هەبوە (واتە یاسا وەك عەقلّو وەك بەیانکردنی عەقلّ) بەلاّم چاوەڕوانی هەلو بۆنەیەکی گونجاوی کرد تا خۆی بۆ مرۆڤایەتی دەربخاو نیشان بدا. یاسا وەك ئامرازێك سەر هەلّدەدا بۆ سەرکوتکردنی کۆمەلّیّ غەریزە، کەلّکەلّە،و ئنجا جەنگو جەدال چ لەناو کۆمەلّگایەکدا یاخود لەنێوان کۆمەلّگاکاندا، لەناو کۆمەلّگادا، پەیوەندی نێوان فەرمانڕەواکانو فەرمانبەسەر دراوەکان (یاسای سیاسی) و پەیوەندی هاونیشتمانییەك بەهاونیشتمانییەکی ترەوە (یاسای مەدەنی) ئەمانە دادەمەزرێندرێن بەشێوەیەكو بەنیازی یەکخستنی جڤاتێك کەگەر ئەم یاسایانە نەبن ئەوا ئەو جڤاتە وجوودی نابێت وە بگرە یەکتر تەفروتونا دەکەن. ئایدیای ماف، عەدالەت، ئەرك هەر هەموو لەئایدیای یاساوە سەرچاوە دەگرنو پێش ئەو بوونیان نییە. بەڕای مۆنتسیکیو ئینسان بەسروشت یا بەئەسلّ هۆشیاری یا هەستی واجب، یا ئەرك ناناسێت، بەمانایەکی دی هەست کردن بەلێپرسراویو ئەرك بەرانبەر ئەوانی دیکە حالّەتێکی سروشتی نییە بەلّکو زادەی پەروەردەکردنی عەقلّە، زادەی کاملّ بوونە.

مۆنتسیکیو دەلّیّ:

یاسا بەشێوەیەکی گشتی، بریتییە لەعەقلّی ئینسان تا ئەو شوێنەی کە حوکمی خەلّکانی گۆی زەوی دەکا،و یاسا سیاسیو مەدەنییەکانی هەر نەتەوەیەك دەبێت ئەو مەسەلانە بێت کە ئەم عەقلّەی ئینسان بەسەریاندا دەچەسپیّ (٣)

یاساکانی هەر نەتەوەیە دەبێت ببەسترێتەوە بەشێوەو جۆری ئەو حوکمەتەی کە هەیەتی (واتە ئەو نەتەوەیە)، هەلو مەرجی فیزیکی ئەو نەتەوەیە، (بۆنمونە ئاوو هەوا، جوگرافیا) ئنجا هەلو مەرجی کۆمەلاّیەتی (بۆنمونە ئازادی، بۆچوونی ئەوخەلّکە بەرانبەر بەئازادی، عورف، عادات، بازرگانی، ئایین). هەموو پەیوەندیەکانی کە یاساکان هەیانە دەبێت هەیانبێت، هەموو پێکەوە رۆحی یاساکان پێك دەهێنن. لێرەوە کتێبی "رۆحی یاساکان" راڤەکردنی کۆمەلّیّ شتی جیاوازە کە پەیوەندیان بەیاساوە هەیە.

مۆنتسیکیو وەك تیۆریستێکی فەلسەفەی سیاسی زیاتر لەرێگای کتێبی "رۆحی یاساکان"ەوە کە لەسالّی ١٧٤٨ دا چاپی کردوە دەناسرێتەوە وەك لەرێگای کتێبی "نامە فارسییەکان" کە لەسالّی ١٧٢١دا چاپی کردوەو یەکەمین کتێبێتی. بەلاّم بەرای من کتێبی "نامە فارسییەکان" گرنگییەکی لەڕادەبەدەری هەیە. لەلایەکەوە

رەگو ریشەی کۆمەڵێ چەمكو ئایدیا كە دواجار لە "رۆحی یاساكان"دا تەواو شێوە دەگرن، سەرەتا لەكتێبی "نامە فارسییەكان"دا دەتوانین بیانبینینەوە. لەلایەكی دیكەشەوە ئەم كتێبە بەهایەكی ئەدەبیو ریتۆریكیو تیۆری گەورەی هەیە. وەسف كردنی "نامە فارسییەكان" ئاسان نییە، بەڵام ئاشكراترین خاسیەتی ئەو نامانە هەمەچەشنەییە، هەمەچەشنەیی بابەتەكانی ئەو نامانە: ئەدەب، حەریم، میناتۆر، ئایین، ستەمكاری، عەشق، ترس، عاداتو تەقالید، پەیوەندی ژنو پیاو، كۆنترۆڵ، خۆرهەڵاتو ئەوروپا (گومان نییە لەوەی كە "نامە فارسییەكان" سەرەتای دروستكردنی هاوكێشە یا دوو دژەیەكی خۆرهەڵاتو ئەوروپایە، واتە سەرەتای گوتاری ئۆرێنتالیزمەو وێناكردنو دروستكردنی خۆرهەڵات وەكو مەخلوقێكی ناو خەیاڵی ئینسانی ئەوروپی). زۆربەی نامەكان بەشێوەیەك رێكخراون كە لەلایەكەوە بۆچوونی میتافیزیقی لەخۆ بگرن لەپاڵ تەنزی كۆمەڵایەتی، مەزەنەكردنی مێژوویی دەربارەی ئیمپراتۆریەتی عوسمانیو ئنجا نیشاندانی ستەمكاری فارسیو .. هتد. لەلایەكی دیكەوە ئەم كتێبە لەچەند بەشێك پێكهاتوە لەوانە دەربارەی ژیانی فەرەنسیو كۆمەڵگای فەرەنسی لەرێگای ئەو نامانەوە كە وەك راپۆرت وان لەفەرەنساوە دەنێردرێنەوە بۆ وڵاتی فارس، ئەمە دوای ئەو بەشانەی كە دوو فارس وڵاتەكەیان جێدەهێڵن، ئۆزبەكو ریكا، وێڵی رۆشنگەرین لەئەوروپا، ئنجا ئەو بەشانەی كە لەهەرەسهێنانی دیسپلینی لەنێو حەرەمی ئۆزبەكدا دەبینین. لەسەرەتادا تۆنی نامەكان گەشبینانەیە، بەڵام لەدواییدا فەرنسا دووچاری كارەساتی دراوی دەبێت،و لەوڵاتی فارسیشدا دوژمنایەتی شوێنی عەشق دەگرێتەوە، ئەمەش لەسەر تۆنی نامەكان رەنگ دەداتەوە.

مەبەستی سەرەكی مۆنتسیكیو لەكتێبی "نامە فارسییەكان"دا نیشاندانو وەسفكردنی ستەمكارییە (Despotism) لەتوندوتیژترین شێوەیدا، تاكو فەرەنسییەكان عیبرەتی لێوەربگرنو لەدەوری سیستەمی ئەنجومەنەكان كۆببنەوە كە لەلایەن ریجنت (Regent)ەوە دامەزرێنرابوون، ریگپت دیوكی، ئۆرلینس بوو تا فەرەنسییەكان دوورە پەرێزی بكەن لەسەرهەڵدانی وەزیرە زۆر بەدەستەڵاتەكان، بۆ نموونە كەسانی وەك لویڤیس (Louvois)، تارێگە نەدەن كەسیستەمێكی ستەمكاری وەكو فارسیو توركی لەفەرەنسا شوێن پێی خۆی بكاتەوە. لێرەدا دەبێت سەرنجی خاڵێكی گرنگ بدەین ئەویش ئەوەیە كە نیشاندانی ستەمكاری فارسیو توركیو گەندەڵی سیاسیانەی ئەو سیستەمە خۆرهەڵاتیانە خۆی لەخۆیدا ئامانج نییە، هەروەها مەبەستو نیاز هەوڵێكی مێژوویيو مەعریفی نییە بەڵكو ئامانجی سەرەكی لەلایەكەوە بە ئەوی دیكە كردنە (othering)و لەلایەكی دیكەوە جەغدكردنە سەر

دنیاو ماڵی خۆیە (ئێمە ـ us)، لەم هاوکێشەیەدا ئەوەی لە مەرکەزدایە (ئێمەی ئەوروپی) هۆشیاربینو خۆمان لەو هەمووشتانە بپارێزین کە ئەوی دیکە پێیانەوە دەناڵێنێ. تا ئەمڕۆ ڕۆڵی ئێمەی خۆرهەڵاتیو نیشاندانی ئێمەو سیستەمو کلتوری ئێمە مەبەست لێی جگە لەکێشەی کۆنترۆڵ کردن، مەسەلەیەکی دیکەی ئاشکرایە، ئەویش سەیرکردنی ئێمە وەك ئاوێنەیەك تا "خۆرئاواییەکان" یا ئەوروپییەکان لەبەردەمیدا خۆیان چاك بکەن، خۆیان جوان نیشان بدەن، تا ئەمڕۆ ئێمە تاقیگای ئەزموونە کەینونیەکانی ئینسانی ئەوروپیو "خۆرئاوایی"ین.

ئەوەی کە شوێنی گومان نییە ئەوەیە کە مونتسیکیو لەم کتێبەدا ئەو جۆرە ئەدەبە (Genre) هەڵدەبژێرێ کە گونجاوە بۆ وێناکردنی ئەو ستەمکارییەی کە لەو سەردەمانەدا لەئاسیادا بوونیان هەبووە، لەلایەکی دیکەشەوە ستەمکاری ئاسیاوی هەر لەمێژەوە بۆ خۆی ببوە شوێنی باسو لەفیکری سیاسیدا شوێنی خۆی کردبووەوە، زۆر پێش مۆنتسیکیو، بەپلەیەك کە ئەو مەسەلەیە هێندەی فەلسەفەی سیاسی کۆنە، بۆ نموونە لەکتێبی سێهەمی "مێژووەکان"دا هیرۆدتس (Herodotus) باس لەو حاڵەتە دەکات کە چۆن فارسەکان فەرمانڕەوایەتی شاهنشاهیان هەڵبژاردوو ئەم مۆنارکیەش چۆن دواجار دەبێتە ستەمکار (Despotic) لەسەردەستی شاکاندا، ئەوانەی دەیانویست کە یۆنان داگیربکەن، هیرۆدتس ناو لەچەندین ستەمکاری فارسی دەهێنێت.

مۆنتسیکیو بەدەوری خۆی کۆمەکی کرد لەهێنانە کایەوەی فەنتازیاو تەعەجوب کردن لەمەڕ خۆرهەڵاتەوە لەڕێگای جەغدکردنە سەر وەحشیەت یان سەیرو سەمەرەیی عاداتو تەقالیدی فارسی. هەروەها ئەو دیمەنە فارسییانەی کە لەو نامانەدا دەیانکێشێ بەکاریاندەهێنێ بۆ نیشاندانی بەزەییو ڕەحم بەرانبەر بە فەرەنسیەکان، بەتایبەت ئەوانەی کە ڕەعیەتی (subject) سیاسیو ئاینین، ئنجا ئافرەتان. بەشێوەیەکی گشتی لەخوێندنەوەی ئەم کتێبە ناسکەدا کۆمەڵێ هەستمان لادروست دەبێ، لەوانە وڵاتی فارس بەڕاستی شوێنی وەحشەتو ترسە، بەڵام شوێنی سەرسوڕمانو ئنجا شوێنی ئیعجابیشە. نامەکان شتێکمان دەخەنە بەردەم کە نزیکە لەشیکردنەوەی سۆسیۆلۆژییەوە بەڵام لە ڕێگای زاراوە خەیاڵیەکانەوە، شتێك کە ناسروشتییە ئەویش حاڵەتێك کە لەحەرەمدا بوونی هەیە، حاڵەتێك کە لەگرژی نێوان ژنەکانو خەساوەکانو خەسێنەرەکاندا هەیە.

(ئونەك ـ Eunuch هەم مانای خەساوو هەم مانای خەسێنەر دەگەیەنێت)

خاڵێکی تر کە دەبێت سەرنجی بدەین ئەوەیە کە لەسەدەی شانزدەهەمو حەڤدەهەمدا وەك یەك سەیری ستەمکاری تورکیو ستەمکاری فارسی دەکرا.

لەکاتێکدا ئەو دووسیستەمە ستەمکارییە جیاوازیان هەیە بەڵام لەترادسیۆنی سیاسی ئەو دووسەدەیەدا زیاتر جەغد لەسەرخاڵی ناوکۆیی ئەو دوو سیستەمە بوو ئەویش ستەمکاری. ئەو باوەڕە زۆر باو بوو کە هەموو حکومەتە خۆرهەڵاتیەکان ستەمکاری بوون، وەك چۆن ئۆزبەك بۆ رهدی (Rhedi) دەنوسێ:

"لەوکاتەوە کە من لەئەوروپام، رهدی ئازیزی من، من چەندەها حکومەتم بینیوە. حاڵەتەکە بەهیچ شێوەیەك لەئاسیا ناچێت، لەئاسیایەکدا کە فەرمانڕەوا سیاسییەکان هەمیشەو هەمیشە یەکێکن"(٤)

مۆنتسیکیو لەپەیوەندی نێوان ستەمکاری‌و شێوەکانی تری حکومەت دەدوێ لەو نامانەدا. ئۆزبەك لەنامەیەکدا بۆ ئیبین (Ibhen) دەنووسێ:

"زۆربەی حکومەتەکانی ئەوروپا شاهەنشاهین، یاخود وایان پێ دەگوترێ، چونکی من دڵنیانیم کە هیچ کات حکومەتێکی شاهەنشاهی بوونی هەبێت. بەلانی کەمەوە سەختە بۆ حکومەتێ لەو جۆرە بۆماوەیەکی زۆر بەشێوەیەکی چاك بمێنێتەوە. چونکی شاهەنشاهی حکومەتێکی توندوتیژ ئامێزە، هەمیشە سەرەو لێژ دەبێتەوە بەرەو ستەمکاری یاخود ریپەبلیك (کۆماری). دەستەڵات هەمیشە لەلایەك مەحف دەبێتەوەو لەلایەکی دی گەشەدەکا. بەڵام تەرازووەکە هەمیشە بەلای میردا سەنگە چونکی ئەو هێزی سەربازی لەژێر دەستدایە"(٥)

بەڕای مۆنتسیکیو چەندشێوەیەکی دەوڵەت هەن وەك بوون بەهێز نەك وەك بوون بەکردەوە، بەڵام بەهۆی ئینفعالات‌و کەڵکەڵەو حەماسەتی ئینسانەکانەوە، ئەم شێوە موجەڕەدانەی دەوڵەت دەیانەوێت بەفعلی ببنە واقعی‌و بەرجەستە ببن. لەکتێبی "رۆحی یاساکان"دا ترس لەستەمکاری ئامادەیەکی تەواوی هەیەو مۆنتسیکیو وەك ئەگەرێك سەیری دەکاو بەمەترسیەکی گەورەی دەزانێ لەحکومەتە شاهەنشاهییە ئەوروپیەکانداو تیۆرییە بەناو بانگەکەشی، واتە جیاکردنەوەی دەستەڵاتەکان، تەشریعی‌و تەنفیزی‌و قەزائی، مەبەست لەو تیۆریەش هەوڵدانێکە بۆ رێگەگرتن لەستەمکاری، لەئەگەری ستەمکاری کە حەقیقییە. لە "نامە فارسییەکان"دا ترس لەستەمکاری خۆی لەوشتەدا دەبینێتەوە کەنامەی سەدودوو باسی لێدەکات ئەویش

سزادانی وەحشیانەی ئینسانەکانە لەلایەن فەرمانڕەوا فارسەکانەوە. خاڵێك کەشوێنی سەرنجو تاڕادەیەکیش سەرسوڕمانە ڕۆڵی عەشقە لەسیستەمی ستەمکاریدا. لەدەوڵەتە ستەمکاریە ئاسیاویەکاندا ئەوە ئامادەبوونی عەشقە لەشێوە هەرە گرژییەکەیدا، پەرستن‌و عیبادەت بۆ کردن، کەکارێك دەکا کە رەعیەت دەبەستێتەوە بەمیرەکەیانەوە، لەهەمانکاتیشدا ترس لەژیانیان کە خۆی لەبەیانکردنی خۆشەویستیان بۆ میردەردەبڕێ.

دەربارەی پەیوەندی شێوەکانی حکومەت‌و جۆرەکانی عەدالەت کە لەسروشتی ئەو شێوانەی حکومەتەوە سەرچاوە دەگرن، مۆنتسیکیو لەسەر زمانی ئۆزبەکەوە لەنامەیەکدا بۆ رهدی دەنووسێ:

"گەر لەژێر سایەی حکومەتێکی بەڕەحمدا، نەتەوە بەشێوەیەك بەچۆکدا بێت هەروەك ئەوەی کە لەژێرسایەی حکومەتێکی دڕندەدا هەیە، ئەوا حاڵەتی یەکەم زیاتر شوێنی قبوڵکردنە، چونکی زۆرتر لەگەڵ عەقڵدا دەگونجێ لەکاتێکدا دڕندەیی بەعەقڵ نامۆیە. دڵنیابە رهدی ئازیز، کە لەدەوڵەتدا پلەی وەحشیەتی سزاکارێك ناکا کە خەڵکی زیاتر مل کەچی یاسابن. لەو وڵاتانەدا کەسزا شێوەیەکی ئیعتدالی وەرگرتوە، یاساکان شوێنی ڕێزن هەروەك چۆن لەو وڵاتانەدا سزادان شوێنی تۆقاندنە چ حکومەت بەڕەحم بێت یا وەحشی، سزا هەمیشە بەپلەدابەش دەکرێ‌و.. پەیوەندی بەعادات‌و تەقالیدی وڵاتەوە هەیە، هەفتەیەك لەزیندان یاخود دانی بڕێ پارە سەرنجی ئەورووپیەك رادەکێشێ کە لەژێر سایەی حکومەتێکی بەڕەحمدا دەژی، هەروەك چۆن لەدەستدانی دەستێك ئاسیاویەك دەترسێنێ.. غەمی لەدەست دانی ناوبانگ بەراستی فەڕەنسیەك ئازاردەدا کە حوکمی بەسەردا دراوە هەر هەمان کاریگەری هەیە کە تورکێك لە لەدەست دانی سەر خەوشکاندنێکی چارەکە سەعاتی دەیترسێنێ"[٦]

کەواتە لەودیو عەدالەتەوە ئەوە پەیوەندی یەکەسیەکانە کە دەوڵەت پێکەوە گرێدەدا، ئەو پەیوەندیانەش وەك یەکن چ لەخێزاندا، لەنێوان ژن‌و مێرددا، براو

خوشك، سەربازەكان لەئۆردویەكی سەربازیداو.. هتد. لە"نامە فارسییەكان"دا مۆنتسیكیو هەوڵ دەدا كە هەموو جۆرە شیاوەكانی بناغەی دەسەڵات تاقی بكاتەوەو بیخاتە ژێر پرسیارەوە، لەوانەش دەستەڵاتی ستەمكار.

دەتوانین بڵێین كە "نامە فارسییەكان" دەربارەی عەشقن، بەڵام بە لەبەرچاوگرتنی ترس، ئنجا بارگاوی كردنی رەعیەت، یا هەریەك لەو پەیوەندیانەی سەرەوە بەخووی پەرستن، تەنیا لێرەوە دەتوانین لەدیاردەی سەرا بگەین، سەرا وەك وەسفی مۆنتسیكیو بۆ حكومەتێكی ستەمكار. لێرەدا بابپرسین، لەچوارچێوەی ئەم كتێبەدا، پرنسیپی داینامیك چییە لەسەرادا كە باڵا دەستە؟ بەسەر سورمانەوە، بریتییە لەو حاڵەتەی كە سەروەر، یا ئاغا، سەرۆك خێزان، عەشقی خۆی بۆ ژنەكانی بەیان دەكاو ژنەكانیش دەبێت عەشقی خۆیان بەیان بكەن‌و ئنجا مل كەچ بن. بەڵام لەنێوانیاندا، واتە لەنێوان سەروەرو ژنەكانیدا، خەساوەكان، خەسێنەرەكان (eunuchs) هەن كە كاروباری سەرا رێكدەخەن‌و سەرپەرشتی ژیانی ناو سەرا دەكەن. ئەوكاتەی بەناوی سەروەرەوەدەجوڵێنەوە ئەوا دەستەڵاتێكی لەرادەبەدەریان هەیە بۆ سزادان‌و گەر پێویستیشی كرد هەقی كوشتنی هەركەسێ كە سەرپێچی بكا لەئیرادەیان. ئەم گرژییە لەنێوان بەیانكردنی ئاشكرای خۆشەویستی كە سەپێنراوە بەسەر هەموو كەسێكدا لەسەرادا،و میكانیزمە شاراوەكانی ترس لەسزادان‌و مەرگ، ئەم گرژییە بریتییە لەداینامیكی ئەو كۆمەڵگایە كە سەرایە، كەسیستەمێكی ستەمكارییە. (دواجار دەگەڕێنەوە سەر "نامە فارسییەكان"، بەڵام باجارێكی دی سەیرێكی "رۆحی یاساكان" بكەینەوەو ئەمجارە كەمێك وردتر لەكێشەكان قسەبكەین).

لە"رۆحی یاساكان"دا مۆنتسیكیو لەچەندین جۆری حكومەت دەدوێ لەڕێگای ژماردنی ئەگەری "جۆرەكانی"حكوومەت، كە هەریەكە لەڕێگای چەند خاسیەتێكەوە دەناسرێنەوە كە تایبەتن بەسروشتی ئەو حكومەتەوە، ئەوەش كە سروشتی ئەو حكومەتە دیاریدەكا بریتییە لە "بونیادێكی تایبەت" یاخود كەسەكانی كە "دەستەڵاتێكی سەربەخۆیانە" دەبەخشنە ئەو حكومەتە [7]. "ئەم سروشتە تایبەتیەی هەر حكومەتە جۆرە شێوازێكی تایبەتی ژیان دەخوازێ، كە مۆنتسیكیو ناوی دەبا بە گونجاندنی رۆح"، و ئەم گونجاندنی رۆحەش لای مۆنتسیكیو بریتییە لەپرنسیپی هەر شێوەیە لەحكومەت، پرنسیپێ كە ژیانی هەموو هاونیشتمانیان دەگرێتەوەو هێزێكی پاڵنەرە، رۆحی حكومەت، ئەم پرنسیپە كاریگەریەكی مەزنی هەیە لەسەر یاساكان.

لای مۆنتسیکیو ئامانجو مەبەست یاسروشتی حکومەت بەشێوەیەکی گشتی بریتییە لە بەرکەماڵ کردنی ئاسایش، یاخود ئازادی بۆ هاونیشتمانیان ، ئازادبوون لەکۆنترۆڵو ئازاد بوون لەهەڕەشەی مەرگ یا پەلاماردانی کەسانی دی. مۆنتسیکیو حکومەت بەسەر سێ یا چوار (پەیوەندی بەوەوە هەیە کە چۆن دەیخوێنینەوە) جۆر یا شێوەدا دابەش دەکا، ریپەبلێك (Republic) (کە دەشێ دووجۆر لەخۆ بگرێ: ئەرستۆکراسیو دیموکراسی)، شاهەنشاهیو ستەمکاری. وەك پرنسیپێکی گشتی، ئەرکی حکومەتە کە لەبیری چاکەی گشتیدا بێت، چاکەی گشتیش چاکەیەکە بۆ هەموو خەڵك. بەڵام حکومەتێك کە ئۆرستۆکراتییە بریتییە لە فەرمانڕەوایەتی "بەشێك لەخەڵك"[8]، ئەم بەشەش لەخەڵك بەتەنگ گشتەوە نایەت، چاکەی گشتی، بەڵکو وەك ئامرازێك لەچاکەی گشتی دەڕوانێ بۆ برەو پێدانی بەرژەوەندییەکانی خۆی. لەدیدگای دیموکراتەوە، ئەوکاتەی "بونیادی حکومەتت" زانی، ئەوکاتەی زانیت کێ حوکم دەکا، ئەوسا دەزانی چاکەی کێ خزمەت دەکرێ. مۆنتسیکیو لەم بارەیەوە دەنوسێ "نەجیب زادەکان لەرژێمێکی ئۆرستۆکراسیدا جەستەیەك پێك دەهێنن لەبەرژەوەندی تایبەتی خۆیان،.. کە ئەومەبەستەیە دەبێتە مایەی سەرکوتکردنی بەرژەوەندی خەڵك" لەورژێمەدا، نەجیبزادەکان چونکی ئاسایشو دەستەڵاتی "شا"یان نییە، ئەمە وادەکات زیاتر تموح (ambitious)بن.

دیموکراسی، بەپێچەوانەوە، حکومەتی خەڵکییە چونکی دەستەڵات پشت بەهەمووان دەبەستێ، دیموکراسی بەرژەوەندییەکی تایبەت سەرکوت ناکا بەڵکو سەرگەرمی "بەرژەوەندی گشتی یا مەدەنی" دەبێت. لەم سیستەمەدا، یا جۆری حکومەتەدا، هەر هاونیشتمانییەك راستەوخۆو بەشێوەیەکی یەکسان دەنگیان هەیە لەبڕیارە گرنگەکاندا کە جڤات (community) دەیاندات لەفەزایەکی کراوەی ئەنجومەن یا پەرلەماندا.

ئێستا وادەردەکەوێ کە مۆنتسیکیو هاوڕابێت لەگەڵ ئەو رایەدا کە فەزیلەت بەجەوهەری دەزانێ لەریپەبلیکدا، بەڵام لەیادمان بێت کە ئەو بەتەواوی لەگەڵ تەفسیری ئەرستۆدا یەك ناگرێتەوە دەربارەی ژیانی چاك کەلای ئەرستۆ دەبێت ئامانجی ریپەبلیك بێت. لای ئەرستۆ شار دەبێت ئەم ئامانجە بکاتە سەرمەشقی خۆی، شارێك کە دەیەوێ کۆمەڵگای هاوڕێکان بێت، هاودەنگو هاوماڵ لەژیانێکی چاکدا[9] مۆنتسیکیو ئەم بۆچوونەی ئەرستۆ دەربارەی فەزیلەت رەتدەکاتەوە وە دەتوانین ناوەڕۆکی ئەم ناڕەزایەتییەی مۆنتسیکیو تەفسیری تازەی ئەو بۆ ژیانی چاك بەم شێوەیەی خوارەوە بەیان بکەین:

ئەرستۆ پێی وابوو کە ئامانجی (Republic) ناشێ ئازادی بێت هێندەی کە دەبێت بەکارهێنانی ئازادی بێت بەشێوەیەکی چاك دوای ئەوەی بەپرۆسەی پەروەردەدا تێپەڕ دەبێت. لێرەدا ئازادی بەهیچ شێوەیەك جیاناکرێتەوە لەپەروەردەی لیبراڵ (Liberal Education)، ئازادی دەبێت مل کەچی فەزیلەت بێت. مۆنتسیکیو ئەم ئەو لەویاتە (Priority) هەڵدەگێڕێتەوە.

مەبەستو ئامانجی ریپەبلێك بریتی نییە لەفەزیلەت بەڵکو بریتییە لەئازادی. ئازادی چییە؟ یا لەم رەوتەدا ئازادی چ مانایەك لەخۆدەگرێ؟ لەم رەوتەدا ئازادی دەشێ بەم مانایە بێت:نەژیانو نەچوونە ژێر رکێفی ئیرادەی کەسێکی ترەوە، بەموفارەقەوە، ئەمە هەمان تەفسیری ئەرستۆیە بۆکەسی ئازاد، نەژیان بەپێی خواستی کەسێکی دی ئەو کاتەفەراهەم دەبێت کە تاکە کەس خۆی حوکمی خۆی بکا، لێرەوە ریپەبلێك چاو لەو جۆرە خۆ ـ فەرمانڕەوایەتی کردنە دەبرێ یاخود نزیکترین ئەگەری ئەو جۆرە مامەڵە کردنە لەسەر ئاستی کۆمەڵگا کەواتە ئامانجی ریپەبلێك بریتییە لەبەشداریکردنی هەموو دانیشتوان، هاوڵاتیان لەخود ـ فەرمانڕەوایەتی کردنی سیاسیدا. ژیانی چاك ژیانی کەسێکی کامڵە، ژیانی کەسێکی ئازاد کە دەتوانێ مەشق بە تواناکانی بکا لەبواری خود ـ فەرمانڕەوایەتی کردندا، ئەوکەسەی کە چارەنوسی خۆی وا بەدەستی خۆی[١٠]. کەسی بەم شێوەیە ئەو کەسەیە کە لەپڕۆژە مەزنەکاندا بەشداری دەکا، "رۆحی ئازادی" کارێك دەکا کە کەسی ئازاد پشت بکاتە هەموو ئەو "کەڵکەڵە کۆیلایەتیانە" ئەو هەموو. پیشەو کارانە"و ئەو هەموو "چێژوو ئارەزووانە" کە رێگرن لەبەردەمیدا، کەرێی لێدەگرن کاتێ لەگەڵ هاورێکانیدا بەسەربەرێتو سەرقاڵی کاروباری مەدەنی بێت.

ئەوکاتەی ئینسانەکان لەژێر سایەی رژێمکدا نەژین کە تێیدا ئازادی خۆیان بەبەشێکی دانەبراو لەئازادی ئەوانی دیکە بزانن، ئەوا هەوڵ دەدەن کە سەرکوتی خەڵکی دیو ئەوانی دیکە بکەن تاکو خۆیان سەرکوت نەکرێن. گەر چاکەیەکی هاوبەش نەبێت کە فەرمانڕەوایەتی سیاسی بەجێی بهێڵێ، تەسامی بکا، ئەوا ژیانی سیاسی یا ئەوەتا بەرەو ستەمکاری مل دەنێ، ستەمکاری بەسەر ئەوانی دیکەوە، یاخود سەرگەرمی پاراستنی دەستەجەمعی دەبێت لەستەمکارییەك لەو جۆرە. فەزیلەت بریتییە لەخۆ بەختکردنێکی پێویست لەپێناو بەردەوامی دان بەبوونی کۆمیۆنتی (جڤات)، جڤاتێك کە تێیدا هەمووومان لەفەرمانڕاوایەتیکردنیدا بەشداربین. لێرەوە لای مۆنتسیکیو فەزیلەت ئامانجی ریپەبلێك نییە بەڵکو ئامرازێکە بەرەو ئازادی، یاخود خود ـ فەرمانڕەوایەتی کردن کە خۆی ئامانجەکەیە.

بۆ ئەوەی کە ریپەبڵێك ببێتە جڤاتێکی راستەقینە، جڤاتێ کەهەرهەموو ئەندامەکانی فەرمانڕەوایەتی دەکەن، هیچ بەشێك سەرجەم بەشەکانی دی نەچەوسێنێتەوە، ئەوا دەبێت هەر تاکە کەسە، هەر هاونیشتمانییەك چاکەی خۆی لەگەڵ چاکەی هەمواندا بگونجێنێ، هەر هاونیشتمانییەك پێویستە ئاوات و ئارەزووی بۆ ئازادی تاکە کەسیانەی خۆی بگۆڕێتە سەر ئاواتخواستن بۆ خود - فەرمانڕەوایەتی کردنی هەر هەمووان و دەبێت ئەم گواستنەوەیەش بەسەر هەموو ئاواتەکانی تریدا بچەسپێنێ. هەریەکە لەرێگای ئەم خۆبەختکردنەوە دەبێت سەرگەرمی دانی ئەفزەلیەت بە بەرژەوەندی مەدەنی نەك بەرژەوەندی خودی خۆی بێت، واتە بەرژەوەندییەك کە دەشێت لەلایەن هەموانەوە بەش بکرێ. تێرکردن و گەیشتن بە بەرژەوەندییەکان لەرێگای سیاسەتی مەدەنییەوە مەیسەر دەبێت کە خۆی لەشێوەی یاسادا دەخاتەروو. لەدروستکردنی یاساو تەنفیزکردنیدا هەر هاوڵاتییەك تا ئەو شوێنە دەبێت وێڵی بەرژەوەندییەکانی خۆی بێت کە ئەو بەرژەوەندیانە بتوانرێ بکرێنە گشتی لەیاسادا یاخود ببنە ئامانجی هەموو هاوڵاتیان. ئەوەی حیسابی بۆ دەکرێ ئەوەنییە کە ئایا میر تاجەکەی بەشێوەی ڕەوا بەدەست هێناوە یا دەسەڵات بەشێوەیەکی چاك مەشق پێدەکا، ئەوەی حیسابی جدی دەبێت بۆ بکردرێ بریتییە لە "شێوەی دستووری گشتی"، وە سروشتی ئەو دەستوورە. بەڕای مۆنتسیکیو ئێمە ناتوانین پشت بەفەزیلەت ببەستین بۆ رێگەگرتن لە بەخراپ بەکارهێنانی دەسەڵات لەلایەن دەسەڵاتدارانەوە، چونکی وەك ئەو دەڵێ "ئەوە ئەزموونێکی ئەبەدییە کە ئەوکەسەی دەسەڵاتی هەبێت ئەگەری خراپ بەکارهێنانی ئەو دەسەڵاتە ئەگەرێکی گەورەیە"[11] هەر بۆیەشە ئەوکاتەی هەموو دەسەڵاتەکان لەسەر دەستی پیاوێك، تەنیا سەرکردەیەکدا کۆبونەوە، ئەوا حکومەت هەمیشەو لەهەموو حاڵەتەکاندا حکومەتێکی ستەمکارە، و هەموو هاونیشتمانیان دەبنە کۆیلەی ئارەزووەکانی ستەمکار. لێرەوە مۆنتسیکیو دەڵێ "ستەمکاری ئیهانەیەکە بەسروشتی ئینسان"[12]. تەنیاو تەنیا لەسیستەمێکی سیاسیدا کە دەسەڵاتی دەسەڵاتدار فەحس دەکرێ و لێی دەپرسرێتەوەو سنووری بۆ دادەنرێ لەلایەن دام و دەستگاو دەسەڵاتە سەربەخۆکانەوە، تەنیا لەو سیستەمەدایە کە هاونیشتمانیان نابنە رەعیەت و نابنە کۆیلەی ستەمکاری.

چەمکی ستەمکاری Despotism

بابزانین ئەم چەمکە لەکوێوە دێت و بۆچی مۆنتسیکیو لەجیاتی (Tyranny) ، (Despotism) بەکاردەهێنێ؟

ئێمە دەزانین کە مۆنتسیکیو جیاوازیەك دروستدەكات لەنێوان حکومەتی دیسپۆتیك (ستەمکار ـ Legovernment despotique) کەرەسەنترین شێوەی خۆی لەشێوەی حکومەتەکانی ئاسیادا دەبینێتەوە، چینو تورکیاو ئێران، لەگەڵ حکومەتی شاهەنشاهی (Legovernment monarchique) کەمیکانیزمی لێپرسینەوەی تێدایە لەلایەن یا بەهۆی بوونی جەستە یان داموو دەستگا میانجییەکان (نێوانەکان) (intermediary bodies) ئەمەش نمونەی وڵاتە ئەوروپییەکانە لای مۆنتسیکیو.

سەرەتا دەبێت بزانین کە (Despotism)و حکومەتی ستەمکار (دیسپۆتیك) زاراوەیەکی فەلسەفەی سیاسی نەبووە هەتا سەدەی هەژدەهەم، لێرەوە دەڵێین داهێنانێکی نوێیە، لە یۆنانی کۆندا دیسپۆت زیاتر بۆ سەرۆکی خێزان بەکاردەهێنرا، رۆمانەکان کە ئێمە دەزانین ئەوان لەزۆر بواردا ئیعتیمادێکی زۆریان لەسەر یۆنان بوو بەڵام ئەم ووشە یا زاراوە یۆنانیە یان لە ئەدەبیاتی فیکریو سیاسی خۆیاندا بەکارنەهێنا. بۆ نمونە ئەفلاتوون لەدایەلۆگی "سیاسەتمەدار"دا ئەم ووشەیە وەك ناو بەکاردەهێنێ (despotes) بۆ ئاماژەکردن بەجێگای سەرۆك خێزان، یاسەرەوەری کۆیلەکان، لای ئەرستۆش ئەم ووشەیە پەیوەندی بەئیدارەکردنی خێزانەوە هەیەو لەوانە کاروباری کۆیلەکان، ئابووری (Oikonomia) کەمتر پەیوەندی بەکاروباری سیاسی (politikan)ەوە هەیە، چونکی پۆلیتیکا لەمەوقعێکی بالاتردایە.

ووشەی (despotikos)ی یۆنانی ئەوکاتە دێتە ناوەوە کە یەکێك لەشێوەکانی حکومەت دادەرزێ، ئەوکاتەی کە ئۆلیگارکی، دیموکراسی، یا شاهەنشاهی سەرەولێژ دەبێتەوە، سیستەمێکی سیاسی سەرهەڵدەدا کە زیاتر لەکاروباری خێزان دەچێو لەپەیوەندی نێوان کۆیلەو سەروەر، لێرەدا دەشێ (despotic) بەکاربهێنرێ، بەڵام خودی ئەرستۆ Tyrrannous بەکاردەهێنێ لەجیاتی (despotikos) لەبۆ ئاماژەکردن بەستەمکاری، لەم رووەوە خاڵێکی تر کە گرنگە ئاماژەی پێ بکەین ئەوەیە کەکاتێك ئەرستۆ دێتە سەر باسکردنی خەڵکانی ئاسیاویو "وڵاتە بەربەریەکان" ئەوا زاراوەی (despotikos) بەکاردەهێنێ بۆستەمکاری یۆنانیش (Tyrannous) بەکاردەهێنێ. هۆی ئەمە چییە؟ هۆی ئەمە پەیوەندی بەبۆچوونی یۆنانیەکانەوە هەیە دەربارەی خەڵکی ئاسیا. بەڕای ئەوان ئەو خەڵکە بەدوور لەشارستانیەت یا وەحشییە بەسروشت کاراکتەرێکی کۆیلەییان هەیە زیاتر لەیۆنانیەکان، لەبەرئەوە بێ ناڕەزایی دەربڕین لەگەڵ فەرمانڕەوایەتی ستەمکاریدا هەڵدەکەنو پلەی هەڵکردنیان (تسامح) لەم رووەوە بەرزە. هەروەها ئێمە وای دەبینین کەماناى شاراوەی ئەم بەکارهێنانە لای ئەرستۆ ئاماژەکردنە بۆ مەسەلەیەکی دیکەش، ئەویش وڵاتە بەربەریەکان، ئاسیاویەکان، سیستەمی سیاسیان نییە بەڵکو یەك خێزانی گەورەنو تەنیایەك

پەیوەندی بەرکەماڵە ئەویش پەیوەندی سەروەرو کۆیلە، ئەمەش مانا ئابوریەکەیەتی، لەوێ ئابوری هەیە بەڵام سیاسەت نییە، سیاسەت گەمەی ئینسانی ئازادە. پلوتارخ پێمان دەڵێ کە ئەرستۆ ئامۆژگاری ئەلکسەندەری مەزنی کردووە کەوەك سەرکردەیەك مامەڵە لەگەڵ یۆنانییەکان بکاو وەك ستەمکاریش (despotes) لەگەڵ بەربەرییەکان کە ئەم لەجەنگدا داگیریان دەکا[١٣] نووسەرە رۆمانیەکان، کەسانی وەك مێژوو نوس تاکیتوس (Tacitus)، لوکان‌و ئۆگستانس‌و ئەوانی دی دەشێ هەمان هەڵوێستی ئەرستۆیان هەبووبێت تا ئەوشوێنەی پەیوەندی بەخەڵکی ئاسیاوە هەیە، بەڵام بێ ئەوەی لەخوارەوەی (despotikos) سود وەربگرن، بۆ نمونە لوکان گوتویە کە بەخیلی بەعەرەب‌و مادەکان‌و خەڵکی خۆرهەڵات دەبا لەبەرئەوەی زۆر لەمێژە بەستەمکاری حوکم دەکرێن، بەپێچەوانەی رۆمانەکانەوە، کە هیچ شەرمیش ناکەن کە کراون بەکۆیلە. بەکورتیەکەی رۆمانەکان زاراوەی هیلنستی (Tyrannous) یان پاراست‌و بەکارهێنا[١٤].

لەجیاتی (despotes) بەمانا ئەرستۆییەکەی لەلاتیندا تا سەدەی شانزەهەم زاراوەی (dominus) بەکارهاتووە. هۆبز لەکتێبی "توخمەکانی یاسا، سروشتی‌و سیاسی"دا یەکەم کەسە کە ناوە رەسەنگەریەکەی (despotic) بەسەر دەکاتەوەو بەومانا یۆنانییە بەکاریدەهێنێ: ئەو دەڵێ: "سەرکەوتوو یا براوە مافی هەبونی دەست بەسەراگرتنی موتڵەقی هەیە بەسەر داگیرکراودا یا دۆڕاودا" چونکی ئەم پەیوەندییە لەپەیوەندی "سەروەر" و "خزمەتکار" دەچێ‌و هاوکێشەیەکە "جەستەیەکی سیاسی بچوك دروست دەکا"[١٥]. دواجاریش لەکتێبە سەرەکیەکەیدا (Leviatnan)، هۆبز مانای (despotic) دەپارێزێ وەك "دەست بەسەراگرتن‌و زاڵ بوون لەئەنجامی داگیرکردنەوە". ئەو لەچاپتەری بیستهەمدا پێی وایە کە زاڵ بوونی دیسپۆتیك، ستەمکارانە بەرئەنجامی داگیر کردنێکی فعلییەو لەئەنجامی بەکارهێنانی هێزەوە بەدەست هاتووە، بەشێوەیەك ئەوانەی خۆیان لەم حاڵەتەدا دەبیننەوە خۆیان دەکەنە رەعیەتی ئەوکەسەی لێی دەترسن. لای هۆبز ئیدی زاراوەی (despotic) پەیوەندی بەخۆرهەڵاتەوە یان بەربەریەکانەوە نییە بەڵکو حاڵەتێکی سروشتییە، بەو مانایەی لەهەموو شوێنێك دەشێ رووبدات. (دیارە گەربمانەوێت لەبەکارهێنانی هۆبز بۆ ئەم چەمکە بدوێین لەکتێبی لیڤایەثاندا ئەوا وتارێکی تایبەتیمان دەوێ، لێرەدا بەم دوو ئاماژەکردنە کۆتایی پێدەهێنین).

لەگەڵ ئەم بەکارهێنانەشدا تا سەردەمی مۆنتسکیو زاراوەی (despotique) بەکارهێنانێکی باوی بەخۆوە نەدی وەك دالێك بۆ حکومەتێکی هەرەمەکی، لەجیاتی ئەم زاراوەیە زاراوەی (Tyrannique) مەوقعی خۆی لەفیکری سیاسی سەدەکانی

ناوەڕاستو ڕێنیسانسو سەرەتاکانی مۆدێرنتی پاراست، لەیادیشتمان بێت هەمیشەش زاراوەی (Tyranny)لەسەدەی شازدەوە تا سەردەمی مۆنتسیکیوو دوای ئەویش بۆ وەسفکردنی ئیمپراتۆریەتی تورك بەکارهاتووە لەسەر دەستی مۆنتسیکیودا چەمکی حکومەتی ستەمکار (despotic) وەك ئامازدە بۆکردنێکی بێزەوەرانە بۆ ڕژێمی تورکیو فارسیو چینی خۆی دەچەسپێنێ. ئیدی بەکارهێنانی ئەم زاراوەیە لێرەوە برەو پەیدا دەکات. ئامازدە کردن بەم باکگراوندە پێویست بوو لەبەرچەند هۆیەك: یەکەم: چەمکەکان ژیانی تایبەتی خۆیان هەیەو بەکارهێنان بەماناو دەلالاتی جیاواز جیاواز لەڕەوتە جیاوازەکانو لەبیری بیریارە جیاوازەکاندا، ئێمە نابێت حیساب بۆ ژیاننامەی چەمکەکان نەکەینو هەڕەمەکیانە بەکاریان بهێنینو ئەو مێژووەی لەپشت هەر چەمکێکەوەیە بەسەر یەکدا بشێوێنین. دووەم: دیقەتی ئەکادیمی داوامان لێدەکا کە کاتێك چەمکێك بەکاردەهێنین بەلانی کەمەوە هۆشیاربین لە جینیۆلۆجیای (ڕەگو ریشەی) ئەو چەمکە. سێیەم: بۆ ئێمەی کورد کە ئەگەری ئەوە هەیە فێری نوسین ببینو لەهونەری نوسین بگەین، دەبێت ئاگامان لەو خاڵەبێت کە بەکارهێنانی دروستی چەمك یەکەم هەنگاوی بیرکردنەوەیە، کەواتە دەبێت فێربین بەناسکی لەگەڵ چەمکەکاندا مامەڵەبکەین. با ئیدی بگەڕێینەوە سەر تیۆری ستەمکاری لای مۆنتسیکیو.

وەك ئامازەمان پێکرد مۆنتسیکیو لە "ڕۆحی یاساکان"دا جیهانی سیاسیو جۆری حکومەتەکان دابەش دەکات بەسەر، ریپەبلێك (دیموکراسیو ئۆرستۆکراسی)، شاهەنساهی (monarchis)و ستەمکاریو هەرجۆرەش لەڕێگای سروشتییەوە پۆلێن دەکا، سروشتیێ کە ئەوە دیاری دەکا کێ فەرمانڕەوایەتی دەکاو چۆن، ئنجا بەپێی پرنسیپی هەر جۆرە، کە ئەو پاڵنەرانە (motivates)ی خەڵکی دەردەخا کە لەژێر سایەی هەریەك لەو جۆرە سیستەمانەدا دەژین. هەروەك ڕژێمی شاهەنشاهی، ستەمکاری لەلایەن یەك کەسەوە کۆنترۆڵ دەکرێ، بەڵام سروشتی ستەمکاری (despotism) بریتییە لەفەرمانڕەوایەتییەك کە یەك کەس هەموو شتێك بەپێی ئیرادەو هەواو ئارەزووی خۆی لێدەخوڕێ. پرنسیپی سەرەکی ئەم حکومەتە، واتە هێزە پاڵنەرەکەی، یاخود وەك مۆنتسیکیو ناوی دەبا "سەرچاوەی ئەم حکومەتە" بریتییە لەتەنیاو تەنیا ترس. ئەو دەڵێ:

> **ترس بریتییە لەپرنسیپی حکومەتی ستەمکار**
> **مەبەستیش لێی بریتییە لەئارامیو سکون، بەڵام ئەم**
> **سکونە ناشێ ناوبنرێ بەئاشتی، نەء، ئەمە تەنها**
> **بێدەنگی ئەو شارانەیە کە دوژمن ئامادەیە**
> **داگیریان بکا**(١٦)

کەواتە لەکاتێکدا ڕێکخستن‌و سکونێ کەستەمکاری دەیخولقێنێ ڕەنگە بۆکەسێکی دەرەوەی ئەوسیستەمە وەك هارمۆنی‌و بەختەوەری خۆی بنوێنێ لەراستیدا ئەو ڕێکخستنە هیچ نییە جگە لەناکۆکییەکی سەرکوتکراو کە چاوەڕوانی هەلێکە بۆ تەقینەوە، ئەو ڕێکخستنە هیچ نییە جگە لەسەرکوتکردنی هەموو ئازادیەك، سادەترین ئازادی ئینسانەکان، ئەوڕێکخستنە لەوەهمێك زیاتر چیدیکە نییە. دەشێ لەستەمکاری ئاسیاویدا لەرووکاری دەرەوەدا، ڕێکخستن‌و یەکێتیەك ببینین، یەکێتی نێوان خەڵکی بەڵام وەك مۆنتسیکیو بلیمەتانە دەڵێت "گەر ئێمە لەوێ یەکێتییەك ببینین، ئەوە هاونیشتمانییەکان نین کە یەکیان گرتووە، بەڵکو جەستە مردووەکانن کە یەك لەپاڵ ئەوی ترەوە نێژراون"[(١٧)] هەر یاسایەك کە بوونی هەبێت لەسیستەمی ستەمکاریدا مەبەست لەبوونی تەنها ڕێگە گرتنە لەئاشوب‌و ناڕێکی مەدەنی،و لێرەوە تەنها وەك ئامرازێك کۆمەکی جەندرمە دەکا بۆ سەرکوتکردن، بەڵام لەیادمان بێت کە ئەم سیستەمە کەمتر ناچار دەبێت پەنا بباتە بەر یاسا، لەجیاتی ئەمە داب‌و نەریت کۆمەکی خۆیان بەم سیستەمە دەکەن لەپاراستنی ئەو ڕێکخستنەدا. لەراستیدا ستەمکارییە ئاسیاوییەکان کەمتر پشت بەتشریع (legislation) دەبەستن وەك لەپشت بەستنیان بەداب‌و نەریت کە هەر لەمنداڵییەوە تاکە کەس رادەهێنن بەمل کەچ کردن بۆ ئۆتۆرەتی

بەرئەنجامی هەر سیستەمێکی ستەمکاری سەرکەوتوو بریتییە لەکۆیلایەتی هەموان، هەرتابعە (رەعیەت ـ Subject) تەنیا "ملکەچ بوونی پاسیڤانە" دەزانێ‌و هەر تابعە "کوێرانە خۆی داوەتە دەست ئیرادەی موتلەقی دەستەڵاتدارەوە"و بەشی ئینسان لەم یارییە، هەروەك ئاژەڵ بریتییە لەغەریزە، ملکەچ کردن، پەیڕەوی کردن،و سزادان".

بەدترین ڕژێمە ستەمکارییەکان ئەوانەن کە تیایدا ستەمکاری ئیدعای خاوەندارێتی هەموو زەوی‌و موڵکی ئەو مەملەکەتە دەکا، لەم حاڵەتەدا هیچ چالاکییەکی ئابووری ئەوتۆ ڕووناداو خێزانەکانیش تەنیا چاو لەتێرکردنی پێویستیە بایۆلۆژیەکانی ژیان دەبڕن، واتە مەمرەو مەژی، ئەوان نە لەسیاسەتدا دەتوانن، نە لەبواری کۆمەڵایەتیداو نە لەبواری ئابووریشدا دەتوانن ئیرادەیان بخەنەگەڕ.

لەم جۆرە ستەمکاریەدا ئەوەی دەیبینین بریتییە لە وەك یەك بوونی، یەك ڕەنگی هەموو لایەك‌و یەکسانی هەموولایەك لەکڵۆڵی‌و بەدبەختیدا، لێرەوە بەهۆی هەژاری‌و کڵۆڵی‌و کۆیلایەتیەوەئینسانەکان ناتوانن دەستیان بەهیچ کارێکی گەورەو مانادار بگا، هیچ کارێکی گەورەیان لێ ناوەشێتەوە کە سروشت ئەگەری ئەوەی پێداون تا بەدەستی بهێنن گەر ستەمکاری نەبوایە. ئەم حاڵەتە هیچ نییە جگە لەسەرەولێژ

بونەوەی هەر هەموو بەرەو حاڵەتێکی گەمژەیی و میانمایەیی (mediocrity) خەڵکێك کە لەکلۆڵیدا بژین بێ گومان تەفەسخ دەکەن. بەڕای مۆنتسیکیو، لەژێر سایەی ستەمکاریدا هیچ کەس ئومێدی ئەوەی نییە کەدەستی بەفەخرو پاداشتو خەڵات بگات، چونکە ترس و تۆقاندن هەموو ئومێدێك و خەون بینینێك لەناو دەبا، هەموو کارێك کورت دەکاتەوە بۆ ئارەزووی مانەوە، ئەو دەڵێ:

"ترس رۆحیان غەمۆك دەکا، هەروەها کەمترین مانای تموحیش لەناو دەچێ"[(١٨)]

ستەمکاری هیچ نییە جگە لە کەئابەیەکی ئەبەدی کە باڵی بەسەر ئەم کۆمەڵگایانەدا کێشاوە، لەم سیستەمەدا نەك کەئابە قبولْ دەکرێ، نەك هەژاری ئاسایی دەکرێتەوە بەڵکو کەئابەو هەژاریو کلۆڵیش دەڕازێنرێنەوە. هەردوو ستەمکارو رەعیەتیش لەناو گێژاوی جەهلدا سەمادەکەن. مل کەچی زیادەڕۆیی بەندە لەسەر جەهلی ئەوکەسەی کە مل کەچە، هەمان شت بۆ ئەو کەسەش کەفەرمانڕەوایەتی دەکا دروستەو بەسەریدا دەچەسپێ، چونکی بۆنەیەکی نییە تا بڕیاربدا، گومان بکا، عەقڵی بەکاربهێنێ. لەسەرەتاوە ستەمکارەکان پشت بە بەکارهێنانی هێزو زۆرو توندو تیژی دەبەستن بۆ دامەزراندنی ستەمکاری، بەڵام کاتێك کە ستەمکاری رەوتی خۆی وەردەگرێ، ستەمکار بەکارهێنانی توندوتیژی بۆ ئەوانە بەجێ دەهێڵێ کە بەناوی ئەوەوە حوکم دەکەن، ئەوکاتەی ستەمکار کەسانێکی هەڵبژارد کە کاروباری بەناو دەوڵەت بەڕێوەبەرن ئیدی لەنێو سەراکانیاندا سەرگەرمی غەریزە دڕندەکانیان دەبن و سەرقاڵی ئارەزووە هەرگیز تێر نەبووەکانیان، ئەوەتا خەساوێك (eunuch) لە "نامە فارسییەکان"دا بەسەرسوڕمانەوە دەڵێ "خودای گەورە، دەبێت لەمە زیاتر چی بکردرێت تایەك پیاو بەختەوەر بکرێت". لێرەدا ئێمە تەونێکمان هەیە، تەونی کۆیلایەتی کە هەر هەموو تێیدا سەرگەردانن، لەستەمکارەوە بۆ رەعیەت، ستەمکاریش کۆیلەیە چونکی بۆ تێرکردنی ئارەزووەکانی و گەیشتن بەچێژ دەبێت بە ناچاری پشت بەکەسانی دی ببەستێت: هەڕەمەکە بەم شێوەیەی لێ دێ، لەسەری سەرەوە چێژە بەدەنیەکان و لەخواریشەوە یەك بەرگی (uniformity) و کلۆڵی و کۆیلایەتی.

لەسیستەمی ریپەبلیکدا دەتوانین سێ دەستەڵات دەست نیشان بکەین، قەزائی (Judicial) و تەشریعی (legislative) و تەنفیزی (executive)، لە سیستەمی ستەمکاریدا هەرسێ دەستەڵاتەکە لەشەخسی ستەمکاردا کۆدەبنەوە. ئەمەش رەچەتەیەکە بۆ بەکارهێنانی هەڕەمەکیانەی دەستەڵات. مۆنتسیکیو دەڵێ "لەتورکیا، لەو شوێنەی کە هەرسێ دەستەڵاتەکە لەشەخسی سوڵتاندا کۆبوونەتەوە، رەعیەت لەبەدترین خەفەقاندا ژیان بەسەر دەبەن" چونکی دان و

وەرگرتن (take and give) لەنێوان خەڵکیدا یا دامو دەستگاکاندا بوونی نییەو دەستەڵات بەش ناکرێ، سیاسەت لەسیستەمێکی ئاوادا کورت دەکرێتەوە بۆ فێڵو تەڵەکەی دادگا، درکاندنی نهێنی بەچرپە،و غەیبەتی ناو سەرا، یەك حوکم هەیە ئەویش حوکمی سوڵتان یا پاشا. لەسیستەمی ریپەبڵیکدا (چ دیموکراسیو چ ئۆرۆستۆکراسی) کۆمەڵێك دامو دەستگا هەن کە وەکو جەستەی وەسیت، میانجی (intermediate) وەزیفە دەبینن، لە نێوان فەرمانڕەوایانو فەرمان بەسەرا دراوەکاندا، لێرەوە دەستەڵات کەناڵی خۆی وەردەگرێو بەم شێوەیە دەستەڵات ڕێیلێدەگیرێ بێتە دەستەڵاتێکی هەڕەمەکی، گەمەیەك بەپێی ئارەزوو زەوقی دەستەلاتدار، بەڵکو ئەو دامو دەستگایانە وەزیفەیان ئەوەیە کە فەحسو محاسەبەو هاوسەنگی دروست بکەن. ستەمکاری بێگومان لەناوبردنی ئەم دامو دەستگایانەیە، یاخود واقعی تر ئەوەیە بڵێین ڕێگەنەدانە بەسەر هەڵدانی ئەو دامو دەستگایانە. لەم وێنەیەدا ستەمکارێکمان هەیەو رەعیەت، ئەوانەش کەپێیان دەگوترێت پیاوانی دەوڵەت، والیو پاشاو موختارو..هتد، هیچ نین جگە لەئامێرێك بەدەستی ستەمکارەوە بۆ چەسپاندنی دەستەلاتو فەرمانی سوڵتان.

مۆنتسیکیو لەنێو دامو دەستگا میانجەییەکاندا گرنگی زیاتر بەسیستەمی قەزائی دەدات، چونکی ئەم دامو دەستگایە ئازادی تاکە کەس دەپارێزێ. لەکاتێکدا لەستەمکاری تورکیدا یاسا هیچ نییە جگە لەئیرادەی سوڵتانو فایلەکانی دادگاش "بەخێرایی بڕیاریان لەسەر دەدرێ". لەژێر سایەی شاهەنشاهی دەستوریدا زەحمەتو گرانیو هەندێ جار دواخستنی مەسەلەیەكو درێژ خایاندنی پرۆسەی حوکمدان ئەو بەهایانەن کە خەڵکی دەیدەن بۆ پاراستنی ئازادیان. بە رای مۆنتسیکیو گەر خاڵێك یا خاسیەتێك هەبێت سەرەکی بۆ جیاکردنەوەی ستەمکاری ئەوا ئەو خاسیەتە، حەتمەن ئەو خاڵەیە کە لەستەمکاریدا بەدیدەکرێ ئەویش لەناوبردنی یان هەر نەبوونی (Judiciary ـ سیستەمی قەزائی) وەك جەستەیەکی میانجی لەنێوان فەرمانڕەواو فەرمان بەسەردراودا تا دەستەڵاتداران لەخراپ بەکارهێنانی دەستەڵات بپارێزێ، بەڵام لەستەمکاریدا ئێمە ڕووبەڕوی دەستەڵاتێکین کە هیچ نییە جگە لەهەڕەمەکیو بەدوور لەهەر پرنسیپێك جگە لەئارەزوو زەوقو ئیرادەی سوڵتان. کێشەکە تەنیا لێرەدا نییە بەڵکو مادامێك ئەو دامو دەستگا یا جەستە میاینجیانە نین بۆ فەرمانڕەوایەتی کردن، تەنیا پرنسیپێ کە پێویستە بۆ پاراستنی دەستەڵاتی ستەمکار بریتییە لەتۆقاندن. ستەمکاری پێویستی بە ترسو تۆقاندن هەیە بۆ حوکم کردن. لێرەوە ترس ئەو پرنسیپەیە کە لێوەی ستەمکاری دەناسرێتەوە. بۆ ئەوەی خەڵکی چۆکدابەن ستەمکاری پەنادەباتە بەر تۆقاندن،

بەکارهێنانی توندوتیـژی، وەحشـیەت، ئەشکەنجە. بۆ ئـەم مەبەسـتە سـتـەمکاری پێویستی بەهێزی سەربازی هەیە بۆ فەراهەم کردنی ئەو ئاوو هەواو کەشە کەپڕیەتی لەترسـاندنی رەعیـەت، ئـەو سـەربازە دڵسـۆزو بەوەفایانـە پێویسـتن کـە لەهـەموو چرکەیەکداو لەهەر بۆنەیەکدا فەرمانەکانی سوڵتان جێبەجێدەکەن بۆ دامرکاندنەوەی هـەر ناڕەزایییـەك. ئیشـی سـەرەکی ئـەم ئۆردوە سـەربازییە چـاندنی ترسـە لـەناو رەعیـەتدا، ئەمـەش تـەنیا مـەرج نییـە بـۆ دامرکاندنـەوەی شـۆڕش‌و ئاشـوب بـەڵکو لەحاڵەتی ئارامی‌و نەبوونی هیچ گێروگرفتێکیشدا پێویستە کە رەعیەت ناو بەناو ئەم ترسـەیان تێدا زینـدوو بکرێتـەوەو بهێنرێتـەوە یادیـان کـە ئـەوان هیــچ نـین جگـە لەمومتەلـەکاتی سـوڵتان یـا ئیمپراتۆر. هـەروەها بڵاوکردنـەوەی تـرس ئامـانجێکی تریشـی هەیـە، ئـەویش لـەناوبردنی ئیعتیمـاد لـەنێو خـەڵکیدا، واتـە ئیعتیمـادکردن بەیەکتر، بوونی ئیعتیماد واتە بوونی هاوڕێیەتی، بوونی هاوڕێیـەتیش واتـە هـەبوونی سیاسەت بەمانا ئەرستۆیییەکەی. لای مۆنتسیکیو هاوڕێیەتی فەزیڵەیەکی سیاسـییەو خاسـیەتی ریپەبلیکـەو تـەنیا لـەژێر سـایەی ئـەو سیسـتـەمەدایە کـە هاوڕێیـەتی راستەقینەبوونی هەیە. ئەرستۆ پێی وابوو کە ستەمکاری جیهانێك دروستدەکات بـێ هاوڕێیەتی ، ئەو رای وابوو کە ئـەو کەسـەی ژیـانی بەتـەنیا بەسـەر دەبـا کەسـێکی بەدبەخت‌و نا بەختیارە، ئەو لە بێدەنگـی‌و لەگۆشـەگیریدا دەژی، ئـەو کەسـەش کـە فەرمان دەردەکاو ناتوانێ قسەبکاو گوێڕایەڵی کوێرانە دەخوازێ، ئەمەش بەدبەختە، ئەم کەسەش کەسی ستەمکارە. بەهەمان شێوە مۆنتسیکیو لەمەسـەلەکە دەڕوانـێ. ئەوەتا لە "نامە فارسسیەکان"داو لەنامەی نۆهەمدا دەخوێنینەوە: "من تەنیا خۆمم هەیـە وەك هـاوڕێی نزیـك .. مـن بەدەگمـەن ئەوشـتـەی کـە پێـی دەڵێـن هاوڕێیـەتی زانیومە چییە.. من تەنیا لەخۆمەوە پێچراوم".

هاوڕێیەتی، بەمانا یۆنانی‌و رۆمانییەکەی، وەك فەزیڵەیەکی سیاسـی مەترسـیەکی سیاسی بۆ ستەمکاری دروست دەکات. هـەر لـە "نامـە فارسـییەکان"داو لەنامـەی (٣٤)دا مۆنتسیکیو دەڵێ:

> **مەسەلەکە لەتورکیا زۆر خراپترە، لەوێ ئەو خێزانانە لەباوکەوە بۆ کـوڕ، هیـچ کەسـێ پـێ نەکـەنیوە هـەر لەسەردەمی دامەزراندنی سەڵتەنەوە.. هاوڕێیەتی، ئـەو بەیەك گەیشتنە شیرینەی دڵەکان، کـە کـارێك دەکـا ژیان لێرە پڕبێت لەخۆشی، تا رادەیەك دەتوانین بڵێین بوونی نییە.. ئەوان پاشەکشە دەکەن بۆناو ماڵەکانیان بەواتایەك هەر خێزانە لەگۆشەگیریدا دەیباتە سەر.**

لەسەرای فارسیشدا دەبینین کە ژنان لێك دابڕاون، ژنان لێرەدا سومبولی کۆیلەکان‌و رەعیەتەکانی ستەمکارین. لەنامەی (١٥٦)دا دەخوێنینەوە (نامەیەکە رۆخانە بۆ ئۆزبەکی دەنێرێ کە لەپاریسە)

ئەو هەریەکێ لەئێمە لەئوتاقەکانی خۆیدا قەتیس دەکا، هەرچەندە ئێمە لەئوتاقەکانیشماندا تەنیاین کەچی ناچارمان دەکا حیجاب لەسەر بکەین. ئیدی ئێمە مۆڵەتی ئەوەمان پێ نادرێ قسە لەگەڵ یەکتر بکەین، بەتاوان لەقەڵەم دەدرێ کە بنوسین (نامە بنوسین) تاکە ئازادییەك کە هەمانە بریتییە لەگریان.

گۆشەگیر کردن، چ فیزیکی‌و چ سایکۆلۆژی، بەردی بناغەی ستەمکارییە، چونکە دەبێتە مایەی رێگەگرتن لەئاڵ‌و گۆڕکردنی بیروڕا، دەبێتە مایەی گفتوگۆ نەکردن لەسەرکێشە سیاسی‌و حەیاتیەکان‌و کە گفتوگۆش نەبوو، نەك بەتەنها ئومێدێك بۆ گۆڕانی سیاسی نابێت بەڵکو خودی سیاسەت بوونی نییە لەدەرەوەی گفتوگۆ. لێرەوە ستەمکاری دەبێتە خوویەك کە رەعیەت یا بەناچاری یا بەخواست قبوڵی دەکەن. ئەمەش تەنها بەرئەنجامی خراپی نییە لەرووی سیاسییەوە بارودۆخێك دروست دەکا کەتیایدا کەس باوەڕی بەکەسی دیکە نییە، کەس هاوڕێی کەس نییە، هاوڕێیەتی زادەی مرۆڤە ئازادەکانە، ستەمکاریش سیستەمێکە کەسی ئازادی تێدا پەروەردە نابێت‌و ئەو ئینسانە پەروەردە دەبێت کە بۆ ئەوەی بمێنێتەوە دەبێت هەمیشە درۆبکا، فێڵ بکا، بوختان بکا لەسەر هەموو ئاستەکانی، هەمیشەش ترسی ئەوەی هەبێ کە کەسێك لەوێ چاودێری دەکا، ئەوەتا ئۆزبەك بۆ هاوڕێکەی دەنوسێ: "ئێمە هەمیشە بەدرۆ غەمباری خۆمان نیشان دەدەین، شادی نیشاندانیشمان ساختەچیانەیە".

ئەمە ئەو راستییە نیشان دەدات کە ئینسانی ئازاد لەژێر سایەی ستەمکاریدا نەك بوونی نییە بەڵکو ئەوسیستەمە تەنیا ئینسانێك پەروەردە دەکا کە هیچ نییە جگە لەئەکتەرێك، شەکەرۆکەیەك، کە تەنیا دەور دەبینێت‌و ماسك دەپۆشێ بەپێی پێویستی سەعات‌و رۆژ.

ئایا لەم دنیا پڕ درۆیەی کە ستەمکار دەیخولقێنێ ئایین رۆڵی چییە؟

گەر ئایین وەکو پەیوەندییەکی زیندوی رۆحانی ئازادانەی نێوان خوداو ئینسانی ئازاد سەیربکەین، پەیوەندییەك کە هەمیشە خۆی زیندوو دەکاتەوەو لەسەر بناغەی دۆگما نییە، لەم حاڵەتەدا دەتوانین بڵێین کە ستەمکار رەنگە نەتوانێ دزەبکاتە ناو

ئەم پەیوەندییەوە. بەڵام ئەم جۆرە سەیرکردنە یان ئەم رەهەندە رۆحانیەی ئاینو ئەم جۆرە پەیوەندییە کارێکی سانا نییەو بگرە دەگمەنە، تەنیا ژمارەیەك عارفو رۆحانی گەورە دەتوانن بەو ئاستەبگەن. کەواتە دەبێت لەئایین بەمانایەکی دیکە قسەبکەین ئەویش ئایین وەکو داموو دەستگا، یا وەکو خوو عاداتو عورفو تەقالید ئەمەش مەسەلەکە تەواو پێچەوانە دەکاتەوە.

مۆنتسیکیو لە "رۆحی یاساکان"دا مەدحی مەسیحیەت دەکاو فەزڵی مەسیحیەت دەدا بەسەر ئیسلامدا لەبەرئەوەی لای ئەو مەسیحیەت لەبار نییە بۆ ستەمکاری هێندەی کە ئیسلام لەبارە. مەسیحیەت کارێك دەکا کە دەستەڵاتی موتڵەق موعتەدیل بێ، ئەمەش بەهۆی "نەرمو نیانی" عەقیدەی مەسیحیەتەوە ، کە بەپێچەوانەی عەقیدەی ئیسلامەوە کە توندو رەقو پڕە لەداواکاری. مەسیحیەت ئەوستاندارانە دەخولقێنێ کە لەرێوەی ئیماندارەکان دەتوانن مەسەلە سیاسییەکان هەڵبسەنگێنن. دواجار مۆنتسیکیو مەدحی ئایینی پەیگان (وثنی)دەکا بەهۆی "یاسا ئەخلاقییەکانیەوە"، ئەو پێی وایە کە "ئایینو قانونی مەدەنی" لەرووی مەبدەئیەوە دەبێت چاو لەیەك شت ببڕن ئەویش کردنی ئینسانە بەهاونیشتمانی چاك لەکۆمەڵگایەکی ئازاددا. لێرەوە موقەدەسترین دۆگما دەشێ بەرئەنجامی خراپی هەبێت گەر نەبەسترێتەوە بەمەبدەئە سەرەکییەکانی کۆمەڵگای ئازادەوە. گەر ئایین تەنیا بووە ترسو پەیڕەوکردنێکی کوێرانەی بەدوور لەئیرادە، ئەوا ئەو کاتە دەچێتە خزمەتی ستەمکارییەوەو دەبێتە داروودەستی ستەمکار. گەر لەجیاتی ئومێدو هاورێیەتی ئایین زیاتر سەرقاڵی تۆقاندن بێت، ئەم تۆقاندنە دەچێتە سەر تۆقاندنە سیاسییەکەو ئیدی ئایین دەبێتە بەشێك لەستەمکاری. بەڕای مۆنتسیکیو ئەمەش ئەو حاڵەتەیە کە لەوڵاتە ئیسلامییەکاندا بوونی هەیە، ئەو دەڵێ:

"لەوڵاتە موحەمەدیەکاندا، بەشێوەکی جزئی لەئاینەکەیانەوەیە کە خەڵکی ئەو تەبجیلو تەعزیم کردنە وەردەگرن کە هایەنە بۆ میرەکەیان"

(دەبێت لەیادمان بێت کە ئەم دیدەی مۆنتسیکیو شوێنی ئیشکالیەتێکی گەورەیەو مۆنتسیکیو هەرچی پەیوەندی بە فیکرو فەلسەفەو سیۆلۆجیای ئیسلامیەوەهەبێت، ئەو کەسە نییە کە بەحسی کردبێو شارەزای ئیسلام بێ، بەڵکو سەرچاوەکانی ئەو، هەروەك بیریارەکانی دی ئەورووپی تا سەدەی نۆزدە، ئەو راپۆرتانەن کە گەشتیارەکان لەخۆرهەڵاتەوە دەیانناردنەوە بۆ ئەورووپاو ئەو راپۆرتانەش لەدیدی بەحسی زانستی ئەمڕۆکەوە هیچ بەهایەکیان نییە. هەروەها دەبێت لەیادمان بێت کە مۆنتسیکیو باس لەڕەهەندی شەعبی ئیسلام دەکات نەك میراتی فیکری ئەو ئایینو شارستانیەتە).

مۆنتسیکیو پێی وایە کە لەتورکیاوە تاچین، ئایینەکان ئەو کۆدە یاساییانە لەخەڵکیدا دەچێنن ئەو ئەخلاقی سەر شۆڕکردنو تەسلیم بوونە پەروەردە دەکەن کە کۆمەکی ستەمکارەکان دەکا. مەبدەئێك کە لەم گەمەی دەستەڵاتەدا سەری لێدەشێویو گلۆردەبێتەوەو لەمانا رۆحانییەکەی خۆی هێدی هێدی دوور دەکەوێتەوەو دەبێە هۆکاری بەهێزکردنی ستەمکاری، ئایدیای پەرستنە، عیبادەتە ـ پەرستن لەپەیوەندییەکی ئازادانەی ئینسان لەگەڵ خودا دەبێتە مایەی زیاتر ئازاد بوونو گەشەکردنی بەهرە ناوخۆییەکان، توانای عەقڵو توانای داهێنان، توانای تەجاوزکردنی ئەم واقیعە، بەڵام کەپەرستن دەبێتە خوو، بێ گومان دەبێتە کۆڵەکەیەك کە سیستەمی سیاسی سوودی لێوەردەگرێ ئەمەش بەئاشکرا لەسیستەمی ستەمکاریدا دەبینرێتەوە. ستەمکاری لەمنداڵییەوە ئینسان فێری خووی کۆیلایەتی دەکا، فێری خووی پەرستنی دەستەڵات، بەپلەیەك کە ئینسانێ دروست دەبێ کە لەنێوان پەرستنی خودا وەکو پەروەردگاری بوونەوەرەکانو ستەمکار وەك ئایکۆنی سیاسی جیاوازی بۆ ناکرێ.

یەکێك لەژنەکانی ئۆزبەك بۆ ئۆزبەك دەنووسێ کەکچەکەی دەخاتە سەراوە لەتەمەنی حەوت ساڵیدا، "هەرچی زووتر کەسی گەنج لەئازادی منداڵی دابڕێ درەنگە" ئنجا رەخنە لەو دایکانە دەگرێ کە دەوەستن تا کچەکانیان بەتەمەنی شووکردن دەگەن ئەوسا بۆ سەرا رەوانەیان دەکەن، ئەم تەمەنەش زۆر درەنگە کە فێری مل کەچیو گوێڕایەڵی ببن.

"ئایا دەبێت ئێمە بۆ هەمووشتێك چاو لەبەهێزی عەقڵ ببڕین ، چاوەڕێی هیچ نەبین لەکاریگەریە ئاسانەکەی خوو عادەت".[١٩]

ستەمکاری خێزان، ئایین دەخاتە گەڕ بۆ چاندنی خووی تەسلیم بون، خووی خۆش ویستنی ئەمیر، بەمانایەك چ خێزانو چ ئایینیش لەرۆڵە سروشتییەکەی خۆیان دوور دەکەونەوەو دەبنە دوو داوو دەستگا بۆ پەروەردەکردنی ئینسانێ کە خۆش ویستنو پەرستن لای دەبنە خوو، نەك ئەرك. خۆش ویستنو پەرستن دەبنە دوو میکانیزم بۆ لەناوبردنی هەر ریشەیەك گەر بوونی هەبێ، ریشەی کەسێکی سەربەخۆ، گەر کەسی سەربەخۆ نەبوو هەمووشت لای دەبێتە خوو، چێژ، گوێڕایەڵی، عەشق، پەرستن، بەشداریکردنی سرووت (طقوس) کارکردن،.. هتد، ئنجا لەپاڵ کردنی ئەمانەدا بەخوو، گۆشەگیر کردنی خەڵکی لەیەکترو کوشتنی رۆحی هاوڕێیەتیو وەلەبنەڕەتیشدا نەبوونی شار بەمانا ئەرستۆییەکەی کە هەرهەموو رەچەتەن بۆ ستەمکارییەك کە ئەمری بەدەست دەهێنێ.

لـە "نامـە فارسـیەکان"دا مۆنتسـیکیو وێنـەی سـەرامان بـۆ دەکێشـێ وەك کۆمەڵگایەکی داخراو کە تەنیا وەزیفەی ئەو کۆمەڵگایە تـەعزیم کردنـی یـەك پیـاوە، واتە سوڵتان، شا، یا والی، ئـەو شوێنەیە کـە تێیـدا هـەموو پیاوەکـان خەسـێنراون، لەپیاوەتی کـەوتوون‌و کوورت کراونەتـەوە بـۆ ئـەو بونەوەرانـەی کـە لەسـەر ئـەژنۆ بەچۆکدا هاتوون بۆ وەرگرتنی سەدەقەیەك، مەکرەمەیەك. پیـاو چاکـەکان‌و خـاوەن کەرامەت، بەهۆی ترس‌و توندوتیژی‌و هەڕەشەی ئەشـکەنجەوە تۆقێنـراون. ژنـانیش شوێنی تاسـەن، بابـەتی عەشـق، بـەڵام لـەیادکراوو نەناسـراو. ژنـان دەتوانـن تـەنیا قوربانی بدەن بۆ یەك پیاو کە هەقی ژیان‌و مەرگی بەدەستە. کرداری سێکسیش لای ژنان واتە بەخشینی چێژ بەکەسێ کە شایەنی خۆش ویستن نییە.

ئەو پەیوەندییـە سێکسـییە قەسـابخانە ئاسـایەی نـاو سـەرا بـەردی بناغـەی حکومەتێکی ستەمکارە، لەئاسـیادا کۆیلایـەتی ناومـاڵ‌و سـتەمکاری حکومـەت یـەك دەستیان لەناودەستی یەکتردایە، حکومەتی ستەمکار ڕێدەگرێ لەبەهرەو تواناکـانی تاکەکانی کۆمەڵ، لەپیاوە ناوازەکان کـە خـەو بـەکاری گـەورەوە دەبینـن، هـەروەك چۆن دەستەڵاتی پیـاوان ڕێدەگرێ لەبـەرهەو توانـاو داهێنـانی ئافرەتـان. لێرەوە بەناچاری وەك لە "ڕۆحی یاساکان"دا دەیخوێنینەوە، "ستەمکاری ئیمپراتۆریەتێکـە لەسەر ئافرەتانەوە بیناکراوە". خێزان‌و پەیوەندییـە خێزانی‌و کەسییەکان بنـەمای سیاسەت پێك دەهێنن، ئەی لەم هاوکێشەیەدا چۆن دەسـتەڵات مەشقی پێدەکـرێ؟ لە "نامە فارسییەکان"دا مۆنتسیکیو ئاماژدە بۆ نوێنەرانی چەند چین‌و توێژو پیشـە (حرفـە)دەکـات، مـەلاکان، مـیرزا، لـەموقابیلی مامۆسـتاکانی زانکۆکـانی ئـەوروپا، دەروێشـەکان لەبەرانبـەر قەشـەکانی ئـەوروپا، پادشـاکانی خۆرهـەڵات بەرانبـەر نـەجیبزادەکانی ئەوروپا، بەڵام ئـەی ئـەو مەخلوقـە کێیـە کـە نـاوی نـاوە خەسـاو (eunuch)؟ بەباوەڕی من مەبەسـتی مۆنتسـیکیو لـەم کەسایەتییە دووشتە، یەکەم وەك دەلالەت کردن بۆ وەزیرو کاربەدەستانی سوڵتان، دووەم: جەوهەری سیستەمی ستەمکاری خۆرهەڵات. خەساوەکان ئەو پیاوانەن کە خۆیان لەخۆیاندا دەسـتەڵاتیان نییە، بەڵام مەشق بەدەستەڵاتدەکەن بـەناوی ئاغاکانیانـەوە. وەك وەزیرەکـان، لەخێزانی کەم دەرامەت یاناچیزەوە دێـن، بـەڵام دواجـار سـامان بەدەسـت دەهێنـن لەڕێگای مل کەچ بوونیانەوە بۆ ئیرادەی سـوڵتان. لـەزۆر شـوێنی نامـەکاندا هەسـت بەئیحباتی سێکسی خەسێنراوەکان دەکـەین، وەك ئـەوەی کـە مۆنتسـیکیو بیـەوێت پـەیوەندی نێـوان وەزیرەکـان‌و دۆسـتەکانیان وەك پەیوەندییـەکی بـێ عەشـق‌و ساردوسڕ وێنابکا، وەك ئەوەی بیەوێت بڵێت ئافرەتان ڕوو لەم کەسایەتیانە دەکـەن

نەك لەبەر كەسايەتی‌و جوامێریان بەڵكو بەهۆی ئەو دەستەڵاتە سیاسییەوە كە هەیانە، لەبنەڕەتەوە ئافرەتان دەزانن كە ئەمانە لەرووی سێكسییەوە چالاك نین.

خەسێنراوەكان بەمانای ووشە پیاونین تەنیا چێژێك كە بەدەستی دەهێنن بریتییە لە سەرپەرشتی كردنی ژنانی حەرەم یا سەراو بردنیان بۆلای سوڵتان یامیر. كەواتە خەساوەكان كە سومبولی وەزیرو كاربەدەستەكانن، لەرووی سیاسییەوە مەوقعیان وا لەنێوان فەرمانڕەواو رەعیەتدا. لەیادمان بێت كە مۆنتسیكیو سەرجەم كۆمەڵگای خۆرهەڵاتی بەیەك سەرای گەورە لە قەڵەم دەدا. گەر لەسیستەمی ریپەبلێكدا دامو دەستگای وەسیەت هەبن لەنێوان فەرمانڕەواو فەرمانبەسەردراوەكاندا، ئەوا لەسەرای خۆرهەڵاتدا ئەم بوونەوەرە سەقەتە، داغان كراوە وا لەنێوان ئەو دوو بەرەیەداو ئەویش مانایەكی سیاسی قووڵی هەیە لەسیستەمی ستەمكاریدا "خەساوەكان" میتافۆرێكن بۆ روونكردنەوەی داینامیك‌و كاریگەری ستەمكاری، كاری خەساوەكان سەپاندنی بێدەنگییەكی یەك ڕەنگییە بەسەر سەرادا، بەسەر كۆمەڵگادا.

كۆمەڵگایەك كە تێیدا فەرمانڕەوا دیار نەبێت، دامو دەستگای میانجی لەنێوان فەرمانڕەواو فەرمانبەسەردراودا بوونی نەبێت، میكانیزمێ نەبێت بۆ فەحسكردن‌و لێپرسینەوەی دەستەڵات، ئەو كۆمەڵگایە دیارە ناتوانێ جێگیر بێت‌و لێرەشەوە دەبینین مۆنتسیكیو لەرێگای نامەكانەوە وێنەیەكی كۆمەڵگا ئاسیاویەكانمان دەداتێ كە پڕیەتی لەئاشوب‌و تیرۆركردن‌و توندوتیژی لەنێو سەرادا، لەنێوان خەساوەكاندا. مەبەستی سەرەكی مۆنتسیكیوش وەك ئامـاژەم پێكرد باسكردنی ستەمكاری خۆرهەڵاتی نییە بەڵكو لێدانی زەنگی مەترسییە بۆ هاوڵاتیانی فەڕەنسی‌و ئەورووپیەكان كە گەر بێت‌و هۆشیار نەبن ئەوا مۆرنـاركی، شاهەنشاهی فەڕەنسی‌و ئەورووپی بەو چارەنوسە دەردناكە دەگا كە لەخۆرهەڵات هەیە، ئەو ئەگەرە تەنیا لەرێگای فەحسكردنی بەردەوامی دەستەڵاتەوە لەناو دەچێ. گەر هۆشیار نەبن‌و هەمیشە دەستەڵات فەحس نەكەن ئەوا وڵات دەبێتە یەك سەرای گەورە كە تێیدا وەكو سەرای خۆرهەڵاتی "هەموو دەبنە یەك، هەموو دەبنە كۆیلە".

لەنامەی بیست‌و یەكەمدا كە ئۆزبەك بۆ یەكەم خەساوی سپی دەنێرێت، دەخوێنینەوە:

ئێوە هیچ نین جگە لەئامراز، ئامرازێ كە دەیشكێنم هەركاتێ دڵم بخوازێ، ئێوە هەن تەنیا تا ئەوكاتەی كە گوێڕایەڵن و لەجیهاندا هەن تا لەژێر یاساكانی مندا بژین، یاخود بمرن كە هەركات من فەرمانمدا. ئێوە هەناسە دەدەن تا ئەوكاتەی بەختیاری من، عەشقی

من، بگره بەخیلی من داوا لە نەفسە حەقیرەکەی ئێوەدەکا، ئێوە هیچ چارەنوسێکتان نییە جگە لە چۆك دادان، رۆحی ئێوە تەنیا دەبێت ئیرادەی من بێت، ئومێدی ئێوە دەبێت ئەوەبێت کە من بەختیارم.

ئەوەی شوێنی مەترسییە، بەڕای ئێمە، ئەو وێنەیە کە هەندێ جارو لەهەندێ لەنامەکاندا مۆنتسیکیو دەیخاتە بەردەممان ئەویش وێنەیەکی سەرا کەتێیدا کەسانی ناوسەرا لەززەت لەکۆیلایەتی دەبینن لەهەندێ نامەدا سەرا وێنادەکرێ نەك وەك شوێنێکی ترسناك بەڵکو وەك شوێنێك کە پڕە لە میری تەمبەڵ و شەهوانی، کە تەمبەڵی و بێ باکیان کارێك دەکا کە سەرای خۆرهەلاتی بێتە شوێنێکی زۆر خۆش بۆ ئەوانەی کە خودی سەرا بۆ ئەوە دروستکراوە کە سەرکوتیان بکا. بەمانایەکیی دی قوربانیانی سەرا لەززەت لەو کۆیلایەتیە دەبینن.

ژنێکی ئۆزبەك بۆ ئۆزبەك دەنووسێ "ئۆزبەك من ئیعتراف دەکەم کە عاتیفەو حەماس نەك تموح کارێکی کردوە کە من بمەوێ لەززەت بەتۆبدەم" دانەیەکی دی دەڵێ، ئەو (ئەو ژنە) "کۆیلەیە بەهۆی توندوتیژی عەشقەوە".

سەرا تەمبەڵخانەیەکی گەورەیەو هەمیشەش تەمبەڵی لەززەتێکی تایبەتی خۆیی هەیە، بەناچاری ئەویش لەنەبوونی ئینسانی ئازادەوە سەرچاوەدەگرێ. ئازادی واتە نەژیان لەژێر سایەی ئیرادەی کەسێکی دیدا، واتە پشت بەخۆ بەستن و کارکردن بۆ خۆ، لەیادمان بێت کە ستەمکاری چالاکی ئابوری بەسنورێکی زۆر نزم دەگەیەنێت، لەرووی سیاسیشەوە رێگا نادا کە بوار بۆ تەقینەوەی بەهرەو تواناکانی ئینسان برەخسێ، ئیدی ئەمە دەبێتە مایەی ئەوەی کە ئینسانەکان کۆیلە ئاسا لەززەت لەتەمبەڵی ببینن و بەو بارودۆخە سکوونە کە لەبێدەنگی مردوەکان دەچێ رازی بن.

وێنەکێشانی سەراو ستەمکاری وەك حاڵەتێکی چێژ بەخش کە لە "نامە فارسییەکان"دا رووبەڕوی دەبینەوە جیاوازە لەو وێنەیەی کە لە "رۆحی یاساکان"دا دەیبینینەوە لە مەڕ ستەمکارییەوە.

لە "رۆحی یاساکان"دا، دوای چەند لاپەڕەیەك کە دەنوسێ ترس پرنسیپی ستەمکارییە، مۆنتسیکیو ئاماژدە بۆ پرنسیپێکی تردەکات ئەویش ئەوەیە کە ستەمکاری ئەو حەزە لەڕەعیەتدا دەچێنێ کە سەرقاڵی کۆکردنەوەی سامان بن چونکی لەم حاڵەتەدا بیر لەبواری مەدەنی، کاروباری گشتی و سیاسی ناکەنەوە، گۆشەگیرکردنی خەڵکییە لەم رێگایەوە. سەرقاڵ بوون بەژیانی تایبەتییەوە ئنجا

ترسیش لەئەشکەنجە دەبێتە مایەی ئەوەی کە خەڵکی سیاسەت بەجێ بهێڵن بۆ ستەمکار.

له "نامه فارسییەکان"دا بەپێچەوانەوە وێنەیەکی درامیو دەوڵەمەند بەئارەزوو کەڵکەڵە ئینسانییەکان دەبینینەوە لەمەڕ ستەمکارییەوە، وێنەیەك کە ترس، عەشق، پەرستن، بەخیلی، لەدەستدانی ئازادیو چێژ وەرگرتن لەم کۆیلایەتییەو .. دەیەها رەهەندی تری ئینسانی ترسناك، دەربارەی مەملەکەتی ستەمکاری.

بەندی پێنجەم

دیموکراسی و ئەگەری ستەمکارییەکی نەرم و نیان[١]

خوێندنەوەیەکی کتێبەکەی ئەلکسی‌دی توکیوڤیلْ "دیموکراسی لەئەمریکا"

پێشەکی: توکیوڤیلٚ سەبارەت بەنووسینی "دیموکراسی لەئەمریکا" بەم شێوەیە مەبەستی خۆی روون دەکاتەوە: "خستنە رووی زانستێکی سیاسی تەواو تازە بۆ جیهانێك کە خۆی تەواو تازەیە" میتۆدی توکیوڤیلٚ بۆ لێکۆڵینەوەی مەسەلە سیاسییەکان بەلێکۆڵینەوەی هەلو مەرجی کۆمەڵایەتی دەست پێدەکا، هەلو مەرجی کۆمەڵایەتی وەکو هەلو مەرجی یەکسانی، عورف، خوو رەوشت، خووی عەقڵیانەی هاونیشتمانیان، هۆکارێکە بۆ ئەوەی کە هەر رژێمە تایبەتمەندی خۆی هەبێت. هەلو مەرجی کۆمەڵایەتی بیروڕاکان دادەتاشیٚ، کەڵکەڵەو هەستەکان بەکەناڵی تایبەتدا دەبا، ئامانجەکان دیاریدەکا، تایپ یاجۆری ئەو پیاوانەی کەدەبێت بەرز رابگیرێن، زمانی بەکارهاتوو، لەدواجاریشدا جۆری ئەو ئینسانانەی کە هەلو مەرجی کۆمەڵایەتیو سیاسی دەیخوڵقێنیٚو لەخۆی دەگریٚ.

زانستی نویٚ، لای تۆکیوڤیلٚ، بۆ "جیهانێکی تەواو نویٚ سەراپاگیرە لەبەرئەوەی لە ئەڵتەرناتیڤیٚ دەگەڕیٚ لەنێوان شێوازێکی تەواو موتڵەقی ستەمکاری کە تائێستا جیهان بە ئەم یابەو شێوەیە دەستو پەنجەی لەگەڵدا نەرم کردوە، لەبەرانبەر سیستەمێکدا کە ئەگەری ئازادی بۆ ئینسانەکان پێیە، ئەگەری خوڵقاندنی هەلو مەرجیٚ کە تێیدا بەهرەکانی ئینسان رێگای خۆیان بیٚ رێگەگرتن پەیدابکەن.

هەر لەسەرەتاوە تۆکیوڤیلٚ بەراوردکارییەکی گشتی دەکا لەنێوان رژێمی کۆن (ancient regime) لەگەلٚ رێکخستنی دیموکراسیدا کە بەڕای ئەو دەشیٚ لەو باوەڕەدابین کە بەتەواوی شوێنی رژێمی کۆن دەگرێتەوە. رێکخستنی ئۆرستۆکراسی لەبنەڕەتدا لەسەر بنەمای یەك هێز بەندبوو بەڵام کە هەیمەنەی ئەوانەی کە زۆر بەدەستەڵات بوون یاسایی کراو رێوشوێنی بۆ دانرا (regularized)، و عورفو عادات چەند سنورێکی بۆ ئەو دەستەڵاتە داناو جۆرە یاسایەکی دارشت لەنێو ئەو هێزەدا گەر ئۆرستۆکراتیەت فەزیلەی خۆی هەبوبێت وەکو ئیستقرار، بەهێزی، مەجدوشکۆ، ئەوا فەزیلەی دیموکراسی هەرچەندە لەخوارتریش بێت بەڵام فەزیلەتێکی پتەوترە. تۆکیوڤیلٚ لەپێشەکیەکەیدا بۆ کتێبی "دیموکراسی لە ئەمریکا" دەنوسیٚ:

دیمەنەکە ئێستا گۆڕاوە،، جیاوازیەکانی مەرتەبەکان

(rank) پووکاونەتەوە. بەربەستەکانی کەرۆژێك

خزمەتی مرۆڤایەتیان دەکرد کەوتن، موڵکایەتی دابەش دەکریَ، دەستەڵات لەلایەن ژمارەیەکی زۆرەوە دابەش دەکریَ، رووناکی عەقڵ پەخش دەبێتەوە، تواناکانی هەموو چینەکان رووەو یەکسانی تەکان دەخوا، کۆمەڵگا دەبێتە دیموکرات، ئیمپراتۆرییەتی دیموکراسی لەسەر خۆو بەئاشتی بەدام و دەستگاو عورف و عاەتەکان دەناسێنرێت. دەتوانم وێنای ئەو کۆمەڵگایە بکەم کەتیایدا هەموو ئینسانەکان وەك یەك یاساکانیان خۆش بویَو رێزی ئەو یاسایانە بگرن کە خۆیان بەنووسەرەکانی دەزانن، کۆمەڵگایەك کە دەستەڵاتی حکومەت وەك شتێکی پێویست رێزی لێدەگیریَ، نەك وەك دەستەڵاتێکی ئیلاهی، کۆمەڵگایەك کە دڵسۆزی تابع (subject) بۆقازی قازییەکان بەدوور دەبێت لەعاتیفەو حەماسەت، بەڵکو دڵسۆزیەك دەبێت لەسەر ئاستێکی ئارام و عەقلانی. کۆمەڵگایەك کە هەرتاکە کەسە خاوەنی مافەکان دەبێت، ئەو دڵنیا دەبێت کە چۆن بیانپارێزیَ، بروایەکی پیاوانەو رێزێك لەنێوان هەموو چینەکاندا سەرهەڵدەدا، بەدوور لەغرور کۆیلایەتی .. هەرەوەزی هاونیشتمانیان رەنگە ئەوکاتە شوێنی دەستەڵاتی تاکییانەی نەجیب زادەکان بگرێتەوە، ئەوسا جڤات (community) دەپارێزریَ لەستەمکاری و بەرەڵایەتی (license) [٢]

گریمانکاری سەرەکی لەو وێنەیەی سەرەوەدا دەربارەی کۆمەڵگای دیموکرات ئەو گریمانکارییە یە کە دەڵێ هاونیشتمانیانی دیموکرات دەتوانن هۆشیار بن و ببنە خاوەنی تێگەیشتنێکی رۆشنگەرانە دەربارەی بەرژەوەندییەکانی خۆیان و ئەرکە کۆمەڵایەتییەکانیان بەپلەیەك کە لەدڵیاندا شوێنی نامێنێت بۆ فەخرو غرور کە کارێك دەکا ئینسانەکان بەخیلی بەجیَو مەقامی ئەوانی دیکە ببەن گەرچی رەواش بێت. دەبێت لەیادمان بێت کە تۆکیوڤیلْ رەفزی ئەوە دەکا کە بچێتە پالْ ئەوانەی هەولْ

دەدەن دیموکراسی چاك بکەن‌و پاکی بکەنەوە لەڕێگای وا دارکردنی هاونیشتمانییە دیموکراتەکان بەبیرکردنەوە تەنیا لەبەرژەوەندییە خودییەکان (زاتییەکان).

وێنەکێشانی دیموکراسی وەك کۆمەڵگایەك کە تێیدا کەسانی هۆشیارو ڕۆشنگەر (enlightened) تەنیا وێڵی بەرژەوەندییە زاتییەکانیان‌و چاك بوون لەبواری ماتریالی، وێنەیەکە نەك واقیعی نییە بەڵکو زۆر ناشرینە. تۆکیوڤیلْ یەکێك بوو لەو فەیلەسوفە سیاسییانەی سەدەی نۆزدە کە ئومێدێکی زۆری بەڕۆشنگەری هەبوو کە سیستەمێکی سیاسی ئەوتۆ بخولقێنیْ کەلەلایەکەوە بریتی بێت لە جێهێشتنی کۆت‌و زنجیرەکانی رابردوو بەلام لەگەلْ پاراستن‌و هەلگرتنی هەموو جوانی‌و فەزیلەکەتانی پێشوو، ئنجا دروست کردنی هاوسەنگی‌یەك لە نێوان پێداویستیە عەقلی‌و کلتوری‌و ڕۆحییەکانی ئینسان لەگەلْ پێداویستی‌یە مادی‌یەکان، هاوسەنگی‌یەك لەنێوان ئازادی تاکە کەسدا لە گەلْ پاراستنی زەمینە ڕۆحی‌یەکە کە جڤاتە.

مەبەستی توکیوڤێلْ لە" دیموکراسی لە ئەمریکا" نیشاندانی ئەو ڕاستیەیە بە ئینسانەکان کە چۆن دەشێ لەیەك کاتدا ئازادبن‌و یەکسان، وئنجا نیشاندانی ئەو راستیەی کە گەر بێتو دیموکراسی یەکسان نەکرێت‌و نەناسرێتەوە لە رێگای بەستنەوەیەوە بە دام‌و دەسگاکان، حکومەتی خەڵکی، حکومەتی نوێنەرایەتی(representatirve)، جیاکردنەوەی دەستەڵاتەکان، بوونی بواری مەدەنی ئازادو بوونی بەردەوامی گفتوگۆی ئازادانە لەسەر کێشەکان، توکیوڤێلْ لەم حاڵەتەدا ترسی خۆی نیشان دەدا کە گەربێتوو دیموکراسی تەنیا پشت بە حەماسەتی یەکسانی ببەستێت ئەوا دیموکراسی گونجاو دەبێت لەگەلْ ستەمکاریدا، حاڵەتێك کەهەم ستەمکاری‌یەو هەم ئازادیش بەرکەماڵە. ئەو رای وابوو کە ستەمکاری دەشێ شان بەشانی ئەو دام‌و دەسگایانە بوونی هەبێت‌و بژی وا دەردەکەون کە دیموکراتین. بە پێچەوانەی کەسانی هاوسەردەمی خۆی کە باوەڕیان وابوو گەشەکردنی لەسەرخۆ بەرەو یەکسانی دەبێتە مایەی خاپوور کردنی ئەگەری ستەمکاری لەسەر گۆی زەوی.توکیوڤێلْ لەو باوەڕەدابوو کە گەر بێت‌و پرنسیپی دیموکراتی ڕێنومایی نەکردریْ، هەمیشەو هەمیشە لەژێر چاودێری عەقڵیدا نەبێت بەمانای هەڵسەنگاندنی فیکری، ئەوا قلْپ دەبێتەوە بەرەو ستەمکاری‌یەك کە مرۆڤایەتی تا ئێستا ئەزموونی نەکردووە.

لەم کتێبەدا تۆکیوڤیلْ رووده‌کاتە رژێمی ئەمریکی لەسالآنی ۱۸۳۰ دا نەك لەبەرئەوەی کە بەناچاری ئەو رژێمە بەرجەستە بووی پرنسیپەکانی چاکترین رژێمە، بەڵکو لەبەرئەوەی ئەو رژێمە خاڵی وەرچەرخاندنی گەشەکردنی مێژوویيە بەرەو زیاد

بوونی یەکسانی. هەروەها ئەو دەڵێ بۆیە لە دیموکراسیەتی ئەمریکی توێژیوەتەوە تاکو "ئەو وانانە بدۆزێتەوە کە دەشێ لێوەی سوود وەربگرین". کەواتە ئەمریکا وانەی زۆرە تابیدات بەدەرەوە بەتایبەت بۆ فەڕەنسا، لەبەرئەوەی سەرچاوەی داهێنەرانەی یاساکان و عورف یەکێکە لەهەردوو وڵاتەکەدا، ئەمریکاو فەڕنسا. وەك چۆن لای مۆنتسیکیو دیمان کە باسکردنی ئەو بۆ ستەمکاری خۆرهەڵات بەئاگا هێنانەوەیەك بوو بۆ فەڕەنسیو ئەورووپییەکان، مەبەستێکی لەم جۆرەش لای تۆکیوڤیلْ دەبینینەوە. دەتوانین بڵێین کە تۆکیوڤیلْ بەڕاستی کتێبێکی نووسیوە بۆ فەرەنسییەکان، ئەو لەڕێگای باسکردنی ئەمریکاوە دەیەوێت لەهەل و مەرجی داهاتووی فەرەنسا بدوێ، مەبەستی ئەو دوو فاقەیە؛ لەلایەکەوە شیکردنەوەی ئەمریکاو لەلایەکی دیکەوە چاوبڕین لەگیروگرفتەکانی دیموکراسی داهاتووی ئەورووپا، هۆشیار بوون لەفەزیڵەتەکانی دیموکراسی ئەمریکی بەڵام ئاگادار بوونیش لەئەگەرەکانی بوونە ستەمکاری ئەو سیستەمە. هەروەها ئەمریکا نمونەی دیموکراسیەتێکی تایبەت و ناوازە بەجودا لەوەی فەرەنسا، چونکی لەئەمریکادا بەدەگمەن توخمی دژە ـ دیموکرات بوونی هەیە. ئەو گیروگرفتانەی لەدیموکراسیەتی ئەورووپیدا هەبوون، لەسەردەمی تۆکیوڤیلْدا، لەئەمریکا نەبوون لەبەر دووهۆ:

یەکەم: ئەمریکا سەرزەمینی هەلە بێسنورەکانە بۆتاکە کەس و موبادەرەی تاکە کەس ئارەزووی بەردەوام و جێبەخۆنەگرتوی هانیشتمانییە دیموکراتەکان بۆ گەشەکردنی ـ خۆو چاککردنی بارودۆخیان راستەوخۆ نابێتە مایەی بەخیلی و بوغز لەئەوانی دیکە وەك ئەوەی کە لەئەورووپادا روودەدات.

دووەم: ئەمریکا هەر لەسەرەتاوە حەماسەتێکی دیموکراتیانە بالی بەسەردا دەکێشێ بێ کێشمەکێشی چینەکۆنەکانی دژ بەدیموکراسی زیاتر لە یادەوەرییەکی دووردا هەن نەك بەواقیع، ئەمە لەکاتێکدا کە لەفەرەنسا، لەسەردەمی تۆکیوڤیلْدا ئەوچینانە سەرگەرمی کێشمەکێش بوون.

کەواتە ئەمریکا ئەو شتەی کە بەدەستی هێناوە لەماوەیەکی کەمدا تاڕادەیەك پەیوەندی بە بەختەوە هەیە، بەڵام ئەوشتەی کە بەخت بۆ ئەمریکای دەکا، هونەرە نوێکەی تۆکیوڤیلْ، فەلسەفەی سیاسی یاسا دانەری نوێ، نیشانی فەرەنسای دەدا کە چۆن فەرەنسا یا ئەورووپا بگەیەنێتە ئەو حاڵەتە.

بەشێوەیەکی گشتی تۆکیوڤیلْ، لەم کتێبەدا، هەوڵی دەوڵەمەندکردنی دیموکراسیەت دەدا لەڕێگەی گونجاندنییەوە لەگەلْ ئازادی، لەڕێگای هێنانە دەرەوەو ئاشکرا کردنی ئەو بەها گرنگەی دیموکراسیەت کە پەنهانە ئەویش ئازادییە. لەجەوهەردا دیموکراسی بریتییە لەوێناکردنی هەرە بەدەستەڵاتی ئەم

پرنسیپە: "هەبونی مافی یەکسان بۆ هەموو ئینسانەکان بۆ ئازادی". لەکتێبەکـەیدا، "رژێمی کـۆن"، ئـەو کتێبـەی کـە لەسـاڵانی دوایـی ژیانیدا نوسـیویەتی، تۆکیوڤیـل بەئاشـکرایی‌و ئازایانـە تـەئکید لەسـەر ئـەوە دەکاتـەوە کـە عیشـقی ئـازادی حەماسەتێکی لا عەقڵانییە، بـەڵام سـەرچاوەی هەمووشتێکی مەزنیشـە. دەربـارەی ئەو میللەتانەی کە ئازادیان لەدەستداوە دەڵێ:

ئاسانە ئەوە بینری کە ئەومیللەتانە لەشتێکیان کەمە
ئەویش عیشقێکی رەسەن بۆ ئازادی، ئەو تموحە نەجیبە،
کە من ئیعتراف دەکەم لەو دیو شیکردنەوەیە. چونکی
شتێکە کە مرۆڤ هەستی پێبکاو لۆژیك بەشێك نییە لێی.
ئەم عەشقەی ئازادی ئیمتیازێکی عەقڵە گەورەکانە کە
خوداوەند وای خەڵق کردوون بتوانن پێی بگەن،
وەکارێکی کردووە کە ئەوان بەپەرۆشەوە وێڵی بن، بەڵام
ئەوەش بڵێین بۆ رۆحەنزمەکان، ئەو رۆحانەی کە ئاگری
موقەدەس هێشتا بەریان نەکەوتووە، ئەوعیشقی ئازادییە
شایانی لێ تێگەیشتن نییە. (٣)

هەر هەمان رۆحیەتە کە ئێمە لەدامو دەستگاکان‌و ژیانی ئـەمریکیدا دەیبینینـەوە بەڕای تۆکیوڤیل. بەڕای ئەو ئەمریکییـەکان تـەنیا لـەرێگای عیشـقیانەوە بـۆ ئـازادی دەجولێن‌و دێـن‌و دەڕۆن، حەماسـەتێکی قـوول کـەپڕ بەپێسـتی ئـەو دروشمەیـە کـە لەدەستووری گشتی ئەمریکیدا هاتوە: "ئازادی‌و وێڵ بوون بەدوای بەختیاریدا".

با دوای ئەم پێشەکییە سەرنجێکی خێرا بدەینـە بۆچوونـی تۆکیوڤیـل دەربـارەی دیموکراسی‌و بپرسین کە خاسیەتی سەرەکی کۆمەڵگای دیموکرات چییە؟

خاسیـەتی ناسـینەوەی کۆمـەڵگای دیموکـرات بریتییـە لـە ئـەتۆمیزم (atomism ـ الذرية) واتە پێکهاتنی کۆمەڵگا لە ئەتۆمـەکان (لـێرەدا بـەمانای تاکـەکان). چۆنێتـی فەرمانڕەوایەتیکردنی چینـە فـەرمانڕەواکان بەسـەر خـەڵکیداو سـەیرکردنی خۆیـان وەکو شوان‌و خەڵکی وەکو مێ گەل کەدەبێت لێبخوردرێن، ئەم حاڵەتەو ئـەم جـۆرە فەرمانڕەوایەتیکردنـە وەلاوە نـراوەو لەلایـەن حاڵـەتێکی نـوێ‌و فەرمانڕەوایـەتی کردنێکی دیکەوە شوێنی گیراوەتە، کە بریتییە لەبازکردنی هەموو رێگاکان بۆ هەموو کەس بەرەو بەدەستهێنانی دەسەکەوتی کۆمەڵایەتی، عەقڵی‌و سیاسی. ئینسانەکان لەم هەل‌و مەرجە تازەیەدا رووبەڕوی یەکتر دەبنەوە وەك کەسانی یەکسان بەیەکتر، هەریەکە سەربەخۆو ئازاد. ئەوتاکە کەسـانەی کـە ئـەم کۆمەڵگایـە پێکدەهێنـن وەك

هاونیشتمانیان، ئیدی خاوەنی هیچ گرێیەکی سروشتی نین کەبەیەکیانەوە ببەستێتەوە، مادامە هەرکەسە یەکسانە بەهەرکەسێکی دی، هیچ کەس خاوەن ئەرك نییە بەرانبەر هیچ کەسێکی دی. بەڕای تۆکیوڤیڵ، کلیلی ئەتۆمیستیکی یەکسانی سەردەمی دیموکرات وا لەبڵاوبوونەوەی "تاك گەرایی individualism"دا، وەك حەسمکردنێك، رەتکردنەوەیەکی هەر ئەرکێك (obligation)و سەیرکردنی هەر ئەرکێك وەك ئۆتۆرەتیتی (authoritative). لەم حاڵەتەدا هەرتاکەکەسە دەبێتە سێنتەری گەردوونێکی زۆر بچووکی تایبەت بەخۆی کەتەنیاپێك هاتووە لەخۆی. ئەو تاکە کەسانەی کەوێڵی بەرژەوەندییە خودییەکانن‌و لەم کۆمەڵگایەدا خۆیان دەبیننەوە کە رزگاریان بووە لەهەموو گرێ‌و بەندێکی کەنیسە، خێزان، چین‌و ئنجا جڤات، ئیدی ئازاد دەبن بچنە ناو جیهانی ئابووری‌و بازاڕەوە.

باوکی رۆحانی ئەم "ئایدیا نوێیە"بێگومان دیکارتە، کە فەلسەفەی ئەو و میتۆدە فەلسەفییەکەی ئەو نمونەکانی لەم جۆرە. فەراهەم دەکاو رەوایەتی دەبەخشێتە ملکەچ کردن بۆحوکمی کەسی‌و تایبەتی هەر ئینسانە بۆ خۆی، رەتکردنەوەی هەر جۆرە بیرو عەقیدەیەك کە لەدەرەوەی تاکە کەسەو دیموکراسی لەفەلسەفەی دیکارتدا یارو یاوەرێك دەبێتەوە بۆ رەتکردنەوەی باوەڕەتەقلیدییەکان. بەڵام هەر هەمان کە لکەڵەی تاککەرایی فەلسەفەی دیکارتە کە دواجار دەبێتە گیروگرفتێکی دیموکراسی. چونکە سەرگەرم بوون بە بەدەستهێنانی دەستکەوتی مادی‌و غەم خواردن تەنیا لەچاکەی شەخسی لەسەر حیسابی خەڵکی‌و بێ حیساب بۆکردن بۆ بواری مەدەنی‌و گشتی، بێگومان دەبێتە مایەی هاتنەکایەوەی میانمایەیی (medicority) یا عادی بوون. هەروەها کاتێك ئینسانی دیموکرات تەنیا سەرقاڵی بەتەنگەوەهاتنە ماددییەکانی خۆی بێت لەسەر حیسابی مەدەنی‌و بواری سیاسی، ئەم حاڵەتە جۆرە سیستەمێك دەهێنێتە ئاراوە کە دەشێت ناوبنرێت بە "ستەمکاری نەرم‌و نیان". بابپرسین ئەم حاڵەتە لەکوێوە سەرچاوە دەگرێ؟

لەرێگای خاپوور کردنی هەموو عاتیفە نەجیبەکانی ئینسانەوە ئەم حاڵەتە سەرچاوە دەگرێ، عاتیفەی بەتەنگەوە هاتن (care)، شەرەف، لەخۆبووردن، عەشقی فەزیلەت،و خۆتەرخانکردن بۆ چاکەی مەدەنی، گەشەکردنی خودپەرستی، و ئنجا رێنومایی کردنی خەڵکی تا سەرقاڵی چێژە حسییەکانیان بن.

نوسەرانی تری سەربە نەوەکەی تۆکیوڤیڵ دەمیان لەترسی خود پەرستی‌و گۆشەگیرکردنی هاونیشتمانیان داوە، بۆ نمونە دەشێ بڵێین کە شیعری بۆ دلێر پەرچە کردارێکە دژ بەم حاڵەتەو دەربڕینی ترسێکە لەوە دیهێنانی ئەو حاڵەتە، ترسی ئەوەی کە هەموو پەیوەندییەکانی تاکە کەسەکان‌و ئەو هێڵانەی کە تاکەکان

پێکەوە دەبەستنەوە لەناو بچن‌و هەرەس بهێنن، لەشوێنی کۆمەڵگایەك سەرهەڵبدا کە هیچ نەبێت جگە لە "کۆمەڵێ مەنفای بچووك بچووك"[٤] سان سیمۆن بەشێوەیەکی تر ترسی خۆی نیشان دەدات، ئەو دەڵێت: "کۆمەڵگای ئەمرۆ لەبەدترین ئاژاوەی ئەخلاقیدایە، خودپەرستی بەتوندی ڕەوت دەکات، هەموو شتێك بەرەو گۆشەگیری دەڕوات"[٥].

بابزانین تۆکیوڤیلْ چۆن لەم کێشەیە دەڕوانێت!

بەڕای تۆکیوڤیلْ "دیموکراسی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان شل دەکاتەوە" و "هاونیشتمانیان لێك جیادەکاتەوە". هەر ئەم کەلکەڵەیەی کۆمەڵگای سەدەی نۆزدەم بۆ "لێك داپچڕاندنی هاونیشتمانیان لەیەکتر" کە بووە شوێنی غەمی تۆکیوڤیلْ پێناسەکردنی تاکگەرایی وەك پراکتیکی کشانەدواوە لەبواری گشتی‌و مەدەنی بۆ غەرق بوون لەبوونی تایبەتیدا، تۆکیوڤیلْ ئەم تاکگەراییە بەحوکمێکی هەڵە لەقەڵەم دەدا. هەرچەندە ئەو لەو باوەڕەدا بوو کە تاکگەرایی جیاوازە لەخودپەرستی، بەڵام بەڕای ئەو لەماوەی درێژخایەندا هەردوو دەبنەیەك، هەروەك خودپەرستی، تاکگەرایی بەمروری زەمەن هەموو فەزیلەتێکی "ژیانی مەدەنی" تێك دەدات. بەڕای ئەو، ئەوانەی تەمجیدی تاکگەرایی دەکەن، ئەوانەی هاونیشتمانیان تەشویق دەکەن تاخۆیان جیابکەنەوە لەکاروباری گشتی‌و مەدەنی‌و سەرگەرمی کۆکردنەوەی سەروەت‌و سامان‌و سەرقاڵی چێژی تایبەتی بن، ئەوانەی بێ ئەوەی بزانن خەریکی پەروەردەکردنی ستەمکارییەکی نوێن، لەبەرئەوەی ئەوکاتەی تاکە کەسەکان مەیدانی گشتی چۆڵ دەکەن، حکومەتێکی خەفەقان سەرهەڵدەداو داوا دەکا کە هەرخۆی ئۆتۆرەتی بێت، داواش دەکا ئەو تاکە ئۆتۆرەتییە بێ پرسیار قبولْ بکرێ، لەجیاتی ئەمە تۆکیوڤیلْ گرنگی بە "تاکگەرایی تەندروست"دەدا، ئەو تاکگەراییەی کە لەئەنجامی غەرق بوونی تاکەوە لەدنیا بچووکەکەی خۆیدا نایەتەدی بەڵکو لەئەنجامی بەشداریکردنی لەگروپ یا جڤاتدا کە خاوەنی ئامانجی مەدەنی‌و گشتییە، لێرەوە ئەو تاکگەراییەتە تەندروستە دێتە دی. لەگروپێك یان جڤاتێکی لەوشێوەیەدا تاك باوەڕ ـ بەخۆ بەدەست دەهێنێ‌و دەستی بەزانست دەگا لە ڕێگای هەڵسوکەوت‌و نواندنی کردار لەگەلْ ئەوانی دیکەدا، لەسەرخۆ ئازایەتی‌و بوێری شەخسی خۆی گەشە پێدەدا چونکی ئەو ئازایەتیە پێویستە بۆ هەڵوێستی ئەخلاقی تاکانەو تاکەکەسی سەربەخۆو تاکەکەسی حەقیقی لەژیانی مەدەنیدا. تاکەکەسی ئازادو سەربەخۆ ئەو کەسەیە کە ئازایانە داکۆکی لەبیرو ڕاکانی خۆی دەکاو بوێرانە لەسەر کێشە مەدەنییەکان لەبواری گشتیدا بەرمەبنای عەقلْ، نەك نەزەوات، موجادەلە دەکا. بەش بەش کردنی کۆمەڵگاو گۆشەگیرکردنی تاکەکان، لێك

داپچڕاندنـی پەیوەندییـە کۆنـەکان، ئـاوابوونی خـۆری مـەدەنی‌و کـەمبوون یـا لەناوچوونی گفتوگۆ لەسـەر کێشـەمەدەنییەکان، هەرهـەموو هـەل‌و مـەرجێکن، وەك لەدواجاردا دەیبینین، بۆستەمکارییەکی تەواو تازە.

دیموکراسی دەبێت ئارەزووی ئینسـان بۆ چاك بـوون (well - being) تێربکـات، بەشێوەیەك کە کارێك بکا تەشویقی ئینسانەکان بکا کە بەشـێك لـەووزەیان تـەرخان کـەبن بـۆ کۆشـش‌و پێویسـتییەکانی تـری جڤـات‌و نەتـەوە، جگـە لەپێویسـتیە شەخسییەکان. ئـەم گیروگرفتـە شـایەنی چارەسـەرکردنە یا لـەرێگای دابینکردنـی شمەکە مادییەکان بەشێوەیەك کە هەر هەموو قانع بکا، تـاکو هیـچ قەلـەقی نـەبێت لـەوەی کـە رەنگـە بەشـی (حصـەی) خـۆی بەدەسـت نـەهێنێ، یـاخود لـەرێگای موعتدەلکردنـی ئارەزووەکانـەوە، لـەم حاڵەتـەدا ئینسـانی دیموکـرات لـەرێگای تێگەیشـتنێکی عەقڵییـەوە خـود بـەخود ئارەزووەکـانی موعتـەدل دەکـا. (لـێرەدا سەرنجتان بۆ کۆمەڵگای بەرخۆری (استهلاکی) رادەکێشـم کـە لەسـەر زاوزێ کردنـی ئارەزووەکانەوە بیناکراوە، ئەو کۆمەڵگایـە هـەرەس دەهێنـێ گـەر ئـەم تێگەیشـتنە عەقڵییە بێتە ئاراوە، لێرەوە دەڵێم کۆمەڵگای ئیستهلاکی نامەعقولترین کۆمەڵگایـەو پەیوەندی دیموکراسی‌و کۆمەڵگای ئیسـتهلاکی بابـەتێکی زۆر گرنگـە بـۆ قسـەکردن، ئایا دیموکراسی گونجاوە لەگەڵ ئەو کۆمەڵگایەدا؟).

لای تۆکیوڤیل، ئارەزوو خواستی ئینسانی دیموکرات بۆ گەیشـتن بـە بەختـەوەری نـەك تـەنیا گونجـاوە لەگـەڵ ئەخلاق‌و رێکخسـتنی مـەدەنیدا، بـەڵکو ئـەو ئـارەزوو خواسـتانە رەنگـە تێرنـەبن بـەبێ بـواری مـەدەنی. کەواتـە، هەرچـەندە دیموکراسـی رەنگە پشت گوێ خستنی ئەو شتەی کە لەئینساندا مەزنە لەگەڵ خۆی بهێنێ، بەڵام بەلانی کەمەوە کێشەی بەختەوەرییەکی گونجاو بۆ زۆربەی خەڵکی چارەسەر دەکا.

گواستنەوە لەعـەودال بوونـی شمـەك‌و ماتـەریال، عـەودال بوونێکـی گونجـاوو موعتەدیل، بـۆ عـەودال بوونێکـی توونـدڕەو بەپلەیـەك کـە بەدەسـتهێنانی ماتـەریال ببێتـە ئامـانج، ئـەم گواسـتنەوەیە هاورێیـە لەگـەڵ سـەرهەڵدانی رۆحـی بسـنس‌و بازرگانی، بسنس لەم هاوکێشـەیەدا لەسـەرتادا واسـەیری دەکـرێ کـە رێگایـەکی پـڕ بەروبوومە بۆ رازی کردن‌و گەیشتن بە بەختیاری، بەڵام دواجار خۆی دەبێتـە ئامـانج لەم حاڵەتەدا بسنس بازرگانی، سادەترین ئـارەزوو بـۆ بەختـەوەری دەگۆڕێتـە سـەر زنجیرەیەکی لەبن نـەهاتووی ئارەزووەکـان‌و تـووڕ هـەڵدانی ئـەو ئارەزووانـە بـۆ نێـو گێژاوێك کـە سـەختە ئامانجە سـەرەکیەکە تیـایدا بناسرێتەوە. لـەم سـیناریۆیەدا بازرگانی دەبێتە کۆششـێکی نـەجیب‌و بەمـەزنی سەیری دەکرێ، ئینسـانە خـاوەن بەهرەو توانا عەقڵییەکان لەسیاسەت‌و کاروباری عەقڵی‌و کایەکانی تـری داهێنانـەوە

راپێچ دەکرێن بەرەو بواری بازرگانی، واتە لەژیانی مەدەنییەوە بەرەو ژیانی تایبەت. لەبازرگانیدا ئەم ئینسانانە زەمینەیەکی گونجاو دەبیننەوە بۆ گەشەکردنی بەهرە جیاوازەکانیان، هەروەها ئەو کاتەی کە ژیانی سیاسی بە بازاڕی دەکرێت (vulgarized) ئەو ئینسانانە لەبازرگانیدا ئازادییەك دەبیننەوە، ئازاد بوون لە یەك بەرگی ژیانی سیاسیو بەبازاڕی بوونی ژیانی مەدەنیدا. لەڕاستیدا ئەگەری ئەوە بەهێزە کە ئەم ئینسانانە چینێکی نوێ پێك بهێنن (ئەمڕۆ ئەمە لەئەگەر دەرچووە، ئێستا چینێك درووست بووە کە پێی دەڵێن "سوپەر کلاس" ملیۆنەرو بلیۆنەرەکانی جیهان). لەجیهانێکدا کە هەموو شت بۆ فرۆشتنە، تاکگەراییو ماتەریالیزم، دوو خاسیەستی دیموکراسی، تەحریف دەبن بەپلەیەکی زۆر لەلایەن دابەزینی ئادابو سلوکی کۆمەڵایەتییەوەو کاڵ بوونەوەی ڕۆحی بەتەنگەوەهاتنی ئینسانەکانی دیکە.

تۆکیوڤیڵ قەلەقی ئەوەبوو کە سامان لەم کۆمەڵگا بۆرژوازیەدا، وەك ئامانجێك خۆی لەخۆیدا، سەیربکرێ، نەك وەك ئامراژێك بۆ گەیشتن بەژیانێکی چاك (لێرەدا تۆکیوڤیڵ هاوڕایە لەگەڵ ئەرستۆدا). ئەو دەرکی بەوە کردبوو کە ژیانی بۆرژوازی تەشویقی خەڵکی دەکا بۆسەر گەرم بوون لەگەڵ چێژو بەختیارییە بچوکەکانو کردارە بەرژەوەندییە ـ خودییەکان، ژیانێك کە کارێك دەکا کە کەسانی خاوەن تواناو بەهرە زۆر زوو بە پەیمانەکانی خۆی هەڵبخەڵەتێنێ. لای زۆر کەسی نەوەکەی تۆکیوڤیڵ ئەم ژیانە بۆرژوازییە گەرای کۆیلایەتییەکی نوێی پێیە.

قانع کردنی خەڵکی کە ئامانجی سەرەکی لەژیاندا بریتییە لە کەڵەکە کردنی سامانو عەوداڵ بوونی خۆشی، ئەو کەسانەی کە لێپرسراون لەکاروباری سیاسی دەستەڵاتێکی زۆرتر بەدەست دەهێنن، دەستەڵات بەسەر ژیانی خەڵکیدا، ئەم حاڵەتەش هێواش هێواش کارێك دەکات کە دانیشتوان پاسیف بنو دواجاریش ملکەچ. گەر ئەم حاڵەتە زۆربوونی کەڵەکە بوونی سامانو غەرق بوون لەبەختیارییە بچووکەکانی جیهانە بچووکەکەدا، گەر ئەمە لەداهاتوودا بەردەوام بێت، ئینسانەکانی کۆمەڵگای بۆرژوازی هەر جۆرە بەشداریکردنێك لەژیانی سیاسیدا لەدەست دەدەن، لەبەرئەوەی ئەوان تەنیا لەدنیا تایبەتییەکەی خۆیاندا گیر دەخۆنو ئەوەش دەبێتە مایەی لەبیرکردنو پشتگوێ خستنی بواری مەدەنیو غەمو کێشەکانی. لەبەرگی دووهەمی "دیموکراسی لەئەمریکا"، تۆکیوڤیڵ بەم شێوەیە قەلەقی خۆی دەردەبڕێت:

> **قۆناغێك هەیە لەمێژووی خەڵکی دیموکراتدا کە بەڕاستی مەترسیدارە. ئەو کاتەی کە حەزو چێژ بۆرازیکردنی فیزیکی لەنێوانیاندا زۆرتر گەشەدەکا**

زیاتر لەپەروەردەبوونیان و ئەزمونیان بۆدام و دەستگای ئازاد، ئەوسا کاتێك دێ کەئینسانەکان کۆنترۆڵ لەدەست دەدەن، جڵەوگرتنەوەیان لاواز دەبێت لەبەردەم هەرشتێکی نوێدا کە خەریکە بەدەستی بهێنن. لەقەلەق بوونە گرژەکەیاندا بۆ بەدەست هێنانی شانسی، ئەوان بەرچاویان تەنگ دەبێت و ناتوانن ئەو پەیوەندییانە ببینن کە لەنێوان شانسی تایبەتی هەریەکەو گەشکردنی هەمووشاندا هەیە.. ئەرکە سیاسییەکان لای ئەوان دا دەردەکەوێ وەك رێگرێك لەبەردەم بسنس و پیشەکانیاندا. گەر داوایان لێبکردرێ کە لەهەڵبژاردندا بەشداری بکەن، کۆمەکی حکومەت بکەن لەرێگای خزمەتگوزاری تایبەتییەوە لەدانیشتنە مەدەنییەکاندا بەشداری بکەن لەو باوەڕەدان کە کاتیان نییە ئەوان ئامادەنین کاتە بەنرخەکەیان لەکاروباری بێسوودا بەفیرۆبدەن.. ئەوان لەو باوەڕەدان کە بەدوای پرنسیپی بەرژەوەندی خۆدا کەوتوون: بەڵام لەڕاستیدا ئەو پرنسیپەی ئەوان سەرگەرمی بوون زۆر خامە.. ئنجا تازیاتر ئەوان بەدوای کاروباری خۆیاندا برۆن، زیاتر کارە سەرەکییەکەیانپشت گوێ دەخەن، ئەویش مانەوە وەك سەروەری ژیانی خۆ[٦].

لەدواقۆناغدا تەنیا راگرتنی توانای لەزەت وەرگرتن لەشتە تایبەتەکان دەبێتە مایەی لەدەستدانی توانای نواندنی کار لەبواری مەدەنیدا، خۆشی و لەززەتە بچووکەکان، زەوق و سەلیقەی نواندنی کاری قارەمانانە، یاخود کاری گەورەیی مێژوویی و ئامانجی نەتەوەیی لاواز دەکات. کاریگەری ئەم ئەخلاقی بەدەست هێنانە (اکتسابی ـ aquisitive) چییە لەسەر چالاکی سیاسی؟

تۆکیوڤیڵ موجادەلە دەکا کە سەرگەرم بوون بە کۆکردنەوەی سامانەوە دەبێتە مایەی لاواز بوونی ئازادی سیاسی، چونکی خودپەرستی و کۆششی تایبەتی بۆسامان بواری مەدەنی و گشتی تەسلیمی دەستەڵاتی چڕبووەوەی حکومەت دەکات. هاوونیشتمانیان دوورە پەرێزی دەکەن لەبواری مەدەنی و ئیدی گروپی خاوەن

بەرژەوەندی تایبەتی‌و حکومەت زیاتر چالاك دەبن‌و ئەو فەزایە داگیر دەکەن،و هەر خۆشیان دەبنە خاوەن بڕیارە سیاسییەکان. ئەوکاتەی غەمی کۆکردنەوەی سامان باڵی بەسەر نەتەوەدا کێشا، ئەوسا هاونیشتمانییەکان دەبنە بینەری بەرێز، تاکەکان ئیدی بڕیاری سیاسی بەکاری خۆیان نازانن، بەپێچەوانەوە هەموو بوارە سیاسییەکان بەجێ دەهێڵن بۆ حکوومەت‌و ژمارەیەك کەس گوایا بەناو پسپۆڕو ئیدی سیاسەت یا وەك گەمەیەك"سەیردەکرێ کە کەسانی بەشداری ناو ئەو گەمەیە هەریەکە هەوڵ دەدەن کە گەمەکە ببەنەوە، یاخود "، "دراماییە" کەتیایدا هەموو کەس ئەکتەرن‌و ئەکتەرەکانی ناو ئەم درامایە تەنانەت مەبەستیان نییە کە شانۆنامەکە سەرکەوتووبێت بەڵکو ئەوان زیاتر سەرقاڵی رۆڵە تایبەتییەکەی خۆیان دەبن. سەرئەنجام هەرکەسە لەوی دی جیادەبێتەوەو گۆشەگیر، و هەر هەمووش لەبواری مەدەنی‌و گشتی دابڕاوو هەر هەمووش بێ دەستەڵات لەگۆڕینی هەرشتێکدا.

تۆکیوڤیل لەوباوەڕەدابوو کە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ئەوەی سەلماند کە "چینی ناوەڕاست" دەتوانێ دەوڵەت بەڕێوەبەرێ. هەرچەندە ئەو گومانی هەبوو لەوەی کەچینی ناوەڕاست لەسەردەمی قەیران‌و لەکاتی روو بەڕووبوونەوەی سەختیدا بتوانێ رێنومایی چاکی حکومەت بکا، ئەو لەوباوەڕەدابوو کە ئەو چینە بۆ کاروباری عادی حکومەت لەبارە. وێڕای سۆزو عاتیفە بچوکەکانیان‌و پەروەردە پڕ لەکەم‌و کورییەکانیان، سلوکە بازاڕیەکانیان ئەندامانی ئەو چینە دەتوانن کاروباری سادەی حکومەت بەڕێوەبەرن. گیروگرفتێك کە دەیتەپێش ئەوەیە کە چینی ناوەڕاست واسەیری حکومەت دەکات وەك بسنسرێکی تایبەت، هەر ئەندامە تا ئەو شوێنە بیر لەکاروباری مەدەنی‌و گشتی دەکاتەوە تاکو چۆن کارێك بکرێ سوود لەوکاروبارانە وەربگیرێ، سوود بەمانا ماددییەکەی، هەر ئەندامە تەنیا چاو لەبەرژەوەندییە بچوکەکەی خۆی دەبڕێ‌و ئیدی خەڵکی‌و بورای مەدەنی لەبیردەکرێ. لای تۆکیوڤیل، هەروەك چۆن لای فەیلەسوفە سیاسییەکانی پێش خۆی جگە لە هۆبزولۆك، سیاسەت گەورەترە لەپرۆسەیەك کە گروپەکان لەرێگەوەی بەرژەوەندییە ئابوریەکانیان زیاد بکەن، سیاسەت دەبێ جەغد لەسەر پرنسیپەکان‌و راو بۆچوونەکان بکات لەمەڕ چاکەی گشتییەوە. رێکخستنێکی تەندروست‌و ئازاد دەبێت هەوڵی شتی گەورەتربدا وەك لەوەی ئارەزووە بچوك‌و بەرژەوەندییە خۆییەکانی ئەم یا ئەو تاکە کەسە تێربکا. ئەو واسەیری سەردەمەکەی خۆی دەکرد وەك سەردەمی داهێنانی شتەکان بەڵام لەهەمانکاتدا سەردەمی بەجێهێشتنی خەڵك، یا سەردەمی رێگەدان بەوەی کە خەڵك بچوك بن، خود پەرست بن، ئەو دەنوسێ:

وادەردەکەویٚ کە سەرکردەکانی سەردەمی ئیٚمە
تەنیا لەبیری ئەوەدا بن کە چۆن ئینسانەکان بەکار
بهیٚنین بۆ دروستکردنی شتی مەزن، ئاوات دەخوازن
کە کەمیٚك هەوڵی زیاتر بدەن لەپیٚناو خولقاندنی
ئینسانە مەزنەکان، خۆزگە ئەوان کەمتر بەهایان
دەدایە کارو زۆرترین بەهاش بەکریٚکار، خۆزگە ئەوان
لەبیریان نەدەکرد کەنەتەوە ناتوانیٚ بەهیٚز بیٚت
لەکاتیٚکدا ئینسانەکانی ناو ئەو نەتەوەیە هەریەکە
بۆخۆی لاواز بیٚت ..(٧)

تۆکیوڤیلٚ لەوباوەڕەدابوو کە گەربیٚتو چینیٚکی تازەی ئۆرستۆکراسی سەرهەڵبدا، بەهۆی لاواز بوونی دیموکراسییەوە یاخود وەك بەرئەنجامیٚکی دیموکراسی، ئەوا ئەو چینە "ئۆرستۆکراسی مانیفاکتۆرەکان"، دلّرەقترین چین لەمیٚژووی جیهاندا، ئۆرستۆکراسیەتیٚکی بازاڕیو فاسد، ئۆرستۆکراسیەك بیٚ بەش لە "هەستی بەرز".

تۆکیوڤیلٚ نمونەی وڵاتی چین دەهیٚنیٚتەوە وەك نمونەیەکی ئاشکرای کۆمەڵگایەکی بیروکراتیو مەرکەزی (centralized)، وترسی خۆشی ناشاریٚتەوە لەئەگەری هاتنی ئەو رۆژەی کە ئەوروپا چاو لەو مۆدیٚلە ببڕیٚ یا بگات بەو حاڵەتە:

وای دەبینم کەچین باشترین نموونەی ئەو جنسە
بەختیارییەیە کە ئیدارەیەکی مەرکەزی رەنگە بۆ
رەعیەتەکەی فەراهەم بکا. گەشتیارەکان دڵنیامان
دەکەنەوە کەچینییەکان سکونو ئارامیان هەیە بیٚ
بەختیاری، پیشەسازی بیٚ گەشەکردن، استقرار، بەڵام
بیٚهیٚزو توانا ریٚکخستنیٚکی مەدەنی بەڵام
بیٚ ئەخلاقی مەدەنی(٨)

کەواتە گەر ستەمکارییەك لەئەوروپادا سەرهەڵبدا، گەر سەر هەڵبدا، نەك وەك بەرئەنجامی جەنگ یان شۆڕش، بەڵکو لەهەناوی ئەو هەڵپەیەوە دیٚتە دەریٚ، هەڵپەی چیٚژە تایبەتییەکانو شەخسییەکان کە بەرئەنجامی ئەتۆمایزەیشن (بەئەتۆمی کردن)ی کۆمەڵگای بۆرژوازییە.

کەواتە ئەم خاسیەتانە، ماتەریالیزم، عادی بوون، گەورەکردنی بواری شەخسیو پووکانەوەی بواری مەدەنی، گۆشەگیری هاونیشتمانیان، کە مایەو قودرەت

لەئایدیای یەکسانیو تاککەرایییەوە وەردەگرن، کرۆکی وانەی تۆکیوڤیلْن دەربارەی دیموکراسی. بنەڕەتی ترین پارادۆکسی (تناقضی) دیموکراسی، لەدیدی تۆکیوڤیلەوە بریتییە لەو حاڵەتەی کە یەکسانی هەلو مەرجەکان دەگونجیْ چ لەگەلْ ستەمکاریداو چ لەگەلْ ئازادیدا.

جنسی یەکسان دەتوانیْ هەلْ بکاو بژی لەگەلْ گەورەترین نایەکسانیدا، گەر دیموکراسی بەجیْ بهێڵدریْ بۆ تەڵەکانی خۆی، لەراستیدا سەرئەنجام بەدامەزراندنی ستەمکاری تەواو دەبێت، جا چ ستەمکاری یەکێك بەسەر هەمواندا، یا زۆربە بەسەر ژمارەیەکدا، یاخود ستەمکاری هەموو بەسەر هەمووواندا. گیروگرفتەکەش لای تۆکیوڤیلْ پەیوەندی بە ئارەزووی ئینسانی دیموکراتەوە هەیە بۆ یەکسانی، ئەم ئارەزووە دەست بەسەر هەموو هەستەکانی دیدا دەگریْ، بگرە ئازادیش دەکاتە قوربانی خۆی. ئازادی کۆششو هەوڵو ئەرکی گەرەکە هەر بۆیەشە بەدەست هێنانی ئازادی سەختە، و زۆر بەئاسانیش لەدەست رادەکا گەر هەمیشە چاودێری نەکەیت، ئازادی موهمەی عومرە، نەخەڵاتە تابیەخشرێتو نەمافە تا لەرێگای بەیاننامەیەکەوە بتوانی بیدەیت بەخەڵك.

هەرچی پەیوەندی بەیەکسانییەوە هەیە، سودەکانو چێژەکانی یەکسانی راستەوخۆ هەستیان پێدەکریْو هیچ پێویست بەخۆماندووکردن ناکا. ئەو سودانەش شوێنی دەست رەسی هەموولایەکن. هەروەك تۆکیوڤیلْ دەڵێت: "بۆ تامکردنی ئەو سودانەش هیچ هەوڵێك پێویست نییە تەنیا ئەوە نەبێت کەبژیت". حەماسەتی ئینسانەکانی ناو جڤاتە دیموکراتییەکان بۆ یەکسانی بریتییە لە "هەیەجان ئامێز، جیْ بەخۆ نەگرتوو، .. ئەوان چاو لەیەکسانی ئازادی دەبڕن گەر نەیانتوانی بەدەستی بهێنن. ئەوا بەیەکسانی لەکۆیلایەتی بووندا رازی دەبن" عیشقی یەکسانی رەنگە لەدووشێوەدا خۆی بەیان بکا: شێوەی یەکەم: حەماسەتێکی پیاوانە یاسایانە بۆیەکسانی کە هەوڵدەدا هەر هەموو کەس بگەنە ئاستی مەزنی. شێوەکەی دی، فاسدترین تامو چێژ بۆیەکسانی کە هەوڵدەدا هەر هەمووکەس کورت بکاتەوە بۆ نزمترین مەقامی هاوبەش. بەڵام ئەو هێزانەی کە کاردەکەن لەژێر سایەی هەلو مەرجی یەکسانیدا رێگانادەن بەگەشەکردنی ئومێدی شێوەی یەکەمی عیشقی یەکسانی، واتە حەماسەتێکی پیاوانە بۆیەکسانیو بەرزکردنەوەی هەرهەموو بۆئاستی مەزنی. ئەو هێزانە پالْ بەئینسانەکانەوە دەنێن تا ئارەزووی ئەو شمەکانە بکەن کە بەدەستیان ناگات. یەکسانی ئەو ئومێدە دەدا بەهەمووان کە دەتوانن دەستیان بەهەموو ئەو شمەکانە بگا، بەڵام مونافەسەکە لە بارێکدایە کە شانسێکی کەم هەیە بۆ ئەوەی هەر ئینسانە تموحەکانی بەدی بهێنیْ، ئیدی سەرکەوتن تەنیا

بۆ ئەوانەیە کە هەلو مەرجی دیکە کۆمەکیان دەکا. کەواتە ئەو ئەگەرە لەباردەچێو ئەگەری دابەزاندنی هەر هەموو بۆ نزمترین مەقامی هاوبەش دێتە ئاراوە. دیموکراسی لەکاتێکدا هۆشیاری بەرانبەر مافی یەکسانی لەهەمواندا بە خەبەر دەهێنێت، مافی یەکسانی لەسوودەکانی ئەم جیهانە، بەلام لەهەمان کاتیشدا ئینسانەکان تووشی احباط دەکا چونکی هەر هەمووان ناتوانن دەستیان بەو سوودانە بگا. ئەم (احباط) دەبێتە مایەی ختوکەدانی هەستی بەخیلیو جێ گۆرکێ کردنی رێز. بەم شێوەیە یەکسانی ئینسان ئامادە دەکا کە دەستبەرداری ئازادی بێت لەپێناو پاراستنی خودی یەکسانیدا. لەکۆمەلگایەکدا کە هەر هەموو یەکسانن، سەربەخۆ بەلام لاوازو بێ بەرو بووم، تەنیا یەك دامو دەستگا، ئەویش دەولەت، بەبەهێزی دەمێنێتەوەو ئامادە دەکرێ کە سەرپەرشتی کارێ بکات کە بڕیار نەبوو ئەو کارەبکا ئەویش سەرپەرشتی کردنی پرۆسەی تەسلیم بوونی ئازادی، واتە وازهێنانی خەلك لەئازادی. ئینسانە دیموکراتەکان واز لەئازادی خۆیان دەهێننو دەیبەخشنە حکومەتی مەرکەزیو ئەم دەستەلاتە مەزنە، لەموقابیلی چیدا؟ دەستبەردار بوونی ئازادی لەموقابل" ستەمکارییەکی نەرمو نیان "، "ستەمکارییەك کە ئاسایشیان مسۆگەر دەکا، پێویستییەکانیان دابین دەکا، چێژەکانیان بۆدابین دەکا، ئیدارەی غەمو نیازە سەرەکییەکانیان دەکا، سەرپەرشتی پیشەسازییەکانیان دەکا، دواجار هەر هەموویان "، "رزگار دەکا لەزەحمەتی بیرکردنەوەو سەختییەکانی ژیان"[(٩)]

تۆکیوفیلێ پێش بینی ئەوەی دەکرد کە حکومەتێ لەو جۆرە دژایەتی ناکات لەگەلێ ئایدیای سەربەخۆیی باو (popular soverignty) کەواتە دیموکراسی دەبێتە مایەی لەدایك بوونی جۆرێکی دی لەستەمکاری، ئەمجارە کۆمەلگا ستەمکاری بەسەر خۆیدا دەکا.

ستەمکاری لای تۆکیوفیلێ چەند رەهەندێکی هەیەو چەند رێگایەکیش کە گەر تەی بکرێن ئەوا سیستەمی دیموکراسی دەگەیەنێتەوە سەر ستەمکاری، بابزانین چۆن؟ لەبەرگی دووی "دیموکراسی لەئەمریکا" و لە چاپتەرێکدا لەژێر ناونیشانی "دەربارەی حەز بۆ بەختیاری فیزیکی لەئەمریکا". دەخوێنینەوە:

گەر بڕیار بوایە من لەوە بکۆلمەوە کە کامە
حەماسەت کە زۆر سروشتییە بۆ ئینسانەکان ئەوا من
بێگومان هیچ حەماسەتێك زیاتر لەحەماسەتی
چاك ـ بوونو بەختەوەری فیزیکی نەمدەتوانی
کەشف بکەم. حەماسەت بۆخۆش بەختی فیزیکی لە

جەوهەردا حەماسەتی چینەکانی ناوەڕاستە. لەگەڵ
ئەم چینانەدا ئەو حەماسەتە گەشەدەکاو بڵاودەبێتەوە..
هەر لە ئەم چینانەوە ئەم حەماسەتە دەگاتە پلە
بەرزەکانی کۆمەڵگاو ئنجا جەماوەری خەڵك.

دەتوانین بەم شێوەیە مەبەستکەی تۆکیوڤیڵ شی بکەینەوە. ئەخلاقی بەدەست هێنان (acquisitive ethic) خەڵکی بەتوندی بەکاروبارو بەرژەوەندییە تایبەتییەکانیان دەبەستێنەوەو بوارێك نامێڵێتەوە بۆ بەشداری کردنی لە ژیانی مەدەنیو گشتیدا. بەرئەنجامە راستەوخۆکەی ئەم سەرگەرمییە لەگەڵ خۆش بەختی فیزیکیدا بریتییە لە بەتایبەتی کردن (privatization) یا بەشەخسی کردنی ژیان کەبەدەوری خۆی دەبێتە مایەی ئەو دیاردەیەی کە پێی دەگوترێت (indifference) بێ باکی یان (apathy) بەرامبەر بەکاروبارو مەسەلە مەدەنیو گشتییەکانو بێ باکی بەرامبەر بە بریارەکانی جەستەیا دامو دەستگا مەدەنییەکان. تۆکیوڤیل دەڵێ "زۆربەی زۆری ئینسانەکانی هاو نەوەی من سەرگەرمی کاروبارە گچکەکانی خۆیانن". سەرگەرمی بەکاروباری بچوکەوە واتە ئیدی کەسێ خەون بەدەستکەوتی سیاسی گەورەوە نابینێ. هەرکەسە لەنێو جیهانە بچوکەکەی خۆیدا دەستو پەنجە لەگەڵ خود پەرستییەکەی خۆی نەرم دەکا. بەواتایەکی دی ئینسان گەلێك دروست دەبن کە رەنگە راستگۆبن، لە جیهانەکەی خۆشیاندا رەنگە دەوڵەمەند بن ، بەلام هیچ نین جگە لەهاونیشتمانییەکی هەژار. ئەو کاتەی کە کۆمەلگا ژیانی چاك بەوە لەقەڵەم بداو پێناسەی بکا کە ئەو ژیانەیە کە لێوانلێوە لەسەرگەرمی شەخسیو چێژی تایبەتی. ئەوکاتە خەڵك نەکاتیان دەبێتو نە تاسەی ئەوەش دەکەن کە کەمێك ووزە، ماددە لەو ژیانە تایبەتییە بدەنە بواری مەدەنی واتە پوکانەوەی بواری گشتی کە بەدەوری خۆی بە کۆیلەیی هەمووان کۆتایی دێت.

هەروەك ئەرستۆ کە زاراوەو چەمکەکانی لای تۆکیوڤیل بەئاشکرایی دەبینرێتەوە، تۆکیوڤیل ئیدعادەکا کە لەوڵاتێکی ئازادو دیموکراتدا هاونیشتمانیان بەشداری فەزای مەدەنی شار دەکەن، ئەمە لەکاتێکدا کە ستەمکارەکان هەوڵدەدەن کە هاونیشتمانیان لە هاونیشتمان بوونەوە بکەنە رەعیەت یا تابع، ئەمەش لەرێگای غەرقکردنیان لەدنیای خسوسی خۆیاندا بەدەست دەهێنرێت. ئەوکاتەی کە تاکەکانی کۆمەڵ وا لەسیاسەتو کایەی سیاسی بروانن کە گوایە کایەیەکە تێیدا بەرژەوەندییە جیاوازەکان لەمونافەسەدان بۆ گەیشتن بە هۆیەك یان ئامرازێك بۆ تێرکردن، لەم حاڵەتەدا بواری مەدەنی دادەڕزێ چونکی شتێك نامێنێتەوە بەناوی

چاکەی گشتی، شتێك نامێنێتەوە بەناوی جڤات. لێرەدا ئەو بۆشاییەی کە لەدنیای مەدەنیدا دروست دەبێت حکومەتی مەرکەزی داگیری دەکات. تۆکیوڤیلۆ دەنوسیێ:

چ هێزو توانایەك دەتوانێ رای گشتی ببینێ لەکاتێکدا کەبیست کەس نابینێ کە پێکەوە گرێ درابن لەرێگای ئامانجێکی هاوبەشەوە، لەکاتێکدا نە ئینسانێك، نە خێزانێك، نەکۆمپانیایەك، نەچینێك، نە دام ودەستگایەکی ئازاد، دەستەڵاتی ئەوەی نەبێت کە نوێنەرایەتی ئەو بۆچوونە بکات، لەکاتێکدا هاونیشتمانییەکان هەموو وەك یەك لاوازبن ، وەك یەك هەژاربن، وەك یەك گۆشەگیر بن، هەریەکێ لەمانە لەهەکبەکەیدا تەنیا لاوازییە کەسییەکەی خۆی هەبێت تا لەرێگایەوە دژ بە دەستەڵاتە رێکخراوەی دەوڵەت بوەستێتەوە؟[10]

ئەم حاڵەتە رەچەتەیەکە بۆ سەر هەڵدانی ستەمکاری، ستەمکارییەك کە لەسەر دوو کۆڵەکەوە بەنددەبێ: گۆشەگیرکردنی هاونیشتمانیان و بێ دەستەڵات کردنیان. ئەم ستەمکارییە هیچ پێویستی بە بەکارهێنانی هێز نابێت چونکی لەبنەڕەتدا هاونیشتمانیان خۆیان دەستبەرداری مافی بەشداریکردنی دنیای سیاسی و مەدەنی بوون و سەرگەرمی دەست و پەنجە نەرم کردنن لەگەڵ دنیا شەخسییەکەیاندا.

من هەوڵ دەدەم کەریشەکانی خاسیەتە تازەکان بدۆزمەوە کە دەبنە مایەی ئەوە کە ستەمکاری لەجیهاندا سەرهەڵبدا. یەکەم شت کە شوێنی سەرنجدانە بریتییە لەوەی کەژمارەیەکی زۆری ئینسانەکان یەکسان و لەیەك چوو، بەردەوام سەرگەرمی بەدەستهێنانی چێژەبچوکەکان دەبن و ژیانیان لێوان لێو دەکەن لەو چێژانە، هەریەکەیان بەجیا دەژی، غەریبە چارەنووسی هەموو ئەوانەی دی، منداڵەکانی و هاوڕێکانی لای ئەو بریتین لەهەموو مرۆڤایەتی. هەرچی پەیوەندی بەهاوڵاتییەکانی دیکەوە هەبێت، ئەو نزیکە لێیانەوە، بەڵام ئەو

نایانبینیٚ، ئەو دەستی بەریان دەکەوێت، بەڵام هەستیان پێناکات، ئەو تەنیا لەخۆیداو بۆخۆی دەژی.. لەسەرو ئەم پیاوانەوە دەستەڵاتێکی مەزن وەستاوە کە بەئەرکی خۆی دەزانیٚ کە قەناعەتی ئەوان مسۆگەر بکات و ئنجا چاودێری چارەنوسیان بکات.. ئەو دەستەڵاتە موتڵەقە [11].

تەنها بەلەبەرچاو گرتنی ئەو خاڵەی سەرەوە دەتوانین لەمەبەستی تۆکیوڤیلٚ لەبیرۆکەی "ستەمکاری زۆربە یا زۆرترایەتی" تێبگەین و لەوقسە بەناوبانگەش بگەین کە دەڵێت "ئازادی بیرورا لەئەمریکادا بوونی نییە" مەبەستی تۆکیوڤیلٚ لەبیرۆکەی "ستەمکاری زۆربە "بەدڵنیاییەوە ترس نییە لەدابەش بوونی جڤاتی ئەمریکی بەسەر کەمایەتی و زۆربەدا، بەڵکو بەپێچەوانەوە ئەو لەنێو ئەمریکییەکانداو لەئەمریکادا ئیجماعێکی (ڕێکەوتن) دەبینییەوە. ئەو نەك بەتەنیا یەکسانی مافی سیاسی دەبینیەوە بەڵکو یەکسانی کۆمەڵایەتیش لای ئەو خاڵی بەرچاوبوو. بەڕای تۆکیوڤیلٚ یەکسانی بەختیاری و استقراری بۆ ئەمریکییەکان هێناوەتە دی، بەڵام چەند بەرئەنجامێکی درێویشی لەگەڵٚ خۆی هێناوەو لەوانە: یەکەم: مەسەلەی یەك بەرگی (uniformity)یەکە بەڕای ئەو وە لەدوای ئەویش تائەمڕۆ شوێنی مشت و مڕی ئەو رۆشنبیرانەی کە خێرێکیان تێدایە نەك عەقڵە بچوکەکان، یەك بەرگی رەهەندێکی بیٚ تامی ژیانی ئەمریکییە، ئەو پێی وابوو لەئەمریکایەك کۆمەڵە هەیە:

دەشیٚ دەوڵەمەندبیٚ یا هەژار، متوازع یا زیرەك، سەرقاڵی بازرگانی یا کشتوکاڵ، بەڵام لەهەموو شوێنێکی ئەمریکادا لەهەمان توخم دروست بووە، لەهەموو شوێنێك رندەی شارستانێتی یەك بەرگی دەستی بەسەردا کێشاوە. ئەو پیاوەی تۆ لەنیویۆرك (Newyork) بەجێت هێشت تۆجارێکی دی دەیبینیتەوە لەهەمان تەنیایدا،و لەهەمان جل وبەرگدا، هەمان هەڵس و کەوتەوە، هەمان زمان و خوو هەمان چێژ.

تۆکیوڤیلٚ ئەم یەك بەرگییە عەجیبە دەگەڕێنێتەوە بۆ رۆحی یەکسانی کە ئەم رۆحیەتە یەك چەشنەیی و یەك بەرگی و یەك رەنگییە تەنانەت بەخشیوەتە خووە ناوەکیەکانی ژیان لەئەمریکا. ئەو یەك بەرگییە لەگەڵٚ خۆی زنجیرەیەك هەڵس و

کەوتو کەڵکەڵەی هێناوە کە لەدواجاردا کارێك دەکا کە ئەمریکا ستەمکارییەکی تایبەت بەخۆی بخولقێنێ کە بریتییە لەستەمکاری زۆربە.

هەروەها دەبێت لەیادمان بێت لەبیرۆکەی "ستەمکاری زۆربە"دا مەبەستێك دەربارەی ژمارە، زۆربەی خەڵك، لەئارادا نییە، بەڵکو بەپێچەوانەوە، ستەمکار لێرەدا هەر هەموو کۆمەڵگایە، کەوەزیفە دەکاو کردار دەنوێنێ بە بێ ئەوەی پێویستی بەیاسای سەرکوتکەرانە هەبێت. ستەمکاری زۆربە کێشەیەکی کلتوریو کۆمەلایەتیو سیاسییە. سەرکوتکردن لەکۆمەڵگای دیموکراتدا مەرج نییە پێویستی بەدامو دەستگای سیاسی بێت بۆ ئەنجام دانی، خودی کۆمەڵگا بەم کارە هەڵدەستێت. هەروەها لە "ستەمکاری زۆربە" مەبەست لەوە نییە کە زۆربە حوکم دەکاو هەرەمەکیانە لەئەمریکادا هێز بەکاردەهێنێ، چونکی کۆمەڵگای ئەمریکی بەشێوەیەك پێك هاتووە کە رێگا نادات زۆربەی خەڵك حکومەت بەکاربهێنێ لەپێناو ئامانجەکانی خۆیاندا، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا پێکهاتەی ئەو کۆمەڵگایە جۆرێکە کە تەشویقی جۆرێك لەستەمکاری دەکا. ئەمەش لەرێگای رەخساندنی هەلومەرجێك کە وادەکا بەشداریکردن لەکاروباری سیاسیو حکومیدا بەکارێکی زۆر پێویست نەزانێ.

بەشداری نەکردنیش هەنگاوی یەکەمە بەرەو ستەمکاری. لەکاتێکدا کە یەك بەرگی لەوانەیە ژیانی جڤات مسۆگەر بکا، بەڵام ئەمە وادەکات کە جڤات پشت بەو یەك بەرگیو یەك دەنگیو یەك رەنگییە ببەستێت بۆ مانەوەی، لێرەوە هەموو جیاوازییەك مەرفوزە، هەموو بیردنەوەیەك بۆ دەربازبوون لەو تەڵەیە "تکفیر"دەکرێ یان فرێ دەدرێتە پەراوێزەوە. لەکاتێکدا گووم بوونی جیاوازی دەبێتە مایەی هێنانی هارمۆنی بۆ کۆمەڵگا، لەهەمانکاتدا لەناو جڤاتدا ئەو غەریزەیە پەروەردە دەکات، کە بەهیچ شێوەیەك رێگە نەدرێ جیاوازی بنەرەتی سەر هەڵبدات، بەهیچ شێوەیەك رێگە نەدرێ بەسەرهەڵدانی دیدو بۆچوونو کەسی جیاواز.

یەك بەرگی ئەخلاقی، لەراستیدا، کارێك دەکا کە کۆمەڵگا بەشێوەیەکی ترسناك تەسامحی لەپلەی سفردایە (zero tolerance) بەرامبەر بەهەمەچەشنەیی، تا ئەو رادەیەی کە کۆمەڵگایەکی دیموکراتی وەك ئەمریکا، کە بیروڕای گشتی رۆڵێکی گەورە دەبینێت، جڤات بتوانێ ئارەزووی بۆیەك بەرگی تێربکا بێئەوەی کە دەستەلاتو زۆری حکومەت بۆ بەدی هێنانی بەکاربهێنرێت، بەپێچەوانەوە زۆرجار حکومەت رەنگە نەرمو نیانی نیشان بدات بەرامبەر بەهەمە چەشنەیی بەلام جڤات رازی نابێت.

دەستەڵاتی ئەخلاقی زۆربە بەشێوەیەکی جزئی پابەندە بەو بۆچوونەوە کە گوایە توانای عەقڵیو حیکمەت وا لەیەکێتی کۆمەڵیٚ ئینساندا زیاتر لەیەك ئینسان، ئەوەی کە ژمارە لەیاسادانەران گرنگترە لەچلۆنایەتی. بەم شێوەیە تیۆری یەکسانی تەنانەت بەسەر عەقڵی ئینسانەکانیشدا دەچەسپیٚ.. هەروەك هەموو دەستەڵاتەکانی دی بگرە لەوانەیە زیاتر لەدەستەڵاتەکانی دی، دەستەڵاتی زۆربە کاتیٚ پێویستە ئاوا دەربکەویٚ کەڕەوایە. لەسەرەتادا ملکەچی دەچەسپێنیٚ لەرێگای زۆرە ملیٚ (اکراه ـ اجبار)یەوەو یاساکان رێزیان لێناگیریٚ تاکو ئەوکاتەی زەمەنێك تێدەپەڕیٚ ئەو سا جێی خۆیان دەگرن.

زۆربە نەك تەنها داوای ئەوە دەکا لە تاکەکان کە کردارێك بنوێنن، جۆریٚ بیربکەنەوە کە هاوتابێتەوە لەگەڵ زۆربەدا بەڵکو هەولٚ دەدات کە حاڵەتیٚ بخولقێنیٚ، کە هەلومەرجیٚ بهێنێتە ئاراوە کە تیایدا زەحمەت بیٚ بۆ تاکە کەسەکان لە دەرەوەی یەك بەرگی ئەڵتەرناتیڤێکی دی بەدی بکەن. بوونی راو بۆچوونێك دەربارەی مەسەلەیەکی گرنگ دژ بەبۆچوونی زۆربە نەك بەتەنها کارێکی حەکیمانە نییەو گونجاونییە بەڵکو بەکارێکی نائینسانی لەقەڵەم دەدریٚ. ئەمەش هەروەك تۆکیوڤیلٚ دەڵیٚ "راستە لەکۆمەڵگایەکی دیموکراتدا، وەك کۆمەڵگای ئەمریکی، کەتیایدا دەستەڵاتی زۆربە هێندە موتڵەقەو رەتنەکراوەیە تاکەکەس دەبێت دەستبەرداری مافەکانی خۆی بێت وەك هاونیشتمانییەك بەپلەیەك کەدەستبەرداری خاسیەتەکانی خۆی بێت وەك ئینسان گەر بیەویٚ لەو هێڵە لابدا کە بۆی دیاری کراوە"(١٣)

ستەمکاری زۆربە بەسەرئەو عەقڵانەوە کە خاوەنی توانایەکی عەقڵی جیاوازن کارێك دەکا دیموکراسی تەنیا لەگەڵ میانمایەییو عادی بووندا هەڵ بکات. تۆکیوڤیلٚ زیاتر لەهەمووشت لە "دەستەڵات ئەخلاقی" دەترسا، دەستەڵاتی ئەخلاقی رای گشتی لەئەمریکا، ئەو دەستەڵاتەی کە هەولٚ دەدا هەموو کردارەکانی ئینسانەکان بخاتە یەك چوارچێوەوە، رایەکی گشتی کەدەیەویٚ ئەوەدیاری بکا خەڵکی چۆن هەست بکەن، چۆن بیر بکەنەوە، رەنگە ئەوشتەی کە "رای گشتی" هەولٚی بۆدەدا ببێتە مایەی هێنانەکایەوەی هارمۆنیەك بەڵام بەها گرنگەکەی کە دەدرێت بریتییە

لەستەمکاری بەسەر عەقڵو دڵی هەمووان‌دا، دیارە ستەمکارییەکی اختیاری. رای گشتی نەك بەتەنها دەتوانێ کردارەکان رام بکا بەڵکو دەیەوێ ئیرادەش رام بکاو بیخاتە ژێر رکێفی خۆی.

دەسەڵاتی شادەسەڵاتێکی فیزیکییەو کۆنترۆڵی کرداری ئینسانەکان دەکا بێئەوەی ئیرادەیان لەگەڕ بخات. بەڵام زۆربە ئەو دەسەڵاتەی هەیە کە دەسەڵاتێکی فیزیکیو ئەخلاقییە لەهەمان کاتدا کە لەسەر ئیرادە کاردەکا هێندەی کار لەسەر کردارەکان دەکا، نەك هەموو تاقی کردنەوەیەك بەڵکو هەموو موجادەلەیەکیش سەرکوت دەکات[١٤] .

لەئەمریکا ستەمکاری لەسەر عەقڵو ئیرادە سروشتی ئینسانەکان دەگۆڕێ بەشێوەیەك، چونکی سەرچاوەی کۆنترۆڵ وا دەردەکەوێ کە کاری تاکە کەسە، ئیدی ملکەچ دەبێت بەشێوەیەکی اختیاری. لێرەوە ستەمکاری دەگاتە قۆناغێکی تازەی کامڵ بوون، مادامێك ستەمدیدەو سەرکوتکراوەکان تەعزیمی ستەمکارو ستەمکاری دەکەنو بەسەر سامییەوە لەستەمکارو سەرکوتکەرەکان دەڕوانن. ئەگەر بەرێکەوت ئارەزوویان کرد کە یاخی بن، ستەمکارێك پەیدا ناکەی لەهیچ شوێنێك، هەر ئەندامەی ئەو جڤاتە، هەم ستەمکارەو هەم ستەمدیدە. ئەو ستەمکارییەی دیموکراسی دروستی دەکا لەراستیدا یەك ستەمکاری دیاری کراو نییە تا بیبینینەوە بەڵکو هەر هەموو دەبنە ستەمکار.

ئەم کەڵکەڵانە بۆ ستەمکاری زۆربە کەمترلەکایەی سیاسیدا دەبینرێتەوە، زیاترو بەپلەی یەکەم کێشەیەکی کۆمەڵایەتییە. لەم رووەوە دەبێت ئاماژدە بۆ قسە بەناوبانگەکەی تۆکیوڤیل بکەین کە دەڵێت:

من وڵاتێکی دی لەجیهاندا شك نابەم کە تیایدا کەمترین سەربەخۆیی عەقڵو ئازادی گفتوگۆ هەبێت وەك ئەوەی کە لەئەمریکا دەیبینم.. لەئەمریکا زۆربە تەگەرەیەکی زۆر دەخاتە بەردەم ئازادی بیروڕا، لەنێو ئەم تەگەرانەدا نووسەرێك دەتوانێ چی حەزبکا بینوسێ، بەڵام واوەیلا بۆ ئەو ئەگەر بیەوێ لەو ئەگەرانە تێپەڕێ.. ژیاننامەی سیاسی بۆ ئەبەد تەواو دەبێت

لەبەرئەوەی دەستەڵاتێکی ئیهانەکردوە کە تەنها ئەو دەستەڵاتە دەتوانێ ئەو تەگەرانە لاببات.. لەدوا قۆناغدا ناچار دەگرێ بەخامۆشیو بێدەنگی، وەك ئەوەی کە گوایە پەشیمانە کە لەحەقیقەت دواوە[١٥].

لەئەمریکا ئازادی گفتوگۆکردنی شکڵی شایەنی قبولّ کردنەو زۆرباوە چونکی حکومەت هەرگیز مافی بەیان سەرکوت ناکا، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا یەك بەرگی عەقڵیو رۆحی ئەمریکی کارێك دەکا کە عەقڵی تاکە کەس بخاتە سەر هەمان ئاوازی گشتیو زهنیەتی سانسۆری تێدا بچێنیّ.

ستەمکارەکانی پێشوو لەرێگای توندوتیژیو هێزەوە کۆنترۆڵی هەڵسو کەوتی رەعیەتەکانیان دەکرد بەڵام فیکر یان چۆنیەتیی بیرکردنەوەیان، ئەم بوارەیان بۆ کۆنترۆڵ نەدەکراو جێیان دەهێشت بۆخەڵکی، بەڵام دیموکراسی، ستەمکاری بەحاڵەتی کەمال دەگەیەنیّ، لەم بارەیەوە تۆکیوڤیلّ دەنوسیّ:

لەژێر سایەی دەستەڵاتی موتڵەقی یەك ئینساندا جەستە پەلاماردەدرا تا رۆح تەسلیم بیێ، بەڵام رۆح لەو گورزانە رزگاری دەبوو کە رووبەڕوی دەکرایەوەو بەفەخرەوە هەڵدەستایەوە. ئەمە ئەوڕیّو رەسمە نییە کە لەلایەن ستەمکاری لەکۆمارە دیموکراتەکاندا پەیرەوی دەکریّ، لەوێدا جەستە بەجیّ دەهێڵدریّ تا ئازادبێت ئەوە رۆحە کە دەکرێتە کۆیلە سەروەر ئیدی ناڵیّ: "تۆ یا وەك من بیردەکەیتەوە یاخود دەمریت" بەڵکو دەڵیّ: "تۆ ئازادی چۆن بیردەکەیتەوە،و دەتوانی خاوەنی ژیانی خۆت بیت خاوەنی مومتەلەکاتی خۆتو هەرچییەك کە هەتە، بەڵام تۆ لەمەودوا غەریبیت بەو خەڵکەی کە لەناویدا دەژیت، تۆ دەتوانی مافە مەدەنییەکانت بپارێزی بەڵام ئەوانە زۆر بیّ سوودە دەبن بۆ تۆ، چونکە تۆ هەرگیز هەڵنابژێردرێیت لەلایەن خەڵکەوە گەر داوای دەنگیان بکەیت.. تۆ لەنێو ئینسانەکاندا دەمێنیتەوە، بەڵام لەمافەکانی مرۆڤایەتی دادەبرێیت. هاوڵاتیان دوورە

پەرێزیت لێدەکەن وەك ئەوەی تۆ تووشی گولی
بوویت، تەنانەت ئەوانەشی کە لەو باوەڕەدان تۆ
بێگوناهی پشتت تێدەکەن، گەر ئەوانیش بێزیان
نەیەتەوە لێت، من ژیانم بیْ بەخشیتەوە بەلاّم بوونێکە
زۆر لەمەرگ خراپترە[١٦] .

تۆکیوڤیلێ لەبەرامبەر ئەم حالّەتە سیاسیو کلتوریو کۆمەلاّیەتییە تازەیەدا هەست بە دەستەوەستانی دەکا لەوەی کە ناوی بنیْ چی، ئەوەتا ئەو دەلّیْ:

لەوباوەڕەدام کە جنسی سەرکوتکردن
کەلەرێگاوەی میللەتە دیموکراتەکان هەڕەشەدەکەن
لەهیچ شتێك ناچیْ کە تائێستا لەجیهاندا بوونی
هەبووە؛ هاوچەرخەکانمان وێنەی نابیننەوە
لەیادەوەریاندا. من بێهودە بەدوای عیبارەتێکدا
دەگەڕێم کە ئەو مانایە بگەیەنیْ بەدروستی کە من
مەبەستمە. ووشە کۆنەکانی
وەك (tyranny despotism)گونجاونین ، ئەو شتە زۆر
تازەیە، چونکی ناتوانم ناوی بنێم دەبیْ
هەولْ بدەم تەعریفی بکەم[١٧] .

تۆکیوڤیلێ ناڕەزایی خۆی دەردەبڕیْ بەرامبەر بەوەی کە رۆژنامەیەك دەتوانیْ بیرۆکەیەك لەیەك کاتدا فڕیْ بداتە ناو هەزاران عەقلّەوە، لێرەوە ئەو زەنگی مەترسی لێدەدا کە گەر بێتو نەتەوەیەك تەنیا پشت بەیەك یا دوو سەرچاوەی مەعلومات ببەستیْ یان شارێك تەنیا یەك رۆژنامەی هەبێت کە هیچ نییە جگە لە بەمەرکەزی کردن، لەم حالّەتەدا ئازادی بیروڕا دەبێتە وەهم، چونکی لەم سیناریۆیەدا بیروڕا ئازادانە لەلایەن تاکەکانەوە هەلّنابژێردرێن بەلّکو دادەتاشرێن بۆیان لەلایەن ئەو دەستەلاّتانەوە کە ئەمان هیچ کۆنترۆلّێکیان بەسەریاندا نییە، ئەمەش ستەمکارییەکە نەك سلوکی مەدەنی کۆنترۆلّ دەکا بەلّکو بیروڕای تایبەتیو شێوازی بیرکردنەوەش کۆنترۆلّ دەکا. لەم سیناریۆیەدا ناتوانین لەدەستی ئەم ستەمکارییە هەلّبێین بەوەی کە دەرگای مالّەکانمان دابخەین چونکی ئەوپێش ئێمە لەژوورەوەیە (دەبیْ تۆکیوڤیلێ سەبارەت بە تەلەفزیۆن چی بلّیْ!) ئەم ستەمکارییە نوێیە بیروڕا

کەسیەکانیشمان کۆنترۆڵ دەکا، لەهەمان کاتدا وەهمی ئەوەشمان پێدەبەخشێ کە وابزانین ئێمە خاوەنی بیروڕای خۆمانین.

تائێره ئاماژەمان بۆ چەند پرنسیپێك كرد، لەوانە: گۆشەگیرکردنی هاونیشتمانیان، بێ دەسەڵاتکردنیان، ستەمکاری زۆربە، ئەگەرێکی دی کەستەمکاری نەرم‌و نیان دروست دەکا بریتییە لە "بەمەرکەزیکردن" واتە خڕکردنەوەی دەسەڵات لەحکومەتی مەکەزیدا. هەر لەسەرتاوە دەبێت بڵێین کە بەمەرکەزی کردن دەبێتە مایەی لەناوبردنی هاونیشتمانێتی (citizenship). لای تۆکیوڤیلْ بەمەرکەزی کردنی دەسەڵات ئەنجامێکی حەتمی‌و لۆژیکییە، بەرمەبنای پرنسیپ‌و میکانیزمەکانی دی چۆن؟ گۆشەگیرکردنی تاکە کەسەکان، سەرگەرمی هەر تاکە بەکەڵەکە بوونی سامان‌و غەرق بوون لەنێو چێژو بەختیارییە بچووکەکانی خۆیدا، کە بەدەوری خۆی دەبێتە مایەی ئاوابوونی خۆری مەدەنی (public)و لێرەشەوە لەناوچوونی جەستەمیانجییەکان، کەواتە ئەوەی دەمێنێتەوە کە لەسیاسەتدا چالاك بێت تەنیا میرییە. لاوازبوونی خێزان‌و جڤاتەکان‌و توێژەکان کە ناوچە یا هەرێم (local) پێك دەهێنن، هەموو ئەمانە کارێك دەکەن کە تاکە کەسەکان هەست بەتەنیایی‌و بێ دەسەڵاتی بکەن، ئیدی چارەیەك نامێنێتەوە بۆ بەدەست هێنانی یارمەتی یا کۆمەك بەتەنیا ئەوە نەبێت کە تاکەکان چاو لەمیری ببڕن (دەوڵەتی رەفاه welfare state) نمونەی ئەم حاڵەتەیە کەتیایدا تاك دەست بەرداری سەربەخۆیی‌و ئیرادەی تاکە کەسی‌و ئازادی خۆی دەبێت تا دەوڵەت بیژێنێت.

هەروەك لەقۆناغەکانی یەکسانیدا هیچ کەس مەجبور نییە کە کۆمەکی کەس بکا،و هیچ کەسیش مافی نییە تەوەقعی ئەوەبکا کە کۆمەك بکرێ لەلایەن کەسانی دییەوە، هەموو کەس لەیەککاتدا سەربەخۆن‌و بێ دەسەڵاتیش. ئەم دوو هەل‌و مەرجەکە نابێت بەجیایی سەیریان بکردرێ‌و ناشبێت تێکەڵ بکرێن. ئەم دووهەل‌و مەرجە ئیلهام بەهاونیشتمانیانی وڵاتە دیموکراتەکان دەبەخشێ لەگەڵ کەڵکەڵەی دژبەیەك. سەربەخۆبوونی ئەوکارێك دەکا کە ئەو هەستی باوەڕ بەخۆبوون‌و غرور تێدا بەهێز بێت لەنێوان کەسانی تردا کە وەکو ئەو یەکسانن، لەلایەکی دیکەشەوە بێ توانایی ئەو کارێك دەکا کە ناو بەناو پێویستی بەکۆمەکی دەرەکی هەبێت، کە ناتوانێ لەهیچ کەس

ئەو تەوقعەی هەبێت، چونکە هەر هەموو وەك ئەو
لاوازن و بێ ڕەحم لەم حاڵەتەدا سروشتییە کە ئەو چاو
لەو دەسەڵاتە ببڕێت کە تەنیا ئەو دەتوانێ بەرزبێتەوە
بۆ سەرو ئاستی گەردوونی لاوازی [١٨].

ئەو کاتەی کە دەوڵەت داوای لێبکردرێت بەردەوام کۆمەکی زیاترو زیاتر بکا، ئیدی لەگەڵ بەخشینی هەر کۆمەکێکدا زیاترو زیاتر گەورەتر دەبێت. لەئەنجامدا ئەم حاڵەتە کارێك دەکات کە ئەندامانی جڤات بەردەوام مافی خۆیان بدەنە یان تەسلیمی دەستەڵاتی مەرکەزی بکەن، دەستەڵاتێك کە وادیارە تەنیا ئەو دەستەڵاتە بتوانێ خەڵکی و مومتەلەکاتەکانیان بپارێزێ.

تۆکیوڤیل ئەوەش لەیادناکا کە بەپیشەسازیکردن (industrialization) هۆیەکی ترە بۆ بەمەرکەزی کردنی دەستەڵات، پیشەسازییەکان پێویستیان بەدەست تێوەردانی دەوڵەت هەیە تاکو ڕێکخستنێك بێتەدی. بەتایبەت چینە مانیفاکتۆرییەکان زیاتر داوای دەست تێوەردان و ڕێکخستن دەکەن، لێرەدا سروشتییەکە دەستەڵاتی دەوڵەت زیاتر بێت لەگەڵ زیادبوونی دەستەڵاتی ئەو چینە. بەرئەنجامی ئەم حاڵەتە لەرووی سیاسییەوە دەردناکە، بەشداریکردنە دیموکراتیەکان، کە جەوهەری دیموکراسین، وەلا دەنرێن، حکومەت دەبێتە پاسەوانی ئابووری، نەتەوە دەبێتە ماشێنێك بۆ بەرهەم هێنان. تۆکیوڤیل لەنامەیەکدا دەنووسێ:

بوغزێکی زۆر، عەشقێکی پڕ هەیەجان،
ئومێدەمەزنەکان، قەناعەتی بەهێز هەر هەموو پێویستن
بۆ جوڵاندنی عەقڵی مرۆڤ، لەئێستادا، خەڵکی
بەتووندی باوەڕیان بەهیچ نییە، عیشقیان بەرامبەر
بەهیچ نییە، رقیان لەهیچ نابێتەوە خەون بەهیچەوە
نابینن جگە لەسوود وەرگرتن لەبۆرسە
(stock exchange)[١٩].

ئەمەش ئەو ستەمکارییە نوێیەیە کە لەسەر کۆیلایەتییەوە دامەزراوە، کۆیلایەتیەکی "شیرین". ئەم ستەمکارییە لەسەر توندوتیژی دانەمەزراوە بەڵکو لەسەر چێژو خۆشی بینینی ماتریالیستییەوە دامەزراوە. کۆیلایەتییەکە کە چێژ بەخشە. ئەوەش ئەو حاڵەتەیە کە دوای تێپەڕ بوونی سەدساڵ بەسەر نووسینی "دیموکراسی لەئەمریکا" کۆژێڤ ناوی دەنێت بە "بەئاژەڵی بوونەوەی مرۆڤ"

(re – animalization of man) گۆڕینـــی ئینسـان لەبوونـەوەرێکی (کـائن) چـالاكو مێژوو دروستکەرەوە بۆ ئاژەڵێکی قانع. تۆکیوڤیلْ دەنووسیْ:

دەستەڵاتێك لەو جۆرە، خاپوورکاری ناکا، بەڵام ڕیْ لەبوون دەگریْ، ستەمکاری ناکا بەڵام بەکاری پەستاوتن، لاوازکردن، دامرکاندنەوەو ئنجا بە ئەحمەق کردنی خەڵکی هەڵدەستیْ، تاکو هەرنەتەوەیەك کورت دەکرێتەوە بۆشتێك کە چاکترنییەو هیچ نییە جگە لەمیْ گەلێکی ترسنۆك و کۆمەڵیْ ئاژەڵی سەناعی، حاڵەتێك کە تیایدا حکومەت شوانەکەیە.[٢٠]

ڕەنگە سیمای سەرەکی ئەم ستەمکارییە نوێیـە بریتـی بێت لەقسـەکردن بـەناوی ئازادییـەوە، سـتەمکاریەنویْ کۆیلایەتییـەك دروسـت دەکـا لەگـەلْ وەهمـی ئـازادیدا. هەڵبژاردن (انتخابات) میکانیزمێکە کە ئەم وەهمە تۆخ دەکاتەوە، وەهمی ئەوەی کە خەڵك هەست دەکەن کۆنترۆڵیان هەیە بەسەر ژیانی خۆیانو سیاسەتدا.

گەر بیر لەپەیداکردنی چارەسەرێك بکەینەوە بۆ گیروگرفتی دیموکراسی ئـەوا ئـەو چارەسـەرە حەتمـەن دەبێـت لـە نـاوخودی دیموکراسـیدا بـۆی بگـەڕێین، واتـە ئـەو چارەسەرە دەبێـت بگونجێت لەگـەلْ پرنسـیپەکانی دیموکراسـیدا وەکـو یەکسانیو ئـازادی. هـەر هـەوڵێك بۆچـاککردنی دیموکراسـی یا بارگاوی کردنـی بـە پرنسـیپو پراکتیکیْ کە خوازراوبێت لەرژێمێکی ترو غەریب لـەخودی دیموکراسـی بـیْ بێگومـان نـەك ڕووبـەڕوی شکسـت دەبێتـەوە بـەڵکو مەحاڵە. تۆکیوڤیـلْ انزارمـان دەکـا کـە موهیمەکـە دامەزراندنـەوەی کۆمەڵگایـەکی ئۆرستۆکراسـی نـویْ نییـە، بـەڵکو تاکـە ئەڵتـەرناتیڤ جەغدکردنـە لەسـەر ئـازادیو کردنـی کـاریْ کـە ئـازادی لەکۆمـەڵگا دیموکراتییـەکاندا کـاری خـۆی بکـاو ئنجـا کردنـی کـاریْ تـاکو "جنسـی گـەورەییو بەختیاری" بگونجیْ لەگەلْ یەکسانیدا.

گەر تاکگەرایی لێپرسراوبێت لەئەتۆمیزمی کۆمەڵگای دیموکرات، ئەوە ئازادییە کە دەتوانیْ جارێکی دی جەغدبکاتەوە سەر مانای پشت بەسـتنو ئیعتمـاد کردنـە سـەر یـەکتری سیاســـی (political interdependency) لـــەرێگای بڵاوکردنـــەوەی ئـــەو هۆشیارییەی کە هەر هاونیشتمانییە پشت بە ئەوی دیکـە دەبەسـتێت بـۆ پاراسـتنی ئازادیو کەرامەتی ئینسانی خۆی. حەماسەتی سروشتی بۆ ئازادی دەبێت مووتوربـە بکردرێت لەرێگای هونەری سیاسییەوە.

بەڕای تۆکیوڤیلْ، داموو دەستگای ئازاد، بەتایبەت ئەوانەی کە لەسەر ئاستی هەرێم (local) هەن، بڵاوکراوەی ئازاد، مەحکەمەی سەربەخۆ، بەشداری بوونی هەمیشەیی لەکاروباری (public جڤات) کە هەر هەموو هونەری سیاسی پێك دەهێنن دەتوانن تاکە کەس خودپەرست بکەنە هاونیشتمانی، هاونیشتمانییەك کە یەکەم غەمی چاکەی مەدەنیو گشتییە. لەنێو هەموو ئامڕازە دیموکراتییەکاندا، ئازادی کۆڕو کۆبوونەوەو کۆمەڵْ دروستکردن پرنسیپێکە کە دیموکراسی لەو ئەگەری بەستەمکاری بوونە رزگار دەکات. تۆکیوڤیلْ لەوباوەڕەدایە کە کۆمەڵەکان (ASSOCIATIONS) مافەکانی کەمایەتییەکان لەدیموکراسیدا دەپارێزن دژ بەهەرەشەی ستەمکاری زۆربە. مادامێك هەرتاکەکەسە لەدیموکراسیدا سەربەخۆیەو لەهەمان کاتیشدا لاواز، تەنیا لەرێگای خۆ تێکەڵْ کردنییەوەو بوونی بەئەندام لەکۆمەڵەیەکدا یان چەند کۆمەڵەیەکدا ئەوْ دەتوانێ رای خۆی دەربڕێو لەسەر رای زۆربە موجادەلە بکات. کۆمەڵەکان جەوهەرین بۆچاك ـــ بوونو بەختەوەری ئینسانەکان لەکۆمەڵگای دیموکراتدا، لەنێو ئەم کۆمەڵانەدا تاکە کەسەکان فێردەبن چۆن خۆیان بگونجێنن لەگەڵْ ئامانجی هاوبەشدا، بەشداریکردن لەگروپی سیاسیدا (حەتمەن تەنها مەبەست لەحیزب نییە)، دەبێتە مایەی گەشەکردنی زەوقو سەلیقە بۆ خۆتێقورداندن لەئامانجە سیاسییەکان، فەرهەنگییەکان،و پەروەردەییەکان. بەواتایەکی تر فێربوونی چۆن تێکەڵْ ببیت هەنگاوی یەکەمە بۆ پاراستنی شارستانێتی.

> خەڵکێك کە لەناویاندا تاکە کەسەکان دەستەڵاتی بەدەست هێنانی کاری مەزنیان لەدەستدابێ، هەریەکە لای خۆیەوە، بێ ئەوەی ئەو ئامڕازە لەئارادا بێت کە لێوەی کە بەکۆمەڵْ ئەو کارە مەزنانە بەدەست بهێنن، ئەو خەڵکە هەر زۆر زوو شۆڕدەبێتەوە بۆ ناو بەربەریزم[21].

بەندی شەشەم:

ئایدیۆلۆژیا هەڵگری تۆوی ستەمکاری

"تەفسیکرێکی هانا ئارێنتی بۆ تۆتالیتاریانیزم"

پێشەكی:

چیرۆكی تۆتالیتاریانیزم، وەك ئەوەی هاناثارێنت لێی تێگەیشتووە، ئەزمونێكی سیاسی نوێی بەیانكرد لەبەرئەوە تێگەیشتنی تازەشی گەرەك بوو. هەروەك ئەو دەڵێ، كرداری نوێنراوو تاوانەكانی رژێمە تۆتالیتاریەكان "ئەو ئەڵتەرناتیڤەی هەڵوەشاندەوە كە هەموو پێناسەكانی جەوهەری حكومەتەكانی لەفەلسەفەی سیاسیدا لەسەر بیناكرابوو، واتە ئەڵتەرناتیڤی لەنێوان حكومەتی یاساو حكومەتی لەیاسابەدەر، یا بێ یاسا لەنێوان دەستەڵاتی هەڕەمەكیو دەستەڵاتی رەوا"[(١)].

ئارێنت هەوڵیدەدا كە بەڵگە بۆ ئەو بۆچوونانەی خۆی بهێنێتەوە لەلێكۆڵینەوەكەیدا لەسەر تۆتالیتاریانیزم (الكليانيه، الشمولية) لەكتێبی، ئەسڵەكانی توتالیتاریانیزم،دا ئارێنت بەدوو ئەركەوە سەرگەرمە، یەكەم/ دروستكردنی كاتەلۆگێ، فەهرەستێ بۆ خاسیەتە تایبەتەكانی فەرمانڕەوایەتی تۆتالیتاری؛ دووەم/ بەخشینی یان دانەدەستی وێنەیەك لەمەڕ ریشە فەرهەنگیو عەقڵییەكانی ئەم شێوەیە لەرێكخراوی سیاسیو رێكخستنی سیاسی. وێڕای یەكنەگرتنەوەی ئارێنت بەشێوەیەكی گشتی لەگەڵ مێژوو نووسەكان كە پەیوەندی سەبەبی (causal) دەبیننەوە لەنێوان رووداوەكانی رابردوو لەگەڵ رووداوەكانی ئێستادا، بەشێكی زۆری كتێبی ئەسڵەكان، تەرخانە بۆ بەستنەوەی تۆتالیتاریانیزم بەگەشەكردنەكانی پێشووەوە لەوانە بۆ نمونە گەشەكردنی ئەنتی - سیمیتیێزم (دژایەتی - سامی)، ناسیۆنالیزم، رەگەز پەرستی،و ئیمپریالیزم لە سەدەكانی حەڤدەو هەژدەو نۆزدەدا. ئەو موهتەم بوو بە مەغزاو مانای تۆتالیتاریانیزم وەك رووداوێكی مێژوویی. دەیویست لەوە تێبگات كەچی رویدا لەئەڵمانیاو لەیەكێتی سۆڤیەتداو ئەوشتە یاشتانە چی بوون كە رێگایاندا تۆتالیتاریانیزم لەم دوو وڵاتە سەرهەڵبدەن، لەكتێبی ئەسڵەكانی تۆتالیتاریانیزمدا ئەو دەیەوێت بزانێ "چی رویدا؟ بۆ رویدا؟ چۆن توانرا كە رویدا؟".

تۆتالیتاریانیزم، بۆ ئارێنت، تەنیا دیاردەیەكی سیاسی نوێ نەبوو،و رژێمە تۆتالیتاریەكان تەنیا شێوەی تازەی دەوڵەت نەبوون تاكو بیانخەینە سەر لیستی دیكتاتۆریو ستەمكارییەكان. تۆتالیتاریانیزم زریانێك بوو لەژیانی خۆرئاوادا،

نیشانەیەك بوو لەمەڕ كۆدەتای جەماوەر (masses)و سەرەولێژبوونەوەی كۆمەڵگای جەماوەری، ماندوبونی سەرجەم كلتورێكی سیاسیو كۆمەڵایەتی.

هەرچەندە كتێبی "ئەسڵەكانی تۆتالیتاریانیزم" جەغدكردنە لەهەوڵدان بۆ تەفسیركردنو تێگەیشتن لەسەرهەڵدانی هەردوو رژێمی هیتلەرو ستالین، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا ئەم كتێبە هەر زۆر زوو بوە كتێبێكی كلاسیكو كاریگەری خۆی لەسەر ئەو كەسانە دانا كە لەهەوڵداندا بوون بۆ پێناسەكردنی چەمكی تۆتالیتاریانیزم بەنیازی بەراوردكاریو تێگەیشتن لەرژێمەكانی دی كە نزیك بوونو نزیكن لەو دوو رژێمەوە. ئەم كتێبە بووە كتێبێكی سەرەكی لەو بوارەدا. ئەمە لەكاتێكدا كە تەنیا لەبەشی سێیەمدا ئارێنت لەوە دەدوێ كە تۆتالیتاریانیزمی چییەو ئەو خاسیەتانەی رژێمە تۆتالیتارییەكان كامانەن. دوو بەشەكەی دی باس لەئەركیۆلۆژیای ئەو ئایدیاو گریمانكاریانە دەكا كە ریشەكانی تۆتالیتاریانیزم پێك دەهێنن، لەوانە رەگەز پەرستیو ئیمپریالیزم.

بەڵام پێش ئەوەی كە باس لەو بەشەی كتێبی "ئەسڵەكانی تۆتالیتاریانیزم" بكەین كە لەچەمكی تۆتالیتاریانیزم دەدوێ، پێویستە سەرنجێكی خێرا لەكتێبێكی تری هەرە گرنگی ئارێنت بدەین بەناوی (هەلو مەرجی ئینسان ـ The Human Condition) چونكە لەم كتێبەدایە كە ئێمە زیاتر ئاشنادەبین بە بۆچوونی ئەو دەربارەی فینۆمینۆلۆژیای چالاكییەكانی مرۆڤ،و فەلسەفەی سیاسی ئەو، ئنجا ئەو چەمكانەش كە ئارێنت لەم كتێبەدا دەیانخاتە روو كۆمەكمان دەكەن كە لەكێشەی تۆتالیتاریانیزم بگەین. دەبێت ئەوەبڵێم كە ئەوكتێبە كورت ناكرێتەوەو هەر هەوڵێكیش بۆ كورت كردنەوەی كارێكی نابەجێیە، من تا ئەو شوێنەی كە پەیوەندی بەباسەكەمانەوە هەبێت ئاماژە بۆ یەك دوو لایەنی ئەو كتێبەو چەند چەمكێكی ئەو كتێبە دەكەم.

ئارێنت لەجیاتی قسەكردن لەسەر سروشتی یا جەوهەری ئینسان لە "هەلو مەرجی ئینسان"دەدوێ. ئەم دووشتەش زۆر لەیەك جیاوازن. مەبەست لە "هەلو مەرجی ئینسان" بریتییە لەكۆی چالاكییەكانی ئینسانو تواناكانی ئینسان. هەلومەرجی ئینسان شایانی زانینەو پێناسەكردن لەبەرئەوەی پێكهاتووە لە تواناكانو كارەكانو خاسیەتەكان كە ئینسانەكان پێكەوە چاندویانە، هێناویانەتە بەرهەم بۆ دروستكردنی بوونێكی ئینسانی. لێرەوە هەرشتێ بێتە ناو دنیای ئینسانەوە لەرێگای هەوڵو كۆششەوە دەبێتە بەشێك لەهەلومەرجی ئینسان. بەمانایەكی دی، هەلو مەرجی ئینسانی، بەپێچەوانەی سروشتی ئینسانەوە، شتێك نییە هەولبدا تاخۆی لەرێگای جەوهەرێكی نەگۆڕەوە پێناسەبكا. هەلومەرجی

ئینسان کۆی سەرجەم چالاکییەکانی ئینسانە کە ژینگەی ئینسان دروست دەکەن. مێژوو، لەراستیدا، باشترین بەڵگەی کۆنکرێتییە بۆ توانای ئینسان لەدروستکردنی جیهاندا. دروستکردنی جیهان دەشێ بدرێتە پاڵ چەند توانایەك، لەوانە کە ئارێنت جەغدیان لەسەر دەکات ئەمانەن: رەنج (labour)، کار (work)،و کردار (action)[٢].
کەواتە ئارێنت جەغد دەکاتە سەر سێ توانای ئینسان: رەنج (ئەرك)و کاروکردار. بیرکردنەوە بەهەمان شێوە بەشێکی دانەبڕاوە لەهەلومەرجی ئینسان، بەڵام ئارێنت ئەوە هەڵدەبژێرێ کە لەباسەکەی بیرکردنەوە بخاتە دەرەوە، لەجیاتی ئەوە جەغد دەکاتە سەر ئەوشتەی کە ئەو ناوی دەبا بە (vita activa) کە توخمە سەرەکییەکانی بریتین لەرەنج (ئەرك)و کارو کردار. لێرەدا ئارێنت داموو دەستگای چەمکی (conceptual apparatus) ئەرستۆتالیستی بەکاردەهێنێ بۆ نیشاندانی مەبەستەکەی خۆی. گونجاندنی چەمکە ئەرستۆییەکانو دابەشکردنە ئەرستۆییەکان بونیادی تیۆرییەکەی ئارێنت لەمەڕ کردارەوە پێك دەهێنن، چوارچێوەی دارشتنی (vita activa). لێرەوە کاریگەری ئەرستۆکلیلێکە بۆتێگەیشتن لە هەوڵی ئارێنتی بۆ کرداری سیاسی رووت (pure). کەواتە پێویستە چەند سەرنجێك بدەینە ئەرستۆ.

لەکتێبی "سیاسەت"دا ئەرستۆ جیاوازی دەخاتە نێوان مەملەکەتی مەدەنیو گشتی (public)و مەملەکەتی تایبەت یا شەخسی (private)، جیاوازی نێوان چالاکییەکانو پەیوەندیەکانی کە گونجاون بۆ هەریەکێکیان، مەملەکەتی تایبەتی خێزان (oikia) ئابووریو چالاکییەکانی بەرهەمهێنان لەخۆدەگرێ کە ئامانجی پاراستنی ژیان خۆیەتی[٣]. مەملەکەتی خێزان، تایبەت، کە کارێك دەکا ژیانی ماتەریاڵی مسۆگەرو شیاوبێت، پێچەوانەی مەملەکەتی سیاسییە، (polis) واتە شار کە کارێك دەکا ئەوشتەی ئەرستۆ پێی دەڵێ "ژیانی چاك" شیاوو مسۆگەر بێت. ژیانی چاك بریتییە لەژیانو کرداری عادلو نەجیب، فەزیلەتی ئەخلاقیو عەقلی. کۆمەڵەی سیاسی کارێك دەکا کە ئەو ژیانە شیاوو مسۆگەر بێت لەرێگای دابینکردنی ئازادیو یەکسانییەوە بۆ ئەندامەکانی. تەنیا لەرێگای بوون بەئەندامی جڤاتەوەیە کە کەس توانا ئەخلاقیو عەقلییەکانی گەشە پێدەداو تەنیا لەم رێگایەشەوە کە بەماناو وشە دەبێتە ئینسان. تاکەکەس پێویستە کە رۆژانە لەگەڵ هاونیشتمانییەکانی تردا لەگفتوگۆدابێت سەبارەت بەو کێشانەی کە مەغزاکانیان لەودیو مەسەلەی ئامراز تێرکردنی ئەم یا ئەو پێویستییەوەیە، گەر ئەو بیەوێ تواناکانی بۆ عەقلاندنو گوتارو عەدالەت پەرەپێ بدا ئەو دەرگیرییە لەگەڵ کەسانی دی جەوهەرییە. بەڵێ تەنیا لەدەرگیریو تێکەڵ بوونو گفتوگۆی سیاسیانەدایە کە تواناکانی هەڵبژاردن، حوکم (judgment)،و کردار گەشەدەکەنو مەشقیان پێدەکرێ، تەنیا لەم

مەملەکەتەشدایە کە ئازادی بەشێوەیەکی کۆنکرێتی دێتەدی، بەبێ شارو بواری مەدەنی تاکە کەس ناتوانێ ئازادی ئینسان بناسێو تامی ئەو ئازادییە بکات.

ئامانجەکانی خێزانو کۆمەڵەی سیاسی، لای ئەرستۆ جیاوازن بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا پێکەوە گرێدراون. ئەرستۆ پەیوەندییەکی تایبەتی لەنێوان ئەم دووکایەیەدا دەدۆزێتەوە: خێزان دەبێت وەك هۆکارێك سەیر بکرێ، ئنجا مەرجێکیش، بۆ بوونی شار. ئەرستۆ ئەم پەیوەندییە لەناو مەسەلەیەکی ئامانجدارێتیدا (teleological — تیلۆلۆجی)دادەرێژێ، ئەو کاتەی دەڵێن هەموو شێوە پێش سیاسییەکان وەکو خێزانو قەبیلەو لادێ ئامانجە سروشتییەکانیان دا لەناو شاردا، یا چاو لەشار دەبڕن بۆ کامڵ بوون.

لەپرۆسەی سروشتی گەشەکردنی ئینساندا شار یان مەملەکەتی سیاسی رەنگە دواهەمین بێت لەزنجیرەی هەبوون ـ Becoming ـ دا

کتێبەکەی ئارێنت "هەلومەرجی ئینسان" بە لەبەرچاوگرتنی ئەو جیاوازییەی نێوان خێزانو شار دەست پێدەکات کە بەڕای ئارێنت بنەمای هەموو جیاوازییەکی گرنگە لەنێوان بواری مەدەنیو گشتی (public)و بواری تایبەتیدا (private). وانەیەك کەدەشێ لەیۆنانی کۆنو لەیۆنانییەکانەوە فێربین ئەوەیە کە جیاوازی نێوان بواری مەدەنیو بواری تایبەتی موقابیلی ئەو جیاوازییەیە لەنێوان ئازادیو ناچاری یا پێویستیدا. ئینسانەکان لەرێگای پێداویستییەکانیانەوە بە مەملەکەتی خێزانو بگرە ژیانەوە بەستراونەتەوە. لێرەوە جڤاتی خێزان لەئەنجامی ناچاریدا لەدایك بووە، ناچاریی حوکم بەسەر چالاکییەکانیدا دەکا[٤]. لەموقابیلدا شار (The polis)، مەملەکەتی ئازادییەو گەر پەیوەندییەکیش هەبێت لەنێوان ئەم دوو بوارەدا، ئەوا ئەو پەیوەندییە کە "کۆنترۆڵ کردنو هێنانە ژێر رکێفی پێویستییەکانی خێزان هەڵو مەرج بووە بۆ ئازادی شار". خێزان یا بوونی شەخسی (تایبەتی) کارێك دەکا کە سیاسەت شیاوو مسۆگەربێت، کەواتە لەخزمەتی سیاسەتدایە، نەك بەپێچەوانەوە.

تێگەیشتنی یۆنانی،و لێرەدا بەتایبەت ئەرستۆیی، ئەوەمان لێ قەدەغە دەکا کەوا سەیری رێکخستنی سیاسی بکەین وەك ئامرازێك بۆ رێکخستنی کۆمەڵایەتی، وەك ئەوەی کە سیاسەت غەمی سەرەکی بریتی بێت لەپاراستنی ژیان وەك ئەوەی لای هوبز دەیبینینەوە، وەك ئەوەی کاری سیاسەت پاراستنی مۆڵکداریو موڵك بێ وەك ئەوەی کەلای جۆن لۆك دەیبینینەوە، وەك ئەوەی کاری سیاسەت بریتی بێت لەتەشویقکردنو هەوڵدان بۆ بەختیاری هەمووان وەك ئەوەی لای میل (Mill) دەیبینینەوە.

ئارێنت بەرمەبنای تێگەیشتنە یۆنانییەکە لەو باوەڕەدایە کە سیاسەت خۆی ئامانجە نەك ئامڕاز یا هۆکار. بۆ ئەم مەبەستە جیاوازیو هەڕەمی مەدەنیو تایبەتی دەبێت بەهەر شێوەیەك بووە بپارێزرێ. ئەمە لەکاتێکدا ئەم جیاوازییە کە هەڕەشەی لێدەکرێ لەلایەن ئەوشتەوە کە ئارێنت ناوی دەبا بە "سەرهەڵدانی مۆدێرنانەی کۆمەڵایەتی" دیاردەیەك کە ریشە جینیالۆجییەکانی دەشێ لەنێو بێ بەهاکردنی (vita activa)ی مەسیحیەتو بیردا بدۆزینەوە.

جڤاتی ئینسانی رۆژ بەرۆژ لەنێو قەوارە کۆمەڵایەتیەکاندا توند دەکرێن، واتە مەملەکەتی خێزان، تایبەتی، چالاکییەکانی، گیروگرفتەکانی، ئامرەزەکانی، مەکرەکانی، لەسەرخۆ دزە دەکەنە ناو بواری مەدەنیو گشتییەوە. بەرئەنجامی ئەم سەرهەڵدانی کۆمەڵایەتییە ئەوەیە کە ئێمەی مۆدێرن دەستەوەستانین لەوەی کە بەشێوەیەکی گونجاو لەبار جیاوازی بخەینە نێو بواری مەدەنیو گشتی لەلایەكو بواری تایبەتی لەلایەکی دیکەوە. لەنێوان کایەی سیاسیو کایەی پێش سیاسی، ئیدی وەك ئارێنت دەڵێ ئێمە "جەستەی خەڵکەکانو جڤاتە سیاسییەکان وەك وێنەی خێزانێك دەبینینەوە کە کاروباری رۆژانەی دەبێت لەلایەن ئیدارە داموو دەستگایەکی گەورەی نەتەوەیی بۆ رێکخستنی خێزان ئیدارەو بکردرێت"[(٥)].

کۆمەڵگا ئەوکاتە سەرهەڵدەدا کە چالاکییەکانی خێزان دەبنە بابەتی غەمی گشتی. سەرهەڵدانی رێکخستنی کاروباری ناوماڵیو گیروگرفتەکانی، چالاکییەکانیو گواستنەوەیان لەحاڵەتی کێشەی خێزان بۆ بوونیان بە بەشێك لەبواری گشتی نەك سنوورەکۆنەکانی نێوان تایبەتیو گشتیو سیاسی هەڵوەشان، وەك ئارێنت دەڵێ، بەڵکو مانای دوو زاراوەشی بۆ هەمیشەیی گۆڕی، ژیانی تاکە کەسو هاونیشتمانی بوون. هاونیشتمانی جێی لەلایەن فەرمانبەرەکانەوە گیرایەوەو سیاسەت لەم حاڵەتەدا ئیدی دەبێتە خزمەتکاری پاراستنی کۆمەڵگا، جا ئەم کۆمەڵگایە کۆمەڵگای ئیماندارەکان بێت وەك ئەوەی لەسەدەکانی ناوەڕاستدا هەبوون، یا کۆمەڵگای خاوەن موڵکەکان وەك ئەوەی لای لۆك دەیبینینەوە،یا کۆمەڵگایەك کە هەمیشە سەرگەرمی پرۆسەی بەدەست هێنانە وەك کۆمەڵگای هۆبز، یا کۆمەڵگای بەرهەمێنەرەکان وەك ئەوەی مارکس وێنای دەکردو یاخود کۆمەڵگای بەکارەکان، خاوەن وەزیفەکان وەکو کۆمەڵگای هاوچەرخی خۆرئاوا، هیچ فەرقێك ناکات، ئەوشتەی کە هاوبەشە لەنێوان وەسفی ئەو کۆمەڵگا یانەدا، بەڕای ئارێنت، بریتییە لەو راستییەی کە لەهەموو ئەوشێوانەدا، ئازادی بواری مەدەنی بۆتە گروگان (رەهینە)، ئازادی قوربانییە سەرەکییەکەیە، ئەو کاتەی سیاسەت دەکرێتە قوربانی بەرژەوەندی باڵادەست، ئەو کۆمەڵگایە ستەم دەکا بەرامبەر بەسیاسەت.

دوو چەمکی دیکەی ئەرستۆ کەلای ئارێنت سەرەکین بریتییە لەو جیاوازییەی کە ئەرستۆ دەیخاتە نێوان عەمەلی (praxis ـ کردار)و چالاکی بەرهەمهێن (poiesis). جیاوازی نێوان چالاکی بەرهەمهێنو کرداری بەرهەمهێنان لەم خاڵەدایە: چالاکی بەرهەمهێن ئەو چالاکییەیە کەچاو لەبەدەست هێنانی بەرئەنجامێك دەبڕێ، بۆ نمونە، ساختمانێك کە لەلایەن ئەندازیاری میعمارییەوە دروستدەکرێ، چالاکی بەرهەمهێنی ئەندازیارەکە خۆی لەدوابەرئەنجامدا دەبینێتەوە کە تەواو بوونی ساختمانەکەیە، ساختمانەکە ئامانجەکەیە، کەواتە بەرهەمهێنان ئامانجێکی هەیە لەدەرەوەی خۆی. بەڵام پراکسیس یا کردار بەپێچەوانەوەیە. بەڕای ئەرستۆ کرداری چاك خۆی لەخۆیدا ئامانجە، هۆکارنییە بۆ ئامانجێکی دی. هەر ئەم خاسیەتە دەروونییەی پراکسیسیو سروشتە ناتەواوەکەی بەرهەمهێنان (poiesis) بوو کەوای کرد ئەرستۆبڵێ "پراکسیس (کردار) بریتی نییە لە بەرهەم هێنانو بەرهەمهێنانیش کردار نییە"[٦].

لەکتێبی "هەلومەرجی ئینسان"دا جیاوازی نێوان کردارو دروستکردن (praxis - poiesis) موتڵەقەن مەرکەزی ترین خاڵی بەرچاوە. لۆژیکی بەرهەمهێنان زەمینە خۆش دەکات بۆ تێگەیشتن، بۆ بەیانکردن، شتەکان ئەوکاتە مانایان هەیە یا وەك ئامراز یا وەك ئامانج. لەگەڵ ئەم بەئامرازی کردنە (Instrumen talization)ی جیهاندا، بەڕای ئارێنت، بەکەڵکیو بەکارهێنان (utility) وەك دوو ستاندارد، داوپێنك خۆیان دەچەسپێنن چ لەژیانداو چ لەجیهانی ئینسانەکاندا. لێرەوە هەموو شتەکان لەدواجاردا لەبەهایان کەم دەکرێتەوەو کورت دەکرێنەوە بۆ بوون بەئامراز، هۆکار، بەم شێوەیە هەر بەهایەکی سەربەخۆ یا مانایەکی جەوهەری تریان هەبێت لەدەستی دەدەن. یەکەمین ئەنجامیش ئەوەیە کە هیچ چالاکییەك، بەدڵنیاییەوە هیچ چالاکییەکی سیاسی، ناتوانرێ واسەیری بکردرێت کە سەربەخۆیەو ئامانجو بەهاکەی وا لەناو خۆیدا.

کرداری سیاسی کە خۆی لەخۆیدا ئامانجە، دەبێتە ئامراز بۆ بەدەست هێنانی کەڵکێکی دی. لێرەوە سیاسەت دەبێتە خزمەتکاری ئەو سەروەرانەی کە لەبنەڕەتدا لەخوار ئەوەوەن وەکو ئابوری. لەو سیناریۆیەدا بەرهەمهێنان (poiesis) دەبێتە پارادایم، مۆدێلی چالاکی ئازادانە، ئیدی کرادرو دروستکردن بەسەریەکدا دەشێوێنرێن. کە دروستکردنیش تێکەڵ بەکردار کرا، هەنگاوێك لەمەبەولاوە دەشێ ئەم مۆدیلە هۆکارو ئامانجو دەستەڵاتی ئەو کاتیگۆرییە درێژ بکاتەوە تاکو بواری مەدەنیو سیاسەتیش بگرێتەوە. بەم شێوەیە زەیینی دروستکردن بواری گشتیو مەدەنی داگیردەکات تا ئەو شوێنەی کە هەرهەموو بێ ئاگایانە وا مەسەلەکە دەبینن

که کردار (praxis) بگرە زیاتر لەدروست کردن لەلایەن کاتیگۆری هۆکـارو ئامانجـەوە (means and ends) دیاری دەکریّ.

بابگەڕێینەوە سەر چەمکەکانی رەنج (labour)و کار (work). بەڕای ئارێنت، رەنج ئەو بەشەی ژیانی ئینسان دەگرێتەوە کە تەرخانە بۆ مانـەوەو بەرهەمهێنانـەوە، بۆ تێرکردنی پێویستییە بایۆلۆژییەکان کە پێویستن بـۆ مانـەوەی تاکـە کـەس و جنسـی بەشەری. لـەموقابل چـالاکی کـاردا (work) کـە لەسـەر سروشـتەوە کـار دەکـا تـاکو جیهانی ئینسان دروستبکرێت، رەنج بەتەواوی بەشێکە لەرێکخستنی سروشت. لەنێو چالاکییەکانی ئینساندا رەنج کەمتر شوێنی ئارەزووە، رەنج بەڕای ئارێنت بریتییە لە "تاریکی بوون"، یاخود ئازاری زیندوو بوون. مـادامێك رەنـج هەلومـەرجێکی دراوی (given)بوونـی ئینسـانییە، هەڵەیـەکی گەورەیـە کـە بـیر لـەریفۆرمی سیاسـییانە بکەینەوە دەربارەی ئەم چالاکییە. هەربۆیەشە ئارێنت رەخنە لەمارکس دەگریّ لـەو خاڵەدا کە مارکس رەنج و چالاکی ئیشی کردبوە بناغە بۆ تیۆرییەکەی لەمەڕ رزگـاری ئینسانەوە.

لای ئارێنت پرۆسەی رەنج هەمیشە دووبارەبوەوەی بەرهەمـهێنان و بەکارهێنانـە، کە لەجەوهەردا پرۆسەیەکە بەدوور لەداهێنان چونکـی ئەوشـتـەی بەرهـەم دەهێـنریّ خاوەنی بوونێکی زۆر تەمـەن کورتـە، واتـە مـادامێك بـەکارهێنانی مسـۆگەرە، رەنـج ئینسـانەکان لـەناو سروشـتدا دەتوێنێتـەوە،و سروشـتیش ئـەو مەملەکەتەیـە کـە سـەرەتاو کۆتـایی رەسـەنی نییـە. لـە "هەلومـەرجی ئینسـان"دا لاپـەڕە (٩٨)دا دەخوێنینەوە:

هەموو ئەو چالاکییانەی ئینسان کە لەناچارییەوە
سەرهەڵبدەن، مامەڵەکردن لەتەکیاندا بەناچاری
مامەڵەکردنە لەگەڵ دووبارەبوونەوەی سووڕی سروشت.
ئەمانەش خۆیان لەخۆیاندا سەرەتاو کۆتاییان نییە؛
بەپێچەوانەی کارکردنەوە (work) کە کۆتاییەکەی ئەو
کاتەدیّ کەبابەتەکە تەواو دەبێت و ئامادەدەبێت
تابخرێتە سەر جیهانی شتەکان، رەنج هەمیشە لەیەك
بازنەدا دەخولێتەوە کە لەلایەن پرۆسەی بایۆلۆژی
ئۆرگانیزمی زیندووەوە دیاری کراوە، کۆتاییەکەشی
ئەوکاتە دیّ کاتێك ئەو ئۆرگانیزمە بمریّ.

ئارێنت پۆرترەیتێکمان بۆ دەکێشێ لەمەڕ کۆمەڵگا دیموکراتییە خۆرئاواییەکان وەك کۆمەڵگای رەنجدەرەکان. کۆمەڵگایەك کە لەرێگای بەرخۆری (استهلاك ـــ Consumerism)و رێز نەگرتن بۆ ترادسیۆن و کولتور، بێهودەیی ئەم ئاژەڵە رەنجدەرەمان بۆ دەخاتە روو. رەنجدان بۆ مەبەستی تێربون و ئنجا بەکارهێنانی بەرهەمی بەرهەم هاتوو ئنجا جارێکی دی رەنج.. تەنها شتێکی نوێ دروستکردنی ئەو ئارەزوە تازانەن بۆ شمەکی تازە دروست بوو کە خۆیان لەبنەڕەتدا هەر پێویستنین.. بەسەیرکردنی غەمە سەرەکییەکانی ئینسانی مۆدێرن، بەدەستهێنان، رەفاهی کۆمەڵایەتی، و هتد، دەتوانین بگەینە ئەو بەرئەنجامەی، هەروەك چۆن ئارێنت گەیشت، کە ئینسانەکان و هەر هەموومان، ئیدی نازانین چۆن کرداری نەجیب لەکرداری حەقیر جیابکەینەوە، جوانی لەناشرینی جیابکەینەوە، حەکیم لەجادوگەر، جاهل لەمنەوەر، سیاسەتمەداری راستەقینە لەدیماگۆگ و درۆزن.. هتد. ئارێنت دەڵێ:

هەتا ئەو کاتەی ئەم ئاژەڵە رەنجدەرە دەست بەسەر بواری گشتی (مەدەنی)دا بگرێ بواری مەدەنی حەقیقی وجودی نابێت. بەڵکو تەنیا چالاکییە شەخسییەکان کەلە فەزایەکی کراوەدا نیشان دەدرێن.[٧]

بەم شێوەیە رەنج ئاژەڵیترین چالاکی ئینسانە،و کار ئازادترین چالاکی ئینسانە. کار (work) بەپێچەوانەی رەنجەوە چالاکییەکی تایبەتی ئینسانە، خاسیەتی سەرەکی کار بریتییە لە هەبوونی ئامانج، هەرکارێك چاو لەداهێنانی بەرهەمێکی تەمەن درێژ دەخایەنێت، لەبەرئەوە ئاراستەو رێنومایی لەخۆدەگرێ، کارشتەکان دادەهێنێ، لەئامرازەوە بۆ هونەر. پرۆسەی دروستکردن خۆی لەلایەن کاتیگۆرییەکانی هۆکارو ئامانجە وە دیاری دەکرێ. بەدەستهێنانی، بەرئەنجامێك، ئامانجێك، کار لەپرۆسەی بازنە ئاسای ئیش جیادەکاتەوە. زیاتر لەمە، ئەوەی کە کار لەرەنج (ئیش) جیادەکاتەوە بریتییە لەسەپاندنی کارەکتەری ئامانج کە بەدەستی دەهێنێ بەسەر پرۆسەکەدا. بۆ نمونە، ئەم ئامانجە، دروستکردنی مێزێك، لەلایەن سروشتەوە دیاری ناکرێت بەڵکو بەسەریدا دەسەپێنرێت. لەبەرئەوە کار یا دروستکردن لەبەر ئەم هۆیە بەناچاری پرۆسەیەکی توندوتیژە. ئارێنت دەڵێ: "توندوتیژی لەهەموو دروستکردنێکدا ئامادەیی هەیەو ئاژەڵی دروستکەر (homofaber) داهێنەری دنیای ئینسان، هەمیشە وێرانکەری سروشت بوە".[٨]

لەکاتێکدا ئـاژەڵی رەنجدەر تـەنیا وێرانکـەری جیـهان بـووە، ئاژەڵی دروسـتکەر (homofaber) جیـهان دروسـتکەرە. بەپێچەوانـەی ئـاژەڵی رەنجدەرەوە کـە بابـەتی پێویستییەکانی ژیانی خۆیەتی، لەبەرئەوە تەنیا دەتوانێ بونی هەبێ بونێکـی کۆیلـە ئاسا کەپشت بەسووڕی سروشـت دەبەسـتێ، ئـاژەڵی دروسـتکەر سـەروەری خـۆیو سـەروەری ئەوشـتەیە کـە دروسـتی دەکـا. ئـەوەی جیـهان دروسـت دەکـا ئـاژەڵی دروستکەرە، ئینسان وەك هونەرمەند، نەك ئینسان وەك ئاژەڵی رەنجدەر. مانای کار لەدواقۆناغدا لەئینسانەوە دێت وەکو بکەر. لای ئارێنت ژیانێك کە بێ گوتار (عەقل)و بێکردارە ژیانێکی مردوە لەجیهاندا، هەرچەندە لەبیرمان بێت کە ژیانێکیش بێ رەنج واتە مەرگ. لێرەدا حیساب کردنێکمان هەیە بۆ کار (work) کە خۆی دەخاتـە نێـوان رەنجو کردارەوە (actian). ناچاریبوونی رەنج واتا خاڵی بوونی لـە مانـا، لـەکاتێکدا هەیمەنەی بێ پرسیاری ئامانج یاخود بەرهەم لەکاردا، ئەم چالاکییە بێ بـەش دەکـا لەبەهای سەربەخۆ، پرۆسەی بەرهەمـهێنان تـەنیا هۆکارێکە بـۆ بەرهەمـهێنانی ئـەم ئامانجە. تەنیا کردارە، ئارێنت دەڵێ، دوای ئەوەی کە پەیڕەوی ئەرستۆ دەکا، تەنیا کردارە کە دەتوانێ ئیدعای خاوەنێتی مانـای جەوهـەری بکـا، خۆبـەخۆیی بـوون، و ئنجا ئیدعای ئـازادی بکـا، لای ئـارێنت کـرداری سیاسـیو گوتـاری هاونیشـتمانەکان پـارادایمێکن، مۆدێلێکـن، بـۆ چـالاکی سـەربەخۆو ئازادانـە. ئەمانـە بەمانای وشـــەو بەپلەی ئیمتیاز چالاکی ئینسانین. ئارێنت بەم شێوەیەی خـوارەوە ئـەم خاڵـە روون دەکاتەوە:

ئینسانەکان بەچاکی دەتوانن بێ رەنج بژین،
دەتوانن، خەڵکانی دی ناچار بکەن ئیشیان بۆبکەن،
زۆر بەچاکی دەتوانن بڕیاربدەن کە جیهانی شتەکان
بەکاربهێنن و چێژیان لێوەربگرن بێ ئەوەی خۆیان
یەك شتی بەسوود چییە ئیزافەی بکەنە سەر ئەو
جیهانە، ژیانی کەسێکی سوود جوو یاخاوەنی کۆیلەو
ژیانی کەسێکی مشەخۆر رەنگە عادلانە نەبێت، بەڵام
بەدڵنیاییەوە ژیانێکی ئینسانیە، ژیانێکی بێگوتارو بێ
کردار لەلایەکی دیکەوە.. بەمانای حەرفی ژیانێکی
مردووە بۆ جیهان، لەوە کەوتوە کە ژیانێکی ئینسانی
بێت لەبەرئەوەی ئیدی لەنێو ئینسانەکاندا ناژی.(٩)

کەواتە تەنیا ژیانی سیاسی، ژیانی کردارو عەقڵە کە ئازادە، تەنیا ژیانی سیاسییە کە ژیانێکی ئینسانییە. بوونە ئینسان واتە بوونە هاونیشتمانی بوونە هاونیشتمانیش

واتە توانای کرداری سیاسیو گوتاری سیاسی، گفتوگۆکردن لەگەڵ هاوڵاتیانی تردا، توانای نواندنی کرداری سیاسیو بیرکردنەوە لەمەڕ کێشە سیاسییەکان. هەر جۆرە یا شێوەیەك لەسیاسەت کە هەوڵ بدا شوێنی وەزیفەی خێزان بگرێتەوە لەسیاسەت دەکەوێ، چونکە بەم کارەی زوڵمو زۆرو هێزی ناچاری دەسەپێنێت بەسەر مەملەکەتی ئازادیدا. هەرکاتێك کردار لەرێگای بەرئەنجامەکانیەوە ناسرایەوە، لە رێگای سەرکەوتن یاشکستییەوە دیاری کرا، ئیدی لەوە دەکەوێ کە بەڕەسەنی کردارێکی سیاسی بێت. لای ئارێنت، نە سەیتەرەکردنو نەرزگاری بەکرداری سیاسی رەسەن ناژمێردرێن، بەهەمان موجادەلە، نەئیدارە کردنو نەنوێنەرایەتی کردن ناشێ بەکاری سیاسی لەقەڵەم بدرێن. کەواتە لەبنەڕەتدا ئیدارەکردنی باش، یاحکومکردنی باش، بیروکراسیەت ئەمانە هەر هەموو لەگەمەی سیاسی دەبێ بکرێنەدەرەوە. بەڵام ئێمە لەسەردەمێکدا دەژین کە دوا بەرهەمی ئەم دروشمەیە: بەرێوەبردنی چاك (Good Goverence).

سەیتەرەکردن مەسەلەیەکی سیاسی نییە چونکە مۆنۆپۆڵ (احتکار) دەخاتە سەر کردارو گووتار، احتکارێ کە هەمە چەشنەیی دەکوژێ، لەم حاڵەتەدا شتێك بوونی نابێت بەناوی هاونیشتمانییەوە بەڵکو تەنیا رەعیەتو سەروەرو پاراستنو مانەوەی ژیانو ئنجا دەستەڵاتی فەرمانڕەوایان تەنیا ئامانجی ئەو کۆمەڵەیە دەبن. سیاسەت وەك سەیتەرەکردن هەموو جۆرەکردارێك رێگە پێدەدا کە چاو لەپێویستییەکانو نایەکسانی دەبڕێ.

ئیدارەکردن (adminitration) ناشێ وەك کرداری سیاسی لێی بڕوانین لەبەرئەوەی کارەکەی وەك ماکس ڤیبەر سەرنجیدا، لەچوارچێوەی هۆکارو ئامانجدا خۆی دەبینێتەوە. حکومەت گەر وەکو ئیدارە یا (mangement) سەیری بکەین ئەوا ئەو جەستەیە دەبێت کە سەرگەرمی پرۆسەی ژیانی کۆمەڵگایە. مادامێکیش کارەکەیان (بیسنزەکەیان) لەلایەن پێویستییەکانەوە دیاری دەکرێ کە لەجەوهەردا هیچ نین جگە لەپرۆسەی ئابوری، ئیدی لێرەوە ئیدارەکردن لەوە دەکەوێ کە کایەیەکی سیاسی بێت. ئەوکاتەی کە سیاسەت کورت کرایەوە بۆ ئیدارەکردنی نەتەوە، خێزان یاخود نەتەوە لەشێوەی خێزانێکدا، لەوحاڵەتەدا ئەستەمە کە کرداری سیاسیو هەمە چەشنەیی بوونی هەبێت.

سەبارەت بەنوێنەرایەتی کردن (representation) وەکو کارێکی ناسیاسی دەتوانین بڵێین کە بەکارهێنانی نوێنەر (representative) بەناچاری بریتییە لەپاشەکەوت کردنی ئیش. بوون بەنوێنەر واتە نوێنەرایەتی کردنی ئیرادەو بەرژەوەندی جمهوری ناخبین لەمەیدانی گشتیدا. ئامادەبوونی نوێنەر لەناو حکومەتدا کارێك دەکا کە

ئەركی ئامادەبوونی جمهوری ناخبین لەبواری گشتیو مەدەنیدا لەسەر شانیان لابەرێت. (بەواتایەكی دی كاتێك خەڵك كەسێك دەكەنە نوێنەری خۆیان مەبەستیانە بڵێن، گوێ بگرە ئێمە سەرقاڵی ئیشینو بوارمان نییە لەدونیای مەدەنیو گشتیدا ئامادەبین، تۆ هەڵدەبژێرین لەجیاتی ئێمە قسەبكە،و كردار بنوێنە). نوێنەرایەتی كردنی رەسەن تەنیا ئەوكاتە شیاوە كە لەسەر بەرژەوەندی ئاشكراو سنوردارو كۆنكرێتی گروپ بیناكرابێت. بۆ نمونە گەر ئێوە من بكەن بەنوێنەرو بڵێن تۆ لەدانیشتنی پەبلیكی (public) فلانەرۆژدا نوێنەری ئێمەیتو ئەمە رای ئێمەیە: تۆ لەودانیشتنەدا دەڵێیت كە ئێمە لەگەڵ دروستكردنی ئەو ئاوەڕۆیەداین، لەمە بەولاوە من ناتوانم هیچی دیكە بكەم، گەر بێتو ئەو دانیشتنە لەدروستكردن یا نەكردنی ئاوەڕۆ لابداو بووبە دروستكردنی سەدێك كە ئیدی دەبێتە كێشەیەكی ژینگە، ئەوە لەنوێنەرایەتی دەكەوێ.

بەڵام لەوشوێنەدا كەسیستەمی نوێنەرایەتی وەزیفەی خۆی بەچاكی دەبینێت، ئەوكاتە، دووبارە بواریمەدەنیو گشتی دەبێتە ئامڕازێك بەدەست بواری تایبەتییەوە، لێرەوە سیاسەت دەبێتە ئامڕازێك بۆ ژیان. ئەنجامیش ئەوە دەبێت كە وەك ئارێنت دەڵێ "حكومەت دادەرزێو دەبێتە تەنیا. ئیدارەیەك"و لەم حاڵەتەشدا "مەملەكەتی مەدەنی (گشتی) بزر دەبێت".[١٠]

ئەو سیناریۆیەی سەرەوە باشترین وێنەیە، بەڵام گەربێتو سیستەمی نوێنەرایەتی كردن بەچاكی وەزیفەی خۆی نەبینێت ئەوا گەشەدەكاو دەبێتە ئۆلیگارشی. ئارێنت دەڵێ، "ئەوەی ئێمە ئەمڕۆ بەدیموكراسی ناوی دەبەین بریتییە لەوشێوە حكومەتەی كە تێیدا ژمارەیەك حوكم دەكەن، بەلانی كەمەوە بۆ بەرژەوەندی ژمارەیەكی زۆر تر".[١١] بەواتایەكی دی، ئەو جۆرە حكومەتانە لەراستیدا دیمكراسی نین بەڵكو ئۆلیگارشین. لای ئارێنت كرداری رەسەنی سیاسی هیچ نییە جگە لەجۆرێ قسەكردن، لەگوتار، چەشنەكانی گفتوگۆكردن یاخود موجادەلە دەربارەی كێشە گشتیو مەدەنییەكان. لای ئەرستۆو ئارێنت گوتار ئەوشتەیە كە ئینسان دەكاتە ئاژەڵێكی سیاسی.

بەشێوەیەكی گشتی، بەپێچەوانەی كتێبی "ئەسڵەكانی توتالیتاریانیزم" كە لەداینامیكی رژێمە تۆتالیتارەكان دەدوێ، كتێبی "هەلو مەرجی ئینسان" لەهێزە وێرانكەرەكانی دی، هێزە خاپوركەرەكانی جیهان كە سەردەمی مۆدێرن خولقاندونی دەدوێت. لەنێو ئەو هێزانەدا گەشەكردنی هیولایی هێزەكانی بەرهەمهێنانو بەكارهێنان (consumption)كە لەلایەن سەرهەڵدانی كاپیتالیزمەوە هێنرانە بوون. ئەم گەشەكردنە، هاوڕێ لەگەڵ هەیمەنەی غەمە ئابورییەكان، یا سەرگەرمی

ئابورییەکان کە هەر ئەم گەشەکردنە دروستیکردن، هەڕەشەی قوتدانی هـەموو کایـە تاڕادەیـەك سـەربەخۆکانی تـری چـالاکی ئینسـانی دەکـا. هـەردوو تۆتالیتـاریینیزمی سەرمایەداری تەکنۆلۆژی مۆدێرن لەگەڵ گۆڕینی ئینسانداو کردنی تەنیا بـەئاژەڵێکی ئیشـکەر، هـەوڵ دەدەن کـە ئـەم پرۆسـەیە زیـاتر لـەزۆنگاوی بەرهـەم هێنـان‌و بەرهەمهێنانەوە، سووڕێکی بێ کۆتایدا غەرق بکەن.

ئارێنت وەبیرمان دەهێنێتەوە کە دەبێت جیاوازییەکانی نێوان، کردارو کارو رەنـج لەبەرچاو بگرین تا ئەو مەترسییە بەچاکی ببینین کە گەربێت‌و ئەوە لەبیربکـەین کـە ژیـانی تاکەکـەس تـا ئەوشوێنە ئینسـانییە کـە توانـای هـەبێت،و ئـەو ئەگـەرەی لێ قەدەغە نەکرێت، ئەگەری بەرزبوونەوە لەئاستی پرۆسەی سروشـتی بـەرای ئـارێنت، کردارو گووتار لەمەملەکەتی مەدەنی‌و گشـتیدا ئـەو هۆکـارەن کـە لەرێگـەوەی ئێمـە دەتوانین ئەو بەرزبوونەوە سنووردارە بەدەست بـهێنین‌و لێرەشـەوە ببینـە خـاوەنی شوناسی ئینسانی تایبەتی خۆمان.

دواقۆناغی کۆمەڵگای رەنج، کۆمەڵگای خاوەن رەنجەکان، داواکاری تەنیا وەزیفەی ئۆتۆماتیکی سەرفە لەئەندامەکانی، وەك ئەوەی کە گوایە ژیانی تاکەکەس ئیدی بوویێتە بەشێکی پرۆسەی گشتی ژیانی جنسی بەشەری، و تاکە بڕیارێکی چالاکانە کە مابێتەوە تاکەکەس پێویست بێ بیدات دەست بەردار بوونە لەتاکایەتی خۆی[١٢].

لـێرەدا ئـارێنت لـەجۆرێك تۆتالیتاریـانیزم دەدوێ کـە دەشـێ نـاوڕیزی بکـەین بـە "تۆتالیتاریتزمی نەرم‌و نیان". لە دواجاردا جیاوازی چییە لـەنێوان تۆتالیتاریـانیزم‌و سێبەرە کاپیتالیستی تەکنۆلۆژییەکەی، لەکاتێکدا کە ئەنجام لەهـەردوو حاڵەتەکـەدا یەك شت بێت ئەویش "خاپوورکردنی جیهانی هابەش"، ئاوابوونی خۆری ئازادی کـە خۆی لەکردارو گوتاردا لەمەملەکەتی مەدەنی‌و گشتیدا دەبینێتەوە، دواجار جۆرێکی دی توانـەوەی ئینسـان لـەنێو سروشـتداو لـەنێو دنیـای ناچـاریدا. دنیـای مۆدێـرن غوربەت‌و تەنیاییەکی بێ وێنەی خوڵقاندوە، ئەزمونی تـەنیایی‌و بـێ ڕەگ‌و ریشـەیی خەڵکی نەك بێ بەش دەکا لە "شوێنێك، فەزایـەك لەجیـهاندا" بـەڵکو بێ‌بەشیشـیان دەکـا لەهەسـتکردن بەشـوناس‌و هەسـتکردن بەجیـهان. ئەوکاتـەی ئینسـان لەئینسانەکانی دی دادەبڕێ‌و پردەکان هەرەس دەهێنن، پردی نێـوان ئینسـانەکان‌و ئینسانەکان‌و واقیع، ئەوکاتـە تاکەکـەس هـەردوو توانـای بیرکردنـەوەو ئـەزمونکردن

لەدەستدەدا. لەحاڵەتێکی ئاواشدا ئەگەری ئەوە زۆرە کە تاکەکانی کۆمەڵ رووبکەنە ئایدیۆلۆژیا بۆ بەدەستهێنانی شەرح و تەفسیری رابردوو، ئێستاو داهاتوو "لەرێگای داتاشینەوە لەیەك موقەدیمەوە، یەك پرنسیپەوە کە ئایدیۆلۆژیا لەسەریەوە هەناسە دەدات. بۆ نموونە: "مێژووی جیهان بریتییە لەمێژووی ململانێی چینەکان"، لێرەدا تاکەکەس توانای تەسامحی بۆ ئەفسانەکان گەشەدەکا، هەرئەوەندەی بەئەفسانەیەك رازی بوویت ئیدی دەرگای رازی بوون بۆ ئەفسانەکانی دی دەکرێتە سەرپشت، ئەفسانەی چین (طبقة)، رەگەز، نەتەوەو .. هتد.

بەم مانایەیە کەدەشێ بڵێین تۆتالیتاریانیزم پێیەکی وا لەسەربێ جیهانی (worldless ness) کە میراتی تەنیایی و گۆشەگیرییە، لەسەر ئەزموونی سەربەجیهان نەبوون بەشێوەیەکی تەواو، ئەزموونێکی زۆر رادیکاڵ و نائومێدکەری ئینسانە. ئیدی ئێمە لەم حاڵەتەدا ناتوانین بیربکەینەوە لەوەی کە دەیکەین، ئەوکاتەی کەسیاسەت بواری مەدەنی و داواکاری عەدالەت دەکەینە نۆکەری تەکنۆلۆژیاو نەتەوە دەکەینە یەك خێزانی گەورەو دواجاریش هەموو جیهان لەو پرۆسەیەوە دەگلێنین.

ئارێنت پێی وابوو کە سەرهەڵدانی کۆمەڵگای جەماوەر (mass society) لەدنیای مۆدێرندا گرنگترین گەشەکردنی مێژووییە کە رێگای خۆشکردبێت بۆ دیاردەی توتالیتاریانیزم؛ گەشەکردنێك، کۆمەڵگایەك کە بەبێ ئەو ئایدیۆلۆژیایە نەیدەتوانی سەر هەڵبداو نەرۆڵی خۆشی ببینێت لەنێو ئەم دیاردەیەدا، تۆتالیتاریانیزم. بالێرەوە سەرنجێك بدەینە کتێبی ئەسڵەکانی تۆتالیتاریانیزم.

ئارێنت بەدڵنیاییەوە زۆرمان بۆ دەهێنێ کە جارێکی دی مانا ئەسڵییەکانی وشەکانی وەکو ستەمکاری (Tyranny)، ستەمکار (despot)، دیکتاتۆری،و ئۆتۆرەتی (authority) بخەینەوە بەردیدی رەخنەییانەو ئیمتیحانیان بکەینەوە. وەك کەسێکی شارەزای کلاسیك، ئارێنت واسەیری تۆتالیتاریانیزم دەکا وەك شێوەیەکی تەواو نوێی حکومەت، شێوەیەکی تەواو جیاواز لەدیکتاتۆری و ستەمکاری. هەرچەندە دوای ئارێنت کۆمەڵێ نووسەر وشەی تۆتالیتاریان (شمولی) بەکارهێناوەو دەهێنن بۆ وەسفکردنی هەر سیستەمێکی ستەمکاری و بەتایبەت وڵاتە کۆمۆنیستەکان، بەڵام ئارێنت ئاگادارمان دەکاتەوە کە دەبێت بەهۆشیارییەوە ئەم زاراوەیە بەکار بهێنین. لای ئەو ئەم زاراوەیە، ئەم وەسفە تەنیا بەسەر دووسیستەمدا دەچەسپێ. ئەو پێی وایە تائێستا ئێمە دوو شێوەی رەسەنی سەیتەرەی تۆتالیتاری دەناسینەوە: دیکتاتۆریەتی سۆشیالیزمی نەتەوەیی لەدوای (١٩٣٨)ەوە لەئەڵمانیاو دیکتاتۆریەتی بۆلشەفیزم لەدوای (١٩٣٠)ەوە ئەم دوو فۆرمەی سەیتەرەکردن جیاوازن لەشێوەکانی تری دیکتاتۆری یا حوکمی ستەمکاری. سەیتەرەی سەراپاگیری

لەچۆنیەتیدا جیاوازە لەگەڵ سەیتەرەی ستەمکاری، فەرمانڕەوایەتی کردن لەرێگای تیرۆرەوە لەجەوهەردا جیاوازە لەحوکمێك بەرمەبنای ترس. ئەوشتە چییە کە تۆتالیتاریانیزم دەکات بەدیاردە؟ دەتوانین پەنجە بخەینە سەر سێ خاسیەت: تەنیاییو گۆشەگیرکردنی ئینسانەکان، تیرۆر،و ئایدیۆلۆژیا. لای مۆنتسیکیو دیمان کەترسو تۆقاندن خزمەتی بەرژەوەندی ستەمکاردەکا، بەگۆشەگیرکردنی رادیکالانەی رەعیەتی ئەو سیستەمە، دەرگیرکردنیان لەگەڵ قەلەقیکی کوشندە کە لەئەنجامی تەنیاییەوە دێتە کایەوە. حوکم کردن لەرێگای ترسەوە دەبێتە مایەی کردنی بواری مەدەنی بە یەك بیابانی بەرەهووت، بیابانێك کە تاکەکان تێیدا دەستو پەنجە لەگەڵ خەساوی خۆیانو بێ قودرەتی خۆیان نەرم دەکەن. لەگەڵ ئەوەشدا کردار (action) ئەگەرێکە، بۆ نمونە کردار دەشێ وەك پەرچەکرداری خۆی بنوێنێ ئەویش بەخۆ دورخستنەوە لەهەر بوارو کێشەیەك ئەمەش بەش بەحاڵی خۆی مانەوە مسۆگەر دەکا. بەڵام حوکم کردن لەرێگای تیرۆرەوە کە خاسیەتی سیستەمی تۆتالیتاریستییە ئەم ئەگەرە دەکوژێ. حوکمی تیرۆر تەنیا بەوە رازی نابێت کە ئینسانەکان گۆشەگیربنو توانای هیچ کارێکیان نەبێت، تەنیا بەوە رازی نابێت کە ئینسانەکان لەبواری مەدەنی دابڕێو بواری مەدەنیش تیرۆربکا، بەڵکو حوکمی تیرۆر هەوڵدەدا کە بوونی ئینسان بگۆڕێ، تەنیا ئازادی مەدەنی لەناونابات بەڵکو خودی ئازادیش لەناو بەرێت، ئەمەش لەرێگای خاپورکردنی سنوورە یاساییەکانی کەمەدەنی، گشت لەتایبەت، جیادەکاتەوە، بەواتایەکی دی وێرانکردنی ماوەو شوێنو فەزایەك کە پێویستە بۆ مرۆڤ بوونو تاك بوونو بگرە بۆ هەر جۆرە کردارێکیش.

لەکاتێکدا هەموو سیستەمە ستەمکارییەکان هێزیان بەکارهێنانەوە بۆ گۆشەگیرکردنی رەعیەت تاکو کۆنترۆڵکردنیان مسۆگەر بێت، توتالیتاریانیزم ئەوکاتە هاتە جیهانەوە کە لەگەڵ سەرەولێژبوونەوەی جڤاتەکانو کۆمەڵەکانو خێزانەکاندا تەنیایی بووە ئەزمونی رۆژانەی جەماوەری هەمیشە لەگەشەکردوودا. ئیدی ئەزمونی ئەم تەنیاییە لەجیهاندا کە تازەیە، تۆتالیتاریانیزم شانی قورسی لەسەر ئەم تەنیاییە دەدانێ، لەسەر ئەزموونی هەست نەکردن بەئینتیما (انتماء) بۆجیهان، هەست نەکردن بەوەی کە سەربەجیهانیت رادیکاڵترینو ترسناکترین ئەزموونەو زەمینەیەکە کە گەرای هەموو نەخۆشیو پەتایەك، لەوانە ئایدیۆلۆژیا، لەسەریەوە گەشەدەکا. "تەنیاییو گۆشەگیری کارێك دەکا کە ئینسانەکان زوو تەسلیمی ئایدیۆلۆژیاو تیرۆربن" (١٣) ئارێنت لەوباوەڕەدابوو کە لەتۆتالیتاریانیزمدا ئەو رژێمێکی کەشفکردوە کە پرنسیپەکەی بریتییە لەتیرۆر. ئەو ئینکاری ئەوە ناکا کە رژێمەکانی

دیکەش، جۆری حکومەتەکانی دیکەش، تیرۆریان بەکارهێناوە لەرابردوودا، بەڵام هیچ کامیان، ئەمەش خاڵەکەی ئارێنت، تیرۆریان نەکردۆتە پرنسیپی رێکخستن. تۆتالیتاریانیزم تەواو تازەیە چونکی تیرۆر جەوهەری ئەو حکومەتە پێك دەهێنێ. لەو کاتەدا کە ستەمکارییەکانی دی وەحشیانە توندوتیژیان بەکارهێناوە دژ بەنەیارەکانی خۆیان، تۆتالیتاریانیزم یا حکومەتی تۆتالیتاری تیرۆر بەکاردەهێنێ بگرەو بەتایبەتیش دوای ئەوەی کە نارەزایی سیاسی بەتەواوی سەر بەنیست دەکرێ. تیرۆرو کامپەکانی مەرگ دوو خاسیەتی حکومەتی تۆتالیتارین، گەر بێ یاسایی جەوهەری ستەمکاری پێکبهێنێ، ئەوا تیرۆر جەوهەری تۆتالیتاریانیزم پێك دەهێنێ، گەر ستەمکارییەکان هەوڵیاندابێ کە سنورێك بۆ ئازادی ئینسان دابنێن، تۆتالیتاریانیزم لەرێگای تیرۆرو ئایدیۆلۆژیاوە، نیشانە لە "هەڵوەشاندنەوەی ئازادی دەگرێتەوە، بگرە نیشانە لەعەفەویەتی ئینسان دەگرێتەوە بەنیازی لەناوبردنی".

تۆتالیتاریانیزم، یا رژێمە تۆتالیتارییەکان تیرۆر بەکار دەهێنن بۆ تەنفیزکردنی ئەو شتەی کە ئایدیۆلۆژیەکانیان بەحوکم (Judgment)ی سروشتو مێژوو لەقەڵەمی دەدەن. تیرۆر وەك ئامرازێکی بێ وێنە بەکاردەهێنرێت بۆ خێراکردنی یاسا پرسیارلێنەکراوەکانی جوڵەی سروشتو مێژوو. چینەکانی سەرپێخەفی مەرگو "رەگەزە نزمو حەقیرەکان" ئەو تاکەکەسانەی کە گونجاونینو ناگونجێ بژین، لەدیدی تۆتالیتاریانیزمەوە هەر هەموو چارەنووسیان ئەوەیە کە ببنە سووتەمەنی مێژوو. کەواتە ئامانجی تیرۆر بریتییە لەجێبەجێکردنی حوکمی مەرگ کە سروشتو مێژوو دەریانکردوە بۆ ئەوکەسو چینو رەگەزانە، جێ بەجێکردنێکی زۆر خێرا بەڵام رێکخراو، ئەمەش بۆ ئەوەی هەموو کۆسپو تەگەرەکان لەبەردەم چارەنووسی سروشتو مێژوو زولا بچن، ئەو چارەنوسەی مێژوو کە کۆمۆنیزم لە نەهێشتنی چینەکاندا دەبینێتەوە، ئەو چارەنووسەی سرووشت کە نازییەکان لەپاککردنەوەی زەوی لەرەگەزە پیسەکانو سەرکەوتنی ئەبەدی ئارییەکاندا دەیبینیەوە. بەرای ئارێنت بەپلەیەك تیرۆر جەوهەری سیستەمی تۆتالیتارییەکە رەنگە هەندێك کەس بگەیەنێتە ئەو باوەرەی کە تیرۆر هۆکارێکە بۆ گەیشتن بەئامانجێك، بەڵام راستییەکەی ئەوەیە کە ئەم سەیرکردنە بەهەڵەدا چوونە. تیرۆر لەسیستەمی تۆتالیتاریدا وەکو سیستەمی کۆمۆنیزمو نازیزم، هۆکار نەبوو بۆ ئامانجێك، بەڵکو راستییەکەی ئەوەیە کە یا ئەوەتا هاوکێشەی هۆکارو ئامانج لەم سیستەمەدا کار ناکا "تیرۆر وا دەردەکەوێ کە بێ ئامانجە"[١٤]، یاخود تیرۆر خۆی دەبێتە ئامانج، تیرۆر لەپێناو تیرۆردا. تیرۆر دەبێتە ئەو ئامانجەی کە ملیۆنەها دەبنە قوربانی

لەپێناویدا، بگرە رژێمیش‌و حیزب‌و ئنجا لەدواجاریشدا نەتەوە خۆی هەرهەموو دەبنە قوربانی ئەو ئامانجە لەپرۆسەیەکی وێرانکردنی بێ کۆتاییدا.

لەرێگای تیرۆرەوە واقیع ملکەچی پێدەکرێ بۆ بەڵگە نەویستێکی لۆژیکی یەك ئایدیا (وەك مێژووی مرۆڤایەتی بریتییە لەمێژووی صراعی طبقی، یاخود پرۆسەی سروشتی وەك گەشەکردن‌و کامڵ بوونی جنسی بەشەری). کەواتە تۆتالیتاریانیزم ئەو شێوەیەیە لەحکومەت کە تێیدا مانیفێستی تیرۆر تیایدا قسە لەئامراز یا هۆکار ناکا بەڵکو تیرۆر خۆی ئامانجەکەیە، ئارێنت لەو باوەڕەدایە کە ترس دەبێتە سەرەکیترین پاڵنەرو مۆتیڤ لەم رژێمە ستەمکاریەدا کە پێی دەوترێت تۆتالیتاریانیزم.

هیچ کەس بگرە جەللادەکانیش ئازادنین لەدەستی
ترس، گومانی ئاڵ‌و گۆڕ لەنێوان هاوڕێکاندا
سەیرکردنی دراوسێ وەکو جاسوس، ترس لەوەی کە
ئەندامێکی خێزان بووبێتە جاسوس کە ئەوەش
دەبێتەمایەی قوڕوقەپ کردن بگرە لەناو ماڵیشدا، ئەمە
ئەو ئاوو هەوایەیە کەتۆتالیتاریانیزم دروستی دەکا
لێرەوە ئەم بەئەتۆمی کردنە (ئەتۆمایزەیشن)
رادەگیرێ‌و چڕدەبێتەوە لەرێگای هەمیشەو لەهەموو
شوێنێ ئامادەبوونی جاسوس. جاسوسێ کە
لەرووی حەرفییەوە ئامادەیی هەمیشەیی هەیە
لەبەرئەوەی ئیدی ئەو جاسوسێکی رەسمی نییە
کە بۆ پۆلیس بەپارە کار بکا بەڵکو ئەو
لەرووی بوون بەهێزەوە، ئەو هەرکەسێکە کەئێمە
رۆژانە لەتەکیدا مامەڵە دەکەین.(١٥)

بەڵام هەقمانە بڵێین کە ئەم حاڵەتە حاڵەتێکی تازە نییە لەمێژوودا بەتایبەت بە لەبەرچاوگرتنی ئەزموونی ستەمکاری لەسەدەکانی پێشودا. بەپێی تەفسیرەکەی ئارێنت ئەوەی تازەیەو جودایە لەو وێنەیەی سەرەوەداو لەسیستەمی تۆتالیتارییەکاندا بریتییە لەبەکارهێنانی دەستەڵاتی پۆلیس‌و تیرۆر لەکاتێکدا کە ئەو تیرۆرە ئیدی پێویست نییەو زیادە. بەواتایەکی دی لەکاتێکدا دانیشتووان گوێ رایەڵن‌و ملکەچ کەچی بەکارهێنانی تیرۆر هەر بەردەوامە. تیرۆری تۆتالیتاری تازەیە لەبەرئەوەی رژێم بەتەنیا دژ بەنەیارانی بەکاری ناهێنێ، بەڵکو ئەوکاتەش بەردەوام

دەبێت لەبەکارهێنانی تیرۆر کە نەیاران و دژایەتی بەتەواوی لەبەین چوون، ئەو دەڵێت:

جیاوازی بنەڕەتی لەنێوان دیکتاتۆریەتی مۆدێرن و هەموو ستەمکاریەکانی رابردوو لەوەدایە کە تیرۆر ئیدی وەکو هۆکارێك بەکار ناهێنرێت بۆ سەربەنیست کردن یا شەڕکردن لەگەڵ نەیاران، بەڵکو وەك ئامرازێك بۆ حوکم کردنی جەماوەری خەڵك کە بەتەواوی ملکەچن و گوێ رایەڵ.. قوربانییەکانی ئەم تیرۆرە تەنانەت جەللادەکانیشی بێ گوناهن (١٦)

لێکۆڵینەوەکەی ئارێنت خۆی لەخۆیدا رەخنەیەکە لەچەند نوسەرێك لەوانە ماکس ڤیبەر. ماکس ڤیبەر لەو باوەڕەدابوو کە رژێمە ستەمکارو توندوتیژەکان لەسەرخۆ موعتەدیل دەبن دوای رووبەڕوبونەوەی رۆژانەیان لەگەڵ کێشەی ئیدارەکردن و بەرهەمهێنانی ئابوری. بەڵام ئارێنت بەپێچەوانەوە لەو باوەڕەدابوو کە وەحشیەتی تیرۆری تۆتالیتاری لەوەدایە کە زیاد دەبێت لەگەڵ هەر سەرکەوتنێکدا بەسەرنەیارەکانیدا، دوای تەفروتوناکردنی نەیارەکانیش هەر لەزیادبوونە. ئەمەش وایە چونکە رژێمی تۆتالیتاری تیرۆر بەکار ناهێنێ تەنیا بۆ بەدەست هێنانی ئامانجێکی سیاسی بەڵکو بەکاری دەهێنێ بۆ بەدەستهێنانی ئامانجێکی ئایدیۆلۆژیی و بۆسەلماندنی راستی بوونی ئایدیۆلۆژی.

لەموقابیل هەموو ستەمکارییەکانی پێشوودا، لەبەرچاوگرتنی سیاسی نا، سەربازی نا بەڵکو لەبەرچاوگرتنی ئایدیۆلۆژییە کە دوژمن دیاری دەکا لەژێر سایەی ئەم سیستەمە تۆلیتاریەدا. بەپێچەوانەی توندوتیژی ستەمکارییەکانی پێشوو، تیرۆری ئایدیۆلۆژی تۆتالیتاریانیزم ئامانجێکی نییە، چونکی هەمیشە پێویستە دوژمنی تازە بخوڵقێنرێت تاکو مەحف بکرێنەوە، و دوژمنی تازە پێویستە تاکو ئەم بزوتنەوە تۆتالیتارییە بتوانێ وەك بزوتنەوە پایەدار بمێنێتەوە.

تۆتالیتاریانیزم لەمێژوودا بێ پێشینەیەو لەهەمان کاتیشدا بێ گومان دیاردەیەکە مۆدێرن و منداڵی مۆدێرنتییە. مۆدێرن بەو مانا قووڵەی کە تەعبیر لەخاڵێکی جەوهەری رۆحی مۆدێرن دەکا، ئەویش ئەو باوەڕهێنانە دێوانەییە بەبێ سنوری سروشتی دەستەڵاتی ئینسان. لای ئارێنت، سەردەمی مۆدێرن سەردەمی بێسنوری تەئکید کردنی زاتییە کە لەوبوغزەوە سەرچاوەی گرتوە کە هەلومەرجی ئینسان دەکاتە نیشانەی خۆی، بوغز لە هەرسنورێك کە بوونی ئینسان دیاریدەکا.

ئامادەنەبوون بەقبوڵکردنی هەرشتیّ کە خۆی دروستی نەکردبێت، ئینسانی مۆدێرن واقیع دەگۆڕیّ لەرێگای زانستی مۆدێرن‌و تەکنۆلۆژیاوە، واقیع جارێکی دی دروست دەکاتەوە. ئەو شتەی ئارێنت پێی دەڵیّ "سەرکەوتنی مۆدێرنانەی ئاژەڵی دروستکەر (homofaber)" لە "هەلومەرجی ئینسان"دا ئەم سەرکەوتنە دەبێتە مایەی لەدایك بوونی ئەو عەقیدە مۆدێرنە کە دەڵیّ "هەمووشت رەوایە، هەمووشت دەشیّ"، ئەو عەقیدەیەی کە دەڵیّ سنورێك نییە بۆ توانای مرۆڤایەتی بۆ تەسخیرکردن‌و بەکارهێنانی پرۆسەی سروشتی، ئیدی لێرەوە سنورێك نییە بۆ دارشتنەوەی واقیع سەرلەویّ. هەر ئەم عەقیدەیەی "هەمووشت رەوایە"ی ئینسانی مۆدێرن کە تەعبیری خۆی لە نێو پرۆژەی تۆتالیتاری "دروستکردنی مرۆڤایەتی"دا دەبینێتەوە. هەرئەم شیکردنەوەیەیە ترسەکەی ئەفلاتونمان دەهێنێتەوە یاد، ترسی ئەوەی کە گەر بێت‌و ئەو عەدەمیەتەی کە لەنێو موجادەلەو فیکری سۆفستائییەکاندا خۆی مەڵاس دابوو، جڵەوی بۆ خۆش بکرێت لەجیهاندا، ئەوا هەمووشت دەڕوا، هەموو شت رەوا دەبێت، گۆلاك، کەمپەکانی مەرگ، کێڵگەکانی مەرگ، هۆڵەکۆست، ئەنفال‌و.. هتد، ئنجا بەئاژەڵ بوونەوەی مرۆڤیش. هەر ئەو عەدەمیەتەیە کە کارێك دەکا کە نازییەکان‌و کۆمەنیستەکان لابرا تۆری، تاقیگای تیرۆر دروست بکەن تاکو ببینن ئینسانەکان چی لەتوانایاندا هەیە بیکەن، تا نیشانی بدەن کە بەڵیّ هەمووشت دەشیّ‌و شیاوە. ئەوەی کەنازییەکان‌و کۆمەنیستەکانی پێکەوە گرێدەدا ئەو بۆچوونە عەدەمییە بوو کە دەڵیّ بەڵیّ ئینسان کائینێکی لەڕادەبەدەر بەتوانایە، ئەو قەناعەتە بوو کە هەمووشت شیاوە، بگرە دارشتنەوەی سەر لەنوێی دنیاش شیاوە. پرچەك بوو بەزانست‌و تەکنۆلۆژیاو رێنومایی کراو لەلایەن فەنتازیا کێوییەکانەوە، چ نازییەکان‌و چ کۆمەنیستەکان سەرگەرمی کەشفکردنی ئەو شتانەبوون کە دەشێن. ئەوان هەموو توخمەکانی کە لەمێژوودا بەکارهاتبوون، بەکاریان هێنان، لەناوبردنی دانیشتوان، خاپورکردنی شار، گواستنەوەی نەتەوەیەك بەکاملی لەشوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دی (نمونە: چیچنیەکان، کوردەکان، قەوقازییەکان)، کامپەکانی مەرگ، ترس، سەیتەرەکردن، کوشتن، دادگاییی کردنی چەند دەقیقەیی، هەر هەموو ئەو توخمانەیان بەکارهێناو گەشەپێداو داهێنانی نوێیان خستە سەر ئەو توخمانە، هەر هەموو لەسەر ئەو پرنسیپە عەدەمییەوە کە دەڵیّ: "هەمووشت ڕەوایە، هەمووشت شیاوە" ئەوپرنسیپەی بۆ یەکەمین جار سۆفستائییەکانی یۆنان بە چاکی تەعبیریان لێکردو لەورۆژەوە مۆتەکەیەکە بەسەر رۆحی مرۆڤایەتییەوە، نازییەکان‌و کۆمەنیستەکان نەوەی کالیکلیسن نەك ئەفلاتۆن وەك ئەوەی کە پۆپەر لەڕقە ئەبەدییەکەیەوە

لەفەلسەفە دەیویست پێمان بڵێ[١٨]. کامپەکانو گۆلاگ ئەو تاقیکردنەوانە بوون بۆ بینینو زانینی ئەوەی کە تاچەندە دەتوانین سروشتی ئینسان بگۆڕین. ئەوانە موختەبەرەکانی مۆدێرنتی بوون کە تیایاندا گۆڕان لەسروشتی ئینساندا تاقیدەکرانەوە. رژێمە تۆتالیتارییەکان ئەوەیان نیشاندابن کەچی رودەدا ئەو کاتەی ئینسانەکان تەسلیمی ئەو وەسوەسەیە دەبن، وەسوەسەی "کڕینی دەستەڵاتێکی بێسنور لەسەر حیسابی تەسلیم بوون بەهێزە نائینسانییەکانو کۆمەك کردن بەپێویستی تەسلیم بوون بەیاسایەکی رەگەز پەرستی" یاسای سروشتی، یاخود تەسلیم بوون بەیاسا مێژووییەکانی جوڵە کە نەك بەتەنیا پێشبینی لەناوچوونی کاپیتاڵیزم دەکەن بەڵکو لەناوچوونی دوژمنەکانی پرۆلیتاریاش، ئەو رژێمانە ئەوەیان نیشانداین کە تەسلیم بوون بەوەسوەسەی سۆفستائی، ئەو وەسوەسە ستەمکارییەی کە دەڵێ "ئینسان مقیاسی هەموو شتێکە"، بەرئەنجامی ئەو وەسوەسە عەدەمییە کەمپەکانی مەرگو گۆلاكو ئەنفالە.

بۆئەوەی کە سەیتەرەی تەواو ببێتە واقیع، سێ هەنگاو لەناو پرۆسەیەکدا پێویستن: هەڵوەشاندنەوەی دەستگای قەزائی لەرێگای ئینکارکردنی مافەکانو هاونیشتمانێتییەوە، بەدواییدا خاپورکردنی حسی ئەخلاقیو کەسایەتی ئەخلاقی لەرێگای دروستکردنی هەلو مەرجێکەوە کە ئیدی تێیدا ویژدان ناتوانێ وەزیفەی خۆی ببینێ، ئنجا وێرانکردنی تاکایەتی هەر تاکە کەسە، بەپلەیەك کە تاکە کەس دەبێتە بوونەوەرێك کەهەموو شتێکە جگە لەخۆی. ئەمەشە خاسیەتی دەستەڵاتی تۆتالیتاریانیزم، کە دەستەڵاتێکە لەجیاتی چاوبڕین لە "حوکمێکی ستەمکارانە بەسەر ئینسانەکانەوە، وەك ئارێنت دەڵێ: چاو لەسیستەمێك دەبڕێ کەتیایدا ئینسانەکان دەبنە سپڵی لاورگ"[١٩]. بەهۆی تیرۆرەوە ئینسانەکان دەبنە ماتەریاڵی خام، کە ناتوانن بەرگرییەك نیشان بدەن دژ بەیاساکانی جوڵەی سروشتو مێژوو، ناتوانن رێبگرن لەهەڵگرانی ئەو ئایدیۆلۆژیا تووڕەو عەسەبیانە کە سەرقاڵی پرۆسەی دارشتنەوەی ئینسانەکان، پرۆسەی لەتاکایەتی خستنی تاکەکانو لەئینسانیەت خستنی ئینسانەکانە.

گوتمان لەپاڵ تیرۆردا ئایدۆلۆژیا خاڵێکی تری ناسینەوەی خاسیەتێکی تری تۆتالیتاریانیزمە، ئەو ئایدیۆلۆژیایانەی کە ئیدیعا دەکەن هەموو نهێنییەکانی پرۆسەی مێژوویی دەزانن، نهێنییەکانی رابردوو، ئاڵۆزییەکانی ئێستا، نادڵنیاییەکانی داهاتوو، ئەمەش لەبەرئەو لۆژیکەی کە لەنێو ئایدیاکانیاندا هەیە.

لەکاتێکدا کەستەمکارییەکان هەیمەنەی خۆیان بەسەر تاکە کەسەکاندا دەسەپێنن بەڵام دەست بۆ بیرکردنەوەی تایبەتی نابەن، بەڵام ئایدیۆلۆژیا بەهاوکاری تیرۆر

ژیانی تایبەتی کەسەکان داگیر دەکا، هەستی هاوبەش خاپووردەکا،و تەسخیری بیرکردنەوەیان دەکا، کەسەکان ئیدی نەك ناتوانن بیربکەنەوە بەڵکو دەبنە توتی بۆ دووبارە کردنەوەی گریمانکاریەکانی ئایدیۆلۆژیا. بەڕای ئارێنت پرکردنەوەی ئایدیۆلۆژیانە هەموو پەیوەندییەکان بەواقیعەوە خاپوور دەکا، ئیدی ئینسانەکان هەم توانای بیرکردنەوە لەدەست دەدەن،و هەم توانای ئەزموون کردن. پێش ئەوەی درێژە بەم باسەبدەین،و باسی رۆڵی ئایدیۆلۆژیا لەنێو ئەم سیستەمە نوێیە دابکەین،و بزانین ئارێنت چۆن لەرۆڵی ئایدیۆلۆژیا دەڕوانێ، بەپێویستی دەزانم کورتەیەك لەسەر چەمکی ئایدیۆلۆژیاو تێگەیشتنەکانی پێش ئارێنت بۆ ئایدیۆلۆژیا بدوێم.

ئایدیۆلۆژیاو کێشەی سنورەکان:

یەکێك لەرێگرە سەرەکییەکانی گەشەکردنی تێگەیشتنێکی دروست لەچەمکی ئایدیۆلۆژیا بەباوەڕی من بریتییە لەشکستی ئەوانەی کە ئەم چەمکە بەکاردەهێنن، بەکارهێنانێکی یا هەمەڕەکی یا ئاڵۆز، شکستی ئەوانەی کە نەیانتوانیوە ئەم چەمکە جیابکەنەوە لەدیاردە کلتورییەکانی دی. لەزۆر چەمکاندن (conceptualization)دا ئایدیۆلۆژیا هێندە سەراپاگیرییەکە شێوە ڕەمزییەکانی دی هەر هەموو لەخۆ دەگرێ ئەو کاتەش کەئایدیۆلۆژیا سەراپا گیر بوو دەستەڵاتی جودا خوازی لەدەست دەدا، دەسەڵاتی جیاکردنەوەی لەدیاردەو لەچەمکەکانی دی، ئیدی بەم شێوەیە شکست دەهێنێ لەوەی کە پەیوەندی ئیمبریکی (emprical relevance) بەدەست بهێنێ بەمانایەکی دی چونکی هەموو شت دەگرێتەوەو هیچیش ناگرێتەوە، دەبێتە چەمکێکی بێفەڕو بێ سود. لێرەدا خستنەڕوویەکی چەند نمونەیەك لە ئەدەبیاتی فیکریدا لەسەر ئایدیۆلۆژیا ڕەنگە مەبەستەکەی من روون بکاتەوە دەربارەی کێشەی سنورەکان، بەمانای سنوری ئەم چەمکە لەگەڵ چەمکەکانی دی. ڕەنگە زیادەڕۆیی نەبێت گەر بڵێین کارل مارکس گەورەترین کاریگەری بەردەوامی لەسەر چەمکی ئایدیۆلۆژیا هەبووە لەسەدەی بیستەمدا. لەگەڵ ئەوەشدا کە ئەو یەکەم کەس نەبووە کە لەئایدیۆلۆژیای کۆڵیبێتەوە، وە ئەویش نەبووە کە ئەو زاراوەیەی داهێنابێت. فرانسیس باکۆن (١٥٦١ ـ ١٦٢٦) دەشێ بگوترێت کە یەکەم کەس بێت کە بۆ یەکەمینجار لەئایدیۆلۆژیا کۆڵیبێتەوە لە لێتوێژینەوەیەکدا بۆ بتەکان (idols) ئەو بتانەی کە رێگرن لەبەردەم مەشقکردنی میتۆدی زانستیدا، لەوبتانەی (مەبەست لەبت هەڵەو حوکمی پێش وەختو لایەنگیرییە.. هتد). بتی قەبیلە، بتی ئەشکەوت، بتی بازاڕ، بتی شانۆ.. هتد.

بەڵام وەك زاراوەیەكی جیاوازو ئاشكرا ئایدیۆلۆژیا بەرهەمی چەند تیۆریسینێكی فەرەنسی دوای رۆشنگەرییەكە پێیان دەگوترا ئایدیۆلۆگەكان (ideologues) ئەوانەی كە تیۆریەكیان گەشە پێدا لەمەڕ ئایدیاكانەوە لەسەرمەبنای چەند پرنسیپێكی حسی فەلسەفییەوە. دوای شۆڕشی ١٧٨٩ ئەوكاتەی كە هێشتا فەرەنسا هەر كۆمارێكی دیموكراتی بوو، ئایدیۆلۆگەكان كە زۆربەیان ئەندامی ئینیستیوتی نیشتمانی بوون، لەهەوڵی ئەوەدا بوون كە عەقیدەیەك (doctrine) گەشە پێبدەن كە شوێنی گریمانكارییە فەلسەفیو سیۆلۆجییەكانی پێشوو بگرێتەوە ئەو گریمانكاریو تەسەوراتانەی كە رژێمی كۆن لەسەرییەوە دامەزرابوون میتۆدیك كە ئایدیۆلۆگەكان گەشەیان پێدا كە تا بەم كارە هەڵبستێ بریتی بوو لە "زانستی ئایدیاكان" (science of ideas) كە ناویان نا "ئایدیۆلۆژی"و لەرێگەی ئەم زانستەوە هەوڵیاندا كە زەمینەیەك بۆ عەقلْ برەخسێنن لەرێگای كورتكردنەوەی هەموو ئایدیاكان بۆ ریشەكانیان لەئیحساسدا.

ئایدیۆلۆگەكان واسەیری ئایدیۆلۆژییان دەكرد وەك زانستی ئایدیا، لێرەدا ئایدیۆلۆژیا ئامارەدە كردن نەبوو بۆ چلۆنایەتی یان جۆری هەرفیكرەیەك، بەڵكو ئامارەكردن بوو بەتەكنیك، تەكنیكێ بۆ كەشفكردنی حەقیقەتو لەناوبردن یا توانەوەی وەهمەكان. بەڵام ماركس مانای ئایدیۆلۆژیای گۆڕیو ئیدی ئایدیۆلۆژیامانا مۆدێرنەكەی ئەمڕۆی لەخۆگرت. دیارە تێگەیشتنی ماركس بۆ ئایدیۆلۆژیا لەژێر كاریگەری گەشەكردنی ئایدیالیزمی ئەڵمانیادابوو، لەوانە فەلسەفەی هیگڵو فیورباخ. لای ماركس ئایدیۆلۆژیا لەجیاتی ئەوەی كە میتۆدیَ بێت بۆ كەشفكردنی حەقیقەت، تیۆری ماركس بۆ ئایدیۆلۆژیا باس لەچلۆنایەتی بیردەكا، بەتایبەتی بیری كۆمەڵایەتی، بەواتایەكی دی ئەوبیرە كە وەهمییەو شێواو. بەكارهێنانی چەمكی ئایدیۆلۆژیا بەم شێوەیە، ماركس بۆ یەكەمینجار دەستو پەنجەی لەگەڵ گیروگرفتی سنوردار بووندا نەرمكرد. گەر ئایدیۆلۆژیا ئامارە بۆ تایپێك یا چلۆنایەتی فیكرەیەك بكا، كەواتە سنورەكانی (boundaries) ئایدیۆلۆژیا كامانەنو پەیوەندییەكانی ئایدیۆلۆژیا بەدیاردە پەیوەندی دارەكانەوە كامانەن؟ دیارە تیۆری ماركس بۆ ئایدیۆلۆژیا بەشێوەیەكی قانع كەر روبەڕوی ئەم كێشەیە نابێتەوە، چونكە خودی ماركس دووبارە ئەم چەمكە زۆر بەشێوەیەكی گشتی بەكاردەهێنێ بەشێوەیەك كەوا دەردەكەوێ هەموو دیاردە كلتورییەكان لەخۆ بگرێ، بەوشێوەیەی ئەو ئایدیۆلۆژیا دەبینێ ئایدیۆلۆژیا هەموو هەڵەو وێنا زهنییەكان لەخۆ دەگرێ كە سەرجەم شكستی تاكەكان پێك دەهێنن لەتێگەیشتنیان لەپەیوەندییە ئیغترابییەكانی دەوروبەریانو ئنجا تێنەگەیشتنیان لەو پەیوەندیانە بەگەشەكردنی گشتی مێژووەوە(٢٠) هەروەها

لەتیۆری مارکسدا ئەوە ئاشکرانییە کە تاچ پلەیەك ئەم بەهەڵە لێ تێگەیشتنانە یەکسانن لەگەڵ خودی هۆشیاری. دیارە مارکس جەغدی دەکردە سەر ئەوخاڵەی کە لەکاپیتالیزمی پیشەسازی‌و کۆمەڵگای بۆرژوازیدا سەرجەم "سەرخانی کلتووری" ئایدیۆلۆژییە بەڕای ئەو ئەوسەرخانە کلتورییەش، سیاسی‌و ئاینی‌و جوانناسی‌و فەلسەفەی هەر هەموو پێکەوە دەگرێتەوە. بەڕای مارکس تەنیا تیۆری کۆمەڵایەتی مارکسیستی لەسەر تێگەیشتنێکی دروستی مێژووەوە بیناکراوە،و ئەو تیۆرییەیە بەدوورە لەشێواندنی ئایدیۆلۆژی ئەمەش خودی ئیشکالیەتەکەیە لەمارکسیزمدا هەروەها گیروگرفتی سنورەکان لەداڕشتنی چەمکی ئایدیۆلۆژیدا لەبەرهەمی کارڵ مانهایم (karl Mannheim)دا دووبارەدەبێتەوە، لەوێدا مانای زاڵی ئایدیۆلۆژیا ئەمەیە: "ئایدیۆلۆژیا بریتییە لەسەرجەم بۆچوونی گروپێکی کۆمەڵایەتی"[٢١].

ئایدیۆلۆژیا بەڕای مانهیم سەرجەم جیهانبینی گروپە کە لەڕوی سۆسیۆلۆژییەوە لەلایەن بۆچوونی سیاسی ئەو گروپەوە دیاری کراوە، هەل‌و مەرجی بۆدانراوە، ئنجا لەڕوی زەمەنیشەوە پرۆسەی مێژووی کاریگەری خۆی لەسەر ئەو جیهان بینیە داناوەو دادەنێ. مانهیم ئایدیۆلۆژیا بەگەردونی دەکا (universalize)و خودی مارکسیزمیش بەئایدیۆلۆژیا لەقەڵەم دەدا. ئایدیۆلۆژیاکان بەڕای ئەو دووجۆرن: لەلایەکەوە ئەو ئایدیۆلۆژیانەی خوو رەوشت‌و رێساکانی رابردوو دەمج دەکەن لەگەڵ ئەمڕۆداو هەوڵ دەدەن کە بارودۆخی ئێستا (status quo) بپارێزن‌و بەمانە دەگوترێت "ئایدیۆلۆژیاکان". لەلایەکی دیکەوە بیر دەشێ پێی بگوترێت یۆتۆپیایی (utopian) گەر بێت‌و پشت بەتوخمە ترانسێندێنتەکان ببەستێ، ئەو توخمانە وەك ئەو دەڵێ "گەر بێت‌و بەسلوك بگەن، هەوڵدەدەن بەشێوەیەکی جوزئی یا کولی، رێکخستنی شتەکان هەڵ وەشێنن".

ئەدەبیاتی بەناو قوتابخانەی"کۆتایی ئایدیۆلۆژیا" کە لەپەنجاکان‌و شەستەکانی سەدەی رابردوودا گەشەی کرد بەهەمان شێوە گیروگرفتی نێوان ئایدیۆلۆژیاو دیاردەکانی دی لەبەرچاو نەگرت، بۆ نمونە کتێبەکەی "کۆتایی ئایدیۆلۆژیا ـ the end of ideology" ی دانیال بێل، ساڵی ١٩٦٥ . یەك رەخنەگر لەوباوەڕەدایە کە ئەندامانی ئەم بزوتنەوەیە لەسەر ئەوە هاوڕان کە ئایدیۆلۆژیا وەك "یۆتۆپیای موتڵەق" سەیربکەن.[٢٢]

دەتوانین دەیەها نمونەی تر بهێنینەوە بۆ نیشاندانی ئەوکێشەیەی کە من پێی دەڵێم کێشەی سنورەکان لەوێناکردن‌و بەچەمککردنی ئایدیۆلۆژیادا، ئەو کێشەیە لەو شکستەوە سەردەر دەهێنێ کەبریتییە لەشکستی رانەگرتنی جیاوازییەکانی نێوان

ئایدیۆلۆژیاو دیارده کۆمەڵایەتییەکانی دی، بەڵام تائێرە ئەم کورتەیە بەسەو با بگەڕێینەوە سەردیدی ئارێنت لەمەڕ رۆڵی ئایدیۆلۆژیا لەسیستەمی تۆتالیتاریدا.

بەڕای ئارێنت کلیلی تێگەیشتنی ئەوەی چۆن نازیزمو بۆلشەفیزم لەشێوەی یەك جۆر حوکم کردندا بەیەك گەیشتنەوە بریتییە لەوەی بڕوانینە نەك ناوەڕۆکی ئایدیۆلۆژیاکانیان بەڵکو بڕوانینە فۆرمی ئەو ئایدیۆلۆژیایانە. کەواتە ئێمە لەجیاتی ئەوەی بزانین ئایدیۆلۆژیای نازیزم یا کۆمۆنیزم دەڵێ چی، پێویستە لەسلوکی دەربڕینی موجادەلەکانیان (arguments) بڕوانین. ئایدیۆلۆژیا بەڕای ئارێنت بریتییە لەزنجیرەیەك ئایدیا کە بەنیازە تەفسیرێکی شمولی گەشەکردنی مێژوویی‌و کۆمەڵایەتی بدا بەدەستەوە. ئایدیۆلۆژیاکان بەو شێوەیە کاردەکەن، بەجیاکردنەوەی گوایە یا بەناو چەند حەقیقەتێك دەربارەی ژیانی ئینسان، دەربارەی سروشت، یا کۆمەڵگاو بەرزکردنەوەیان بۆ ئەو ئاستەی کە ئیدی تەحدیدی حەقیقەتەکانی دی بکەن، ئەوە دیاری بکەن کە ئێمە لەکوێوە هاتوین‌و بەرەو کوێ دەڕۆین. وەك ئارێنت دەڵێ:

> **ئایدیۆلۆژیا لەڕوی حەرفیەوە ئەو شتەیە کە ناوەکەی دەیڵێت یا دیاری دەکا: بریتییە لە لۆژیکی ئایدیایەك. بابەتەکەی بریتییە لەمێژوو، کە ئایدیاکە بەسەریدا دەچەسپێ، بەرئەنجامی ئەم چەسپاندنەش بریتی نییە لەجەستەیەك یا زنجیرەیەك گوزارە** (statements) **دەربارەی شتێك، بەڵکو دەربارەی پرۆسەیەکی بەردەوامە کە هەمیشە لەگۆڕاندایە.**(٢٣)

بۆ نمونە بۆلشەفیزم کە لەمارکسیزمەوە سەرچاوە دەگرێ ئیدعای دەکرد کە مێژووی مرۆڤایەتی دەشێ وابناسرێتەوە کە مێژووی ململانێی چینەکانە، یاخود نازیزم کە پێی وابوو کە کێشمەکێشی نێوان رەگەزەکان مۆتۆڕی مێژووە. جیاکردنەوەی رەهەندێکی بوونی ئینسان‌و کردنی بەو کلیلەی کە ئەوە دیاری دەکا چۆن هەموو شتێکی دی گەشە دەکا. هەموو ئایدیۆلۆژیاکان لەم پرۆسەی بەجەوهەری کردنەدا بەشدارن. زیاتر لەمە ئایدیۆلۆژیا بریتییە لەسیستەمێکی داخراوی بیر، ئایدیۆلۆژیاکان بەچەند بەناو حەقیقەتێ لەمەڕ هەرشتێکەوە، بڵێ سروشتی ئینسان، بۆ نمونە، دەست پێدەکەن‌و ئنجا شەرحی هەموو رەهەندو حەقیقەتەکانی دیی دەکەن، لەڕێگای ئاماژدە بۆکردنەوە بۆ پرنسیپ یا حەقیقەتی کەشفکراو لەسەر ئەم گریمان کارییەوە کار دەکا: کە مەعریفەی حەقیقەتی ئەلف

خۆی دەبێتە مایەی حەقیقەتی بێ‌و دال، زانینی ئەلف ئەو مەعریفەیە بەکەس دەدا کە مەعریفەیە دەربارەی هەموو حەقیقەتەکانی دی، چونکی هەموو حەقیقەتەکانی دی لەحەقیقەتی یەکەمەوە کە کەشفکراوەو زانراون هاتوون. بۆ نمونە کاتێك کە کۆمۆنیزم دەیگوت ململانێی چینەکان حەقیقەتە (fact) ئەمە دەبووە پرنسیپ، ئەوکاتەش کە وەك حەقیقەت چەسپێنرا ئیدی بۆزانینی ئەو دوای واقیع، و هەموو شتەکانی دی تۆ تەنیا ئەوەت لەسەرە کە بگەڕێیتەوە بۆ سەر ئەو حەقیقەتە. گەر بمانەوێت بزانین بۆ فلآنەکەس بەو شێوەیە رەفتاری کرد نەك بەشێوەیەکی دی، ئەوە تەنیا ئەوەمان لەسەرە کە بگەڕێینەوە بۆ ئەوفاکتە واتە ململانێی چینایەتی‌و شوێنی ئەوکەسە لەو ململانێیەدا. ئیدی لێرەوە نەك ئەو بەڵکو هەموو دیاردەیەکی دی تەفسیر دەکرێ، هەموو کایە مەعریفییەکان لەم رێگایەوە لێیان دەڕواندرێ.

لێرەدا هەبوونی ئایدیۆلۆژیا کارێك دەکا کەسەرفەنەزەر بکەین لەعەقڵ‌و عەقلآنییەت،و بگرە سەرفەنەزەر بکەین لەبوونی‌فیکریش، فیکر لەم گەمەیەدا دەبێتە شتێکی زیادو ناپێویست. مادامێك هەموو فاکتەکان لەرێگای چەسپاندی فاکتە ئەسڵییەکەوە دەشێت بناسرێنەوە، ئەوەی دەمێنێتەوە بریتییە لەئیستیدلال (استدلال ـ deduction). لێرەوە جیهان دەبێتە کۆمەڵێ فاکت‌و لۆژیکی ئەم ئیستدلالەش هەرهەموویمان بۆ دەردەخات. هەموو مێژوو لەلایەن فاکتی ئەلفەوە دیاری دەکرێ، زانینی ئەم فاکتە سیحری مێژووەو هەر لێرەشەوە دەرککردن بەهەموو دیاردەکان‌و بوارەکان‌و رەهەندەکان مەیسەر دەبێت. ئەمەش لەڕاستیدا هیچ نییە جگە لەدەستبەردار بوون لەئازادی‌و توانای بیرکردنەوە. ئەو کەسەی دەبێتە پەیڕەوی کەری هەر ئایدیۆلۆژیایەك دەستبەرداری توانای عەقڵی خۆی‌و ئازادی خۆی دەبێت، بێ ئازادیش تاك کورت دەبێتەوە بۆ پەیڕەوی کەرێك یائەندامێکی (species) جنسی بەشەری، بێ عەقڵیش،و تاك کورت دەبێتەوە بۆ بەئاژەڵ بوون. باوەڕهێنان بەئایدیۆلۆژیا دەستبەردار بوونە لەفەرد بوون. فەرد ئەو بونەوەرەیە کە بۆچوونی هەیە، ئەولەویات‌و ئەفزەڵیەتی شتەکانی خۆی هەیە،لەگەڵ بیرکردنەوە کە نیشانەی خودێتی ئەوە، باوەڕهێنان بەئایدیۆلۆژیا دەستبەرداربوونی ئەم تاکایەتییەیە. باوەڕهێنان بەئایدیۆلۆژیا ملکەچ کردنە بۆ داواکاری یەك بەرگی‌و وەك یەك بوون‌و وەك یەك بیرکردنەوە. هەر بۆیەشە ئارێنت دەنوسێ:

ئایدیۆلۆژیاکان، ئەو بۆچوونە بێزیانانەن،
ناڕەخنەیی‌و هەڕەمەك تا ئەو کاتەی کە بەجدی
وەرناگیرێن، بەڵام ئەو کاتەی ئیدعاکانیان بۆ راستی
بوونی بەموتڵەقیان بەشێوەی حەرفی وەربگیرێ ئەوا

دەبنە سیستەمی لۆژیکی کە تیایاندا هەموو شتەکان
لەخۆدەگرن گەرێت و موقەدیمەی یەکەم قبولّ کرا.
دێوانەیی سیستەمیّ لەو جۆرە لە موقەدیمەی یەکەمدا
نییە بەڵکو لەسەر جەم لۆژیکی ئەو سیستەمەدایە.
لۆژیکی بوونی عەجیبی هەموو "ئیزمەکان isms"،
سادە لەو حیان و باوەڕیان بە بەهای رزگاری
(salvation) **خاوەن باوەڕەکان بیّ لەبەرچاوگرتنی**
تایبەتمەندێتی و هەمەچەشنەیی، ئائەمە یەکەم گەرای
بوغزی تۆتالیتارییە لەواقیع و حەقیقەت.(٢٤)

ئایدیۆلۆژیا بۆ چونێکی یەك بەرگی دەربارەی جیهان فەراهەم دەكا، بەڵام جیهان زۆر ئاڵۆزەو زەحمەتە ملکەچ بکا بۆ زاراوە سادەکان و سادە لەوحی ئایدیۆلۆژیا کە دەیەوێت هەمووشت ئەم زاراوانە تەفسیربکا. لەم حاڵەتەدا کەسیّ کە هەڵگری یا پەیڕەویکەری ئایدیۆلۆژیایە کە دوو ئیختیاری لەبەردەمدایە: یا ئەوەتا دەرك بەوە دەکات کە سادەیی فەزیلەت نییەو لەوە تێدەگا کە جیهان لەوە ئاڵۆزترە کە ئەو ئایدیۆلۆژیایەی ئەو وێنەی دەکێشیّ، لێرەوە دەگەڕێتەوە بۆ بیرکردنەوەو عەقڵ و ئیدی دەستبەرداری ئایدیۆلۆژیا دەبێت. ئیختیاری دووەم ئەوەیە کە ئەو کەسە دژی واقیع دەوەستێتەوەو زیاترو زیاتر لەنێو دۆگماکانی ئەو ئایدیۆلۆژیایەدا غەرق دەبێت. کشانەوە لەواقیع و چوونە ناو جیهانە خەیاڵی و ئەفسانەییەکەی کە ئایدیۆلۆژیا دروستی کردوەو جیهانێك کە ئیماندارەکانی هەمان ئایدیۆلۆژیا بەجیهانی خۆیانی دەزانن. لێرەوە هەنگاوی دواتر بریتی دەبێت لە دژایەتی کردنێکی پڕ لەکینەوڕق دژی ئەو کەسانەی کە ئەم ئایدیۆلۆژیایە دەخەنە ژێر پرسیارەوە.

ئەمەش بۆ پاراستنی ئەو ئایدیۆلۆژیایەو شاردنەوەی پینەو کەم و کوڕییەکانی ئەو ئایدیۆلۆژیایە، تاکو کارەکە بەوە دەگا کە ئەم ئایدیۆلۆژیایە بکرێت بەشتێك کە قابیلی رەت کردنەوە نیە، ئەو ئیماندارانەی ئایدیۆلۆژیا بە هیچ شێوەیەك بەرگەی هیچ تەحەدایەك ناگرن، هەر بۆیەشە هەنگاوی دوای میلیتاریستی بوونە. هەڵگرانی ئایدیۆلۆژیا هەر هەموو دەبنە ئەندامی کەڵت(Cult)،و ئنجا دەکەونە کوشتن و تیرۆرکردنی نەیارانی ئەو ئایدیۆلۆژیایە.

ئەم هەڵوێستەی پەیڕەوانی ئایدیۆلۆژیا وا لەئارێنت دەکا بڵیّ: باوەڕهێنان بەئایدیۆلۆژیا لە ناخیدا ئارەزووی" سەیتەرەی تەواو" لە خۆ دەگریّ. مادامێك ئایدیۆلۆژیا بەرگەی تەحەدای عەقڵی و موناقەشە ناگریّ، لێرەوە هەوڵدەدا کە هەموو

شت داگیر بکا، هەموو شت بخاتە ژێر رکێفی خۆیەوە بەتایبەت ئەو شتانەی کەدژایەتی لەگەڵ بۆچوونی ئەو بەرامبەر بە جیهان دەکەن. هەروەها مادامێکیش خەڵکیو خاوەن توانای کرداری عەفەوینو ئەم کردارانەش هەڕەشەن لە ئایدیۆلۆژیا، ئیدی ئایدیۆلۆژیا هەوڵ دەدا کە کۆنترۆڵی هەموو رەهەندەکانی ژیانی خەڵکی بکا. کەواتە هەموو ئایدیۆلۆژیاکان تۆتالیتارین، هەر هەموو تەفسیرێکی شمولین بۆجیهان، داوا دەکەن کە جیهان کۆنترۆڵ بکرێتو بخرێتە ژێر رکێفی یەك بەرگی ئایدیۆلۆژیاوە. کەواتە ئایدیۆلۆژیا هەڵگری تۆوی تۆتالیتاریانیزمە. بەڵام لێرەدا پرسیارێك روو بە روومان دەبێتەوە، گەر هەموو ئایدیۆلۆژیایەك تۆتالیتاریانیزمی‌یە بۆچی تەنیا نازیزمو کۆمۆنیزم بوونە مایەی دامەزراندنی ترسناکترین ستەمکاری، نەك ئایدیۆلۆژیاکانی دی؟ وەلامی ئارێنت ئەوەیە کە دەبێت لەو هەل ومەرجانە بدوێین کە زەمینەیان خۆش کرد بۆ سەرهەڵدانی ئەم دوو ئایدیۆلۆژیا ترسناکەو ئەم دوو بزووتنەوەیە لەئەڵمانیاو لەروسیادا. ئارێنت دوو بەشی کتێبەکەی"ئەسڵەکانی تۆتالیتاریانیزم"ی تەرخان کردووە بۆ تاوانبارکردنی مۆدێرنتی وەك کێشە سەرەکی یەکە. مۆدێرنتی لای ئارێنت واتە" نامۆبوونanomie" قەیرانی شووناس، دوورخستنەوەی خەڵکی لەبڕیارەکانی کە بەژیانیان شێوە دەبەخشیو ئەو بڕیارانەی کە جۆری ژیانیان دیاریدەکا. وەك باسمان کرد، ژیانی مۆدێرن واتە زاڵ بوونی ژیانی شەخسی بەسەر ژیانی مەدەنیدا کە دەبێتە مایەی لەدەستدانی دیدەگا(perspective)و تێگەیشتن لە"بوون لە جیهاندا"، هۆی ئەوەی کە کۆمۆنیزمو نازیزم سەرکەوتوبوون دەگەڕێتەوە بۆ توانای ئەم دوو ئایدیۆلۆژیایە لەتەسخیرکردنی خەڵکیو بەکارهێنانی هەستکردن بە نامۆ بوونی خەڵکیو لەدەستدانی هەستی کۆمیونتی"جڤات". ئەم دوو ئایدیۆلۆژیایە توانیان دەغدەغە بە عەواتفەکانی خەڵکی بکەنو بیانهێننە ژێر رکێفی خۆیانەوە. هەروەها گرنگە لەیادمان بێت کە ئەو دوو ئایدیۆلۆژیایە بەرئەنجامی بزوتنەوەی جەماوەری(masses) بوون. هەردووك دوو ئایدیۆلۆژیای رادیکاڵ بوونو بەو موژدەیەوە هاتنە پێش کەتەنیا ئومێد والەدابڕانێکی موتڵەقدا لەگەڵ ئێستادا، ئێستای نامۆبوونی کۆمەڵایەتی، لێرەوە کۆنترۆڵی خەیاڵی ژمارەیەك لەخەڵکیان کرد. هەروەها لەیادمان بێت کە گوتاری سیاسی ئاسایی لەئەڵمانیاو رووسیا لەکاتی سەرهەڵدانی ئەو دوو بزوتنەوەیەدا لاواز بوون گەر نەڵێین بەتەواوی لێك هەڵوەشابوونەوە تائەمەش بووە مایەی دەرگا خستنە سەرپشت بۆ ئەم دوو ئایدۆلۆژیایە کە هەڵگری تۆوی ستەمکاری بوون.

خاڵێکیتر کە زۆر جەوهەرییە، دەربارەی نەتوانینی ئایدیۆلۆژیاکانی دی بۆ هێنانە کایەوەی سیستمی تۆتالیتاری ئەم خاڵەیە: بوونی هەلومەرجی دیموکراسی.

له هەرشوێنێکدا هەلومەرجی دیموکراسی هەبێت دەبێتە مایەی رێگرتن لەوەی کە ئایدیۆلۆژیاکان ببنە تۆتالیتاری چونکە ئەو ئایدیۆلۆژیایانە هەمیشە لەژێر تاقی کردنەوەدان و دەبنە بابەتی رەخنەو هەڵسەنگاندنی عەقڵی. لەم ئاوو هەوایەدا پارتە سیاسیەکان لێپرسراون لەبەردەم ئەندامەکانیان و ئنجا بواری گشتی(public)و ئایدیۆلۆژیاکانیش دەبنە مادەی گفتوگۆی عەقڵی. بەڵام ئەوکاتەی کەجەستەی سیاسی تێك دەشکێ و بواری گشتی(public) لاواز دەبیّ و کۆمەڵگای مەدەنی لەناو دەچیّ، ئەمە رەچەتەیەکە بۆ دەست بەسەراگرتنی مەیدانەکە لەلایەن ئایدیۆلۆژیایەکەوە کە دێت و چەندین پەیمان و مژدە لەگەڵ خۆی دەهێنێ و لەدواجاردا بە دامەزراندنی سیستەمێکی تۆتالیتاری کۆتایی بە گەمەکە دێت. لەم حاڵەتەشدا لە جیاتی بەشداری کردن لە گفتوگۆدا، سیستەمێکی داخراو کە تێیدا یەك بەرگی باڵادەست دەبێت دادەمەزرێت. لە هەلومەرجی ئاوهادا ئایدیۆلۆژیا بە تەواوی تەعبیر لەجەوهەری ستەمکاری خۆی دەکا.

ئەو کاتەی ئایدیۆلۆژیاکان دەبنە مایەی پاسف بوونی عەقڵی و سیاسی چونکە لەجەوهەردا ئەوان کۆششێکی نائومێدانەن بۆ راکردن لە لێپرسراوێتی، خۆیان دەشارنەوە لەپاڵ ئیدعای زانستی بوونیانداو کەشف کردنی یاسا زانستیەکانی مێژوو یا کۆمەڵگا، لێرەوە ئایدیۆلۆژیا داوامان لێدەکا کە سەر دانەوێنین بۆ ئەو شتەی کە حەتمیەیە، تا ببینە موسافیرێکی ئەو شەمەندەفەرەی مێژوو، پرسیار نەکەین بۆو چۆن، چونکە حەقیقەتەکان لەلایەن ئایدیۆلۆژیاوە کەشف کراون و ئیدی ئەوەی لە سەر ئێمەیە مل کەچ کردن و رازیبوونە، لەکاتێکدا بە شێوەیەکی سروشتی ئینسانی عادی(average) زوو تەسلیمی ئایدیۆلۆژیا دەبێت، بەڵام ئەمە کافی نیە، لەبەر ئەوە دەبێت پەیڕەوانی ئایدیۆلۆژیا کارێك بکەن کە هەر هەموو دانیشتوان فێری ئەوەبن کە چۆن لە بەیانیاندا ئەوە دووبارە بکەنەوە کە شەوی رابردوو سەرکردەی فەرماندە فەرموی، رۆژنامەکان دەبێت"فەرمودەکانی" پاڵەوانی نەتەوە چاپ بکەن، دوێنێ پاڵەوانی نەتەوە کێی بینی و چی کردو چی گوت. دەبێت خەڵکی فێربن کە ئەو بۆچوونەی هەفتەیەك بەر لەئێستە لەو دیوو گومانەوە بوو، ئۆرسۆدەکسی بوو، ئەمڕۆ دەبێت بەخەتەرناك لەقەڵەمی بدەن. ئایدیۆلۆژیاکان ئەوە دیاریدەکەن کە رەوایە، ئەوەش کە رەوانییە، ئەوەی رەوایە شوێنی باوەڕە، دەبێت یەك سەرچاوە هەبێت بۆ ئۆتۆرەتی، یەك کەسایەتی کەلەو دیوو رەتکردنەوەو گومانەوەیە، هیتلەرو ستالین و ماوتسی تۆنغ لەودیو تەحەداو گومانەوە بوون. ئایدیای ئەوەی کە سەرکردە لێپرسراوبێت و شوێنی لێپرسینەوەی ئەندامەکانی بزوتنەوەکە، ئەم ئایدیایە تەواوپێچەوانەی ئەو لۆژیکەیە کە ئەو بزوتنەوەیەی لەسەر

بـەندە. ئـەوە سـەرکردەیە کـە بڕیـاری هەمووشـت دەدات، کـام دامو دەسـتگا فلانەکاربکاو کام دامو دەستگای دی نەیکا، کێ لێپرسـراو بێت لـەچی. گرنـگ نییـە سـەرکردە نـەخوێندەوارە بـەلام هـەقی ئیلاهـی ئـەوە کـە لەکۆنفرانسـی چـاککردنی زانکۆدا وتار بخوێنێتـەوە، پرۆفیسۆرەکان گوێ لەفەرمایشتە نازانستییەکانی ئـەو بگرن، ئەو خۆیەتی کە دەزانێ زانکۆ دەبێت چۆن بڕوات بەڕێوە، سـەرباز چـی بکـا، پرۆفیسۆر چی بکا، زانا چۆن لەموختەبەردا کاربکا، هـەر هـەموو فەرمایشتەکانیشـی لەرۆژنامەو دۆکومینتە دەوڵەتی و کۆمەلایەتی و ئیدارییەکاندا دەبێت بلاوبکرێنـەوەو بپارێزرێن. تەنیا سەرکردە دەتوانێ بڕیـار لەسـەر ئەوشـتانە بـدا چونکـی تـەنیا ئـەو دەزانێ کەسیستەمەکە چۆن کار دەکات.

کەواتە کلیلی تێگەیشتن لەسروشتی سیستەمی تۆتالیتـاری بریتییـە لەتێگەیشـتن لـە ئایدیۆلۆژیاو چۆنیـەتی کـارکردنی. ئایدیۆلۆژیـا ئیدیعـا دەکـا کـە تێگەیشـتنێکی سەراپاگیری پێیـە لەمـەڕ رابـردووی ئێمـەو شـتەکان ئێسـتاو داهـاتووش . ئـەم تێگەیشـتنەش نـاو دەبرێ بەزانسـتی. هیـچ بوارێـك نامێنێتـەوە بـۆ تـەفسیر کـردن یابیرکردنـەوە لەبەرئـەوەی ئایدیۆلۆژیا لۆژیکییـە. سیسـتەمێکی بیروباوەڕەولەسـەر مەبنای زانستی یەوە دامەزراوە، ئیدی تەفسیر هیچ نییە جگە لـەکاریکی بـێ سـود، ئەمە ئەگەر هەرهەمان شتەکانی ئایدیۆژیا دووبارە بکاتەوە، خۆئەگەر شتێکی تر بلێ ئـەوە هـەر لەبنەرەتـەوە شـوێنی مەترسـی یـە دەبێـت قەدەغـە بکردرێـت، کەواتـە هەبوونی ئایدۆلۆژیا واتە رزگارکردنی تاکەکەس لەلێپرسراوێتی وئـەرکی بیرکردنـەوە . ئەمەش واتـە تەسلیم بوونـی سـەربەخۆیی هۆشـیاری ـ خـود، .تەسلیم بـوون بـە سیستەمێکی داخراو.

بەلام لەبەر ئەوەی جیهان ئـالۆزەو خـەلکی وەك یـەك بیرنـا کەنـەوە لـێرەوە بـۆ پاراستنی ئایدیۆلۆژیا وڕێگەگرتن لەکەوتنی ئادیۆلۆژیاو کۆنترۆل کردنی هەموو کـەس دەبێتە پێویستی یەکی نکۆلی لێنەکراو. تەنیا لە ڕێگەی سـەیتەرەی شمول یەوەیـە کـە جیهانـە خـەیالی یەکـەی ئـایدیۆ لۆژیا دەتوانـێ. هەناسـە بداونەکەوێ هەرئـەم ئارەزووەشە. ئارەزوی کۆنترۆل کردنی جیهان و هەمووتوخمەکان وڕەهەندەکانی ژیان کە زۆرتاییەتە بە تۆتالیتارینزم

ئارنێت نایـەوێت تەنـها پێمان بلـێ کە سیسـتەمی تۆتالیتـاری چـییـە بـەلکو دەشیەوێت پێمان بلێ ژیان لەژێرسایەی سیستەمێکی تۆتالیتاریدا چۆنە .

زۆرگرنگـە کـە لـە یادمـان بێـت کـە پـەیرەویکردن لەئایدیۆلۆژیاییـەك هـەر ئایدیۆلۆژیایەك بێت، ڕەنگەو بگرەتاسـنورێکی زۆر ڕاستە کە ببێتـە مایـەی نـەبونی هەلکردن(تسامح) بەرامبـەر بـە بۆچـوون و جیـهانبینی دیکـە. کـاتێك کۆمەلەخـەلکێك

گەیشتنە ئەو قەناعەتەی کە ئایدیۆلۆژیایەك دەتوانی وەڵامی هەمووپرسیارەکانی بداتەوە. ئیدی ناتوانن هەڵبکەن لەگەل کەسانیدی. لە مەترسناکتر پەیرەوی کردن لە ئایدۆلۆژیا خۆی واتە دەستبەرداربون لەخودێتی هەریەك لەپەیرەوانی ئایدیۆلۆژیا .کەواتە ئەوەنەبونی تەسامح نەبووە کە بووەمایەی گۆلاكو کامپەکانی مەرگ بەڵکو ئارەزووی دەربازبون لە لێپرسراویەتیخودێتیو تاکایەتیو ئارەزووی دڵنیابونی موتلەق. ئایدیۆلۆژیاتەنیا ئەو کاتە گیانی سالم دەردەکا کەئەو کەسانەی دەتوانن حوکمیبەسەردابدەن وبیکەنە مادەی گفت وگۆیعەقلْ. ئەوکەسانە خەفە بکرێن .ئەمەش تەنها لەرێگەی تیرۆرکردنی خەڵکەوە دێت. هەر رژێمێ کەبە خەفە کردنی دەنگینەیاران و دەنگی عەقلْ و گفتوگۆی عەقڵی هەڵبستێ خودبە خود رژێمێکی تۆتالیتاریە. هەرئایدیۆلۆژیایەکیش لە پرنسیپێکدا سیحری تێگەیشتنی هەموو دیاردەکان ببینێتەوە. دەبێتە رێگر لە بەردەم بیرکردنەوەی سەربەخۆدا.

بەندی حەوتەم

پەروەردەی لیبراڵ و زانکۆو ستەمکاری

کەزانیمان ستەمکاری هەمیشە ئەگەرێك بوەو ئەگەرێکە لەژیانی سیاسیو کۆمەڵایەتیو کلتوری جڤاتەکاندا، لەنێو کۆمەڵگاکاندا، ئەو پرسیارە بەناچاری خۆی دەسەپێنێ کە ئێمە ، ئینسانەکان جڤاتەکان چ میکانیزمێك شك دەبەین بۆ رێگرتن لە ستەمکاری یا رزگار بوون لە ستەمکاری؟ فەلسەفە کە گوتمان لە مێژووی خۆیدا بەشێوەی جیاواز جیاواز دەست و پەنجەی لەتەك ستەمکاریدا نەرم کردوە. چ رێگا چارەسەرێك پێشنیار دەکا بۆ دروست کردنی بەربەستێك لەبەردەم ئەم ئەگەرە ترسناکەدا کەستەمکاریە؟ گوتمان ئایدیۆلۆژیا خۆی هەڵگری تۆوی ستەمکاریە، کەواتە هەموو ئەو پەیمانو دروشمو ئایدیاو زاقو بریقەی کە ئایدیۆلۆژیاکان هەڵیان گرتوەو زۆرجار وەك پرۆژەیەك بۆ رزگاربوون لەستەمکاری خۆ دەنوێنن ، هەموو ئەمانە لە باشترین حاڵەتدا کۆمەڵێ درۆو فێڵ و وەهمو ئەفسانەو لە خراپترین حاڵەتیشدا پرۆژەی ستەمکاریەکی تازەن، کەواتە شۆرشو بەرپاکردنی شۆرشو راپەرینو دروشمی رادیکاڵیانەی گۆرانو گۆرانی بنەرەتی کەئایدیۆلۆژیاکانی دروستکراوی مۆدێرنتی پێشنیاریان کردووە لەرابووردوداو ئێستاش وێرای ئەو سیستەمە ستەمکاریانەی کە هەموو ئەو ئایدیۆلۆژیانە (لەوانە کۆمۆنیزم، ناسیۆنالیزم، سۆشیالیزم بەهەموو جۆرەکانیەوەو، لیبرالیزم)، دروستیان کردوە، پێشنیاری دەکەن، بەتەواوی دەبێت لە هاوکێشەکە ئایدیۆلۆژیا بخەینە دەرەوە، لێرەدا دەبێت بگەرێینەوە بۆ فەلسەفەو لە فەلسەفەدا بۆ رێگا چارەیەك بگەرێین، فەلسەفەش پێشنیاری پەروەردەی لیبراڵ دەکا وەك میکانیزمێك، پرۆژەیەك بۆ دروست کردنی بەربەستێك لەبەردەم ستەمکاریدا هەر بۆیەشە لێرەدا ئێمە باس لەپەروەردەی لیبراڵ و زانکۆ دەکەین لە پەیوەندیدا بەستەمکاریەوە.

*   *   *

"مانای تەقلیدی پەروەردەی لیبراڵ لەم بۆچوونەی ئەم نوسەرە مرۆڤ دۆستەی رێنسانس دا ڤێرگێریۆس بەجوانی خۆی بەیاندەکا:

ئێمە ئەو لێکۆڵینەوانە ناو دەبەین بە لیبراڵ کە شایانی ئینسانی

ئازادن، ئەو لێکۆڵینەوانەی کەلە رێگەیانەوە ئێمە دەستمان

بەفەزیلەتو حیکمەت دەگاو پراکتیکی فەزیلەت دەکەین، ئەو

پەروەردەیەی کە مەشق بە ئەوکەسانە دەکاو ئەوانە گەشەپێدەدا

كه خاوەنی بەهرەی بەرزی عەقڵی و جەستەیین ، ئەو نەجیبانەی كەلەپلەو پایەدا وان لەرێزی فەزیلەت خۆیدا "(١).

مانا بنەڕەتیەكەی پەروەردەی لیبراڵ بریتییە لەهەوڵدان بۆ بەیانكردنی سروشتی ئینسان لەهەمە بنەڕەتیو هەمیشەییەكاندا. زیاتر لەمە، پەروەردەی لیبراڵ گریمانكاری ئەوە دەكا كە جەوهەری ئینسان ئەوكاتە دەدرەوشێتەوە كە پەیوەندی ئینسان بەجڤاتی سیاسییەوە political community رۆشنكرایەوە. بەڕای بیریارە كلاسیكیەكان ژیانی ئینسان نوقسانە، كەمو كوڕی دەبێت لەدەرەوەی بوون بەئەندام لەكۆمەڵەیەكی مەدەنیدا،و ژیانی ئینسان ناتوانرێ بەدروستی لەسەر بنەمای تاكە كەسییەوە شایانی تێگەیشتن بێو پڕمانابێت. لێرەوە پەروەردەی لیبراڵ بریتییە لەپەروەردەی مەدەنی. لیۆشتراوس لەوتارێكدا بەناوی "پەروەردەی لیبراڵ چییە" دەڵێ:

"پەروەردەی لیبراڵ پەروەردەیەكە لەكلتووردا یاخود بەرەو كلتوور. بەروبوومی پەروەردەی لیبراڵ بریتییە لەئینسانێكی خاوەن كلتور (cultured). كلتوور لەبنەڕەتدا واتە كشتوكاڵ، كێڵانی زەویو پەروەردەكردنی بەروبووم.. كلتور واتە كێڵان، پەروەردەكردنی عەقڵ، بەتەنگەوەهاتنی عەقڵو گەشەپێدانی عەقڵیش پێویستی بەمامۆستا هەیە"(٢)

شتراوس لەهەمان ووتاردا دەڵێ كە پەروەردەی لیبراڵ پێكهاتووە لەخوێندنەوەو لێكۆڵینەوەی كتێبە مەزنەكان بەدیقەتو بەووریاییەوە، ئەو كتێبە مەزنانەی عەقڵە مەزنەكان بۆیان جێ هێشتووین. بەڕای شتراوس پەروەردەی لیبراڵ لەرۆژگاری ئەمڕۆدا ئەو پەیژەیەیە كە ئێمەپیایدا سەردەكەوین لە پلەی یەكەمەوە كە دیموكراسی جەماوەرە بەرەو پلەكانی سەرەوەی دیموكراسی بەمانا رەسەنەكەی دیموكراسی. كەواتە پەروەردەی لیبراڵ هەوڵو كۆششێكی پێویستە بۆ "دۆزینەوەی ئۆرستۆكراسیەتێك لەنێو ئەم دەریای دیموكراسیەتەی گاراندا". ئاشكرایە كە ئەم بۆچوونەی شتراوس خۆی رەخنەگرتنە لەو شتە عەجیبەی كە پێی دەڵێن "كلتوری جەماوەر یا حەشامات Mass culture". دیارە شتراوس تەنیا بیریارێك نەبوو لەسەدەی بستەمدا كە دژ بەوكارەساتە بوەستێتەوە كە پێی دەڵێن "كلتوری حەشامات". گەر پەروەردەی لیبڕاڵ بریتی بێت لەو پەیژەیەی كە ئێمە سەردەخاتە

سەرەو ە بۆ گەیشتن بەمەزنی، مومتاز بوون، شادبوون بە بەرهەمە گەورەکانی ئینسان، شادبوون بەرۆحانیەتێکی باڵا، ئەو پەیژەیەی سەرمان دەخاتە سەرەوە تاببینین عەقڵ چ شاکارێکی خوڵقاندوەو گفتوگۆ بکەین لەتەك عەقڵە گەورەکاندا، ئەمەش واتە کلتوور بەمانا کلاسیکیو رێنسانسیەکەی، گەر ئەوە پەروەردەی لیبراڵ بێت ئەوا کلتوری جەماوەر یا حەشامات داگرتنەوە یا هێنانە خوارەوەی ئێمەیە لەوبانیژەیەوە بەرەو ژێر زەمینی ساویلکەیی، ژێر زەمینی گەمژەیی، سەردابی غەریزەکان، کەڵکەڵە ئاژەڵیەکان، کلتووری جەماوەر یا حەشامات Masses ئێمە دەکاتەوە بەئاژەڵ. لەو ژێرزەمینەدا کە کلتووری جەماوەری Mass ئێمەی بۆ کێشدەکا مانای کتێبی مەزن مردووە، خوێندنەوەی کتێبی پیرۆزو playboy وەك یەك مانایان هەیە، خوێندنەوەی "ددان پیادانانەکان"ی سانت ئۆگستینو خوێندنەوەی موغامەراتە سێکسیەکانی یاریکەرێك وەك یەکن. پەروەردەی لیبراڵ پەروەردەکردنێکی مەدەنییە بەومانایەی کە ئینسان لەبوونەوەر ێکی خامەوە دەکاتە هاونیشتمانی. لەدایەلۆگی "یاساکان"دا ئەسینایی غەریب دەڵێ ئەوشتەی کە پەروەردەی لیبراڵ لەپەروەردەکردنێکی دی جیادەکاتەوە گەر لەسەر ئاستی باڵا بێت، پەروەردەی دیکە بازاڕییەو نالیبراڵو ناشێ پێی بڵێین پەروەردە، ئەم خاڵەیە: پەروەردەی لیبراڵ بریتییە لەپەروەردەکردن لەمنداڵیەوە بۆ ئاشنابوون بە فەزیڵەت، ئەو شتەی کە کارێك دەکا کەتاك ئارەزوو بکا ببێتە هاونیشتمانیەکی کامڵ، هاونیشتمانیەك کە دەزانێ چۆن فەرمانڕەوایەتی بکا بەعەدلەوەو چۆنیش فەرمانڕەوایەتی بکردرێ"[٣].

پەروەردەکردن لەبواری هاونیشتمانی کۆماریدا Republicanو پەروەردەکردنێك کە تۆوی حەماسەو عیشقو ئیلتزام بۆ بەشداریکردنی مەدەنیو بۆ عەدالەتی سیاسی لەهاونیشتمانیاندا پەروەردە دەکا، پەروەردەکردنێك بەم مانایە جێ هێشتنی مانای پەروەردەی لیبراڵ بەمانا ئەفلاتوونیەکەی نییە، بەڵکو بریتییە لەدڵی ئەوشتەی کە ئەفلاتوون بە پەروەردەی لیبراڵ لەقەڵەمی دەدا. پەروەردەی ئەفلاتوونی رەهەندێکی بالاتری هەیە، ئەم رەهەندە بالایەش لەدوا قۆناغدا رەهەندێکی فەلسەفییە. لەکاتی گفتوگۆکردنیدا لەسەر پەروەردەکردنی فەیلەسوفەکاندا لەکتێبی حەوتەم لەدایەلۆگی کۆماردا، سوکرات پەروەردەکردنی فەلسەفە بە "دیالکتیك" لەقەڵەم دەداو هەر زۆر زوو ئەو خاڵە روون دەکاتەوە کە "دیالکتیك" ناشێ لەرێگای قوتابخانەی گشتییەوە فێربکردرێ.. قوتابخانە دەتوانێ زەوییەکە ئامادەبکا بۆ تاکە کەسەکانو کردنیان بەهاوڕێو لەم رێگەیەوە زەمینە بۆ پەروەردەی فەلسەفی ئامادە دەکا. پەروەردەی لیبراڵ لەجەوهەریدا سەرگەرمی ئەوەیە کەئینسانەکان

بگونجێنێ لەتەك جیهاندا، لەتەك یەكتردا، لەتەك ناكۆكیە ناو خۆییەكانی رۆحی خۆیاندا.

پێویستی بوون بە پەروەردە paideia (پەروەردە بەمانا یۆنانیەكەی) لەئەمڕۆدا زیاتر لەهەركات پێویستیەكە شوێنی نكۆڵی لێكردن نییە، زیاتر لەسەردەمەكانی دیكە. لەدوو وێنە ووردبینەوە، وێنەیەكی گشتی جیهان و وێنەیەكی تایبەتی وڵاتانی ئێمە. سەبارەت بەوێنەی یەكەم كەمەبەستمان باروودۆخی ئەمڕۆی جیهانە، دەبێت بڵێین كە ئەمڕۆ هێزێك، هێزێكی ئابووری و كۆمەڵایەتی پشت ئەستوور بەزانست و تەكنۆلۆژیا، باڵا دەستی پەیداكردوەو نیازی وایە، بەرنامەی درێژخایەنی هەیە كە جیهان بكاتە یەك بازاڕ یەك مەیدانی گەورەو ئینسانەكانیش هەر هەموو بەرەنجدەر (بەمانا هانا ئارێنتیەكەی رەنج). ئەم هێزە كە خۆی لەكۆمپانیا گەورەكاندا دەبینێتەوە لێپرسراو نییە لەهیچ، بەپێچەوانەی ئەو داموو دەستگا مەدەنیانەی دیكە، لەسیستەمە دیموكراسیەكاندا كە شوێنی لێپرسینەوەن گەر هاونیشتمانی هۆشیار حازربێت لەسەریان، ئەم كۆمپانیایانە كەڵكەڵەی تەماع و كۆكردنەوەی سامان لەپێناو ساماندا ئەو مۆتۆڕەیە كە دەیانجوڵێنێ، پشت ئەستوور بەجیهانبینیەك كاردەكەن كە لەلایەك ئەم گۆی زەوییە، سروشت بە stuff شت و مەكی بێ گیان، مادەی خام دەزانن، ئەم گۆی زەوییە هەیە بۆئەوەی توور هەڵبدرێتە ناو پرۆسەی بەرهەمهێنان و بەكارهێنان و ئنجا جارێكی دی بەردەوامی دان بەم سوڕە بۆ ئەبەد بەرئەنجامە فیكری و سیاسی و كۆمەڵایەتی و ئەخلاقیەكانی كە لەم مەبەست و نیازو دیدگای ئەم هێزەوە دەكەونەوە هێندە ترسناكن كە لەتوانای كەسێكدا نییە، توانای باسێكدا نییە، چەند كتێبێكدا نییە كە ئاماژەیان بۆبكا، لەبەرئەوە لێرەدا تەنیا ئەوەندەمان لەسەرە كە بڵێین ئەم هێزە یەكەم شت ئێمە لەهاونیشتمانێتی، هاونیشتمانی بوون دەخاو دەمانكاتە ئیشكەرو رەنجدەرو بەكارهێنەر. بۆ ئەوەی بەردەوامی بەژیان بدەین كە ژیان خۆی دەبێتە رەنجدانێكی رووت، بۆ ئەم مەبەستە پێویستمان بەووزە هەیە واتە دەبێت بخۆین و پێویستیە بایۆلۆژیەكانمان تێربكەین، لێرەوە دەبێت كار بكەین، ئیدی لەم بازنەیەدا بۆ هەمیشە گیردەخۆین و تەنیا ئیزافەیەك هەبێت كە كارێك بكا بەرگەی ئەم سووڕە بگرین ئەو شتەیە كە پێی دەڵێن Entertainment (تسلیه)و تەفریح و حەوانەوە، لێرەوە هونەرو ئەدەب دەبنە تەسلیەو حەوێنەرەوەو ماس میدیاش دەبێتە ئەو بنكەیەی كەفەراهەمی دەكا. لەمە ترسناكتر ئەوەیە كە سیاسەت وەكو هونەری پەروەردەكردنی رۆح و هونەری گفتوگۆو دەمەتەقێی عەقڵی دەبێتە ئینتەرتەیمێنت، حەوێنەرەوە، واتە ئێمە لەئینسان بوون دەكەوین، لەهاونیشتمانی بوون

دەکەوین‌و گۆشەگیردەبین‌و خۆمان دەمێنینەوە بە ریمۆت کۆنترۆڵێکەوە لەبەردەم تەلەفزیۆنێکدا. دەسکەوتە رۆحییە گەورەکانی ئینسان وەکو ئەدەب‌و سیاسەت‌و هونەر دەبنە هۆکاری رابواردن، گفتوگۆکان دەبنە چەند ئامارێك یا دەمەتەقێی ئەو کەسانەی بەپسپۆر نـاو دەبرێن لەسەر شاشەی تەلەفزیۆنەوە کـە لەنێوان کۆمێرشاڵەکاندا باس لەگۆڕە دەستە جەمعییەکان دەکەن، خـودی گۆڕەکان‌و کارەساتەکان ماناکـان لەدەست دەدەن. قسەکردنیش لەسەر چارەنووسی ئینسانەکان دەبێتە ئیشی ئەوکەسانەی کـە لـەودیو پـەردەوە لەئۆتێلەکاندا، لەپاپۆڕەکاندا بەنهێنی وەك مانیجەری کۆمپانیاکان بڕیار دەدەن چی بخۆین، چۆن بیربکەینەوە، چی لەبەربکەین، کامە حەب بەکار بهێنین، کام فیلم ببینین، چ سیستەمێکی سیاسیمان هەبێت، کێ سەرکردەمان بێت‌و چەند بژین‌و چۆن بژین. بەکورتیەکەی ئەم هێزە کەناوی نیو لیبراڵیزمەو جەوهەری مۆدێرنتییە گەرەکیەتی لەسەر ئاستی جیهان کۆیلایەتی کۆمەڵایەتی‌و ستەمکاری نەرم‌و نیان کـە نمونەکەی ئەمریکایە گلۆبالایز بکا، بەجیهانی بکا. لەبەردەم ئەو وێنە گشتییەدا دەڵێین پەروەردەی لیبراڵ ئەمڕۆ تاکە ئەڵتەرناتیڤێکە کـە لێوەی جارێکی دی ئینسانیەتی خۆمان کەشف بکەینەوە، بەکتێبە مەزنەکان کە بەرووبوومی عـەقڵ‌و حیکمەتی رابووردون ئاشنابینەوە، جارێکی دی خۆمان وەك هاونیشتمانی ببینینەوە لەسەر ئاستی ئەو جڤاتەی کە لەناویدا دەژین‌و ئنجا هاونیشتمانیەکی سەر ئەم گۆی زەوییە جارێکی دی ئینتمامان تۆخ بکەینەوە. پەروەردەی لیبراڵ تاکە ئەڵتەرناتیڤێکە دژ بەو شیزۆفرینیا دەستە جەمعییە کە پێی دەڵێن کلتووری حەشامات Mass culture.

هەرچی پەیوەندی بەوێنە تایبەتیەکەوە هەیە دەبێت ئامـاژە بەبارودۆخی ئەو وڵاتانەی لەمەڕ خۆمانەوە بدەین کە لێوانلێون لەقەیران، قـەیرانی سیاسی‌و رۆحی‌و فیکری‌و کۆمەڵایەتی، ئەوکلتورانەی کە گیریان خواردو،و ئیدی بیرکردنەوە بەرهەم ناهێنن‌و ئینسانەکانی نێوە ئەو کلتورانە ئیدی بیرناکەنەوەو هەمووشت لـەژیانیان لەماندوو بونێکی سەدەکان قسەدەکا، ئایدیۆلۆژیاکان فریادرەس نین بەڵکو خەمیری کارەساتەکانن، لێرەوە تاکە ئەڵتەرناتیڤێك بمێنێتەوە بۆمان وەك رزگار کەرێك لەوقەیرانە قوڵانە هیچ نییە جگە لە پەروەردەی لیبراڵ.

ئێمە پێویستمان بەوەیە کە بکرێینەوە لەبەردەم ئەو ئەگەرەدا کە کۆمەڵێ عـەقڵ هەن دەتوانن بەرزببنەوە بۆ ئاستی سەروو زەمەنەکەی خۆیان‌و لەودیو سەدەکانەوە قسەبکەن لەپرۆسەی هەوڵ‌و کۆششی ئینسانیدا بۆ تێگەیشتن لەهەل‌و مـەرجی ئینسان. بەمانایەکی دی یەکەم هەنگاوی پەروەردەی لیبراڵ رەخنەگرتنە لەمێژوویتی (هیستۆریسزم التأریخانیة) کە پێ دادەگرێت لەسەر ئەو پرنسیپەی کە

هـەر بـۆ چونێك، بیرۆكەیــەك، نووســەرێك كتێبێــك، فەلســەفەیەك زادەی شــوێن‌و زەمانێكی دیاریكراوەو ناتوانێ وەڵامگۆی پرسیارو كێشەكانی سەردەم‌و شـوێنەكانی دیكەبێت. بۆخستنەژێر پرسیاری دۆگمای مێژوویێتـی كـە دەیـەوێ ئێمە لـەمیراتێكی دەوڵەمەندی ئینسانی دابڕێ، ئێمە پێویستمان بەخوێندنـەوەی كتێبـە مەزنەكانـەو مەبەستیش لەخوێندنەوەی كتێب‌و عەقڵـە گـەورەكان فەراهـەم كردنـی گفتوگۆیـەكی عەقڵی‌و رۆحانیە لەتەك ئەو میراتە دەوڵەمەندەدا.

* * *

فەلسەفەی پەرەوەردەی لیبراڵ بەسوكرات دەست پێدەكاو ئێمەش لەسوكراتەوە سەرەتای گەشتەكەمان دەست پێدەكەین. لەساڵی 399 ی پێش زاینیـدا سـوكرات دادگایی كراو تاوانباركرا بەوەی كە خودا نەناسەو باوەڕی بەو خودایە نییە كەشـاری ئەسینا باوەڕی پێیەتی‌و ئنجا تاوانباركرا بەوەی كە گەنجەكان فاسد دەكا. دەتوانین سێ خاسیەتی پەروەردەی سوكراتی دیاری بكـەین كـە لەبەرهەمـەكانی ئـەفلاتوون‌و زینۆفۆندا دەیانبینینەوە:

١ـ خاسیەتی یەكـەم بریتییـە لـەپێداگرتن لەسـەر بیركردنـەوەی نـەقدی‌و پتــەوو گونجاو.

٢ـ خاسیەتی دووهـەم بریتییە لەسەیركردنی پەروەردە وەك پرۆسەیەكی بەردەوام كە تێیدا چ مامۆستاو چ قوتابیش هەردووك چاو لەوە دەبڕن كە فێربن، بەپێچەوانەی پەروەردەیەكەوە كە تێیدا مامۆستا بانگە شەی ئەوە دەكا كە هـەموو حەقیقـەتی لا هەیەو قوتابی تەنیا گوێ گرتنی لەسەرە.

٣ـ خاسیەتی سێیەم بریتییـە لەپـەروەردە لـەبواری فەلسـەفەدا بـەو نیـازەی كە فەلسـەفە نـەك كۆمـەكیان بكـا بـۆ چۆنێتـی ژیـان، ژیـانێكی چـاك لەسـەر ئاسـتی تاكەكەس‌و چۆنێتـی بەتەنگەوەهاتنی رۆح، بـەڵكو فەلسـەفە بـەكارە سیاسییەكەی خۆی هەڵبستێ ئەویش رووناكی خستنە سەر ژیانی جڤات.

سوكرات لەدایەلۆگی گۆرگیاسداپرسیار دەكا:
"من سەر بەچ گروپێكم؟ من لەگەڵ ئەوانەدام
كە خۆشحاڵ دەبن رەت بكرێنەوە، منیش خۆشحاڵ دەبم
رەت بكرێمەوە گەر شتێك بڵێم راست نەبێت، خۆشحاڵیش دەبم
كە كەسێك رەت بكەمەوە گەر شتێك بڵێ راست نەبێت
بەڵام لەراستیدا زۆرتر خۆشحاڵ دەبم كە رەتبكرێمەوە
نەك رەت بكەمەوە. من لەو باوەڕەدام
كەچاكەیەكی مەزنە كە لەدەست هەڵەو خراپە رزگار بكردرێی
چاكترە لەوەی كە كەسێكی دی لەو بەڵایە رزگاركەی". [٤]

لەو وێنەیەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ کە قەناعەتێ نییە، بۆچوونێك نییە، مەسەلەیەك نییە کەنەچێتە ژێر پرسیارو رەخنەوەو نەبێتە بابەتی گفتوگۆ، گفتوگۆش گەمەنییەو ئامانجیش لێی بردنەوەی گەمەیەك نییە، گەیشتن بەپلەو پایەیەك نییە بەڵکو گفتوگۆ لەلایەکەوە تۆخکردنەوەی ئینسانی بوونی ئێمەیە بەشێوەیەکی بەردەوام، لەلایەکی دیکەوە بۆزانینی جوانیو راستیو فەزیلەتە. کاتێك کەسێك بانگەشەی مەعریفە بکا سوکرات روبەڕووی ئایرۆنیەکەی (موفارەقە) خۆی دەکاتەوە، ئەو ئایرۆنیەی کە بەو کەسە دەڵێ: من دەبمە قوتابیت تەنیا لەوکاتەدا گەر شتێك بڵێی کە لەبەردەم پرسیارەکانمدا خۆی بۆ رابگیرێ. سوکرات لێرەدا رۆڵی مامۆستا نابینێ بەڵکو رۆڵی قوتابیەکی فەلسەفە دەبینێ کە فەلسەفە لەپرسیارکردندا دەبینێتەوە. لەم پرۆسەیەدا سوکرات خۆشیو هاو دایەلۆگەکانی رادەکێشێتە ناو پرۆسەیەکی درێژخایەنەوە کە پەروەردەی عومرە، ئەم گفتوگۆیانە رۆڵی پەروەردەکردنی خودself-education دەبینن چ بۆ سوکراتو چ بۆ هاو دایەلۆگەکانی سوکرات هەمیشە پێ لەسەر تاقیکردنەوەی بۆ چوونەکانی خۆی دادەگرێو هەوڵیش دەدا کە هاو دایەلۆگەکانی کارێك بکەن کە تاقیکردنەوەی - خۆ بکەنە پرۆژەی خۆیان. لەدایەلۆگی عوزرخواییدا دەخوێنینەوە:

"مەزنترین چاکە بۆ ئینسان بریتییە لەگفتوگۆکردن
لەسەر فەزیلەت هەموو رۆژێ.. چونکی ژیانێکی
تاقی نەکراوە شایانی ژین نییە بۆ ئینسانەکان."(٥)

پرۆژەی سوکرات، پەروەردەی - خۆ و تاقیکردنەوەی - خۆ، پرۆژەی تەمەنی سوکرات بوو، ئەو پرۆژەیەی کە مەبەستەکەی بریتی بوو لەمەعریفەی - خۆ، ئەو پرۆژەیەی کە لەزۆربەی دایەلۆگەکاندا خۆی لەوەدا دەبینێتەوە کە فەیلەسوف هەمیشە پێ لەسەر نەزانینی خۆی دابگرێتەوە. ئەوەی سوکرات دەیزانێ لەباشترین حاڵەتدا راگرتنی مانای نەزانینی خۆیە لەرێگای تاقیکردنەوەی خۆیەوەو راستەوخۆیانە. لەعوزر خوایدا سوکرات باس لەوە دەکا کە چۆن. لەرێگای ئۆراکڵەوە (oracle) (وەحی ئیلاهی) کە بەهاورێکەی گوتراوە گوایا سوکرات لەناو ئینسانەکاندا لەهەمووان زیاتر حەکیم ترە، چۆن ئەمە سوکرات دەخاتە سەر رێگای کەشفکردنی حەقیقەت یا لوغزی ئەم ئۆراکڵە. (٦)

سوکرات دەست دەکاتە گەڕان بۆ پەیداکردنی کەسێ کە حەکیم بێت یا حەکیم تر بێت لەخۆی. ئەو دەست دەکاتە پرسیارکردن لەو کەسایەتیو توێژانەی شاری ئەسینا لەوانە سیاسەتمەدارەکانو شاعیرەکانو خاوەن پیشەکان. لەئەنجامی ئەم گەشتە لەپرسیارو وەڵامدا سوکرات بۆی دەردەکەوێ کە سیاسەتمەدارو شاعیرەکان

جاهیل‌و نەفامن‌و تەنیا ئیدعای مەعریفەیان هەیە نەك خودی مەعریفە. هەرچی پەیوەندی بەخاوەن پیشەكانەوە هەیە ئەوان لە زۆر شت ئاگادارن‌و زۆر شت دەزانن لەوانە پیشەكانی خۆیان بەڵام هەر بەهۆی ئەم زانینە كەمانەوە بەهەڵەدا دەچن‌و وا تەسەور دەكەن كە دەربارەی پرسیارو كێشە گەورەكانیش دەزانن، لەوانە فەزیڵەت، عەدالەت.. هتد. بەڵام ئەمان بێ ئاگان لەوەی كە هیچ دەربارەی شتە مەزنەكان نازانن. لەئەنجامدا سوكرات دەرك بەم حیكمەتە دەكا ئەویش ئەوەی كە سوكرات دەشێ لەهەمووان حەكیم تر بێت بەڵام لەدوو خاڵدا. یەكەم: ئەو دەزانێ كەنازانێ، دوو: حیكمەتی ئینسانی لەبەرانبەر حیكمەتی خودادا بێ بەهایە.

لەشوێنێكی تردا سوكرات دەبینین كە لەتەك سۆفستائیەكاندا دەرگیرە، لەوانە پرتۆگۆراس، گۆرگیاس، هیپیاس، لەگەڵ قوتابیەكانی سۆفستائیەكاندا لەوانە مینۆ، ڤیدرۆس، لەگەڵ ژەنەراڵەكاندا وەكو لاچس، لەگەڵ گەنجەكان وەكو كلینیان لەدایەلۆگی یوسیمیۆس‌و لایس،و ئنجا كەسایەتی ئەلسابایەدیس. پەروەردەی سوكراتی بەپلەی یەكەم لەخستنەڕووی پرسیارێك یا چەند پرسیارێك پێك هاتوە، پرسیارێك كە فەیلەسوف دەیخاتەڕوو بۆ قسە لەسەر كردن. فەیلەسوف لێرەدا ئیدعای ئەوەناكا كە وەڵامەكە دەزانێ یاخود مامۆستای حەقیقەتە، نا، بەڵكو فەیلەسوف وەكو قوتابیەكان یا هاو دایەلۆگەكان دەیەوێ بزانێ، دەیەوێ فێربێ، دەیەوێ بەراستی مەسەلەكە بگا. بەڕای ئێمە دۆكترین یا عەقیدە یا دۆگمای سوكراتی وجودی نییە جگە لە خودی پرسیار، هەر ئەمەشە جەوهەری ناحاڵی بوونەكەی نیچەو هایدگەر ئنجا ئەوانەش كە بۆچوونی ئەمانە دووبارە دەكەنەوە، سەبارەت بەئەفلاتوون‌و سوكرات.

فەیلەسوف ئەو پرسیارانەی كە دەیانخاتە ڕوو بۆ گوێگرەكان‌و هاو دایەلۆگەكانی چاو لەگفتوگۆیەكی دۆستانە دەبڕێ، بەڵام هاودایەلۆگەكان لێپرسراون بەرانبەر بەهەر وەڵامێ كە لەو گفتوگۆ دۆستانەیەدا خۆی بەیاندەكا. ئەم خاڵەی دوایی زۆر گرنگە چونكی لەم سیستەمە پەروەردەییەدا كەسانی بەشداربوو هەست دەكەن كە وەڵامەكانیان موڵكی ئەوانەو هەوڵی ئەوانە بۆ تێگەیشتن لەكێشەی شوێنی پرسیار. بەواتایەكی دی ئەمە پرۆسەیەكی بیركردنەوەیە كە لەیەك كاتدا بیركردنەوەیەكی سەر بەخۆیانەیەو ئنجا پرۆسەیەكیشە زەبت كردن (دیسپلین) لەخۆدەگرێ. لەیادمان بێت كە فەیلەسوف ڕێگە دەدا كە هاودایەلۆگەكان هەست بەلێپرسراوی بكەن لەبەردەم ڕاكانیانداو سەربەستن ڕای خۆیان بخەنە بەردەم، بەڵام ئەمە بەو مانایە نایەت كە فەیلەسوف ڕێگابدا هەمووشتێك بڕوا، هەمووشت شیاو بێت‌و دواجار لەتەك

بیرکردنەوەی ناگونجاو ناتەبادا هەڵ بکا، واتە سوکرات ڕێژەگەرا نییەو هەروەها پۆست مۆدێرنیستیش نییە.

ئەم میتۆدە پەروەردەییەی سوکرات یا ئەوەتا ئەنجامێکی نێگەتیڤ بەدەست دەهێنێ ئەویش ئەو کاتەی کە هاودایەلۆگەکان بەو ئەنجامە دەگەن کە لەشتێك قسەیان کردوە هیچ مەعریفەیەکیان دەربارەی نەبووە، یاخود ئەنجامێکی پۆزەتیڤ ئەویش ئەوکاتەی کە بەبۆچوونێكو ئیلتزامێکی ئەخلاقی نوێ دەگەن کە پێشتر نەیاندەزانی ئەوان هەڵگری بوون. لەهەردوو حاڵەتەکەدا فەیلەسوف جگە لەوەی کە خۆی لەم میتۆدەو لەم گفتوگۆیە فێر دەبێت، هاودایەلۆگەکانیش دەوڵەمەند دەبن بەمەعریفە، ئەمە جگە لەوەی کە کێشەی قسە لەسەرکراو مامەڵەیەکی عەقڵی لەگەڵ دەکرێ، ستانداردێکی مەعریفە دەخرێتە روو لەزۆربەی حاڵەتەکاندا بەرێککەوتنی هەموو لایەك.

میتۆدی سوکراتی ئەوە لە خۆ دەگرێ کە چۆن بیرکردنەوە مەیسەر دەبێت، چۆن بیرکردنەوە گونجاوو بەدوور لەهەرەمەکی بێتو خاوەن جەوهەر، ئەمەش پشت بەوە دەبەستێت کەهەر لەسەرەتاوە بەشدارنی دایەلۆگ دەبێت توانای ئەوەیان هەبێت کە بیربکەنەوە، چونکی کەسێ ناتوانێ کەسێکی دی فێری بیرکردنەوە بکا، کەسێ کەمەهارەتی بیرکردنەوەی سەرەتایی نەبێت هیچ کەسی دی ناتوانێ فێری ئەو مەهارەتەی بکا. مامۆستا (فەیلەسوف) ئەوەی لەسەرە کە قوتابیان فێربکا چۆن بەدروستی بیربکەنەوە چۆن دژایەتیەکانی ناو گوزارەکانیان بناسنەوە. فێربونی بالاّ پشت بەو سەرچاوانە دەبەستێت کە قوتابیان خۆیان هەیانە، لەو سەرچاوانە چەمکە سەرەتاییەکان، توانای پەیوەستکردنو داتاشینی ئەنجامەکانو ئنجا توانای رەتکردنەوەی دژایەتیەکان لەبیرکردنەوەیانداو توانای قبوڵکردنی رەتکردنەوە.

بۆ ئەوەی لەسوکراتەوە فێربیت دەبێت وەك ئەو ئاگرو شەوقی ئارەزووی مەعریفە جێت پێ تەنگ بکا، وەك ئەو دەبێت بەهایەکی زۆر بۆ فێربوون دابنێیت. ژیان لەژێر کاریگەری ئەو ئارەزووەدا بۆ مەعریفە واتە فەیلەسوف بوون عاشقی حیکمەت. فەلسەفە بەمانا قوڵەکەی خۆی حیکمەت نییە بەڵکو عیشقی حیکمەتە، ئەو گەشتەیە، ئەو عەودالّ بوونەیە بە بەدووی حیکمەتدا، فەیلەسوفیش ئەوکەسە نییە کە بەحەقیقەت شادبووە. بەڵکو ئەو کەسەیە کە شەوقی دیداری مەعریفەو حەقیقەت خستویەتیە سەر رێگای بێ کۆتایی بەرەو حەقیقەت. گەر تاکەکان روو لەفەلسەفە بکەن ژیانیان دەگۆڕێ، حیکمەت دەکەنە ئامانجی خۆیان لەشوێنی دەستەلاّتو سامان. ئەم رەهەندەی فەلسەفەی سوکرات بووە شوێنی هەڕەشە لەئایینی تەقلیدیو ئەخلاقی تەقلیدی یۆنان. لێرەوە ئیدی ئاسانە ئەو ناکۆکیەی نێوان

سوکراتو ئەوانەی تاوانباریـان کـردوە لـەدادگادا ببینـین، نـاکۆکی نێـوان سـوکراتو سۆفستائیەکان، ئاسانە ئەوەببینین کـە لـە بنـەڕەتدا ڕێـك نەکـەوتنێك هەیـە لەسـەر بەهای پەروەردەی سوکراتی.

پەروەردەی سوکراتی جـۆرە تەشـویق کردنێکـە بـۆ ڕێگایـەکی نوێـی بیرکردنـەوە لەڕێگای ڕازی نەبوونەوە بە وەڵامی سادەو پێـش وەخـت ئامـادەکراو، ڕازی نـەبوون بەهەر وەڵامێـك کـە کـەمتربێت لەمەعریفـە. پـەروەردەی سـوکراتی چـاو لەوئامانجـە دەبڕێ کە کارێ بکا خەڵکی (دیارە هەموو خەڵك نا) وێڕای ئازارو ئەشـکەنجەی وێـڵ بوون بەدووی حەقیقەتدا چاو لەستانداردێکی باڵابڕن، ستانداردێك کە تەنیا ئەوکاتە شوێنی بەرگە گرتنـە کـە تـۆ بەهایـەکی زۆر بـۆ مەعریفـە دابنێیت لەسـەروو هـەموو شتێکەوە. لێرەوە فەلسـەفە هەڕەشـە لـەوەدەکا کـە ژیـانی خـەڵکی، یـا قوتابیـانی فەلسەفە، لەبنەڕەتەوە بگۆڕێ، گۆڕینی هەموو ئەوشتانەی کـە خـەڵکی دەیانکـەن و حەزیان لێدەکەن، یاخود گۆڕینی دیـدو زەوقو سلوك. عیشـق لـەژیانی فەیلەسـوفدا لەئارەزوویـەکی شەخسـی ئیروتیکـەوە دەگـۆڕێ بـۆ حەماسـەتێك بـۆ مەعریفـە. ڕەوانبێـژی لای سوکرات ئیدی بەهرەیـەك نییـە، بەهرەیـەك بـۆ سـەرگەرمکردنی حەشامات وەك ئەوەی لای سۆفستائیەکان هەیە، بەڵکو وەك لە دایەلۆگی فایدروسدا دەبینین دەبێتە هونەری نووسـین لەتـەك مەعریفـە لـەناو ڕۆحـی ئینسـاندا. ئەمـەش خۆی بەمانایـەك مەسـەلەیەکی سیاسییە، سیاسـەت بەوشـێوەیەی کـە سـوکرات پراکتیکـی دەکـا لەئەنجومـەندا، لەپەڕلـەماندا ڕوونـادا بـەڵکو هـەرکاتێك دووکـەس یەکتریان بینیو پرسیاریان کرد کە چۆن دەتوانین باشترین ژیان بژین ئـا ئەمـە دڵـی سیاسـەتە. لەپـەروەردەی سـوکراتیدا جەغدکردنێك هەیـە لەسـەر پـەیوەندی نێـوان ڕێکخستنی سیاسیو ژیانی عەقڵ، ئەوخاڵەی کە هەمیشە دووبارە دەبێتەوەو شوێنی تەئکیدکردنە سەرە لەهەمووشت زیاتر بریتییـە لەپێویسـت بـوونی هاوسـەنگی ئەمـە تەنیا گوێ گرتن نییە لەفەرمانی دێلفیك Delphic کەدەڵێ "هیچ شتێك بـەزیادەڕۆیی نـا"، "هـەموو شتێك بـەئیعتدال" بـەڵکو بـۆ بەخشـینی هـەر توخمـە بەشـی خـۆی لەبەشداریکردنی ئینسان لەواقیعدا. سوکرات دەرکـی بـەوە کردبوو کە ئـاژاوە هیچ کـات کۆتـایی نایـەت گـەر لایەنـە گـەورەکانی واقیـع پشـت گـوێ بخرێن، ئـارەزووی کورتنـەکراوەی ئینسـان بـۆ چاکـە، ئـازاری گـرژی نێـوان جەسـتەو ڕۆح، ئامـادەیی حەماسەتی سیاسی (سوموتیك thumotic)، ژیانی ئیرۆتیکیانـەی گوتـاری ئینسـانی، بەشداربوونی عەقڵی ئینسانی لەعەقڵی ئیلاهیدا، پەیژەی سەرکەوتن بەرەو چاکە کە ڕۆحـی پرسـیارکەر دروسـتدەکاو ئنجـا حەتمیـەتی داڕزانـی جەوهـەری ڕژێمـە سیاسییەکان. ڕۆحێکی هاوسەنگ بەڕای سوکرات بەردی بناغەی بوونی بەختیارییـە.

چەند فۆڕمێکی ئەم هاوسەنگییە لە دایەلۆگەکاندا دەبینرێتەوە کە لە پەروەردە قسە دەکەن. یەکەم فۆرم بریتی‌یە لەو فۆڕمەی کە لەپەروەردەی کۆندا مەی‌ركـەزی تریـن بـوە ئـەویش داڕشـتنی کاراکتـەرێکی چـاك. لەدایـەلۆگی کۆمـاردا سـوکرات دەگـیری داڕشتنی رۆحێکی هاوسـەنگە. ئـەو گریمانکـاری دروسـتکردنی "شـارێك لـەگوتاردا" "City in a Speech" دەکـا تـاکو هارمۆنیـەك لـەنێوان هـێزە سـەرەکیەکانی رۆحـدا دروستبکا. گفتوگۆی چۆن شار دێتەبوون، چۆن فەرمانڕەواکانی پەروەردە دەکرێـن، چۆن چاکەی هەموان دابین دەکرێت، ئنجا چی روودەدا ئەوکاتەی کە رژێمی سیاسی فاسد دەبێت، هەمو ئەمانە ئەو پرنسـیپە ئەفلاتوونیـە دەسـەلمێنن کـە لۆژیـك بـەبێ درامای فەلسەفەی ناتوانێ بەکاری قانع کردن هەڵبستێ.

پەروەردەی ئەفلاتوونی جەغد لەسەر دووهێزی جەوهەری رۆح دەکـا، حەماسـەت thumos (سومۆس)و ئیرۆس (عەشـق). هەریەکە ئەگـەری ئـەوەی هەیـە کـە ببێتـە مایەی خوڵقـاندنی ئاژاوەیـەکی ئینسـانی، بـەڵام لەهــەمان کـاتدا چ سـومۆس‌و چ ئیرۆسـیش ئـامرازێکن بـۆ بەدەست هێنـانی نـەجیبترین ئـەزموونی ئینسـانی. دوو هاودایەلۆگی سەرەکی ناو "کۆمار" گلاوکۆن‌و سراسیماخۆس وێڵی ئەو چێژە پەیمان پێدراوەن لەلایەن ئـەو ئیدعایەیـەی سۆفستائیەکانەوە کـە گوایا دەتوانن هونـەری فەرمانڕەوایەتی ستەمکاریانە فێربن، بەڵام سـوکرات هـەوڵ دەدا کـە یارمـەتیان بـدا دەستیان بەڕازی بوونێکی باڵاتربگا، رازیکردنی ئارەزووە قوڵەکانیان. سوکرات هەوڵ دەدا کـە تێیـان بگەیـەنێ کـە ئـارەزووی ناوبـانگ‌و پلەوپایـەی مـەزن ئارەزوویـەکی ستەمکارانەیەو چاکـترە بـە کـەناڵێکی دیکـەدا ئـەو ئـارەزووە گوزەربکـا. سـومۆس (حەماسـەت) تـەعبیر لـەخۆی دەکـا وەك ئـارەزووی تۆڵـە، تووڕەبـوون، هــەڵچوونی دەروونی بەڵام لەهەمان کاتدا خۆی وەك حەماسەتێکی وەفادارانە، کرداری دلێرانەی خۆبەختکردن لـەپێناو شـەرەفدا تـەعبیر لـەخۆی دەکـا. لـە دامــەزراندنی "شـارێك لـەگوتاردا" هـاوڕێ گەنجـەکانی سـوکرات فـێری ئـەوەدەبن کـە چۆن ئیـدارەی ئـەم حەماسـەتانە بکـەن، هـەروەها چۆن ئارامیـان بکەنـەوە تـاکو بەسـوودبن لـەبواری فەزیلەتی سیاسیدا. بەبێ داکۆکی کردنی حەماسیانە (سۆمۆسیانە spirited)ی شـار، بێ خۆبـەختکردنی بەشـەرەفانە بـۆ جڤـاتی سیاسـی، شـار دەبێتـە کەڵەکـەبوونێکی غـەریزە بایۆلۆژیـەکان. لەخۆتـەرخانکردنیاندا بـۆ شـارێکی تـەواو عـادل کـە تێیـدا حەماسەتەکان بەکەناڵێکی تردا رۆیشتوون‌و بەحاڵەتی تسامی (باڵابوون) گەیشتوون، ئارەزووە کانیان ئەو کاتـە بـەڕازی بوونێـك، تـێربوونێکی قووڵتردەگـەن. بـەڵام بـەم تێکەڵکردنـەی ئـارەزووی تـاك بـەژیانی مـەدەنی بـەم شـێوەیە، سـوکرات ریسـکی دامەزراندنی رێکخستنێکی سیاسی کرد کەتێیدا داخوازی عەدالەت بەوشێوە تۆخـی‌و

توندییە خۆی داواکردنی قوربانییەکی زۆرەو ئەرکێکی گرانە بەسەر بوونی ئینسانەوە، لەبەرئەوە دەبێت ئەو کەمێك لەو جەغدە زۆرە لەسەر سومۆس کەم بکاتەوە. لێرەدا جارێکی دی ئارەزوو وەخەونی ستەمکارانە جارێکی دی دێنەوە بەردەم تاسەی گەیشتن بەهەموو (کل) بەگشت، تاسەیەکی ترسناکە. تاسەی گەیشتن بەهەموو بریتییە لە ئیرۆس. لەکاتێکدا هاو دایەلۆگەکانی سوکرات هەر هەموو دەزانن کە یەکەم دەرکەوتنی ئەم تاسەیە بریتییە لەسێکس، ئارەزووی سێکسی بەڵام لەلایەن سوکراتەوە بانگ هێشتن دەکرێن کە ئەزموونی ئەو تاسەیە بکەن، واتە ئیرۆس، لەرێگای پرۆسەی لەسەرە خۆی تسامی (بەرەوبالا) کە بەهۆیەوە هەمان تاسە، تاسەی گەیشتن بەکەماڵ ئەمجارە خۆی لەعیشق حیکمەتدا بەیاندەکا. ئەزموونکردنی ئەم پرۆسەی تسامییە گەیشتنە بەرازی بوونێکی قووڵ کە خۆی لەحیکمەتدا دەبینێتەوە، لە پرۆسەیفەلسەفاندندا. دیارە رۆحی فەلسەفی دەبێت جارێکی دی بێتە خوارەوە بۆ ناوشار چونکی لەشاردا دەژیو بەناچاری لەکۆمەڵگای سیاسیدادەژی، لێرەوە دەبێت خۆی لەنێو چوارچێوەی پێویستە سیاسییەکاندا پێناسەبکا. ئیرۆس خۆی لەفۆرمە کۆنکرێتیەکاندا مانیفێست دەکا، ئەو فۆرمانەی کە هاورێکان سەرنجی یەکتری بۆ رادەکێشن. ئەگەری ئیرۆس پشت بەمەشقکردنی سومۆس دەبەستێ، بەڵام رامکردنی سومۆس پشت بەخستنە گەڕی ئیرۆس دەبەستێت. ئیرۆسو سومۆس یەکتر تەواو دەکەن، یەکتر لەئەگەرەکانو سنوورەکانی یەکتر ئاگادار دەکەنەوە.

لەپرۆسەی داتاشینی شێوە سیاسیەکاندا "شارێك لەگوتاردا" سوکرات هەوڵ دەدا کە رۆحی هاو دایەلۆگەکانی پەروەردەبکا. ئەو تۆنو هەستو رێگاو نیشانو هەرەمی رێکخستنی هێزەکانی نێو رۆحی ئەوان دیاری دەکات کاراکتەرێك دروست بێت کە نەزوو لەخۆوە هەڵدەچێو نەترسنۆکیشە، نە کەلە رەقو نە نەرم، لێرەدا حیکمەتی سوکراتی بریتیە لە هاوسەنگی نێوان ئازایەتیو بێ باکیدا، ئیعتدالو تاسەی موتەعالی.

خاڵێکی دیکەی پەروەردەی سوکراتی بریتیە لەپەیداکردنی هارمۆنیەك لەنێوان ماتماتیكو شیعردا کە نموونەکەی لەهونەری دیالکتیکی گوتاردا خۆی دەبینێتەوە. گووتار ئەو شێوەیەیە کەتێیدا ئارەزووە ئینسانیەکانو تاسەکان بە قووڵیو پێکەوە گونجاندن دەگەن. لەزمانی یۆنانیدا گوتارو عەقڵ هەمان ووشەیان بۆ بەکاردێت، لۆگۆس. رەهەندی ئیرۆتیکی گووتار بە بونیادەکانی عەقڵ دەگا، ئەم بەیەك گەیشتنە کارێك دەکا کە دیالکتیك شیاوبێت، لەدیالکتیکشدا تاسەی گەیشتن بەکەماڵ تێردەبێت لەرێگای تێگەیشتنی لەسەرخۆی مەعقولیەتی گەردوندا، گوتاری

دیالکتیکی که ماتماتیك‌و شیعر، عەقڵ‌و ئیرۆس بەیەك دەگەیەنێ، ئەو پەیژەیە کە رۆحی ئینسان دەبەستێتەوە بەڕێکخستنی واقیعەوە، ئەو یەکێتی بوونەی کە باس لەتاسەی ئینسان لەتەك کەماڵی خوداوەند دەکا. گووم بوونی هەر هاوسەنگیەك واتە ئاژاوەی سیاسیو سەرلێشێواوی عەقڵ. نمونەی ئەم ئاژاوە سیاسیو سەرلێشێواوی عەقڵە چاکتر خۆی لە سیستەمە داڕزیوەکانی وەکو دیموکراسی دیماگۆگیو ستەمکاریدا دەبینێتەوە لەو سیستەمە دیموکراسیەدا کە بەو هەلو مەرجە دەناسرێتەوە کەتێیدا هەموو ئارەزوەکان ڕێگایان پێدەدرێ تا تێربن، ئەو هەلو مەرجەی کە تێیدا ئەو ئەنرژییەی (ووزەیەی) لەئەنجامی نەبوونی ئاراستەوە دەبێتە مایەی دروستکردنی ڤاکیوم (بۆشاییەکی) ترسناك، کە هەر زۆر زوو لەلایەن دیماگۆگیەکانەوە پڕدەکرێتەوە کە لەبەرئەنجامدا ڕێکخستنی سیاسی دەبێتە حوکمی مێگەل، لەلایەکی دیکەوە ستەمکاریەکان بەبێ یاساییو بەڕەڵلایی دەناسرێنەوە، جۆرە حوکمێك لەلایەن ئارەزووە شەخسییەکانەوە، فەنتازیای ژیانی ستەمکار باس لەبێ هاوسەنگی دەکا.

لەهەر دوو شێوە داڕزاوەکەی حوکمدا، دیموکراسیو ستەمکاری، ئەفلاتوون لەو باوەڕەدابوو کە فەیلەسوفی ساختەو سۆفستائی وجودیان دەبێت کە هونەری دیالکتیك‌و هونەری موجادەلەی عەقڵی بەخراپی بەکار بهێنن، وەك ئەوەی ئەو دوو هونەرە یاری دەستی ئەوان بن هەمیشە بەڕاستو چەپدا بۆ مەبەستی جیاجیاو پڕ لەدژایەتی بەکاریان دەهێنن، وەك شەکەرۆکە لەززەت لەپەرت پەرت کردنی موجادەلە وەردەگرن بۆ دڵخۆشکردنی مێ گەل.

* * *

بیرۆکەی پەروەردەی لیبراڵ لای ئەرستۆ رەهەندێکی دی کلاسیك نیشان دەدا. ئەرستۆ زیاتر سەرقاڵی پەروەردەی مەدەنییە لەژیانی رۆژانەی سیاسیدا. پێویستی بوونی پەروەردە لەو تێگەیشتنەوە سەرهەڵدەدا کە سەیرکردنێکی قوڵی سروشتی ئینسان پێویستیەکی نکۆڵی لێنەکراوە، ئەمە لەکاتێکدا ریفۆرمی سیاسی ناتوانێ ئەو سەیرکردنە فەراهەم بکا جا بۆ ئەوەی ئەو ریفۆرمە سەرکەوتوو بێت ئەو سەیرکردنە قووڵەی سروشتی ئینسان لەلایەن پەروەردەوە فەراهەم دەکرێت.

لەکتێبی "سیاسەت"دا ئەرستۆ باس لەجیاوازی نێوان دەستوورە سیاسییەکان دەکا، چونکی دەستورێك لەدەستوورێکی دی جیاوازە پەروەردەش کە ئەو دەستوورانە لەزەیندا (زهندا) دەچەسپێنێ لەدەستوورێکەوە بۆ دەستوورێکی دی دەگۆڕێ. هەروەك چۆن باشترین دەستوور بەرجەستەبووی باشترین بۆچوونێکە

دەربارەی فەزیلّەتو بەختەوەری، ئاوهاش باشترین پەروەردە دەبێت لەسەر سروشتی ئینسانەوە بێت، بەلەبەرچاوگرتنی پێویستیەکانی، تواناکانیو ئنجا سنوورەکانی سروشتی ئینسانەوە. بەڕای ئەرستۆ ئینسانەکان، لەپالّ سیاسی بوونیاندا، بوونەوەری سایکۆفیزیکین کە ڕۆحیان لێپرسراوە لەژیانو وەزیفەی کاراکتەریان. ئەم ڕۆحانە پێك هاتوون لەبەشی عەقلّی ـ کە ناوکی حیکمەتی پراکتیکییە Phronesis و عەقلّ nous و بەشی نا ـ عەقلّی کە پێك هاتووە لەئارەزوو سۆز، ئەم بەشەبێ بەری نییە لەکاریگەری عەقلّ. لێرەوە پەروەردەی ئەرستۆیی لەسێ بەش پێك دێ، مەشقکردنی جەستە (جمناستیك)، ڕاهێنانی ئارەزوو و سۆزەکان (ethismos)و هەروەها پەروەردەکردن لەڕێگای عەقلّەوە بۆ بەشە عەقلانیەکە. ئامانجی هەرهەموو بەشەکانیش بەرهەمهێنانی کەسێکی کۆو عەقلانییە، کەسێك کە ڕۆحی بەجۆرێك خاوەنی هارمۆنیاو هاوسەنگییە کەدەتوانێ بەختەوەریی حەقیقی بناسێتەوەو عەودالّی بێت. چۆن؟

کردارێك یا چالاکیەك کە تەعبیر لەحیکمەتی عەمەلی دەکا بریتییە لەبەرئەنجامی بڕیارێك کە خۆی ئارەزوویەکە لەسەر ڕاوێژو خۆزگەوە بیناکراوە، خۆزگە ئارەزوویەکی عەقلّییە بۆ گەیشتن بە بەختەوەری یاخود ئەوشتەی کە بکەر وێنای دەکا وەك بەختەوەری (7) گەر ئارەزووەکانمان بەگشتی گونجاو بن لەگەلّ خۆزگەکانمان ئەوا ئێمە حالّەتێکمان هەیە کە دەشێ پێی بلّێین دان بەخۆداگرتن temperance ، گەر ئەم دووانە لەتەك یەکتر نەگونجێن یا حالّەتێکمان دەبێت کە دەشێ پێی بلّێین ئیرادەی لاواز (ئەو کاتەی ئارەزوو دەستەلات بەسەرخۆزگەدا پەیدا دەکا)، یاخود حالّەتی قانیع بوون (واتە خۆزگە بەسەر ئارەزوودا دەستەلات پەیدادەکا)، لەهەردوو حالّەتەکەدا ئێمە ئەزموونی ناکۆکیەکی پڕ لەئازاری ناوخۆیی دەکەین لەجیاتی هارمۆنیەکی ناوخۆیی. ئێستا فەزیلّەتی کاراکتەر بەتەنگ ئارەزووەکانەوە دێ بەلام لەهەمان کاتدا بەتەنگ هەستەکانیشەوە دێ، "فەزیلّەت بریتییە لەهەستکردن بەشتێکی دروست لەکاتێکی دروستدا دەربارەی شتێکی دروست، هەستکردن بۆ خەلّکێکی دروست بەنیازی ئامانجێکی دروستو بەڕێگایەکی دروست" (8). بابپرسین "دروست" لەم ڕەوتەدا مانای چی؟

لەبەرئەوەی هەلّچونو داچوونە دەرونیەکان ڕاو بۆچوون لەخۆدەگرن کەواتە لەڕووی بوون بەهێزەوە عەقلّینو شایانی پەروەردەکردن. کەسی ترسنۆك دەشێ لەڕێگای فێربوونەوە لەترسنۆکی ڕزگار بکردرێت، کاتێك تێگەیەنرا کەئەو شتەی ئەو لێی دەترسێ هیچ هەڕەشەیەك بۆسەر ئەو دروست ناکا، بەلام هەلّچوونو داچوونە دەروونیەکان لەلایەکی دیکەوە ئارەزوەکان لەخۆدەگرن، ئەمانەش بەئاسانی

ناگۆڕێن لەلایەن ئامرازی عەقڵیەوە، رەنگە ئەزموون و کاتمان بویَ بۆ هێنانەدی ئەو گۆڕانە. لەبەرئەوە بەڕای ئەرستۆ بۆ بەدەست هێنانی فەزیلەت پێویستمان بەڕاهێنان habituation هەیە، بەخووگرتنەوە هەیە. خووەکانی ئێمە لەئارەزووکردن و هەستکردندا تاڕادەیەکی زۆر چۆنێتی ئەوەی ئێمە چۆن کردار دەنوێنین دیاری دەکەن. لەمەزیاتر، هەر ئەو خووە ئامانجی کردارو وێناکردنی ئێمە بۆ بەختەوەری دیاری دەکەن. کەواتە ئامانجی پەروەردەی ئەرستۆیی لەپەروەردەکردنی هەڵچوون و داچوونە دەروونییەکان و ئارەزووەکاندا بریتییە لەبەرهەمهێنانی هاونیشتمانی، هاونیشتمانییەك کە کردار بەرمەبنای یاساو رێزگرتن لەیاسا بۆی دەبێتە سروشتی دووهەم، کەواتە مەسەلەیەکی لەڕادەبەدەر گرنگە کە ئێمە لەگەڵ خووی چاکدا گەورەببین، ئەرستۆ لەم روەوە دەڵێت "گەر بمانەوێت بەشێوەیەکی دروست قوتابی ئەوشتە بین کەچاکە، کە عادلەو قوتابی پرسیارە سیاسییەکان بەشێوەیەکی گشتی" ئەوا دەبێت خوو بەشتی چاکەوە بگرین. بەڵام خووی چاك هەرچەندە پێویستن، لەگەڵ ئەمەشدا بەتەنیا کافی نین، بەڵکو پێویستە ئێمە لەڕووی ئەخلاق و سیاسییەوە پەروەردەبکرێن، هەر ئەم پەروەردەکردنەیە کە ئێمە دەکاتە "قوتابییەکی دروست" ئەخلاق و سیاسەت جەستەکانی مەعریفەی عەمەلین، ئەخلاق کارێك دەکا کە ئێمە بەدروستی نیشانە بپێکین لەکردارەکانماندا و بەبەختەوەرییەکی رەسەن بگەین ئەمەش لەرێگای فەراهەمکردنی مەعریفەی ئەوشتەی کەهەیە. سیاسەت ئێمە دەوڵەمەند دەکا بەمەعریفەیەك کە پێویستە بۆ دارشتنی دەستوور، دەستورێك کە ئەو بەختەوەرییەی تێیدا دێتەدی.

لەکتێبی حەوتەم و هەشتەمی "سیاسەت"دا ئەرستۆ رای خۆیمان لەمەڕ باشترین رژێمەوە پێ دەڵێ: سیاسەتێ کە بەچاکی کارێك دەکا خەڵکی ئەگەرەکانی بوونیان، ژیانیان جێ بەجێ بکەن، ئەگەری فەزیلەت. ئەم حاڵەتە کۆمەڵێ مەرجی ئابووری و جوگرافی دەخوازێ، بەڵام رۆحی ئەو رژێمە سیستەمێکی پەروەردەی درێژخایەنە کە تێیدا فەزیلەتەکان جێی خۆیان دەگرن دوای گەشەکردنی هەستی لێپرسراوێتی و پەرەپێدانی توانای حوکم کردنی خۆ لەلایەن هاونیشتمانیانەوە. لێرەدا پەروەردە تەنیا ئامادەکردنێك نییە بۆژیان، و تەنیا بۆ گەنجەکانیش نییە، بەڵکو چالاکی سەرەکی ژیانە. پەروەردەی لیبراڵ ناشیَ و نابێت کورت بکرێتەوە بۆ مەهارەتەکانی وەکو پزیشکی، ئەندازیاری، یا کشتوکاڵ یا تەکنۆلۆژیا، بەڵکو پەروەردەی لیبراڵ ئەوشتەیە کە ئینسان دەکاتە ئینسانێکی ئازاد. لای ئەرستۆ ئازادی برتیی نییە لەهەواو هەوەسێك، بەڵکو پەروەردەی لیبراڵ لەئێمەدا ئەو فەزیلەتانە گەشە پێدەدا وەکو لیبراڵ بوون، بەمانای هەڵکردن (تسامح) و ددان بەخۆداگرتن، و ئیعتدال و ئنجا

ئازایەتی، ئەمانەش بەدەوری خۆیان ئازادمان دەکەن لەدەست هەڵچوون و هەواو هەوەسەکان کە گەر بێت و لێیان بگەڕێین ئەوا بەرەو ئاستی ئاژەڵ ڕاپێچمان دەکەن. کەواتە پەروەردەی لیبراڵ کارێك دەکا کە ئێمە بتوانین دوای پەروەردەکردنی توانای ڕاوێژکردنی خۆ ئیختیارەکانمان بەچاکی هەڵبژێرین، جێبەجێکردنی بڕیار لەمەڕ مەسەلە گرنگەکانی وەکو عەدالەت و ناعەدالەتی، جوامێری و ناجوامێری، ئینسان بوون یا ئاژەڵ بوون. هەبوونی گوتاری عەقڵانی دەربارەی ئەو مەسەلانە ئەو قەناعەتەی ئەرستۆیە کە دەڵێ" ئینسان بەسروشت ئاژەڵێکی سیاسیە . ئێمە ئەوکاتە بەفەزیلەت دەگەین کە توانیمان لەسەر ئەڵتەرناتیڤەکان گفتوگۆمان کرد، پرسیارمان کرد باشترین حکومەت کامەیە، چۆن لێپرسراوبین بەرامبەر بەخۆمان و ئەوجڤاتەی کەتێیدا دەژین، ژیانی چاك کامەیە..هتد.

ئەرستۆ جیاوازی دەخاتە نێوان ئیش و حەوانەوەو کاتی ئازاد leisure. ئیشی جیدیە بەڵام پڕ لەئازارە، ئەوشتەیە کە دەبێت بیکەین بۆ ئەوەی زیندوو بمێنینەوە حەوانەوە بۆ ئامانجێکی دی هەن کە لەخۆیان بەرزترە، ئەرستۆ ئەم ئامانجە ناودەبا بەکاتی ئازاد کە لەیۆنانیدا ووشەی skole تەعبیری لێدەکا، ووشە ئینگلیزییەکانی وەکو سکوڵ school. سکۆلەر شیپ scholarship لەوشەی skole (سکۆل) (کاتی ئازاد)ی یۆنانیەوە وەرگیراون. کەواتە پەروەردە بریتییە لەکاتی ئازاد بەپلەی ئیمتیاز par excellenle .

بەڕای ئەرستۆ ڕێگای جیاواز هەن بۆ گەیشتن بەحقیقەتێ کە لەدەوڵەمەندکردنی شارو یەکێتی شاردا ڕۆڵی جەوهەری دەبینێ. پەروەردە دەبێت بریتی بێت لەکرانەوەو ئیلتزامی مەدەنی، گەشتێك لە بەشەوە بەرەو گەردوونی (Universal)و ئینجا گەڕانەوە بۆ بەش. کەواتە پەروەردە ناشێ نیشتمانپەروەری بخاتە ژێر پرسیارەوە، و لە هەمان کاتیشدا نابێت تەشویقی خۆبەستنەوەیەکی بەربەریانەو لاعەقلانی بکا بە جیهانە بچووکەکەی کەسەکانەوە وەکو ئەوەی ناسیۆنالیزمی مۆدێرن دەیکا. بوونی ئێمە بەستراوەتەوە بەو جڤاتەوە کە تێیدا دەژین، نە داخستنی ئەو جڤاتەو نەخۆبەستنەوە بەو جڤاتەوە بەشێوەیەکی دەمارگیریانە ئێمە دەکاتە هاونیشتمانیەکی چاك و نەڕاکردن لەو جڤاتە کە واقیعی و کۆنکرێتیە بەرەو جڤاتێکی خەیاڵی کە پێی دەگوترێت جڤاتی جیهانی واتە بوون بە هاونیشتمانی جیهانی. ئەو شتەی بەدەستی دەهێنین و تاقیکردنەوەی ژیان و گەیشتن بە جەوهەری ئینسانی بەپلەی یەك لەڕێگای بوونە ئەندامی جڤاتێکی سیاسیەوە دەبێت کە خۆمانی تێیدا دەبینینەوە. ئەو شتەی کە ئەمڕۆ چەپەکان و لیبراڵەکان و

میدیای بەناوی هاونیشتمانێتی جیهانی Global Citizenship قسەی لێدەکەن هەرگیز ناتوانێ شوێنی ئەو جڤاتە کۆنکرێتیو حەقیقیـیە بگرێتەوە کە ئێمە تێیدا گەورە بووینو خۆمانی تێیدا دەبینینەوە، مانای عەدالەتو بەختەوەریو ژیانی چاك تەنیا لەسەر ئاستی ئەو جڤاتە مانایان هەیە.

* * *

تا ئێرە باسمان لە بۆچوونی کلاسیك کرد دەربارەی پەروەردەی لیبرالْ بەتایبەت دیدی سوکراتیو ئەفلاتونیو ئەرستۆیی. ئەم گەشتە گەشتێکی ناکاملْ دەبێت بیٚقسەکردن لەسەر بۆچوونی سانت ئۆگستینو تۆماس ئەکوانیەسو فارابیو ئیبن سیناو مەیمۆنەدیس. بەڵام لێرەدا قسەکردن لەسەر بۆچوونی ئەو فەیلەسوفو سیۆلۆجیانە هەڵدەگرین بۆ بۆنەیە کیدی، لەجیاتی ئەوە لە کلاسیکەوە بازێك دەدەین بۆ دنیای مۆدێرنو چەند سەرنجێك تەنیا لەسەر دیکارتو ڤیکۆرو رۆسۆ دەدەین. تەواوکردنی ئەم باسە قسەکردنە لەسەر هۆبز، سپینوزا، لۆك، کانت، رۆمانتیکیەکان، هیگلْ، نیچەو هایدگەر کەبابەتی پرۆژەیەکی دیکەن.

لەنێو بیریارە مۆدێرنەکاندا، دیکارتو ڤیکۆ بۆ ئەم باسەمان گرنگییەکی تایبەتیان هەیە چونکی لە بۆچوونەکانیاندا ئەو شتەی کە ئەفلاتوونو ئەرستۆ پێیان گووتین کە شوێنی مەترسییە، توندڕەوی، لە نووسینەکانی ئەماندا بەڕەوا لەقەڵەم دراوە، لەگەلْ بوونی جیاوازیشدا لەنێوان ئەم دوو فەیلەسوفەدا، ئەو هاوسەنگیەی کە بیریارە کلاسیکەکاني قسەیان لێدەکرد، هاوسەنگی نێوان ماتماتیكو شیعر، لای ئەمان ئەو هاوسەنگییە هەڵوەشاوەتەوە سەرەتا با سەرنجێکی دیکارت بدەین.

هەنگاوی یەکەمی فەلسەفەی دیکارت بە جەغدکردنە سەر خود (زات) دەست پێدەکا ئەمەش لەو کتێبە سەرەتاییەدا کە بەناوی "یاساکانی ئاراستەکردنی عەقلْ لە Rules for the Direction of the mind وەیە دەست پێدەکا. جەغدی سەرەکی ئەم کتێبە وا لەسەر گەشەکردنی پرۆسەی لێکۆڵینەوە کە بەڕای ئەو دەبێتە مایەی بەدەستهێنانی مەعریفەیەکی رەسەن. یاسای سێهەم بریتییە لە:

ئێمە دەبێت نووسینەکانی نووسەرە کۆنەکان
(کلاسیکەکان) بخوێنینەوە چونکی سوودێکی زۆر
دەبینین گەر بتوانین لە بەروبوومی کۆمەڵێ ئینسان
بخۆیین. دەبێت ئەمە بکەین لەپێناو فێربوونی ئەو
راستیە کەمانەی کە کەشف کراونو زانینی ئەو
خاڵانەی کە ماونەتەوە کاریان لەسەر بکردرێت لە
بوارە جیاجیاکاندا. بەڵام لە هەمان کاتدا مەترسییەك

هەیە ئەویش ئەوەی کە گەر بێتوو ئێمە زۆر لە نزیکەوە لەو بەرهەمانە بکۆڵینەوە رەنگە ئەو هەڵانەی کە لەو بەرهەمانەدان دزە بکەنە ناومانەو بێویستو ئیرادەی خۆمان.."(٩).

"بەتەنگەوە هاتنی ئەو بابەتانەی کە پێشنیارکراون بۆ لێکۆڵینەوە، ئێمە دەبێت لەو شتە بتوێژینەوە کە بە ئاشکراییو بەبەڵگەوە دەتوانین بیبینینو لێی دڵنیابین، نەك ئەوەی کە خەڵکی چۆن بیریان لێکردۆتەوە، مەعریفە لە هیچ رێگایەکی دیکەوە بەدەست نایەت.

ئنجا دیکارت دەڵێت ئێمە دەبێت تەنیا پشت بە دوو شت ببەستین حەدس (حدس intuition)و ئیستدلال deduction، دەربارەی حەدسیش دەڵێ:

"مەبەستم لە حەدس شەپۆلەکانی هەستەکان نییە یاخود حوکمی هەڵخەڵەتێنەرانەی خەیاڵ، بەڵکو وێناکردنێکی ئاشکراو بەئاگای عەقڵە کە ئاسانو جیاوازە تا ئەو رادەیەی کە گومانێك ناهێڵێتەوە کە ئێمە بەراستی تێدەگەین. کەواتە حەدس بریتییە لە وێناکردنێکی بەدوور لە گومانی عەقڵێکی ئاشکراو بەئاگا، کە بەتەنیا لەڕووناکی عەقڵەوە دێت"(١٠).

حەدس لای دیکارت بە ئیستدلال تەواو دەکرێت، مەبەستیش لە ئیستدلال ئەمەیە: ئاماژەکردن بە شتێك بە ناچاری لەرێگای گوزارەکانیترەوە کە ئەوە زانراوە بەدوورن لە گومان. بەو شێوەیەی دیکارت دەیانبینێ حەدسو ئیستدلال ریشەکانیان وا لە ئەزموونەکانی تاکە کەسدا. لای دیکارت مەعریفە لەنێو کتێبەکاندا نییە یاخود لە ئۆتۆرەتیدا (دەسەڵاتدا)، بەڵکو بۆ ئەوەی تاکە کەس بە مەعریفەی رەسەن بگا ئەو دەبێت بە فعلی ئەزموونی هەبێت، ئەو ئەزموونەی کە بریتییە لە گەیشتن بە حەقیقەت لەرێگای حەدسەوە، حەقیقەتی گوزارە یاخود دروستی ئاماژدەکردن بۆ گوزارەیەك لەرێگای گوزارەیەکی دیکەوە. بەم شێوەیە فێربوون بریتی نییە لە نەقڵکردنێکی پاسیڤانەی ئەو شتەی کە مامۆستا یا کتێبێك دەیڵێ. قوتابییەك کە خۆی ئەزموونی نییە مەعریفەشی نییە. دیکارت لە هەمان سەرچاوەدا دەڵێت:

"هەروەها گەر هەموو موجادەلەکانی arguments

ئەفلاتوون و ئەرستۆشمان خوێندبێتەوە بەهیچ شێوەیەك

نابینە فەیلەسوف گەر نەتوانین حوکمی دروست بدەین

لەسەر ئەو بابەتانەی کە قسەیان لەسەر دەکەین،

چونکی لەو حاڵەتەدا ئەوەی کە فێری بووین وا

دەردەکەوێ زانست نەبێ بەڵکو مێژوو بێت"(١١).

کەواتە پەروەردە نابێت بریتی بێت لە نەقڵ کردنی زانیاری یا دۆکترین (عەقیدە) یا دۆگما بەڵکو پەروەردەکردنی عەقڵ ئامانجەکەیە.

لە کتێبەکەیدا "گووتار دەربارەی میتۆد" دیکارت چەند پرنسیپێك دیاریدەکا بۆ مەعریفەی دڵنیا لەسەر مۆدێلی ماتماتیکەوە، ماتماتیك وەك باڵاترین شێوەی رەهای عەقڵ. دیکارت ئەوە روون دەکاتەوە کە ناڕەحەتیەکانی ژیانی ئینسان لە جیاوازی راوبۆچوونی ئینسانییەوە سەرهەڵدەدەن. جیاوازیەکان سەر هەڵدەدەن نەك لەبەر ئەنجامی ئەو جیاوازییە حەتمیانەی وێناکردنی واقعێکی ئاڵۆز، بەڵکو بەپێچەوانەوە لای دیکارت واقیع زۆر سادەیەو بەهرەکانی ئینسانەکانیش یەکسان. کێشەکە خۆی لە ترادسیۆنی عەقڵیدا کە ئێستا هەیە مەلاس داوە. دیکارت لەو باوەڕەدایە کە میتۆدی دیکارتی چارەسەرەکەیە چونکی پەیمانی ئەوە دەدا کە میتۆدێکی گەردوونییەو سەرچاوەیەکی بنەبڕە بۆ داڕشتنەوەی هەموو مەعریفەی ئینسانی. دوو هەنگاوی بنەبڕ (حەدی) لەم میتۆدەدا بەرچاو دەکەون؛ هەنگاوی یەکەم بریتییە لە گومانی سیستماتیکی، گومان کردن لە شەهادەتی هەستەکان و هەستی هاوبەش وەك بناغەیەك بۆ ئەو شتەی کە شایانی دەرك کردنە، شتەکان بەو شێوەیەی کە ئێستا لە جیهاندا هەن ئیدی دەبنە شوێنی گومان و ماسکەکانیان لەرێگای ئەم گومانەوە دەکەون و رۆح ئیدی ناتوانێ بڕوا بە دەرکەوتنەکانی جیهان بکاو ئیدی جیهان ئەو شتە نییە کە هەناسەی خوداوەند ئینعکاسی بکاتەوە. هەنگاوی دووهەمی میتۆدی دیکارتی بریتییە لە بوونی میتۆد وەك ئامرازێکی نەقدی بۆ سەرلەنوێ دروست کردنەوەی جیهان. لەژێر فەرمانەکانی میتۆدی دیکارتیدا داوپێنگی حەقیقەت کورت دەبێتەوە بۆ ئەو پرۆسە عەقڵیەی کە شێوە بە واقعی جیهان دەبەخشێ، لێرەدا ئۆپەراسیۆنی Operation لۆژیکی شوێنی واقیعی دەرروونی دەگرێتەوە. پێکهاتەی جەستەو رۆح کە لە قۆناغی کلاسیك و سەدەکانی ناوەڕاستدا

مایەی بەخشینی گرژیو سنوورەکانی بوونی ئینسان یا ئینسان بوون بوو، سەرچاوەی مەعریفە بوو، لێرەدا لەلایەن عەقڵێکی سەربەخۆوە سەرکوت دەکرێ، دیکارت پێشنیاری میتۆدێك دەکات کەئاڵۆزی تێیدا سەرەتا هەڵدەوەشێنرێتەوە بۆ بەشە سادەکانیو ئنجا ئەم بەشانە جارێکیدی پێکەوە گرێدەدرێنەوە. ئەم پرۆسەی هەڵوەشاندنەوە ـ دروست کردنەوەیە لەسەر ئەو گریمانکارییەوە کار دەکا کە ئاڵۆزی بە سروشت شوێنی سەرلێشێواوییەو رێگرە، ئەو گریمانکاریەی کە دەڵێ چاودێریکەر Observer دەتوانێ تەنیا راستەو خۆو یەکسەر ئەو شتە دەرك پێبکا کە ئاشکرایەو ئەو شتەش تەنیا لە بەشە سادەکانیدا شایانی دەرك پێکردنە. ئیدی بەم شێوەیە دیاردەکانی جیهان ئاڵۆزنینو هیچ پرپیش نین لە ناکۆکی چونکی ئەوە ئێمەین کە هەڵمانوەشاندونەتەوەو دامان رشتوونەتەوە، ئەمەش ئەو پرنسیپە دەسەلمێنێ کە دەڵێ تەنیا ئێمە دەتوانین ئەو شتە بزانین کە خۆمان دروستمان کردوە. لێرەدا ئاشکرایی، سادەیی شوێنی ئەو وێناکردنە دەگرێتەوە کە دەڵێ واقیع فرە رەهەندەو پڕ لە موعەمایە، پڕ لە نهێنی. دوا هەنگاوی پرۆژەی دیکارت بریتییە لە تەئکیدکردنە سەر باڵادەستی مەعریفەی ماتماتیکی، بەتایبەت ئەندازەی شیکاری، وەك مۆدێلێکی شوێنی باوەڕ بۆ دروستکردنەوەی جیهان.

با بپرسین میتۆدی دیکارتی بەرەورووی چ ئامانجێك ئاڕاستەکراوە؟ لە بەشی شەشەمی "گووتار دەربارەی میتۆد" دەخوێنینەوە:

> **" لە رێگای ئەم فەلسەفەیەوە دەتوانین دەسەڵاتو کرداری ئاگرو ئاوو هەوا بزانین، ئەستێرەکانی ئاسمانو هەموو ئەو مەبەستانەی کە لە ژینگەکاندا هەن، زانینێکی دیارو ئاشکرا هەروەك چۆن هونەرو بەهرەی خاوەن پیشەکانمان دەزانین، ئنجا دەتوانین ئەم مەعریفەیە بەکار بهێنین بۆ ئەو مەبەستانەی کە گونجاون، بەم شێوەیە خۆمان دەکەینە سەروەری سروشت"(١٢) (جەغدکرنە کە کاری ئێمەیە نەك دیکارت)**

کۆنترۆڵکردنی سروشت، ئینسانیو نائینسانی کە جەوهەری مۆدێرنێتییە بریتییە لە وەڵامێکی پڕ لە دڵنیایی بۆ قەلەقیە رۆحیو عەقڵیەکانی رابووردوو. کاتێك کە دیکارت دەڵێ "حەقیقەتی فەرەزیە hypothesis لەرێگای واقعیبوونی ئەنجامەکانەوە

دەسەلمێنرێ" ئەو لە راستیدا دەرگا دەخاتە سەر پشت بۆ سەروەریکردنو بەکارهێنانی سیستماتیکی جیهان بەنیازی هێنانی بۆ ژێر رکێفی یاساداڕشتنی لۆژیکی، بۆ ژێر رکێفی لۆژیك، کورتکردنەوەی فرە رەهەندی جیهان بۆ یەك رەهەندی، رەهەندێك کە دەتوانین بیناسینەوەو بیزانین لەرێگای لۆژیکەوە.

ئەم بە ماتماتیك کردنەی جیهان کە فەلسەفەی دیکارتو جەوهەری مۆدێرنێتییە، لەلایەن ڤیکۆ رەتدەکرێتەوە بەتایبەت لە کتێبی "لێکۆڵینەوە میتۆدیەکانی سەردەمی ئێمە"داو ئەمە رەهەندی شیعرگەرایی، جوانتاسی زیاتر تۆخ دەکاتەوە. ڤیکۆ وێڕای ئەوەی کە ددان بەوەدادەنێ کە میتۆدی ئەندازیاری لە داهێنانی شتەکاندا رۆڵی خۆی هەیە، بەڵام بەڕای ئەو ئەو میتۆدە دیکارتییە شکستی هێنا لەوەی کە دەربارەی ئینسان وەك گشتێك قسە بکا، هەروەك چۆن مۆسیقایەك لەسەر هاوکێشەی ماتماتیکییەوە دارێژرابێ هیچ چێژێك نابەخشێ، ئاوهاش ئەو میتۆدە لەمەڕ رەهەندەکانی ئینسانەوە بێتامە. میتۆدی لێکۆڵینەوەی ڤیکۆیی بەپلەی یەك گرنگی بەو گووتارە دەدا کە پێی دەڵێت eloquence رەوانبێژی. رەوانبێژی ڤیکۆیی بەپێچەوانەی رەوانبێژی کلاسیکەوە کە هەوڵ دەدا هارمۆنیەك لەنێوان رۆحی تاکەکەسو بووندا دروست بکا، روانبێژی ڤیکۆیی بە قووڵی تەعبیرکردنێکی ویژدانیی توانای خەیاڵە لە رەنگ پێدانەوەی هەستی یەکێتی بوون لەرێگای سۆزیبوونەوە.

دژ بە حەدی بوونو بنەبڕی ماتماتیکی دیکارتی، ڤیکۆ ئاشکراییو رەوانی شیعر پێشنیار دەکا. شیعر رێگایەکی کورتە بەرەو ئایدیای سیاسەتی سیرەپیوتیکی (چارەسەریی)، گرێدانی گەڕان بەدوای تەحقیق کردنی زاتدا لەگەڵ پرۆگرامی رزگاربوون لە ناڕەحەتیەکانی هەلو مەرجی ئینسان بوون. هەوڵی ڤیکۆ بۆ رزگارکردنی تاسەی یەکێتی بوون لەدەست بونیاد، رزگارکردنی خەیاڵ لەدەست گووتار، شیعر لەدەست ماتماتیك، ئەم هەوڵە وەرچەرخاندنێکی مۆدێرنە بەرەو تاسەیەکی رادیکاڵ بەرەو رزگاری لە عەقڵانیەتێك کە هەموو رەهەندەکانی ژیان دەخاتە ژێر رکێفی خۆیەوە، ئەم تاسەیە بۆ رزگاری بەناو شیعرەوە لێرەوە ترادسیۆنێك بۆ خۆی دروست دەکا کە دواجار لەلایەن رۆسۆو رۆمانتیکیەکانو نیچەو ئنجا پۆست مۆدێرنیستیەکانی ئەمڕۆوە درێژەی پێدەدرێ.

لەگەڵ دیکارتو ڤیکۆدا هاوکێشەیەکی مۆدێرن سەرهەڵدەدا، هاوکێشەیەك لەنێوان، لەلایەکەوە، گەردوونی بوونی میتۆدی ئیستدلالی، لەلایەکیدیکەوە، تاسەو خەون بینین بە عەفەویەتو بە یەکێتیبوونەوە، تاسەی رزگاربوون لە عەقڵی ماتماتیکیو درێژکردنەوەی ئەو عەقڵە بۆ بوارەکانی مەدەنیو ئەخلاق. دژایەتی

نێوان دیکارت‌و ڤیکۆ قسە لە گرژیەکی ناومۆدێرنتی دەکا کە دواجار لەتەک پڕۆژەی ڕۆمانتیکیانەی ڕۆسۆدا دژ بە لیبرالیزمی سیاسی سەرهەڵدەداتەوە، هەر هەمان گرژی نێوان دیکارت‌و ڤیکۆ دواجار لە بەرگی گرژیەکدا خۆی نیشان دەدا، گرژی نێوان ئەخلاقی شێوەیی (شکلی) کانتی‌و بانگەوازی شیلەر بۆ پەروەردەی جوانناسیانەی ئینسان.

هەوڵی ژان ژاك ڕۆسۆ بریتی‌یە لە زیندووکردنەوەی غەمی کلاسیك، بەختەوەری‌و گەشەکردنی سروشتی ئینسان لەنێو کۆمەڵەیەکی مەدەنیدا. بەڕای ڕۆسۆ ڕزگاری ئینسان‌و گەشەکردنی ئەخلاقی زۆر فراوانترن لەوەی کە لیبڕالیزمی سیاسی تەسەوری دەکا (یادەکرد)، لەوانە جۆن لۆك. ڕزگاری‌و گەشەکردنی ئەخلاقی ئەم ڕەهەندانە لەخۆ دەگرن: ئازادی ئێمە وەك هاونیشتمانی لە بەشداریکردنی سیاسەتدا، ئۆتۆنۆمی ئێمە کە لەو کەرامەتە سروشتی‌یەوە هاتووە کە هەر ئینسانە بە سروشت خاوەنێتی، بەتەنگەوە هاتنی ئەوانی دیکە.. هتد. بەڕای ڕۆسۆ مافی ئێمە لە بەشداریکردنی کاروباری سیاسی‌و مەدەنیدا زۆرترە لە مافی بەدەستهێنانی موڵك‌و ماڵات، لەبەر ئەوەی ڕۆسۆ جەغدی زیاتر دەکاتە سەر تواناکانی ئێمە وەك هاونیشتمانی لە گشت بوارەکاندا، لێرەوە مانایەکی مۆدێرن بەو قەناعەتە کلاسیکی‌یە دەبەخشێ، قەناعەتی ئەوەی کە هونەری فەرمانڕەوایەتی‌کردن لە بنەڕەتدا بریتی‌یە لە هونەری پەروەردە.

ڕۆسۆ لەو باوەڕەدا بوو کە کۆمەڵگای بۆرژوازی لەڕێگای بە ڕۆتینی کردنی پێشبڕکێ‌وەو خوڵقاندنی قەلەقی پێشبڕکێ لەلایەکەوە زیاتر لە هەر کات دوورمان دەخاتەوە لە بەختەوەری سروشتی‌و لەلایەکی دیکەشەوە جەوهەری ئینسانی بوون دەشێوێنێ.. بەڕای ڕۆسۆ چ ئینسانی هۆبزی کە هەمیشە سەرگەرمی بەدەست هێنانی دەستەڵاتەو چ بەرنامەی سیاسی‌و ئەخلاقی ڕۆشنگەری هیچ کامێکیان سروشتی نین، بەڵکو ئەوە جۆرە ئینسانێکە کە لەلایەن کۆمەڵگاوە فاسدکراوە(١٣).

لە کۆمەڵگای بۆرژوازیدا لەوکاتەدا کە پێویستیەکانمان ڕۆژانە زیاترو زیاتر دەبن، غەمخواردن بۆ مانا قووڵەکانی بوون کەمتر دەبنەوە، لە کۆمەڵگایەکی لەو جۆرەدا زیاتر ئێمە سەرقاڵی جێ‌و مەقام‌و هەیبەت دەبین وەك لە مانا قووڵەکانی بوون‌و حەقیقەت. ئێمە خۆمان دەدۆڕێنین‌و لەجیاتی زاتێکی دروستکراو یا صناعی دروست دەبێت کە لەلایەن ئەوانی دیکەوە دیاری دەکرێ‌و پێناسە دەکرێ، قبووڵکردنی ئەوانی دیکە بۆ ئێمە یا قبوڵکردنی ئێمە لەلایەن ئەوانی‌دیکەوەو قبووڵکردنی زەوق‌و سەلیقەی ئێمە لەلایەن ئەوانەوە خۆی دەبێتە تاکە قەلەقیەك. ئەمە کۆمەڵگایەکە لەسەر کێشمەکێش لەسەر جێ‌و مەقام بیناکراوەو هەقی گەیشتن بە شکۆمەندیەکی

رەسەنا نەمان لێدەستێنێتەوە، شکۆیەك کە قارەمانەکانی کلاسیك و سیاسەتمەدارەکانی کلاسیك بەدەستیان دەهێناو لەجیاتی ئەمە دەمانکاتە ئەو بوونەوەرە بچووکانەی کە سەرگەرمی رازیکردن و بەختیاری زۆر بچووك بچووکن.

چارەسەری رۆسۆ بۆ ئەم کارەساتەی کۆمەڵگای بۆرژوا لە کتێبی "ئەمیلی"دا خۆی بەیان دەکا کە بریتییە لە پەروەردەیەکی ئایدیاڵ بۆ ئینسانێکی سادە. (١٤) ئەم چارەسەرە بۆ ئەوەیە کە تا دەشێ سەربەخۆیی سروشتی بپارێزرێ تاکو ئینسان لەمە زیاتر ئازار نەچێژێ بەدەست ئیعتمادکردنییەوە لەڕووی سۆزەوە بە ئەخلاقی باوو دیدەگای باوی کۆمەڵگاوە. با یەك دوو سەرنجی خێرا بدەینە کتێبی "ئەمیلی".

لە پرۆسەی پەروەردەکردنی ئەمیلیدا، پێویستیەکانی ئەمیلی کورتکراونەتەوە بۆ پێویستیە سادەو سروشتیەکانی مانەوەی خود، یاخود-مانەوە self-preservation ئەمەش لەرێگای ناردنی ئەمیلییەوە بۆ لادێ تا پشت بە کۆمەڵگای بەرخۆری (إستهلاکی) نەبەستێت و تاکو راپێچ نەکرێتە سەر خوانی ململانێ لەپێناو جێ و مەقامداو تا نەبێتە قوربانی ئەو ئارەزوو رۆژ لەدوای رۆژ زیادبووانەی ئەو کۆمەڵگایە. بەڵام کاتێك ئەمیلی بە تەمەنی باڵق بوون دەگا ئەم هەنگاوەی یەکەم کافی نییە بۆ پاراستنی ئەمیلی و سەربەخۆیی بوونی. لەبەر ئەوەی ئارەزووی سێکسی بە ناچاری پشت بە کەسانی دیکە دەبەستێ، لێرەوە بۆ تێرکردنی ئەو تاسەیە ئێمە بەناچاری دەبێت خۆمان تووڕ هەڵدەینەوە ناو پەیوەندییە باوەکان و پڕ نامۆبوونەکانەوە. کاتێك ئەمیلی وەدووی ئارەزووی سێکسی دەکەوێ بە ناچاری سەربەخۆیی و خود-کەفایی خۆی لەدەست دەدا، لەجیاتی ئەوە دەبێت هەوڵ بدا کە بەپێی ستاندارەکانی کۆمەڵگا کە ئەوانی دیکە (others) دایانڕشتوون هەڵسوکەوت بکا. لێرەوە ئەو لەخودی خۆی دادەبڕێ و بەخۆی نامۆ دەبێت. چارەسەری رۆسۆ بۆ ئەم حاڵەتی نامۆبوونە بریتییە لە جوڵاندنی جۆش و خرۆشی ئەمیلی لەرێگای وێنەی ئافرەتێکی ئایدیاڵەوە، واتە سۆفی. رۆسۆ بەیەك گەیشتنی ئەم دووانە دادەخا تا ئەوکاتەی کە خەیاڵی ئەمیلی تەواو پەخش دەبێت وە بۆ هەموو سنورەکانی. ئەو ئەمیلی قانیع دەکا کە لەم ئافرەتەدا (سۆفی) سەربەخۆیی سروشتی و تەوازوع و چاکەی سروشتی ببینێتەوە. رۆسۆ ئەمیلی تەشویق دەکا کە تێرکردنی ئارەزوو و تاسەی بۆ ئەم ئافرەتە دوابخا تا ئەو کاتەی کارێك دەکا کە خۆی بەشێوەیەك پەروەردە بکا کە شایانی سۆفی بێت، لەرێگای سەربەخۆ بوون و ئازادبوونەوە هەروەك چۆن سۆفی ئازادو سەربەخۆیە. لەرێگای قانیع کردنی ئەمیلیوە بۆ گۆڕینی ئارەزووە سێکسیەکان بەتاسەیەکی رۆمانتیکیانە یاخود رۆحیانە بۆ یەکێتییەکی رۆحی لەگەڵ سۆفیدا، لەگەڵ باشترین خاسیەتەکانی سۆفی کە خۆی رەنگدانەوەی

خاسیەتەکانی ئەمیلی خۆیەتی، لەم ڕێگایەوە ڕۆسۆ ئەمیلی فێر دەکا کە عاشقی سەربەخۆیی خۆیی بێت لەگەڵ عاشقی حیکمەت، چونکی سۆفی بەمانا یۆنانیەکەی واتە حیکمەت. لەڕێگای فێرکردنی ئەمیلی تاکو ئیرادەی دەستەڵاتی بخاتە گەڕ لەپێناو ئایدیاڵی خۆیدا، ڕۆسۆ ئیرادەی ئەمیلی ڕزگار دەکا لە هەموو ئەو شێوە فاسدانەی ژیانی کۆمەڵگا وەکو عەودالْ بوون بە دووی حەوانەوەی ماتەریالێستیو جیو مەقامی کۆمەلایەتی..هتد.

لای ڕۆسۆ خواستنی خودی خۆمانو بەرزبوونەوە بۆ ئەودیو غەریزەکان پێویستە لە ئیرۆتیکای بەیەکێتیبوون گەیشتندا زەمینەی خۆی خۆش بکا، لە هارمۆنی نێوان حەماسەتو ئەرکدا. بەم شێوەیە ڕۆسۆ هەوڵدەدا کە دیدی کلاسیكو بەتایبەت پەروەردەی ئەفلاتوونی جارێکیدی زیندوو بکاتەوەو دایبڕێژێتەوە لەسەر مەبنای تاکگەرایی مۆدێرن.

* * *

با پرسیار بکەین کە ڕۆڵی زانکۆ لەم پرۆسەیەدا، لەم پرۆژەیەدا، پرۆژەی پەروەردەی لیبراڵ، لەم گفتوگۆ فیکرییو عەقڵیەدا چییە؟ سەرەتای دەبێت بزانین کە مەبەستمان لە زانکۆ چییە؟

لەکۆتایی سەدەکانی ناوەڕاستدا ژیانی ئەورووپایی خۆرئاوا گۆڕانێکی گەورەی بەخۆیەوە دی ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆ بەهۆی کێشمەکێشێکی زۆر کە پێیدا تێپەڕی. بەربەرییەکان لە باکوور (ئەوانەی کە زۆر درەنگ بوونە مەسیحیو هەر زۆر زووش وازیان لە مەسیحیەت هێناو ئەمڕۆش مۆلگەن بۆ دژایەتیکردنی نەك مەسحیەت بەلکو هەر ئاینێك) جۆرێك لە زەینی (زهنیەتی) توندوتژیو جۆرێك لە ئەخلاقی جەنگاوەریانەیان بە ئەروپای خۆرئاوا ناساندو ئیزافە کرد.

موسڵمانەکانیش وەکو ئەوی دیکەی مەسیحیەکان بوونە مایەی ئەوەیکە دامو دەستگا مەسیحیەکانو مەسیحیەکان ناچار بکەن کە بە ئاگا بێنەوەو خۆئامادە بکەن بۆ ئەو تەحەدا عەقلیو ئیمانیەی کە ئیسلام دروستی کردبوو، لەپاڵ ئەم فاکتەرانەو فاکتەری ئابووریو سیاسی دی بوونە مایەی سەرهەڵدانی ئەو شارانەی کە بە حەسار چواردەوریان گیرابوو. ئەم شارانە دواجار بوونە شوێنی لەدایك بوونی زانکۆکان. لە نێو چوار دیواری ئەم شارانەدا هاونیشتمانیان لەسەرخۆ بەجۆرە سەربەخۆییەك دەگەیشتن. لەو شارانەدا خەڵکی ئەنجوومەنیان دروست دەکرد بۆ ئیدارەکردنی کاروباری هاوبەشو پاراستنی پیشەکانیانو دانانی یاسا بۆ چۆنیەتی بەڕێوەبردنی ئەو کاروبارانە، بەم شێوەیە هێواش هێواش خۆیان ڕزگار کرد لەو کۆسپو تەگەرانەی کە دەهاتە پێشیان لەلایەن کڵێساو میرەکانەوە. ئەم بزووتنەوە

مەدەنیە هەر زۆر زوو کاریگەری خۆی لەسەر بواری پەروەردە نیشان دا. یەکێك لەو کاریگەریانە زیادبوونی ژمارەی قوتابخانەکان بوو. وێڕای کۆنترۆڵی پیاوانی ئایینی بەسەر ئەو قوتابخانانەوە، بە تێپەڕبوونی کاتی ئەو قوتابخانانە زیاتر مۆرکی عەلمانیان بەخۆوە گرت. لە کۆتایی سەدەکانی ناوەڕاستدا هەندێ لەو قوتابخانانە لەژێر کۆنترۆڵی کلێسا دەرچوون و بوون بە داموو دەستگای سەر بە شارەوانییەکان: قوتابخانەکانی خوێندنی باڵا لەسەرەتاوە پێیا دەگوترا: studi a generlai (لێکۆڵینەوەی گشتی)و تادواجار بە universities ناویان دەرکرد.

سەرەتاکانی زانکۆ دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی دوازدە ئەو کاتەی لە کۆمەڵێ شاری جیاوازەوە قوتابیان روویاندەکردە چەند شارێك کە ناوبانگیان دەرکردبوو بە بوونی قوتابخانە یا مامۆستای چاك لە بوارەکانی سیۆلۆجیا (ئیلاهیات)و پزیشکیو یاسا، وەکو پاریس و ئۆکسفۆرد سەرەتاکانی گەشەکردنی فێربوون بریتیبوو لە هونەرەکانی لیبڕاڵ liberal arts، لەکاتێکدا لە ئیتالیا بەهۆی پێویستی ژیانی پراکتیکییەوە هونەری رەوانبێژیو بەرئەنجامە یاساییەکانی ئەو هونەرە زیاتر شوێنی گرنگی پێدان بوو، لە باکووری ئەوروپا بەهۆی دەستەڵاتی کلێساوە بەسەر سیستەمی پەروەردەدا زیاتر لۆژیك و دیالەکتیك شوێنی برەوپێدان بوون، بەتایبەت لۆژیکی ئەرستۆیی. لەشاری پاریس زیاتر لێکۆڵینەوەی فەلسەفیو ئیلاهیات لە برەودابوو، لە سەرەتای سەدەمی دوازدەدا ئەڤیرۆسیزم (ئین روشدیەت) بۆ ماوەیەك شوێنی گرنگی پێدان بوو تا ئەو کاتەی کە تۆماس ئەکواینەسی بە ئەڤیرۆسی (ئیبن رۆشدی) تاوانبارکراو بۆ ماوەیەك تۆماسی ئەکواینەس و ئەڤیرۆسزمیش یاساغ کران. لەگەڵ بوونی جیاوازیشدا لێکچوونێکی بنەڕەتی لە هەلومەرجی ئەکادیمیدا لە برەو پەیداکردندا بوو لەو بنکە پەروەردەییانەدا لە ئیتالیاو پاریس و ئینگلستان. لە هەموو حاڵەتەکاندا، هەندێ قوتابخانەی هونەرەکانی لیبڕاڵ لەسەر خۆ جەغدیان کردە سەر هەندێ بواری تایبەتی لێکۆڵینەوەو لێرەوە ئەو قوتابخانانە بوونە شوێنی studia generalia (لێکۆڵینەوە گشتییەکان)، واتە بەشێوەیەکی گشتی بوونە شوێنە ناسراوەکان بۆ لێکۆڵینەوە کە دەرگاکانیان کراوە بوو بۆ هەموو قوتابیان لەسەرتاسەری ئەوروپادا. لێرەدا دەبێت هێڵێك بهێنین بەژێر ووشەی لێکۆڵینەوەدا چونکی ئەمە سەرەتای زانکۆیەو زانکۆش بۆ ئەم مەبەستە واتە لێکۆڵینەوە هاتە ئاراوە. زانکۆکان بریتی بوون لە کۆمەڵەیایانەی مامۆستایان و قوتابیان کە دامەزرابوون بەنیازی نەك خوێندن بەتەنیا بەڵکە یارمەتیدانی یەکتری و پاراستنی یەکتر لەسەر شێوەی ئەو کۆمەڵە پیشەییانەیتر کە لەسەرهەڵدانداا بوون و لە دەوری یەکتر کۆدەبوونەوە بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکان.

لەسەدەی سیازدەهەمدا گۆڕانێکی گەورە هاتەکایەوە. کۆمەڵێ لەو قوتابخانانە گەشەیان کرد لەتەك هەبوونی پەیڕەوپرۆگرامی تایبەت و بوونی ئیداریەکی سەربەخۆدا کە دواجار ناسران بە Universita Studii ئینجا Universitias (بە زمانی لاتینی). لێرەوە زانکۆ لە بەرانبەر دەستەڵاتی مەدەنی و ئاینیدا خۆی چەسپاند، ئەمەش ڕێگای خۆش کرد بۆ ڕێنسانس و پەروەردەی هیومانیستی (مرۆڤ پەروەری). سەرەتا سەرنجێك لە زاراوەی ڕێنسانس بدەین زاراوەی "ڕێنسانس" کە بەو بەکارهێنانە باوانەی کە هەیەو مانای بە ئاگاهاتنەوەیەکی ڕۆحی کە بووە مایەی وەرچەرخاندنێکی نوێ، ئەم زاراوەیە لەڕووی حەرفی‌یەوە زۆر بەرتەسکە. لە باشترین حاڵەتدا تەنیا یەك قۆناغی ئەو بزوتنەوەیە لەم زاراوەیەداو لەم بەکارهێنانەدا تەعبیری لێدەکرێ. دوو ڕاستی بنەڕەتی دەبێت لەبەرچاو بگرین، لەلایەکەوە، جارێکی‌دیکە لەدایك بوونەوە re-birth یا بووژانەوەی بیروپراکتیکی کلاسیك و ڕاپەڕین دژ بە تەسك بینی سەدەکانی ناوەڕاست و جەغت کردنە سەر ژیانی تاکە کەسی لەلایەکی‌دیکەوە بەواتایەکی‌دی پرەنسیپی یەکەم لە بووژاندنەوەی ڕابووردوو دەدوێ و ئەوی دیکە خولقاندنی داهاتوو، ئارەزووی بوژاندنەوەی ڕابردوویەکی پڕشنگدار لە بنەڕەتدا شێوەیەکی دی ئەو ئارەزووە بوو بۆ ئایندەیەکی ڕۆشن ئامانجی ئەو کەسانەی کە چاویان لە بەرهەمهێنانەوەی ژیانی جیهانی کلاسیك لە ڕاستیدا بریتی بوو لە دروست کردنەوەی جیهانی خۆیان. لەبەرچاوگرتنی ئەم دوو کەڵکەڵەیەی ڕێنسانس زۆر گرنگە بۆ زانینی لەلایەك گەشەکردنی پەروەردە لەدوای ڕێنسانس و لەلایەکی‌دیکەشەوە کاریگەری ئەو دوو کەڵکەڵەیە لەسەر پەیام و ئایدیای زانکۆ. جەوهەری پەیامی زانکۆ بریتی‌یە لە پەروەردەی مەدەنی Civic education و پەروەردەی مەدەنیش خۆ ئامادەکردنە بۆ گفتوگۆکردنی مەعریفیانە دەربارەی کێشە سیاسی‌یەکانی بواری مەدەنی، لێتوێژینەوە دەربارەی گشت کایەکان، خستنەڕووی پرسیارو دەرگیربوون لە تەك گفتوگۆی عەقڵی بەدوور لە هەر دەستەڵاتێك جگە لە دەستەڵاتی عەقڵ. ئەم ڕۆحیەتە زانکۆی خستە سەر ڕێگای پەیامێك کە لەسەرخۆ بوە مایەی دروستکردنی ئەدەبیاتی نوێ زانستی نوێ، مێژوی نوێی فەرمانڕەوایەتی کردن. بە مانایەك لە ماناکان دروشمی "گەڕانەوە بۆ ئایین و ئەدەبیاتی جیهانی کۆن" لە ڕاستیدا چاوی لەم ئامانجە بڕیبوو "دروستکردنی جیهانێکی نوێ" و لێرەوە زانکۆش هۆکارو ئامرازەکە بوو بۆ هێنانەدی ئەو ئامانجە، بەڵام زانکۆ چی‌یەو پەیامی زانکۆ دەبێت چی بێت؟

سەرەتا با پێناسەیەکی سادە بکەین و لێرەوە، بەرەو ئاڵۆزی زیاتر کە ڕەنگدانەوەی ئەم دەستگا ئاڵۆزەیە هەنگاو بنێین. زانکۆ ئەو مەڵبەندە

پەروەردەییەیە کە تێیدا لێکۆڵەرەوە Scholar و قوتابیان دەگیری پرۆسەی زانینن، کەشف کردنی ئەو شتەی کە دەبێت بزانرێت، پرۆسەی گەڕان بەدوای راستیدا، واتە ئیرادەی زانینین. مادامێك ئەم پرۆسەیە پەیوەندی هەیە بە هەموو رەهەندەکانی ژیانی کۆمەڵگاو مرۆڤەوە، رەهەندی مەعریفیو رۆحانیو سیاسیو هتد، لێرەوە تەنیا زامنێك (گەرەنتۆرێك)و ئنجا مۆتۆرێکی ئەم پرۆسەیە برتییە لە ئازادی ئەکادیمی. راستیەکی نکۆڵی لێنەکرا وە کە دەوڵەتو کۆمەڵگا چاو لەم دەستگایە دەبڕن چونکی ئەم دەستگایە قوتابیان ئامادە دەکا بۆ دنیای گشتی Public، و مەشقیان پێدەکا بۆ گەشەکردنی توانا زانستیو عەقڵیەکان. لێرەوە زانکۆ ئەو دەستگایەیە کە ئامانجی پراکتیکی (عەمەلی) هەیە بەڵام ئەم ئامانجە تەنیا لەرێگای فەراهەم کردنی ئازادییەوە بەدەست دێ، لێرەوە ئازادی رۆحی زانکۆیە. پرۆسەی زانین کە هۆ یا بەهانەی بوونی زانکۆیە لەرێگای چاودێریکردنو بیرکردنەوەی میتۆدیو رەخنەلەخۆ وەك پرۆسەیەکی بەردەوام مەیسەر دەبێت، ئەمەش لێتوێژینەوەی سیستیماتیك دەخوازێ، لێرەوە لێتوێژینەوە دەبێتە کاری یەکەمی زانکۆ.

ئاشنا بوون بە میتۆدو لێتوژینەوە لەرێگای وانە گووتنەوەو، پرنسیپی سەرەتایی زانکۆیە . ئامادەکردنیلێکۆڵەرەوە، یا دروست کردنی نەوەی نوێ لە لێکۆڵەرەوەکان لەقوتابیان لەرێگای لەبەرکردنی کۆمەڵێ چەمك و جەستەیەکی داخراوی مەعریفییەوە، مەیسەر نابێت بەڵکو لە رێگای مەشق کردن و گەشەپێدانی بیرکردنەوەی زانستی یەوەو گەشەپێدانی فاکۆلتی عەقڵەوە مەیسەردەبێت. هەنگاوییەکەم دەبێت قوتابیان فێر بکرێن چۆن پرسیاربکەن، پرسیارکردن هەم هەنگاوی یەکەمەو هەم رۆحیەتێك کە ئەو دوای ژیانی سکوڵەرانەی(لێکۆڵەرەوانەی) قوتابی، گەر ببێتەلێکۆڵەرەوە، رێنومایدەکا .لەشێوەی دەرەوەداو لەژیانی رۆژانەی ئینسانەکاندا رەنگەپرسیارکردن رەنگەواخۆ بنوێنێکە ئەرکێکی گەورەنییەو مەشق کردنی ناوێ، بەڵام هەرکە پێمان نایە ناو مەملەکەتی مەعریفەو، ئەوسا تێدەگەین کە پرسیارکردن سەخت ترین کارە، کام پرسیارانە دەتوانین بخەینە روو؟ چۆن لەتەك پرسیارەکاندا دەستو پەنجە نەرم بکەین؟ چۆن پرسیاری راست لەکاتی راستداو دەربارەی بابەتی راست بخەینەروو؟ مەسەلەی فێربوونی پرسیارکردن پەیوەندی بەلێکۆڵینەوەی سیستیماتیکیەوە هەیە ، چۆن لەرووی سیستماتیکییەوە، ئەو پرسیارە بخەیتەروودەربارەی بابەتێکی دیاریکراو کە قوتابی دەگەیەنێتە سنورێك. لەم پرۆسەیەداقوتابی بەکۆمەڵێ مەعریفەی واقعی دەگا، بەڵام وێرای گرنگی ئەم رەهەندەی ئەم پرۆسەیە، ئەمەئامانجی سەرەکی نییە، بەڵکو ئامانجی سەرەکی بریتییە لە چۆنێتی لێکۆڵینەوە، بریتییە لەمیتۆد، چۆنێتی بیر کردنەوەلەو

فاکتانە(ڕاستیانە) و چۆنێتی خستنە رووی پرسیاری نوێ. لێکۆڵینەوە پەیوەندی بە پرنسیپێکی دیکەی بنەرەتییەوەهەیە ئەویش یەکێتی مەعریفەیە، گەر لەناوی زانکۆ وورد بینەوە چ لەزمانی کوردیداو چ لە زمانە ئەورووپیەکاندا دەبینین کە زانکۆ واتە کۆی زانینین و(university) کەڕیشەکەی(univerise)ە واتە گەردوون. کەواتە ئەو کاتەی زانکۆ دەبێتە کۆمەڵێ لێکۆڵینەوەو دیپارتمان (بەش) کەپەیوەندیان بەیەکەوە نیەو شتێك، ڕۆحیەتێك ، پەیامێك، ئامانجێکی گەردوونی نییە کە پێکیانەوە گرێ بدا ئەوسا زانکودادەرزێ و ئەمەش حاڵەتێکی بێمانایی دروست دەکا. دەتوانین ئەم یەکێتی مەعریفی یە ناوبنێین"دیدی فەلسەفی". دەبێت فەلسەفە لە دیدی فەلسەفی جیا بکەینەوە، فەلسەفەوەك کایەکی تایبەتی، بەڵام دیدی فەلسەفی کە هەرچەندە زادەی فەلسەفەو ڕوحی فەلسەفە، کەمێك سەراپاگیر ترە، مەبەستمان لە دیدی فەلسەفی دووشتە، یەکەم ئەوکەڵکەڵەیەیە کەلێکۆڵینەوە لێوەی دەست پێدەکا، ئەو ئایدیایەی کە ڕێنومایی لکۆڵینەوە دەکاو مانابەم گەڕانە دەبەخشێ، ئەم کەڵکەڵەیە گەڕانە بەدوای حەقیقەتدا، ئیرادەی ڕاستیو زانینین. دووهەم، مەبەست لەدیدی فەلسەفی سەیر کردنی ژیانی ئینسانەو غەمخواردنی دەربارەی هەلو مەرجی ئینسان وەك کۆیەك ، واتە کۆی هەموو ڕەهەندەکانی هەلو مەرجی ئینسان. لە ڕاستیداگەر ئەم دیدە فەلسەفیيە نەبێت کەوەك کۆیەك لە هەلو مەرجی ئینسانی بڕوانێ هەر لقەی زانست ئەگەری ئەوەی هەیەکە بە ڕێگایەکدا بڕواو گەشەبکا کە دواجار ببێتە مایەی خاپوورکردنی ژیانی ئینسان ، یاخود بەلانیکەمەوە ، ئەو لقەی زانست ڕوولە عەدەمیەت(هیچ گرایی)بێ یاخود بەهیچ گەرایی بگا ، زانکۆ عەودالی زانستو لێکۆڵینەوەو وانە گووتنەوەیە ،هەوڵ دەدا. کە ئیزافە بخاتە سەر کلتوری عەقلی، زانکۆ ڕێگایەکە کەلێوەی حەقیقەت وەکو بەرهەمی ئەو گەڕانە خۆی بەیاندەکا، زانکۆ چاو لە میتۆدێ دەبڕێ کە مەوزوعیەتی کردۆتە ئامانج، ئەم میتۆدە ڕێگانادا کە کەس، قوتابی یا لێکۆڵەرەوە بەهەر شێوەیەك کەدڵی دەخوازێ بیر بکاتەوە ، بەڵکو خاسیەتی سەرەکی بریتیيە لەڕۆحیەتی گومان و هەڵسوکەوتی پرسیار کردن،بەڵام ئەوەمان لەیادبێت کەگومان جۆری زۆرە ، گومان هەیەمندالانە، هەرزەکارانە کە سەرچاوەکەی ڕاکردنە لە بیرکردنەوەی ڕەسەنو گومانیش هەیە خۆی هەنگاوە بەرەو بیرکردنەوەی ڕەسەن واتە هەر کەسە گووتی "بۆ" مانای وانیە کەگومانی هەیە یا پرسیاری دروست . کەواتە ئەرکی زانکۆ بریتيیە لە لێکۆڵینەوەو پرۆسەی فێر کردن ، پەروەردەوکلتوور بەواتایەکی دی سێ شت لەزانکۆدا پێویستن: مەشق کردنی پیشەیی (پرۆفێشناڵ) و پەروەردەی سەراپاگیری ئینسان ، مەبەست

لە سەراپاگیری لێرەدا بەسەرکردنەوەی گشت ڕەهەندە کانی ژیانی ئینسانە ، و لێکۆڵینەوە. لەزانکۆدا ئەم سێکایەیە دەبنەیەك

لەپاڵ لێکۆڵینەوەدا پەروەردە کۆڵە کەیەکی دیکەی زانکۆیە. چونکە پەروەردە ئەو ئاوێنەیەیەکە بونیادەکانی کۆمەڵگا عەکس دەکاتەوە، لێرەوە بەهۆی گۆرانکاریە مێژوویەکانی کۆمەڵگاکانی مرۆڤایەتی‌یەوە ئایدیای پەروەردەش حاڵەتێکی نەگۆری نی‌یە، بۆ نموونە بالەم دوو تایپە ووردببینەوە. تایپێکمان هەیەپێی دەگوترێت پەروەردەی سوکراتی. لە دیدی سوکراتەوە پەروەردە بریتییە لەمامانی کەتێیدا قوتابی کە سك پڕە بەئەگەرو دەستەلات کۆمەك دەکرێ تابزێ، واتە ئەگەرەکانی خۆی بکاتە واقع، واتە ئاگادار دەکرێتەوە، هۆشیاردەکرێتەوە کە تواناکانی خۆی کەشف بکا. پەروەردەی سوکراتی واتە دەست گرتنی قوتابی تاخۆی بیربکاتەوەو توانای بیرکردنەوەوتاقی کردنەوەی عەقلی بخاتە گەڕ، دەست گرتنی قوتابی بۆ سەر ڕێگای ناسینەوەی حەقیقەت. تایپی دووەهەم بریتی‌یە لە سکۆلاستیك . ئەم جۆرە لە پەروەردە بریتی‌یە لەگواستنەوەی ترادسیۆن لەنەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی دی، تێیدا کتێبو مامۆستاو دۆگما وەك ئەتۆرەتی سەیریان دەکرێ، مامۆستا بەتەنیا ئەوەی لەسەرەکە ئەم جەستەیە لەمەعریفە بێدەست کاری نەقلّ بکا بۆ قوتابیان وقوتابیانیش تەنیا ئەوەیان لەسەرە کەئاشنا بن بەو کتێبو دۆگمایانە دەبێت ئەوە بلێین کە ئەم تایپەی پەروەردە گەر شان بەشانی جۆرێکی دیکەی پەروەردە برواکە تێیدا توانای بیر کردنەوەو پرسیار کردنو توانای تەفسیر فەراهەم بکا، ئەم تایپە گرنگی خۆی هەیە، بەلام گەر بەتەنها مەبەست لە نەقلکردن بێت ئەوامانا پەروەردەییەکەی خۆی بزر دەکا. لەپاڵ ئەمانەدا جۆرێکی دی پەروەردە هەیە کەبریتی‌یە لەئامادەکردنی قوتابیانو کردنیان بەکادێر لە کۆمەڵێ بواری پیشەیدا، واتە کردنی قوتابی بەپسپۆرلە پیشەیەکی تایبەتیدا کەدواجار پێویستیو داواکاری کۆمەڵگا لەقۆناغێکی تایبەتی مێژووی خۆیدا دەیسەپێنێ. ئەم تایپە لە پەروەردە ئەوکاتە ئیشکالیەت ئامێزە کەباڵ بەسەر زانکۆ دا بگرێتو زانکۆ لەو بنکەیەوەکەبریتی‌یە لەکۆبونەوەی لێکۆڵەرەوەو قوتابی لەسەر خوانی مەعریفە بگۆرێتە سەر پەروەردەکردنی تەنیا کەسی خاوەن پیشە، ئەوسا زانکۆ لەپەیامی مەعریفی خۆی لادەداو پەیامەکەی خۆی لەدەست دەدا ، ئەمەش بەشێکە لەو قەیرانەی زانکۆکانی خورئاوا لەرۆژگاری ئەمڕۆدا.

مەشق کردنی قوتابیان لەسەر لێکۆڵینەوە بریتی یە لەپەروەردەکردنیان تاکو واسەیری خوێندن نەکەن کە نەقلکردنێکی زانراوەکانو ڕاستی‌یەکانە بەلکو بەئاگا هاتنەوەی ڕۆحی نەقدی‌یە لەناویانداو گەشەکردنو چالاککردنی عەقلە. بەم شێوەیە

پەروەردە کەڵکەڵەی عەقلّی‌وفەلسەفی لە خۆ دەگریّ کەچاولەئینسان دەبریّ وەك کۆیەك وتەنیائیلتزامێکیش شوێنی جەغد کردنە ئەویش رۆحی لێکۆڵینەوەو گەران بەدوای حەقیقەتی شتەکاندا، گوێگرتن لە ئەرگومێنت، تێگەیشتن لە ئەرگومێنت، پەروەردە کردنی توانای بیرکردنەوە لە ئەرگومێنتو هەڵسەنگاندنی ئەرگومێنتو ئینجا خستنەرووی ئەرگومێنت. ئەم هێزەی پەروەردەکردن کەئایدیای زانکۆیە لە ئیرادەی زانینەوە سەرچاوە دەگریّ، ئەو ئیرادەیەی کە لەیەك کاتدا دڵنیایی ئامانجەکان بەکەسی پەروەردەبوو دەبەخشیّ، ئەو پرۆ سەیەش خۆی لەخۆیدا کارێکی کلتوری یە، واتە جیاکردنەوەی مرۆڤ لەئاژەڵو نەفامو جاهیل، چونکی کلتور واتە رزگار کردنی ئینسان لەستەمکاری نەزانینو گەیشتن بەرووناکی‌زانین کە خۆی بریتی‌یەلە ئازادی. گومان لەپێویستی بوون یابوونی راستی،پێویستی بوونی مەعریفە، قبووڵکردنی هەمووشتیّ ، رازی بوون بەوەی کەهەموو ئەگەرێك وەك یەك سەنگیان هەیە، سەیر کردنی زانست وەك حیکایەت ، کاڵ بونەوەی سنورەکانی نێوان عەقڵوناعەقڵ(ئارەزوو غەریزە)، کاڵ بوونەوەی سنورەکانی جەهل ومەعریفە، ئەمە تەنیا عەدەمیەت نی‌یە بەڵکو مەرگی زانکۆشە، ئەمرۆش لەدنیادا کەم نین ئەو دەنگانەی کە بانگەشە بۆ ئەم کارەساتە دەکەن . مۆتۆری زانکۆ بریتی‌یە لە ئیرادەی گەران بیّ رێگری، گەشەکردنی عەقڵ بیّ دەست تێوەردان ، جگە لەرێنومای کردنی لەلایەن خودی عەقڵەوەوپەیرەوی کردن لەدروشمی"بۆیرە بزانیت".

لەسەرەتادا گووتمان سەربەخۆیی زانکۆ بنەمایەکە مشتو مڕ هەڵناگریّ ، گووتمان کە کۆمەڵگاو دەوڵەت بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان هەیە لە زانکۆداو زانکۆش وەڵامگۆی کۆمەڵیّ غەمی کۆمەڵگاو دەوڵەتە بەشێوەیەکی ناراستەوخۆ. بەڵام ئەم پەیوەندی‌یە نابێت بەوە بکشێتەوە کەزانکۆ بکاتە بنکەیەك کە بەپێی خواستو ویستو ئارەزووی کۆمەڵگاو دەوڵەت شێوە بەخۆی یا شێوەی پێببەخشن چونکی لەم حاڵەتەدا زانکۆ لەپەیامە سەرەکی یەکەی کەچاو برینە لەمەعریفەو راستی‌لادەدا. هەموو دەست تێوەردانێکی دەوڵەت، لە هەندیّحاڵەتیشدا حزب بەتایبەتی لەو وڵاتە ستەمکارانەی کەدەوڵەت بوونی نی‌یە بەڵکو حیزب فەرمانرەوایە، لەوانەئەزموونی کوردستانی عێراق لە دەیەی نەوەددا، هەموو دەست تێوەردانێکی لەم جۆرە دەبێتە لادانی زانکۆ لە ئیلتیزامە سەرەکیەکەی بۆ مەعریفە . هەموو دەست تێوەردانێکی لەم جۆرە زانکۆ دەکاتە داموو دەستگایەکی‌دەوڵەتو مل کەچی بریارە سیاسی‌یەکان . ئەم دەست تێوەردانە لە رژێمە ستەمکاریەکاندا بەپلەیەك دەگا کە بەپوچەڵکردنەوەی زانکۆو رۆڵی زانکۆ

کۆتایی دێت ، هەر بۆیەشە لەو وولاتانەدا زانکۆ بەمانا قوڵەکەی بوونی نی یە . لەژێرسایەی ئەو سیستەمانەدا زانکۆ دەبێتە بنکەیەکی مەشق کردن، سەربازگەیەك مەشق کردنی خەڵکی بۆ پەیرەوی کردن لە ئایدیۆلۆژیایەك، ئەفسەرو سەرباز شوێنی سکوڵەر (لێکۆکەرەوە) و قوتابی دەگرنەوە ، لەجیاتی فێربوون پڕۆسەی چاندنو شتنی دەماغ بەرکەماڵە.

زانکۆ بنکەیەکە کە بوونی ئەو کاتە مانای هەیەکە سەربەخۆیە ، بەڵام ئەم سەر خۆبوونە لەکۆمەڵگاو دەوڵەت بەمانای ناسیاسی بوونی ئەم دەستگایەنایەت ، بەپێچەوانەوە زانکۆ سیاسیترین دامو دەستگایە چونکی لەتەك مەعریفە مامەڵە دەکات ومەعریفەش پەیوەندی تەنگاتەنگی لەگەڵ سیاسەت دا هەیەبەمانا فراوانەکەی سیاسەت . وەك گووتمان زانکۆ بریتی یە لە گفت وگۆو لێکۆڵینەوە لەسەر هەموو ڕەهەندەکانی ژیان ئەمەش خۆی لەخۆیدا سیاسەتە بەمانا قووڵەکەی سیاسەت . هەروەهازانکۆ بنکەیەکە کەقوتابیان ئامادە دەکا بۆ بواری گشتیو مەدەنی (public) ئەمەش مانایەکیدی سیاسی بوونی زانکۆیە . بەڵام ئەوکاتەی لەجیاتی گەران بەدوای ڕاستیدا زانکۆ ببێتە شوێنی گوتنەوەی دۆگماولەجیاتی گفتوگۆی عەقڵی ببێتە بنکەیەك بۆ نەقڵ کردن گوێگرتن لە پڕوپاگەندەی ئایدۆلۆژیا، ئیدی ئەو کاتەزانکۆ لە بنکەیەکی مەعریفیی یەوە یا دەبێتە بارەگای حزب یا مەخفەری پۆلیس یا ژورێك لە شارەوانی بۆ ڕێکخستنی خزمەتگوزاریو کرێکاران . هەروەها ئازادی زەمینەیەکە تێیدا گەران بەدوای حەقیقەتو لێکۆڵینەوەی زانستی مەیسەر دەبێت ، هەموو دەست تێوەردانێکیش دەبێتە مایەی ووشك بوونەوەی ئەوزەمینەیە، مەبەستیش لە ئازادی ئازادی پرسیار کردنە ئازادی گومان کردن لەتیوریەکان، ئازادی لێکۆڵینەوە، ئازادی پیادەکردنی ئەرگومێنت. ئازادی ئەکادیمی تەنیا ئازادی لێکۆڵینەوەو بیرکردنەوە ناگەیەنێت، بەڵکو ئازادی وانە گوتنەوەش بەشێکە لەپرۆسەکە ، مامۆستاو لێکۆڵەرەوەکان دەبێت ئازادبن لە چۆنێتی و چیەتی گوتنەوەی وانە. چ مامۆستایانو چ قوتابیان دەبێت بەدووربن لە تارمایی هەر جۆرە ئەتۆرەتیەك(دەستەلاتێك) جگە لە ئەتۆرەتی عەقڵو حیکمەت . ئەم ئازادی یە بەو مانایە نابێت تەفسیربکردرێ وەك ئەوەی جۆرێکە لەمۆڵەت ، جۆرێك لەبەرەڵایەتی، واتە مافی گوتنی هەرشتێك کە کەسێك دڵی بخوازێ، ئەمە مانای لەناو چونی ستانداردی عەقڵی یەو عەینی فەوزەویەتەو ئەو عەقڵیەتەش دوژمنی فەوزەویەتو فەوزەویەکانەو فەوزەویەتیش جگەلەوەی نا ـ عەقڵانی یە ڕێگە خۆشکەریشە بۆ بەرەڵایەتی ئازادی ئەکادیمی واتە ڕزگاربوون لەهەموو ئەرکێك جگە لەئەرکی عەقڵیو لێکۆڵینەوەی سیستماتێکو ئیلتزام بە حەقیقەتەوە. لەلایەکی دیکەوە زانکۆ وێرای

پــەیوەندی بەکۆمــەڵگاو دەوڵــەتو نەتەوەیــەکی تایبەتــەوە، ئامــانجی زانکــۆ مرۆڤایەتی‌یە، واتە مرۆڤایەتی بەشێکەلە جەوهەری زانکــۆ: کەواتــە زانکۆ پــەیامێکی گەردوونی‌یەو هەرئــەم پەیامەشە کــەناوی زانکۆ تــەعبیری لێدەکا، کۆی مەعریفــە. زانکۆ ئەو کاتە خزمەتی گۆمەڵگاو مرۆڤایەتی دەکاکــە جەغدلەسـەر داهێنــانی عــەقڵ بکا نەك خزمــەتکردی ئایدیۆلۆژیا. لــێرەوە زۆربــەکورتی دەتوانـین بلّێـین کــە زانکـۆ بەسێ ئەرك هەڵ دەستێ کە کارێك دەکا ستەمکاری مەحاڵبێت:

١-لێکۆڵینەوەی زانستی‌و فکری وعەقڵی

٢-پەروەردەکردن‌و پرۆسەی فێرکردن

٣- دروست کردنی هاونیشتمانیەکی چاك کە لەبیری کێشەکانی کۆمەڵدابێت، واتە دروست کردنی کاراکتەرێك کەمەحاڵە ستەمکاری قبــووڵ بکـاو بتوانـێ لــەژێر سایەی ستەمکاریدا بـژی‌و مەحاڵەستەمکاری لەسـەریەوە هیـچ شتێك بینـا بکـا. لــێرەوە پەروەردەی لیبراڵ و زانکۆ ئەوهۆکارەن کەلەرێگایانــەوە ئێمـەدەتوانین ئـەو بازنەیـە بشکێنین کە چەندین سەدەیە ئێمە تێیدا قەتیس ماوین کە بازنەی ستەمکاری‌یە.

پەراوێزەکان

پەراوێزی پێشەکی :

١- شتراوس، دەربارەی ستەمکاری، لاپەڕە: ٢٣ Leo Strauss ، on tyranny

٢- بەرنامەمان بوو بەدرێژی قسە لەسەر ئەم دووشارە بکەین، بەڵام ئەمە بۆ بۆنەیەکی هەڵدەگرین.

٣- بڕوانە سیۆسیددس، مێژووی جەنگی پینیپلژیان، لاپەڕە ١٣.
Thucydides , History of Pelonnesian War

٤- پەیوەندی فەلسەفەو رەگەز بەشێکە لەنامەی دکتۆرا کەم کە بەنیازم لەئایندەدا بەزمانی کوردی قسەی لەسەر بکەم.

پەراوێزی بەندی یەکەم:

١- ئەم تێکستەمان لەم کتێبەوە کردووە بەکوردی Leo Strouss, On Tyranny.

٢- لەزمانی ئینگلیزیدا (private) بەکۆمەڵێك مانا دێت، لەوانە کەسی (private) ئەوکەسەیە کە لەبواری مەدەنیو گشتیدا کارناکات واتا کار بۆمیری ناکات، بەمانایەکی دی سەربەخۆیەتی، ئێمە لێرەدا کەسی تایبەت بەکاردەهێنین. بۆ ئەم مەبەستە.

٣- ئەرخۆن حاکمی یەکەم لەئەسینای کۆندا.

٤- بڕوانە دەربارەی ستەمکاری، شتراوس.

٥- بڕوانە فینۆمینۆلۆجیای رۆح، هیغل Hegel Phınomınology of Mınd

٦- بڕوانە گووتارەکان، میکاڤیلی. Machiavelli, The Discourses.

پەراوێزی بەندی دووەم:

١- بڕوانە مێژووی جەنگی پینیپلۆژیان.
٢- R.Sealey , A History of The Greek City state.
سیلی، مێژووی دەوڵەت شاری یۆنانی، لاپەڕە ٥٧.
٣- A. Andrewes, The Creek Tyrants.
ئەندریۆس، ستەمکارەکانی یۆنان، لاپەڕە ٢١.
٤- ئەفلاتوون، کۆمار Plato, The Republic
بەشەکانی ٤٣٥e ـ ٤٣٥b ـ a ٤٤٣ c, ـ ٤٤٤
٥- هەمان سەرچاوە، بەشەکانی ٤٣٣a ـ a ٤٣٣
٦- هەمان سەرچاوە بەشی d ٤٤٣ ..
٧- دایەلۆگی گۆرگیاس، ئەفلاتوون، بەشەکانی ٤٧٧a ـ ٤٧٨b .Gorgias, Plato
٨- کۆمار، بەشی e ٥٤٤
٩- کۆمار، ٥٥٥b٣ ـ a٣ ٥٦٢
١٠- کۆمار، ٥ ـ ٤ a ٥٥٧
١١- کۆمار، ٥٧١a
١٢- کۆمار، ٥٦٥d
١٣- گۆرگیاس، ٤٦٩c
١٤- کۆمار، c ـ ٥٧٣٠
١٥- کۆمار، c - d ٥٧٩

پەراوێزی بەندی سێهەم:

١- سیاسەت، ئەرستۆ ١ a ١٢٥٣ Aristotle, The Politics.
٢- سیاسەت ٧ a ١٢٥٣.
٣- سیاسەت ٧ - ١٢٥٢٠١.
٤- سیاسەت ١٥ b ١٢٥٢.
٥- سیاسەت ١٧ a ١٢٩٥   ١ ١٢٩٥a.
٦- میتافیزیك، ئەرستۆ ١٢ b ١٠٢٧ Aristotle, Metaphysics, Book1,.
٧- میتافیزیك ٣٠   ٢٣ a ١٩٩.
٨- ئەخلاقی نیکۆماخی ٢٠   ١ a ١٠٩٤.

٩- ئەخلاقی نیکۆماخی b6 ١٠ a ١٠٩٧.
١٠- شارو ئینسان لاپەڕە ٣٠، Leo Strauss, The city and Man,
١١- سیاسەت ٣٧ b ١٢٦٣.
١٢- سیاسەت ٢٩ a ١٢٨٠ ١١ b ١٢٨٠.
١٣- سیاسەت ٣٩ ٣٢ a ١٢٥٥.
١٤- سیاسەت ٣١ ٢٥ a ١٢٦٢.
١٥- سیاسەت ١٤ ٧ b ١٢٦٢.
١٦- ئەخلاقی نیکۆماخی ٢٧ a ١٠٩.
١٧، ١٨- بڕوانە ئەم بەشانە: سیاسەت، ٣٧ b ١٢٨٦ ٢ b ٤١٦١٢٨٩ ١٦ ١٣ a ١٢٦٧. ڕەوان بێژی، ٢٤ a ١٣٤١.
١٩،٢٠- بڕوانە ئەم بەشانە: سیاسەت ٣٠ b ١٤١٤ ٣٢ ٢٥ b ١٣١٩ ٣٢ ٣٥ a ١٢٨٧ ١٤ ١٣ a ١٢٦٧٠ ڕەوانبێژی ٣١ ١ a ١٣٦٦.
٢١- سیاسەت ٢٢ a ١٢٧٥.
٢٢- سیاسەت ٢٢ b - ٥ b ١٢٧٥.
٢٣- سیاسەت ٢٥ b ١٢٥٧، ١٢ a ١٢٥٨.
٢٤ سیاسەت ٣٥ b ١٢٣.
٢٥- ئەخلاقی نیکۆماخی ١١٤٠٢٤.
٢٦- ئەخلاقی نیکۆماخی ٢٦٧ p ٢١ b ١١٥٧.

پەراوێزی بەندی چوارەم:

١- ڕۆحی یاساکان، کتێبی یەکەم، بەشی یەکەم سێیەم.
٢- ڕۆحی یاساکان، کتێبی یەکەم، بەشی دووەم، ١-٣، بڕگەی١١.
٣- ڕۆحی یاساکان، کتێبی یەکەم، بڕگەی ١١١.
٤- نامە فارسییەکان، نامەی ژمارە L XXX .
٥- نامە فارسییەکان، نامەی C11.
٦- نامە فارسییەکان، نامەی LXXX.
٧- ڕۆحی یاساکان، بڕگەی ١١١، بەشی یەکەم دووەم.
٨- ڕۆحی یاساکان، کتێبی دووەم، بەشی یەکەم.
٩- ئەرستۆ، کتێبی سیاسەت، ٢٠ b ١٢٩٥.

١٠- ڕۆحی یاساکان، کتێبی سێیەم، بەشی سێیەم، بڕگەی هەشت کتێبی VIII ، بەشی سێهەم-بڕگەی دوانزە.
١١- ڕۆحی یاساکان، X ١٤.
١٢- ڕۆحی یاساکان، بەشی دووەم، کتێبی چوارەم، بەشی VIII، بڕگەی هەشتەم، ٢١.
١٣- ئێرنست بێرکەر، ئەفلاتوون‌و ئەرستۆ، لاپەڕە، ١٣.
١٤- بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە :
The Growth of Political Thought in The West from the Greeks to the End of the Middle Ages.
١٥- The Elements, T. Hobbes.
١٦- ڕۆحی یاساکان، کتێبی پێنجەم، بەندی چواردە، بەشی یەکەم/ بڕگەی ٥٩.
١٧- Considerations on the causes of the Grateress.
١٨- ڕۆحی یاساکان، کتێبی سێیەم، بەشی نۆیەم، بڕگەی ١٢٠٦.
١٩- نامە فارسی‌یەکان، نامەی ٦٢.

پەراوێز: بەندی پێنجەم:

١- لە هاوینی ٢٠٠١ کارم لەسەر ئەم باسە کردووە، بەڵام دوای یازدەی ئەیلول دیارە دەتوانین تەفسیری‌ترمان بۆ ئەمریکا هەبێت، وولاتێك کە خاوەنی وەزارەتێك بێت بەناوی وەزارەتی ئاسایشی نەتەوەیی کە ٢٧٠ هەزار کارمەندی هەبێت‌و بودجەی ساڵانەی ٤٤ بلیۆن دۆلار بێت ئەستەمە بتوانین تەنیا پێی بڵێین ستەمکاریەکی نەرم‌و نیان بەڵکو ڕاسترە پێی بڵێین ستەمکاری بەمانای ووشە.
٢- توکیۆڤیل، دیموکراسی لە ئەمەریکا، بەرگی یەکەم/ لاپەڕە ٩-١٠.
Democracy In America, Vol 1. P9-10.
٣- تۆکیوڤیل، ڕژێمی کۆن، لاپەڕە ١٦٩.
Ancien Regime. P169.
٤- ئەن ئیقتیباسە لەم کتێبەوە وەرگیراوە: مارتن تۆرنێل: بۆدلێر، لاپەڕە ٢٣٤.
Martin, Turnell. Baudelaire, p234.
٥- فرانك مانیوێل. جیهانە نوێکەی سان سیمۆن. لاپەڕە٢٨٤.
Franke. E. Manuel. P284.

٦- دیموکراسی له ئەمریکا، بەرگی دووەم، لاپەڕە ١٤٩.
٧- دیموکراسی له ئەمریکا، بەرگی دووەم، لاپەڕە ٣٤٧.
٨- دیموکراسی له ئەمریکا، بەرگی یەکەم، لاپەڕە ٩٤.
٩- دیموکراسی له ئەمریکا، بەرگی دووەم، لاپەڕە ٣٣٠.
١٠- دیموکراسی له ئەمریکا، بەرگی یەکەم، لاپەڕە ٣٤٠.
١١- دیموکراسی له ئەمریکا، بەرگی دووەم، لاپەڕە ٣٣٦.
١٢- دیموکراسی له ئەمریکا، بەرگی یەکەم، لاپەڕە ٢٦٥.
١٣- دیموکراسی له ئەمریکا، بەرگی یەکەم، لاپەڕە ٢٧.
١٤- دیموکراسی له ئەمریکا، بەرگی یەکەم، لاپەڕە ٢٧٣.
١٥- دیموکراسی له ئەمریکا، بەرگی یەکەم، لاپەڕە ٧٤-٧٣.
١٦- دیموکراسی له ئەمریکا، بەرگی یەکەم، لاپەڕە ٢٧٥-٢٧٤.
١٧- دیموکراسی له ئەمریکا، بەرگی دووەم، لاپەڕە ٣٣٦.
١٨- دیموکراسی له ئەمریکا، بەرگی دووەم، لاپەڕە ٣١١.
١٩- توکیوڤیل، نامه هەڵبژێردراوەکان دەربارەی سیاسەت و کۆمەڵگا، لاپەڕە ٣٧٦.

Tocqueville, Selected Letters.. p.376

٢٠- دیموکراسی له ئەمریکا، بەرگی دووەم، لاپەڕە ٣٣٧.
٢١- دیموکراسی له ئەمریکا، بەرگی دووەم، لاپەڕە ١١٦.

پەراوێز بەندی شەشەم

١- یەکەمین پێشەکی (ساڵی ١٩٥٠) بۆ کتێبی "ئەسڵەکانی تۆتالیتاریانیزم"

Arendt, Origins of Totalitarianism. P VII.

٢- لێرەدا ڕووبەڕووی گیروگرفتێك دەبینەوە ئەویش نەبوونی مقابلی کوردی بۆ ئەم دوو زاراوەیە لە کوردیدا، ئێمە بۆ (labour)و (work) تەنیا کار یا ئیش بەکار دەهێنین بەڵام لای ئارێنت ئەم دوو زاراوەیە زۆر جیاوازن و ئەم جیاوازیەش جەوهەری بۆچوونەکەی ئەوە کەواتە ناتوانین تێکەڵیان بکەین لەبەر ئەوە من لێرەدا ڕەنج بۆ (labour) بەکاردەهێنم و کاریش بۆ (Work).

٣- ئەرستۆ، سیاسەت، کتێبی یەکەم، بەشی دووەم.

Arstotle, politics, 1.2

٤- ئارێنت، هەلومەرجی ئینسان، لاپەڕە٣٠.

The Human Condition. P30.

٥- هەل‌ومەرجی ئینسان، لاپەڕە ٢٨.

٦- ئەرستۆ، ئەخلاق، کتێبی دووەم،A. ٤

Ethics, II, 40 A.

٧- هەل‌ومەرجی ئینسان، لاپەڕە ١٣٤.

٨- هەل‌ومەرجی ئینسان، لاپەڕە ١٣٩.

٩- هەل‌ومەرجی ئینسان، لاپەڕە ١٧٦.

١٠- هەل‌ومەرجی ئینسان، لاپەڕە ٢٣٧.

١١- هەل‌ومەرجی ئینسان، لاپەڕە ٢٦٩.

١٢- هەل‌ومەرجی ئینسان، لاپەڕە ٣٢٢.

١٣- ئەسڵەکانی تۆتالیتاریانیزم، لاپەڕە ٤٧٥.

١٤- بڕوانە ووتاری "دروست کردن‌و تیرۆر" لە کتێبی (ووتارەکان دەربارەی تێگەیشتن: ١٩٣٠-١٩٥٤)، لاپەڕە، ٣٠٢.

١٥- ئەسڵەکانی تۆتالیتاریانیزم، لاپەڕە ٤٣٠-٤٣١.

١٦- ئەسڵەکانی توتالیتاریانیزم، لاپەڕە٦.

١٧- ئیریك ڤۆگلین لە نامەیەکیدا بۆ لیۆشتراوس دەربارەی کتێبەکەی کارل پۆپەر (کۆمەڵگای کراوەو دوژمنەکانی) دەڵێت: بەینی خۆمان بێت لە هەموو ژیانمدا کتێبی ئاوا سەخیفم نەخوێندۆتەوە.

Faith and political philosophy.

١٩- ئەسڵەکانی توتالیتاریانیزم، لاپەڕە ٤٥٧.

٢٠- ئایدیۆلۆژیای ئەڵمانی، مارکس، لاپەڕە ١٣-١٥.

Marx. The German Ideology p13-15

٢١- ئایدیۆژیاو یۆتۆبیا، لاپەڕە٥٩.

Ideology and Utopia p59.

٢٢- ولیەم دیلنی، لەکتێبی "گفت‌وگۆی کۆتایی‌هاتنی ئایدیۆلۆژی". ئامادەکردنی چەین واتمان. لاپەڕە ٢٩٥.

William Delany. P295.

٢٣- ئەسڵەکانی تۆتالیتاریانیزم، لاپەڕە ٤٦٩.

٢٤- ئەسڵەکانی تۆتالیتاریانیزم، لاپەڕە ٤٦٩.

پەراوێزی بەندی حەوتەم:

١-

torino da felter and

Other Humanist Educators.

دەربارەی لێکۆڵینەوەی لیبراڵی، ڤێرگێریۆ، لاپەڕە١٠٢.

٢-

What is liberal Education? In Liberalism Ancient and Modern

پەروەردەی لیبراڵ چییە؟ لاپەڕە ٣٠.

٣- ئەفلاتوون، یاساکان، ٦٤٤a ٦٤٣ b.

Plato, The Laws

٤- گۆرگیاس، ٤٥٨٩.

٥- عوزر خوایی، ئەفلاتوون، ٣٨٩

Plato, Apology

٦- Ovacle: وسیط الوحی، کاهن لە یۆنانی کۆندا. وەحی ئیلاهی لە ڕێی کاهنەوە، ئەو باوەڕەی کە خوداکان لەڕێگای کاهنەوە وەڵامی پرسیارەکان دەدەنەوە.

٧- ئەرستۆ، ئەخلاقی نیکۆماخی، ١٤-٩ a ١١١٣.

٨- هەمان سەرچاوە، ٣ ٢١ b ١١٠٦.

٩-

Philosophical Writings of Descartes Vol 1

نووسینە فەلسەفییەکانی دیکارت. لاپەڕە ١٣.

١٠- هەمان سەرچاوە، لاپەڕە ١٤.

١١- هەمان سەرچاوە، لاپەڕە ١٣.

١٢- هەمان سەرچاوە، لاپەڕە ١٣٢.

١٣-

J.J. Rousseau. The first and Second Discourses

جان جاك ڕۆسۆ، یەکەمین و دووەمین گووتار.

١٤-

J.J Rousseau. Emile, or on Education.

جان جاك ڕۆسۆ، ئیمێلی یان لەسەر پەروەردە.

References:

Aristotle. 1941. The Basic Works of Aristotle. Edited and with an introduction by Richard McKeon. New York: Random House.

-----------. 1976. Ethics. Translated by J.A.K. Thomson. London: Penguin Books.

-----------. 1981. The Politics. Translated by T. A. Sinclair; revised and re-presented by Trevor J. Saunders. London: Penguin Books.

Arendt, Hanna. 1958. The Origins of Totalitarianism. New York, London: A Harvest-HBG Books.

-----------------. 1958. The Human Condition. Chicago: University of Chicago Press.

-----------------. 1994. Essays in Understanding, 1930-1954. Edited by Jerome Kohn. New York: Harcourt, Brace & Co.

Hegel.G.W.F. 1967. The Phenomenology of Mind. Translated, with an introduction and notes by J. B. Baillie. New York: Harper Torch Books.

Hobbes Thomas 1928. The Elements of Law, Natural and Politic. Cambridge, Eng.,U. P.

Machiavelli, Niccolo. 1950. The Prince and the Discourses. New York: The Modern Library.

Manuel, Frank Edward. 1956. The New World of Henri Saint-Simon. Cambridge: Harvard University Press.

Mannheim, Karl. 1936. Ideology and Utopia; an introduction to the sociology of knowledge. London, K. Paul, Trench, Trubner & co., ltd.; New York, Harcourt, Brace and company.

Marx, Karl. 1965.The German Ideology. London: Lawrence.

McIlwain, Charles Howard. 1932. The growth of political thought in the West from the Greeks to the End of the Middle Ages. New York: Macmillan.

Montesquieu. 1734. Considerations on the Causes of the Greatness of the Romans and their Decline. Translated, with Notes and an Introduction by David Lowenthal. New York: The Free Press.

----------------. 1973. Persian Letters. Translated with an introduction and notes by C.J Betts. London: Penguin Books.

----------------. 1994. The Spirit of the Laws. Translated and Edited by Anne M. Cohler, Basia Miller, and Harold Stone. New York: Cambridge University Press.

Plato. 1992. The Republic of Plato. Translated with Notes, an interpretive essay, and a new introduction by Allan Bloom. USA: Basic Books.

--------. 1997. Plato Complete Works. Edited by John M. Cooper. Cambridge: Hackett Publishing Company.

Rousseau, Jean-Jacques. 1967. The Social Contract and Discourse on the Origin of Inequality. New York: Pocket Books.

Sealey, Raphael. 1976. A history of the Greek city states, ca. 700-338 B.C. Berkeley: University of California Press.

Strauss, Leo. 1964. The City and Man. Chicago: Rand McNally.

--------------. 1991. On Tyranny. Edited by Victor Gourevitch and Michael S. Roth. New York: The Free Press.

---------------. 1993. Faith and political philosophy: the correspondence between Leo Strauss and Eric Voegelin, 1934-1964. Translated and edited by Peter Emberley and Barry Cooper. USA: Pennsylvania State University Press.

Thucydides. 1972. History Of the Peloponnesian War. London: Penguin Books.

Tocqueville, Alexis de. 1945. Democracy in America. Vol 1,2. New York: Vintage Books.

-----------------. 1955

by Stuart Gilbert. Garden City, N.Y: Doubleday.

------------------. 1985. Selected letters on politics and society. Edited by Roger Boesche . Translated by James Toupin and Roger Boesche. Berkeley: University of California Press.

Turnell, Martin. 1953. Baudelaire: a Study of His Poetry. London: Hamilton.

Waxman I. Chaim, ed. 1968. The End of Ideology Debate New York: Funk & Wagnalls.

سوپاس و پێزانین

سوپاس و پێزانینێکی زۆر بۆ بەڕێزان کاک سیروان ئەنوەر و کاک هونەر وەهبی و کاک فەتاحی هاوڕێ کە دڵسۆزانە هەوڵی جیدیان دا لەچاپکردنی ئەم بەرهەمەدا، هیوادارم نمونەیان زۆر بێت.

فاروق رەفیق